# حەمە کەریم عارف

## کەرکوکییەک پڕ پڕ لە کوردستان و لێوانلێو لە جیهان!

# حەمە کەریم عارف

## کەرکوکییەک پڕ پڕ لە کوردستان و لێوانلێو لە جیهان!

غازی حەسەن

هەولێر ـ ٢٠٢٣

**حەمە کەریم عارف کەرکوکییەک پڕ پڕ لە کوردستان و لێوانلێو لە جیهان!**

- غازی حەسەن
- نەخشەسازی ناوەوە: ڕێدار جەعفەر
- بەرگ: .........
- نرخ: (........) ......... هەزار دینار
- چاپی یەکەم ٢٠٢٣
- تیراژ: (........) دانە
- چاپخانە: چاپخانەی (...........)
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (...) ساڵی (.....)ی پێداوە.

زنجیرەی کتێب (......)

## پێش گوتنێک

دەمێکە ئەم پیاوە کەرکووکییە دەناسم، ماوەیەکیش لە ئالآی ئازادی وەکو دوو برا و دۆست بەیەکەوە کارمان کرد، ئەو نووسەرێکی بێدەنگە، هیچ فیز و بە خۆ هەڵدانێکی نییە، بەڵام شاخێکە بۆ خۆی. دەمویست زۆر مەسەلەی ئەدەبی و ڕۆشنبیر و زمان لەگەڵ باس بکەم، کە زۆر جاران لەگەڵ (حەمە کەریم عارف) لەدیداری تایبەتی، یان ئەو ماوەیەی لە ئەمەریکا دەمێنمەوە بە چەند سەعات قسەمان لەبارەی ژمارەیەک بابەتی زمان و ڕەوسەی ئەدەبی کوردی و ڕەخنەی داهێزراوی کوردی و ئاریشە و گرفتەکانی بەردەم گەشەکردنی ئەدەب بەشتیمان کردووە، ئەمەش هانی دام ئەم بابەتانەی بەردەوام وەکو دۆزێکی جددیی قسەیان لەبارەوە دەکەین، بێخمە سەر کاغەز، ئێ بەڵکو ڕۆژێک بێت کەسێک سوودی لێوەرگرێت.

ئەو لە بابەتێکی پێش گفتوگۆیە دوور و درێژە جدییەکانمان، خۆی لە جیاتی ئەوەی من باسی ژیان و بەرهەم و بوونی ئەو بنووسم ئەو خۆی بابەتێکی نووسی، ئەمەش وایکرد ئەرکی من لەبارەی ئەو پرسیارانە سووک بکات، کە وەکو پێناسە و ناساندی خودی کەسی قسەکەر شتێکی پێویستن، کە پەیوەندییان بە کەسایەتی ئەو و شێوەی ژیان و بیرکردنەوەی و چۆنیەتی نووسین و بەرهەمەکانییەوە هەیە.

خوێنەری هێژا لەم گفتوگۆ کراوەیەدا بیرم لەزۆر ناوونیشان کردەوە، تا لە دیماهیدا لەسەر ئەم ناوونیشانە دڵم ئاوی خواردەوە، چونکە پێم وایە ئەم پیاوە وەکو ئاو زۆر ناوونیشانی لێ دەوەشێتەوە. من کەمم لەبارەی ئەو گوت و زۆرم لە مێشک و دەروونی ئەودا کۆ کردۆتەوە، ئێوەش دەنێو دەریای زانیاریی و بیرکردنەوەی ئەودا مەلە بکەن، بەڵکو خوا و ڕاستان لە کەنارێکی ئارام ئۆقرە بگرن و بەم گفتوگۆیە ئاسودە بن.

حەمە کەریم عارف
پیاوێک لە بارانی وشەی بەردەوام!
شێرکۆ بێکەس

ئەو وەختەی بە عەشقەوە ئەنووسیت و ئەبیتە هاودەمی زمانی بەخشین و داهێنان. ئەو کاتەی هەموو ژیانت ئەدەیتە دەست قەڵەم و ئەبیت بە پەروانەی دەوری وشە و چرای کتێب و ڕستەیەکی جوان. تۆ ئیتر لەوە دەرئەچی بە تەنیا بۆ خۆت بژیت و تۆ ئیتر تەمەنت ئەبێ بە تەمەنی گەڵاوگوڵی خۆشەویستی و ژیانت بە ژیانی میللەتێک و تێکەڵ بە ئایندە ئەبێ و لە گەڵ باراندا ئەباریت و لە گەڵ هەتاودا هەتاو!.

حەمە کەریم عارف
پیاوێک لە شەونخونی و
لە ڕێژنەی وشە و
خۆشنەکردنەی قەڵەم و
پەنجەرەیەک بۆ خەمی کەسک و
گزنگی بەیان.
حەمە کەریم عارف
ژێ یەک بۆ خۆشەویستی ئەبەدی
ئەدەب و چاوی مرۆڤایەتی و
گۆانیی هەمیشە پاراوی
گەرووی ژیان!
هەشتا ئەستێرەی کتێب لەو تەمەنەدا
هەشتا جۆگەی ڕوون لەو دارستانەدا.
هەشتا فڕین لەو ئاسمانە زیوینەدا.
هەشتا ماچی منیش لەم نووسینەدا!
ئەمشەو بەتەنها خۆم لە سەر مێزەکەم

ئەم مۆمی ڕێزلێنانەم بۆ ئەو عاشقە داگیرسان!
بە تەنها خۆم و چەند دێڕە شیعرێکی جاویدان.
بە تەنها خۆم و پەپوولەیەکی غەمگین و
چەند کاغەزێکی سپی چاوەڕوان.
بە تەنها خۆم کەوتمە هەڵدانەوەی
لاپەڕەی چاو بە شەونمی ئەو مێرگە و
خوێندنەوەی هەناسەکانی ئەو گۆمە و
گێڕانەوەی حیکایەتی باڵندەیەکی
دەنگ زامدار!
بە تەنها خۆم، نە حەمە کەریم خۆی زانی و
نە ڕۆژنامەیەک و نە گۆڤارێک و
نە شەقامێکی کەرکوک و نە مەقامێکی
عەلی مەردان، تەنها هەر خۆم و مێزەکەم
کەسی تر نا.
کەرکوکییەک
پڕ پڕ لە کوردستان و
لێوانلێو لە جیهان!
کەرکوکییەک
هەموو دنیا دێنێتە ناو ئەم پەیڤەوە و
پەیڤیش ئەبێ بە گوڵی سان.
لە دنیاوە
چەندین دەریاچەی ڕۆمانی
ڕژانە ناو ئەم وڵاتی زمانەوە.
چەندین نزاری چیرۆکی
هێنایە ناو ئەم ڕووبەری زمانەوە.
چەند ئاوێنەی دیرۆکی

به دەروونماندا هەڵواسی.
کەرکوکییەک
باخی نووسی و
کێڵگەی نووسی و ڕانەوەستا!
کەرکوکییەک..
خۆرەتاوی ناو جیهانی بۆ وەرگێڕاین
مانگە شەوی بۆ وەرگێڕاین
عەشقی گەورەی ئەفراندنی بۆ وەرگێڕاین

ئەلبێر کامۆ، ئەلکساندەر فەیداف، هیرب میدۆ، قاسمۆف، کازانتزاکیس، چیخۆف، گوینتەردیشنەر، فنسنت ڤان گۆگ، مالرۆ، شەکسپیر، م.گۆرکی. هۆمیرۆس. چیرنیشفسکی. چایکۆفسکی. ئیدگار ئالن پۆ. جاک لەندەن.گۆگۆل. سیرۆس پرهام، بلیخانۆف، کریس کۆچرا، مەهدی حسێن، سابت ڕەحمان، ئەحمەد مەحموود، سەمەدی بیهرەنگی، عەزیز شەریف، نەجەف قولی پسیان، ئەشرەفی دیهقانی، مەسعوود ئەحمەد زادە، گەوهەر مراد، یەڵماز گونای... چەندین و چەندین کەژ و دەریاچە و دەشت و ڕووباری تریش...

لە سی و پێنج ساڵیدا هەشتا چراوگی
بە ژوورەکانی ئەم زمانەدا هەڵواسی.
لە سی و پێنج ساڵیدا... هەشتا ڕێگای تازەی
لەم نەخشەیەدا کردەوە
هەشتا تۆوی گوڵی شەست پەڕ
هەشتا پەیژە، هەشتا شەبەنگ و
هەشتا تابلۆ
لەم زمانەدا... ئەم گەرووی چریکانە دەگمەنن.
لەم ڕەنگانەدا... ئەم تۆنی دەنگانە دەگمەنن.
لەم هەورانەدا... ئەم بارینانە دەگمەنن.

لەم دەغڵانەدا.. ئەم گوڵە گەنمانە دەگمەنن
من ئەمشەو تەنیا هەر خۆم و چەند شیعرێ
ئەم چرای ڕێزلێنانە لە سەر مێزەکەم دائەگیرسێنم.
بۆ کەرکوکییەک کە سەر ڕێژە لە وشە و
کە لێوانلێوە لە خۆرەتاو... سڵاو ئەی بارانە
جوانەکەی زمانی کوردی. سڵاو ئەی
کەرکوکی خۆشەویست! سڵاو!
سلەیمانی ٢٠٠٩/٧/١٥
ئەدەب و هونەر/ ژمارە (٦٤٣) پێنجشەممە ٢٠٠٩/٧/٢٣

## کورتەیەکی کورتی ژیانم

حەمە کەریم عارف (محەمەد عەبدولکەریم عارف) لە ساڵی ١٩٥١ دا، لە گوندی حەساری گەورەی ١٠ – ١٥ کیلۆمەتری باکووری کەرکووک، لە بنەماڵەیەکی هەژاری نەخوێندەواری گوندنشین لە دایک بووم... داک و بابم دوو کەسی بە شەخسیەت و نەفس بەرز بوون و هەرم بە قەدر و هەم قەدرگر بوون... بابم لە وەرزی داچاندن و داس و درەودا، کاری وەرزێری دەکرد و لە وەرزەکانی دیدا لە گەڵ خەڵکانی هاوچینی خۆیدا دەچووە کەرکووک، ڕۆژە کرێکاری و عەمەلەیی دەکرد، لەو ڕۆژگارەدا، بەو کەسانەی بە ڕۆژە کرێکاری بژێوی ماڵ و منداڵیان پەیدا دەکرد، دەگوترا عەمەلە.

گوندی حەسار عەوام نشین بوو، شێخ و ئاغای نەبوو، زۆربەی ڕۆنیشڤانانی گوند فەلاح بوون، هەر ماڵە و بەشی خۆی زەوی و زاری کشتوکاڵی هەبوو، هەموو زەوییەکانیش تاپۆ بوو، جووتیارکان دێمچێن و دێمە کارکێڵ بوون، زیاتر گەنم و جۆ و دانەوێڵەی وەکو نیسک و نۆک و پاقڵە و ئەو شتانەیان دادەچاند و چاو لە ئاسمان، چاوەڕوانی بارانیان دەکرد، لە ئاژەڵداریش دا، پەز و چێل و پەلەوەری وەکو مریشک و قاز و سۆنەیان بەخێو دەکرد.. گوندەکە لە چاو خۆیا ئەو گەورەیەش نەبوو، هەر سی – چل ماڵێک دەبوو، بەڵام لە گوندەکانی دەوروبەری گەورەتر بوو، هەر بە ڕیزی حەساری گەورەوە، کۆمەڵێک گوندی دی بە ناوی حەسارەوە هەبوو، وەک: حسار ژورور، حەسار تەها، حەساری کوێخا ڕەزا... ئاوی سەرەکی گوند، جۆگایەک بوو، لە ڕۆژهەڵاتەوە، لە پاپیلانەوە بە سەر چوند گوندێکا دەهات و لە حەساری گەورەدا دەگیرسایەوە،

ئیدی ئەم ئاوە بۆ خواردنەوە و ئاودانی مەڕ و مالات و کوڵ و کانی و بە ڕێژەیەکی زۆر کەم بۆ ئاودێری زەرعات و بێستان بەکار دەهێنرا... ساڵی جارێ دووان بە هەرەوەزی جۆماڵ و خاوێن دەکرایەوە..

خەڵکی گوند هەموو سەر بە عەشیرەتی بیبانی و سوننە مەزەب بوون. مزگەوت لە گوندا هەبوو، نوێژ و جەماعەتی تیا دەکرا... لە نیوەی دووەمی پەنجایەکانی سەدەی بیستدا بیری ئیرتیوازی بۆ لێدراو کێشەی ئاو بە تەواوەتی کەم بووەوە..

پێدەچوو گوندەکە کۆن بێ، هی سەردەمی عوسمانیەکان بێ، - گوایە ماڵباتی ئێمە یەکێک بوون لە دامەزرێنەرانی گوند - چونکە لە تۆماری فەرمی بەر لە کودەتای چواردەی تەمووز، ناوی بیوک حەسار بوو... گوندەکە کەوتبووە سەر دوو ڕیانی کەرکووک - هەولێر، و کەرکووک - شوان و شێخ بزێنی و کۆیە... ڕێگای کەرکووک - هەولێر، هێڵی شەمەندەفەر بوو، لە حەسار وێستگەیەکی هەبوو، ڕێگەی کەرکووک - شوان، جادەی قیر بوو.. بە حوکمی ئەم دوو شا ڕێگایە و نزیکی گوند لە شارەوە، خەڵکەکەی هەندێ زندووتر و چاوکراوەتر بوون لە خەڵکی گوندە تەریک و دوورە دەستەکانی دی.. چونکە لە باری چینایەتیەوە نیمچە یەکسان و لێکدی نزیک بوون و پەیوەندی خوێن و خزمایەتی لە ئارادا بوو، جۆرە تەباییەکی کۆمەڵایەتیان لە بەینا هەبوو، دژمنایەتی تیا نەبوو..

بەهەرحاڵ، بابم لە ساڵی ١٩٥٩دا، بە پاسەوان لە وێستگەی حەساری قیتاری نێوان کەرکووک - هەولێر دامەزرا و لە عەمەلەیی خەلەسی و برۆکەیەک ژیان و گوزەرانمان گۆڕا.. ئێمە خێزانێکی گەورە بووین؛ دە کچ و کوڕ، کیژەکان: ڕەحیمە، نەعیمە، فەهیمە، نەدیمە. کوڕەکان: بەندە کە نۆبەرە بووم، ئەحمەد، یوسف، لەتیف، ڕەووف، خەبات..

له بیرمه له نێوەی پەنجایەکاندا، کابرایەکی غەوارەی قاشقونج پەنای هێنابووە بەر حەسار، دیاربوو کادیری حیزبی شیوعی عێراقی بوو، خۆی له حکومەتی عێراق شاردبووەوە، دەیانگوت گوایه خەڵکی کۆیەیە، نازانم ناوی ڕاستەقینەی چ بوو، بەڵام پێیان دەگوت "حەمە زرپە "... وادیار بوو، ئەو ژێراوژێر تۆوی شیوعیەتی له ناو خەڵکی حەساردا داچاندبوو، جگه له بنەماڵەی ئێمە ویەک دوو بنەماڵەی دی، ئیدی خەڵکی حەسار، به چاولێکەری و به هۆی پەیوەندی خوێن و خزمایەتیەوە، هەموو شیوعی بوون!

له نیوەی دووەمی پەنجایەکاندا، لێم به درۆ نەبێ، ساڵی ١٩٥٨ قوتابخانه له گوند کرایەوە، هەندێ کەس به دڵیان بوو و هەندێکی دی دژی بوون؛ گوایه قوتابخانه مەڵبەندی فێرکردن و بڵاوکردنەوەی دەرسی شەیتانیه و دژی دینه و دەگەڵ ئیسلامدا تێک ناکاتەوە!

به هەرحاڵ من و هاوتەمەنانی من یەکەم دەورەی ئەو قوتابخانەیه بووین.. پێدەچێت بنەماڵەی ئێمەش وەکو هەندێ بنەماڵەی دی، زۆر کەیفیان بەوە نەهاتبێ بمنێرنه قوتابخانە، چونکه له بیرمه دەگریام و ڕژد بووم له سەر ئەوەی بخرێمه بەر خوێندن، دوای گریانێکی زۆر برام بۆ قوتابخانه و ناونووس کرام. بەو جۆره بووم به یەکەم خوێنەواری ماڵبات و بنەماڵەکەی خۆمان و من و چەند کەسێکی زۆر کەمی یەکەم دەورەی قوتابخانەی ناڤبری زانکۆمان تەواو کرد..

ئەو سەردەمانە، له قوتابخانه شیر و نۆکاو و حەبی ڕۆن ماسی و هەندێجار قوماشی جل و بەرگیش به قوتابیان دەدرا، پێموایه زیاتر بۆ هاندانی خەڵکی بوو که منداڵەکانیان بخەنه بەر خوێندن و پروپاگەندەی دەرسی شەیتانی و ئەو جۆره بانگەشانه پووچەڵ بکرێتەوە؛ بەهەرحاڵ ئێمه هەرچەنده هەژار بووین، بەڵام چونکه دایکم کەسێکی خۆشخوو و به تەبیعەت بوو، هەمیشه بایەخی به

ڕواڵەت و جل و بەرگمان دەدا، هەرچەندە جل وبەرگمان سادە بوو، بەڵام زۆر خاوێن و پاک بوو، بۆیە زۆرجار کە قوماش دابەش دەکرا، بە ئێمەیان (من و ئەحمەدی برام کە دەورەی دوای من بوو) نەدەدا، بە هەندێ لە هاوپۆلەکانمانیان دەدا، بەڕاستی لە چاو بنەماڵەی ئێمەدا دەوڵەمەند بوون.. بە ڕاستی ئەمەمان لەبەر گران بوو، ئەو لیژنەیەی کە قوماشەکانیان دابەش دەکرد، خەڵکی گوندەکەشی تیابوو، کە گوایە شیوعی بوون؛ جا تەفسیری ئێمە بۆ حاڵەتەکە ئەوە بوو، بۆیە هاودێر دەکراین، چونکە بنەماڵەی ئێمە شیوعی نەبووین.. بەهەرحاڵ ڕۆژگارمان هێنا ، لە نیوەی یەکەمی شەستەکاندا، بارگەمان تێکنا و بارمان کرد بۆ شار.. بووین بە خاوەنی خانووی خۆمان، لە شار، چوومە قوتابخانەی ناوەندی ئیمام قاسم، کە زۆربەی هەرە زۆری هەم مامۆستاکان و هەم قوتابییەکان کورد بوون. هەموو قۆناغەکانی خوێندنم، بەبێ مانەوە تەواو کرد، وێڕای ئەوەی لە ماڵبات و بنەماڵەیەکی نەخوێنەوار بووم و کەسێک نەبوو ڕێنوێنیم بکات، قوتابییەکی زیرەک و باش بووم..

لە پۆلی دووی ناوەندی بووم، لە گەرمەی دەرسا بووین، فەڕاشی قوتابخانەکە، مام فەتح الله، کە پیاوێکی بە تەمەن و بە شەخسیەت بوو، هات و لە دەرگای دا، دەرسی عەرەبیمان هەبوو، دەرسی مامۆستا ئەحمەدی مەلا کەریم بوو.. بە مامۆستای گوت کە بەڕێوەبەر قوتابی (محەمەد عەبدولکەریم عارف) ی دەوێ، بەگەڵی کەوتم بۆ لای بەڕێوەبەر، لە خۆڕا هەستم بە جۆرە نیگەرانیەک دەکرد؛ بەڕێوەبەر منی بۆ چییە؟ بەدەم ڕێوە ئەو پرسیارەم لە مام فەتحوڵڵا کرد، گوتی: نازانم..

گەییمە لای بەڕێوەبەر، کۆمەڵێک خەڵکی سمێڵ بابڕی دەمانچە لە قەد لای دانیشتبوون. بەڕێوەبەر، بە شێوازێکی باوکانە، تێی گەیاندم کە ئەوانە پیاوی ئەمن و ئاسایشن، هاتن بە دووی تۆدا، لە گەڵیاندا

دەچی بۆ دایەرەی ئەمن، یەک دوو پرسیارت لێدەکەن و مەرەخەست دەکەن، هیچ نیگەران مەبە، مەترسە، شتەکە هیچ نییە، دەنا خۆم دەگەڵت دەهاتم... لە جێبێکیان پەستاوتم و دوو ئەمن، لە بەینی خۆیان دا دایاننام، لە تۆ وایە خولە پیزەیان گرتووە!.. بەهەرحاڵ بردیانمە لای بەڕێوەبەری ئەمن، پیاوێکی میانساڵی هەندێک مەند بوو، قەدەرێ لە قەد و قەڵافەتم ڕاما، جۆرە نەباوەڕییەک بە سیمایەوە، هەڵدەبوو و دەکوژایەوە، بە ئەمنەکەی، کە بردمیە ژوورەوە و بە ئامادەباشی و ڕەق ڕاوەستابوو، گوت: ئەمەیە!!، بەڵێ ئەزبەنی.. ئەم منداڵە چیە، هێشتا بۆنی شیری خاوی لە دەم دێت، خۆ کە ئەمە بوو هەر لەوێ نەتان هێنابا.. ئەوسا ئەمنەکەی مەرەخەس کرد کە بچێتە دەرەوە.. ئەوسا کەوتە داپشکنینم و شێرێک لەوێ و ڕێویەک لێرە، کەوتە باسی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و کاری نهێنی ئەو ڕێکخراوە دژی دەسەڵات و تۆ کوڕێکی باشی و منداڵیت، دەترسم لە خشتەیان بردبی و بەگەڵیان کەوتبی، ئەگەر شتی وەها هەیە، پێمان بڵێ، بەڵێنت دەدەمێ نەیەڵم هیچت بەسەر بێ و کەس لە گوڵ کاڵترت پێ بڵێ.. بەهەرحاڵ هیچمان لە یەکدی هەڵنەکڕاند، دوو سێ سەعاتێ لەوێندەریان گل دامەوە و پاشان مەرەخەسیان کردم.. لەوێوە یەکێتی قوتابیانی کوردستانم لەلا بوو بە مەراق..

***

هەر لە منداڵییەوە، هەستم بە جۆرە مەسئولیەتێکی خانەوادەیی دەکرد و دەمویست، جۆرە ئەرکێکی خانەوادەیی لە ئەستۆ بگرم، بۆیە لە پۆلی دووی ناوەندییەوە، هاوینان و لە پشووی سەری سالانی قوتابخانە، شانم دایەبەر کرێکاری، کرێکاری قورس، بیناسازی و گەچ و بەرد و بلۆک و چیمەنتۆ و ئەو کارە قورسانە، ئیدی دایکم پارەکانی ڕۆژانەکانمی بۆ کۆ دەکردمەوە و کە زستانان

مەکتەب دەستی پێدەکردەوە، لە پارە کۆکراوەکەی خۆم مەسرەفی پێداویستیەکانی قوتابخانەیان بۆ دەکردم، لە جل و بەرگ و پێڵاو و دەفتەر و قەڵەم و پێویستیانی دی.. خۆشبەختانە تووشم بوو بە تووش کۆمەڵێک وەستای زۆر چاک و کوردپەروەرەوە: لەوانە وەستا سەدرەدین، وەستا حەسەن و وەستا فەخرەدین، زۆر باوکانە مامەڵەیان لە تەکما دەکرد و چونکە دەیانزانی هەر سێ مانگەکەی هاوینم بەدەستەوەیە مەگەر هیچ ئیشێکیان نەبوایە، دەنا قەت بێ ئیشیان نەدەکردم..

هەندێجار کە لە ماڵانا ئیشمان دەکرد، بۆ نیوەڕۆ نانیان بۆ دەکردین، وەستاکان لە سەر نانخواردن، لە گەڵ خۆیاندا دایان دەنام و لە کرێکارانی دی جیایان دەکردمەوە.. ئەمە وای لێ کردبووم، گەورانەتر لە خۆم ڕەفتار بکەم.. زانکۆم تەواو کرد، دامەزرابووم، هێشتا پارەم لای وەستاکانم هەبوو.. سەری هەفتە و هەفتە ڕۆژانەکانمان وەردەگرت، بیرمە سەری هەفتەیەک کە ڕۆژانەکانمان وەرگرت، پارەکەم وەرگرت، لە گیرفانی شەڕواڵەکەم نا و سواری پاسکیلەکەم بووم و بەرەو ماڵ کەوتمەڕێ، زۆر نەڕۆیشتبووم، لە خۆمەوە وەستام، پارەکەم ژمارد، دینار و نیوێکی زیاتر بوو، لە هی هەفتەکانی پێشوو. بەپەلە گەڕامەوە بۆ چاخانەی سەر چیمەن کە لە خوار پردەکەی کۆشکلییەوە بوو، کە ئەوێ مەکۆ و پاتۆقمان بوو.. بە وەستا سەدرەدینم گوت: دینار و نیوێکت زیاد داومەتێ! هەڵوەستەیەکی کرد و بە ڕووخۆشییەوە گوتی: زیاد نییە. ڕۆژانەکەم بۆ زیاد کردووی. نا مادام زوو پێت نەوتووم نامەوێ. وتی: باوەڕ بکە بیرم چوو پێتی بڵێم.. بەهەرحاڵ چەندی هەوڵدا وەرم نەگرت و نەگرت... ئیدی پێکهاتین لە هەفتەی ئایندەوە، زیادکردنی ڕۆژانەکەم بۆ حیساب بکات..

بەهەرحاڵ بە سەرکەوتوویی ناوەندیم تەواو کرد و گەییمە قۆناغی ئامادەیی، ئێمە یەکەم وەجبە بووین کە بەر شەشی ئامادەیی

کەوتین، پێشتر ئامادەیی تا پۆلی پێنجەم بوو. بەشی ویژەییم هەڵبژارد، چوومە ئامادەیی موسەڵلا، کە لە نێوان شوریجە و گەڕەکی موسەڵلادا بوو، گەڕەکەکە زیاتر تورکمان نشین بوو.. زۆربەی قوتابیان و مامۆستاکان تورکمان بوون.. هەستمان بە جۆرە تۆرانی چیەتیەک دەکرد، ئەمە مەراقە کۆنەکەی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی لەلا دەمزەرد کردمەوە، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٦٩ دا گوم گەشتەکەی خۆم دۆزییەوە و هەم بوو بە ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و هەم ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان.. و تا ساڵی ١٩٧٥ بەردەوام بووم.. لەوە بە دواوە، ئیدی لە هیچ ڕێکخراو و حیزبێکی سیاسیدا کارم نەکردووە.

***

بەهەرحاڵ، قۆناغی ئامادەییم بە سەرکەوتوویی بڕی، کە ڕێکەوتی ساڵی خوێندنی ١٩٦٩ – ١٩٧٠ بوو، واتە لە گەرمی ڕێکەوتنی یازدەی ئازار و هەڵکشانی باری سیاسی کوردا بوو، ئەوەی لە بیر و بەرنامەی مندا نەبوو، بەشی زمان و ئەدەبی کوردی بوو، هەموو حەز و ئاواتێکم بەشی زمانی ئینگلیزی بوو، تێکڕای نمرەکانم حەفتا و حەوت بوو، لە زۆربەی هەرە زۆری زانستە مرۆڤانیەکان وەردەگیرام، ئەوسا لیژنەی مقابەلە هەبوو، کە چوومە لیژنەکە و داوای بەشی ئینگلیزیم کرد، گوتیان بەشی ئینگلیزی لە حەفتا و حەوت وەستاوە، ئەگەری زۆرە دابەزێت ودەتوانی لە هەفتەی ئیعترازدا داوای بەشی ئینگلیزی بکەیتەوە، بەڵام بۆ ئێستا دەبێ داوای بەشێکی دی بکەی، یەکێک لە ئەندامانی لیژنەکە گوتی: بۆ نموونە بەشی کوردی.. ئیدی جۆش و خرۆش و حەماسی ڕێکەوتنی یازدەی ئازار، کردیە کارێ کە بەشی کوردی هەڵبژێرم، کە لە لیژنەکە هاتمە دەرێ، چواردە کەسی هاودەورە و هاوشاریم، کە

نمرەیان بە دەرەجەو دوو دەرەجە و سێ دەرەجە و ... لە خوار نمرەکەی منەوە بوو، ئەوانیش بەشی کوردییان هەڵبژارد، هەڵبەتە بەشی ئینگلیزیش دابەزی بۆ هەفتا و چوار، ئیدی خۆیشم نازانم بۆ نەچوومە بەشی ئینگلیزی.

بەهەرحاڵ، ڕۆژگار بووری، گەیشتمە قۆناغی چوارەم، تاقی کردنەوەی نیوەی ساڵمان کرد، بەدەمی خۆم نەبێ قوتابییەکی باش بووم… دان و سانی شۆڕشی کورد ورژێمی بەغدا گەییە بنبەست و نیشانەکانی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش بەدیار کەوت.. لەبەر کاری سیاسی، وەکو زۆر کەسی دی ناچار بووم پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکەم و بچمە چیا، لە یازدەی ئازاری ١٩٧٤ دا، گەییمە شاری هەڵەبجە و پەیوەندیم بە ناوچەی مامۆستایانی هەڵەبجەوە کرد و وەکو ئەندام ناوچە دەست بەکار بووم… شار، ئامادەیی کوڕان و کچان و ناوەندی شارەزووری تیابوو، بە حوکمی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش، زۆرێک لە مامۆستایانی ئەو قوتابخانانە گەڕابوونەوە بۆ ناو حکومەت و مەکتەبەکان مامۆستایان کەم بوو، لە سەر داوای ناوچەی مامۆستایانی هەڵەبجە، لە هەر سێ مەکتەبەکە دەرسم دەگوتەوە.. ئەمە جگە لەوەی کۆمەڵێک مەفرەزەی بەرگری شارستانیمان لە قوتابیانی ئامادەیی کوڕان و هەر مەفرەزەیەک بە سەرپەرشتی مامۆستایەک دروست کرد، بۆ حاڵەتێن ئاوارتە و لە ناکاو… کە بەندە سەرپەرشتی یەکێک لەو مەفرەزانەم دەکرد.. بەهەرحاڵ ڕۆژگارمان هێنا، تا ئەوە بوو لە ١٩٧٤/٤/٢٦ دا، ڕژێمی بەعس، دەوروبەری سەعات چوار و بیست خولەکی عەسر، بە فڕۆکەێن سۆڤیاتی و بە بێ هیچ دەست پارستانێک، کەوتە بوردومانی شار و وێڕای هەموو ئەو ئامادەکاریانەی کە مەفرەزەکانی بەرگری شارستانی لە سەرانسەری شاردا کردبوومان، ئەوەندەی بیرم مابێ پتر لە سەد و بیست کەس شەهید و بریندار بوون.. خەڵکی شار بە خانەخوێ و میوانەوە جێ لەق و ئاوارە بوون و

خەڵکێکی زۆر چوونە ئوردوگاکانی ناو ئێرانەوە.. قوتابخانەکانی هەڵەبجە داخران.. شۆڕش ناچار بوو خەمی خەڵکی بخوات... لەو ماوەیەدا شەفیق ئاغا کە بەرپرسی ئیداری هەموو دەڤەرەکە بوو و بارەگای لە تەوێڵە بوو ناردی بە شوێنما، کە چووم لێی پرسیم بە نیازی چیت؟ گوتم قوربان بە تەمام وەکو پێشمەرگە پەیوەندی بە هێزی خەباتەوە بکەم. گوتی: نا، پێشمەرگەمان زۆرە، تۆ گەنجێکی پازدە شازدە ساڵت بە خوێندن بردۆتە سەر، هیچ ئەزموونێکی شەڕ و پارتیزانیت نییە، سبەی دەچیتە شەڕەوە و، دەکوژرێیت و هەم لە کیسی کەسوکاری خۆت و هەم لە کیسی ئێمەش دەچێت، دەبێ شازدە ساڵ چاوەڕوان بکەین، تا یەکێکی دیکەمان خوێندن تەواو بکات. نا پێشمەرگەمان زۆرە، پەکمان لە سەر پێشمەرگە نەکەوتووە، پەکمان لە سەر مامۆستا کەوتووە، کە ئەگەر لە پێشمەرگایەتی زیاتر نەبێ، هیچی کەمتر نییە، هەر ئێستا بەرگەت بۆ دەکەم و دەبێ بچی بۆ ئوردوگای سەریاس، لەوێ قوتابخانەمان کردووەتەوە و بۆ مامۆستایەک دەچین بە ئاسماندا، ئێستا کە تۆمان لە سەر ئەرز دەستکەوتووە، دەستبەردارت نابین. قەناعەتم بە قسەکانی کرد، لە دڵی خۆدا گوتم: شۆڕش هەر یەک سەنگەر نییە، جوانییەکەی لە فرە سەنگەرییەکەیدایە، لە سەریاس ئاشنایەتیم لەگەڵ کۆمەڵێک مامۆستای دڵسۆز و گەنجدا پەیدا کرد، لەوانە: ڕەفیق ساڵح، حەمە عەلی حارس، ، ئەنوەر حسێن، ئەحمەد فەرەج، مەجید کەریم (غاندی) و بابە عەلی و هەندێکی دی بە داوای بوردنەوە ناوەکانیانم بیر نەماوە؛ پیری و هەزار عەیب!.. بەهەرحاڵ زۆر بە دڵسۆزی قوتابخانەکانمان بەڕێوە دەبرد و یەک لە باری خۆم وام هەست دەکرد، شۆڕش بە نەفەسی دەوڵەتڕانییەوە بەڕێوە دەبرێ و زۆر دڵم بەوە خۆش بوو، بەهەرحاڵ ٦/٣/ ١٩٧٥ ڕێکەوتنی نێوان شای ئێران و سەدام حوسێنی عێراق، بە دەلاڵی

جەزایر و تەنازولی سەدام لە بڕێکی باشی خاک و ئاوی عێراق ڕاگەیەنرا و خەونە جوان و ڕەواکانی ئێمە زندە بەچاڵ کران..

***

به سیفەتی عائدون وەکو زۆر کەسی دی بۆ عێراق گەڕامەوە، چوومە کولیژی ئەدەبیات، دوا تاقیکردنەوەی قۆناغی چوارەمم دا و شادەتنامەی بەکالوریۆسم لە زمان و ئەدەبی کوردی وەرگرت و گەڕامەوە بۆ کەرکووک و بەدەم کرێکاریەوە چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد دەرگای دامەزراندن بکرێتەوە و ئەنکێتی دامەزراندن پڕ بکەمەوە. ئەو زەمانە ئەنجوومەنی خزمەتگوزاری هەبوو و خەڵکی لەوێوە دادەمەزران.. دەرگای دامەزراندن کرایەوە، داوام پێشکەش کرد؛ لەبەر ئەوەی عائدون بووم، بۆم نەبوو لە کەرکووک دابمەزرێم!! حەزم لە مامۆستایەتی بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی عائدون بووم، بەبیانووی سەلامەی فیکرییەوە، ڕێگای مامۆستایەتیان نەدام!! بە هەرحاڵ بە عینوانی (م. ملاحظ) لە بەڕێوبەرێتی پەروەردەی دهۆک دامەزرام.. و لە ١٩٧٥/١٠/٢٧ دەستبەکار بووم، پەروەردەی ئەوسای دهۆک بچووک بوو، ژمارەی فەرمانبەران و کارمەندانی نەدەگەییە سەد کەس... لە کۆی ئەو ژمارەیە تەنیا من سۆرانی بووم، و لە بەشی قەڵەمی سەرەتایی (شوعبەی زاتیەی ئیبتیدایی) بووم. بەڵام لەو شارە ئازیزەدا و لە ناو خەڵکە مەند و بە هەڵوێستەکەیدا هەستم بە هیچ غوربەتێک نەکرد، ئەمە جگە لەوەی زۆر مامۆستای ئافرەت و پیاویش، لە شارانی خانەقین و کەرکووک و سلێمانی و هەولێرەوە، وەکو نەفی کردن بۆ ئەوێندەر نەقڵ کرابوون، هەر کارێکی وەزیفیان هەبووایە، پەیوەندی بە منەوە هەبوایە یان نا یەکسەر دەهاتن بۆ لای من و ڕوویان لە من دەنا و منیش درێغیم بۆ نەدەکردن، ئێستاش خۆشەویستی ئەو شارە و خەڵکەکەیم هەر لە

دڵە.. ئیدی دوو ساڵ و دوو مانگ و سێ ڕۆژم بەو ئاوایە لە دهۆکی دەلال بە سەر برد..

لە ناکاوا محەمەد پیرۆز ڕوستەم، بە عینوانی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی دهۆک، هاتە دهۆک، پیاوێکی هەلپەرست و خۆپەرست بوو، نزیکەی مانگێ لە دهۆک مایەوە و ئیدی نەقڵ بوو، ڕۆژێ ناردی بە شوێنما، لە ژوورەکەی خۆی داینام، چای بۆ بانگ کردم، لە دڵی خۆدا گوتم ئەم ماستە موویەکی تیایە ئاگات لە خۆ بێ. بەهەرحاڵ شێرێک لێرە و ڕێوییەک لەوێ، گرێی دڵی کردەوە و گوتی: تۆ فەرمانبەرێکی زیرەک و بە توانای، هەموو فەرمانبەر و موراجیعەکان زۆر لێت ڕازین، من وەکو کەرکووکییەک لە بەر خۆتمە وەرە ببە بە بەعسی و زۆر ڕێگەت لەبەردەم دەکرێتەوە، بۆ نموونە سەیری من بکە، گوتم مامۆستا ببورە: من یەکەم عائدوونم، دووەم نەفی کراوم، شار و زێدی خۆم لێ قەدەغەیە، حەزم لە مامۆستایەتیە و بە بیانووی سەلامەی فیکریەوە لێم قەدەغەیە، کەی خۆت و حیزبەکەت ئەو هەموو قەدەغانەتان لە سەرم ڕاکرد، ڕەنگە هەقی ئەو تەکلیفەت هەبێ، جا بەعسیاتی وەکو جل و بەرگ وایە لە هەندێ کەس دێت، لە هەندێ کەسی دی نایەت، من لەو کەسانەم کە لێم نایەت، بەڵام با ئەوەش بڵێم، کە هیچ کاردانەوەیەکی نەرێنی و تۆڵە ئەستێنی بەرانبەرم نەنواند.. دوای ماوەیەکی کەم نەقڵ بوو..

تووشی هەڵوێستێکی دیکە بووم، کە کاتی خۆی زۆرم لەبەر گران بوو، بۆیە تا نهۆژی لە یادگەم ماوە. کە لە دهۆک فەرمانبەر بووم، لە ئەنجوومەنی تەشریعی هەولێرەوە، نووسراوێکمان بۆ هات کە موڕاسەلاتی فەرمی لە دەڤەری حوکمی زاتیدا، بە زمانی کوردی ڕێگەپێدراوە، ئەمەم پێخۆش بوو، هەستام یەکەم نووسراوی فەرمیم بە زمانی کوردی نووسی، ئەوکاتە بەڕێوەبەری گشتیمان نەبوو، یاریدەدەرێکی بەڕێوەبەری گشتیمان هەبوو، بەناوی عادل یونس عەبۆ،

که خەڵکی دهۆک بوو؛ بەشی زمانی کوردی تەواو کردبوو، بە وەکالەت پەروەردەی دهۆکی بەڕێوە دەبرد، نووسراوەکەم بە پێشخزمەتەکەدا بۆی نارد تا واژۆی بکات، دوای تۆزێک ناردی بە شوێنما، گوتی:- ئەمە چییە؟ گوتم ئەزبەنی نووسراوی فەرمییە و بە کوردیە، گوتی:- قەدەغە نییە؟ گوتم: قەراری ئەنجوومەنی تەشریعی دەڵێت، موڕاسەلاتی فەرمی بە زمانی کوردی لە دەڤەری ئوتونومیدا ڕێگە پێدراوە..

هەندێک ڕاما و گوتی من لەمە تێناگەم، یەکسەر ناوەڕۆکی نووسراوەکەم بۆ کرد بە عەرەبی. بەهەرحاڵ، نووسراوەکەی ئیمزا نەکرد و، لە گەڵ خۆما هێنامەوە بۆ قەڵەم (زاتیە) و لە لای خۆم هێشتمەوە، خوا و ڕاستان دوای چەند ڕۆژێکی کەم بەڕێوەبەرێکی گشتیمان بۆ هات، عەرەب بوو، ناوی ئیبراهیم الشواف بوو، نووسراوە کوردیەکەم بۆی نارد، ناردی بە شوێنما و پرسیاری کرد و وەڵامم دایەوە کە نووسراوی فەرمیە و بە کوردیە و بە قەراری ئەنجوومەنی تەشریعی بۆمان هەیە، موراسەلاتی فەرمی لە دەڤەری حوکمی زاتی بە کوردی بنووسین و، یەکسەر ناوەڕۆکی نووسراوەکەم بۆ کرد بە عەرەبی و بێ چەند و چوون و بە متمانەوە واژۆی کرد..

بەهەرحاڵ، چەند جارێک داوام کرد بۆ کەرکووک نەقڵ بکرێم بەڵام بە بیانووی ئەوەوە کە عائدون بووم، هەموو جارێ ڕەفزم بۆ دەهاتەوە... ئیدی لە ساڵی ١٩٧٧ دا بۆ شاری سلێمانی نەقڵ بووم، ڕۆژگار هات و چوو، لە ساڵی ١٩٨٠ دا، ئاگری شەڕی کارەساتباری نێوان ئێران و عێراق هەڵگیرسا، کە تەڕ و وشکی پێوە دەسووتا، کەوتمە سەر دوو ڕیانێک، یەکێکیان ئەوە بوو بە بەندەنێ بکەوم و دووەمیان ئەوە بوو ببمە سەرباز و بەشداری شەڕی قادسیەی سەدام بکەم، کە ئەمەیان نە لە هەڵوێستی من دەوەشایەوە و نە لە گەڵ بیرکردنەوەی مندا تێکی دەکردەوە.. ئیدی بڕیارم دا بچمە چیا،

له سەرەتاکانی ساڵی ١٩٨١ دا وە بەندەنێ کەوتم. نزیکترین و گونجاوترین شوێن بۆ من، ئەو ناوچە ڕزگارکراوانە بوو کە لە ژێر کۆنترۆڵی (ی.ن.ک) دا بوون، وەکو کەسێکی بێ لایەن و دوور لە هەر وابەستەگیەکی حیزبی، پەیوەندیم لە گەڵ هەموو گروپ و لایەن و حیزبە کوردستانیەکان و ئوپوزیسیونی ئێرانیدا، باش و ئاسایی بوو، هەڵبەتە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی، نەک پەیوەندی سیاسی وحیزبی.

ئیدی لە چوارچێوەی یەکێتی نووسەرانی کوردستاندا، هەرچەندە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک)دا بوو، بەڵام ڕێکخراوێکی سەربەخۆ بوو، یارمەتی بێ مەرجمان لە هەموو لایەک قەبووڵ دەکرد، درێژەم بە چالاکییە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی خۆم دا... سەرپەرشتیاری گۆڤاری گرنگی لقی کەرکووکی نووسەرانی کوردستان و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری نووسەری کوردستان و سکرتێری نووسینی گۆڤاری کەلتوور بووم. دەیان کتێبی باشمان چاپ و بڵاوکردەوە، کە بەشێکی باشیان لە نووسین و ئامادەکردن و پاچڤەی بەندە بوون.. کە ژمارە شەشی گۆڤاری گزنگمان بڵاوکردەوە، هەڵبەتە دەزگای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) چاپیان کردبوو، ئەوکاتە ئەرسەلان بایز بەرپرسی ڕاگەیاندن بوو. نامەیەکی توورە لە بەرپرسێکی گەورەی یەکێتییەوە، بۆ نووسەران هات کە ئێمە چیتر گزنگ چاپ ناکەین... سەبەب؟! لە ژمارەی ناوبراودا، چیرۆکێکمان بڵاو کردبووەوە، کە هی برادەرێکی ناو شار بوو، بەناوی خوازراوی ڕێبوار بۆی ناردبووین، لە چیرۆکەکەدا دیالۆگێک هەبوو بەم دەقە: " سەرکردەکانی کورد هەموو هی جرت و چەقەنەن. " من بۆ ئەوەی هەندێک لەزەقی ڕستەکە کەم بکەمەوە، سووکە دەسکارییەکی ڕستەکەم کرد و بەم دەقە لە گۆڤارەکەدا دامگرت: " سەرکردەکانی کورد هەندێکیان هی جرت و چەقەنەن ".

ئیدی ئەو ڕستەیە بووبە تەوقی نەعلەت و چووە ملی گزنگ و چیتر لە لایەن ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) وە بڵاو نەکرایەوە، چ قەیدییە خۆ کەڵەشێریش نەبێ، هەر ڕۆژ دەبێتەوە، گزنگ لە شوێنانی دی چاپ دەکرا، پازدە ژمارەی لێدەرچوو لە گەڵ سێ ژمارەی تایبەت بە منداڵان بەناوی " گزنگی بچووکان)..

بە هەرحاڵ ڕۆژگارمان بەڕێکرد، ساڵمان گەیاندە ١٩٨٦ دقێکم نووسی بە نێوی (کۆچی سوور) پێش ئەوەی بە کوردی بڵاو بکرێتەوە، برادەرێکی ئێرانی، کە پێشمەرگەی گروپی هستە رزم کۆمۆنیستی بوو، بەناوی ن: شایگان لە ساڵی ١٩٨٧ دا، کردی بە فارسی و بڵاوی کردەوە، دوو نوسخەم بۆ نەوشیروان مستەفا نارد، هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو.. ئیدی ساڵی ١٩٨٨، یەکەم هێرشی ئەنفال کرایە سەر دۆڵی جافایەتی و یاخسەمەر و سەرگەڵوو و بەر گەڵو، کە سەرکردایەتی (ی.ن.ک) لەوێ بوو، لە ١٩٨٨/٣/١٩ ناچار بووین، ڕابکەین و بەرەو ئێران دەڤەرەکە چۆڵ بکەین، من لامدایە گوندی کاولان، کە بارەگای ڕاگەیاندن و سەرکردایەتی حسکی لێبوو، ئەوکات عادڵ مراد بەرپرسی ڕاگەیاندنیان بوو، ڕووم لێنا کە (کۆچی سوور) م بۆ چاپ بکەن و لە فەوتان ڕزگار بێ. دیار بوو، کەرەستە و تفاقی چاپکردنیان وەکو کاغەز و ستێنسڵ و ئەو شتانەیان کەم بوو، بە هەرحاڵ چل – پەنجا نوسخەیەکیان بۆ چاپکردم، هەرکە بڵاو بوویەوە دەنگدانەوەیەکی وەهای پەیدا کرد، وەکو ئەوەی ئاگر بێ و بکەوێتە پووشەوە، وەکو ئەوەی حەمە کەریم عارف، سەبەبکاری ئەو شکستە مەعنەوی و عەسکەرییە گەورەیە بووبێ، هەڵۆکانی سەرکردایەتی (ی.م.ک) کە لە سەقز ئاکنجی بوون، گڕیان گرت. بە ئەمری نەوشیروان، (کۆچی سوور) لە قاسمە ڕەشی مەرزی سەردەشت کۆکرایەوە و سووتێنرا!!. بەڵام جەماعەتی (ئاش) نازانم لە ڕازان بوون یان لە کوێ بوون، ژمارەیەکی زۆریان لەبەر

گرتبووەوەو بڵاویان کردبووەوە...کار بە سووتاندنەوە نەوەستا و فەرمانی کوشتنی بەندەشیان دەرکرد، بەناو پێشمەرگەش هەبوو کە ئامادە بوو بۆ جێبەجێکردنی ئەو فەرمانە!!

تەواو ترسی ئەوەم لێنیشت، لە پەنایەکەوە بێکەسکوژ بکرێم، وەکو ئەمە لە گەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەدا کرا!! بە هەرحاڵ بە ناچاری کەوتمە بیرکردنەوە لەوەی هەر چۆنێ بووە خۆم ڕادەستی عێراق بکەمەوە، ڕادەست بوون هەر ڕادەستبوونە چ بە ئێران بێ چ بە عێراق! دژمن بتکوژێ نەک دۆست بتشکێنێ، درەنگانێکی ساڵی ١٩٨٩ بوو، کادرێکی پاسۆک کە دەمێ بوو لە ئێران دەژیا - بە داخەوە ناوەکەیم بیر نەماوە، لە گەڵ کادیرێکی پارتیدا بەناوی (تایەرە سوور) ڕێگای گەڕانەوە بۆ عێراقیان، بۆ زامن کردم. بەیانیەک لە گەڵ محەمەد موکری و حاجی سەمەدی حەمە پەری و ناهیدە خانی خێزانی و سوعاد خانی خێزانی فارۆق جەمیل و خەڵکانی دیدا وەڕێکەوتین، عێراق خۆت بگرە واهاتین! ڕادەستبوون، ڕادەستبوونە چ بە ئێران بێ و چ بە عێراق بێ... بەندە لە عەربەت لەوانی دی جیاکرامەوە، خۆم لە شوعبەی پێنجی بەغدایا بینییەوە، لەوێ بە دیداری کۆمەڵێک دۆست و پێشمەرگە شاد بوومەوە.. بە ڕاستی جێگەیەکی سامناک و ناخۆش بوو، دڵمان پڕ بوو لە ژان، لە ململانێی نێوان مەرگ و ژیان، واقیعی زندان ئەوەی بۆ ساغکردمەوە کە ترس، بەشەر لێکدی نزیک دەکاتەوە، زۆر یەکترمان خۆش دەویست و گوێمان لێکدی دەگرت، بە زۆری لە دەوری بەندە خڕ دەبوونەوە، منیش بۆ ئەوەی کەس نائومێد نەبێ، بەردەوام ختوکەی کبریای پێشمەرگایەتیانم دەدا، ورەم بەرز دەکردنەوە و هەمیشە دەمگوت: سەنگەر بۆ پێشمەرگە قاتی نییە، سەنگەر هەر سەنگەرە، چ لە چیا بێ چ لە زیندان.. بەهەرحاڵ دوای ماوەیەک گوازراینەوە بۆ زندانی ژمارە یەک.. دوای ماوەیەک، بە پاسێکی گەورە بۆ سلێمانی گوازراینەوە و

ئازاد کراین.. شەو بوو، دەگەڵ خزمێکا بە ناوی هەمزە محەمەد کەریم چووین بۆ ماڵی خەزوورم لە برایم پاشا کە سەرگوڵی خێزانم و گۆڤەندی کیژم لای ئەوان بوون، کە من بە بەندەنێ کەوتم گۆڤەند زۆر منداڵ بوو، کە هاتمەوە قوتابی دوو و سێی سەرەتایی بوو، کە لە گەڵ هەمزەدا لە دەرگامان دا گۆڤەند هاتە بەر دەرگا، نەیناسیمەوە، گوتی فەرموو خاڵە ماڵی کێتان دەوێ!! گوتم: تۆ گۆڤەندی؟ گوتی: بەڵێ... گوتم بچۆ دایکت بانگ بکە... ئیدی بەیەک شاد و شوکر بووینەوە.. بەو ئاوایە هەشت نۆ ساڵم لە پێشمەرگایەتیدا بەبێ وابەستەگی حیزبی بەسەر برد کە وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی ڕەوای نەتەوەیی کوردا شانازی پێوە دەکەم و منەت بەسەر کەسدا ناکەم، چونکە باوەڕم وایە کە ڕۆڵەێ میللەتی مەزڵووم مەحکوومە بە پێشمەرگایەتی.. هەڵبەتە کەم وزۆر لەو پێشمەرگایەتییە سوود مەند نەبووم.. باشتر!!..

***

ئیدی بە هەر خۆ پەنادان و خۆشاردنەوەیەک بوو ڕۆژگارمان گەیاندە ساڵی ١٩٩١ و سەرهەڵدان و ڕاپەڕین بەرپا بوو، کورد ئاهێکی وەبەر هاتەوە، پێشمەرگە و بەرپرسان لە دەربەدەری و پەناهەندەیی دەرباز بوون، ڕەوشەکە بەرە بەرە ئاسایی بووەوە. دوای هەوڵێکی زۆر گەڕامەوە سەر وەزیفەکەی خۆم و لە قەڵەمی زاتیەی سەرەتایی لە پەروەردەی سلێمانی دایان نامەوە.. ئەوسا ویستم ساڵانی پێشمەرگایەتیەکەم بخەمە سەر خزمەتی وەزیفەکەم، دەبوایە پشتگیریم هەبوایە، زۆر بە ڕاپەڕموونەوە چووم بۆ مەڵبەندی (ی.ن.ک) پشتگیریان بۆ نەکردم: تۆ پێشمەرگەی ئێمە نەبووی، ئەگەر پێشمەرگەش بووبی، پێشمەرگەی خۆت بووی... لە دڵی خۆدا زۆر کەیفم بەوە هات کە پێشمەرگەی خۆم بووم... بە

هەرحاڵ، بە ڕێکەوت ئەو حاڵ و حیکایەتەم لە سیری تا پیازی بۆ شادڕەوان ملازم کەریمی پاسۆک گێڕایەوە، زۆری پێناخۆش بوو، گوتی بە دڵی خۆت پشتیگرییەک بنووسە، من بە دە پەنجە بۆتی مۆر دەکەم. وامکرد و پتر لە نۆ ساڵ خزمەتم بۆ گەڕایەوە... ئەوسا مەراقە دێرینەکەم، مەراقی مامۆستایەتی سەری هەڵدایەوە، داوای نەقڵی خەدەماتم، لە فەرمانبەرییەوە بۆ مامۆستایەتی کرد، هەنگێ دکتۆر ناسیح غەفوور وەزیری پەروەردە بوو، زوو بە زوویی ڕەزامەندیم بۆ هاتەوە. لە پەروەردە هەڵبڕام و لە ناوەندی ئەحمەدی خانی دەستبەکار بووم، دوای ماوەیەکی زۆر کەم نەقڵ بووم بۆ ئامادەیی ڕۆشنبیر، کە هەم قوتابخانەکە بەنێوبانگ بوو و هەم تووشی کۆمەڵێک مامۆستای بەڕێز بووم، لەوانە مامۆستا مەهدی بابان کە بەڕێوەبەر بوو. مامۆستا عەبدوڵلا قەرەداغی، مامۆستا ئیبراهیم نامیق، عوسمان عەبدولکەریم، ئەوڕەحمانی کوردی، نوری عارف، حەمە عەلی مەعروف، ئاسۆ، چیمەن، بەسۆز، حەمە عەلی فەرەج و سالار... دەی باشە، ئێرە ئەو شوێنەیە من بۆی دەگەڕام..

لە پیشەی مامۆستایەتیدا قەناعەتم وابوو، کە ئەرکی مامۆستا ئەوە نییە، ڕێگە بە قوتابی نیشانبدات، بەرنامەی کاری بۆ دابنێ، بەڵکو ئەوەیە بەهرەی قوتابی کەشف بکات، فێری چۆنیەتی تێگەیشتنی بکات، کە کەوتە سەر ڕاستە ڕێگای تێگەیشتن، ئیدی ڕێگەی خۆی دەدۆزێتەوە و خۆی بەرنامەی کار بۆ خۆی دادەنێ... بایەخی زۆرم بە دەرسی دارشتن دەدا ؛ قەناعەتم وابوو داڕشتن لە لایەکەوە جورئەتی قەڵەمڕانی بە قوتابی دەدات و لە لایەکی دیکەوە، هەر قوتابییەک دەرەقەتی ئینشانووسی و داڕشتن بێت، مانای وایە هەم بەهرەی ئەدەبی هەیە و هەم سەلیقەی زمانزانی و ڕێزمانی تیایە. هەرگیز داڕشتنم نەدەدایە قوتابی لە ماڵەوە بینووسن، هەر لە پۆلا دەیاننووسی.. داڕشتنێکم دەدانێ کە خەیاڵیان بێدار بکاتەوە،

ناوی یەک دوو دارشتنم لە بیر ماون لەوانە: ئەگەر ڕۆژنامەنووس بیت، بۆت هەبێ تەنیا یەک پرسیار لە بەرپرسێکی کورد بکەی، چی لێدەپرسیت و بە تەسەووری تۆ چ وەڵامێکت دەداتەوە؟ یان: ئەگەر ببی بە یەکەم سەرۆکی دەوڵەتێکی کوردی، یەکەم وتارت بۆ کورد چ دەبێ؟... هتد. بە شانازییەوە لەو ماوە کورتەی مامۆستایەتیەمدا، چوار پێنج قوتابیم، خستە سەر ڕێگەی نووسین و نووسەرایەتی..

لێ مخابن دەسەڵاتی حیزبی! لە گەرمەی ململانێی بەناو سیاسی و بە حەقیقەت حیزبی و شەڕی نەنگینی براکوژی نەیهێشت، مامۆستایەتیەکەم بە دڵەوە بنووسێت، هەر ڕۆژەی بیانوویەکیان پێدەگرتم، ڕۆژێک عیماد ئەحمەد بانگی کردم و کۆمەڵێک گلەیی لێکردم، کە گوایە دژایەتیان دەکەم.. پێمگوت کاک عیماد هەموو ئێوارەیەک جەماعەتێ عەرەقخۆر، بە پارەی ئێوە، دەخۆنەوە و بەیانی بە ڕاپۆرتێکی پڕ لە درۆ و بۆختانەوە لە سەر من، دێن بۆ بارەگاکەی تۆ، وەرە پیاوی چا بە با من و تۆ ڕێکەوتنێک بکەین و بەبێ وەسیت و دەلاڵ مامەڵە لەگەڵ یەکدا بکەین.. گوتی وەکو؟ گوتم تەسجیلێک و کاسێتێکم بدەیە، لە بەیانیەوە تا ئێوارێ، هەرچیەکم گوت، هەر جنێوێکم دا، ئێوارە بۆتی دێنم و نە پارەت لێ داوا دەکەم، نە دەعەوتی عەرەق..

***

لە گەرمەی سالانی شەڕی براکوژیدا، هاتوچۆی نێوان هەولێر و سلێمانی زۆر ئەستەم بوو.. لە هەولێر گۆڤارێکی ڕۆشنبیری ئەدەبی بەنێوی (ڕامان) دەردەچوو، ڕاستە ئەم گۆڤارە پارتی سپۆنسەری دەکرد، بەلام لە هەر سیاسەتبازی و حیزبێنییەک بەدوور بوو. ئێمە کۆمەڵێک نووسەر بووین لەوانە: ڕەوف حەسەن، حەمید ڕێبوار، فوئاد سەراج و ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی و بەندە و حەمە

فەریق حەسەن، لە سلێمانییەوە بابەت و بەرهەمی ئەدەبیمان بۆ گۆڤاری ناڤبری دەنارد و زۆرجاریش بەشداری ئەو چالاکییە ئەدەبی و ڕۆشبیریانەمان دەکرد کە لە هەولێر ئەنجام دەدران.. ئێمە قەناعەتمان وابوو کە خەباتی نەتەوەیی کورد لە بنەڕەتدا، خەباتی یەکگرتنەوەی خەڵک و خاکی کوردستانە و کەم و زۆر بەم تەقسیمبەندییە حیزبیە قاییل نەبووین، ئەو هەڵوێستەشمان لە ڕووی ڕۆشنبیریی و نەتەوەییەوە زیاتر بۆ سڕینەوەی ئەو لەمپەڕە تەقسیم ئامێزە بوو، کە حیزبەکان بێهودە دەیانویست لە واقیع و لە دڵ و دەروونی خەڵکیدا ڕیشاژووی بکەن.. هەڵبەتە حیزبێن کوردی بە ئێستاشەوە قەناعەتیان وایە هیچ ڕەنگێکی دی لە نێوان ڕەش و سپیدا نییە، یان لە گەڵمی یان دژمی، بۆیە (ی.ن.ک) ئەم هەڵوێستەی ئێمەیان پێ قووت نەدەچوو! کەوتنە هەڕەشە و ترساندنی ئێمەمانان، دیار بوو حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار)یان بۆ ئەم کارە ڕاسپاردبوو!... کە ئەلهەق دڵسۆزانە ئەنجامی دەدا!!. ئەم برادەرە، قارەمانی ئینشیقاقە ناکامەکەی ساڵی ١٩٨٦ ی ئاڵای شۆڕش بوو کە یەکێتییەکان پێیان دەگوت (ئاش) کە لە چیا گیران و چەک کران، کۆمەڵەی ڕەنجدەران بە زۆرینەی هەرە زۆری دەنگان، داوای ئیعدام کردنی ئەم مەلا بەختیارەیان کرد! برادەرێکی نووسەر هاتە بارەگای نووسەران، پێشنیازی کرد کە نووسەرانیش بەیانێک دژی گرووپی ئاش دەربکەن. بەندە هەڵمدایە، کاک فلان، کێشەی مەلا بەختیار و هاوڕێکانی، کێشەیەکی سیاسیە، لایەنە سیاسیەکە لێگەڕێ بۆ خۆیان، بەڵام ئەرک و ئەخلاق و هەڵوێستی ڕۆشنبیریی وادەخوازێ نووسەران داوای سەلامەتی و ئازادکردنیان بکەن، چونکە دۆزی سەرەکی ئەدەب ئینسان و ئازادی ئینسانە، ئیدی ئەوە بوو، بەیاننامەیەکمان ئاراستەی مەکتەبی سیاسی هەموو حیزبە کوردستانیەکان کرد و داوای سەلامەتی و ئازادی مەلا بەختیار و

هاوڕێکانیمان کرد.. کە مەلا بەختیار لە زنداندا بوو من یەکەم کەس بووم کە کتێبم بۆ دەنارد، ئیدی پێی دەگەیی یان نا، نازانم.

کە مەلا بەختیاریان بۆ ڕاوەدونانی ئێمەمانان ڕاسپاردبوو، ئەلهەقی بە باشی ئەنجامی دەدا، لە باری دەروونییەوە، بۆ ئەوە بوو بیسەلمێنێ کە بە ڕاستی تۆبەی کردووە و یەکێتییەکی عەیارە بیست و چوارە و کورد گوتەنی هەزار گوناح و یەک تۆبە و کەس ئینشیقاقە ناکامەکەی بە چاودا نەداتەوە. کار گەییە ئەوەی لە یەک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی هەرێمدا بە ڕاشکاوی بڵێ: ئێمە نەخوێنەوارێک دوای بەرزانیەکان بکەوێ دەیکوژین چ جای ڕۆشنبیر... هەر لەو سەردەمەدا مەلا بەختیار و یەک دوو کەسی دی، لە لایەن ڕۆژنامەوانێکەوە ناونران (قتلة سویدون یحکمون کوردستان)... بەهەرحاڵ پاشان (محەمەد موکری) بۆ لای من ڕاسپارد بەو حیسابەی دۆستی نزیکی یەکدی بووین، کە من پێمگوت من کارم بە مەلا بەختیار نییە تا بچم بۆ لای، ئەگەر ئەو کاری بە منە لە بەر خاتری تۆ ئامادەم پێشوازی بکەم، بەڵام من قەت لەو باوەڕەدا نەبووم تۆ ئەم دەلالییە قەبووڵ بکەیت! ئیدی لەوە بە دواوە دۆستایەتیەکەمان تەواو سارد و کاڵ بووەوە.. بەهەرحاڵ لە سەرەتا و لە گەرمەی ئەو شەڕ فرۆشییەی (ی.ن.ک) بە ئێمە، ڕەوف حەسەن پەیوەندی بە منەوە کرد کە (ی.ن.ک) نیازی زۆر خراپە و ئیعلانی شەڕیان لە گەڵدا کردووین، گوتم کاک ڕەوف نە ئێمە ئەهلی شەڕین و نە شەڕی (ی.ن.ک) مان پێدەکرێ، بزانە هەوڵبدەن پەیوەندی بە نووسەرانی کوردی دیاسپۆراوە بکەن، با هەوڵێکمان بۆ بدەن و کارێ بکەن لێرە، لە شاری (هەڵمەت و قوربانیدا!!) بێکەس کوژ نەکرێین، ئەو پێشنیازی خۆپارێزییە سەری گرت، کەمپەینی گەورە لەلایەن نووسەرانی کوردی دیاسپۆراوە ساز درا، بەیاننامە دەرکرا و واژۆ کۆکرایەوە و کێشەکەمان ڕەهەندێکی دەرەکی وەرگرت، بوو بە نووچە و هەواڵی ڕۆژنامەی القبس و شرق الاوسط و هی دی، کەچی تاقە یەک نووسەری سلێمانی (پایتەختی

ڕۆشنبیریی!) بە وشەیەکیش بەرگری لێنەکردین، قسەیەکی خێری بۆ نەکردین، نەهەقیان نەبوو، لە هەر شوێنێ ئازادی سیاسی نەبێ، هەموو شتێک سیاسەتاوی دەبێت، خۆ لەلای مە، شتەکان نەک سیاسەتاوی بوون، بەڵکو حیزباوی بوون! لە کاتێکا حیزبی کوردی وەکو هێلکەی پیس وان، چەندیش لە سەری کڕ بکەوی هیچ هەڵنایەنێت!!.

ئەمە کردیە کارێک (ی. ن. ک) هەندێ دەست سووک بکەن، هەڵبەتە کەناڵە میدیاییەکانی پارتیش... قسوریان نەکرد و ڕاستە زۆریان داکۆکی لە ئێمەنان کرد، بەڵام لە ڕووی سیاسیەوە قازانجی خۆیانیشی تیابوو... بەهەرحاڵ (ی.ن.ک) ئیدی سلێمانیان لێ تەنگ کردین، ئیدی بەندە بە ناچاری لە ساڵی ١٩٩٧ دا پەنام بردەبەر هەولێر، هەرچەندە کەسێکی بێلایەن بووم، بەڵام بەڕێوەبەری نووسین و پاشان سەرنووسەریی گۆڤاری گوڵانی عەرەبیم پێ سپێردرا، لە گۆڤاری ناڤبریدا جگە لە نووسین، گۆشەیەکم هەبوو بەناوی وقفە، کە پاشان لە کتێبێکدا بەناوی **(وقفات فی رحاب الثقافة الكردية)** وە کۆمکردنەوە و دووجار چاپکراوە. (محەمەد فەریق حەسەن) ش هەر لە ڕێگەی هەولێرەوە گەییە دانیمارک و پێموایە یەکێک لەو بەڵگەنامانەی بووە مایەی ئەوەی پەناهەندەیی سیاسی پێبدرێ، وتە پرشنگدارەکەی!! مەلا بەختیار بوو: ئێمە نەخوێنەوارێک دوای بەرزانیەکان دەکەوی دەیکوژین، چ جای ڕۆشنبیر... بۆیە حەز دەکەم گوتەیەکی نووسەری گەورەی یۆنانی نیکوس کازانتزاکیس دووبارە بکەمەوە: " کاتێک گوێم لە سیاسەتمەدارێک دەبێ کە دەم لە نیشتمانپەروەری و شانازی و عەدالەت دەکوتێ، دڵم تێک هەڵدێ. "

***

ڕۆژێک، نازانم دەقاودەق چ ساڵێک بوو، بەڵام ٨/١٣ بوو، دەچووین بۆ هەولێر بۆ بەشداری لە چالاکییەکی ئەدەبی –

ڕۆشنبیریی، هێندەی بیرم مابێ: (ڕەوف حەسەن، حەمید ڕێبوار، فوئاد سەراج و بەندە بووین)، لە گەراج پۆلیسێکی چەکدارمان لێپەیدا بوو؛ دەبێ لە گەڵما بێن بۆ ئاسایش... بۆ کاکە؟ ئەمرە.. دەی باشە فەرموو با بڕۆین.. دەی تاکسییەک بگرن. ئێمە تاکسی ناگرین، بە پێیان دەڕۆین.. بە ڕاستی دەمانویست بە بەرچاوی خەڵکەوە، پۆلیسێک ڕاپێچمان بکات و حاڵەکەتە لەلای خەڵکی ببێت بە پرسیار و زۆرترین خەڵک بە مەسەلەکە بزانن... پۆلیسەکە ناچار بوو تەکسی بە کرێ بگرێ... لە نێو تەکسیەکەدا کەوتە خوتە خوت و بۆڵە بۆڵ، دەیویست دەسەڵاتداری خۆیمان بە سەردا بنوێنێ! بەندە پێمگوت: کاکە تۆ تەنیا ئەوەندەت لە سەرە بە ڕێزەوە داوامان لێبکەی لە گەڵتا بێین، ئیدی هیچ شتێکی دیکەت بۆ نییە، وەختێ من پێشمەرگە بووم، مەگەر خوا بزانێ تۆ چ بووی؟ دەتوانی لای بەرپرسەکەت دوو هەزار بوختانمان بۆ بکەی!

بەهەرحاڵ گەیشتینە ئاسایش، پێموایە حەمە حسێن ناوێک بەرپرس بوو، سین و جیم دەستی پێکرد، تۆمەتبار کراین، کە گوایە بە بۆنەی یادی سی و یەکی ئابەوە دەچن بۆ هەولێر. بەندە هەڵمدایە برادەر ئەمڕۆ سیازدەی ئابە، وادیارە ژمارەکەتان پێچەوانە کردووەتەوە، جێگۆڕکێتان بە سێ یەکە و بە یەکەکە کردووە! گوتی ئێمە تۆ باش دەناسین، تۆ مامۆستای ئینگلیزیت و لە پۆلا جنێومان پێدەدەی. گوتم یەکەم مامۆستای ئینگلیزی نیم، دووەم نامەوێ پاکانە بۆ خۆم بکەم کە جنێو نادەم، بەڵام باوەڕم پێبکە هەرگیز لە پۆلا جنێو نادەم، چونکە پۆل موڵکی هیچ حیزب و لایەنێکی سیاسی نییە، بەڵکو موڵکی میللەتە و کوڕی میللەت بە جیاوازی بیر و بۆچوونیانەوە لەوێندەر دەخوێنن و نە من و نە هیچ مامۆستایەک بۆی نییە لە پۆلا حیزبایەتی بکات... من نۆ ساڵ لە چیا بووم و هیچ وابەستەگیەکی حیزبیم نەبوو... بۆیە ئەگەر لە جنێودان بم، شوێنی

جنێودان قاتی نییه تا ناچار بم له پۆلدا جنێو بدەم، چی زۆره چاخانه و مەیخانه زۆرن بۆ جنێودان، ئەوساش من جنێو به (ی.ن.ک) نادەم. ڕەنگه جارجارێک له دەرێی پۆلدا جنێوێک به (...) بدەم، خۆ کەسیش به جنێو نەمردووه، جوابی جنێوش چەند توونند بێ هەر جنێوه نەک هەڕەشەی کوشتن وزندانی کردن! هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو، نازانم بۆ؟ ... بەرهەرحاڵ برادەرانی دیکەش هەرکەسه و قسەی خۆیان کرد، له ئاخر و ئۆخردا، نازانم کێهەیان منداڵی بووبوو، داوای ناوی کوڕیان لێکردین، من هەڵمدایه وگوتم: ناوی بنەن پۆلیس... پرسیان بۆ؟ گوتم: ئایندەی ئەم وڵاته پۆلیسخانەیه، بۆ پۆلیسانه.

بەهەرحاڵ، دڵیان نەرم بوو، ئیزنیان داین، بەڵام بەنده گوتم: قوربان، بۆ ئەوەی درۆزنی لای ئێوه نەبین، هەر ئێستا و له بەر دەرگا تەکسییەک دەگرین و ڕاستەوخۆ بۆ هەولێر دەڕۆین، دوایی نەڵێن هەڵیان خەڵەتاندین...

***

جارێکی دی، بیرم نەماوه چ ڕۆژ و چ ساڵێک بوو، بەڵام له گەرمەی شەڕی نەنگینی براکوژیدا بوو، له هەولێرەوه دەهاتمەوه بۆ سلێمانی، دنیایەک بڵاڤۆک و چاپەمەنی هەولێرم پێ بوو، له سەندووقی تاکسیەکەم دانابوون، که گەیشتینه زاڵگەکەی سەر دووڕیانی تەق تەق – کۆیه، ڕایانگرتین، داوای ناسنامەیان لێکردین... سەندووقی ئۆتومبیلیان به شوفێرەکه کردەوه، بڵاڤۆک و چاپەمەنیەکانی من کەوتنه ئەو گۆڕەی، کابرای عەسکەر وەکو ئەوەی مادەی هۆشبەری کەشف کردبێ، به دەنگێکی دلێر و تووڕه ؛ ئەمانه هی کێن؟ منیش، زۆر به هێمنی دابەزیم و گوتم: هی منن. وتی کو، ئەمانه قەدەغەن! زۆر به متمانەوه گوتم: تۆ ڕاست دەکەی قەدەغەن... ئیدی درۆ زادەی نەبووبی ئازادیه، هەر وڵاتێ ئازادی تیا

نەبێ درۆزنی زۆرە، بۆ ئەوەی خۆم دەرباز بکەم، ناچار درۆیەکم ڕێکخست و گوتم: کاکی برا من فلأنم ناوە و ئەم بلأوکراوانەم بۆ شەخسی مام جەلال هێناوە، ئەگەر باوەڕ بە من ناکەی، فەرموو جیهاز بۆ مام جەلال بکەن و بلێن فلأنی کوڕی فیسار دنیایەک بلأوکراوەی دەڤەری پارتی پێیە و دەڵێ بۆ جەنابتی هێناوە، ئەگەر گوتی: وانییە، لێرە بە دەستی خۆت گوللە بارانم بکە... ئیدی کابرای عەسکەر، نازانم لە ترسا بوو یان لەبەر ئەوە بوو درۆیەکەی منی بە باوەڕکردەنی زانی، دەستبەردار بوو و ئەمجارەش دەرباز بووین..

جارێکی دی لە سەرەتاکانی سالأنی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو، مام جەلال کۆمەڵێک ڕۆشنبیر و نووسەری بۆ قەلأچوالان دەعوەت کرد، کە یەکێک لەوانە رەوف بێگەرد بوو وەکو سەرۆکی لقی سلێمانی نووسەرانی کورد و بەندەش وەکو سەرۆکی لقی کەرکووکی نووسەرانی کورد... بەهەرحاڵ مام جەلال و ڕەوف بێگەرد و بەندە لە سەر ستەیج بووین، رەوف بێگەرد بە بۆنەکەی دەزانی و وتارێکی ئینشائامێزی ئامادە کردبوو، بەندەش هیچ شتێکم ئامادە نەکردبوو، رەوف هەستا و وتارەکەی خۆی خوێندەوە. مام جەلال ڕوویکردە بەندە: ئەدی تۆ هیچت نییە؟ گوتم با. هەر بە دانیشتنەوە، لاقی ڕاستم لە سەر لاقی چەپ دانابوو، ئیرتیجالی کەوتەمە قسان و بەم ڕستەیە دەستم پێکرد: مام جەلال ئێمەی کەرکووکی عادەتێکی خراپمان هەیە ، زۆرجار زەرەرمان لێکردووە، ئەویش ئەوەیە کە نازانین ماستاو بکەین، ئەویش گوتی: دۆ باشە.

بەهەرحاڵ، لە خوارەوە، خەڵکەکە هەر ئاماژەیان بۆ دەکردم، منیش بەدەم قسەکردنەوە نەمدەزانی مەبەستیان چییە، دوایی زانیم دەڵێن لاقت لە سەر لاق لابدە. منیش ڕێک لاقم گۆڕێ و ئەمجارەیان لاقی چەپم خستە سەر لاقی ڕاست و لە سەر قسەی خۆم بەردەوام بووم، کە تەواو بووین و هاتینە خوارەوە، ڕۆشنبیرەکان کەوتنە

گلەیی بۆ لاقت لە سەر لاق دانابوو، عەیبە... گوتم هیچ عەیب نییە و زۆر ئاساییە، عەیب بۆ ئێوەیە کە بە هەمووتان بە قەد ئەو پیاوە دیموکراتیەت لە مەزەب و بیرکردنەوەتاندا نییە! ڕاستە من هەرگیز هاوفکری مام جەلال نەبووم، بەڵام ڕۆژگار بۆ ماوەیەکی زۆر کردنی بە هاوسەنگەر، هاوسەنگەران ئەوەندەیان بە سەر یەکەوە هەیە کە دیموکراتیانە مامەڵە لە تەک یەکدیدا بکەن... کە من و ئەو هاوسەنگەر بووین ئێوە لە کوێ بوون، ئەو بەو هەموو دەسەڵاتەوە کە هەیەتی و دەتوانێ بە ئاماژەیەک هەرچیەکی بوێ بیکات، ئەم دانیشتنە بەمن ڕەوا دەبینێ، کەچی ئێوەی ڕۆشنبیر! پێمی ڕەوا نابینن! ئافەرین بۆ خۆتان و ڕووداریتان!! ئیدی لەو ڕۆژەوە گەییمە قەناعەت، کە یەکێک لە کێماسیە کوشندەکانی تەڤگەری کوردایەتی غیابی گوتاری ڕۆشنبیرییە، کە تا ئێستاش بەردەوامە!

***

بەهەرحاڵ پتر لە چوار ساڵێک لە هەولێر مامەوە، لە ساڵی ٢٠٠٣ دا لە سەر پێشنیازی فەلەکەدین کاکەیی و بەندە، دەزگای ڕۆشنبیریی شەفەق، لە کەرکووک دامەزرا، کە فەلەکەدین کاکەیی کرا بە خاوەن ئیمتیازی دەزگاکە و بەدران ئەحمەد کرا بە بەرپرسی دارایی دەزگاکە، لە دەزگای ناڤبریدا هەفتەنامەی باسەڕەو گۆڤاری نەوشەفەقمان دەردەکرد، کە زۆر مایەی دڵخۆشی خەڵکی کەرکووک بوو، نێچیرڤان بارزانی بەخۆی هاتە ئاهەنگی کردنەوەی دەزگاکە و بەخۆی کردیەوە.. هەڵبەتە یەکەمین دەزگای ئەدەبی – ڕۆشنبیریی کوردی بوو کە لە دوای ڕاپەڕین لە کەرکووک کرایەوە.. بەندە سەرنووسەری گۆڤاری نەوشەفەق بووم و تا ژمارە چل بەردەوام بووم... فەلەکەدین کاکەیی هەرچەندە پیاوێکی خۆشخوو و خۆش مەعشەر و خوێنەوار و ڕۆشنبیر بوو، بەڵام زۆر نائیداری بوو، لە

پڕێکا داخویانێکی بڵاو کردەوە، کە دەستبەرداری خۆی لە هەموو ئەو بڵاوکراوانەی کە ئیمتیازیان بەناوی ئەوەوە بوو ڕاگەیاند.. بەدران ئەحمەد، بلەز ئەو واقیعەی قۆزتەوە و خۆی کرد بە خاوەن ئیمتیازی دەزگاکە و لە هەولێرەوە حوکمی دەزگای ڕۆشنبیریی شەفەقی دەکرد، زۆربەی کارمەندانی دەزگای نێوبراوی کرد بە دژمنی یەکدی و لە ئەنجامداو لەگەڵ هەندێ لەو کادیرە بیرتەسک وهەلپەرست و خۆپەرستانەی لە دەزگای ناقبریدا کاریان دەکرد، بووە هۆی لەناوبردن و زندەبەچاڵ کردنی دەزگای ڕۆشنبیریی شەفەق لە کەرکووک!.. جا کە باس هاتووەتە سەر دەزگای شەفەق، با ئەم حەقیقەتە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی ئاسایی و ڕۆشنبیریی منەوە هەیە، دووبارە بیگێڕمەوە:

لە پێناوی ڕاستیدا

ئەوەی گیزە گیز بچێنێ، نابووتی دەدورێتەوە

ڕۆژی ٢٠٠٦/٨/٢٩ بوو، چوومە دەوام بۆ دەزگای ڕۆشنبیریی شەفەق لە کەرکووک، لە ژووری خۆم دانیشتبووم، سەعات دە و بیست و یەک دەقیقە بوو، ژمێریار مووچەکەی بۆ هێنام، تەمەشای لیستی مووچەکەم کرد، سەیرم کرد کرابوو بە شەش سەد و پەنجا هەزار دینار، لە کاتێکا مووچەی بەندە حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار بوو (بە نەسریەوە کە پەنجا هەزار دینار بوو.) واتە مووچەکەم کەم کرابووەوە (لە کاتێکا پەیمانێکی چەند خاڵی لە بەینی بەندە و بەدران ئەحمەدا هەبوو، کە خاڵێکیان ئەوە بوو مووچەکەم بە هیچ جۆرێ کەم ناکرێتەوە...) بەهەرحاڵ لیستەکەم ئیمزا کرد و لە ئاستی ناوەکەمدا نووسیم: (ئافەرین بۆ خۆتان). دوای نیو سەعاتێک هەستام، بچم بۆ ماڵی خوشکم لە گەڕەکی کوردستانی کەرکووک کە هەندێک نانیان بۆ کردبووین تا بیبەمەوە، سواری ئوتومبیل بووم و چوومە ئەوێندەر، دوای چاک و خۆشی و هەواڵپرسین، سواری

ئوتومبیلەکەم بووم و بەناو جەرگەی کەرکووکدا بۆ سلێمانی وەڕێکەوتم، بە سەیتەرەکانی کەرکووک، قەرەهەنجیر، چەمچەماڵ، تەکیەدا ڕەت بووم هیچ نەبوو، گەییمە کانی شەیتان، مەفرەزەیەکی مروور ڕایانگرتم: بێ زەحمەت کوا ڕەقەمەکەت؟

دابەزیم سەیری پاش و پێشی ئوتومبیلەکەم کرد ژمارەی پێوە نەمابوو، خۆ بەیانی تابلۆی ژمارەکانی پێوە بوو! خۆ ئوتومبیل جگە لە دەزگای شەفەق لە چ شوێنێکی دیکە ڕانەگیراوە، پێمگوتن: من حەمە کەریم عارفم لە دەزگای ڕۆشنبیریی شەفەقی کەرکووک کاردەکەم. ئیجرائاتی یاسایی ئاسانم لە گەڵ بکەن و ئیشەکەم لێ قورس مەکەن، ئیدی بەدەم پسوولە نووسینەوە کەوتنە قسەکردن:- مامۆستا تۆ شانست هەیە، چۆن بەبێ ژمارە بە ناو کەرکووکدا هاتوویت و تووشی مەفرەزەی ئەمریکیەکان نەبووی، باوەڕ بکە بیانگرتبای بە ئیرهابیان لە قەڵەم دەدایت و تیا دەچووی، ئێستاش هیچ عاجز مەبە خۆت و سەیارەکە دەبێ حیجز بکرێن، ڕەنگە چاوپۆشی لە حیجز کردنی خۆت بکرێت، بەڵام ئوتومبیلەکە مەحاڵە، تا ئەو تابلۆی ژمارانە نەیەتەوە بەربوونی نییە، بەم شێوەیە لە بەرواری ٢٠٠٦/٨/٢٩ بە ژمارەی ت/٢٠٠٦ نووسراویان بۆ کردم و پۆلیسێکیان لەگەڵ ناردم بۆ گەراجی دەستبەسەرا گرتنی ئوتومبیل، ئوتومبیلم تەسلیم کرد و بۆ ماڵ هاتمەوە، بیرم کردەوە ناکرێ ئەم ژمارانە مروور لەبەر موخالەفەیەک لێیکردبنەوە، ئەگەر بە ڕێکەوت کەوتبێ ماقوول نییە هەردووکی بە جارێ بکەوێ، کەواتە دەبێ کەسێک ئەم کارەی کردبێ بۆ تووشکردنی من. ئوتومبیلم تەنیا لە دەزگای شەفەق ڕاگرتووە و نەمبردۆتە شوێنێکی دی و خۆ ماڵی خوشکم کاری وا لە گەڵ مندا ناکەن.. بەبێ تاقەتی کەوتمە تەمەشاکردنی دەفتەری تەلەفۆناتەکەم، لە پڕ چاوم بە ژمارەی تەلەفۆنی کاک دکتۆر نووری کەوت کە هاوکاری نزیکی جەنابی

نێچیرڤان بارزانییە، تەلەفۆنم بۆ کرد و ڕوخسەتم لێخواست کە یەک دوو دەققەیەک گوێم لێبگریێ. بە حەقیقەت دڵسۆزانە گوێی لێگرتم و بەندەش حاڵ و حیکایەتەکەم لە نووکەوە بۆ گێڕایەوە.. وتی:

– کاک حەمە، تۆ تەلەفۆنەکەت داخە من تۆزێکی دی جوابت لێدەگێڕمەوە. دوای تۆزێک بە لوتفی خۆی قەرزارباری کردم و تەلەفۆنی کردەوە:

– کاک حەمە تەلەفۆن بۆ شاخەوانە، کێیە بکە با هەر ئێستا تابلۆی ژمارەکانت بۆ بگێڕێتەوە...

شاخەوان کەرکووکی (کە ناوی عوف عبدالرحمن) بوو، تایپیێست و هەڵەچنی دەزگای ئاراس بوو، بەدران ماوەیەک بوو ناردبووی بۆ دەزگای شەفەق و کردبووی بە جێگری خۆی لەوێ! (تەیری گول عاشق بە داری زەقنەبووتە!) بە هەرحاڵ تەلەفۆنم بۆ کرد و هیچ حاشای لێنەکرد و بە نەبەدڵییەوە گوتی:– باشە وەرە بۆی.

گوتم:– بابە گیانە من خۆم و ئوتومبیلەکە لە حیجزداین چی بێم بۆی! چۆنت ڕەقەمەکانت دزیوە ئاوا بینێرەوە ئەمە ئەمری سەرەوەیە و حەتمەن بەدرانی ئاغات تەلەفۆنی بۆ کردوویت..

ئیدی بەپەلە سایەقەکانی بانگ کردبوو: کێ ماڵی حەمە کەریم عارف دەزانێ؟

ئیدی پرسیاریان کردبوو بۆ چی، ئەویش بەناچاری باسی ناردنەوەی ڕەقەمەکانی کردبوو، تومەز کە بە دزییەوە ڕەقەمەکانی کردبووەوە لە دەزگا داینەنابوو، بەڵکو ناردبوویەوە بۆ ماڵی خۆیان!... بەهەرحاڵ تەماحی نابووە بەر سایەقەکان هەرکەسێ ڕەقەمەکان بەرێتەوە بۆ سلێمانی بەنزینی ئەم سەر و ئەوسەری بۆ دەکرێت، نان خواردنی ڕێگەشی لە سەر ئەو... بەو جۆرە سڕەکە هەڵماڵرا و سیحر و بەتاڵبوونەوەی سیحرەکە کەشف بوو! سیحری قەڵب سەری ساحیبی!... سایەقەکان ملیان نەدابوو، یەکێکیانی بردبوو

بۆ ماڵی خۆیان (کە ئێستا بەبێ هیچ هۆیەک دەرکراوە!) ڕەقەمەکانی دابوویێ، ئەویش ڕەقەمەکانی بە برایەکی مندا کە پەیوەندی بە شەفەقەوە نەبوو، ناردبووەوە بۆ سلێمانی، بە هەرحاڵ دوای دوو ڕۆژ ئەمسەر و ئەوسەر و موراجەعەی دایەرەکانی سلێمانی و سی هەزار دینار غەرامە، ئوتومبیلەکە لە حیجز بەردرا..

دیارە من ئەم ڕووداوەم بۆ زۆر کەسی دیکەش گێڕاوەتەوە و بە نووسین و دەستخەتی من لەلای هەندێکەس پارێزراوە و وەکو خەبەریش لە سەرەتاکانی مانگی ٢٠٠٦/٩ دا لە ڕۆژنامەی (کەرکووکی ئەمڕۆ) ئاماژەیەکی خێرای پێدراوە..

هەڵبەتە من لە ٢٠٠٦/٨/٣٠ وە نەچوومەوە بۆ دەزگای شەفەق، چونکە قەناعەتم وایە بەرپرسێک ئەو ڕێگە پێچاوپێچە بگرێتە بەر و زەڕەیەک ویژدانی نەبزوێ و ئەو هەموو ناهەقییە بکات و لە پێناوی تێرکردنی مازوخیەتی خۆی بگاتە ئەو ئاستە سادییەتەی بە مەبەستی تووشکردنی من، تابلۆی سەیارەکە بە دزییەوە لێبکاتەوە، دەشتوانێ لە شارێکی پڕ ئاژاوەی بێ خاوەنی وەکو کەرکووکدا، بۆمبێک بخاتە ژێر ئوتومبیلەکەم و تیا بچم و کەسیش گومان لەو نەکات!.. بەمەش خزمەتی خۆی بکات!! هەڵبەتە ئەمەش شێوەیەک بوو لە شێوەکانی دەرکردن و دەرکردنیش لەوە ئاشکراتر نابێ.. بەڕاستی مەسئولیەت هەروا دەبێ! بژی مەسئولیەت!

هەڵبەتە لە ٢٠٠٦/٨/٢٣ دا، شاخەوان کەرکووکی (عوف عبدالرحمن!!) لە کۆبوونەوەیەکی ڕەسمیدا و بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک کارمەندی دەزگا، بە تایبەتی ستافی ئەوسای گۆڤاری نەو شەفەق کە هەموویان ماون، پێی ڕاگەیاندم کە (کاک بەدران) گوتوویەتی گۆڤارەکە زۆر بێ مستەوایە و دایدەخەم. من پێمگوت: کەیفی خۆیەتی، ئەمە بیانووە، دەنا بە درێژایی مێژووی شاری کەرکووک ، لە پێش زاینەوە تاکو ئەمڕۆ بە هیچ زەمانێک گۆڤاری لەو

مستەوایە لە کەرکووک دەرنەچووە. هەڵبەتە من باوەڕ ناکەم عوف عبدالرحمن نە کاری دزینی ڕەقەمی سەیارەکەی بە بێ پرس کردبێ و نە ئەو قسەیەشی (داخستنی نەو شەفەق)ی لە گیرفانی خۆی دەرهێنابێ، چونکە یەکەم نوێنەرێکی ئەڵقە لە گوێی بەدرانە و بابایەکی مەئمووورە و مەئموووریش مەعزووورە، بەتایبەتی ئەگەر خزمەت و پێگەیشتنی خۆی (هەڵبەتە بەپێی تێگەیشتنی خۆی لە پێگەیشتن) بە لاوە گرینگ بێ با لە سەر حیسابی خەڵکیش بێ، دووەم هەر ماوەیەکی زۆر کەم لە دوای دەوام نەکردنی بەندە، گۆڤارێک لە دەزگای شەفەق بەناوی (کانیاو) دەرچوو. دیارە ئەمە بەو نیازە بوو کە (کانیاو) جێی نەوشەفەق بگرێتەوە، کە ئەو خەیاڵ پڵاوەی بەدارن کەڕووی هەڵێنا و کانیاو، نە خۆی بوو بە کانیاو و نە جێگەی نەوشەفەقی گرتەوە... لە لایەکی دیکەشەوە درێژە بە نەوشەفەق نەدرا چونکە بەندە سەرنووسەری بووم و مۆڵەتی گۆڤارەکە بەناوی کاک فەلەکەدین و بەندەوە بوو کە بە نووسراوی ۲۲۹ لە ۲۰۰۳/٤/۳۰ مۆڵەتی ژمارە (۱٤۱) ی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستانی عێراقی پێدراوە.. دیارە ئێمە ئەو هەنگاوە یاساییەمان نا، لەو باوەڕەوە بوو کە جۆرە بەستنەوەیەکی کەرکووک بوو، لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە بە هەرێمی کوردستانەوە و بەشدارییەکی ڕۆشنبیرانە بوو لە خەباتی گەڕاندنەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەو مۆڵەتەمان زۆر مەبەست بوو، بەبێ ئەو مۆڵەتەش ئیشمان نەدەکرد..

جا ئەگەر بە ناهەق ناوی بەندە وەکو سەرنووسەر لە سەر گۆڤاری نەوشەفەق لابرایە و ناوی کەسێکی دی دابنرایە ئەوا ئەو پرسیارە دروست دەبوو: ئەدی حەمە کەریم عارف!... نەخێر داخستنی گۆڤارەکە لە هەمووی مەسڵەحەت ترە! هەم ناوی حەمە کەریم عارف لادەبرێ، هەم ئەو سین و جیمەش بەرۆکان ناگرێ...

(ڕێگاکەش ڕێگایەکی پێچاوپێچە و هەموو کەس پەی پێنابات، ئافەرین نەخشەی دۆزەخین، هەی ئافەرین ڕووداری!) ئەگەر مەسەلەکە ناو و ناوبانگ بێ خۆ بەندە پێشتر سەرنووسەری گوڵانی عەرەبی بووم کە بەربڵاوترین گۆڤاری کوردستان بوو و، بەڕای گەلێک لە گەورە نووسەران و هزرڤانانی عەرەب یەکێک بوو لە گۆڤارە هەرە باشەکانی کوردستان، و بەڵکو سەرانسەری عێراقش. هەندێک لەو ڕاوبۆچوونانە و هەڵسەنگاندننامانە لە یەکێک لە ژمارەکانی گوڵانی عەرەبیدا بڵاو کراونەتەوە، پێموایە ژمارە هەفتا و چوارە، بۆیە سەرنووسەری من بۆ گۆڤاری نەوشەفەق جۆرە کەرکووکچیاتییەک بوو بۆ بۆ ئەم قۆناغەی ئێستای کەرکووک، دەنا نە ئیمتیاز بوو نە خێرێک بوو پێم کرابێ، نە خزمەتکردنی خۆم (کەس دەتوانێ بە حەوت سەد و پەنجا هەزار دیناری ڕووت و قووت خزمەتی خۆی بکات!) واتە شەفەق و دەزگای شەفەق پێویستیان بە من بوو، نەک بە پێچەوانەوە، ئەوان خۆیان بە من خزمەتکرد نەک بە پێچەوانەوە.. جا گەلۆ ئەوە حەوت مانگی ڕەبەقە من لە ماڵی خۆم دانیشتووم و، تاقە عانەیەکم وەرنەگرتووە، ئەگەر هەر پارەیەک بەناوی منەوە وەرگیرابێ ئەوا بەدران و پۆلیسەکەی، شاخەوان کەرکووکی (عوف عەبدولڕەحمان) لێی بەرپرسن..

بەداخەوە نەوشەفەق حەوت مانگە دەرنەچووە، جا لەم مانگەدا (مانگی سێ) چونکە (کانیاو) نەبوو بەو ئەسپە ڕەسەنەی گرەوی لە سەر بکرێ و خەمخۆرانی ڕۆشنبیریی وەئاگا هاتنەوە و هەستیانکرد غیابی نەوشەفەق بۆشاییەکی دروستکردووە، هەرکەسە و بە شێوازی خۆی کەوتە پرسیار و کارکردن بۆ گەڕاندنەوەی نەوشەفەق.. بۆیە بە پەلە پروزێ لەم مانگی سێیەدا برادەران بایان دایەوە سەر گۆڤارە (بێ مستەوایەکەی نەو شەفەق!) لە دوای ژمارە چل و یەکەوە کە من

سەرنووسەری بووم، ژمارە چل و دوویان دەرکردەوە.. بەڕاستی مەگەر حیکاتی شووتی و فەقێکان پاکانە بۆ ئەمە بکات!..

بەهەرحاڵ دەرکراوەتەوە، لە چ ئاستێکدایە، چ دەبێ ئەمە پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە، چ پاکانەیەک بۆ خۆیان و هەڵوێستی خۆیان دێننەوە، ئەمە کەیفی خۆیانە.. بەڵام ڕوونکردنەوەیەکیان نووسیوە کە بە گەلە کۆمەکێ نووسراوە، چونکە لە هەندێ شوێندا بە ڕاناوی لکاوی یەکەم کەسی تاک دەدوێن و لە هەندێ شوێندا بە ڕاناوی لکاوی یەکەم کەسی کۆ دەدوێن.. بەهەرحاڵ لەو ڕوونکردنەوەیەدا جگە لەوەی هەندێ بوختانی زەقیان بۆ کردووم، کۆمەڵێک منەتی خۆڕاییشیان بە سەردا کردووم، کە بە پێویستی دەزانم هەڵوەستەیەکی خێرایان لە سەر بکەم و خەمخۆرانی ڕاستییان لێ ئاگادار بکەمەوە، هەڵبەتە لە توێی ئەم وەڵامنامەیەدا بەشی یەک دوو چیرۆکی دیکەم هێشتووەتەوە، تەمەننا دەکەم ناچار نەکرێم بیانگێڕمەوە..

بەهەرحاڵ لە ڕوونکردنەوەکەدا دەڵێن: "... کاک حەمە کەریم عارف کە سەرنووسەری گۆڤارەکە بوو لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٨/٣٠ وە بەبێ هۆیەکی دیار لە دەزگاکەمان و کارەکەی دابڕا و سەری نەکردەوە بە دەزگاکەماندا، ئێمە لە دەزگای شەفەق هەرچەندە تێبینی زۆرمان هەبوو لە سەر شێوازی کار و جۆری مامەڵەکردنی ئەو برادەرە لە گەڵ نووسەران وڕۆشنبیرانی شاری کەرکووک، بەڵام ئەو ماوەیە هەر چاوەڕوان بووین کە ڕوونکردنەوەیەکی هەبێت بۆ ئەو دابڕانە، کە بە داخەوە نەیبوو و، بە پێچەوانەوە ڕێگەی پێچاوپێچی گرتەبەر بۆ ئەوەی تەنها خزمەتی خۆی بکات وەکو چۆن لە کاتی کارکردنی لە دەزگا هەر بەو شێوەیە ڕەفتاری دەکرد، ئەمە وایکرد دەزگا بڕیار بدات بەبێ ئەو کۆوارەکە دەربکاتەوە و خوا یاربێ بەم شێوەیەی ئێستای بەردەوام دەبێت.. "

**خوێنەرانی ئازیز:**

بەندە لە سەرێ ڕا شێوازی مامەڵە و ڕەفتاری بەدران و پۆلیسەکەی و برادەرانی دەزگای شەفەقم ڕوونکردەوە، بە ویژدانتان ئەوە دەرکردن نەبێ چییە؟ ئەگەر ئەوە هۆیەکی دیار نەبێ بۆ دەوام نەکردنەکەی من، پێموایە ڕۆژیش بەدیار نازانرێ، ئەرێ ئێوە لە جێی من بن سەر بە شوێنی وادا دەکەنەوە!... دەوام نەکردنی من شێوازێکی شارستانیانەی بەرەڤانییە لە خۆم، دیارە ئەو برادەرانە حەز ناکەن کەس بەرەڤانی لە خۆی بکات، تا بوودەڵەیی ئەوان دەرنەکەوێ، جا من قەناعەتم وایە هەر کەسێک هەوڵنەدات فێر ببێ چۆن بەرەڤانی لە خۆی بکات، بۆ ئەوە باشە وەکو کۆیلە مامەڵەی لەتەکدا بکرێ، کە بە درێژایی مێژووی بەشەریەتیش هەر وا کراوە... هەڵبەتە من نە یەکەم کەسم و نە دوا کەسیش دەبم ئا بەو شێوەیە لە دەزگای ناوبراو ڕاوەدوو نراوم، خۆ لە سەرەتاوە کۆمەڵێک ڕۆشنبیر و نووسەری دیکەش لەو دەزگایە کاریان دەکرد و هەریەکەیان بە شێوازێکی بەدرانیانە دەرکران، بێگومان هەر یەکێک لەوانە لە واری خۆیدا سیمایەک بوو، سەنگێکی ڕۆشنبیریی هەبوو، واجیهەیەکی جوان بوون بۆ دەزگاکە... ئەو ڕۆشنبیرانە بریتی بوون لە: ئەحمەد تاقانە، جەلیل کاکەوەیس، هیمەت کاکەیی، جەلال زەنگابادی و تاریق کارێزی.. هەڵبەتە یەک و دووەمی ئەو زاتانە بەیاننامەشیان دەرکرد و بەڕاشکاوی خاڵیان خستبووە سەر حەرفان و خەتاباریان دەست نیشانکردبوو کە مامۆستا بەدرانە!! ئەو دوو بەیاننامەیە ماون، هەندێکی دیکەشیان شوێنی بەرزیان ئاگادار کردووەتەوە، دەڵێم کە ئەو ڕۆشنبیرانە کە هەر یەکێکیان بە شێوەیەکی بەدرانیانە تەرە کران، بۆچی برادەرانی! شەفەق بسکەی

سمێڵیان دەهات و بە دڵ و بە گیان ئەمری وەهمیان دەرهەقیان جێبەجێ دەکرد؟!

برادەرانی شەفەق!! تێبینیان زۆرە.. غافڵن لەوەی کە ئەگەر ئەوان تێبینی یەکی نەهەق و هەڵبەستراویان لە سەر خەڵکێک هەبێ، ئەوا خەڵکی دەیان تێبینی بەڵگەداریان لە سەر وان هەیە.. من یەکێم لەوانەی قاییل نیم بەوەی کەسێک بە دڵی هەموو کەس بێ، هەموو کەس ڕازی بکات، چونکە ئەوە دیاردەیەکی سەلبییە و دەکاتە ڕووبینی و نیفاق و مرۆڤ لە سیفەت و خەسڵەتە مرۆڤانیەکانی خۆی دادەماڵێت و دووچاری خیانەت لە ئینسانیەتی خۆی دەبێت.. من لە دەزگای شەفەق کارم دەکرد، کاریش، بە تایبەتی کاری جدی دەرهاوێشتەی خۆی هەیە، من سەرنووسەر بووم، هەر سەرنووسەرێک داینەمۆ و فیلتەری بڵاوکراوەکەی خۆیەتی، جا ئەگەر من لە بەر هۆیەکی ڕۆشنبیری یان هونەریی بابەتێکم ڕەفز کردبێ یان دوام خستبێ و خاوەنەکەی گلەییەکی لێکردبم، با ئێستاش بیکات، من ممارەسەی سەلاحیەتی خۆم کردووە و ئەمە یەکێکە لەو ڕاستە ڕێگایانەی کە من باوەڕم پێی هەبووە و بە گوێرەی دەرفەتیش گرتوومەتەبەر.. من بە خەیاڵی ڕەحەت و ویژدانی ئاسوودەوە دەڵێم کە بەرانبەر بە هیچ نووسەر یان ڕۆشنبیرێکی شاری کەرکووک نە غەڵەتم کردووە، نە غەدرم کردووە، نە نانی کەسم بڕیوە. خەڵکی دیکە هەموو ئەوانەشی کردووە و لە خێڕوانی و کەودەنی برادەرانی شەفەقەوە!! لێی جوانە و باریکەڵای بۆ دەکرێ! هەڵبەتە خوێنەران ئاگادارن کە گۆڤاری نەوشەفەق ناوی دەستەیەکی ڕاوێژکارانی بە سەرەوەیە، ئەوانە لە هەر چوار نکاڵی دنیاوە کۆکراونەتەوە، دیارە بەندە پرسم بە یەک بە یەکیان کردووە ئەوجا ناوم داناون، زۆربەیان زەحمەتیان کێشاوە و نامەیان بۆ ناردووم، نامەی زۆریانم لە یەکێک لە ژمارەکانی

نەوشەفەقدا بڵاوکردووەتەوە، دەتوانن ئەو نامانە بەسەر بکەنەوە و بە خۆتان بزانن ئەو نامانە بە چ لوتف و دۆستایەتیەکەوە نووسراون، (هەڵبەتە ئەگەر ئەو هەموو تێبینی یەی برادەرانی!! شەفەق گوایە لە سەر منیان هەبووە دروست بوایە، ئەو برایانە بەو گەرمییە بە دەنگ منەوە نەدەهاتن) چونکە هیچ یەکێک لەو برایانە پێویستیان بە ناو نییە، بۆ خۆیان ناودارن و لە ئاستێکی ڕۆشنبیریی وەهادان لە هەر مەجلیسکی ڕۆشنبیریدا بە سەفیری ڕاستەقینەی کورد و کەرکووک بزانرێن، تۆ بڵێی ئەمە نیشانەی مامەڵەی خراپی بەندە بیّ!!

جا گەلۆ من لە ٢٠٠٦/٨/٣٠ وە لە ماڵی خۆم دانیشتووم و ئەمە بە شێوازێکی دروست و شارستانی بەڕەڤانی لە خۆم دەزانم، کەچی کەچروانانی شەفەق تۆمەتبارم دەکەن کە گوایە ڕێگەی پێچاوپێچی گرتووەتە بەر، خزمەتی خۆی کردووە و، خزمەتی خۆی دەکات... کەس نەزانیّ دەڵیّ ڕەنگە حەمە کەریم عارف کلکی کەری قازیی بڕی بێت! بە خودا کاری وام نەکردووە، بەڵام لە برادەرانی ! شەفەق وایە هەر کەسێک وەکو خۆیان نەبیّ ئەوا ئیدی ڕێگای پێچاوپێچی گرتووەتەبەر و خزمەتی خۆی کردووە، کە من بەغیلی نە بە ڕابردوو و نە بە ئێستای شتاقیان نابەم... دیارە ئەوەی من بناسێت دەزانیّ من لەوەتەی فامم کردووەتەوە هەمیشە کوڕی ڕاستە ڕێگایان بووم و پێچاوپێچم نەناسیوە و بەڕەڤانی کردنیش لە خۆ بە ڕێگەی پێچاوپێچ نازانم... بۆ مەسەلەی خزمەتکردنی خۆ... پێموایە هەر خزمەتکردنێک لە سەر حەساوی خەڵکی دیکە نەبێت کارێکی باش و حەڵاڵە، کە من لە ژیانمدا لە سەر حیسابی هیچ کەسێک خزمەتی خۆم نەکردووە... لە هەڕەتی پارە زۆری دەزگای شەفەقدا، بە هەموو ئیمتیازاتێکەوە تەنیا حەوت سەد و پەنجا هەزار دینارم وەرگرتووە، کە هەموو کەس دەزانیّ ئەمە وەکو هەق، نیوەی هەقی

من نەبووە چ وەک ڕەنج و ماندووبوون و چ وەک بواری کاریش... بەڵام بۆ کەرکووکە و بە خەسار ناچێت.. ئەو خەڵکانەی من دەناسن، شایەدن لە سەردەمی منداڵیمەوە تاوەکو ئێستا هەر بە هەژاری ئەمما سەربەرزانە وەکو پیرەمەگرون ژیاوم و دەژیم و دەژیم، خوا شاهیدە پاروویەکی حەرامم نەخواردووە! لە سێبەرێکی حەرامدا دانەنیشتووم، ڕەنگە بەغیلی ئەوەم پێببەن بۆیە کەوتوونەتە حەماقەتگۆیی و نەهەقی کردن و بوختان هەڵبەستن.. خۆ هەموو موڵک و ماڵی دونیای من قەڵەمێکی موتەوازیعە و ئەویش بە ئیعترافی دژمن بەر لە دۆست لە پەڕەی گوڵ پاکترە و من تا ئێستا پتر لە هەفتا کتێبم هەیە کە ئەگەر کۆسپ و تەگەرەی لابەلا و بەغیلی نەهەق نەبوایە ئێستا لە سەرووی سەد کتێبم دەبوو.. جا ڕەنگە برادەرانی! شەفەق بەغیلی ئەوەم پێببەن، لە جیاتی ئەوەی بڵێن دەست و چاوت خۆش بێ و خەرمان بەرەکەت... بەڵام دەڵێی چی مرۆڤ شیری خاوی خواردووە.. خودا هیدایەتیان بدات! .

جا برادەرانی عازیزی شەفەق سەرێ هەڵبڕن و خوا بە هەق بناسن، بزانن خەڵکی گەییوەتە کوێ و ئێوە لە کوێ چەقێنراون و چۆن لە شوێنی خۆتاندا پاگیرەتان پێدەکرێت و، چ گیزە گیزێکتان پێ نراوەتەوە! براینۆ وریا بن ئەوەی گیزە گیز بچێنێ نابووتی دەدورێتەوە..

دەرچوونەوەی گۆڤارەکەش، بڕیاری ئێوە نەبوو، فەزڵی منە، خۆتان مەخەڵەتێنن، چونکە ئەمەش چیرۆکێکی هەیە، ئەگەر جارێ منیش نەیگرێمەوە ڕۆژگار دەیگێڕێتەوە. ئەرێ بۆچی لە خۆتان ناپرسن بۆچی گۆڤاری نەوشەفەق بەناوی کەرکووکەوە لە هەولێر دەردەکرێت. تۆ بڵێی ئەم ماستە گوریسێکی تیا نەبێ..

ڕێ بە ڕاست بەد بە خوا

حەمە کەریم عارف، کەرکووک ٢٠٠٧/٤/٨

***

خێروبێری پێشمەرگایەتی ئێمە (من و ئەحمەدی برام) ئەوە بوو خانوویەکی دووسەد مەتریمان لە کەرکووک – گەڕەکی ڕەحیماوا هەبوو، کە بە هەزار گیانە هاری و کوێرەوەری دروستمان کردبوو، لە ساڵی ١٩٨٦ دا، حکومەتی بەعس، بە هەموو کەل و پەل و ناوماڵەکەمانەوە دەستی بەسەردا گرت و تالان فرۆشی کرد، هەرچی کەس و کارمان هەبوو، کە سیازدە سەر خێزان بووین، بە سەڵتە خێزانی لە ماڵی خۆ وەدەرنراین، ئیدی لەو سیازدە سەر خێزانە کەس نییە، ماوەیەکی ژیانی، لە چەند مانگێکەوە بۆ سالان و بیست ساڵی لە زیندانە زۆر و زەبەندەکانی زۆربەی زندانەکانی شارە جیاوازەکانی عێراقدا بەسەر نەبردبێت . ئیدی پێشمەرگایەتی و کوردێنی ئەو باجانەشی هەیە!... کە ئێمە بەبێدەنگی داومانە و منەتی پێشمەرگایەتی و کوردێنیمان بە سەر کەسدا نەکردووە و کوردپەروەریمان بە کەس نەفرۆشتووەتەوە، ئیدی وایە لە ولاتی قەزا و قەدەر و بێ خودان و ناکۆکییاندا، کا لە بەر سەگە و ئێسقان لە بەر ئەسپان..

بە هەرحاڵ دوای ڕاپەڕین، بە هەوڵ و تەقەلای خۆمان، بە تایبەتی (یوسف)ی برامان، بێ پشتیوانی و کۆمەکی مەعنەوی یان مادی هیچ کەس و گرووپ و لایەن و حیزبێک، خانووەکەمان وەرگرتەوە.. بۆیە جگە لە خۆمان منەتباری هیچ کەسێکی دیکە نین، بەلام بۆ مێژوو بوەدوور لە هەر ڕووبینی و ڕیاگۆییەک، پێویستە ئەوەش بڵێم، لە هەستیارترین قۆناغی ژیانمدا قەرزارباری هەڵوێست و پشتیوانی مەردانەی سەرگوڵ محەمەد ئەمینی هاوژینم بووم.

شانازی به هەڵوێستی خۆمانەوە دەکەین و هەرگیز هەڵوێست فرۆشیمان نەکردووە، چونکە هەڵوێست بەرلە هەموو شتێک بۆ خۆتە، بۆ فرۆشتنەوە نییە!

***

سەبارەت بە هەوڵە قەڵەمڕانیەکانی بەندە، لە قۆناغی سێیەمی کولیژی ئەدەبیاتی بەغدا، بەشی کوردی بووم، لە ناو جەرگەی سەردەمی زێڕینی ڕێکەوتننامەی یازدەی ئازاردا دەژیاین، ڕۆژێ شتێکم بە خەیاڵی شیعرەوە بە ناونیشانی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) نووسی، بە پۆستەدا، لە ناو بەغداوە بۆ هەفتەنامەی هاوکاری – م نارد، هاوکاری بۆ ئەو ڕۆژە ڕۆژنامەیەک بوو، سەنگ و ئیحتوباری خۆی هەبوو. ئەوەی ڕاستی بێ بۆیەم بە پۆستەدا نارد، چونکە شەرمم دەکرد بە دەستی بیبەم و لە نزیکەوە کارمەند و کادیرەکانی ڕۆژنامەکە ڕووبەڕوو بدینم؛ هێندە بە گەورەم دەزانین... بە هەرحاڵ دوای هەفتەیەک شیعری ناقبری لە ژمارە (١٧٠) ی ڕۆژی ١٩٧٣/٦/٨ بڵاو بووەوە، مەگەر هەر خوا بزانێ چەند دڵم پێی خۆشبوو، خەریک بوو لە خۆشیا باڵم دەگرت... دوای نیوەڕۆ بوو، لە بەشی ناوخۆ بووین لە گەڕەکی وەزیرییە، لە ژوورەکەی خۆمان پاڵکەوتبووم، ژوورەکەی بەرانبەرمان چەند برادەرێکی خەڵکی سلێمانی لێبوو، دیاربوو ژمارەی تازەی هاوکاریان پێبوو، گوێم لێبوو لە بەینی خۆیاندا باسی ئەوەیان دەکرد کە محەمەدی مەلا کەریم شیعرێکی جوانی لەو ژمارەیەدا بڵاو کردووەتەوە... بەندە شیعرەکەی خۆم بەناوی محەمەد کەریم- وە بۆ ڕۆژنامەکە ناردبوو، ئیدی فزوڵیەت و کونجکاوی هەڵی گرتم و چووم بۆ ژوورەکەی ئەو برادەرانە، بەینمان خۆشبوو؛ هەموو هاوتەمەن و هاو دەورە بووین... ڕۆژنامەکەم لێوەرگرتن و بە دیداری شیعرە نۆبەرەکەی خۆم شادبوومەوە.. دوای تۆزێک گوتم: باشە براینۆ ئەگەر ئەمە

شیعری محەمەدی مەلا کەریمیش نەبێ، هەر هەمان بۆچوونتان دەربارەی هەیە؟!

هەندێکیان کەمێک سڵەمینەوە و هەندێکیان سوور بوون لە سەر ئەوەی هەر هی ئەوە و بە شێواز و زمانەکەیدا دیارە کە هی ئەوە، ئیدی گوتم: کە ئەمە شیعری منە و یەکەم نۆبەرەی نووسینی بەندەیە و..

ئیدی لە ساڵی ١٩٧٥ وە بە تەواوەتی سەروکارم لە گەڵ دنیای نووسیندا، چ وەکو نووسین، ئامادەکردن و، وەرگێڕان پەیدا کرد و تا ئێستاش بەردەوامم... ئێستا (٢٠٢٣/٤/٢٢) خاوەنی سەد و هەفتا (١٧٠) کتێبی چاپکراوم.

سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووم: گۆڤاری گزنگی لقی کەرکووکی نووسەرانی کورد تا ژمارە (٨٤) نووسەری کوردستان، کەلتوور، نووسەر کورد، گوڵانی عەرەبی، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژمارە (٢٢٢) و گۆڤاری نەوشەفەق تا ژمارە (٤١). جگە لە ناوی خۆم بە ناوی خوازراوی: گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ع.ع، هاموون زێباری، بازەوان عەبدۆلکەریم، قەرە میرزا، ڕەندی عارفزادە، حەمۆکە، بەرهەمم بڵاوکردووەتەوە..

لە هەشتایەکانی سەدەی ڕابردووەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠ ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی نووسەرانی کوردم کردووە.

لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥ دا پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووم.

لە سەرەتاکانی هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوودا، بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بەبێ هیچ وابەستەگیەکی حیزبی پێشمەرگە بووم، وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی نەتەوەیی کوردا شانازی

پێوە دەکەم... چونکە باوەڕم وایە ڕۆڵەی میللەتی مەزڵووم مەحکوومە بە پێشمەرگایەتی... ڕاستە من لە باری جوگرافیاوە زیاتر لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک) دا بووم، بەڵام هەرگیز هاوفیکریان نەبووم و ئیدی ڕۆژگار کردبوویینی بە هاوسەنگەری کاتی...

ئێستاش مامۆستای خانەنشینم، هەموو ژیانی مامۆستایەتیم بخەیتە سەر یەک، لە پێنج ساڵ تێناپەڕێ، نەفرەت لە هەر هەموو ئەوانەی نەیانهێشت بەکامی دڵ، مامۆستایەتی؛ ئەو پیشە جوانە، بکەم.

حەمە کەریم عارف سلێمانی ٢٢/ ٤/ ٢٠٢٣

**پرسیار یەکەم:** با لە ئێستاوە دەستی پێ بکەین، حەمەکەریم عارف خووی داوەتە وەرگێڕان، بۆچی؟ لەکاتێکدا ئێمە دەزانین وەرگێڕانی دەق بەواتای بەستنەوەی ئێستایە بە دوێنێ، بەستنەوەی شارستانییە جوداکانە بەیەکەوە. بۆچی وەرگێڕان؟

**وەڵامی پرسیاری یەکەم:** ئەگەر سەرنجی کتێبخانەی نیشتمانی هەرمیللەت و نەتەوەیەک بدەین دەبینین، بەرهەمی وەرگێڕدراو، ڕێژەیەکی فرەی ئەو کتێبخانەیەی پێکهێناوە، ڕێژەیەک کە ڕەنگە زۆرجار لە نیوە بەسەرەوە بێ، بۆیە هەر کتێبخانەیەک، بەرهەمی وەرگێڕدراو دەوڵەمەندی نەکردبێ ئەوا لە زۆر ڕووەوە هەژار و کەم ڕەونەق و بێ نموود دەنوێنێ. ڕەنگە ئەمە بگەڕێتەوە بۆ زۆر هۆی ڕامیاری و ڕۆشنبیریی و هۆشیاری و بە تەنگەوە هاتن و نەهاتن و خەمساردی ڕۆڵەکانی خاوەن کتێبخانەی هەژار.

گومان لەوەدا نییە، میللەت لە هەر ئاستێکی بەرزی ئەپستمولوجیشدا بێ، هەمیشە پێویستی بەوەیە ئاگای لە بیروبۆچوون و دەستکەوتە زانستی و ئەدەبی و هونەری و فەلسەفی و هزرییە جۆراوجۆرەکانی میللەتانی دیکە هەبێت. بۆچوون و ئاراستە هزرییەکانی لە بوارێن سیاسی، ئابووری وکۆمەڵایەتی و ... بزانێت،

**پرسیار:** واتە پێویستە توانای خوادی هەبێت. لێرەدا کاریگەریی خود لەپرۆسەی وەرگێڕاندا گرنگە؟

**وەڵام:** چونکە خودکەفایی لە مەسەلە فیکری و ڕۆشنبیریی و ئەپستمولوجیەکان، نیشانەی دواکەوتنە و دەبێتە مایەی دواکەوتن، هەر میللەتێک تەنیا بە ئەزموونە تایبەتیەکانی خۆیەوە بوەستێ و هەوڵنەدات سوود لە ئەزموونی هەموو تیرەی بەشەر ببینێ، زۆر

دەرفەتی لە دەست دەچێ.. بەهەرحاڵ، ڕۆشنبیریی ڕاستەقینە وادەخوازێ، مرۆڤ ئاگای لە باشترین بەرهەمی فیکری و ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەری هەبێ، هەڵبەتە ئەم جۆرە بەرهەمانەش، بە زمانی جیاواز دێنە بەرهەمهێنان، دیارە تەمەنی ئینسان لەوە کورتترە بەشی فێربوونی ئەو هەموو زمانە بکات، بۆیە ناچارە پەنا بەرێتە بەر وەرگێڕان.. ئیدی لێرەوە، مەسەلەی وەرگێڕانی باش و خراپ دێتە ئاراوە... وەرگێڕانی بابەتی زەرووری و نا زەرووری، بەرنامەدار و هەڕەمەکی دێتە ئاراوە، وەرگێڕانی چ بەرهەمێک خێرایی بە پێشڤەچوونی بزاڤی ڕۆشنبیریی دەبەخشێت، کە ئەمە سەر بۆ زەرووڕەتی بەرنامەداری و ئەمانەتداری و کارامەیی وەرگێڕ دەکێشێت. هەڵبەتە هیچ میللەتێک، بەتایبەتی لەم سەردەمە جەنجاڵ و تێکڕژاو و لەزگینەدا، ناتوانێ بە تەنیا هەموو کایە ئەپستمولوجیەکان، بەرهەم بهێنێ، بۆیە دەبێ لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە، ڕێگا درێژەکان قەدبڕ بکات، کە پاچڤەی باش لێرەدا دەکاتە پردی نێوان کەلتوورێن جیاواز و یەکتر خوێندنەوەیەکی ئەپستمولۆجی شارستانیانەی لێدەکەوێتەوە..

**وەرگێڕی چاک دەبێ، بە ئەمانەت و دڵسۆزی و مەسئولیەتێکی هێندە جدیییەوە، دەقەکە بۆ زمانی دووەم بگوازێتەوە،**

دیارە پاچڤە مەسئولیەتێکی زۆر گەورەیە، دەبێت خەڵکانێک بچنە ژێر باری ئەو کارە، کە لە رووی زمانەوانی و شارەزایی ڕۆشنبیرییەوە، لە ئاستی ئەو مەسئولیەتەدا بن، قەدری ئەو بەرهەمە بزانن کە وەری دەگێڕن و هەست بەو مەسئولیەتە بکەن کە دەکەوێتە ئەستۆیان، دەبێ خەون و خەمیان، زەرووڕەتە ڕۆشنبیری یان هونەریەکە بێ، نەک هەموو هزر و بیری لای پێداویستییەکانی بازاڕ بێ و بەرهەمی کاڵ و کرچ و شێواو بخاتە بازاڕەوە، لەبەر

خاتری شۆرەتێکی ساختە و عەمرکورت، سڵ لە هیچ خیانەتێکی ڕۆشنبیریی نەکاتەوە، وەرگێڕی چاک دەبێ، بە ئەمانەت و دڵسۆزی و مەسئولیەتێکی هێندە جدییەوە، دەقەکە بۆ زمانی دووەم بگوازێتەوە، وەکو ئەوەی نووسەرە ئەسڵەکە، هەمان دەقی بە دوو زمانی جیاواز نووسی بێ، کە چوویتە میوانی پێویستە هەم قەدری خۆت و هەم قەدری خانەخوێ بگری... ئیدی وەرگێڕانی باش تەعاروفێکی ئەبستمولوجی زەرووری و پێویستە لە نێو کەلتوورە جیاوازەکاندا، کە لە دوا ئەنجاما، دۆستایەتی و لێکدی حاڵی بوونی بەشەری لێدەکەوێتەوە.

**پرسیار:** واتە دەبێت ئەم پرۆسە فکریی و ئەخلاقییە ببەستینەوە بە پرۆسەیەکی فرکی فراوانترەوە، ئەویش بزاڤی بواژنەوەی کەلتووری و فکرییە؟

**وەڵام:** بە درێژایی مێژوو، ئەوە ساغ بووەتەوە، کە پاچڤە نەک هەر پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە تازە بوونەوە و تازەگەرییەوە هەیە، بەڵکو یەکێکە لە فاکتەرە گرینگەکانی ڕێنیسانسی هەمە لایەنەی میللەتان. هەڵبەتە لە قالو بەلاوە کێشماکێش و ململانێ لە نێوان کۆن و نوێدا هەبووە و دەبێ، لە هەر شوێنێ ژیان هەبووبێ و هەبێ، ململانێی لە نێوان کۆن و نوێدا هەبووە و هەیە، لە هەر قۆناغێکدا کۆن زاڵ بووبێ، ڕەوتی ژیان خاو و نیمچە وەستاو بووە، دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە، بەڵام ئەوەی گومانی تیا نییە، هەموو کۆنێکی ئەمڕۆ تازەی دوێنێ بووە و هەموو تازەیەکی ئەمڕۆ دەبێ بە کۆنی سبەینێ، ئیدی ئەم ململانێیە تا ژیان هەبێ بەردەوام دەبێ و هەوێنی پەرەسەندن و گەشەکردنە، ئیدی ململانێی نێوان کۆن و نوێ دەکاتە بەشێک لە پێکهاتەی فکری هەر سەردەمێک. بەم پێیە ڕێنیسانس لە هەموو سەردەمێکا قەرزارباری

پاچڤە بووە، خۆ ئەگەر کێماسی و کەم و کوڕییەک لە بوارێکی نوێگەری و مودێرنەدا بەدیٚ بکریٚ، یەکێک لە هۆیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ کێماسی لە بواری پاچڤەدا کە بیر و هزری گەلانی دیکەی بە دروستی و بە ئەمانەتەوە نەگواستووەتەوە، کە ئەمە کارێکی مەترسیدارە، چونکە ئەگەر ویستت میللەتێک کۆڵەوار و داماو بکەیت، بیکەی بە گەپجاڕ و عاجباتی، ئەوا حەقیقەتی لێبشارەوە، یان بە نیوەچڵی بیخە بەردەستی، هەنگیٚ خۆبەخۆ و بەرەبەرە دەپوکێتەوە و لیٚ دەبێتەوە. هەر میللەتێک بیەویٚ بگاتە قۆناغی ڕێنیسانس دەبێت لە خەمی ئەوەدا بێت، کە ببێت بە خودانی ژێرخانێکی هزری و کەلتووری و ئەبستمولوجی تۆکمە و بتەو، چونکە چەند لە مەیدانی مادیدا پێشکەوتووش بێت، بەبیٚ ژێرخانێکی هزری و ئەبستمولوجی بتەو بە مەرام و ئاوات ناگات، یەکێک لە کۆڵەکەکانی ئەم ژێرخانسازییە، پرۆسەی بەرنامەداری پاچڤەیە، دیارە پاچڤە دەروازەیەکە بۆ چوونە ناو جیهانی هزرینی مۆدێرن و دنیای شارستانیەتی میللەتانی دیکە و ئاشنابوون بە شێوەی نۆڕین و دیدی بێگانان، دەربارەی دیاردە و ڕووداوە مەتریالی و میتافیزیکیەکانی دنیا. پاچڤە، ئەگەر پرۆسەیەکی بەرنامەداری سیستەماتیک بیٚ، بۆ خۆی تەڤگەرێکی ئەبستمولۆژی چێدەکات و لە هەموو بوارێن جڤاکی، ڕۆشنبیریی و ڕامیاری و هزری و فەلسەفیدا ڕەنگدەداتەوە و کەم و زۆر دەیانجولێنێت. بۆ نموونە لە هەرێمی کوردستاندا، سەربارى ئەو پاشاگەردانییەی کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ زۆربەی بوارە مادی و مەعنەوییەکانی ژیانی کوردەواری گرتووەتەوە، کە پێموایە پاشاگەردانی و ئەنارشیزم زادە و دەرهاویشتەی هەموو گۆڕانکارییەکی گەورەیە، کۆمەڵێک جموجوڵ و چالاکی و دیاردە دەبینین کە پێشتر لە کوردستاندا نەبووە و ڕەنگە

> **مەیدانی داهێناندا و دانان و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەدا گوتاری نویٚ و تازەمان هەبێت**

ئەگەر بگوترێ یەکێک لە سەرچاوەکانی ئەم جموجوڵ و دیاردەیە پاچڤە و پرۆسەی پاچڤەیە، کە ئەویش لە پاشاگەردانی و بێ بەرنامەییدا دەژی، کە ڕەنگە بۆ ئەم قۆناغە تا دەکەوێتە سەر ڕاستە ڕێگای خۆی ئاسایی بێت، نەبێت بە زێدەڕۆیی... کە خواستی مافی مرۆڤ و ئازادی تاک و دیموکراتخوازی لە هەموو کایەکانی ژیاندا، یەکێکە لەو دیاردانە و خەڵکانێک خۆی لێ بە خودان دەکەن. دیارە ئەم دیاردەیە کە زادەی پێداویستی مێژوویی قۆناغەکە و دەرهاوێشتەی تەماسی ڕۆشنبیریی و ئەپستمولوجییە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە، تەنیا لە مەیدانی هزرینی سیاسی و جڤاکیدا قەتیس نەماوە، بەڵکو پەل و پۆی بۆ زۆر مەیدانی دیکەش هاوێشتووە، لەوانە ڕۆمان و چیرۆک، کە ڕەنگە کاری وەرگێڕان لەم مەیدانەدا بەرمێنتر و بەرچاوتر بێ، کە نەک هەر زمانەکەمانی دەوڵەمەند کردووە، بەڵکو شێوە و فۆرمی تازەو ستایلی نووسینی هەمە جۆری ئەوتۆی هێناوەتە ناو دنیای ئەدەبیاتنووسی کوردییەوە کە لە گەڵ دنیای نووسینی کوردی چارەکە سەدەیەکی لەمە پێشا ئەرز و ئاسمانیان فەرقە و بەراورد ناکرێ.

دیارە لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا، پرۆسەی وەرگێڕان، ڕێژەو لایەنێکی زۆر بەرز و گرینگی چالاکی ڕۆشنبیریی و ئەپستمولوجی هەر میللەتێک و نەتەوەیەک پێکدێنێت، بەتایبەتی بۆ میللەتێکی پاشکەوتوو و پاشخراوی وەکو ئێمەی کورد، کە لەو ئاستە زانستی و کەلتووری و زمانەوانیەدا نین کە بە خۆمان کایە جیاواز و بوارە هەمە جۆرەکانی ئەپستمولوجیا بەرهەم بێنین و لە مەیدانی داهێناندا و دانان و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەدا گوتاری نوێ و تازەمان هەبێت و گوتاری خەڵکی بە نیوەچڵی و نەبەکامی دووبارە کاوێژ نەکەینەوە و بە بابەتی سواو و پوکاوەوە نەفشین و خۆمان با نەدەین.. بۆیە بمانەوێ و نەمانەوێ ناتوانین بە ئاسانی دەستبەرداری پاچڤە ببین، بەتایبەتی کە دەبینین لێشاوی بیر و هزرێن جوان و داهێنەرانە لە

دنیادا لە چ هەڵکشانێکی بەردەوامدایە و ئێمەش هێشتا لە قۆناغی دەستپێکی تەواوەتیشدا نین.. جا بۆ ئەوەی لە تاکدەنگی و لە جیهانبینی داخراو و تاکڕوانگەیی ڕزگار بین، پێویستە بە شێوەیەکی زانستیانە و بەرنامەدار بیر لە دروستکردنی ژێرخانێکی فیکری و کەلتووری و شارستانی بکەینەوە، تا هەم وردە دەستکەوتە ئەپستمولوجییەکانمان بپارێزین و هەم لێرە بەدواوە هەنگاوی دروست بنەین و بێهودە بە دەوری خۆماندا نەخولێینەوە و لەوەی پتر لە کاروانی بیر و شارستانیەتی دنیا، لە کاروانی مێژووی تیرەی بەشەر دوا نەکەوین و لە کۆتاییدا ڕەنج بە خەسار دەرنەچین، پێموایە لە ئێستادا ئەمە گرینگترین چالاکی کەلتووری و ئەپستمولوجی و شارستانی ئێمەیە و بە بێ پرۆسەیەکی پاچڤەوانی بەرنامەداری درێژخایەن و ستراتیژی نەتەوەیی، نایەتە دی.

**پرسیار دووەم:** ئێمە دەزانین هەڵبژاردنی بابەت لە کارکردن لەسەر خودی بابەتەکە رەنگە قورستر بێت، یان پێویستی بە هەندێک زانیاریی و شارەزایی و بژاردەوە هەبێت، کە ببنە پێوەر بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی وەرگێڕدراوی گونجاوی پێشوازیی لێکراو. تۆ کە بابەتێک هەڵدەبژێریت بۆ وەرگێڕان بیر لەچی دەکەیتەوە، چۆن بابەتەکە هەڵدەبژێریت و پێوەرت بۆ دەقی زیندوو چییە؟

تۆ بۆ ماوەیەکیش لەشاخ بوویت و پێشمەرگەیەکی سەربەخۆی بێ حزب بوویت. پێم ناڵێیت چۆن ئەدیبێک بەتەنیا و بێ چەک و بێ حزب و بێ هێز و عەشیرەت ڕوو دەکاتە نێو شۆڕشی چەکداریی؟ ئایا ئەمە بەجۆرێک لەموغامەرە و سەرکێشی نازانیت؟ ئەگەر ئێستا هێزێکی گەورەت هەبێت هەمان کار دەکەیتەوە؟. مرۆڤ لەهەر چرکەیەکی هەڵکشانی تەمەنی ئەزموونێکی نوێ پەیدا دەکات، ئایا

هەڵکشانی تەمەن (لەبواری ژیان و ئەدەب و فکر و زمان)دا هیچ گۆڕانکارییەکی لای تۆ دروست کردووە؟

نازانم بۆ بە وەرگێڕان دەستمان بەم گفتوگۆیە گرنگ و بێ کۆتاییە کرد، دوور نییە لای هەندێک دەستپێکێکی نیمچە ئاڵۆز و بێزارکەر بێت، بەڵام لای من پێچەوانەیە، چونکە هەمیشە کە تۆ و من قسە دەکەین و بە سەعات قسە لەبارەی ئەدەب و زمان و نووسین و بەرهەمهێنانی دەق دەکەین، لەکۆتایدا دەگەڕێینەوە سەر پرۆسەی (وەرگێڕان) ڕەنگە ئەم کۆتاییە بێت وای کردبێت، وەکو دەستپێکی ئەم گفتوگۆ و گێڕانەوە دەستمان پێکردبێت و لەهەمان کاتدا گەڕانەوەش بێت بۆ فکر و شێوازی نووسین، کە دەمانەوێت لێرەدا قسەی لەبارەوە بکەین؟

وەرگێران لە شاخ، یان لەپێش ڕاپەڕینی ١٩٩١ بەشێوەیەکی گشتی چۆن بوو؟ پێت وانییە هەڵبژاردنی بابەت بۆ وەرگێڕان لەهەڵبژاردنی بابەتی نووسینی دەقێکی خۆماڵی قورستر بێت؟

**وەڵامی پرسیاری دووەم:** هەڵبژاردن لە هەر بوارێکا بێ مەسئولیەتە، قەرارە، هەر قەرارێک بگری، عەدەمێ یان زیاتری لە گەڵدایە، من زیاتر بەدەم خوێندنەوەوە، بابەت بۆ وەرگێڕان هەڵدەبژێرم، بەدەم هەڵبژاردنەوە بیر لەوە دەکەمەوە، چەند توانام بەسەریا دەشکێ، کە توانام بە سەریا شکا، چ بۆشاییەک لە کتێبخانەی کوردیدا پڕدەکاتەوە، تا چەند خێرایی بە بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی ئەمڕۆی کوردەواری دەبەخشێت.. هەردەقێک بتوانێ ساتە زندووە مرۆڤانیەکان ڕاوبکات و بیهونەرێنێ، سنووری سەردەمەکان ببەزێنێ و بە زمانی هونەر هەموو تیرەی بەشەر

> **دەقی زندوو، هەوڵە بۆ ڕاوە مەحاڵ لە بیشەی ژیاندا، چەکی دەستی، خەون و خەیاڵی گەورەیە...**

بدوێنێ کەم و زۆر زندووە، بۆیە دەقی گەورە، زندوو، لاسایی ناکرێتەوە، چونکە هونەرەتیەکەی بۆی دەبێ بە پەرژین و پاسی دەکات. هەر دەقێک بە تایبەتی دەقی هونەری هەوڵ بۆ یەزاندنی ژیان، هەردەقێک کە باڵی خەون و خەیاڵی لێڕواو، کەوتە ئاسمانی دەقایەتی، ئیدی دەبێ بە عاجباتیی هەموو سەردەمەکان و بە زندوویەتی دەمێنێتەوە.... دەقی زندوو، هەوڵە بۆ ڕاوە مەحاڵ لە بیشەی ژیاندا، چەکی دەستی، خەون و خەیاڵی گەورەیە... هەر دەقێک بە بەهای هونەریی ڕەها بارگاوی بێ، سەردەمەکان دەبڕێ..

مەسەلەی شاخ و پێشمەرگایەتی... بۆ نەگبەتی، کورد کە بەبێ پرس و ڕەزامەندی خۆی بە خەڵک و خاکییەوە، بە نەهەق بە سەر کۆمەڵێک دەوڵەتی دیدا دابەشکراوە، لە هەموو ئەو دەوڵەتانەدا، بە ژمارە لە میللەتی سەردەست کەمترن و گەر خودا نەخواستە، ئەو دەوڵەتانە، ڕۆژێ لە ڕۆژان بوون بە وڵاتانی دیموکراتیش! کوردی بەلەنگاز سوود لە دیموکراتیەتی زۆرینە نابینێ.. بە هەرحاڵ، کورد لە هیچ یەکێک لەو وڵاتانەدا، لە هیچ ڕوویەکەوە، نە لە ڕووی سیاسییەوە، نە لە واری کۆمەڵایەتییەوە، نە لە ڕووی ئابووری و ڕۆشنبیریی و کەلەپووری و نەتەوەییەوە ئەوەندەی ڕوو نەدراوەتێ، بتوانێ بە دڵ، خۆی بە هاووڵاتی و هاونیشتمانی ئەو دەوڵەتانە بزانێ و بە کەماڵی مەیل بەڕەڤانی لێبکات، جا بەندە لە ساڵانی هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوودا، دوای هەڵگیرسانی شەڕی نێوان عێراق و ئێران چوومەتە شاخ، دوو ڕێگەم لە بەردەمدا بوو، یان دەبوا ببمە عەسکەر و ببمە سووتەمەنی ئەو شەڕە ناڕەوایەی، کە یەکێک لە هۆیەکانی هەڵگیرسانی، ڕێکەوتنە شوومەکەی جەزایری ساڵی ١٩٧٥ی نێوان عێراق و ئێران بوو، کە لەسەر حیسابی دۆزی ڕەوای گەلی کورد ئەنجامدرا، هەڵبەتە ئەمە بۆ کەسێکی وەکو بەندە، کە پەروەردەی ماڵبات و بنەماڵەیەک بووم کە قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان،

لە سەنگەری داگیرکەران و دژمنانی نەتەوە و گەلی خۆمان نەبووین، یان دەبوایە بدەمە شاخ و بەندەنان. چوونە شاخیش بە تایبەتی بۆ کەسێکی وەکو بەندە کە دوور بووم لە هەر وابەستەگییەکی حیزبایەتی، لە سەرکێشی و ڕیسکان بەدەر نەبوو، حیزب حیزبێنەیەکی سەیر لە ئارادا بوو، حیزب و لایەنەکان بە خوێنی یەکدی تینوو بوون، شانازییان بە یەکترکوژییەوە دەکرد، ئەوەندەی مژوولی شەڕی یەکدی بوون، مژوولی شەڕی حکومەت نەبوون، هەر لایەنە و ناوچەیەکی بۆ خۆی قۆرخ کردبوو.. هەر لایەنەش بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی دەوت ناوچەی ڕزگار کراو! غافڵ بوون لەوەی ڕزگاری ڕاستەقینە لە عەقڵیەتدایە، لە بیر و هزریندایە.. جا بۆ نەگبەتی هیچ یەکێک لە حیزب و لایەنەکان باوەڕیان بە بێلایەنی نەبوو، یان لە گەڵمی یان نەیارمی.. تەنانەت عەسکەرێکی فیراری داماویش لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەرلایەنێکا بگیرسایەتەوە، بەوە تۆمەتبار دەکرا سەر بەو لایەنەیە.. بەناوی شۆڕش و شۆڕشگێڕییەوە تاوانی وەها دەکرا، مێژوو شەرم لە گێڕانەوەی دەکات.. ئەم فەرتەنە و ئاژاوەیە، تا ساڵی ١٩٨٦، زۆر توووند بوو، ئیدی لەو ساڵەدا، لایەنەکان، بە حوکمی وەخۆ هاتنەوەو بە سەدەمی ئەو بویەرە بابەتیانەی کە بەر دەرگایان بە ناوچەکە گرتبوو، و بە حوکمی شەقی زەمانە، سووکە نزیک بوونەوە و ئاشتەواییەکی ناچاری و نەبەدڵ، لە نێوان حیزب و لایەنە کوردستانیەکاندا چێبوو... ڕۆژێ یەکێک لە سەرکردەکانی یەک لەو حیزبانە لێی پرسیم: مامۆستا ڕای ڕۆشنبیران چییە؟ گوتم: دەربارەی چی؟ گوتی: دەربارەی ئەم ئاشتبوونەوە... گوتم: قوربان وەک دەڵێن (ناقل الکفر لیس بکافر) ڕۆشنبیران دەڵێن: کورد خۆی پیاوی تیا نییە. چۆن؟! دەڵێن: کورد دەیان ساڵە یەکتری دەکوژن، دەم سپییەک پەیدا نەبوو ئاشتیان بکاتەوە، ئێستا دژمن هاتووە

ئاشتیان دەکاتەوە، ئەم ماستە نەک موویەک، گوریسێکی تیایە، ئەم ڕێگا نزیکە و ئەم کرێبارە چەورە بێ سڕ نییە..

بەهەرحاڵ کە بەندە وە بەندەنێ کەوتم و لەو ناوچانەدا گیرسامەوە کە بەدەست یەکێتییەوە بوون.. بۆ؟ چونکە، زیاتر لە شار و شارۆچکەکانی کوردستانەوە نزیک بوون و ئیمکانی ئەوە هەبوو، لە گەڵ کەسوکاردا، هەواڵی یەکدی بزانین و ناوبەناو یەکدی بدینین... خەڵکی کوردستان، شاخیان بە ڕەمزی مقاوەمەتی ڕەوا و بە سەنگەری شۆڕش و شۆڕشگێڕی دەزانی و جۆرە ئومێدواریەکیان لە سەر هەڵچنی بوو... لە شاخ هەوڵی دامەزراندنی هەبوو... بە هەرحاڵ، لە هەوەڵی هەشتایەکان و لە پێشتریشدا ژمارەیەک نووسەر ژیانی پێشمەرگایەتیان هەڵبژارد کە خەڵکی سەر بە حیزبە جیاوازەکان، کەسانی بێلایەنیشیان تێدا بوو کە بەندە یەک لەو بێ لایەنانە بووم و هیچ وابەستەگییەکی حیزبایەتیم نەبوو، گرینگ ئەوە بوو دەڤەرێکی ڕزگارکراو هەبێ و جێگای حەوانەوە و کارکردنی تیا هەبێ، بەلامەوە گرینگ نەبوو کێهە حیزب لەو دەڤەرەدا باڵادەست بێ، چونکە بیرکردنەوەی من ئەوە بوو، ڕۆڵەی میللەتی مەزڵووم مەحکوومە بە پێشمەرگایەتی، پەروەردەی خانەوادەییم وابوو بەرەی میللەت سەنگەری ڕۆڵەی میللەتی مەزڵوومە... وێڕای ئەوەی وابەستەگی حیزبایەتیم نەبوو، بەڵام نۆڕین و ڕۆشنبینی و خوێندنەوەی سیاسی خۆم بۆ دیاردە و بویەرەکان هەبوو.. ئیدی لە ڕوانگەی دیموکراتیەتی کاری ئەدەبییەوە و لەو نۆڕینەوە کە ئەدەبیات دەوری باڵای لە شۆڕشگێڕاندنی مرۆڤدا هەیە و کەناڵێکی مرۆڤانی هەستیارە بۆ بەردەواماندنی پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان و شێوازێکی شارستانیانەی ئازادیخوازییە و بە

**یەکێتی نووسەرانی کوردستان، خەڵکی سەر بە حیزبە جیاوازەکان، کەسانی بێلایەنیشیان تێدا بوو کە بەندە یەک لەو بێ لایەنانە بووم**

مەبەستی کۆکردنەوەی توانا ئەدەبییە جیاوازەکانی ناو هەموو لایەنە سیاسییەکانی شۆڕشی کوردستان و کەمکردنەوەی گوشاری ڕژێمی بەعس لە سەر نووسەرانی بە هەڵوێستی ناو شارەکان و پووچەڵکردنەوەی نیازی ڕژێم کە بە تەما بوو، بە پشتیوانی هەندێ نووسەری دەستەمۆ، یەکێتی نووسەرانی کورد، کە دەسکەوتێکی نەتەوەیی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد بوو، بکات بە پاشکۆ و بەشێک لە یەکێتی ئەدیبان و نووسەرانی عێراق، بەو بیانووەی کە عێراق یەک وڵات و یەکپارچەیە، چۆن دەکرێت لە یەک وڵاتدا دوو یەکێتی نووسەران هەبێت! دیارە ئەمە بیانوو بوو بۆ لە باربردنی یەکێتی نووسەرانی کورد و دەوری شۆڕشگێڕانەی نووسەران... بەهەرحاڵ هەموو ئەو فاکتەرانە کردیانە کارێک چەند نووسەرێکی بەڕێز بە جیاوازی بیروباوەڕ و بێلایەنی و لایەنداری حیزبییانەوە، لە مانگی دوازدەی ١٩٨٠دا وپاش یەک دوو کۆبوونەوەیەک دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کوردستان ڕابگەیەنن..

**لە شاخا غەدرم لێکرا، فتوای سیاسی کوشتنم بۆ دەرکرا، کتێبم کۆکرایەوە و لە قاسمەڕەش سوتێنرا...**

بەوجۆرە وەبەندەنێ کەوتم و ژیانی پێشمەرگایەتیم هەڵبژارد.. شانازی بەوە دەکەم، لە ژیانما ڕۆژێ لە ڕۆژان، لە سەنگەرێکدا نەبووم، بە ئاستەمیش بۆنی دژایەتی میللەت و نیشتمانی خۆمی لێبێت.. نۆ ساڵی هەرەتی لاویم بە عەمەلی لە پێشمەرگایەتیا بەسەر بردووە... بەدەگمەن زندانی عێراق هەیە کە کەسوکاری منی نەناسیبێ، تاوانی هەرە گەورەیان ئەوەبوو کە بە دڵ و بەگیان، بە هەڵوێست و بەکردەوە کورد بوون.. پێشمەرگە و هاوهەڵوێستی پێشمەرگە بوون، بە سەر و بەماڵ باجی نیشتیمانپەروەریان داوە.. بەندە وەکو ئاماژەم کردێ لە ئاخر و ئۆخری ساڵی هەشتاوە دامە چیا و سەنگەری پێشمەرگایەتیم هەڵبژارد و بەدرێژایی نۆ دانە ساڵ بەردەوام بووم..

له شاخا غەدرم لێکرا، فتوای سیاسی کوشتنم بۆ دەرکرا، کتێبم کۆکرایەوە و لە قاسمەڕەش سوتێنرا...

بە هەرحاڵ لە ژێر هەڕەشە و گوڕەشەی هەندێک لە هەڵۆکانی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیدا، بە ناچاری لەساڵی ١٩٨٩ دا خۆم بە دیوی عێراقا کردەوە، گوایە ئەو هەڵۆیانە دەیانویست بە خەیاڵی خاوی خۆیان بمخەنە باوەشی دژمنەوە و ئەگەر لە ئێرانا زەفەریان پێ نەبردم، ئەوا لە عێراقا خوێنم حەڵاڵ دەبێ و بە ئاسانی دەستی خۆیانم لێدەوەشێنن.. بەڵام من کە هاتمەوە یەکسەر لە عەربەت گیرام، ڕەوانەی شوعبەی پێنجی بەغدا و زندانی ڕەقەم یەکی بەغدا کرام... ماوەیەکی زۆر بەدەم پرس و جۆوە ئەم زندان و ئەو زندانم پێکرا، کە ئازادیش بووم، تا ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١، هەر موختەفی بووم، تەنانەت خۆم بە دۆستەکانیشم نیشان نەدەدا.

لە دوای ڕاپەڕین و هێوربوونەوەی بارودۆخەکە، لە برسانا و بۆ ئەوەی نەبم بە بار بە سەر کەسەوە، معامەلاتم کرد و گەڕامەوە سەر وەزیفەکەی جارانم، کە مامۆستایەتی بوو! ئیدی بەدەم کاری مامۆستایەتیەوە، ناوبەناو بە گوێرەی توانای خۆم، قەڵەمڕانییەکم بۆ دڵی خۆم دەکرد.. تا شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسا.. بەندەو چەند برادەرێکی دی لەوانە: حەمید ڕێبوار، رەووف حەسەن، محەمەد فەریق حەسەن، فوئاد سەراج و ئەحمەد سەید عەلی.. بە حوکمی ئەوەی باوەڕمان بە ناوچەگەری و دوو ئیدارەیی حیزبی نەبوو، جارجار بابەتی ئەدەبیمان بۆ گۆڤاری ڕۆشنبیریی ڕامان دەنارد.. کە هەر هەموو ئەو بابەتە ئەدەبیانە ماون و بچووکترینیان تانە و تەشەریان بەرانبەر هیچ کەس و لایەنێک تێدا نییە.. جا هەندێک لە هەڵۆکانی سەرکردایەتی (ی. ن. ک) ئەمەیان پێ قووت نەدەچوو و کەوتنە ڕاوەدوونانمان، کە دیارترینیان حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار) بوو، کە پێدەچوو بیەوێ ڕابردووە ئینشیقاقیەکەی خۆی بشارێتەوە، کە لە یەکێک لە ژمارەکانی

ڕۆژنامەی هەرێمدا بەم نێوەڕۆکە دەڵێت: ئێمە نەخوێنەوارێک دوای بارزانیەکان بکەوێ دەیکوژین، چ جای ڕۆشنبیر... کە پێموایە محەمەد فەریق حەسەن بەو ڕستەیە مافی پەناهەندەیی لە دانیمارک وەرگرت.. هەڵبەتە جگە لە هەڕەشە و گوڕەشە، چەکداریان ناردە سەرم بۆ ئامادەیی ڕۆشنبیر کە لەوێ مامۆستا بووم.. ناچار پەنام بردە بەر هەولێر و پتر لە چوار ساڵ لەوێندەر مامەوە.. ئیدی لە شاریشدا ئەم غەدرەم لێکراو خاوەنی دروشمی " نان و ئازادی بۆ نووسەران " ئەمجارەش هەڵینەدایە.. هیچ گلەییەکیشم نییە، چونکە لە سیاسەتدا" لە ڕای مەبەست گشت نارەوایەک ڕەوایە"، دۆستایەتی و دژمنایەتی بەردەوام نییە، بەڵکو بەرژەوەندی بەردەوام هەیە.. ئیدی دەسکەوتی منی پێشمەرگەی تەنگانەترین ڕۆژگاری کورد، ڕۆژگاری ئەنفال و کیمیاباران ئەوە بوو، بەڵام دڵم بەوە خۆشە کە هەڵبژاردەی خۆم بوو، منەتیش بەسەر کەسدا ناکەم، چونکە وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکەم..

**باوەڕم وایە ڕۆڵەی میللەتی مەزڵووم مەحکوومە بە پێشمەرگایەتی،**

**پرسیار:** باشە مەلا بەختیار خۆی لەهەندێک کاتدا قوربانی نەبوونی ئازادیی سیاسی و بیروباوەڕە، چۆن و بۆچی بەم جۆرە گوارشت لە خولقاندنی دۆخێکی تۆقینەر دەکات، تاوانی ئێوە چی بوو، چ جۆرە کار و پەیوەندیی و بەرنامە و فکریەکی دابڕێنەر و جیاوازتان لەوان هەبوو، تا بەم جۆرە توندە کاردانەوەیان هەبێت؟

پرسیاری ئێستا و ئەگەر و گریمانەکانت کردووە.. دیارە هەر سەردەم و قۆناغێک، هەلومەرج و تایبەتمەندی خۆی هەیە و خوێندنەوەی تایبەتی هەڵدەگرێ و بە گوێرەی پێدوایستیەکانی قۆناغی خۆی، مامەڵەی لە تەکدا دەکرێت، بێئاگایی لە ڕابردوو،

دەبێتە مایەی فەرامۆشکردنی ئایندە، چونکە ڕابردوو ئیلهامبەخشی ئێستایە، بە ئاراستەی ئایندە، بەهەرحاڵ ئەم زەمەنانە بەجۆرێ ئاوێتە دەبن و دەکەونە حاڵی کارلێکەوە، ئەگەر جیاکردنەوەیان

**مێـژوو، مێـژووش پرۆسـەیەکی بەردەوامە، لە گـــــــۆڕان و گەشەکردنی هەمیشەییدایە**

مەحاڵ نەبێ ئەوا یەجگار ئەستەمە، چونکە بە هەموویان یەکەیەکی یەکپارچە دروست دەکەن، کە پێی دەگوترێت مێژوو، مێژووش پرۆسەیەکی بەردەوامە، لە گۆڕان و گەشەکردنی هەمیشەییدایە و زندوویەتی لە ڕووداو و دیاردە زندووەکانی شوێن و زەمانانەوە وەردەگرێت، ڕەهەند و مەودای مێژوویی پێدەبەخشێت، واتە مێژوو هەموو زەمەنەکانە لە حاڵی کارلێکی تەواودا، ئەمڕۆ تازەی دوێنێ و کۆنەی سبەینێیە.. لە هەر کوێیەک ژیان هەبێ و تا ژیان هەبێ، ململانێی نێوان کۆن و تازەش دەبێت.. هەوێن و ماکی هەر دۆخە گۆڕکێیەک پێکدێنێ و دەکاتە بەشێک لە پێکهاتەی فیکری هەر سەردەمێک.. ئایا هەمان کار دەکەمەوە؟ نە تەمەن و نە زەمەن ناگەڕێنەوە، مرۆڤ تەنیا ڕێگەی پێشڤەچوونی لە بەردەمە و هەر قۆناغەش هەلومەرج و دەرهاوێشتە و زەروورەتی خۆی هەیە..

هەڵبەتە تەمەن ئاوێتەیەکە لە کۆی قۆناغەکان، منداڵی، گەنجاتی و پیراتی و هیچ قۆناغێک ئەویدی بە تەواوەتی ناسڕێتەوە، بۆیە هیچ سەیر نییە، لە هەڕەتی پیریدا، مومارەسەی منداڵیەتی بەدی بکرێ، یان بە پێچەوانەوە.. وەکو ئەزموونیش بەشەر بۆ خۆی بوونەوەرێکی ئەزموونگەرایە.. حەزدەکات هەموو شتێک تاقیبکاتەوە، ڕوحی کەشفکاری تیایە و تەنانەت پەلاماری نادیارەکانیش دەدات. دەزانێ بەرد سەر دەشکێنێ، بەڵام تا سەری خۆی نەشکێنێ قەناعەتی نایەت.. بەشەر تاقە بوونەوەرە کە لە مەرگی خۆی بە ئاگایە، بۆیە تا زیاتر فام بکاتەوە، زیاتر قەدری ژیان دەزانێ، دەگاتە

ئەو قەناعەتەی کە ژیان بۆ ئەوە نییە بکرێتە قوربانی، بەڵکو بۆ ئەوەیە مومارەسە بکرێ.. ماقولیەتی پێ ببەخشرێ، ئینسانیانە مومارەسە بکرێ، ژیان ئاسانە، بەڵام ئینسانیانە ژیان، هەرچەندە قورسە، مەرجە، ئیدی هەرکەسە و بە جۆرێ هەوڵی بۆ داوەو دەدات، گرینگە بۆ خۆت ئامانجێک، ئامانجێکی مرۆڤانی، بالاتر لە خواستە شەخسیەکانی خۆت، بدەیتە چاو، لە گەڵیاو بۆی بژی.. ئیدی لەم ڕێگەیەوە هەڵوێستەکانت ڕەسەنایەتی پەیدا دەکەن و ژیانت مانا و ماقولیەت و ئینسانیەت پەیدا دەکات. دەشێت بڵێین ئەدەب، وەکو ڕێگەیەک لە ڕێگاکانی ئازادیخوازی لە کۆنی کۆنەوە، بۆ ئەو مەبەستە گیراوەتە بەر و سەروساختی دەگەڵ خەون و خەیاڵی گەورەدا بووە، لە خەمی ڕاوی ساتە زندووە مرۆڤانیە تیژتێپەڕەکان و هونەراندیاندا بووە، واتا هونەر بە شێوەیەکی گشتی هەوڵە بۆ هەرمان و نەمرایەتی، بۆ یەزداندنی ژیان و بۆیە گەر بگوترێ، هەرچی ژیان و شارستانیەت هەیە، زادە و قەرزارباری خەون و خەیاڵە گەورەکانە، بە تایبەتی ئەو خەون و خەیاڵانەی بە کیمیای هونەردا ڕەتدەبن، بۆ نموونە خەڵکانی وەکو مەلای جەزیری و مەولەوی و مەحوی و... هتد بە هونەرەکەیانەوە زندوون و، ئەگەر هونەرەکەیان نەبووایە، تەنیا قەترەیەکی گومناوی دەریای تیرەی بەشەر دەبوون، کەواتە هەر کاتێ خەون و خەیاڵەکان، بە کیمیای هونەردا تێپەڕی ئیدی سەر بۆ لانیهایەت دەکێشێت و دەچێتە ڕاوە مەحاڵ. ئیدی بابەتی سەرەکی ئەدەب، مرۆڤ و ئازادی مرۆڤە. بەندە هەندێ کاری متوازیعم کردوون، لە گەڵ خۆما، لە گەڵ خوێنەردا ڕاستگۆ بووم، ئیدی نازانم لە کوێی ئەم هاوکێشەیەدام.

**پرسیار:** ئەی زمان چۆن لێک دەدەنەوە، ئایا زمان نەمری و گەورەیی بە مرۆڤی داهێنەر دەبەخشێت؟

> **زمان بەشێکە لە خودی ئینسان. پەیوەنــدی بە دنیــای نــاوەوە و دەرەوەی ئینسانەوە هەیە..**

**وەڵام:** سەبارەت بە زمان، یەکێکە لە داهێنانە هەرە گەورەکانی بەشەر و هەرچی شارستانیەت و ژیاری تیرەی بەشەر هەیە قەرزارباری بەرد و وشەیە، هیچ شتێک لە دەرێی زماندا نییە، زمان دیاردەیەکی زندووە و لە گۆڕان و پەرەسەندنی بەردەوام دایە، زادەی پێداویستییە حەیاتیەکانی کۆمەڵگەی بەشەرییە، پێ بە پێی پەرەسەندنی قۆناغە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان و فیکری و ڕۆشنبیرییەکان گۆڕانی بەسەردا دێت، وشە و زاراوەی لێ دەمرێ و هی تازەی دێتە ناو، پەرەدەسەنێ و قاڵبە کۆنەکان دەشکێنێ و قۆناغ بە قۆناغ کاژە کۆنەکان فڕێ دەدات و کاژی تازە دێنێتەوە، لێ بەو مانایە نییە کە بنەما سەرەکییەکان نەمێنن و هەڵوەشێنەوە. ڕەنگە پێناسەیەکی بنجبڕ و بێ چەند و چوون و جامع و مانعی زمان کە هەر هەموو تایبەتمەندی و بە کارهێنانەکانی زمان بگرێتەوە، زەحمەت بێ، هەرچەندە یەکێکە لە تایبەتمەندییە هەرە گرینگەکانی ئینسان و کاریگەرترین ئەوزارە کە دنیای زەینی و فیکری ودەروونی مە بە دنیای دەرەوە دەبەستێتەوە. هەڵبەتە گومان لەوەدا نییە کە زمان، ئەوزارێکی پەیوەندییە، بەڵام ئەمە دەور و ڕۆڵی زمانە، نەک پێناسەی زمان. لەوەتای بەشەر و کۆمەڵگەی بەشەری سەری هەڵداوە و پەیدا بووە، زمانیش پەیدا بووە، بەم پێیە دەتوانرێ بگوترێ، زمان بەشێکە لە خودی ئینسان. پەیوەندی بە دنیای ناوەوە و دەرەوەی ئینسانەوە هەیە.. یانی لە ڕاستیا ئینسان بە زمان و وشە بیر دەکاتەوە و هیچ بیر و خەیاڵێک بە بێ وشە

> **ڕاستیا ئینسان بە زمان و وشە بیر دەکاتەوە**

نایەتە دەربڕین و هەر وشەیەکیش فۆنەتیکی خۆی هەیە، یانی بیر لە زمان جیا نییە و ناتوانێ بە بێ وشە بوونی خۆی بسەلمێنێ، بۆیە هەرکەسە بە زمانی خۆی بیر دەکاتەوە، زمان سیستەمی زەینی هەر کەس و هەر میللەتێکە.

بەهەرحاڵ، وشە، زمان، ئەوزاری بیرکردنەوەیە، بۆیە ئەگەر کەسێک لە زماندا کۆڵەوار بێت، وشە نەزانێت، شارەزای زمان نەبێت، نە دەتوانێ بیری خۆی بگەیەنێت، نە بیری خەڵکی دی بگوازێتەوە. فوکو گوتەنی بەشەر زمانی دۆزییەوە و بوو بە کۆیلەی زمان، کەواتە هیچ شتێک لە دەرێی زماندا نییە.

زمان وەکو دیاردەیەکی زندوو، بە گوێرەی زەرووڕەتە حەیاتییە مادی و مەعنەوییەکان، لە گۆڕانی بەردەوام دایە و کەس لەم حەقیقەتە واقیعییە بەدەر نییە و نابێ..

بۆ بە وەرگێڕان دەستمان پێکرد..؟ ڕەنگە بابەتەکە لە لاشعووردا پەنگی خواردبێتەوە و داوای دەربڕین و گوزارشت بکات، ڕەنگە ئەگەر بگوترێت هیچ شتێک لە دەرێی وەرگێڕاندا نییە، نەبێ بە زێدەگۆیی. بۆ نموونە کە سەرنجی کتێبخانەی نیشتمانی هەر میللەتێک و نەتەوەیەک دەدەی، دەبینی بەرهەمی وەرگێڕدراو، ڕێژەیەکی باڵای ئەو کتێبخانەیەی پێکهێناوە، ڕێژەیەک زۆرجار لە نیوە بەرەو سەرەوەیە.. بۆیە کتێبخانەیەک بەرهەمی وەرگێڕدراو دەوڵەمەندی نەکردبێ، لە زۆر بواری ئەپستمولوجیدا هەژار، کەم ڕەونەق و بێنموود، دەنوێنێ... ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆر هۆکاری ڕامیاری، ڕۆشنبیریی، هۆشیاری و ناهۆشیاری، خەمخۆری و خەمساردی ڕۆڵەکانی میللەتی خودان کتێبخانەی هەژار. واتە هیچ میللەتێک چەندیش پێشکەوتوو بێ، ناتوانێ بە تەنیا هەموو جۆر و کایە ئەپستمولوجیەکان بەرهەم بێنێ و پڕبکاتەوە، بۆیە پەنا دەبرێتە بەر وەرگێڕان و ڕێگە ئەپستمولۆجییەکان، قەدبڕ دەکرێ و هەم بە حەڵاڵی خۆت دەکەی بە شەریکی فیکر و

فەلسەفە و زانست و هونەری هەموو تیرەی بەشەر، کە لە جەوهەر و لە گوتاردا موڵکی هەموو تیرەی بەشەرە، ئەمە بۆ خۆی جۆرە کارلێکێکی ڕۆشنبیریی و شارستانی چێدەکات. واتە وەرگێڕان دەکاتە پردی نێوان کەلتووران..

**پرسیار:** باشە ئەم گرنگی و بایەخەی وەرگێڕان لە پاش و پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١ دا چۆن لێک دەدەنەوە...؟

**وەڵام:** کتێبخانەی کوردی یەکێکە لە کتێبخانە هەژارەکان و بەو حاڵەشەوە دەبینی ئاستی هۆشیاری خەڵکی کورد تا ئێستاش هێندە نزمە کە کاری وەرگێڕان بە کارێکی کەم و سووک تەمەشا دەکەن. ڕەنگە زۆر کەس، ئیدی لە بەر هەر هۆیەک بێ، نامیلکەیەکی ناشیعری کاڵ وکرچی پێ پەسندتر بێ، لە وەرگێڕانی شاکارێکی ئەدەبی جیهانی! وەرگێڕان، لە پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١ وە، پرۆژەیەکی بەرنامەداری سیستەماتیک نەبووە، زۆر خاو بووە، ژمارەی وەرگێڕی جدی لە ژمارەی قامکەکانی یەک دەست نەبوریوە، کە بۆ مێژوو پێویستە ناوی هەژاری موکریانی و شوکر مستەفا و عەزیز گەردی و کەریمی حیسامی و... ببرێ، لە دوای ڕاپەڕینیش، ئەگەرچی کاری وەرگێڕان هەڵکشانێکی بە خۆوە بینیوە، ژمارەی وەرگێڕەکان زۆر بووە، بەڵام زۆرییەک کە بە زەقی بۆری و پاشاگەردانی و بێ بەرنامەیی پێوە دیارە، کە بەندە ئەو پاشاگەردانییە بە نیشانەیەکی زەقی گۆڕان دەزانم و هەموو گۆڕانێکی جدی، جۆرە پاشاگەردانییەکی بەگەڵ دەکەوێ، کە دەبێ زوو دەوری

**هەڵبەتە پچڕپچڕی بیرکردنەوە و هزرینی ئێمەی کورد، کە زادەی بێ دەوڵەتی و مامەڵەی شۆڤنیستیانەی داگیرکەرانی کوردستان و واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی پچڕپچڕی میللەتەکەمانە، سێبەری بە سەر هەموو کایەکانی ژیانمانەوە دیارە..**

خۆی تەواو بکات و کۆنترۆڵ بکرێ، دەنا لە وەختی خۆی تێبپەڕێ و بەردەوام بێ، سەری خۆی و خاوەنی خۆی دەخوات.. بەهەرحاڵ مێژووی ئێمەی کورد، مێژوویەکی نیمچە وەستاو و پچڕپچڕ بووە، بۆیە بیرکردنەوەشمان پچڕپچڕ بووە و نەفەسمان کورتە و پشوو درێژی ئەو میللەتانەمان نییە کە کاروانی مێژوویان لە پچڕان و دابڕان بەدووور بووە و بە شێوەیەکی سروشتی و ئاسایی قۆناغە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانیان تەی کردووە.. هەڵبەتە پچڕپچڕی بیرکردنەوە و هزرینی ئێمەی کورد، کە زادەی بێ دەوڵەتی و مامەڵەی شۆڤنیستیانەی داگیرکەرانی کوردستان و واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی پچڕپچڕی میللەتەکەمانە، سێبەری بە سەر هەموو کایەکانی ژیانمانەوە دیارە.. یەکێک لەو بوارانە وەرگێڕانە، کە نەمانتوانیوە بە پێی نیمچە بەرنامەیەکی تۆزێ ڕێک و پێک، ئەزموونی ڕۆشنبیریی و فیکری و ژیانی تۆمارکراوی میللەتان بۆ سەر زمانەکەی خۆمان نەقڵ بکەین، تا لەلایەکەوە زمانەکەمان دەوڵەمەند بکەین و سەدان زاراوە و وشەی هاوچەرخ بڕژێتە ناو زمانەکەمانەوە و لەلایەکی دییەوە هزرینی خۆمان بە ئەزموونی پێشکەوتووانەی میللەتانی دی موتوربە بکەین، هەر ئەم نەفەس کورتییە و ئەم هزرینە خراوە وای لێکردبووین، بە تایبەتی پێش ڕاپەڕین، بە زۆری پەلاماری شیعرۆکەیەک، یان کورتە چیرۆکێک یان وتارۆکەیەک، یان نووسینێکی سەرڤە سەرڤەی نەرمە قووت بدەین و خێرا و بە کاڵ و کرچی، تەرجەمەی بکەین و لەم بڵاڤۆک و لەو ڕۆژنامە و غەزەتەدا بیانکەین بە ئاردی ناو دڕکان و چ کاریگەرییەکی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی و هونەری بە جێ نەهێڵن. هەڵبەتە ئەم جۆرە بێسەروبەرییە خزمەتێکی ئەوتۆ بە کتێبخانەی کوردی ناکات، چونکە چ کرانەوەیەکی بەسەر ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی میللەتاندا، بۆ ئەدەبی کوردی دەستەبەر ناکات و چ هەناسەیەکی تازەی بەبەردا ناکات و نابێتە هۆی تەقاندنەوەی سەرچاوەکانی داهێنان.. مخابن ئێمە لەبەر تەمەڵی و بێ سەلیقەیی

خۆمان تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ شاکارە ڕۆشنبیریی و هونەریی و فیکری و فەلسەفییە جیهانیەکانمان بە جەماوەری خوێنەری کورد نەناساندووە و نەمان توانیوە بە ئەمانەت و وەفادارییەوە وەریان بگێڕین و بیانخەینە بەردەست خوازیارانی ڕۆشنبیریی.. خۆ لە شاخیش وەتر، چونکە ژمارەی ئەو قەڵەمانەی لە شاخ بوون، زۆر کەم بوون، وەکو چۆن ژمارەی پێشمەرگە لە چاو جاشدا زۆر کەمتر بوو! کە بەندە زۆرجار بەو شەڕانەم دەگوت، شەڕی نێوان کورد و پێشمەرگە.. هەندێجار پاکانەم بۆ ئەو هەموو خەڵکەی دەبوون بە خەفیفە دەکرد و جاشایەتی وانم بە جۆرە خۆپاراستنێک لە ئاگری شەڕی شوومی قادسیە دەزانی و بە لامەوە بە پلەی یەکەم زادەی ڕەفزکردنێکی ناڕاستەوخۆی شەڕەکە بوو.. دەبوو، حیزبە کوردستانییەکان، ئەو واقیعە ئاوارتەیە بە قازانجی کوردایەتی بقۆزنەوە..

دیارە بەرنامەداری بۆ وەرگێڕان، کارێکی گەلەک پێویستە و دەبێ لەو بەرهەمە فەلسەفی و فیکری وکارە ئەدەبی و هونەری و زانستیانەوە دەست پێبکرێ، کە دەورێکی پێشەنگانەیان هەیە و دەگەڵ ئەو بارە واقیعی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی‌یەدا بگونجێت کە میللەت پێیدا ڕەت دەبێ و خێرایی بە ڕەوتی بزوتنەوەی ڕۆشنبیریمان دەبەخشن.. بۆیە هەڵبژاردنی بابەت بۆ وەرگێڕان، هیچی لە هەڵبژاردنی بابەت بۆ نووسین کەمتر نییە و بگرە مەسئولیەتێکی گەورەتریشە. جا ئەگەر نووسەر لە زمان و چۆنیەتی بەکاربردنی زماندا دەستکراوە و ئازاد بێ، ئەوا وەرگێڕ ئەو ئازادیەی ئەوی نییە و ناچارە پابەندی جەوهەر و کرۆک و فۆرم و نێوەڕۆکی دەقێک بێت کە لە لایەن کەسێکی دیکەوە بەرهەم هاتووە، دەبێ لەو چوارچێوەیە دەرنەچێت کە نووسەری ئەسڵی دەقەکە کێشاویەتی، کەواتە لێرەدا ئەرکی زمانەوانی وەرگێڕ، لە هی نووسەر، قورسترو دژوارترە..

هەڵبەتە پاچڤە، وێڕای گشت مەرجە گرینگ و بنەڕەتیەکانی، مەسئولیەتێکی گەورەشە، مەسئولیەتە هەم بەرانبەر بە خوێنەر و هەم بەرانبەر بە نووسەری بەرهەمەکە. بۆیە وەرگێڕ لە سەرێتی خاوەنی ویژدانێکی پاکی زانستی بێت، نەک خۆی لە مەسئولیەت بدزێتەوە و کێماسی و ناپوختەیی کارەکەی بە ملی خوێنەر یان خودی دەقەکەدا بێنێ.. بە زۆری ئەو وەرگێڕانە خۆ لەم مەسئولیەتە دەدزنەوە کە وەکو پێویست نە بە سەر زمانی یەکەم و نە سەر زمانی دووەمدا زاڵن، نە لە خودی بابەتەکە و نە لە فەلسەفەی بابەتەکە وەکو پێویست حاڵی دەبن..

**پرسیار سێیەم:** پێش دەستپێکردنی وەرگێڕانی دەق چۆن خۆت بۆ وەرگێڕان ئامادە دەکەیت؟ هەر کاتێک کێشەیەکی فکری و زمان و کۆمەڵایەتیشت لەنێو دەقەکە کە بەزمانی بێگانەیە لا دروست دەبێت، چی دەکەیت و بەچ شێواز و ڕێگایەک چارەسەری گرفتەکە دەکەیت؟

ئەگەر دەقێک لەتوانای تێگەیشتن و لێکدانەوە و زمانی تۆ باڵاتر و قورستر بێت؟ چی دەکەیت؟ ئایا هیچ کاتێک تووشی ئەو دۆخە بوویت، دەقی زۆر باش و گونجا و بەرزت خوێندبێتەوە و ئارەزووی ئەوەت کردبێت بیکەیتە کوردی، بەڵام زمان ئەم دەرفەتەی لێ زەوت کردبیت؟. ئەگەر شتی وات تووش هاتووە، ئەم دەقە کامە بوو؟

**وەڵامی پرسیاری سێیەم:** بەندە زیاتر بەدەم خوێندنەوەوە، بابەت ودەق هەڵدەبژێرم، واتە قەناعەتم وایە وەرگێڕ دەبێ خوێنەرێکی جدی بێت، پێداویستی کتێبخانەی کوردی ڕەچاودەکەم، بابەتێک هەڵدەبژێرم کە بە ڕای خۆم خێرایی بە بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی ببەخشێت و تینوویەتی ئەپستمولوجی خوێنەر بشکێنێ وتامەزرۆیی و لەزەتی ئیستاتیکی پاراو بکات.. کاری وەرگێڕان

ئاسان نییە، ئەگەر لە نووسین قورستر نەبێ، ئاسانتر نییە.. وەرگێڕان پێش هەموو شتێک دەبێ حەز بێ، هەر وەرگێڕانێک حەزی جدی لە گەڵدا نەبێ و بە هەمان ئاو وتاو ونەفەسەوە مامەڵەی لە تەکدا نەکرێ، کە دەقێکی خۆت دەنووسی، باوەڕمەکە کە باش دەربچێ.. بۆیە وەرگێڕێک ئەگەر بەو نەفەسەوە کارنەکات، لە ئەنجامدا شانازی بە کارەکەیەوە بکات، باشتر وایە ئەو کارە نەکات. وادیارە پاچڤەی باش، بەهرەیەکە وەکو بەهرە و توانای نووسین، گەلێک لە وەرگێڕە ناودارەکان، لە هەمان کاتدا ئەدیبی گەورە بوون. بۆ نموونە هۆگۆ، شەکسپیری تەرجەمە کردووە، بودلێر، ئیدگار ئالن پۆی پاچڤە کردووە. وەرگێڕێ کە لە خوێندنەوەی دەقێک دەبێتەوە، دەبێ لە خۆی بپرسێت ئایا دەرەقەتی دێت یان نا؟ لە گەڵ زەوق و سەلیقەیدا تێکدەکاتەوە یان نا، ئەو مەرجانەی تیایە، کە ئەم دەیەوێ. حەز و ئاشقێنی، یەکێکە لە فاکتەرەکانی هەرکارێک، بۆیە وەرگێڕ دەبێ پشوودرێژ و کۆڵنەدەر بێ، ئاشقێنی لەگەڵ کارەکەیدا بکات. بەرهەمێک یان کتێبێک هەڵبژێرێت کە دەگەڵ زەوق و سەلیقە و توانا و تەبیعەتی خۆیدا بگونجێت، وەکو چۆن مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەدا ناتوانێ هاوڕێیاتی هەموو کەسێک بکات و زیاتر کەسانێک بۆ هاوڕێیەتی هەڵدەبژێرێ کە لە ڕووی ئاکار و ڕەفتار و تەبیعەتەوە لێوەی نزیکن و دەگەڵی دەگونجێن، دەبێ بەو ئاوایەش کتێبێ هەڵبژێرێت کە پڕ بە پێستی زەوق و سەلیقە و حەزی ڕۆشنبیریی و هونەریی خۆی بێت، چونکە لەوەیە وەرگێڕانی بەرهەمێک چەند مانگێک و هەندێجار چەند ساڵێک بخایەنێ، ئەگەر کارەکە هەڵبژاردەی زەوق و سەلیقە و حەزی خۆی نەبێ، چۆن ئەو هەموو وەختەی دەگەڵدا بەسەر دەبەیت!!.

عەرزم کردی هیچ شتێک لە دەرەوەی زماندا نییە، وەرگێڕان پێش هەموو شتێک زمانە، زمان و بیرکردنەوە دوو ڕووی یەک

دراون و هەرگیز لێکدی جودا ناکرێنەوە، هەرکە جیاکرانەوە ئیدی بایەخ و باندۆری خۆیان لە دەست دەدەن، دراوەکە دەبێت بە سکەیەکی قەڵب و لە هیچ بازاڕێکا ناچێت. جا سەبارەت بە وەرگێڕ کە سەروکاری لەگەڵ دوو زماندایە، چەند لە زمانی یەکەما شارەزا و قووڵ و مەعلان بێ، دەبێ لە زمانی دووەمدا مەعلانتر و قووڵ تربێ، دەبێ لە کاتی کارکردندا، بە زمانی دووەم واتە بە زمانی بۆ وەرگێڕدراو بیربکاتەوە، دەنا کێشە و ئاریشەی گەورەی دێتە ڕێ. هەڵبەتە نە زمانی یەکەم و نە زمانی دووەم، بە ئاسانی خۆ بەدەستەوە نادەن و ڕام نابن، هەریەکەیان مقاوەمەتی خۆی هەیە، وەرگێڕ لە سەرێتی لە میانی زمانی یەکەمەوە، ڕوحی دەقەکە کەشف بکات و بە جۆرێکی داهێنەرانەی ئەوتۆ بیکات بە بەری زمانی دووەما، کە هەمان تام و بۆی دەقە ئۆرجیناڵەکە، بەڵام بە ناسنامەی وەرگێڕانەوە بدات. دیارە ئەم نەشتەرگەرییە هەستیارە تەنیا بە زمان و لە ناو زماندا دەکرێت، کە مەبەستم لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانە، کە زەمانەتی دەقایەتی دەقەکە لە زمانی دووەمدا دەکات..

**کە دەقێک پێی نەوێرابم، خۆم لە قەرەی نەداوە.**

سەبارەت بەو کێشانەی، کە تێهەڵکێشی پرسیارەکەت کردوون، عەرزم کردی، زیاتر بەدەم خوێندنەوەوە، دەق هەڵدەبژێرم، دەقێک پێی نەوێرم خۆم لە قەرەی نادەم. پرس بە خەڵکانی لە خۆم شارەزاتر دەکەم، فەرهەنگ بەکار دێنم، بە گوێرەی توانا و هێندەی دەستم پێ ڕابگات، زۆربەی ئەو خوێندنەوانە و لێکۆڵینەوەو ڕەخنانە دەخوێنمەوە، کە بۆی کراون و لە سەری و دەربارەی نووسراون. ئەگەر دەقەکە عەرەبی بێ، هەوڵدەدەم فارسییەکەی – ئەگەر هەبێ پەیدا بکەم و بەراوردیان بکەم، دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە. کە دەقێک پێی نەوێرابم، خۆم لە قەرەی نەداوە. بەندە پێموایە، هەقە وەرگێڕ بابەتێک

بۆ پاچڤە هەڵبژێرێ، کە پێی بوێرێ و لە کانگای دڵەوە خۆزگە بخوازێ کە ئەو، ئەو دەقەی نووسیبا. یەکێک لەو کتێبانەی کە حەزمکردووە و بە پێویستم زانیوە لە کتێبخانەی کوردیدا هەبێ و بە ڕاستی جێگای خاڵییە و، مخابن نەوێرام بچمە ژێر باری مەسئولیەتی وەرگێڕانی، ئەویش کتێبی ساختار وتأویل متن، بابەکی ئەحمەدییە، کە هەشت سەد و نۆ لاپەڕەی گەورەیە، هەر لاپەڕەی ٣٠ – ٣١ دێڕی تیایە..

**پرسیاری چوارەم:** دەزانم لە شاخ ژمارەیەک ڕۆمانت وەرگێڕاوە، بەنهێنی ئەو دەست و دەستی پێ دەکرا، کاریگەربوون، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ڕۆمانانە چی بوون؟

لە چ زمانێکەوە دەتکردنە کوردی؟ ئاستەنگی ئەو کاتی وەرگێڕان و لەهەمان کاتدا بەرپرسیاریەتی لە کردەی وەرگێڕان چی بوون؟.

هیچ بیرەوەرییەکت لەگەڵ ئەم وەرگێڕانە هەیە، کە شایانەی ئەوە بێت باسی بکەین؟

**وەڵامی پرسیاری چوارەم:** بیرکردنەوەی ئەوسام وابوو، کە یەکێک لە ئەرکەکانی ئەدەب، شۆڕشگێڕاندنی روحی جەماوەری خەڵکە، دەمەزەرد کردنەوەی ئینسانیەتی ئینسانە، کە ڕەگی لە مقاوەمەتدایە و ئەدەب و ڕۆمان بە حوکمی ئەوەی شیکردنەوە و وێنەگرتنێکی هونەریانە و ئینسانیانەی هەست و خولیا و ئەڵها و، دیاردە و ڕووداو و کاراکتەرانە و بە زمانێکی ئەفسووناوی دێتە نیشاندان، زیاتر لە یادگەدا دەمێنێتەوە، ئەزموونێکی سایکۆلۆژی بە خوێنەر دەبەخشێ و ڕاستگۆیانە ختووکەی خەیاڵ و سۆزی خوێنەر و وەرگر دەدات. ئیدی لەو

> **پێمــوایە نینـــا، لە هەمـــوو بەرهەمەکـانی دی دەنگـدانەوەی زیـــاتر بـــوو، بە قاچـــاخ دەگەیشتە ناو شارەکان**

پێوەدانگەوە، کە تەنیا چەک و ئەوزاری مقاوەمە و بەرگری نییە، ژمارەیەک ڕۆمانم، کە دەگەڵ ئاستی خوێنەواری و ڕادەی هۆشیاریی هێزی پێشمەرگەدا -کە لە ئاستێکی بەرزا نەبوو- تێکبکاتەوە، وەرگێڕا، لەوانە نینا، نووسینی سابت ڕەحمان، ڕێبەر، نووسینی: مەهدی حوسێن، شکست: ئەلکساندەر فەدایەف، دوورە وڵات: ن: ع. تاسموف، هاومالّەکان: ئەحمەد مەحموود و زۆری تری وەکو چیرۆکەکانی سەمەدی بیهڕەنگی و... هتد، کە لەناو هێزی پێشمەرگەدا دەنگدانەوەی باشیان هەبوو، پێشوازی گەرمیان لێدەکرا و دەستاودەستیان دەکرد و بە نهێنی دەنێردرانە ناو شارەکانەوە. هەڵبەتە، بە حوکمی ئەوەی سەرچاوە و کتێبی عەرەبی، زۆر بە کەمی لە زاڵگەکانی حکومەتەوە دەرباز دەبوو بۆ ناوچە ڕزگار کراوەکان، سەرچاوەی خوێندنەوەی بەندە زیاتر فارسی بوو و هەموو ئەو بەرهەمانەم لە فارسییەوە، وەرگێڕان. ئاستەنگی هەرە گەورە کەمی کەرەستەی چاپکردنی وەکو: کاغەز، مەرەکەبی ڕنۆنیو و ستێنسڵ و تایپ بوو.

پێموایە نینا، لە هەموو بەرهەمەکانی دی دەنگدانەوەی زیاتر بوو، بە قاچاخ دەگەیشتە ناو شارەکان و بە ١٠ – ١٥ دینار دەفرۆشرا، کۆپی دەکرایەوە، لە سلێمانی گروپێکی شانۆیی بە ناوی نیناوە دامەزرا، زۆر کچ بەناوی نیناوە ناونراون. ڕۆمانەکە چل فەسڵە، ڕادیۆی کۆمەڵەی ئێران هەموو ڕۆژێ فەسڵێکی دەخوێندەوە. بەندە کاتی خۆی، لە چاپی دووەما، پێشەکیەکی کورتم بەناوی (وتەیەک) بۆ نووسیوە، حەز دەکەم لێرەدا دووبارەی بکەمەوە، چونکە ئێستاش، وێڕای ئەوەی زۆرجار بە بێ پرسی بەندە چاپکراوەتەوە، خەڵکانێک لێی دەپرسن و..

## وتەیەک

" ١ "

ڕەنگە هەندێ کەس بڵێن، ئەمە ڕۆمانێکی تەواو واقیعیە و لە هەموو دنیادا باوی ئەم جۆرە واقیعیەتە نەماوە، ئەمە ڕەئییە، ڕەفز و قەبووڵ هەڵدەگرێ. من پێموایە ڕەونەقی دنیای ئەدەبیات لە هەمە جۆری و هەمە ڕەنگییەکەیدا بەرجەستە دەبێت، ئەم ڕۆمانە وێڕای ئەوەی شەقڵی تایبەتی و ناوچەیی خۆی پێوەیە، ئەوجاش هەموو تیرەی بەشەر دەدوێنێ و مرۆڤ هاندەدات کە بۆ نیو نەخت لە هەوڵ و تێکۆشان بۆ وەدیهێنانی ئینسانیەتی خۆی غافڵ نەبێ و هیچ جۆرە خەسینێکی مادی و مەعنەوی قەبووڵ نەکات، چونکە هەموو جۆرە خەسینێک مانای دەستبەرداربوونی ئینسانیەتی خۆیەتی، ئیدی بە چ شێوازێک ئەمەی گوتووە، ڕەنگە زۆر گرینگ نەبێ و جیهانی ئەدەبیاتیش گەورەیە و جێی هەموو جۆرە شێوازێکی تیا دەبێتەوە. مادامێکی ئەدەبیات ئەو سەرو کۆتایی نییە، بۆیە شێوەو شێوازەکانیشی هەمان خەسڵەت وەردەگرن و نە ئەو سەریان هەیە و نە لە بڕانەوە دێن..

" ٢ "

بەندە لە هەشتاکاندا و ئەم کارە ئەدەبییەم کرد بە زمانی کوردی و لە ساڵی ١٩٨٥دا و بە تیراژی زۆر کەم، بایی ئەوەندەی لە فەوتان بخەلەسێ و بایەخی مێژوویی وەرگێڕانەکەم بپارێزرێ لە چیادا چاپ و بڵاوم کردەوە، چونکە یەکەم: خوێندنەوە و تەئویلی تایبەتی خۆم بۆ کارەکە هەبوو. دووەم: هەوڵدانێکی من بوو بۆ جەڕباندنی زمانی کوردی و دەسەڵاتی خۆم لە زمانی کوردیدا کە ئاخۆ زمانی کوردی دەرەقەتی وەرگێڕانی نووسینی گەورە دێت، یان من ئەوەندەی دەزانم کە کاری وای پێبکەم و لەو ڕێگەیەوە بەشدارییەکی بچووک لە بەرهەمهێنانی زمانی هونەریی کوردیدا بکەم؟!

**بەدەم ژیانی پێشمەرگایەتییەوە. بە تیراژی زۆر کەم، بایی ئەوەندەی لە فەوتان بخەلەسێ و بایەخی مێژوویی وەرگێڕانەکەم بپارێزرێ لە چیادا چاپ و بڵاوم کردەوە،**

بەهەرحاڵ چەند سەرکەوتووم یان چەند بە سەر سەرا کەوتووم ئەمەیان بۆ خوێنەران و ڕەخنەگران.

ئێستاش کە سوورم لە سەر چاپی دووەمی، پێموایە کەلێنێک لە کتێبخانەی کوردی دەگرێت و مەڵۆیەک لە خەرمانی زمانی ئەدەبی کوردی پێکدێنێت و ئەوە دووپات دەکەمەوە کە ئەم بەرهەمە دووبارە کردنەوە و فۆتۆی ژیان نییە، بەڵکو هاوارێکە بۆ ڕزگارکردنی ژیان لە چنگی هەموو جۆرە مەرگێک، بانگەوازێکی هونەرییە بۆ پەیوەندییەکی جوانتر و دەوڵەمەندتر و مرۆڤانیتر لە گەڵ خەڵکیدا، سەفەرێکی هونەرییە بۆ ناوجەرگە و قووڵایی ژیان،

ئەو ژیانەی کە لە وەستان نایەت و لەباری هونەرییەوە دەکاتە لە دایک بوون و لە دایکبوونەوەی بەردەوام و بێ کۆتایی...

" ٣ "

هەر بەرهەمێکیش خوێندنەوەو تەئویلی جۆراوجۆر هەڵدەگرێ، هەڵهێنان و خوێندنەوەی ئەگەر و هێماو ڕەمز و دەلالەتەکانی لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێک و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی دەگۆڕێت. جا نیناکەی لە مەڕ بەندە دەقە و ئەوە دێنێ بێ چ دەستکاریکردنێکی زمانی چاپی یەکەم، چاپی دووەم بکرێتەوە.
٢٠٠٠/١٠/١٠ هەولێر

**پرسیاری پێنجەم:** ئایا تۆ لەشاخ و ئێستادا هیچ دەستەکەوتێکت لەم وەرگێڕانە دەست کەوتووە؟ ئێمە دەزانین هیچ زمانزان و ئەدیب و ڕۆماننووس و نووسەرێک لە کوردستاندا ناتوانێت لەسەر بەرهەمەکانی بژیت؟ لەم بارەوە هیچ بۆچوونێکی تایبەتت هەیە؟.

**وەڵامی پێنجەم:** لە وەرگێڕاندا، زۆر پێویستە مەسەلەی پڕکردنەوەی بۆشایی کەلتووری ڕەچاو بکرێ، بە تایبەتی بۆ میللەتی خودان کتێبخانەی هەژار وپڕ کەلێن وبۆشایی.. ئەمەش بەو مانایە نییە کە وەرگێڕ هەر کتێبێکی هات بە دەستەوە، خێرا پڕی بداتێ و بەگژ وەرگێڕانیا بچێت. چونکە هیچ وەرگێڕێک نییە بتوانێ لە هەموو کایە ئەپستمولوژی و هونەرییەکاندا کاربکات، بۆیە توانا وبەهرەو سەلیقەی هەر وەرگێڕێک دەبێت بە ڕێنوێنی هەڵبژاردنەکانی وەرگێڕ. کە وەرگێڕ، پێی لە بەڕەی خۆی زیاتر ڕاکێشا، هەنگێ کارەکەی لێ دەبێت بە بێگار

وبە شێوەیەکی جەڵەبی و بازاڕی لە کۆڵی دەکاتەوە کە لەم حاڵەدا نەکردنی باشترە. کە باسی پیشە و وەرگێڕی پیشەیی دەکرێت مانای وا نییە وەرگێڕ هەر کارێکی هاتە پێشێ یان پێی سپێردرا، بێ چەند و چوون بیکات. وەرگێڕی پیشەیی کەسێکە کە بە کاری وەرگێڕان بژی ولە ڕێگەی وەرگێڕانەوە ژیان و بژێوی خۆی دابین بکات و خۆی بۆ کاری وەرگێڕان تەرخان بکات و دەرامەتێکی ئەوتۆی دەستبکەوێ کە پێویستی بە هیچ کار و دەرامەتێکی دیکە نەبێ، یانی بە کارەکەی و بۆ کارەکەی بژی. جا بەم گەزو پێوانەیە ئێمە نەک وەرگێڕی پیشەییمان نییە، بەڵکو نووسەری پیشەییمانیش نییە..

سەبارەت بە دەستکەوتی بەندە چ لە شاخ و چ لە شار، زیاتر دەسکەوتی مەعنەویی بووە تا دەسکەوتی مادی، خۆ ئەگەر سووکە پاداشتێکم لە لایەن هەندێ وەشانخانەوە پێدرابێ، زۆرجار لە هەقی تایپ کردنەکەی کەمتر بووە، چونکە من بە کرێ ئەو کتێبانە، تایپ دەکەم وبەخۆم نایکەم.. من پێموایە هەرکاتێ ئەهلی قەڵەم، بە قەڵەمڕانی ژیا، خۆیبوونی دارایی پەیدا کرد، لە دەسەڵات بە هەموو جۆرەکانیەوە بێ منەت بوو، هەنگێ دەکەوێتە سەر ڕاستە ڕێگەی داهێنان و بزوتنەوەی داهێنان دەبوژێتەوە..

**پرسیاری شەشەم:** وەرگێڕان، یان هەڵبژاردنی بابەت پەیوەندییەکی پتەوی بە فکر و ئایدیۆلۆژیا و هەڵوێستەوە هەیە، ئەمە تا چ ئاستێک لای تۆ کاریگەریی هەبووە لە هەڵبژاردنی بابەتدا؟.

**وەڵامی پرسیاری شەشەم:** بەندە پێموایە ڕەگی هەر هەڵبژاردنێک، دەچێتەوە سەر فیکرو بەهرەو سەلیقەو زەوق وتوانا و، هەر فیکرێک ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ڕەگی دەچێتەوە سەر بەرژەوەندی مادی یان مەعنەوی.. کاری پاچڤەوانیش لەم حاڵە بەدەر نییە.. دیارە

بەشەر وەکو بوونەوەرێکی ئەزموونگەرا، خۆی لە زۆربەی کایە حەیاتی و ئەپستمولوجیەکان دا جەرباندووە، قەڵەمڕانی کردووە، دەقی هەمەجۆری بەرهەم هێناوە.. بۆیە پاچڤەی هەر دەقێک بە گوێرەی تایبەتمەندی ئەدەبی، ئاینی، زانستی، ئایدۆلۆژی، سیاسی و ڕاگەیاندنەوانی... هتد، جۆرە شێوازێکی تایبەتی وەرگێڕانی گەرەکە.. هەڵبەتە بەندە، لە هەڵبژاردنەکانمدا، لەو کاریگەریانەی کە ئێوە فەرمووتانە بەدەرنیم، بەخۆتان دەزانن کە من زیاتر سەروکارم لەگەڵ دەقە ئەدەبییەکاندایە و دەقی ئەدەبی ئەگەر ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە ئایدۆلۆژیاش بارگاوی بێ، ئەوا ئایدۆلۆژیایەکی زەق نییە، بەڵکو ئایدۆلۆژیایەکی تەواو هونەرێنراوە.. بەندە دەقایەتی دەقم زۆر لاگرینگە، سیحری دەق لە تەکنیکدا دەبینم و زۆرم مەبەستە ئەو ئەزموونە تەکنیکیانە، بۆ خوێنەری کورد بگوازمەوە.. چونکە پێموایە بەم کارە هەم توانا و بەهرەی خوێنەرو نووسەر دەخەملێ و هەم بەهرە و سەلیقەی بەراورد و جیاکردنەوەی بەرهەمی ڕەسەن لە بەرهەمی ناڕەسەن و بازاڕی دەرسکێ، ئەمەش لە دوا ئەنجامدا خزمەتێکی فرە بە نووسینی خۆماڵیش دەکات، چونکە هەنگێ نووسەر ناچارە حورمەتی خۆی بگرێ و ناوێری بەرهەمی کاڵ و کرچ ڕەنگماڵ بکات و بە نرخی شاکاری هونەریی ڕەسەن بە خوێنەری بفرۆشێت..

**پرسیار:** ئایا زەوق و سەلیقە کاریگەریی لەسەر هەڵبژاردنی بابەتەکان دەبێت؟

**وەڵام:** هەڵبەتە مەرجە وەرگێڕ بەرهەمێک یان کتێبێک هەڵبژێرێت کە دەگەڵ زەوق و سەلیقە و هزرین و تەبیعەتی خۆیدا بگونجێت، وەکو چۆن مرۆڤ لە ژیانی کۆمەڵایەتی و جڤاکیدا ناتوانێ هاوڕێیاتی

هەموو کەسێک بکات و زیاتر کەسانێک بۆ هاوڕێیاتی هەڵدەبژێرێ کە زۆرترین خاڵی هاوبەشی هزری و ئاکاری و ڕەفتارییان لە نێواندا هەبێ و دەگەڵ یەکدیدا بگونجێن، دەبێ بەو ئاوایەش کتێبێ هەڵبژێرێت کە پڕ بە پێستی زەوق و سەلیقە و هزرینی خۆی بێت، چونکە لەوەیە وەرگێڕانی بەرهەمێک چەند مانگێک و هەندێجار چەند ساڵێک بخایەنێ، ئەگەر کارەکە هەڵبژێردراوی زەوق و سەلیقەی خۆت نەبێت چۆن ئەو هەموو وەختەی لە گەڵدا بەسەر بەرێت؟!..

**پرسیاری حەوتەم:** من لەڕێگەی دەقێکی وەرگێڕدراو لەبیروباوەڕ و تیۆر و کەسایەتی و کەلتوور و جوگرافیا و مێژوو و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، هەروەها کەسایەتی خاوەنی دەقەکە و نیشتیمان و نەتەوە و کێشە و شێوازی نووسین و توانای دەربڕین و گێڕانەوە و پێکهاتەی خودی دەقەکە دەگەم، ئایا کە تۆ دەقێک وەردەگێڕی ڕەچاوی پاراستنی هەموو ئەو تایبەتمەندیانە دەکەیت، کە دەقەکەی لێ پێکدێت؟

**وەڵامی پرسیاری حەوتەم:** گومان لەوەدا نییە، چ بەشەر و چ میللەتان لە هەر ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیرییشدا بێ، چ لە ڕووی ئەپستمولوجی و چ لە ڕووی کونجکاوی و فزوڵیەتەوە بێ، حەزدەکات ئاگای لە دید و بۆچوون و نۆڕین و دەسکەوتە زانستی و ئەدەبی و هونەری و هەموو لایەنە کەلتوورییەکانی میللەتانی دوور و نزیک هەبێ، نۆڕین و ئاراستەی بیرکردنەوەیان لە هەموو بوارە جیاوازەکانی ژیانا بزانێ، وەکو بوارێن فیکری و فەلسەفی و سیاسی و ئابووری و جڤاکی و هەموو لایەنە جیاوازەکانی ئەپستمولوجیا.. هەر هەموو ئەو بوارانەش بە جۆرەها زمانی جیاواز دێنە بەرهەمهێنان.. هەڵبەتە تەمەنیش بەشی فێربوونی ئەو هەموو

زمانە جیاوازانە ناکات تا بتوانی شاکارە ئەدەبی و هزرییەکانی میللەتانی پێ بخوێنێتەوە، بۆیە ناچاری پەنا بەریتە بەر وەرگێڕان.. هەر میللەتێک تەنیا پشت بە ئەزموونی خۆی ببەستێ و هەوڵ نەدات سوود لە ئەزموونی هەموو مرۆڤایەتی وەربگرێ، لە کاروان دوا دەکەوێ، بەتایبەتی لەو سەردەمە لەزگینەی گلوبالیزەدا، هیچ میللەتێک چەند پێگەیەکی کەلتووری بەرز و باڵا و ڕەسەنیشی هەبێ، ناتوانێ بە تەنیا هەموو کایە ئەپستمولوجییەکان بەرهەمبێنێ و دووچاری بۆشایی کەلتووری دەبێ کە دەبێ بە وەرگێڕان پڕ بکرێتەوە..

**چۆن نووسین پرۆسەیەکی کەشفکاری زۆر هەستیار و وردە، خوێندنەوەش، دەبێ زۆر جدی بێ، بۆ کەشفی مەعنا و هێما و ڕەمز و ڕاز، بەلاغەت و فەساحەتی دەق..**

هەموو ئەو شتانەی کە ئێوە تێهەڵکێشی پرسیارەکەتان کردووە، ئەگەر بە زەقیش لە دەقدا نەبن، ناڕاستەوخۆ و بە شێوەی هێمایی لە پانتایی دەقدا، بە چڕی، یان بە تەنکی تۆو دراوە..

بەندە عەرزم کردی، زیاتر بەدەم خوێندنەوەوە بابەت و دەق بۆ وەرگێڕان هەڵدەبژێرم، وەرگێڕ دەبێ خوێنەرێکی جدی بێت، زەوق و سەلیقەیەکی جوانی هەبێ، دەق ناسێکی لە زەبر بێ..

هەڵبەتە وەکو چۆن نووسین پرۆسەیەکی کەشفکاری زۆر هەستیار و وردە، خوێندنەوەش، دەبێ زۆر جدی بێ، بۆ کەشفی مەعنا و هێما و ڕەمز و ڕاز، بەلاغەت و فەساحەتی دەق.. هەر دوو لایەنی ئەپستمولوجی و لەزەتی ئیستاتیکی دەقەکە لە بەرچاو بگیرێت.. واتە ئەگەر نووسین قاڵب شکێنی بێ، ئەوا وەرگێڕان قاڵب پەزێرییە، نابێ لە قاڵبی دەقەکە دەربچێت.. یانی وەرگێڕ دەبێ لە پەیام و گوتاری ئەو دەق و بەرهەمە حاڵی بێت کە دەیەوێ کاری لە سەر بکات، پەی بە وردەکارییە تەکنیکییەکانی ببات، چونکە وەرگێڕ

بە پێچەوانەی زمانەوانەوە کە وشە و ڕستە لە چوارچێوەی وشە و ڕستەدا و لە پێناوی خودی وشە و ڕستەدا شی دەکاتەوە، دەق لە ئاستێکی باڵاتردا و هێوەتر لە وشە و ڕستە و گوتاری سەربەخۆ شی دەکاتەوە. چونکە ئاشکرایە کە مەبەست لە وەرگێڕان تەنیا پاچڤەی زنجیرە ڕستەیەکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو پاچڤەی تەواوی دەقەکەیە، پاچڤە و گوێزانەوەی ئەمینی دەقایەتی دەقەکەیە وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی نڤیساری. واتە پاچڤە ئەو کارە میکانیکییە نییە کە وشەیەک لە جیاتی وشەیەک دابنرێ و تەواو، بەڵکو هەڵێنجان و شرۆڤەی مانایە بە مەبەستی وەرگێڕانی دەق وەکو یەکەیەکی یەکپارچە. جا مانای وشە و ڕستە و سەرانسەری دەق پتر لە ڕێگەی ڕاڤە و شرۆڤەوە دێتە حاڵی بوون و فامین و فامکرن. بۆیە وەرگێڕ دەبێ سوود لە شرۆڤە، واتە شیکردنەوە و وردکردنەوەی هۆشمەندانەی هەموو دەقەکە وەربگرێت، بە بێ پەی بردن بە ڕاز و ڕەمز و نهێنی و دۆزینەوەی تان و پۆی دەق، زەحمەتە پەی بە شرۆڤەی ڕستەی ئەسڵی ببرێت، واتە شیکردنەوە و لێکدانەوەی شرۆڤەکاریانە، لە پرۆسەی وەرگێڕاندا بەردی بناغەیە و بەبێ ئەمە هیچ وەرگێڕانێک بە ئاسانی مەیسەر نابێت.. بۆیە وەرگێڕ مامەڵە لە گەڵ زماندا وەک شتێکی مجەڕەدا ناکات، بەڵکو سەر و ساختی دەگەڵ چۆنیەتی بەکارهێنانی زماندایە، وەرگێڕ زەمینە بۆ بەرجەستە کردنەوەی دەقی یەکەم بە هەمان تایبەتمەندی و ستایل و بارگاوی و تین و تاو و کاریگەریی خودی دەقەکە لە زمانی دووەمدا خۆش دەکات. هەڵبەتە جیاوازی زمان و لەمپەڕی زمان وا دەخوازێت کە هیچ وەرگێڕانێک لە وردە دەسکاری بەدەر نەبێت. باشترین وەرگێڕان ئەوەیە نە ئەوەندە ئازاد بێت کە ناسنامەی دەقە ئەسڵەکەی تیا بزر بێت و نە ئەوەندە وشک و وشە بە وشە بێت کە دەقەکە لە دەقایەتی بخات و خوێنەر بتارێنێ. کەواتە وەرگێڕان

پرۆسەیەکی ڕۆشنبیریی هونەرییە، جۆرە دونایدۆنێکی هونەرییە لە نێوان دوو زمانی جیاوازدا، بەم پێیە دەشێ بگوترێ تێکەڵەیەکە لە وردی زانست، ناسکی و هەستیاری هونەر و بەهرە و توانای ئەفراندن، بەڵام بە ناسنامەی وەرگێڕان.. وەرگێڕانی باش ئەوەیە بە نەفەسی خوێندنەوە و شرۆڤەی جدی و بە تامی داهێنان ئەنجام بدرێ، قاڵبپەزێری حەوسەڵەی دەوێ، حەوسەڵە.

**پرسیاری هەشتەم:** گەلێک کەس لە وەرگێڕان گلەیی و لاوازیی و بێدەسەڵاتی لەوەرگێڕان بە توانا و دەسەڵات و زاراوە و بەرتەسکی و سنووورداری لەبەکارهێنانی وشە و دەربڕینی کوردی دەبەستنەوە، ئایا بەڕاستی زمانی کوردی توانای گەیاندن و وەسف و دەربڕینی ئەو مەبەست و شتانەی نییە، کە لەنێو دەقە ئەسلییەکەدا هەیە؟ یان هەندێک کەس دەیانەوێت بێ توانایی و لاوازیی خۆیان لەپەنای تۆمەتبارکردنی زمانی کوردی بشارنەوە؟ واتە دەمەوێت بڵێم ڕەنگە کەسانێک لە بنەڕەتدا لەزمانی کوردی شارەزا نەبن و کەچی بیانەوێت وەرگێڕان بکەن، بەم هۆکارەش تووشی تەنگەنەفەسی و شکست لەوەرگێڕانەکەدا دەبن. من دەمەوێت بڵێم ئایا عەیب لەزمانی کوردییە، یان لە خودی وەرگێڕ؟.

**وەڵامی پرسیاری هەشتەم:** هیچ زمانێک لە خودی خۆیدا و بە تەبیعەت و خۆڕسکانە لاواز یان دەوڵەمەند نییە، هیچ زمانێکی زندووی ئەمڕۆی دنیا، لە هەوەڵێ ڕا بەم شێوەیەی نها نەبووە. ئەسەحیشە پەیدابوون و سەرهەڵدانی زمان، بویەرێکی کوت و پڕ نەبووە. بەڵکو بە گوێرەی پەرەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگە بەشەرییەکان، ئەویش پەرەی سەندووە و گەشەی کردووە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە. زمان وەک هەر دیاردەیەکی زندوو، لە

زاوزێ و گەشەکردن و مردندایە، یانی وەکو ژیان لە گۆڕانی بەردەوام دایە و قەت لە پێستێکا نەماوەتەوە و نامێنێتەوە. زمانیش کە زادە و بەرەنجامی پێداویستییە مادی و مەعنەوییەکانی مرۆڤە، دەبێ وەکو هەموو شتە مێژووییەکانی دیکەی بەشەر: لە دابونەریت و خوو خدە و ڕێوڕەسم و جل و بەرگ و هزرین و بیرکردنەوە، بە گوێرەی کات و شوێن بگۆڕێ. دیارە ئەو فاکتەرانەی بەشداری لە گۆڕان و گۆڕینی زمان دەکەن زۆرن، لەوانە گۆڕانی پێداویستییە مادی و مەعنەوییەکانی بەشەر. واتا زمان ڕەنگدانەوەی ژینگەی سروشتی و سایکۆلۆژی و جڤاکی و فیکری و فەلسەفی و هونەری و زانستی کۆمەڵگەیە. زمان بە خوێندن و بە نووسین و لە ناو پرۆسەی نووسیندا نەشونما دەکات و دەوڵەمەند دەبێت. کۆمەڵگە بە پەیڤ و نووسین، دەسکەوتە فیکری و فەلسەفی و هونەری و زانستییەکانی خۆی، لە تۆماری بەرهەمهێنانی مێژوودا تۆمار دەکات، بەرە بەرە دەبێت بە خودانی بەخششی فیکری و فەلسەفی و هونەری و سەنگ و ئیحتوبار پەیدا دەکات. جا لەم پێودانگەوە دەتوانم بێ چەند و چوون بڵێم تا زمان پوختە و خزمەتکراو و دەوڵەمەندتر بێ، پرۆسەی وەرگێڕان و نووسین خۆشتر و ئاسانتر دێتە دەست. دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە. هەڵبەتە هەر زمانێکیش بگریت توانا و ئیمکانات و وزەی خۆی هەیە، لە سەر ئەهلی قەڵەمە کەشفی بکات و بیتەقێنێتەوە و بەکاری بێنێ، نەک بێت بێتواناییی زمانەوانی خۆی بە ملی زمانەکەدا بێنێ.

**مەرج نییە وەرگێڕ زانای زمان یان زمانەوان بێت، بەڵام دەبێ لە چۆنیەتی بە کارهێنانی زماندا مەعلان و کارامە بێت.**

هەڵبەتە پێشمەرجی زانینی تەواوەتی دوو زمان بۆ هەر وەرگێڕێک وا دەخوازێ وەرگێڕ خوێنەرێکی جدی بێت، ڕێزمان و دەستووری هەر دوو زمانەکە بە بەردەوامی بخوێنێتەوە، بەرهەمی

نووسەرانی کۆن و نوێیان بخوێنێتەوە و هەر بۆ مەشق و ڕاهێنان و خۆ جەڕباندن جار جارە پێیان بنووسێت، چونکە وەرگێڕ لەم ڕێگەیەوە شارەزای وشە و زاراوە و پەند و ئیدیوم و قسەی نەستەق و ڕستەبەندی و تایبەتمەندییەکانی هەر دوو زمانەکە دەبێت. بە خوێندنەوە و نووسین، زەخیرەیەکی زمانەوانی باشی لەلا کەڵەکە دەبێت و لە بواری گوزارشت و دەربڕیندا نەک هەر دانامێنێ بەڵکو هونەر نوێنیش دەکات.. ئیدی مەرج نییە وەرگێڕ زانای زمان یان زمانەوان بێت، بەڵام دەبێ لە چۆنیەتی بە کارهێنانی زماندا مەعلان و کارامە بێت. وەرگێڕ دەبێ پابەندی یاسا و ڕێسای زمانی ئەو خەڵکە بێ کە کارەکەیان بۆ وەردەگێڕێت و بە زمانی خۆیان بیاندوێنێ.. بۆیە وەرگێڕی کورد کە ڕستەیەک، دادەڕێژێ، دەبێ هەمیشە ئەو پرسیارە لە خۆی بکات ئەگەر کوردێک، فلان ڕستە بڵێت، چۆنی دەڵێت، واتە لە کاتی وەرگێڕاندا بە کوردی بیر بکاتەوە. هاوتای گونجاو و دروست و ڕەوان و ڕوون، بۆ وشە و چەمک و ڕستەکانی دەقی یەکەم بدۆزێتەوەو بە جۆرێ لە قاڵبی پرەنسیپە دەستووری و بونیادییەکانی زمانی دووەمدا دایبڕژێتەوە کە ئەگەر زمانی دووەم زمانی زکماکی خودان دەقەکە بوایە هەر وای دابڕشتایە. ئەگەر هەر وەرگێڕێک بگاتە ئەو ئاستە، ئەوا کاریگەری دەقە وەرگێڕدراوەکە لە سەر خوێنەرانی زمانی دووەم هاوتای کاریگەری دەقە ئەسڵەکە لە سەر خوێنەرانی زمانی یەکەم دەکاتەوە، ئەمەش یەکێکە لە نیشانەکانی سەرکەوتنی وەرگێڕ، بۆیە یەک لە مەرجەکانی وەرگێڕی چاک، ئەوەیە ئاگای لە فرە مانایی وشە بێ و دروسترینیان بە گوێرەی ئەو دەقەی کە وەری دەگێڕێت، هەڵبژێرێت، دەنا تووشی هەڵەی کوشندە دەبێت و هەم دەقەکە عەیبدار دەکات و هەم ناو و شۆرەتی نووسەرەکە دەشکێنێ و دەزڕێنێ..

هەڵبەتە نابێ ئەوەش لەبیر بکەین، کە بەکارهێنانی فەرهەنگ و سەرچاوەیەک پێویست و گرینگە بۆ وەرگێڕان کە مخابن لەو مەیدانەشدا هەر قڕەی میللەتانی دنیاین. فەرهەنگ و قامووس لە کتێبخانەی کوردیدا یەجگار کەمە، لە زۆربەی کایە ئەپستمولوجییەکاندا فەرهەنگمان هەر نییە، فەرهەنگی زاراوە مودێرنەکانی سەرانسەری بوارەکان ژیانمان یان هەر نییە یان زۆر کاڵ و کرچ و بێکەڵکن.. ئەمە جگە لەوەی تا ئێستا زمانی ستانداردمان نییە.. بۆیە ئەگەر سەرنجێکی خێرای ئەو کارە وەرگێڕاوانەی بازاڕی چاپ و پەخشی کوردی بدەین بۆمان دەردەکەوێ کە زۆربەی وەرگێڕەکان تەنیا زمانی گەڕەکەکەی خۆیان بە نیوەچڵی و بە سەقەتی دەزانن و پێیان وایە هەر گەڕەکەکەی ئەوان کورد و کوردستانە!.. خەتایەکەش بە ملی زمانی کوردیدا دەدەن!! هەر بۆیە ئەو لێشاوی وەرگێڕانە، نەیتوانیوە بزاڤێکی ڕۆشنبیریی ڕەسەن بە ئاراستە نەتەوەییەکەدا دروست بکات و بخاتە سەر سکە.. جا بەم پێیە ئێمە ئەمڕۆکە نە زمانی ستانداردی خوێندن و نووسینی نەتەوەییمان هەیە، نە گوتاری ڕۆشنبیریی یەکگرتووی نەتەوەییمان هەیە. دیارە ئەم دیاردە و حاڵەتە نەرێنییە کار لەڕێژەی ژمارەی خوێنەر دەکات و سنووری بڵاوبوونەوەی دەقەکە کەم دەکاتەوە و ئەمەش کاریگەری ڕۆشنبیریی دەقەکە کەم دەکاتەوە، چونکە زندوویەتی و باندۆری ڕۆشنبیریی دەق بە خوێنەرەوە بەندە و بەخوێنەر و لە خوێنەردا زندووە.

هەڵبەتە زمانی کوردی لەهەر هەموو ئەو وڵاتانەدا کە بە نەهەق کوردیان پێوە لکێنراوە، وەکو خاوەنەکەی سەرکوتکراوە و دەکرێ و بە دەیان پرۆسەی تواندنەوە و شێواندن و گەشەنەکردنی یەجگار خەتەری بۆ وەگەڕ خراوە و نەک هەر ناهێڵرێ ڕەواج پەیدا بکات، بەڵکو زۆر بە وردی هەوڵدەدرێ لە بەرچاوی ڕۆڵەکانی نەتەوەی

کورد بخرێ و وابێتە بەرچاو کە زمانی کوردی زمانێک نییە بتوانێ گوزارشت لە بابەتە ئینسانی و زانستی و هونەرییەکان بکات! هەوڵیان داوە نەیەڵن ببێ بە زمانی نان و ژیان.

بێگومان زمانی نەتەوەیی (زمانی خوێندن و نووسین) ئەهلی هونەر و ئەهلی قەڵەم بە دەرەجەی یەکەم جڵەوداری دەکەن. ئەهلی ئەدەب و قەڵەمیش کە بابەتی بەرو دوایان مرۆڤ و ئازادی مرۆڤە، وێڕای ئەوەی لەسەریانە خۆ لە قەرەی مالیجەی گرفتە جیهانی گەردوونی و ئینسانییەکان بدەن، دەبێ ئەوەشیان لە بیر نەچێ کە جەماوەرێکی تایبەتی و دیاریکراو بە زمانێکی تایبەتی و دیاریکراو دەدوێنن و ئەم دوو تایبەتمەندییە دەلالەتی کارە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانیان دیاری دەکات، بەرلەوەی نێوەڕۆکی جیهانیان دیاری بکات.

زمانی ستاندارد؛ زمانی خوێندن و نووسینە کە دەوری هەرە سەرەکی لە بەرهەمهێنان و ڕێکخستنی فیکر و هۆش و تێکڕای کایە ئەپستمولوجیە جۆراوجۆرەکان دەبینێ، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە سڵ لە بەکارهێنانی زمانی کوردی نەکەینەوە و دەبێ لە هەموو بوارە ڕۆشنبیریی و زانستی و فەلسەفی و ئەدەبی و هونەرییەکاندا زۆر ئەکادیمیانە و جدی تاقی بکەینەوە و چالاکانە وەگەڕی بخەین و بکەوێتە سەر سکەی ئاسایی خۆی و ڕۆڵی مێژوویی خۆی لەچوارچێوەی هەر قۆناغێکی مێژووییدا بگێڕێ، دەکرێ هەوڵی ئەوە بدرێ زیاتر ئەو وشە و زاراوە و دەستەواژانە بەکار بهێنین کە لەتێگەیشتنی زۆربەی هەرە زۆری کوردەوە نزیکن، پێویستە زۆر جدیانە کار بۆ ئەوە بکرێ کە ئەو دوو هێڵە هاوتەرییەی کە ئێستا بە هەر دوو شێوەی کرمانجی سەروو و

**هەر نەتەوەیەک زمـــانی نەتەوەیـــی یەکگرتووی نەبێ، گوتـاری ڕۆشنبیریی و کەلتووری یەکگرتووی نابێت**

خواروو بەرهەمیان پێ دێتە نووسین، تەواو لەیەکدی نزیک بخرێنەوە، تا لە ئەنجامدا دەبن بە یەک هێڵ و زمانی ستانداردی نەتەوەییمان پێکدێنن.

**پرسیار:** پێتان وایە ئەم لاوازیی و خۆ بە لاواز بینینە کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنانی گوتار دەبێت؟

**وەلام:** زمان ڕۆڵێکی مەزن لە یەکخستنی نەتەوەییدا دەبینێ و فەرامۆش کردنی ئەو فاکتەرە دژمنانی کورد ڕژدتر دەکات لەسەر بەگژدا چوونمان و نابێ ئەم سەنگەرە بە چۆڵی بمێنێتەوە. هەر نەتەوەیەک زمانی نەتەوەیی یەکگرتووی نەبێ، گوتاری ڕۆشنبیریی و کەلتووری یەکگرتووی نابێت و ئاسانتر داگیردەکرێ و بەرەبەرە زمانەکەی دێتە کوشتن و جۆگەی هزر و بیر و بەهرەی زانا و دانا و نووسەر و هونەرمەندانی دەخرێتە سەر باخی ڕۆشنبیریی داگیرکەر و بە زمانی داگیرکەر، مەرگی زمانی زکماکی خۆی ڕادەگەیەنێ، دیارە مەرگی زمانیش دەکاتە مەرگی نەتەوە.. چاری زمان ئەوەیە پێی بخوێنرێ، پێی بنووسرێت، بنووسرێت، بنووسرێت، بکرێت بە زمانی بەرهەمهێنانی کایە ئەپستمولوجییە جۆراوجۆرەکان، نەک بێ توانایی زمانەوانی خۆمان، بدەین بە ملی زمانەکەدا.

**پرسیاری نۆیەم:** دیسان دەگەڕێمەوە سەر فکر لەنێو دەقدا، هەروەها فکری خاوەن دەق و فکری وەرگێڕ دەبێت چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت؟ فکر و بۆچوون و هێڵە گشتییە فکرییەکانی نێو دەقەکە، کە بریتییە لەپێکهاتەی بنەڕەی دەقەکە و گاڤێک وەرگێڕ نەتوانێت بیگەیەنێت، چ کاریگەرییەک لەسەر دەقەکە دروست دەکات؟ ئایا وەرگێڕ دەبێت هاوفکری خاوەن دەقەکە وەرگێڕدارەکە بێت، یان نا و بۆچی؟

هەندێک جار وەرگێڕ دەقەکە دەکاتە قوربانی بیرکردنەوە و کەسایەتی و زمان و فکری خۆی، ئایا ئەم دۆخە چ پێناسەیەکی بۆ دەکرێت؟

**وەڵامی پرسیاری نۆیەم:** ئەگەر نووسین جۆرە قاڵبشکێنییەک و پرۆسەیەکی کەشفکاری بێ، ئەوا وەرگێڕان، جۆرە قاڵب پەزێرییەکی ناچارییە، چونکە وەرگێڕ لە کاری وەرگێڕاندا، گوزارشت لە بیر و بۆچوون و هزرینی خۆی ناکات، ناتوانێ لەو بیروهزرانە دەربچێت کە لە دەقەکەدا هەیە و دەبێ تا دەتوانێ خۆی لە خودنوێنی دووربگرێ و بگاتە ڕادەی سەرکوتکردنی خودی خۆی، چونکە پابەندە بەو دەقەوە کە کەسێکی دی بەرهەمی هێناوە. واتە دەبێ چەندیەتی و چۆنیەتی دەقە ئەسڵەکە لە زمانی دووەما، بەگوێرەی یاسا و ڕێسای زمانی دووەم بخولقێنێتەوە و دەقایەتی دەقەکە بپارێزێت. وەرگێڕ لە دنیایەکدا کار دەکات کە لە لایەن کەسکی دیکەوە خولقێنراوە، قاڵب و فۆرمی تایبەتی پێدراوە، تیمە و نێوەڕۆک و پەیامی دڵخوازی نووسەرەکەی لێبارکراوە.. ئیدی وەرگێڕ، چاری ناچارە دەبێ مامەڵە لە تەک ئەو دەقەدا بکات و شارەزایانە ئەو دنیا پێشوەختە خولقێنراوە هەڵوەشێنێتەوە و بە هەمان کەرەستە و دار و پەردوو، لە زمانی دوووەمدا بە جۆرێ بیخولقێنێتەوە کە لە ڕووی تەکنیک و وردەکاری و هونەرکارییەوە هاوتای دەقی یەکەم بکاتەوە. واتە وەرگێڕ خۆبەخۆ دەبێ بە پەیڤداری نووسەری دەقەکە، ئەمانەتداری کار، وای لێدەخوازێ لە دەقەکە لا نەدات، واتە دەقەکە یاسا و ڕێسای چۆنیەتی کارکردنی وەرگێڕەکە دەسەپێنێ. لێرەدا وەرگێڕ ڕۆڵی میانچی دەبینێ، میانچی دەبێ زۆر بە حەوسەڵە و

> **وەرگێڕان هەم هەڵوەشانەوەکارییە و هەم لێکدانی دووبارەیە.**

پشوو درێژ بێ، چونکە هەم ڕووبەڕووی مقاوەمەتی زمانی یەکەمی دەقەکە و هەم مقاوەمەتی زمانی دووەم دەبێتەوە، نە دەقەکە بە ئاسانی ڕادەست دەبێت و نە زمانی دووەم بە ئاسانی پێشوازی و میوانداری لە دەقەکە دەکات.. بۆیە پاچڤەوان دەبێ وەرگێڕانی سەدی سەد پوختە و ئایدیالی لە مێشکی خۆی دەربکات و هەر دوو لای هاوکێشەکە، واتە نووسەر و خوێنەر بە ڕادەیەک لێکدی نزیک بکاتەوە، کە جێگەی متمانە بێ.

وەرگێڕان هەم هەڵوەشانەوەکارییە و هەم لێکدانی دووبارەیە. لە زمانی یەکەمدا گشت ڕەگەز و توخم و کەرەستە پێکهێنەرەکانی دەقەکە، زۆر بە وردی و دیقەت و ئەمانەتدارییەوە هەڵدەوەشێنێتەوە، لە بەلاغەت و فەساحەتی دەقەکە ورد دەبێتەوە، ماوەیەکی باش دەگەڵ دەقەکەدا وەکو یەکەیەکی پارچە دەژی، ڕەمز و ڕازەکانی کەشف دەکات، دەنگ و ڕەنگ و تۆن و ستایل و بونیاد و مانای دەقەکە هەرس دەکات، دەقەکە بە هەموو ڕەگەز و پێکهاتە هونەرییەکانییەوە، بەگشت چەندییەتی و چۆنیەتیەوە، بە هەموو بونیادە زمانەوانی و دەستوورییەکانییەوە، بە هەموو فیکر و پەیام و فۆرمێکەوە، لە زمانی دووەمدا، بە هەمان کەرەستە و دار و پەردووی زمانی یەکەم، لەئاستێکی هونەری ئەوتۆدا بخوڵقێنێتەوە کە دەقایەتی خۆی لەدەست نەدات و پەیوەندی بەرقەرار بکات، وای بخوڵقێنێتەوە، ئەگەر نووسەرەکەی کوردی زان بوایە، هەر وای دابڕشتباوە.. کەواتە وەرگێڕ دەبێ خۆی لەهەر جۆرە خودنوێنییەک دوور بگرێ و وەکو کەسێکی قاڵبپەزیر بۆی نییە، لەهیچ ڕوویەکی فیکری و زمانەوانییەوە، مورکی خۆی بە دەقەکەوە بنێت، ئەمە دەچێتە خانەی خیانەتی ڕۆشنبیرییەوە..

**مەرج نییە وەرگێڕ هاوفکری خاوەن دەق بێ،**

مەرج نییە وەرگێڕ هاوفکری خاوەن دەق بێ، بەڵام دەبێ خوێندنەوەی دروست و وردی بۆ فیکری خودان دەقەکە هەبێ و تەنیا بۆ ناو دەرکردنێکی ڕەوتەنی نەیەت بەگژ وەرگێڕانی شاکارێکی فیکری کەڵە هزرڤانێکی جیهانیدا بچێ.. مەرج نییە تەنیا فیکر و هاوفیکری هاندەری وەرگێڕ بێ، زۆرجار پێداویستی کتێبخانەی نیشتمانی و پڕکردنەوەی بۆشایی ئەپستمولوجیش دنەت دەدەن بۆ وەرگێڕانی هەندێ دەق و بەرهەمان..

**پرسیاری دەیەم:** نەجیب مەحفوز نەک بۆ کورد بۆ خودی عەرەبیش مشتومڕێکی فکری و ڕۆشنبیریی و هەتا شێوازی بیرکردنەوە و نووسین و دەربڕین و بەکارهێنانی کەرەستەی لەنێو دەقدا دروستکردووە؟ ئایا کارێکی قورس و پڕ کێشە ناکەیت نووسینەکانی ئەم سەر بەکێشە و ئەم زمان ئاڵۆز و تایبەتمەندە لەشێواز و دونیا تایبەتییە وەردەگێڕیتە سەر زمانی کوردی؟. لەوە ناترسیت نەتوانیت نەجیب مەحفوز وەکو خۆی بەکوردییەکی کوردیانە و بەهەموو تایبەتمەندیی و توانا و هێز و وزە ڕەسەن و گرنگەکانی خۆی بکەیتە کوردی؟

**وەڵامی پرسیاری دەیەم:** چاری زمان، مەبەستم زیاتر زمانی کوردییە، هەر ئەوەیە پێی بخوێنرێ و پێی بنووسرێت، بکرێت بە زمانی بەخشش و بەرهەمهێنانی کایە جیاوازەکانی ئەپستمولوجیا و هونەر و ئەدەبیات، دیارە وەرگێڕانی دەقێن ئەدەبی، لەکایەکانی دیکەی مەعریفەت قورسترە.. چونکە تەنیا لەسنووری زانینی دوو زماندا ناوەستێ. بەڵکو توانا و بەهرەیەکی ئەدەبیانەی وەهای دەوێ، کە بتوانێ سۆز و گوداز و خەون و خەیاڵ، هەڵچوون و داچوونە دەروونییەکان، ڕاز و ڕەمز و لەگەزە پەنهانەکان و سێبەر و ڕوناکییەکانی دەقەکە بدۆزێتەوە و بە

کەماڵی تواناوە بیگوازێتەوە.. ئەدیب کیمیاگەرە، مسی زمان دەگۆڕێ بۆ زێڕی ئەدەبیات. زمانی ئەدەبیات زمانی دڵە، ڕەگی لەقووڵایی هەست و خەیاڵدایە، لق و پۆ بۆ دنیای مەعریفەت، بۆ دنیای لەزەتە ئیستاتیکییەکان

**پێویستە زمانەکەمان لە هەموو بوارە قەڵەمڕانییەکاندا تاقی بکەینەوە..**

دەهاوێ، زمانی ئەدەبیات پتر سەروکاری دەگەڵ ناخ و دەرووندایە، پەیڕەوی قاڵبشکێنی دەکات، چاوی لە بەرهەمهێنانی نەباویەتە. یانی ئەدەبیات زیاتر مامەڵە لەگەڵ کەرەستە و ڕەگەزی خەون و خەیاڵ و دنیای ئەفراندنەوانیدا دەکات.. بەم پێیە زمانی دەق تایبەتمەندی خۆی هەیە، مانا و چەمکی دەق لە سنوور و ئاستی وشە و پەیڤان هێوەتر دەڕوات، بۆیە دەقی ئەدەبی نەک هەر هەست و لەزەتی ئیستاتیکی لە لای خوێنەر دەهاڕوژێنێ و بەرەو دنیای خەیاڵی دەبات، بەڵکو ڕاڤە و شرۆڤەشی گەرەکە.. لە دەقی ئەدەبیدا نووسەر جیهانبینی و مامەڵەی شەخسی خۆی دەربارەی بابەتەکەی بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە.. ئەدیب بە پلەی یەک بۆ خۆی دەنووسێت، بۆیە هەستەکانی خۆی، کاردانەوە دەروونییەکانی خۆی، سۆز و گودازەکانی، خەم و خولیاکانی، خەون و کەڵکەڵەکانی خۆی بە چڕی لە دەقەکەدا ڕەنگدەدەنەوە، دەقی ئەدەبی بەر لە هەرکەسێک خودانی دەقەکە دەدوێنێ، بێ هیچ سانسۆر و گومرکێک دەیدوێنێ، بۆیە لە کاری ئەدەبیدا، نەخش و ڕۆڵی سۆزداری وعاتیفی زمان، لە هەموو ڕەگەزەکانی دی زاڵتر و دیارترە. ڕاستە دەقی ئەدەبیش لەجۆرە پەیامێک بەدەر نییە، لێ هەموو پەیامەکەی بەشێوەیەکی ڕوون و ڕاشکاو نایەتە دەربڕین، هەمیشە بەشێکی زۆری ئەو پەیامە بە پەنامەکی دەمێنێتەوە و بەشێوەی ناڕاستەوخۆ و تەمومژاوی دێتە نیشاندان، مەبەستم تەمومژی فیلیڤانییە. بۆیە مانای مەجازی لە ئەدەبیاتدا ڕۆڵی گرینگ دەبینێ.. ڕیزبەندی وشە، کێشی ڕستە و ئورگانیزمی ڕەمزان، دال و مەدلوول، هەر هەموو ئەمانە ئاوێتەی پەیامەی دەقەکە دەبن و لەدوا

ئەنجاما ئەدەبییەت بە دەقەکە دەبەخشن و وەرگێڕ لە سەرێتی بەشێوەیەکی هونەریانە، لە زمانی دووەمدا بەرجەستەیان بکاتەوە.

عەرزم کردی، چاری زمان ئەوەیە پێی بخوێنرێ و پێی بنووسرێ، بکرێ بە ئەوزاری بەخشش و بەرهەمهێنانی کایە ئەپستمولوجییە هەمە جۆر و جیاوازەکان، وەرگێڕانیش بۆ خۆی نووسینە، پرۆسەیەکی دەوڵەمەندی قەڵەمڕانییە، پێویستە زمانەکەمان لە هەموو بوارە قەڵەمڕانییەکاندا تاقی بکەینەوە..

نەجیب مەحفووز یەکێکە لە پێشەنگ و دامەزرێنەرانی ڕۆمانی عەرەبی.. تەها حوسێنی نووسەر و هزرڤانی بناڤ و دەنگی میسری لە ساڵی ١٩٥٦ دا، لە هەڵسەنگاندنێکی ڕۆمانی (نێوان دوو کۆشکان) دا دەڵێت: " ئەلهەقی مەحفووز، زەمینەی ئایدیال و ئیستاتیکی، قووڵ و وردی، کاریگەری ئەفسووناوی بەڕادەیەک بۆ ڕۆمان فەراهەم کرد، کە هیچ نووسەرێکی پێشتر بە پێیدا ناگەن." نەجیب مەحفووز، بۆ خۆی و بەتەنیا دەزگایەکی ئەدەبی – هونەری بوو. دەزگایەکی نافەرمی جەماوەری بوو، خاوەنی پتر لە پەنجا کتێبە، لە قاوەخانان، لە کۆڕ و مەجلیسان، لە ماڵ و فەرمانگەکاندا باس دەکرا. خەڵکانێکی وەک سەید قوتب، تەها حوسێن، ئەدوارد سەعید و تەنتاوی شێخی ئەزهەر بە جیاوازی ئایدۆلۆژی و دنیابینیانەوە، دڵبەندی بەرهەمەکانی بوون. هونەری مەحفووز لەوەدایە کە توانی بۆشایی غیابی ڕۆمان لە مێژووی ئەدەبیاتی عەرەبدا، بە کارامەیی پڕبکاتەوە و ئاڵای پێشەنگایەتی لە واری ڕۆماننووسیدا، هەڵبکات. ئەنجام گەییە ئەو ئاستەی کە لە سەر ئەدەبی گێڕانەوە، واتە لە سەر چیرۆک و ڕۆمان خەلاتی نۆبڵ وەربگرێ، لە کاتێکا ژانری هەرە باوی ئەدەبیاتی عەرەب شیعر بوو، (الشعر دیوان العرب) ئەمە خۆی لە خۆیدا وەرچەرخانێک بوو لە ئەدەبیاتی عەرەبدا، کەواتە مەحفووز، بۆ خۆی ئەزموونێکی زۆر گەورەیە و دەبوایە زۆر زووتر، بهێنرابایە

ناو زمانی کوردی.. هەر هەموو ئەو ئاریشانەی لە پرسیارەکەتدا ئاماژەت بۆ کردوون دروستن، بەڵام نووسین بۆ خۆی لە بنەڕەتدا، پرۆسەیەکی ڕۆشنبیریی و هونەرییە و لە ڕیسکەوانی بەدەر نییە، وەرگێڕانیش، بەشێکی گرینگە لە نووسین و دنیای قەڵەمڕانی.. زمانی کوردیش دەبێ لە هەموو بوارە ئەپستمولوجییەکاندا بێتە جەڕباندن.. کارەکانی مەحفووز دەقی ئەدەبین، دەق، بە تایبەتی دەقی کراوە، جۆرەها لێکدانەوە و خوێندنەوە هەڵدەگرێ و خۆی لە خۆیدا فەزایەکی تەئویلییە، بەسەر زیاتر لە شرۆڤە و خوێندنەوەیەکدا دەکرێتەوە، زیاتر لە ڕاڤەیەک هەڵدەگرێ و پیاو تا ئەزموونی زیاتر بێ، مانای تازە دەدۆزێتەوە و ڕەهەندی نادیار و پەنهان کەشف دەکات.. بۆیە دەبێ وەکو بویەر تەمەشای دەق بکرێ و مامەڵەی لە تەکدا بکرێ، کە دەکاتە کرانەوە بەسەر فرە مانایی و فرە خوێندنەوەدا.. هەڵبەتە هەر کەسێک چاوەڕوانی ستایش و ئافەرین و دەستخۆشی بێ، نابێ وەرگێڕ چاوەڕوانی ئەوە بێ، خۆ ئەگەر نەبێتە مایەی گلەیی و گازن دەبێ مەمنوونی بەختی خۆی بێ، چونکە وەرگێڕان چەندیش سەرکەوتوو بێ، سەدی سەد ناکاتە خودی دەقەکە، بەڵکو دارشتەوە و خوڵقاندنەوەی نزیکترین هاوتای دەقەکەیە، لە زمانی دووەما، هەڵبەتە بە ناسنامە و تامی وەرگێڕان.

**پرسیار:** بەو پێورە بێت خۆ تاقیکردنەوەیەکی متمانەدارت لە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی مەحفووز هەیە، ئایە ئەمە ڕاستە؟

**وەڵام:** گەورەیی نەجیب مەحفووز و زەروورەتی جەڕباندنی زمانی کوردی و تاقیکردنەوەی توانا گوزارشتەوانیەکانی خۆم هانیاندام ڕیسک بکەم و داگژمە سەر و گوێلاکی کۆمەڵێک لە بەرهەمە نایابەکانی مەحفووز و چرای بیرکردنەوەم ئەوە بوو کورد

گوتەنی: " کردە پەشیمان نەک نەکردە پەشیمان." ئیدی ئەو کارەم کرد، چونکە خوێندنەوە و ڕاڤەی تایبەتی خۆم بۆ کارەکان هەبوو. هەوڵدانێکی من بوو بۆ جەڕباندنی زمانی کوردی و دەسەڵاتی خۆم بە سەر زمانی کوردیدا کە ئاخۆ زمانی کوردی دەرەقەتی وەرگێڕانی ئەو بابەتە دەقانە دێت، یان بەندە هێندەی دەزانم کە کاری وای پێبکەم و لەو ڕێگەیەوە بەشدارییەکی بچووک لە بەرهەمهێنانی زمانی هونەری کوردیدا بکەم.. زمان بە نووسین و لە ناو نووسیندا، دەوڵەمەند دەبێ، سیقال دەبێ، توانا و جورئەتی گوزارشتەوانی پەیدا دەکات.. بەهەرحاڵ چەند سەرکەوتووم یان بە سەر سەردا کەوتووم، ئیدی ئێوە و خوێنەران و ڕەخنەگران خۆتان و خوای خۆتان..

**پرسیاری یانزدەم:** لەشاخ دوای هەر وەرگێڕانێکی ئەم ڕۆمانە بەنێو بانگانەی کردووتن، هەستت بەچی کردووە، لەوە نەترساوی خوێنەرە جدییەکانی شاخ، خوێنەرە نهێنییەکان ڕەخنەت لێبگرن، یان بەشێواز و هەروەها زمان و توانا زمانەوانییەکانی تۆ ڕازی نەبووبن، یان گومانیان لەتوانای تۆ هەبووبێت لەچۆنیەتی وەرگێڕانی دەقەکان؟.

**وەڵامی یانزدەم:** نووسین، کە وەرگێڕانیش لایەنێکی گرینگی نووسینە، شێوازێکە لە شێوازەکانی ئازادیخوازی، کە مرۆڤ ناتوانێ دەستبەرداری ئازادی خۆی بێ،

> **هەر زەین کوێریەکیش ڕەگی دەچێتەوە سەر ترسنۆکی..**

هەرکە ئازادی خۆی لە دەست دا، لە مرۆڤایەتی دەکەوێ و دەبێ پێشوازی لە کۆیلایەتی بکات، کە ئەمە هەرگیز لە تەبع و تەبیعەتی بەشەردا نییە، چونکە بەشەر جۆرە تەبعێکی خوایانەی هەیە و دەبێ مومارەسەی بکات، لە دنیادا هیچ ئابڕووچوونێک لەوە گەورەتر نییە، مرۆڤێ ببینی، مامەڵەیەکی نامرۆڤانەی لە گەڵدا بکرێ.. تۆ بۆیە دەنووسی چونکە هاوارێک لە ناختا پەنگاوەتەوە و داوای دەربڕین

دەكات، ئەگەر گوزارشتی لێنەکەیت، دەخنکێ و خاوەنەکەی زەین کوێر دەبێ " قسە قافی هات نەیکەی زەینت کوێر دەبێ. " ئەهلی قەڵەم دەبێ هاماج و کەش و هەوایەک بۆ خۆی فەراهەم بکات، ترسی بڕەوێنێتەوە و بە ئازادی ئەو شتانە بڵێ کە دەیانبینێ، دەنا زەینی کوێر دەبێ و هەر زەین کوێریەکیش ڕەگی دەچێتەوە سەر ترسنۆکی.. تەرجەمە پردێکە بۆ گواستنەوەی شارستانیەت و ژیار لە نێو میللەتاندا و هەمیشە فاکتەرێکی گرینگی هەر ڕێنیسانسێکە.. تەماحی ئەهلی قەڵەم دەبێ هەمیشە گەورەتر بێ لەو کارەی کردوویەتی تا لە کاری تازەترا، تەجاوزی خۆی بکات و کێماسییەکانی پڕ بکاتەوە.. هەرکە لە کارێک بوومەتەوە، هەستم بە جۆرە ئاسوودەییەکی گومانئامێز کردووە، بەڵام تینوویەتیم نەشکاوە. قەڵەمڕانی تەبیعەتی ئاوی دەریای هەیە، چەندی لێ بخۆیتەوە تینوویەتیت ناشکێنێ، دەنا هەر نووسەرێک بە یەک کتێب تینوویەتی دەشکا و وازی دێنا.. نووسین هەوڵە بۆ یەزداندنی ژیان.. بۆیە لە دوای هەر کارێکی گوزارشتەوانی خۆم ئامادە کردووە بۆ کارێکی دواتر، چونکە قەناعەتم وایە هەر کۆتاییەک، سەرەتاییەکی تازەی لێدەکەوێتەوە.

> **نووسین هەوڵە بۆ یەزداندنی ژیان..**

**پرسیار:** ئەی خوێنەر، ناترسیت خوێنەر ڕاتبگریت؟

**وەڵام:** سەبارەت بە خوێنەر، من تا ڕادەی ترسان، ڕێز لە خوێنەر دەگرم، لە هەموو کارەکانما خوێنەرم لە بەرچاوە.. هەڵبەتە پرۆسەی وەرگێڕان لە ناو دەقدا کاردەکات، ئیدی دەقی فیکری یان فەلسەفی یان هونەری یان هەر کایەیەکی ئەپستمولوجی بێت، زندوویەتی دەقیش چ لە زمانی ئەسڵدا و چ لە زمانی وەرگێڕاندا، وەستاوەتە سەر خوێنەر، لە هاوکێشەی نووسیندا، نووسەر، پەیام، خوێنەر هەیە، کە پەیام و نووسین دەقایەتی خۆی وەرگرت، ئیدی نووسەر دەچێتە خانەی نەبووانەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە دەق و خوێنەرە. هەڵبەتە کلیلی کردنەوەی ڕاز و ڕەمزەکانی دەق بە خوێنەرە، کە خوێنەر کەوتە ناو پرۆسەی کەشفکاری دەقەکەوە و هیچی تازەی نەدۆزییەوە و هیچ لەزەتێکی ئیستاتیکی وەرنەگرت، خۆبەخۆ لە دەقەکە دەتۆرێ و تەوەلا دەبێت، کاتێ وەرگێڕ لە زمانی دووەمدا کار دەکات، دەبێ خۆی لە جێگەی خوێنەر دابنێ و بزانێ ئاخۆ توانیویەتی وەستایانە و بە زمانێکی ڕەوان و خویا پەیوەندی لە نێوان دەقەکە و خوێنەردا چێبکات.. وەرگێڕ کە دەقێک پاچڤە دەکات، دەبێ خوێنەری لە بەرچاو بێ، بە زمانی ئەوان کارەکەی ئەنجام بدات، تا دەتوانێ خۆی لە باندۆر و کاریگەری داڕشتن و ڕستەبەندی زمانی یەکەم دووربگرێ، بۆ نموونە وەرگێڕێکی کورد کە بابەتێک بۆ سەر زمانی کوردی وەردەگێڕێت، دەبێ بە کوردی بیربکاتەوە، نەک بە زمانی یەکەمی دەقەکە.. هەڵبەتە زندوویەتی و کاریگەری ڕۆشنبیریی دەق بە خوێنەرەوە بەندە و بە خوێنەر و لە خوێنەردا زندووە، بۆ نموونە زۆر دەق هەیە کە لە مێژە نووسەرەکانیان لە ژیاندا نەماون، بەڵام بە خۆیان لە جاران

زندووترن و له مەودایەکی بەربڵاوداو بە زمانانی جیاواز دەخوێنرێنەوە.. کەواتە خوێنەر گرینگە..

سەبارەت بە ڕەخنە، قەناعەتی تەواوم بەوەیە کە ئەرک و مەسئولیەتێکی فیکری هەستیار و زەروورییە و دەبێ بە سینگی فراوانەوە پێشوازی لێبکرێ.. بەڵام ژاوە ژاو و بیانووگری هەندێ خەڵکی سادومازوخیستی، دەکاتە سەگوەڕ و هەر سەگێ وەڕی و تۆ بەردێکت خێواندێ، کاتێکت زانی، میسقالی بەرد، لە هی زێڕ چووە سەرێ.. لە قالو بەلاوە گوتراوە " القافله تسير والكلاب تنبح" .

**پرسیاری دانزدەم:** خوێنەری جدی و وریا خاوەن فکر و سەلیقەیە پێش ڕاپەڕین کاریگەرتر بوون لەوەی ئێستا، وەکو چۆن پێشتر نێوەڕۆک گرنگتر بوو لەشێوە و فۆرم، ئێستاش ڕەنگە فۆرم لەنێوەڕۆک گرنگتر بێت، ئەم گۆڕانە دوور نییە کاریگەری لەسەر مەزاج و توانا و لێهاتووی خوێنەریش دروست کردبێت، بۆیە هەست دەکرێت خوێنەری جدی کەم بۆتەوە؟ لەشاخ نەک خودی دەقەکە، بەڵکو خاڵبەندی و دەربڕینەکان و وشەش دەبوونە مایەی گفتوگۆیەکی گەرم و بەرپرسانە، دەتوانیت پێمان بڵێیت کاری وەرگێڕان ئەو کات چۆن تۆی بەخوێنەر دەبەستایەوە؟. لەکاتێکدا خوێنەر چاودێرێکی وریای بەرهەمهێنانی دەق بوو.

**وەڵامی پرسیاری دوانزدەم:** هەڵبەتە زمان تا کراوەتر بێ وجدەگەڵ بەخشندە زمانەوانییە زندووەکاندا لە کارلێکدا بێ، لە ڕووی گوزارشتەوانیەوە دەوڵەمەندتر دەبێت، لە ڕووی داهێنانەوە خۆش دەستتر دەبێت و لە باری بەرهەمهێنانی فەلسەفی و هزری و هونەری و زانستییەوە شارستانیتر دەبێت.. جا بۆ نەگبەتی، زمانی کوردی هێشتاش زمانێکی نیمچە کێوییە و لە زۆر ڕووەوە گۆشەگیر

و ڕەنگە نەزۆکیش بێ! هەڵبەتە ئەمەش، جگە لە بێخاوەنی خودی زمانەکە، زۆر هۆی هەیە، یەکێک لەو هۆیە کوشندانە ئەو مامەڵە سیاسییە شۆڤینیستیانەیە کە تا ئەمڕۆ لە لایەن داگیرکەرانی کورد و کوردستانەوە دەگەڵ زمانی کوردیدا دەکرێت و دابڕان و دابڕاندنی ئابووری و بازرگانی و سیاسی و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و جوگرافی بەشەکانی کوردستان لە یەکدی، ئەمە جگە لە لاوازی و کورتبوردی گوتاری ڕۆشنبیریی کوردی کە نەیتوانیوە زۆرترین ژمارەی خوێنەری کورد لە دەوری خۆی خڕ بکاتەوە و بزاڤێکی چاندی و ڕۆشنبیریی سیما ڕۆشن بە ئاراستە نەتەوەییەکەدا وەگەڕ بخات. جا وەرگێڕێک کە زمان کەرەستەی هەرە سەرەکی کارەکەی بێ و ئەوەش حاڵی زمانی زکماکی بێ و بە خۆیشی توانایەکی زمانەوانی ئەوتۆی نەبێ، چۆن چۆنی لە مینجاڕی کاری وەرگێڕان بە سەلامەتی دەرباز دەبێت!!

**زمانی نووسین بە کوردی، بۆ سەدەی دەیەم بگەڕێتەوە، ئەوا زیاتر زمانی شیعر بووە،**

سەبارەت بە زمان و فەرهەنگی زمانی کوردی و پرۆسەی وەرگێڕان، دەبێ ئەوە بگوترێ کە زمانی نووسین زۆر لە سەرەتادایە، ئەگەر لە هەندێ بواری حەیاتی و ژیاریدا و لە ئاستی ناوخۆیی و لوکاڵی و ناوچەییدا سووکە بەخششێکی هەبێت، ئەوا لە زۆر بواری هەستیاری دیدا، لە سەرەتاشدا نییە. خۆ ئەگەر سەرەتای زمانی نووسین بە کوردی، بۆ سەدەی دەیەم بگەڕێتەوە، ئەوا زیاتر زمانی شیعر بووە، ناوبەناو، جاری وا هەبووە بە پەنجا سەد ساڵێ جارێک، شاعیرێک لەم ناوچەیە یان لەو دەڤەرە، بەم لەهجەیە یان بەو لەهجەیە پەیدا بووە و گوتارە شیعرییەکەی هێندە کەم بورد بووە، سنووری ئاقاری دەڤەرە تەنگەکەی خۆی نەبەزاندووە، ئەمجارەش ژمارەی ئەو شاعیرانە تا ئاخر و ئۆخری سەدەی هەژدە

و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە زۆر کەم بووە و شیعرستانی کوردی نە ئیلیادەیەک و نە ئودیسەیەکی تێدا بەدی ناکرێ.. ئەمە جگە لەوەی ئەو شیعرە کوردییەی لە هەندێ قۆناغی سەدەی نۆزدەیەم و بیستەمدا، لەگەڵ سەرهەڵدانی بیری ناسیۆنالیستیدا هەبووە، بە زۆری شیعری بەرخۆدان و مقاوەمەت بووە، کە وای خواستووە بە زمانێکی خوڕ و ڕاستەوخۆی ئەوتۆ بەرهەم بێت کە بە ئاستەم لە زمانی زارەکی هێوەتر ڕۆییوە و وەکو پێویست مەنگی و مەندی بەلاغەت و فەساحەتی زمانی ئەدەبی و نووسینی وەرنەگرتووە.. زمانی پەخشانیش کە لە ئاخر و ئۆخری سەدەی نوزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا سەری هەڵداوە، ئەویش وەکو مێژووی کورد نیمچە وەستاو و پچڕپچڕ و پەراگەندە بووەو وەکو گوتاریش، زیاتر دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی ناوچەیی هەبووە، تا سەرانسەری.. جا لەبەر ڕۆشنایی ئەم حەقیقەتانە، تا چاو بڕدەکات تەمەشا بکە و بەخۆت حوکم بدە کە ئەرکی ئەهلی قەڵەم، کە وەرگێڕ یەکێکە لەوان چەند قورس و دژوارە.

ئەوەی ڕاستی بێ لە کوردەواریدا پاشخانێکی خوێنەواری و ڕۆشنبیریی، ئەوتۆ بە زمانی کوردی نەبووە کە نووسین و خوێندنەوە ببێت بە باو وبەشێکی جدی لە ژیانمان، بۆ نموونە ئەگەر بابا تاهیری هەمەدانی، کە لە سەدەی دەیەما ژیاوە، یەکەم شاعیری کورد بێ، کە بە ڕادەیەک گەورە و داهێنەر بووە، دەبوایە خەڵکانێک چاوی لێبکەن و هەمان ڕێچکەی ئەویان بگرتایە بەر، کەچی مێژووی ڕۆشنبیریی کوردی لە دوای ئەوەوە هیچ دەنگ و ڕەنگێکی ڕۆشنبیریی و خوێنەواری، تا سەدەی پازدەیەم و دەرکەوتنی مەلا پەرێشان، تۆمار نەکردووە، واتە چەند سەدەیەکی بۆش و بەتاڵ، لە کتێب و خوێنەواری بە زمانی زکماک. کە کتێب نەبوو، خوێنەر نابێت.. سەرەتای نووسین لە کوردەواریدا زیاتر شیعر بووە، لە

ناوچەیەکی بەرتەسکی کوردستاندا بووە، نەگەییوەتە سەرانسەری کوردستان، چاپ و چاپەمەنی نەبووە، ئەو دەقە شیعریانە لە ئاستێکی بەربڵاودا، بڵاوببنەوە و خوێنەرێکی زۆر پەیدا بکات و بەزەبری هونەرییەتی خۆی پەلوپۆ بۆ دروستبوونی زمانی ستانداردی خوێندن و نووسین باوێ، کە مخابن تا ئێستاش ئەو کێشەیەمان هەیە.. ئەمە جگە لە غیابی دەوڵەتی کوردستانی و هەستیاری خوێنەواری کورد لە هەنبەر ڕۆشنبیریی و مەعریفەی داگیرکەرانی کورد و کوردستان..

**ئەوەی کە دڵی نووسەر خۆش دەکات، ئەوەیە کە لە میانی بەرهەمەکەیەوە، خوێنەر بکات بە دۆستی گیانی بە گیانی خۆی،**

بە هەرحاڵ خوێندنەوە دەکاتە پەیمانێکی ئازادی خۆڕسک لە نێوان خوێنەر و نووسەردا، هەردووکیان متمانە بەیەکدی دەکەن. سەرچاوەی سەرەکی کتێب ژیان و گەردوون، ئینسان و ئازادی ئینسانە، کەواتە کتێب بۆ خۆی نەک هەر ئەزموونێکی ئاساییە، بەڵکو چڕە ئەزموونێکی پڕ ڕەمز و ڕازە، فزوڵی و کونجکاوی خوێنەر دەبزوێنێ و گیانی کەشفکاری لەلا دەهاڕوژێنێ.. هەر دەقێک توانی وا لە خوێنەر بکات کە ژیان لە دوای خوێندنەوەی دەقەکە جیاوازتر، لە پێش خوێندنەوەی دەقەکە بدینێ، مانای وایە سەرکەوتووە.. ئەوەی کە دڵی نووسەر خۆش دەکات، ئەوەیە کە لە میانی بەرهەمەکەیەوە، خوێنەر بکات بە دۆستی گیانی بە گیانی خۆی، پێموایە هەر نووسەر و داهێنەرێکی دڵسۆزو ڕاستگۆ سەدان و هەزاران دۆستی نەناسی لە سەرانسەری جیهاندا هەیە، نووسەر و داهێنەری وا هەن دەیان و سەدان ساڵە لە ژیاندا نەماون، ڕەنگە لە ژیانا دۆستیان نەبووبێ، یان چەند دۆستێکی کەمیان هەبووبێ، کەچی ئەمڕۆ، لە ڕێگەی بەرهەمەکانییەوە لەناو هەزاران دۆستا لە زمانە جیاوازەکاندا دەژی. بۆ نموونە کێهە خوێنەر خەڵکانی وەکو

هومیرۆس، شەکسپیر، تولستوی، دوستویڤسکی و خەیام و... هتد بە دۆست و ئاشنای خۆی نازانێ. کتێب بە زمانی وشە هەموو تیرەی بەشەر دەدوێنێ، وشە لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا ئەمرۆ دەستکەوتە شارستانی و ژیارییەکانی تیرەی بەشەری پاراستووە و بووە بە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی کەشفکردنی بونیادی فیکری و دەروونی بەشەر لە هەر شوێن و کاتێکا، وشە خۆی لە خۆیدا شۆڕشێکی گەورە و سەرکەوتنێکی بەشەری گەورە بووە کە دڕی بە جەهالەت و پاشکەوتن داوەو بناغەی تەلاری شارستانیەتی دامەزراندووە.. تا وشە بمێنێ، کتێب دەمێنێ، تا کتێب هەبێ، خوێنەریش دەبێ.

خوێنەری جدی هاوتای نووسەرە، خوێندنەوە لە بنەڕەتدا دەبێ کردەیەکی فیلیڤانی (**ابداعی**) بێت، بۆیە بێ خوێنەری جدی، کتێب دەمرێت، دەبێ بە خوراکی تەپ و تۆزی سەر ڕەفەی کتێبخانان.. ئەو کەسەی بیری چاک لە ڕێگەی وشەی پاکەوە بڵاو دەکاتەوە، ڕۆحی داهێنان ئاوپرژێن دەکات و دەگەشێنێتەوە.. کتێب خوێندنەوەیەکی فیلیڤانی، گرتەیەک، دیمەنێک، بویەرێک، دیاردەیەک لە دیاردە بێ کۆتایی و هەمیشە لە گۆڕانەکانی ژیانە، بۆیە نووسەرێک نووسەر بێ، دەبێ لە پێش هەموو شتێکا خوێنەرێکی زۆر جدی بێ و لە هەر خوێنەرێکی دی باشتر بێ.

خوێنەر زیاتر مایلە بەلای ئەو کتێبانەدا کە گوزارشت لەو دنیایە دەکەن کە ئەو تیایدا دەژی، گوزارشت لە خەم وخولیا و کەڵکەڵە و ساتە زندووە مرۆڤانیەکانی ئەو دەکەن. بۆیە هەقە وەکو چۆن بەبێ خۆراک هەڵناکات، بەو ئاوایەش بایەخ بە خوێندنەوە بدات، خوێنەری باش مایلە بەلای کتێبی باشدا، دەبێ بە خۆی کتێبی باش کەشف بکات، خوێنەر تا زیاتر بخوێنێتەوە، گیانی ڕەخنەوانی لە لا زیاتر دەڕسکێ، کە ئەمە ئامیانی پێشکەوتن و بایسی ڕیشاژۆ کردنی

دیموکراتیەتە، خوێنەر لە کتێبدا دەگەڵ ڕاز و ڕەمزدا مامەڵە دەکات، هەموو ڕاز و ڕەمزێک خولیای کەشفکاری لەلا دروست دەکات.

کتێب کە بڵاوبووەوە، لە نووسەرەکەی دادەبڕێت و زیاتر سەروکار دەگەڵ خوێنەردا پەیدا دەکات، ئەوەندەی بە خوێنەرەوە زندووە، بە نووسەرەوە زندوو نییە، نووسەر دەچێتە خانەی نەبووانەوە و بە کتێبەکەوە، لە ڕووی مەعنەوییەوە زندووە. تا کتێب هەبێ، خوێنەر دەبێ.. ڕەنگە سەردەمی کتێبی کاغەزین بەسەر بچێ، بەڵام کتێب لە فۆرم و شێوەی تردا، خۆی دەنوێنێ.. ژیان بۆ خۆی کتێبە، بە قووڵی ژیان، ئینسانیانە ژیان، خوێندنەوەیە.

**لە پێش ڕاپەڕین دا، دنیای ئێمەی کورد زۆر داخراو بوو،**

بێ دەوڵەتی کردوویەتیە کارێک کە بە ئەزموونی خۆمان مومارەسەی ژیان نەکەین، بە ئەزموونی خۆمان کایە جیاوازەکانی ژیان بەرهەم نەهێنین، بەڵکو ئەزموونی داگیرکەرانی کوردستانمان بەسەردا سەپێنراوە، مێژوومان، مێژوویەکی نیمچە وەستاو و پچڕپچڕ بووە، بۆیە بیرکردنەوە و هزرینیشمان پچڕپچڕە، نەفەسمان کورتە و پشوو درێژی ئەو میللەتانەمان نییە کە ڕەوت و کاروانی مێژوویان لە پچڕان و دابڕان بە دوور بووەو بە شیوەیەکی سروشتی و ئاسایی قۆناغە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانیان بڕیوە.. هەڵبەتە پچڕپچڕی بیرکردنەوەی ئێمەی کورد، کە زادەی واقیعی کۆمەڵایەتی و پچڕپچڕی میللەتەکەمانە، سێبەری بە سەر هەموو بوارەکانی ژیانمانەوە دیارە. تەنانەت ئەو پاشاگەردانیەی لەهەموو بوارەکانی حوکمڕانی هەرێمی کوردستاندا هەیە، لە باندۆر و کاریگەری ئەو دیاردەیە بەدەر نییە، کە هەرچی دەکەین، فریای کاروانی لەزگینی سەردەمی گڵۆباڵ ناکەوین!..

بەهەرحاڵ، لە پێش ڕاپەڕین دا، دنیای ئێمەی کورد زۆر داخراو بوو، کەناڵە ڕۆشنبیرییەکان زیاتر کتێب بوون، ئاشکراشە کە ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا، هەرگیز ئارامی بە خۆوە نەدیتوە. بە کورتی کورد خۆی خاوەنی خۆی نەبووە، دەوڵەتی خۆی نەبووە و لە ماڵی خۆیدا حیسابی بێگانەیەکی ناحەزی بۆ کراوە و هەزار و یەک جۆرە سانسۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و مێژوویی و جوگرافی و ڕۆشنبیریی خراوەتە سەر.. دیارە ئەم کەش و هەوایە، یارمەتی سەرهەڵدانی بزاڤێکی فیکری چالاک نادات.. بۆیە لەم کاودانەدا بەرهەم کەم دەبێت. بەتایبەتی سەرچاوە و کتێبی فیکری و سیاسی کە لە کورد قەدەغە بووە.

میللەتی کورد لەهەر میللەتێکی تری ڕۆژهەڵات، پتر گیرۆدەی سانسۆر و سانسۆرچیان، بە ئێستاشەوە بووە. بۆیە هیچ سەیر نییە گەر ئەم حاڵەتە نادروستە تێکەڵ بە پێکهاتەی دەروونی و عەقڵی مرۆڤی کورد بووبێ و تووشی نەخۆشی خود سانسۆری کردبێ؛ واتا ئەگەر چاوی کەسیشی لێ دیار نەبووبێ و نەبێ خۆی، خۆی سانسۆر بکات. ئەم دیاردەیە لەهەموو بوارەکانی ژیانیدا بەدی دەکرێ و ئەدەبیات وەکو بەشێکی گرینگی ژیانی ڕۆشنبیریی یەکێکە لەو بوارانە.. بێگومان لەو قۆناغ و سەردەمانەدا کە دەرفەتی ڕەخنەگرتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی نامێنێ، ئەرکی ئەدیب قورستر دەبێ، لە پاڵ ئەرکی هونەریدا، ئەرکی ڕەخنەگری سیاسی و کۆمەڵایەتیشی وە ئەستۆ دکەوێ. دیارە ئەم حاڵەتەش بارێکی قورسە و زۆر جار لایەنی هونەری تیا فەرامۆش دەکرێ، دەکرێ بە قوربانی هەندێ کاری دروشمبازی و ڕازیکردنی کۆمەڵایەتی زاڵ دەبێت و ئاستی هونەریی دادەبەزێ.. جا لەم جۆرە قۆناغەدا کە دەربڕینی مەبەستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان زاڵ دەبن، بەرەبەرە ئەدەبیاتی سۆز بزوێن و عەوام پەسند، جێگەی ئەدەبیاتی فیلیڤانی

مەند و قووڵ و فرە دەلالەت و هونەریی دەگرێتەوە و .. ئیدی خوێنەری کەم عومقی سانسۆر زەدەی تینووی تاقە وشەیەک، بە پیری ئەو ئەدەبیاتە عەوام پەسندەوە دەچێ.. ئیدی هەم خوێنەر دەستخەڕۆ دەبێ و هەم نووسەر، ڕمووودەی ئەو جۆرە ئەدەبیاتە دەبێ و دەستبەرداری نابێت.. هەڵبەتە ئەدەبیاتی سەتحیش لە بری کەشف کردنی نهێنیەکانی ژیان و پیشاندانیان لە قاڵبێکی هونەریی ڕەسەن و سەربە تەمی فیلیڤانی و بارگاوی بە فرە مانایی، دێ بە شێوازێکی سادە و زۆرجار نا هونەری، بابەتە ڕۆژانە سواو و ڕەوتەنییەکانی ژیان دەخاتە ڕوو، هیچ کەشفێکی تازە دەربارەی ژیان پیشان نادات.. دیارە ئەم سەتحیەتە بەشێکی تەواوی دەگەڕێتەوە بۆ جەماوەری خوێنەر، چونکە جەماوەر وەکو هێزێکی پەنهانی دەتوانێ هونەری مەزن بخوڵقێنێ، هونەری مەزن وەک دەڵێن پێویستی بە خوێنەری مەزنە، نەک خوێنەری دەقکوژ.

خۆ ئەگەر ئێستا، جارێکی دی بە چالاکییە ئەدەبی وڕۆشنبیرییەکانی پێش ڕاپەڕیندا بچینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە سەدەمی پێشوازی کردنی خەڵکی لەو چالاکییانە، زیاتر تینوویەتی سیاسی خەڵکەکە بووە، تا لەو ڕێگەیەوە هەندێ ترس ونائومێدی خۆی بڕەوێنێتەوە. واتە ئەو خوێنەرە جدییەی کە جەنابت باسی دەکەی، زیاتر عەوداڵی بەیاننامەیەکی سەرڤە سەرڤەی سۆز بزوێنی حیزب و دروشمێکی حیزبیانەی سەتحی سەر دیواران بووە، تا ڕمووودەی شاکارێکی ڕۆشنبیریی، سەخت فامی، فرە دەلالەتی، هونەریی عەقڵ بزوێنی ڕەخنەساز.. کە لە کۆڕەکە دەرچووە، یان لە خوێندنەوەی بەرهەمەکە بووەتەوە، ڕەنگە تاقە یەک ڕستەی بەدل بووبێ و هەرگیز وەکو کارێکی هونەری باسی ئەو دەقەی نەکردووە کە گوێی لێبووە، هەڵبەتە ئەو جەماوەرەش زیاتر گوهدار بوون تا خوێنەر، دیاریشە گوێگر ئەهلی حیکایەتە و خوێنەریش ئەهلی

خوێندنەوە، بۆیە جەماوەرەکە، جەماوەرێکی سەتحی بووە و زیاتر عەودالی دروشمیێ بووە کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ تینوویەتی سیاسی بشکێنێ.. پێش ڕاپەڕین

> **ئێمە لە قەیرانێکی کوشندەی ڕەخنەدا دەژین،**

ژمارەی خوێنەوار کەمتر بووە، ژمارەی ئەو خەڵکانەی زمانانی زندووی بیانیان زانیوە کەمتر بووە، ئازادی ڕادەربڕین یان نەبووە یان یەجگار کەم بووە.. خۆ دوای ڕاپەڕین، ڕاستە دەرگا و پەنجەرەی زۆرمان لێکرایەوە، کەناڵە ڕۆشنبیرییەکان زۆر و هەمەجۆر بوون، کەناڵێن ئەلیکترۆنی، دنیای غەزو کرد، خوێنەر، بە ئاسانی دەستی دەگاتە سەرچاوە ڕۆشنبیرییەکان، ژمارەی خەڵکانێ کە زمانانی بیانی دەزانن زۆر بوون، بەڵام خوێنەری جدی کەمن، خوێنەری سەتحی زۆرن. من پێموایە، خوێنەری جدیمان لە هەر دوو قۆناغەکەدا، کەم بووە و کەمە، بەڵگەشم غیابی ڕەخنەیە، ئێمە لە قەیرانێکی کوشندەی ڕەخنەدا دەژین، ئەم قەیرانە، لە هەموو کایەکانی ژیانماندا زۆر زەقە.. سەبارەت بە کاری وەرگێڕانی ئەوسای من و پەیوەندی دەگەڵ خوێنەردا، دووپاتی دەکەمەوە کە خوێندنەوە دەکاتە پەیمانێکی ئازادی خۆڕسک لە نێوان خوێنەر و نووسەردا، هەر دووکیان متمانە بە یەک دەکەن، وادیارە بەندە، لە وەرگێڕانەکانما، توانیوومە ئەو بابەتانە هەڵبژێرم، کە خوێنەر گومگەشتەی خۆی تیا بدۆزێتەوە و تینویەتیە سیاسیەکانی خۆی پێ بشکێنێ و..

سەبارەت بەنێوەڕۆک و فورم و جیاکردنەوەیان، کامیان لەوی دی گرنگترە، پێموایە ئەم جیاکردنەوەیە لە بنەڕەتدا جیاکردنەوەیەکی سیاسی ئایدۆلۆژییە.. چونکە لە دەقدا، بە تایبەتی لە دەقێن ئەدەبی و هونەری دا، شێوە و نێوەڕۆک، بەجۆرێ ئاوێتەن، لێکدی نایەنە

جیاکردنەوە.. پێویستە وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەریی مامەڵەی لە تەکدا بکرێ، سیحری دەق لە تەکنیکدایە.

## دەق

**پرسیاری سێزدەم:** دەق پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، لەکاتێکدا هەندێک گەیشتوونەتە ئەوەی بڵێن هێما و وێنە و دروشمێکیش هەمان ئەرک و پەیام و مەبەست و شێواز لەنێو دەقدا لەخۆ بگرێت ، کە خودی دەق لەنێو کتێبێکدا هەیەتی. واتە دەق لەم سەردەمەدا مەرج نییە پێوانە بکرێت بەقەبارە و ژمارەی ڕستە و لاپەڕەوە، بەڕای ئێوە دەق چ دەگەیەنێت و لەم سەردەمەدا پێتان وایە دەق چ دەگرێتەوە؟

**وەڵامی پرسیاری سێزدەم:** بەهەرحاڵ ئەگەر بڕەک ورد سەرنج بدەین، دەبینین مرۆڤ لە هەموو لایەکەوە بە دەق گەمارۆ دراوە، ڕووبکاتە هەر کوێیەک لووتی دەتەقێ بە کۆمەڵێک دەقەوە، ئیدی لە وەزیفەی قوتابخانە و دوکیومێنتانی کارگێڕی و دەقێن کەلتووری و زانستیەوە بیگرە و پێیدا بڕۆ بۆ دەلیلی تەلەفۆنات و مەوعیدی دەرچوون و گەیشتنی شەمەندەفەر و ترۆمبێل و فڕۆکانەوە تا دەگاتە دەقی ئەدەبی و هونەری.. هتد. ئەمانە هەر هەموویان دەکەنە دەق و دەبێت بە جۆرێکی تایبەتی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ و ڕاز و ڕەمزەکانیان هەڵبهێنرێن و بکرێنەوە و بخوێنرێنەوە و لێکبدرێنەوەو ڕاڤە و شرۆڤە بکرێن.. لێرەدا زیاتر دەقی ئەدەبیمان مەبەستە.. مرۆڤ بۆ خۆی و لە خودی خۆیدا هەم دەقە و هەم ئافەرێنەری دەقە. ئیدی دەق هەیە زۆر سخ و سفت و چڕ و چووغوردە، بە ئاسانی ڕێی نابرێتە ناو و زوو دەستەمۆ نابێت و بە ئاسانی خۆی

بەدەستەوە نادات و خوێندنەوەی جیاواز و هەمەجۆر هەڵدەگرێ و وەکو شوان هەڵخەڵەتێنە، خوێنەر ڕادەکێشێت و کاتێ بە خۆی دەزانێ کەوتووەتە دنیایەکی چرە ڕەمز و

**دەقی ئەدەبی و هونەری بەیەک مانا بارگاوی نییە،**

ڕازی ئەوتۆوە کە هیچ جۆرە سازش و دەستەمۆ بوونیک قەبووڵ ناکات، بۆیە چاری ناچارە دەسبەرداری هەر میتۆدێکی پێشوەختە و کلێشەیی ببێت و هەوڵبدات سەرەداوە هونەری و ئەپستمولوژیەکانی بندێڕی دەقەکە بدۆزێتەوە و بە کۆمەکی ئەو سەرەداوانە میتۆدێکی پڕ بە پێستی دەقەکە بەرهەم بهێنێت و بکەوێتە ڕاڤە و تەئویل و ئیحتیمالات، واتە خوێنەری جدی هەقی بەسەر زروفی لە دایکبوونی دەقەوە نییە، بەڵکو وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری مامەڵەی لە تەکدا دەکات، زیاتر دەقایەتی دەقی مەبەستە، ئەمەش وا دەخوازێ کار بۆ کەشفکردنی پێکهاتە ئیستاتیکی و هونەری و بونیادییەکەی دەق بکات و بەشێوازێکی هوشیارانە مامەڵە دەگەڵ دەقەکەدا بکات و ڕەگەزەکانی لەبەر یەک هەڵبوەشێنێتەوە و پێکهاتەکەی شیبکاتەوە و لە ئەنجاما مەعریفەتێکی زانستیانەی تایبەت بە دەقەکە بەرهەم بهێنێت. بەڵام دەبێ ئەوەش ڕەچاو بکرێ کە دەقی ئەدەبی و هونەری بەیەک مانا بارگاوی نییە، بەڵکو بە دنیایەک دەلالەت و مانا ئاوس و بارگاوییە، تا حەزکەی مانا و دەلالەتانی لە خۆ گرتووە.

خوێنەری جدی لە کەوشەن و سنووری ئەنتولوژی دەق دەرناچێ، وەکو چۆن هەیە، ئاوا مامەڵەی لە تەکدا دەکات.

**پرسیار:** واتە دەق پێویستی بە خوێنەرێکی کاریگەر و جدی و پسپۆڕ دەبێت؟

**وەڵام:** دەقی مەزن، پێویستی بە خوێنەری جدی و مەزنە. دەق کێڵگەیەکی ئەفسووناوی مانایانە، دەق کە دەقایەتی وەرگرت، بێگومان دەقی دی لێدەکەوێتەوە. بۆ نموونە بابەتی ئۆدیسە، لە دەیان دەقدا بە بونیادی جیاواز بەرهەم هێنراوەتەوە، قورئان، سەدان و بگرە هەزاران دەقی لێکەوتووەتەوە، بەڵام هیچیان خودی قورئان نین.. شەرح و شرۆڤە و ڕاڤە و هیرمۆنیتیکا، هەر یەکەیان شێوەیەکە لەشێوەکانی بەرهەمهێنانی دەق لە یەک یان چەند دەقێکی ترەوە.. بەم پێوەدانگە پاچڤەش، دەکاتە شێوەیەک لەشێوەکانی بەرهەمهێنانی دەق.

**پرسیاری چواردەم:** لە سەردەمی شاخدا، واتە چل – پەنجا ساڵ بەر لەئێستا چۆن وەسفی دەقتان دەکرد، لای تۆ دەق چی دەگرتەوە و سیاسییەکان، پێشمەرگەی چەکدار و هێزێکی شەڕکەر چۆن بیریان لەدەق دەکردەوە؟

ئایا ئەو کات بەیانێکی سیاسیان وەکو دەقێک پێناسە دەکرد، یان لەکردەوەدا چەمکی دەق و تێگەیشتن لەخودی دەق هەمان ئەو ئەرک و تێگەیستن و لێکدانەوەی نەبوو، کە ئێستا لێی دەڕوانرێت؟

**وەڵامی پرسیاری چواردەم:** زمان وەکو ژیان هەمیشە لە گۆڕاندایە و بەدەم گۆڕانکاریەکانی ژیانەوە وشە و زاراوەی لێهەڵدەوەرێ و پەیڤ و تێرم و چەمک و مانای تازەی دێتە ناو، واتە لە زاوزێ و لە حاڵی خۆ تازە کردنەوەی بەردەوامدایە. بۆیە هەموو ئەوانەی سەروکاریان لە گەڵ زمان و بە کارهێنانی زماندایە، بۆ ئەوەی لە دیاردەی زاوزێی تازەی زمان غافڵ نەبن، دەبێ بە

بەردەوامی پەیگیری دیاردەی نۆزایی زمان بکەن. وشەی دەق، لە ناو زمانی کوردیدا هەبووە و هەیە، بەڵام بە کارهێنانەکەی بەم مانا و مەبەستەی ئێستا نەبووە، پێموایە مامۆستا عەلائەدین سەجادی یەکەمجار بە مانا ئەدەبییەکەی بەکاری بردووە، لە حەفتایەکانی سەدەی بیستدا، کتێبێکی بە ناونیشانی دەقەکانی ئەدەبی کوردی بڵاو کردەوەتەوە.. لە شاخا و بەر لە چل پەنجا ساڵ، وشەی دەق وەکو زاراوەیەکی باوی دنیای ئەدەبیات باونەبوو، دەق، بەگوێرەی ژانرەکەی: چیرۆک، چیرۆکی کورت، ڕومان، شیعر بە هەموو جۆرەکانییەوە: غەزەل، قەسیدە، چوارینە... وتار بە هەموو جۆرەکانییەوە: سیاسی، ئەدەبی، ڕۆشنبیریی پۆلێن و وەسف دەکرا.. دەق بە لای منەوە زیاتر ئەدەبی دەگرتەوە..

سەبارەت بە سیاسییەکان و پێشمەرگەی چەکدار، هەڵبەتە عەودالی بەرهەمێک بوون، تینوویەتی سیاسیان بشکێنێ، ئیدی گرینگ نەبوو ئەو بەرهەمە لە چ خانەیەکی ڕۆشنبیریدایە.. تەکنیکی نووسین، بۆ ئەوان مەسەلەیەک نەبوو، دەقایەتی گرینگ نەبوو، هەر بەرهەم و دەقێک، بە هەر گوزارشتێک لە خزمەتی بڵاوکردنەوە و چەسپاندنی ئایدۆلۆژیای ئەوان بوایە، بەرهەمی چاک بوو و پێچەوانەش پێچەوانە بوو.. بەندە قەناعەتم وایە، هەر سیاسییەک پێ بحەسێت یان نا، لە ناخی خۆیدا باوەڕی بەوەیە کە لە ڕای "مەبەست گشت ناڕەوایەک، ڕەوایە" و کاری لە سەر دەکات..

**سەبارەت بە دەق و دەقایەتی، ئەوسا و لە شاخ ئەمجۆرە تێگەیشتن و لێکدانەوەیە نەبوو.**

ئێستا لەبەر ڕۆشنایی چەمک و زاراوەی دەقدا، دەشێت نامەیەک لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی، یان بۆ دەزگایەکی کارگێڕی، یان بەیانێکی سیاسی، نووسینێکی سەر دیوار، یان وتارێکی ئایدۆلۆژی، یان کۆمەڵە دەقێکی میدیایی، یان دەقی بانگەشەیی یان وتارێکی

ڕۆژنامەڤانی و... هتد، هەموو ئەمانە دەق بن، چونکە بە شێواز و تۆنێکی سینتاکسی و ڕەوانبێژی، بەڵام پەیوەستن بە کات و شوێن و سات و بۆنەیەکی تایبەتییەوە، هەرکە کات و سات و بۆنەکەی بە سەرچوو، ئەویش بەسەر دەچێت و مردار دەبێتەوە. ئەم جۆرە دەقە تەنیا یە؛ مانا هەڵدەگرێ، لە دوای گەیشتنی پەیامەکەی ئیدی ماناکەی بەتاڵ دەبێتەوە و دەقەکەش چونکە هیچ چڕییەکی کەلتووری نییە، دەپوکێتەوە و پێویستی بە هیچ شرۆڤەکار یان پرۆسەیەکی هیرمۆنەتیکی نامێنێ، چونکە هەلومەرجە شارستانی و کەلتوورییەکەی بە سەر دەچێت.. دیارە سەبارەت بە دەق و دەقایەتی، ئەوسا و لە شاخ ئەمجۆرە تێگەیشتن و لێکدانەوەیە نەبوو.

**پرسیاری پانزدەم:** کۆچی سوور دەقێکی بەرهەڵستکارانەیە لەنێو هەناوی بەرهەڵستکاری، یان دەقێکی ناڕازییە لەنێو ڕازیی نەبووندا بەرهەمهێنراوە، دەقێکی ڕەخنەگرانەیە لەخودی شۆڕش لەنێو خودی ڕەخنەیەکی گشتگیری دژ بە حکوومەتی عێراقی بەرهەمهێنراوە؟. ئایا بەکردە و بەشێوەیەکی واقیعی و هەقیقی ئەو کات وەکو دەق مامەڵەیان لەگەڵ ئەم دەقەی تۆ کرد، یان خرایە سەنگەرێکی ترسناکی دەرەوەی دەق و وەکو بوونەوەرێکی نامۆ و دژ بە بەرژەوەندییەکانی شۆڕش و هەندێک کەسی نێو شۆڕشدا مامەڵەی لەگەڵ کرا؟

ئایا دەقەکانی موحەمەد موکری مامەڵەی دەقی لەگەڵ کرا، یان وەکو هێزێکی تۆقێنەری دژی تۆقێنەران مامەڵەی لەگەڵ کرا، تا دەگاتە وتارێک کە ئەو کاتە پێیان نەدەگوت (دەق) لەبەرەی کوردستانی ببێتە هۆکار بۆ دەرکردنی بڕیاری کوشتنی نووسەرەکەی. مەبەستم ئەوەیە پێتان وابوو (شاخ) بتوانێت دەق بەرهەمبهێنێت؟

ئەگەر بەرهەمی هێناوە چ جۆرە پێناسەیەک بۆ دەقی سەردەمی شاخ و خەباتی چەکداری دەکرێت؟.

**وەڵامی پرسیاری پانزدەم:** کۆچی سوور، لە مانگی یازدەی ١٩٨٦، لە گوندی یاخسەمەر کە ئەوکات بارەگای یەکێتیی نووسەرانی کوردستان لەوێندەر بوو، کە بەندە، بە حوکمی ئەوەی هیچ وابەستەگییەکی حیزبایەتیم نەبوو، لە هیچ بارەگایەکی حیزبیدا نەدەحەوامەوە، مەگەر بە میوانی، بۆیە لە ئاکنجیانی بەردەوامی بارەگای نووسەران بووم.. بەهەرحاڵ لە ساڵی ١٩٨٨ دا، لە کاولان، لە چاپخانەی شەهید ساڵح یوسفی، لای برادەرانی حسک، بە چل پەنجا نوسخەیەک چاپ کرا... من بەش بەحاڵی خۆم کۆچی سوور، لە واری چیرۆکنووسی خۆما، بە جۆرە وەرچەرخانێک دەزانم و لەواری تەکنیکیشدا، کە پێموایە ئەفسوونی دەق لە تەکنیکدایە، نەبێ بە خۆ هەڵکێشان، جۆرە پێشەنگایەتیەکی تۆمار کردووە.. کە بڵاوبووەوە، نەک مامەڵەی دەقی لە گەڵ نەکرا، بەڵکو بە ئەمری (نەوشیراون مستەفا) کۆکرایەوە و لە (قاسمە ڕەش)ی مەرزی سەردەشت، سووتێنرا، ئەمە جگە لە هەڕەشە و هەوڵی کوشتنی بەندە!!

**بەهەرحاڵ کۆچی سوور دەقە، یەکێک لە خەسڵەتە جەوهەرییەکانی دەق، بە پێچەوانەی سیاسەتەوە، قاڵب شکێنییە؛**

بەهەرحاڵ کۆچی سوور دەقە، یەکێک لە خەسڵەتە جەوهەرییەکانی دەق، بە پێچەوانەی سیاسەتەوە، قاڵب شکێنییە؛ هەر لەم پێودانگەوە شۆڕشگێڕییەتی بەردەوام وەردەگرێ.. دەق کە توانی وا لە خوێنەر بکات، ژیان لە دوای خوێندنەوەی دەقەکە جیاوازتر لە پێش خوێندنەوەی دەقەکە ببینێ، بە بابایەکی سیاسی قووت ناچێ! پێموایە ئەمە سەدەمی بنەڕەتی سووتاندنی کۆچی سوور بوو..

سیاسەت لە بنەڕەتدا کارێکی دەستەجەمی بووە. هەمیشە بە پشتیوانی تاقمێک، خێڵێک، بنەماڵەیەک، نەتەوەیەک، چینێکەوە یان حیزبێکەوە کاری کردووە، واتە بۆ پیادەکردنی سیاسەت دەبێ کۆمەڵێک هەبێ. (کۆمەڵ + سیاسەت= ئامانج). بۆیە سیاسەت لەم حاڵە بترازێ، دەبێتە شتێکی تاکپەروەرانەی ڕۆمانسیانە و گەلێک ڕەفتار و خەون و خەیاڵی دۆنکیشیۆتانەی بەگەڵ دەکەوێ. هەر بۆیە ئاساییە کە سیاسەت هەوڵبدا هەموو بوارەکانی ژیان بخاتە ژێر ڕکێف و دەسەلاتی خۆیەوە، ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی، یەکێکە لەو مەیدانە زۆر گرینگانەی کە سیاسەت ئاوڕی لێداوەتەوە و هەوڵی ڕاوکردن و دەستەمۆکردنی داوە. هەر ژانرە ئەدەبێک لە گەڵ ڕەوش و ڕێبازی هەر سیاسەتێک نەبووبێ، کەوتووەتە بەر تانە و توانج و پەلامار و هێرشی لایەنگران و کادیرانی ئەو سیاسەتە دیاریکراوەوە، تەنانەت هەڵگرانی بیروباوەڕە ئاینییە زەمینی و ئاسمانیەکانیش کە لە سیاسەت بەدەر نین- ڕاوە قەڵەم و ئەهلی قەڵەمیان کردووە.. کێشەی حیزبەکانی مە، ئەوە بوو و ئەوەیە کە باوەڕیان بە بێ لایەنی تاک نییە، یان دۆستمی یان دژمنمی، جگە لە ڕەش یان سپی، لەو بەینەدا هیچ ڕەنگێکی دی قەبووڵ نەدەکرا.. بۆیە هەر بابەتێک، لە ڕوانگەی سیاسەت و حیزبایەتیەوە مامەڵەی لە تەکدا دەکرا، بۆیە بەو نەفەسەوە مامەڵە لە گەڵ دەقی (سەگوەڕ)ی محەمەد موکریدا کرا. دەنا ئەگەر وەکو دەق مامەڵەی دەگەڵ کرابا، هیچ بەد حاڵی بوونێک ڕووی نەدەدا و لە توندترین هەڵوێستدا حیسابی دەقێکی

**هەر ژانرە ئەدەبێک لە گەڵ ڕەوش و ڕێبازی هەر سیاسەتێک نەبووبێ، کەوتووەتە بەر تانە و توانج و پەلامار و هێرشی لایەنگران و کادیرانی ئەو سیاسەتە دیاریکراوەوە،**

**لە شاخ دەق بەرهەم هاتووە.. دەق دەکاتە پردی نێوان نووسەر و خوێنەر،**

داخراوی بۆ دەکراو دەبڕایەوە.. سیاسەتوان، بۆ ئەوەی لە هەر توندڕەوی و ڕادیکاڵیەتێک دوور بکەوێتەوە، زەرووریيە، ئەگەر ناوبەناویش بووە ئەدەب بخوێنێتەوە..

**پرسیار:** سەگوەڕ بۆچی دەبێتە سێرەی توندڕەویی، چۆن موحەمەد موکری ژیانی پارێزرا، ئەوانەی دەوریان هەبوو لە ساردکرنەوەی دۆخەکە کێ بوون؟

سەبارەت بە دەق وشاخ، بیرکردنەوەی شاخ و شاری کورد، بەتایبەتی لەو سەردەمانەدا، زۆر جیاواز نەبوو، من بەش بە حاڵی خۆم، بە گومانەوە لە شاریەتی شارەکانی کوردستانی باشوور دەڕوانم! ئایا پڕ بە پێستی شار، شارن، یان گوندی گەورەن؟!

**وەڵام:** دەق بەر لە هەر شتێک دەکاتە مومارەسەی نووسین، یانی مومارەسەیەکی ڕەمزی ئیستاتیکی. جا لێرەدا هەر دوو چەمکی دەق و نووسین بەڕادەیەک لێکدی نزیک دەبنەوە، دەتوانرێ بگوترێ دەق بە بێ نووسین چێنابێت.. ئیدی دەق، وەکو بەرهەمێکی کەلتووری حوزوورێکی ئەوتۆ لە ژیانی کەلتووریدا پەیدا دەکات کە پێویستە لە چوارچێوەی زانستێکی تایبەتیدا مامەڵەی لەگەڵدا بکری، کە ئەویش دەقناسییە.. هەڵبەتە بە بۆچوونی هەندێ لە دەقناسانی شارەزا، دەق ڕووداوێکی پەیڤەوانییە، ڕووداویش بە گوێرەی چەمکی ئەرەستۆیی نە دووبارە دەبێتەوە و نە بەرهەم دەهێنرێتەوە، بۆیە دەقی زیندوو؛ کراوە لە گەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا تازە دەبێتەوە نەک دووبارە.. ڕاستە دەق بەرهەمێکی زمانەوانی چلۆنایەتیە، بەڵام زمان وەکو خۆی دووبارە ناکاتەوە، بەڵکو سەر لە نوێ دەیخوڵقێنێتەوە و شەحن و چارچی دەکاتەوە و لە مانا و دەلالەتە قامووسییەکەی

دووری دەخاتەوە و ڕەمز و ڕازەکانی کەشف دەکات و خۆی بە یەک دەلالەت و ماناوە نابەستێتەوە و بەمەش دەقایەتی خۆی وەردەگرێت و لە نا دەق جیادەبێتەوە.. تەنیا ئەو دەقە مەزنانە دەقیان لێدەکەوێتەوە کە خوێندنەوەی هەمە جۆر هەڵدەگرن، کە ڕاڤە و شرۆڤە هیرمونەتیکای جیاواز هەڵدەگرن و هەر سەردەمێک خوێندنەوەی تایبەتی خۆی بۆ دەکات.. بەم پێودانگە پاچڤەش شێوەیەکە لە شێوەکانی بەرهەمهێنانی دەق.. کەواتە لە شاخ دەق بەرهەم هاتووە.. دەق دەکاتە پردی نێوان نووسەر و خوێنەر، واتە تەواصل و گەیاندن دەکاتە کرۆک و جەوهەری دەق، هەموو تەواصل و گەیاندێکیش کار و کردەوەیە، بۆیە دەشێت بەر لە هەر شتێک بە بویەر و ڕووداوێکی زمانەوانی دابنرێ، جا ئەگەر هەر وشەیەک بکاتە بویەر و ڕووداوێک لە ژیانی زماندا، ئەوا هەر دەقێکیش دەکاتە ڕووداوێکی ڕۆشنبیریی، لەمەوە بۆمان ساغ دەبێتەوە کە ئەرکی ڕۆشنبیریی بەشێکە کە سروشت و تەبیعەتی دەق.. یەکێک لە خەسڵەتە جەوهەرییەکانی دەق، بە پێچەوانەی سیاسەتەوە قاڵبشکێنییە، هەر لەم پێودانگەوە شۆڕشگێڕییەتی بەردەوامی وەرگرتووە و سەرنجی سیاسەت و دەسەڵاتی ڕاکێشاوەو بیری لە ڕاوی قەڵەم و ئەهلی قەڵەم کردووەتەوە.. یەکێک لە ئەرکە هەرە گرینگەکانی ڕۆشنبیر و ئەدیب ئەوەیە ژیانی کۆمەڵگەی خۆی، وەکو چۆن ئەو دەیبینێ و دەیخوێنێتەوە، نەک وەکو چۆن کۆمەڵگە لێی دەوێ، تۆماری بکات و نیشان بدات. چونکە هەر ئەوە کە کەسایەتی و باری دەروونی کەسایەتی میللەتی خۆی بەرجەستە دەکات و بۆ ناو ناخی شۆڕ دەبێتەوە و خەون و خۆزیا و کەڵکەڵە مرۆڤانیەکانی بەرجەستە دەکات. واتە ڕۆشنبیر و ئەدیب

هاندەر و ئاڵا هەڵگر و نوێنەری ڕاستەقینەی میللەتی خۆیەتی و بەو حوکمەی ڕۆشنبینییەکی ڕەخنەوانی ئەوتۆی هەیە کە بتوانێ هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی کۆمەڵگە کەشف بکات و کار بۆ چەسپاندن و ڕیشاژۆکردنی دیاردە ئەرێنییەکان لە دڵ و دەروونی ئەندامانی گەلدا بکات و دیاردە نەرێنییەکان ببەزێنێ.. ڕێنوێنی گەل بکات، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا جۆرە ڕێبەرایەتی کردنێکە، ئیدی لێرەوە جۆرە نەبانی و دڕدۆنگی و هەڤدژییەک دەکەوێتە نێوان ئەهلی قەڵەم و سیاسەتوان وەکو نوێنەری دەسەڵات. هەرکە ئەم نەبانی و ناکۆکییە دەستی پێکرد، ئیدی سیاسەتوان بە حوکمی ئەوەی نوێنەرو پارێزەری دەسەڵاتە هەموو هەوڵێکی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ڕاوکردنی ئەهلی قەڵەم وبێدەنگ کردن و دوور خستنەوەی لە گەل و دۆزەکانی گەل و داکۆکی کردن لە گەل، پاشان ناچارکردنی کە واز لە ڕابەریکردنی کۆمەڵگە بێنێ بۆ جەنابی سیاسەتوان!!

دیارە ئەمە هەوڵێکی ترسناکە بۆ جیاکردنەوەی کاری ڕۆشنبیریی لە کاری سیاسی، کە هەرکاتێ ڕۆشنبیر ملی بۆ ئەمە دا، یانی دەستبەرداری پەیامی خۆی دەبێت و لە باری قەڵەمڕانییەوە جاڕی مەرگی خۆی دەدات.. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی پاشکەوتوو، دیاردەی پەیوەندی سەرو خوارە، پەیوەندی سوڵتان و ڕەعیەتە، ئاغا و مسکێنە، پەیوەندی موراد و موریدە، پەیوەندی پیر و مورشیدە، پەیوەندی بت و بتپەرستە، کە نە بت واز لە پێگەی بتایەتی خۆی دێنێ و نە بتپەرست زات دەکات ببێ بە خاوەن بڕیار و خاوەنی ئەقڵی تەحلیلی خۆی.. حیزبەکانی کوردستانیش هەڵقوڵاوی ئەو واقیعەن، ئامانج و مەبەستیان بەرقەراری پیرۆزی و پیرۆزاندنی ئەو باڵا دەستیەیە، تا کەسێک پەیدا نەبێ گومانی لێبکات یان لە عەلەیی بڵێت و پێگە پیرۆزەکەی! لەق بکات، کە ئەمە بە پلەی یەکەم

ئەرکی ڕۆشنبیرو ئەهلی قەڵەمە، بۆیە لە قالوبەلاوە، ڕۆشنبیر و سیاسەتوان دانوویان بە یەکەوە نەکوڵاوە..

یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی خەباتی چەکداریی مە، ئەوەیە کە زۆربەی کات کاردانەوە بووە، زادەی تەخەمورێکی فیکری فەلسەفی بەرنامە بۆ دانراو نەبووە: " لکل فعل رد فعل یساویه فی المقدار و یعاکسه فی الاتجاه" وای بە حاڵی میللەتێک پێویستی بە قارەمانی شەهید بێ.

**یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی خەباتی چەکداریی مە، ئەوەیە کە زۆربەی کات کاردانەوە بووە،**

**پرسیاری شانزدەم:** شار هەر تەنیا هێزی بەرهەمهێنانی ئابووری و پیشەسازی و کاری دەستی و خوێندەواری بەرهەم ناهێنێت، دەقیش لەدۆخی شاردا فراوانتر و فرە ئەرکتر دەردەکەوێت، لەوانە ڕۆمان بە بەرهەمی شار دادەنرێت، بەواتایەکی دیکە دەبەستریتەوە بەشێوازی بەرهەمهێنانی پیشەسازیی. کەچی تۆ لەشاخدا ڕۆمانی کۆچی سوور دەنووسیت، بەعەقڵی ڕەخنەگرانەی خوێندەواری شار گوتاری ڕۆمانەکەت بەرهەمهێناوە، ئەمە چۆن بەسەردەمانێک دەبەستیتەوە، کە هێشتا لەوە نەگەیشتبوون پێناسەی دەق بکەن، یان دان بە دەق بنێن و وەکو شێواز و توانایەکی فکری و ئەدەبی داهێنەرانە پێشوازی لێ بکەن؟

**وەڵامی پرسیاری شازدەم:** ڕۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی کارا و کاریگەر، هیگل گوتەنی داستانی بورژوازیەتە، بە شێوەیەکی گشتی لە سەدەی هەژدەدا سەری هەڵداوە، دیارە ئەم پەیدا بوون و سەرهەڵدانە، لە خۆڕاو کوتوپڕ وەکو قارچک هەڵنەتۆقیوە، واتە زادەی ڕێکەوت نەبووە، بەڵکو بەرەنجامی ڕەخسان و چێبوونی هەلومەرجێن هزری و ڕۆشنبیریی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەبار

بووە. دەکرێ بگوترێ ڕۆمان کاردانەوە و پەرچەکردار بووە بەرانبەر بە ڕۆمانسی سەدەکانی ناڤین، بە تایبەتی کە لە هەر دوو سەدەی شازدە و هەڤدەدا لە برەودا بوو. لە سەردەمی بورژوازیەتدا، کۆمەڵگە، لە هەموو بوارەکانا گۆڕان و پەرەسەندنی گەورەی بەخۆوە بینی، تاک ئازادی زۆری بەدەستهێنا و خۆی لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بەرپرس بوو.. ئیدی گۆڕانکارییە گشتگیرەکان زەمینەیان بۆ سەرهەڵدان و پەیدابوونی ئەم ژانرە ئەدەبییە بالایە، واتا ڕۆمان خۆشکرد. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە پێشتر و لە دنیادا هەوڵی چیرۆکنووسین، یان چیرۆک لە دنیادا نەبووە.. بۆیە ڕەگێکی ڕۆمان دەچێتەوە سەر چیرۆک، بەڵام بە ناو و ناسنامەیەکی هونەریی تازە..

ڕۆمان لەبنەڕەتدا، هونەرێکی ڕۆژئاواییە.. بەڵام وردە وردە و بەدەم بڵاوبوونەوە و لق و پۆپ هاویشتنی شارستانییەتی ڕۆژئاواوە پەڕیوەتەوە بۆ سەرانسەری دنیا و لە جیهاندا چاوی لێکراوە و لاسایی کراوەتەوە و ڕەواجی پەیدا کردووە، کە ئەم دیاردەیە بە درەنگەوە گەییوەتە کوردەواری.. بەهەرحاڵ هەوڵە ڕۆمانەوانیەکانی کورد، وەکو بزوتنەوە، زیاتر لە ئاخر و ئۆخری دەیەی هەشتایەکانی سەدەی بیستەمەوە زەق بووەتەوە، ئەگەرچی پێشتر لە هەوەڵیی بیستەکان و سییەکانی سەدەی ناڤبریدا هەندێ هەوڵی پەراگەندە لێرە و لەوێ، لەم پارچە و لەو پارچەی کوردستاندا هەن، بەڵام شەقڵی بزوتنەوەیەکی ڕۆمانەوانییان وەرنەگرتووە.

کۆچی سووریش، یەکێک لە هەوڵە ڕۆمانەوانییەکانی ئاخر و ئۆخری هەشتایەکانی سەدەی بیستەمە.. ڕۆمانی کوردی بە شێوەیەکی گشتی لە باندۆر و کاریگەریی شارستانیەت و فەرهەنگ و کەلتوور و ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایی بەدەر نین.

**زۆربەی ڕۆمانی کوردی سادە و تاک ڕەهەند و کەم ڕەهەند و ئاسۆیی و کەم هەوراز و نشێوە،**

ڕۆمانی کوردی بە زۆری فرە لق و پۆ نییە، قەوغاو قەرەباڵغ نییە، لە شارێکی جەنجاڵی فرە جم و جوڵ و چالاکی و فرە ڕووداوێن هەڤدژ و دیاردەێن لێکدژ ناچێت کە ناکۆکی و وردە ناکۆکی و کێشماکێشەکانی ژیانی ڕۆژانە بنوێنێ، زیاتر لە گوندێکی چکۆلەی ئارام و تەبا و کەم دانیشتووان و بێ ڕووداوی وەرچەرخانساز دەچێت. بۆیە زۆربەی ڕۆمانی کوردی سادە و تاک ڕەهەند و کەم ڕەهەند و ئاسۆیی و کەم هەوراز و نشێوە، ڕێڕەوی ڕووداوەکان پێشوەختە نەخشەی بۆ دانراوە و بەرەو ئەو کۆتاییە دەڕۆن کە خوێنەر پێشبینی دەکات.

دیارە کاریگەری و باندۆری سیستەمی ئابووری جیهانی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە نوێیە جیهانییەکان، بەسەر ڕەوشی ئابووری و بونیادی کۆمەڵایەتی لە حاڵی گۆڕانی کوردەوارییەوە تەواو زەق و دیارە. سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆن لە حاڵی شیبوونەوە و هەرەسهێناندایە، واتە کوردەواری لە نێوان سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆن و مودێرندا لە کێشماکێشدایە. ئورگان و دامودەزگا و سیستەمە باو و کۆنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی وەکو خانەوادە و بنەماڵە، پەیوەندی خوێن و خزمایەتی، ناوچەگەرێتی و خێڵایەتی، خەریکە بەرەبەرە دەسەڵات و ئیحتوباری خۆی لە دەست دەدات و جێ بۆ پەیوەندی ئینتاجی خاڵی دەکات، ئەمەش خۆی لەخۆیدا نیشانەی پەیدابوون و سەرهەڵدانی تاک و تاکگەراییە. تاک دەبێت پشت بەهێز

و توانای خۆی پێگەیەکی دیاریکراو بۆ خۆی چ لە ئاستی کۆمەڵایەتی و چ لە ئاستی ئابووری پەیدا بکات. دیارە کە تێکڕای بونیادی کۆمەڵایەتی کۆن لە ژێر کاریگەریی فاکتەرێن پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی خۆماڵی و فاکتەرێن دەرەکیدا درزی تێدەکەوێت و کۆڵەکەکانی لەق دەبن و بە ناچاری بەرە بەرە مەیدان بۆ سیستەمێن کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و کەلتووری و فەرهەنگی تازە چۆڵ دەکات.. سەرهەڵدان و پەیدابوونی ڕۆمان نیشانە و ڕەنگدانەوەی ئەو هەلومەرجە ئاڵۆز و گۆڕانامێزەی کوردەوارییە، کۆچی سوور لەو سەر و بەندەدا لە دایک بووە، لە لایەن سیاسەتنەدارانی!! ئەو سەردەمەوە نەک مامەڵەی دەقی لە گەڵدا نەکرا بەڵکو بە عەقڵییەتی باوی بت و بتسازی و نەفەسی خۆ پیرۆزاندنی خێڵەکیانەوە مامەڵەی لە تەکدا کرا و کۆکرایەوە و سووتێنرا، پێموایە من یەکەم کەسم کە لە مێژووی تازەی سیاسی کوردی دا، لە لایەن (شۆڕشەوە!) کتێبم، سووتێنراوە..

**کۆچی سوور لەو سەر و بەندەدا لە دایک بووە، لە لایەن سیاسەتنەدارانی!! ئەو سەردەمەوە نەک مامەڵەی دەقی لە گەڵدا نەکرا بەڵکو بە عەقڵییەتی باوی بت و بتسازی و نەفەسی خۆ پیرۆزاندنی خێڵەکیانەوە مامەڵەی لە تەکدا کرا و کۆکرایەوە و سووتێنرا،**

**پرسیاری حەڤدەم:** دەقی خۆماڵی و دوور لەدەستکرد و چاولێکەرانەی بیانی دەبێت چۆن بێت؟. من لەلێکۆڵینەوەیەک بەدرێژی کارم لەبارەی نۆڤلێتی (قەیرانی سێبەر) و سیمیۆلۆجیای کەسایەتییەکانی نێو دەقەکەی تۆ کردووە، ویستوومە بەڕێباز و میتۆدێکی جیاواز شیکاری دەق و ئەرکی زمان و بەکارهێنانی خودی دەق و ئەرکی زمان لەبەرهەمهێنانی دەق بکەم، من وەکو خوێنەری یەکەمی دەقەکەی تۆ، نەک هەر ویستوومە لایەنە نادیارەکان بەدیار

بخەم، بەڵکو ویستوومە هەموو ئەو چەمک و پێناسە و تەنیا ئەرکانەش تەواو بکەم، کە من بەپێی گریمانە و مەزەندەی خۆم بە پێویستی دەزانم تەوایان بکەم کاتێک دەبینم پێویستیان بەتەواوکردن و پەرەپێدان و زانیاری پتر لەلێکدانەوەی هەمەلایەنە هەیە. ئایا پێتان وایە خوێنەر دەتوانێت دەق تێر و پڕتر بکات و بیگەیەنێتە ئاستی (گەیین) واتە پێگەیشتن و تەواو بوون؟.

هەست دەکرێت دەقی دزراو، دەقی دەملاچکە و چاولێکەریی، کۆپی لەوێنە و فکرە و بیرۆکەدا بەئاشکرا دیارە، هەندێک دەق کەشوهەوای کوردەواریان تێدا نییە، پێتان وایە ئەم جۆرە دەقە بەناو مۆدیرن و نوێیانە چ لەبواری بەکارهێنانی زمان و شێوازی دەربڕین و گوتن و چ لەبواری نێوەڕۆک و بابەت و مەبەستدا خاوەن چ جۆرە گوتارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی و فکرین؟.

دەقی خۆماڵی بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی مرۆڤایەتیی و شایانی بەجیهانیبوون بێت، دەبێت چۆن بێت؟ زمانەکەی و بابەتەکەی پێویستە چۆن بێت؟

**وەڵامی پرسیاری حەڤدەم:** سەبارەت بە دەقی خۆماڵی پێموایە تەنیا لە ڕێگەی تایبەتمەندییە لۆکاڵییەکانیەوە، بەرجەستە دەبێت و دەقایەتی خۆی وەردەگرێت، چونکە عالەمیەت، بریتییە لە مومارەسەی ئەو تایبەتمەندیە فیلیڤانی و ئەدەبیانە، بریتییە لە دواندنی هەموو تیرەی بەشەر، بە زمانی هونەر.. ئەوەشمان لە بیرنەچێ کە داهێنەرێن گەورە لە هەموو نەتەوەیەکدا کەمن، بۆ نموونە داهێنەرە لوتکەکان، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا لە چاو تەمەنی تیرەی بەشەردا یەجگار کەمن، واتە نووسەری دەق لە سەرێتی نەفەسی خۆی بەو بابەت و تیمانە ببەخشێت، کە بە شێویەکی فیلیڤانی کاری لەسەر دەکات، واتە خوێندنەوەی هونەری

تایبەتی خۆی بۆ بابەتەکە هەبێت، چونکە ژیان لە سەرانسەری دنیادا پڕە لە بابەتی حازر و ئامادە، ڕەنگە بابەتەکان لە زۆر شوێنی دنیادا لە یەکدی بچن، بۆیە گرینگ ئەوەیە بە شێوازی تایبەتی خۆت بابەتەکە بگۆڕی بۆ تیمە و ناوەڕۆک و مۆرکی خۆتی پێوە بنەیت و لە ئەنجامدا بە ناسنامەی کوردی بەشداری لە بەرهەمهێنانی دەقی جیهانیدا بکەیت، جیهانیەت لە محەلیەتەوە دەست پێدەکات. ڕەسەنایەتی لە هونەردا، ئەوەیە کارە فیلیڤانییەکە، لە بن دێڕەکانیدا هەوێن و ماکی ئایندەی هەڵگرتبێ، مرۆڤ و ئازادی مرۆڤ تەوەری سەرەکی بێ و کەس نەڵێ من پێشتر ئەمەم دیتووە یان بیستووە، هونەر لە دوا ئەنجاما.. کارێکی ئەفسووناوییە، وشەی داهێنان خۆی لە خۆیدا مانای تازە داهاتگ، نەبا و دەگەیەنێ، بۆیە داهێنان دەبێ ئەو ڕەگەزە پێشبینی نەکراوانەی تیا بێ کە چاوت دەکەنەوە و شتانێ دەبینێ کە پێشتر، بە خەیاڵتدا نەهاتوون، تووشی ڕامان و حەپەسانی ئەفراندنەوانیت دەکەن. داهێنان، لە بنەڕەتدا بیدعەیە، بیدعەت بەمانا هونەرییەکەی نەک بە مانا ئاینییەکەی.. داهێنەر، کەسێکی ئەزموونگەرا و قاڵب شکێنە، هەوێنی ئەزموونگەراییش، بوێری و نەترسانە.. واتە هەر دەقێک مۆرک و شەقڵ و شەخسیەتی تایبەتی خۆی نەبێت و بە ئاسانی لەنێو ئەدەبیاتی گەلانی دنیادا نەناسرێتەوە، مانای وایە لە سەر بناغەیەکی فشەڵ ڕۆنراوە و هەرگیز جیهانیەت بەدەست ناهێنێ.

نوێگەری و مۆدێرنیتە هەرگیز لاسایی کردنەوەی ساویلکانە و کوێرانە نییە، ونکردنی ناسنامەی شەخسی نییە، لە باشترین حاڵەتا وەکو ئەوەیە نانی خەڵکی لە سەر سفرەی خۆت بخۆی و دەبی بە بەکاربەرێکی مێمل، بەسەر بەرهەمی خەڵکییەوە.. ئەمە جگە لەوەی دەق و هونەری گەورە و زیندوو، لاسایی ناکرێتەوە، چونکە بونیاد و هونەرییەتە فرە ڕەهەندەکەی، بۆی دەبێ بە پەرژین و پاسی دەکات.

بۆیە لاسایی کردنەوە، لە هەر بوارێکا بێ، جگە لە نموونەیێن شێواو، هیچی دی بەرهەم نایەنێ، چونکە ڕابردوو، وەکو خۆی دووبارە نابێتەوە.. بۆیە نووسەری نوێئاوەر

> **کەم دەقی تازەمان، شەقڵ و مۆرکی کوردەواری پێوەیە،**

دەبێ زۆر وریا بێ و بتوانێ بە هەڵمژینی زانیاری و توانا و بەهرەی هەمەجۆر، توانای خودی و داهێنەرانەی خۆی دەوڵەمەند بکات و نەفەسی خۆی بەو بابەتانە ببەخشێت کە خەڵکانی دیکەش مامەڵەیان لە تەکدا کردووە. هەروەها بە زەبری دەسەڵاتی هونەری، نەک دروشمبازی، شۆڕش لە هەست و ویژدان و جیهانبینی و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی خەڵکی سەردەمی خۆی بەرپا بکات، بۆیە پێویستە هەرکارێکی فیلیڤانی- ئەدەبی سیفەت و شەخسیەتی ئەو وڵات و میللەتە بگرێتە خۆی کە لێوەی هەڵقوڵاوە. چونکە ئەدەبیات ناسنامەی ئەو وڵات و میللەتەیە، ناسنامەش بریتییە لە هەستکردنی تاک بە بوونی خۆی لە درێژایی زەمەندا.

هەڵبەتە، کەم دەقی تازەمان، شەقڵ و مۆرکی کوردەواری پێوەیە، بەڵکو زۆربەی لاسایی کردنەوەی کوێرانەیە بێ ئەوەی زەحمەتی ئەوە کێشرابێ کە لەگەڵ واقیعی کوردەواریدا تێکبکاتەوە. خۆ ئەگەر تەرجەمەی زمانێکی بێگانە بکرێن، باوەڕ ناکەم کەس بیانناسێتەوە. کە پێموایە ناسینەوەی شەقڵ و شەخسیەت و داب و نەریت و خوو و خدەی میللەت و چینەکانی کۆمەڵ لە کاری هونەریدا، نیشانەیەکی ئاشکرای سەرکەوتوویی کارەکەیە.. ئەم حاڵەتە لە لای حەمزاتوف و ئەیتمانوف و زۆر نووسەری دیکەی دنیا دەبینرێ. مخابن ئەم لایەنە لە نک مە بەهەند نەگیراوە و ڕەنگە هۆیەکەی ئەوەبێ یان نووسەرەکانمان بە ڕوحی کوردەواری ئاشنا نەبن، یان لە بنەما و ئەرکەکانی هونەر بێ خەبەر بن، یان بیانەوێ بە نێوی نوێگەری و هەڵپەی دەست پێشخەرییەوە، جیهانێکی خەیاڵی ڕووتی دوور لە ژیانی کۆمەڵ بونیات

بنەن، کە مەحاڵە سەرکەوتنی تێدا بەدەست بێنن و، دەقیش لەم جۆرە کەش و هەوایەدا مردار دەبێتەوە..

سەبارەت بە "قەیرانی سێبەر"، بە دەمی خۆم نەبێ، دەقێکی کراوەیە، دەقی کراوە ئەوەیە کە خوێندنەوەی هەمەجۆر و بێکۆتایی هەڵدەگرێت، بەقەد ژمارەی خوێنەرەکانی، خوێندنەوە هەڵدەگرێت، چونکە ئەگەر دەق بونیادێکی زمانەوانی بێ، ئەوا سنووری دەلالەت و مانا قامووسییە سادەکان دەبەزێنێت.. دەق بەر لە هەر شتێک دەکاتە مومارەسەی نووسین، یانی مومارەسەیەکی ڕەمزی ئێستاتیکیە.. دەق ڕووداوێکی پەیڤەوانییە، ڕووداویش بە چەمکی ئەرەستۆیی نە دووبارە دەبێتەوە و نە بەرهەم دەهێنرێتەوە، بۆیە دەقی کراوە، لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا تازە دەبێتەوە، نەک دووبارە.. دەق ئەگەر وەکو ڕووداوێک مامەڵەی لە تەکدا بکرێ، مانای وایە، لە نووسەرەکەی تێدەپەڕێ، نووسەر دەچێتە خانەی نەبووانەوە، مانای وایە بەسەر فرەمانایی و فرە خوێندنەوەدا دەکرێتەوە، ئیدی ئەمە تەبیعەتی ڕووداوە، جا هەر ڕووداوێک بێ، واتە دەقی کراوە، دەقی دی لێدەکەوێتەوە. کە دەق لە هەر خوێندنەوەیەکدا تازە دەبێتەوە، وەکو ئەوەیە دەقێکی تازە لە دایک ببێت؛ خوێندنەوە جۆرێکە لە نووسین.. نووسین بۆ خۆی جۆرە مازوخیەتێکە، عەزابێکە نووسەرەکەی لەزەتی لێدەبینێ. دەقی کراوە بە تەبیعەتی خۆی بە فرە مانایی بارگاوییە، دەلالەتەکانی لە ژمارە نایەت، بۆیە دەق سەرچاوەی جیاوازییە.. دەق وەکو ئاوێنەیە، ئاوێنە لە خۆیا وێنە نییە، بەڵام هەرکەسێ کە سەیری دەکات، وێنەی خۆی تیا دەبینێ.. جا (قەیرانی سێبەر) دەقێکی کراوەیە، فرە دەنگە، فرە گوتیارە.. هەر هەموو ئەمەش لە میانی زمانەوە کەشف دەبێ، زمان لە دەقدا ئەوزاری دەربڕین نییە، بەڵکو ڕۆحی دەقەکەیە، واتە دەق بەرهەمهێنانێکی ئەفسووناوی زمانە، بە هەزار و یەک ڕەمز و ڕاز

تەنراوە، هەر دەقێک زمانی تایبەتی خۆی بەرهەمدێنێ، دەقایەتی، ناسنامە و گەوهەری دەقە.. دڵنیام لە خوێندنەوەی دووەمتاندا بۆ " قەیرانی سێبەر " هەمان دەقی یەکەمت، بەرهەم ناهێنێتەوە..

**پرسیار:** ئەی خوێنەر ئەرک و ڕۆڵ لەنێو دەقی کراوە، یان هەر جحرە دەقێکدا چییە؟

**وەڵام:** سەبارەت بە خوێنەرو دەق، پەیوەندییەکی بتەویان لە نێواندا هەیە؛ خوێندنەوە دەکاتە پەیمانێکی ئازادی خۆڕسک لە نێوان خوێنەر و نووسەرا، هەردووکیان متمانە بە یەکدی دەکەن.. وەکو چۆن نووسین هونەرە، خوێندنەوەش هونەرە.. هەر دەقێکی کراوە، لە هەنبەر دەرک و فامیندا مقاوەمەت دەکات، بۆیە خوێندنەوە دەکاتە کەشفی مانا.. کتێب؛ دەق بۆ خۆی چرە ئەزموونێکی پڕ ڕەمز و ڕازە، کونجکاوی خوێنەر دەبزوێنێ و گیانی کەشفکاری لە لا دروستدەکات.. نە دەق بەبێ خوێنەر دەبێ، نە خوێنەریش بەبێ دەق دەبێت، خوێندنەوە لە بنەڕەتدا دەبێ کردەیەکی فیلیڤانی بێت، بۆیە بە بێ خوێنەری جدی، کتێب، دەق دەبێ بە خۆراکی گەرد و تۆزی سەر ڕەفەی کتێبخانان.. خوێنەری باش مایلە بەلای کتێبی باشدا، دەبێ بە خۆی کتێبی " دەق " باش کەشف بکات، خوێنەر تا زیاتر بخوێنێتەوە، گیانی ڕەخنەوانی لەلا زیاتر دەبێ، کە ئەمە ئامیانی پێشکەوتن و بایسی ڕیشاژۆکردنی دیموکراتیەتە. خوێنەر، لە کتێبدا دەگەڵ ڕاز و ڕەمزدا مامەڵە دەکات، هەموو ڕاز و ڕەمزێک خولیای کەشفکاری لەلا دروست دەکات.. هەر بەرهەمێکی نیڤیساری کە بڵاوبووەوە، لە نووسەرەکەی دادەبڕێ و نووسەر دەچێتە خانەی نەبووانەوە، زیاتر سەروکار لە گەڵ خوێنەردا پەیدا دەکات، ئەوەندەی بە

**بە بێ خوێنەری جدی، کتێب، دەق دەبێ بە خۆراکی گەرد و تۆزی سەر ڕەفەی کتێبخانان..**

خوێنەرەوە زیندووە، بە نووسەرەوە زیندوو نییە.. ژیان بۆ خۆی دەقە، بە قووڵی ژیان، ئینسانیانە ژیان و جۆری مومارەسەی ژیان، خوێندنەوەیە، خوێندنەوەی کەسیش لە هی کەس ناچێت..

**پریار:** دەقی نەوعی کاریگەریی و پێگەی تاتبەتی خۆی هەیە، ئەی خوێنەری نەوعی چۆن دەبێت؟

**وەڵام:** خوێنەر وەکو نەوعیەت، دەورێکی زۆر گرینگ لە پرۆسەی بەرهەمێنانی دەقی جدیدا دەبینێ، خوێندنەوە جۆرێکە لە نووسین. خوێنەر جدی هەرگیز ئەوە لە نووسەر قەبووڵ ناکات بێت بەرهەمێکی بێ پێزی دوور لە نۆڕینی مێژوویی نوێخواز، دوور لە دنیابینییەکی هونەرییانەی قووڵ دەرهەق ئەو بابەتەی کە مامەڵە هونەرییەکەی لە گەڵدا دەکات، پێشکەش بکات و کاتی بە فیڕۆ بدات..

**زۆربەی دەقەکانمـــــان، زیاتر دەقی داخراون،**

خوێنەری جدی، بایەخی دەق تەنیا لەوەدا نابینێ کە چەند زانیاری تازەی دەداتێ، چونکە ڕەنگە نووسینێک زانیاری یەجگار وردی سەبارەت بە ژیان تێدا بێ، وەکو ڕواڵەت وێنەیەکی دەقاودەقی ژیان بێ و نووسەرەکەشی زۆری پێوە بنازێ. بەڵام خوێنەری بە ئاگا قەناعەت بەمە ناکات، چونکە ئەو هەستەی کاری هونەری و دەقی کراوە نەقڵی دەکات و لای خوێنەر دەیهاڕوژێنێ، زۆر جیاوازە لەو هەستانەی کە ژیانی ئاسایی ڕۆژانە دەیوروژێنێ. ئەگەر هەستە ئەدەبی و هونەرییەکە زۆر باڵاتر نەبێت، ئەوا لای خوێنەری وریا ناچێتە خانەی هونەرەوە، بەڵکو دەکاتە جوینەوە و کاوێژکردنەوەیەکی بێهودەی ژیان. خوێنەری بەئاگا لای عەیانە، داهێنەر، تەنیا کەرەستە خاوەکان لە ژیانەوە وەردەگرێ و هونەریانە

تاوتوێی دەکات و پاشان گووراوێکی تازەی ناسک و جوانی لێدروست دەکات و دەخوڵقێنێ. ڕەگەزەکانی کەرەستە خاوەکان بە جۆرێ لێکدی دەدات و مونتاژی دەکات و دەیکات بە یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری کە هەرگیز لە ڕەگەزەکانی جارانی ناچێت.. واتە خوێنەری جدی بە ئاسانی ڕادەستی دەق نابێت، بەڵکو بە کلیلی تێگەیشتن، قفڵی دەق دەکاتەوە و گەنگەشەی جدی دەقەکە دەکات، پاش گوێگرتن و پرسیارکردن، پاش دۆزینەوەی وەڵام ئەوسا هەڵوێستی ڕەفز یان قەبووڵ هەڵدەبژێرێت.. بەندە پێموایە دەقی کوردی گیرۆدەی کۆمەڵێک قەیرانە لەوانە: غیابی ناسنامە، کەمی هۆشیاریی هونەری لە لای زۆربەی نووسەران، غیابی جیهانبینی ڕوون، لاوازی زمانی ڕۆشنبیریی... بۆیە زۆربەی دەقەکانمان، زیاتر دەقی داخراون، تەمەنی هونەری و ئیستاتیکیان لەو ماوەیە تێناپەڕێ کە خوێنەرێکی بەکاربەری تەمەڵ بۆ بێتاقەتی دەیخوێنێتەوە!..

**پرسیار:** واتە بەڕای تۆ خوێندنەوە جۆرێکە، یان دەبێتە بەشێک لە نووسین و بەرهەمهێنانی دەق و دەقی جدی؟

**وەڵام:** بەهەرحاڵ خوێندنەوە بۆ خۆی جۆرێکە لە نووسین، خوێنەری جدی پاسەوانی دەقی جدییە و دەقێک قەبووڵ ناکات ئەگەر بە خەون و خەیاڵی ئەفسووناوی نەتەنرابێ. دەقی بێ خەون و خەیاڵ، لە مەلێکی باڵکراو دەچێت، کە بێهودە بە تەمای بەرزەفڕی بێت..

**پرسیاری هەژدەم:** دەقی کوردی لەج دۆخێک دایە، ئایا قەیرانی دەقمان هەیە، ئەوانەی دەنووسن و ڕستە بەیەکەوە دەبەستنەوە و لاپەرە دەخنە سەر لاپەڕەکانی دیکە و بەرگی یەکەم بەبەرگی دووەم دەڕازێننەوە، توانیویانە دەق بەرهەم بهێنن؟. با تۆزێک بگەڕێمەوە سەردەمی شۆڕش و خەباتی چەکداری، لەوان سەردەمدا (دۆز/

قەزیە) هەبوو، واتە ئامانجێکی گشتی هەبوو، هەموو نووسین و دەقێکی بە مەسەلەیەکی ناوەندی دەبەستەوە، کە بریتی بوو لە (بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی/ کوردستانی)، ئایا پێتان وایە دەق قوربانی بزاڤە سیاسییە چەکدارییە گشتیەکە بوو؟ لەو سەردەمدا (وشە و زاراوە و ناوچە و حزب و شێوازی بیرکردنەوەی هەر لایەنێکیش) دەبووایە بەپێی پێوەری هێزی سیاسی دابڕێژرابووایە، ئایا پێتان وایە ئەمە ببووە هۆکار بۆ لەقاڵبدانی دەق، بەپاشکۆکردنی بۆ ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت؟ یان نەخێر لەناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی شۆڕشگێڕی ئازادیخوازی کوردیدا دەق ئازاد بوو؟ ئایا بەسادەیی نووسین دەبێتە هۆی ڕاکیشانی خوێنەر بۆ خوێندنەوە و دروستکردنی کاریگەریی، یان تۆ پێت وایە دەبێت دەقی ئاڵۆز و ئاوس بە زمانێک پڕ لەواتا و گوزارشت و ڕەمز و وێنەی واتا لەخۆگر هەبێت؟.

گەلێک دەقی ڕۆمان دەنووسرێت، هێندە سادەن مایەی بەزەین، بەڵام خوێنەر بەئاسانی تێی دەگەن و بێ گرێ دەیخوێنێتەوە و مێشکیان پێیەوە ماندوو نابێت، لەکاتێکدا وابزانم تۆ دەتەوێت دەقێک بەرهەم بهێنیت، مێشکی خوێنەری پێ بەگڕ بخەیت، هاوکاری خوێنەری بۆ ئەوەی هەندێک ماندوو بێت، ئایا بەڕای تۆ خوێنەر ئەو کاتە ئیسراحەت دەکات، کە بەبیرکردنەوە لەنێو بیرکردنەوەی خوێندەوەدا ڕۆ دەچێتە نێو قووڵایی بابەت و بابەت و واتا و شتە وردە نادیارەکان، یان بەپێچەوانەوە تۆ وەکو خواردن بەدەمی کەسێکی بێ وزەدا بکەیت بیر دەکەیتەوە و مەیلت بەئاراستەی پەروەردەسازییە لە بەرهەمهێنانی دەقدا. تۆ لایەنگیری چ جۆرە نووسینێکی دەقی؟.

**وەڵامی پرسیاری هەژدەم:** ئەدەبیاتی کوردی بەشێوەیەکی گشتی خووی بە مەبەستە سیاسییەکەوە گرتووە، لایەنی ئیستاتیکی و هونەرییەت یان پشتگوێ خراوە یان وەکو پێویست نەخەملێوە. دیارە ئەم خوو گرتنە بەیەک بابەت و مەبەستەوە، واتە بە بابەتێکەوە کە ڕەنگە لە بنەڕەتدا بابەتی ئەدەبی نەبێ یان بە کێمانی بابەتی پەسندی ئەدەب نەبێ، ئەمە ئەدەب لە ئەدەبییەت دەخات، ڕێگەی فرە بابەتی لێدەبڕێ و بەرهەمی گەورەی فیلیڤانی بە زەحمەت لە دایک دەبێ و زمان دەگرێت.. ئەدەبی کوردی هەر لە سەرەتاوە بایەخێکی گەورەی بە بابەتی سیاسی داوە و لەشێوەیەکی ڕۆمانسی خێڵەکیانەدا مامەڵەی لەگەڵ کردووە. هونەر کراوە بە کەناڵێکی مەعریفی و چەکێکی بەرەڤانی و بەرگری، واتە نێوەڕۆکی سیاسی زاڵ بووە، کە لە گوتاری سادە و ڕاستەوخۆدا خۆی دەنوێنێ، کە لەمەدا لایەنە هونەرییەکە فەرامۆش دەکرێ، لە کاتێکا هونەرییەت ڕۆح و ئامانجی دەقە.. شەهادەت، بەخشش، قوربانی، سێکوچکەی خەمی تاکی عەودالی کۆمەڵ بووە، هەر ئەمەش وایکردووە، لە ئەدەبیاتی کوردیدا، زۆر بە کەمی، دەقێکی سەربەخۆی ئەوتۆ بڕسکێت کە خودێکی هونەریی مەند و پڕشکۆی وەهای هەبێت کە بە زەبری هونەرییەت خۆی بە خوێنەر بناسێنێ..

> **سەربەخۆیی نیشتمانی و نەتەوەیی بۆ کورد، یەکێکە لە گرفتە هەرە گرینگ و بەرچاوەکان**

ئەدەب، بە تایبەتی بۆ میللەتی بندەست و چەوساوە، هەوڵدەدات، ئەو بۆشاییە کۆمەڵایەتی و مێژووییانەی کە دەکەونە ژیانی میللەتەکەوە، پڕبکاتەوە.. لە کەش و هەوا و ئوتموسفیری سەرکوتکاری ڕادیکاڵیدا، ئەوەی ئەدەب دەتوانێ بیڵێ و هونەرییانە بەرجەستەی بکات و پیشانی بدات، بە مێژوو ناگوترێ، مێژووی ساختە و دەستکرد و بێ بنج و بناوان لەو سەر و بەندەدا دروست

دەبێت. مێژووی قورِ و قەپ، کەڕ و کوێر و لاڵ لەو بابەتە قۆناغەی ژیاندا دروست دەکرێن. بۆیە کە دەگوترێ ئەدیبان ئاڵا هەڵگری میللەتن، مەبەست لەوەیە ئەگەر ئەدەب و دەقی گەورە و کراوە هەبێ، ئەدیبی ڕاستگۆ و هونەرمەند و بە توانا و پڕبەهرە هەبن، دەتوانرێ بکرێن بە بنەمای لێکۆڵینەوەی مێژووی ڕۆحیی میللەتی مەزلۆم و بندەست لە هەر قۆناغێکی ژیاندا، چونکە بۆشاییەکان پڕ دەکاتەوە و بوونی ئەو بابەتە میللەتانەش لەو بۆشاییانە و لە جۆری پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەدا کەشف دەبێت.

**دەق شۆڕش دروست دەکات نەک بە پێچەوانەوە،**

سەربەخۆیی نیشتمانی و نەتەوەیی بۆ کورد، یەکێکە لە گرفتە هەرە گرینگ و بەرچاوەکان و هیچ نەبێ لەو دیوی هزر و هەستی هەر کوردێکەوە سوێیەکە لە نێوان سارێژبوون و کولانەوەدایە، هەڵبەتە ئەمە لە ئەدەبیاتدا ڕەنگدەداتەوە، بێگومان لە دەقە ئەدەبییەکانی مەدا، بە تایبەتی لە دەقە شیعرییەکانماندا ڕەنگیداوەتەوە، بەڵام ڕەنگە و هەقە گلەیی ئەوە بکرێت کە کەمتر هونەرییەتی گرتۆتە خۆ، ئەمەش وادەکات ئەو دەقانە بایەخی مێژووییان زیاتر بێ لە کاریگەریی هونەری. لە کاتێکا ئەفسوونی دەق لە هونەرییەتەدایە. بۆیە نووسەر (داهێنەر) لە سەرێتی لە ڕێگەی بەرهەمی پڕ ئەفراندنی فرە دەلالەتی قووڵەوە، خۆی لە خوێنەری تەمەڵ بپارێزێ و پرۆسەی خوێندنەوە لە مەسحی خارجی ڕەگەزەکانەوە بگوازێتەوە بۆ قولایی دەلالەتەکان و لەوێندەرەوە شتە شاراوە و پەنهانەکان بێتە کەشف کردن و چیتر ئەرکی دەق بە وەعز و ئامۆژگاری و ڕێنمایی کۆمەڵایەتی و سیاسی و حیزبی نەزانێت.

دەقی ئەدەبی پێویستە هاندەرێکی ڕوحی لە پشتەوە بێ، دەنا هەرگیز لە خانەی گوتار و ڕیپۆرتاژی ئەدەبی، سیاسی یان کۆمەڵایەتی هێوەتر ناڕوات.. بۆیە ئەگەر نووسەر دیاردە

کۆمەڵایەتییەکان لە قاڵبی هونەردا نیشان بدات و هاندەرە ڕۆحی و هونەرییەکە جلەوکێشی بێ، ئیدی پێویستی بەوە نامێنێ بە ناوی مقاوەمەتەوە بکەوێتە دروشمبازی و لە ڕێگەی دروشمی بریقەدارەوە خوێنەر بۆ خەبتین و تێکۆشان هانبدات، دەق شۆڕش دروست دەکات نەک بە پێچەوانەوە، نووسەری بەتوانا ئەوەیە کە کارێکی وەها بکات، خوێنەر بە شێوەیەکی دەروونی بەو ئاکامە بگات؛ واتە شۆڕش لە دەروون و سایکۆلۆجیەتی خوێنەردا بەرپا بکات.. نۆڕینی بۆ ژیان بگۆڕێ.. خوێنەری گەورەو جدی دروست بکات، دەقێکی پێشکەش بکات کە لە بیر نەچێتەوە.. کەچی دەقی کوردی بە زۆری داخراوە و پێموایە ئەمە بوختانێکە و بە ناهەق بۆ ئەدەبی مقاوەمە دەکرێت. ئەدەب زیاتر نیشاندانە تا وتن، کەچی لای ئێمە وتن زاڵە، زمان لە دەقدا، کەرەستەی ڕەمزییە نەک تەعبیری، وشە ڕیزکردن نییە، بەڵکو بەرهەمهێنانی ئەفسووناوی وشە و زمانە.

ئەدەبی مقاوەمە، ئەو ئەدەبەیە کە چەمکی ئازادی ڕاستەقینە بە شێوەیەکی هونەریی تەواو بچەسپێنێ و بەگژ هەموو فاکتەرێکی کۆیلاندنی مرۆڤدا بچێ، لە دنیادا هیچ ئابڕوو چوونێک لەوە گەورەتر نییە مرۆڤێک ببینی مامەڵەیەکی نامرۆڤانەی لە گەڵدا بکرێ.. بۆیە هەر دەقێک گەر سنووری واقیعیانەی فۆتۆگرافیانەی ژیان ببەزێنێ، ئەوا دەچێتە خانەی ئەدەبی مقاوەمەوە و هەر دوو بایەخی مێژوویی و هونەریی خۆی دەپارێزێ، لە تەمەنی خاوەنەکەی و بگرە سەردەمەکەی خۆیشی هێوەتر دەڕوات. کەواتە سەروکاری ئەدەب لە گەڵ ئازادی دایە، هەرگیز قاڵب و کۆت و زنجیر قەبووڵ ناکات. نابێ بخرێتە زندان و قەفەسی پێوەر و ڕاستە و پڕگالی غەیرەز ئەدەبی و ئەدەبییەتەوە و بە دەردی سیاسەتی لای ئێمە ببرێ، چونکە گەر وای لێکرا، سنووری زندانەکەی دەشکێنێ و تۆڵەی ئازادی زەوتکراوی خۆی دەکاتەوە.. پێویستە وا بڕوانرێتە ئەدەب کە

قەوارەیەکی هونەریی سەربەخۆیە نەک پەند و ئامۆژگاری کۆمەڵایەتی یان سیاسی..

**پرسیار:** بەم پێودانگە بێت ئەدەب بانگەشە نییە، بەقەد ئەوەی خۆبەستنەوەیە بەڕەهەندە مرۆییەکان؟

**وەڵام:** ئەدەب بانگەشە نییە بۆ هیچ دۆزێک چەندیش ڕەوا بێ، بەڵکو دۆزی ئەدەب مرۆڤە بە گشت کەڵکەڵە وخۆزی وخواست و ئاوات و خەم و خولیا و بیر و بیرکردنەوەیەکی یەوە.. ئەرکی ئەدەب قووڵکردنەوەی ئینسانیەتی مرۆڤە.. دیارە ئەدەب بخرێتە خانەیەکی پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی سەرێ، ئەوا دووچاری نەزۆکی داهێنان دەبێت و کاریگەری و باندۆری خۆی وەکو پاڵنەرێکی کاروانی ژیان و پالاوتنی ژیان دەدۆڕێنێ؛ نە ژیان لاسایی کردنەوەیە، نە دەق و نووسین.

**واتە ڕۆمان، بەرهەمی شار و دەرهاوێشتە هەمەجۆرەکانی شارستانیانەیە،**

**پریسار:** ئەی لەم ڕوانگەیەوە دەبێت ڕۆمان چ پێوانە و لێکدانەوەیەکی بۆ بکرێت؟

**وەڵام:** سەبارەت بە ڕۆمان، هیگل گوتەنی دەکاتە داستانی بورجوازیەت، واتە ڕۆمان، بەرهەمی شار و دەرهاوێشتە هەمەجۆرەکانی شارستانیانەیە، بۆیە ئەو هەوڵە ڕۆمانەوانیانەی ئێوە باسی دەکەن، با سادە و ساکاریش بن، نیشانەی ئەوەیە، کە بیرکردنەوەیەکی شاریانە خەریکە لە لای ئێمەش چەکەرە دەکات و دەرهاوێشتەکانی شار داوای دەربڕین دەکەن، ئیدی گرینگ چۆنیەتی دەربڕینە نەک چییەتی دەربڕین، دەنا چەند خاتریان بگری لە دەقی داخراو هێوەتر ناڕۆن. دەقی کراوە دەبێ خۆی لە دواندنی

ڕاستەوخۆی خوێنەران ببوێرێ و جۆرە خۆ دواندنێک بگرێتە خۆو، لە خەمی ئەفسانە سازییەکی ئەوتۆدا بێ کە خوێنەر ئەفسوونی خوێندنەوەی خۆی بکات؛ خوێندنەوە پرۆسەی کەشفی مەعنایە، بۆیە تەم و مژی فیلیڤانی مەرجە بۆ ئەمجۆرە دەقە، هەر دەقێکی گەورەش بگری شکۆدارییەکی بە تەمتومانی خۆی هەیە، بۆیە دەبێ بایەخ بە تەم و مژ و گۆنگی داهێنەرانە بدرێ و ببێت بە ئەنگیزەیەک بۆ پتر هاڕوژاندنی مرۆڤ و دیاریکردنی پێگەی مرۆڤ لە کەوندا.. جا ئەمە چەند لە دەقی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە؟ بە باوەڕی بەندە، ئەگەر لە تاک و تەرای دەقی ئەم یان ئەو نووسەردا ڕەنگی دابێتەوە، هەر لە ئاستی خۆزگەدا نییە.. زۆربەی دەقی کوردی، دەقی داخراون و ئەمەش بۆ خۆی جۆرە قەیرانێکە و دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر لە بازنەیەکی هونەریی ڕۆشنبیریی سەتحیدا بخولێتەوە.. لە کاتێکا دەقی گەورە پێویستی بە خوێنەری گەورەیە.

هەڵبەتە نووسەر، بەدەم نووسینەوە، پێویستە شتێک بۆ زیرەکی خوێنەر بێڵێتەوە و بە ئاسانی ڕەمز و ڕاز و کۆدەکانی دەقەکەی ڕادەست نەکات، تا دەرفەتی ئەوە بە خوێنەر بدات کە بە پەرۆشەوە، بەشداری ڕۆحی و مەعنەوی لە دەقەکەدا بکات و بە خۆی ڕاز و ڕەمزە نادیارەکانی دەقەکە کەشف بکات و لەزەت لەو پرۆسە کەشفکارییەی خۆی وەربگرێت، چونکە خوێنەریش وەکو هەر مرۆڤێکی دیکە پتر لەزەت لە کەشفکردن و چوونە بنج و بناوانی شتە نادیارەکان وەردەگرێت و لەو ڕێگەیەوە کەڵکەڵە کونجکاوییەکانی خۆی تێر و پاراو دەکات. واتە خوێنەر نابێ هەر گوێگرێکی گوێڕایەڵ بێ، بەڵکو پێویستە موناقەشەکار و گەنگەشەکارێکی جدیش بێ.. بە کورتی دەق دەبێ کەڵکەڵە و تاسەی هونەریی خوێنەر بشکێنێ و زۆرترین لەزەتی ئیستاتیکی پێ ببەخشێت.. بەهەرحاڵ دەقی کراوە، چ وەکو نووسین و چ وەکو خوێندنەوە جۆرە ئۆرگازمێکی سێکسی

پەنهانی لە خۆدا هەڵگرتووە، لە گەڵ تەواو بووندا، جۆرە خاوبوونەوە و ئاسوودەییەک بە نووسەر و بە خوێنەر دەبەخشێ. دەقی گەورە پێویستی بە خوێنەری گەورەیە.

**پرسیاری نۆزدەم:** هەندێک کەس و دەق زۆر دەنووسن و زۆر کەم و بەدەگمەن شتێک دەڵێن، کە لەنێو زاکیرەی خوێنەر و سەردەم و قۆناغە مێژووییەکاندا بمێنێتەوە، کەچی لەسایەی ڕاگەیاندن و ناوچەگەریی و پەیوەندیی کەسیی هێندە پفدراون، وا نیشان دەدرێن ئەمانە کەسانێکی جیهانین و هەندێک کەس بەهەڵە ناویان بە (نێونەتەوەیی)یش ناو دەبات. ڕای تۆ لەمبارەوە چییە؟

**پێویستە خەمی بەر و دوای نووسەر گەیشتن بە هونەرییەت بێ**

**وەڵامی پرسیاری نۆزدەم:** کتێب، دەق، زیاتر بە خوێنەرەوە زندووە، ڕەگی زندوویەتی هەر دەقێکیش لە ئەدەبیەت، لە هونەریەت و لە دەقایەتیەکەیدایە، کتێب، دەق، وەکو مرۆڤ دەمرن، ئەو دەق و کتێبانەی کە کۆن نابن و نەمری بە دەست دێنن و لە تەمەنی خاوەنەکانیان و سەردەمی خۆیان هێوەتر دەڕۆن، زۆر کەم و دەگمەنن.. ئەوانەش زیاتر دەقی کراوەن، ئەوانەن، بە زمانی هونەر، بە زمانی ڕەمز، نەک بە زمانی گوزارشت، ئەوەمان پێ بڵێ کە فیکر ناتوانێ پێمانی بڵێ.. کاری هونەری، هونەری خوڵقاندنە نەک گوزارشت، نیشاندانە نەک وتن، زۆرجار دەبینرێ، دەقێک لە بەر هۆی سیاسی و ئەخلاقی شۆرەت پەیدا دەکات نەک لەبەر هۆی هونەری، لە کاتێکا ئەوەی خوێنەر لە دەق چاوەڕوانی دەکات ئەوەیە کە شتێکی تازەیان، هونەریانە بۆ کەشف بکەن. واتە لە دەقدا مالیجەی هونەری شەرتە و ئەوەی شەفاعەت بۆ مانەوە و زندوویەتی دەق دەکات هونەرییەتە.. دەقێک لە باری

هونەرییەوە، خوێنەر تێر نەکات و ئۆخژنی لە دڵ و دەروونا نەگێڕێ، بە هیچ پرۆپاگەندە و پفدانێک، زندوویەتی پەیدا ناکات.. بۆیە لە دەقدا نەوعیەت شەرتە، هەڵبەتە زۆری و کەمی ژمارەی خوێنەریش، حیسابی زۆر گەورە و جدی لەسەر ناکرێ.. چونکە دەقی کراوە و جدی، لە کوردەوارییە حەیاتەکەی مەدا، بە حوکمی ئەوەی خوێنەری جدیمان کەمە و دەقەکەش، بە زەبری فرە ماناییەوە، خۆی لە خوێنەری تەمەڵ پاس دەکات، بە زۆری کەم خوێنەرە. دەقی کراوە پێویستی بە خوێندنەوەی کراوە هەیە.. هەر خوێنەرێکی بڕێ جدی کە لە خوێندنەوەی دەقێک دەبێتەوە، لە خۆی دەپرسێت: ئایا ئەم دەقە کاریگەری و باندۆرێکی ئەوتۆی بەجێهێشتووە کە لە بیر بمێنێ؟ هەر خوێنەرێک لەو ئاستە ڕۆشنبیریەدا نەبێت، ڕاوبۆچوونی ڕەخنەیی سەبارەت بەو دەقە لەلا دروست بێ کە دەیخوێنێتەوە و نەتوانێ موناقەشەی جدی دەقەکە بکات، دەقی ڕەسەن و ناڕەسەن، جدی و بازاڕی لێکدی هاوێر بکات دەشێت ناوی خوێنەری دەقکوژی لێبنرێ کە مخابن ئەم حاڵەتە لای ئێمە زۆر زەق و دیارە..

بۆیە پێویستە خەمی بەر و دوای نووسەر گەیشتن بە هونەرییەت بێ و نابێ هیچ بانگەشەیەکی دی فریوی بدات و هونەرییەت فەرامۆش بکات.. هەر کارێکی هونەریی ڕاستگۆیانە تا سنووری کات و شوێن بە باڵی ئەفسانە نەبڕێ، ناگاتە ئاستی نێونەتەوەیی.

**پرسیاری بیستەم:** ئەم وشەی (نێو نەتەوەییە) هێندە قێزەوەن بووە، مرۆڤ بێزی لێ دەکاتەوە، لەزۆر شوێن دەڵێن کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی، نێونەتەوەیی، سەرتاشی نێونەتەوەیی، کراسی کوردی نێونەتەوەیی، نازانم چی و چی نێونەتەوەیی، تەنیا هەندێک پێیان وایە (دەقی نێو نەتەوەییان!!!!!!) نووسیوە، ئایا بەڕاستی هیچ شتێک هەیە

بەم جۆرە لەڕووی فکری و کەلتووری و ئەدەبیی و زمانەوە بەم شێوەیە پێناسە بکرێت؟ مەبەستم بەرهەمهێنانی خودی دەقە؟.

**وەڵامی پرسیاری بیست:** زمان لە دەقدا کەرەستە و ئەوزاری ڕەمزییە، نەک گوزارشتەوانی، وشە ڕیزکردن نییە، بەڵکو وشە هەڵبژاردنە.. بۆیە نابێ حورمەتی زمان پێشێل بکرێ و بە تۆپزی شتی لێبار بکرێ، بە خورتی شتی پێبگوترێ، پێ بێتە گوتن، ئەوەی زمان پەوهین بکات و ناچار بە وتنی بکات، زمان تۆڵەی لێدەکاتەوە و تووشی گەوجە گەوج و حەماقەتگۆیی دەکات. چونکە هەر دەقێک مۆرک و شەقڵ و شەخسیەتی تایبەتی خۆی نەبێ کە لە ئەدەبیاتی میللەتانی دیکەی هاوێر بکات، مانای وایە لە سەر زەمینەیەکی فشەڵ ڕۆنراوە، نەمری بەدەست نایەنێ.. دەق پێویستە فەردانیەتی خۆی هەبێ و دەلالەتی حەقیقی و ئیحتیمالی خۆی هەبێ، لە هەر خوێندنەوەیەکدا، دەقێکی تازەی لێبکەیتەوە، ئەرکی خوێنەرە ئەو توخم و ڕەگەزانە بدۆزێتەوە کە دەق دەکەن بە دەقێکی جیاواز و لە دەقێن دیکەی جیا دەکەنەوە، ڕێگای جیهانیەت لە محەلییەتەوە دەست پێدەکات.. هونەرمەندی ڕاستگۆ، لە هەر بوارێکدا کار بکات دەبێ ئەوەی لە بەرچاو بێ کە پەیڤداری ئیعتراف پێنەکراوی هەموو تیرەی بەشەرە.. چ مەسئولیەتێک لەمە قورسترە! نێونەتەوەیی بوون، ئەوەندەش ئاسان نییە کاکۆ..

**ڕێگای جیهانیەت لە محەلییەتەوە دەست پێدەکات..**

**پرسیاری بیست و یەکەم:** خوێندنەوە گرنگە، چۆن وەرزش گرنگە بۆ جەستە، خوێندەوەش بەهەمان شێوە گرنگە بۆ مێشک، ئێمە لەم سەردەمی کرانەوە و ئازادیەدا کە هەموومان دەتوانین هەموو جۆرە کتێبێک بەئاشکرا لەماڵەکانمان دابنێین و بیخوێنینەوە، هەست

دەکرێت قەیرانێکی گەورەی خوێندنەوەمان هەیە، خوێندنەوە وەکو کردەی دەورکردنەوەی کتێب و چاوپێداخشاندن، هەروەها خوێندنەوە وەکو (لێکدانەوە و تێگەیشتن و شیکردنەوە). هەندێک جار دەڵێن قەیرانی شانۆ پەیوەندی بەقەیرانی دەقەکەوە هەیە، ئایا پێتان وایە ئەم وەرزشەی مێشک پەیوەندی بە (نزمی و سادەیی و ساکاریی) دەقەوە هەبێت؟.

**وەڵامی پرسیاری بیست و یەک:** دەق بۆ خۆی خوێندنەوەیە، خوێندنەوەیەکی هونەریانەی دیاردەیە، ڕووداوێ، دیمەنێ، حاڵەتە هەزار توێ و فرە ڕەهەندەکانی ژیان و گەردوونە بە هەموو بوونەوەرە دیار و نادیارەکانییەوە.. دەق دەکاتە مومارەسەی نووسین. مۆمارەسەیەکی ڕەمزی ئیستاتیکی. دەق بە زمان ولە زماندا (نووسین) چێدەبێ و بەرجەستە دەبێ.

بەم پێودانگە وەکو چۆن نووسینی دەقێکی زندوو هونەرە، بەو ئاوایە باش خوێندنەوە و دروست خوێندنەوەشی هونەرە.. وەکو چۆن نووسەری کارامە و پڕ ئەزموون، لەزەت لە نووسین دەبینێ، دەیاردە و ڕووداوە دیار و نەدیار و ئەزموونەکانی ژیان، چ هی خۆی و چ هی خەڵکێن دی دەخوێنێتەوە و لە قاڵبی دەقدا دەیهونەرێنێ و ساتە زندووەکانی ژیان بە زەبری هونەرییەت ڕاو دەکات و نەمریان پێدەبەخشێت و بە جۆرێ ئالکاوی نووسین دەبێت کە کاتێ بە خۆی دەزانێ ئالوودەی نووسین بووەو هەرچی دەکات ودەکۆشێت بۆی تەرک ناکرێ.. خوێنەریش پێویستە بەو ئاوایە ڕمووده و متووی خوێندنەوە بێت و خۆی فێر بکات چۆن لەزەت لە خوێندنەوە بدینێت، موناقەشەی جددی و هونەریانەی دەق بکات و پرۆسەی خوێندنەوە بە هاوتای نووسین و بە نووسین بزانێ.. واتە نە دەقی کراوەو زندوو بە بێ خوێنەر دەبێ و نە خوێنەری

نموونەیی بە بێ دەق دەبێت.. ئێمە لە هەر دوو بوارەکەدا قەیرانمان هەیە.. هەڵبەتە کاریگەریی هونەری و لەزەتی ئیستاتیکی هەر دەقێک، بە تایبەتی دەقی کراوە، لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێک دەگوترێت. ئیدی جۆری عەقڵییەت و جیاوازی ئەزموونی ژیان و جیاوازی و هەمەجۆری مگێزی خوێنەران، سەرچاوەی کاریگەری و باندۆری هونەری و لەزەتی ئیستاتیکی دەق دیاری دەکات.

**پرسیار:** واتە گرنگی بە دەقی کراوە و فرە دەنگ دەدەیت، کە ئەمەش دەبێتە سەرەتایەک بۆ بەرەهەمهێنانی دەقێکی جدی، زیندوو و کاریگەر؟ پڕکردنەوەی بۆشاییەک و دۆزینەوەی وەڵامی ئەو بۆشاییانەی لەنێو دەقدا دروست دەبێت؟

**نوێســـازی دەق، دەقـــی گەورە ئەوەیە دەقی تری لێبکەوێتەوە..**

**وەڵام:** دەق، دەقی کراوە ئاوێنەیەکی فرە ڕووە، هەر خوێنەرێک دەڕوانێتە ئەو ڕووەی وێنەی خۆی تیا دەبینێ.. سەبارەت بە هاوکێشەی یەکانگیری و پەیوەندی ئاسۆکانی دەق، ئاسۆی ڕابردوو، ئەوەیە کە لە لایەن نووسەرەوە بەرجەستە کراوە، ئاسۆی تازەی دەق، ئەوەیە کە لە ئێستادا لە ڕێگەی خوێنەر یان ڕاڤەکارەوە بەرجەستە دەکرێت. هەموو هەوڵێکی خوێنەر بۆ ئەوەیە کە فاسیلەی نێوان دەق و خوێنەر پڕبکاتەوە، ئەرکی خوێنەری نموونەیی ئەوەیە کە ئەم فاسیلە زەمانییە پڕبکاتەوە، کە ئەمە بۆی خۆی دەکاتە نوێسازی دەق، دەقی گەورە ئەوەیە دەقی تری لێبکەوێتەوە.. بۆیە ئەگەر بگوترێ، دەق بەبێ خوێنەر دەمرێت، ناکاتە زێدەگۆیی.. گوتمان دەقی گەورە ئەوەیە دەقی تری لێبکەوێتەوە، بۆیە زۆرجار خوێنەری نموونەیی لە خوێندنەوەی خۆیدا، دەگاتە ئەنجامگیرییەک

زۆر جیاواز لە نیاز و مەبەست ئەو لایەنە دەلالییانەی کە نووسەر، لە دەقەکەدا مەبەستی بووە، ئەمە خۆی لە خۆیدا بەرهەمهێنانی دەقێکی ترە، لە دەقی یەکەمەوە.. بۆیە ئاساییە دەقی گەورە، بە ئەندازەی ژمارەی خوێنەرەکانی، دەقی دیکەی لێبکەوێتەوە. کردەی نووسین، کردەیەکی بیناسازییە، دەق لە میانەی ئەو کردەیەوە، خوێنەری نموونەیی خۆی بەرهەمدێنێ، زۆر دەق، لە خەمی بەرهەمهێنانی خوێنەری تازەدایە، دەق و خوێنەر لە کارلێک و باندۆرێکی ئەپستمولوجی، ئیستاتیکیدان. لەمەوە دەقی نووسەرو دەقی خوێنەر چێدەبێ. دەق بە شێوەیەکی گشتی، داینەمۆیەکی خاوە، ئەمپرتوئیکو گوتەنی خوێنەر، دەیخاتە کار.. لە کاری هونەریدا مێژووی خوێندنەوە شەرتە، نەک کارو دەقە هونەرییەکە، دەقە هونەرییەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە.. ئەوەی دەگۆڕێ، خوێندنەوەکەیە کە دەگەڵ زەمەندا دەگۆڕێ، بەهای دەق لە خوێندنەوەدا و بە خوێندنەوە پەیدا دەبێت.. کەواتە دەق وخوێنەر، خوێنەر ودەق، تەواوکەری یەکن، کەینونەی دەق بە خوێنەرەوەیە.. خوێندنەوەش چالاکییەکی ڕۆشنبیریی فرە ڕەهەندو ڕووە..

> **دەق وخــوێنەر، خــوێنەر ودەق، تەواوکەری یەکن،**

**پرسیاری بیست و دوو:** لەسەردەمی تەکنەلۆژیادا خەریکە خوێندنەوە خۆی لەدەست دەدات، ئاخر خوێندنەوە لەم سەردەمەدا هێندە ئاسان بووە، تۆ دەتوانی لەڕێگەی خوێندنەوەی ئەلەکترۆنی کتێبێک بخوێنییەوە، بێ ئەوەی چاوت بەکاربهێنیت، کتێبت بەدەنگ بۆ دەخوێننەوە، وێنەی (سینەما و ڕۆژنامەگەریی) هێندە کاریگەرە، خەریکە شوێن بەخوێندنەوە لێژ دەکات، ئایا تۆ لەنووسینەکانتدا ڕەچاوی ئەوە دەکەیت، لەم ڕکابەریی و دابەزینەدا پلە و شوێنی خوێندنەوە بپارێزێت و ئەمە چۆن دەکرێت؟ یان ئاست و توانا و

کاریگەری پێگە ئەلەکترۆنییەکان گەیشتە شوێنێک، هیچ توانایەک توانای چارەسەر و گێڕانەوەی بەهای خوێندنەوەی نییە؟

ئایا بیر لەوە ناکەیتەوە دەقی ئەلەکترۆنی بەرهەم بهێنێت، یان کەشوهەوای دەقی تۆ کەشوهەوا و بابەتی ئەلەکترۆنی و پەیوەندیی ئەلەکترۆنی و کەسایەتی ئەلەکترۆنی و ڕەمزی ئەنتەرنێتی و شتە نوێیەکانی نێو پەیوەندییە هاوچەرخەکانی سەردەمی ئەنتەرنێت بێت؟

**تـــۆڕی کـــۆمەڵایەتی و ئەلیکترۆنیـــزە، میللەتێکی، لەت و پەتکراوی وەکو کورد، نیعمەتە، کرانەوەیە بەسەر هەموو دنیا و گشت کایە ئەپستمولۆجیەکاندا..**

بەشێکی دیکەی ئەم پرسیارەم ئەوەیە، لەشاخدا ئێوە چۆن کارتان بۆ پەرەپێدانی توانای خوێندنەوە لەنێو هێزی نەخوێندەواری پێشمەرگە دەکرد؟ چۆن لەنێو پرۆسەیەکی یەکجار سادەی خوێندنەوەدا لەژێر تیشکی چرا و خۆشاردنەوە لەکونە تەیارە و بێ کارەبایی و کتێب لەنێو کۆڵەپشتی پێشمەرگە و بەدزی ئەودەست ئەودەست پێکردنی دەق و کتێب و ڕۆژنامە کارتان بۆ پەرەپێدانی تواناکانی خوێندنەوە دەکرد؟. ئایا هیچ دیاردەیەکی تایبەت لەشاخ هەبوو، وزە بەپرۆسەی خوێندنەوەی دەق وەکو (بەچاو خوێندنەوە) و (لێکدانەوە و شیکردنەوەی) دەق ببەخشێت.؟

هەرچەندە دەمەوێت تەرکیزمان لەسەر دۆخی ئێستا و گەشەکردنی تەکنەلۆژیا و بەرهەمهێنانی دەق بێت، بەڵام (تام و چێژی دەق) لەسەردەمی شۆڕش و بەرخوەدان جیاواز بوو لەگەڵ دەقی ئەم سەردەمە هەم (لەشێوە و هەم لەشێواز و هەم لەنێوەڕۆکد) و تەنیا لە (شێوازی بەکارهێنانی زمان) و (زاراوەکان) و ئەو زمانەی (ئێستا) و (چل ساڵ پێش ئێستا) جۆرێک لەجیاوازی تێدایە. نازانم ئەمە بەگەشەکردنی زمان دابنێم، یان وەکو هەندێک دەڵێن (ماڵوێرانی زمانی کوردییە)؟.

**وەڵامی پرسیاری بیست و دوو:** ژیان بۆ خۆی تا خەیاڵ بڕدەکات، دەقێن بێ کۆتاییە و مومارەسەی ژیانیش، بۆ خۆی خوێندنەوەیە، وەکو چۆن خوێندنەوەی کەس لە هی کەس ناچێت، بەو ئاوایە چۆنیەتی ژیانی کەس لە هی کەس ناچێت، بە تایبەتی ژیانی دەروونی.. کەواتە تا ژیان هەبێ، مۆمارەسەی جۆراوجۆری ژیان هەبێ، خوێنەر و خوێندنەوەی جیاواز دەبێت.. خوێندنەوە تەنیا بە پشتیوانی یەک هەست ئەنجام نادرێت، بەڵکو هەموو هەستەکانی خوێنەر بەشداری تێدا دەکات، خوێنەر بە هەموو بوونی خۆیەوە بە کۆی زیرەکی، ئارەزوو، ڕۆشنبیریی و نۆڕینی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و ئاگایی و نائاگایی خۆیەوە، خۆی بە ونگە هەزار تویێەکانی دەقدا دەکات، هەڵبەتە خوێندنەوە بۆ خۆی چالاکییەکی ڕۆشنبیریی فرە ڕەهەند و ڕووە، واتە خوێندنەوە بەشێکە لە ڕۆشنبیریی و لێی جیا نابێتەوە.. ئیدی خوێنەری جدی بێترس خۆی بە دنیای فرە مانا و ڕەهەندی دەقدا دەکات، ڕاز و ڕەمزەکانی هەڵدێنێ و ڕۆحی خۆی لە سەرچاوەی ئەفسوون و فانتازیاکانی هەڵدەکێشێت.. دەق لە گەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا تازە دەبێتەوە، نەک دووبارە..

ی کایە جیاوازەکانی، زادەی هەلومەرج و پێداویستییە حەیاتییەکانی سەردەم و قۆناغی مێژوویی خۆیەتی بە هەموو کایە ژیاری و شارستانی و ئەپستمولۆژییە جیاوازەکانییەوە. عیبرەت لە چۆنیەتی بە کارهێنانەکەیەتی.. بۆ میللەتێکی خێر لەخۆ نەدیوی، بێ دەوڵەتی، بە نەهەق دابەشکراوی، دەرگاو پەنجەرە لێداخراوی، لەت و پەتکراوی وەکو کورد، نیعمەتە، کرانەوەیە بەسەر هەموو دنیا و گشت کایە ئەپستمولۆجیەکاندا.. سەبارەت بە کتێب، کتێب لەو تۆڕانە دەربینی، بۆشاییەکی گەورە دروست دەبێت، کتێب بە کلیکێک دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران و کتێب دۆستانی سەرانسەری

تیرەی بەشەر، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا ڕیکلامە بۆ کتێب و ڕەواجدانە بە بازاڕی کتێب، ئاسانکارییە بۆ وەدەستهێنانی کتێب، جاران تا سەرچاوەیەکت پەیدا دەکرد خوێنت دەبوو بە ئاو. ئەمە جگە لەوەی کە تۆڕی کۆمەڵایەتی، بەگوێرەی بە کارهێنانەکەی دەبێتە مایەی ڕیشاژۆکردنی دیموکراتییەت و ڕاهێنانی خەڵکی لە سەر یەکدی قەبووڵکردن..

جا تۆڕی کۆمەڵایەتی، بۆ خۆی جۆرە سیحر و ئەفسوونێکی هەیە، بە تۆپزی کونجکاوی و فزوڵیەتی خوێنەر دەجوڵێنێ و نەک ژمارەی خوێنەر کەم ناکاتەوە، بەڵکو زۆریشی دەکات، جا خوێنەریش لە هەر دوو ڕووی چەندییەتی و چۆنیەتییەوە جۆراوجۆرن.. بەڵام ئەو هەوڵی بە حیزباوی کردنەی جەماوەری خەڵکی هەرێمی کوردستان و ئەو سیاسەتبازی و ئەدلەجە نەهلیستیە، پێش هەموو شتێک تەوهینە بە تۆڕی کۆمەڵایەتی، بۆیە دووپاتی دەکەمەوە، عیبرەت لە چۆنیەتی بەکار هێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتیە نەک لە خودی تۆڕەکە.

کتێب کە بڵاوبووەوە، لە نووسەرەکەی دادەبڕێت و زیاتر سەروکار لەگەڵ خوێنەردا پەیدا دەکات، ئەوەندەی بە خوێنەرەوە زندووە، بە نووسەرە زندوو نییە.. تا وشە هەبێ، کتێب دەبێ، تا کتێب هەبێ، خوێنەر دەبێ، ڕەنگە سەردەمی کتێبی کاغەزین بەسەر بچێ، کتێبی ئەلکترۆنی لە فۆرم و شێوەی تردا، خۆی بنوێنێ، کتێب لە هەر شێوە و فۆرمێکا بێت هەر کتێبە.. ژیان کتێبە، بە قووڵی ژیان، ئینسانیانە ژیان، خوێندنەوەیە.

سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەتان، من لەگەڵ ئەوەدام ئاستی خوێنەر بەرزبکرێتەوە بۆ ئاستی کاری هونەری نەک بە پێچەوانەوە.. واتە خەمی ئەدیب ئەوەیە، ڕۆشنبینییەکی هونەریی بە خەڵکی ببەخشێت.. ڕاستە نووسەر لە هەر دوو ئاستی دیار و پەنهاندا،

ژیانی کۆمەڵ تۆمار دەکات، بەڵام وەکو چۆن خۆی دەیبینێ تۆماری دەکات، نەک وەکو چۆن کۆمەڵ دەیەوێ بیدینێ.. نووسەر پێویستە پەیمان بە ویژدانی خۆی بدات کە شتی بێسەروبەر و لاواز نەنووسێت، چونکە نووسەری ڕاستەقینە هەر نووسەر نییە، بەڵکو زیاتر داهێنەرە و لەگەڵ خەڵکیدا دنیایەکی مرۆڤانی تازە دروست دەکات نەک دنیایەکی تایبەتی داخراو.. دەبێ زمانێکی فرە دەلالەتی، بارگاوی بە ئازادی و ڕاستگۆیی هەبێت.. وشە و زمان کەرەستەی سەرەکی ئەدەبە. ئەدەبیاتی بەرزو پڕ لە داهێنان، دەکاتە هونەری وشە، بە کارهێنانێکی ئەفسووناوی وشەیە. وشە لەلای ئەدیب و لە کاری هونەریدا، ئەوزاری نیشاندانە نەک گوتن، ڕێک بە پێچەوانەی ڕۆژنامەڤانەوە..

نووسەر نابێ لەبەر خاتری بیرو هزرین و داب و نەریتی خەڵکانی سادە و ڕاگرتنی دڵی وان، بنچینەکانی کاری هونەری فەرامۆش بکات و بکەوێتە داوی موباشەرەت و سەتحیەتەوە.. چونکە هونەر بە هەموو لقەکانییەوە کارێکی تا سەر مۆخ مرۆڤانییە، کە ئەرکی ئەدەب بریتی بێ لە کەشفکردنی ناخی مرۆڤ و ناخی مرۆڤ بهونەرێنێ، خۆبەخۆ سیفەتی بەشەر دۆستی وەردەگرێت و بەرەو عالەمیەت مل دەنێ.. بە هەرحاڵ نووسین بۆ خۆی شێوەیەکە لە شێوەکانی ئازادیخوازی، هەرکە دەستت دایێ، بتەوێ و نەتەوێ، ئەوا تۆ مولتەزیمیت.. پەیامت ئەوەیە جۆرە دنیابینییەک بە خەڵکی ببەخشێ، ئەگەر خوێنەر دوای خوێندنەوەی دەقێک، دنیا جیاوازتر لە پێش خوێندنەوەی دەقەکە بدینێ، نیشانەی سەرکەوتنی ئەو دەقەیە. ئەرکی هونەر: دۆزینەوەی ئاسوێ نوێ، فراوانکردنی ئەزموونی ئینسانی، شۆڕ بوونەوە بە ناخی شتە نادیارەکاندا.. ئۆسکار وایڵد گوتەنی: ژیان لاسایی هونەر دەکاتەوە نەک بە پێچەوانەوە. واتە ئەو بەها و دەقە هونەرییەی هونەرمەند دەیهونەرێنێ و بەرهەمی دەهێنێ، پاشان دەبێ بە نموونە و خەڵکی چاوی لێدەکەن،

دەیانگۆڕێ.. هەڵبەتە خوێنەر کەسێکی گۆشەگیر و دابڕاو نییە لە ژینگەی جڤاکی، ئەو ئەزموونەی لە میانەی خوێندنەوەوە دەگوازرێتەوە، بێگومان ڕۆڵ لە پەرەسەندنی گشتی کۆمەڵگادا دەبینێ. ئەو خوێنەرەی لە هەوەڵەوە دەستبەرداری واقیع دەبێ تا خۆی بە دنیای خەیاڵدا بکات، لە دوا ئەنجامدا، بە چەکی خەیاڵەوە دەگەڕێتەوە بۆ واقیع.. خوێندنەوە جگە لەوەی لەزەتێکی ئیستاتیکیە، خوێنەر لە ماوەی خوێندنەوەکەیدا لە خەم و نیگەرانییە و جودیەکانی خۆی ڕزگار دەکات، لە دوا ئەنجاما نۆڕینی بۆ شتەکان دەگۆڕێ. من بەش بە حاڵی خۆم لە شاخا بەو نەفەسەوە کارم کردووە و بەرهەمەکانیشم شایەدن.

**خوێندنەوە جگە لەوەی لەزەتێکی ئیستاتیکیە، خوێنەر لە ماوەی خوێندنەوەکەیدا لە خەم و نیگەرانییە و جودیەکانی خۆی ڕزگار دەکات،**

**پرسیار:** ئەی زمان؟

**وەڵام:** سەبارەت بە زمان، زمان وەکو هەر بوونەوەرێکی زندوو لە گۆڕان و خۆ تازەکردنەوە و زاوزێ و مەرگ و میری بەردەوامدایە، بە گوێرەی پێویستیە ئەپستمولوژی و حەیاتیەکان گۆڕانی بەسەردا دێت.. زمان کۆڵەکەیەکی هەرە سەرەکی پێکهاتەی بوونی نەتەوەییە وەکو قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی – سیاسی. هەر نەتەوەیەک زمانی نەتەوەیی (زمانی خوێندن و نووسینی یەکگرتووی نەبێ، بەتایبەتی کە بندەست بێ، دەوڵەتی سیاسی نەبێت، ئەوا یەکێک لە فاکتەرە هەرە گرینگەکانی بەرخودان لەدەست دەدات، ئەگەری پارچەپارچە کردن و بە چەند نەتەوە کردنی زۆر زیاد دەبێت، ئەگەری مەرگی نەتەوەی دایک و لە دایکبوونی چەند وردە نەتەوەیەکی بێ شەخسیەت و لاواز

دێتە ئاراوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بایەخ و گرینگی زمانی نەتەوەیی (زمانی خوێندن و نووسینی یەکگرتووی کوردی) بە ئەندازەی قەوارەی سیاسی گرینگە و هەندێجار گرینگتریشە. کەواتە زمان ڕۆڵێکی مەزن لە یەکخستنی نەتەوەییدا دەبینێ و فەرامۆشکردنی ئەم فاکتەرە دژمنانی کورد زیاتر ڕژد دەکات لە سەر بەگژا چوونمان و نابێ ئەم سەنگەرە بە چۆڵی بمێنێتەوە. هەر نەتەوەیەک زمانی نەتەوەیی یەکگرتووی نەبێ، کەلتووری یەکگرتووی نابێ و ئاسانتر داگیر دەکرێ و بەرەبەرە زمانەکەی دێتە کوشتن و جۆگەلەی هزر و بیر و بەهرەی زانا و دانا و نووسەر و هونەرمەندانی دەخرێتە سەر باخی ڕۆشنبیریی داگیرکەر و بە زمانی داگیرکەر، مەرگی زمانی زکماکی خۆی ڕادەگەیەنێت، دیارە مەرگی زمانیش دەکاتە مەرگی نەتەوە.

**بۆ خەڵکی چەوساوە و بندەستی وەکو کورد، کە سیاسیانە مامەڵە دەگەڵ زمانەکەشیدا دەکرێ، هاوتای ژیانە.**

نووسین و بەکارهێنانی لە بوارە مەعریفییەکاندا، لە بنەڕەتدا، بەتایبەتی بۆ خەڵکی چەوساوە و بندەستی وەکو کورد، کە سیاسیانە مامەڵە دەگەڵ زمانەکەشیدا دەکرێ، هاوتای ژیانە. کە تیرەی بەشەر کەوتە بەکارهێنانی زمان و گێڕانەوەی سەربردەکانی خۆی، بەمە درێژەی بەشەری پەیدا کرد، خۆی و دەوروبەری خۆی و دیاردە و ڕووداوەکانی تۆمار کرد، ئیدی لەوێندەرەوە کەڵکەڵەی ئەوەی کەوتە سەر کە بە زەبری زمان، خۆی و مرۆڤایەتی خۆی تۆماربکات و بکاتەوە، بەردەوامی بە پەیوەندییە زەمەنی و شوێنییەکانی خۆی ببەخشێت.. کەواتە ئەرکی سەرشانی ئەهلی قەڵەم، بەهەموو بوارەکانی قەڵەمڕانییەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ سەروساختیان لەگەڵ زماندایە، ئەرکێکی یەجگار قورس و گەورەیە، بیانەوێ و نەیانەوێ ئەو زمانەی پێی دەنووسن، تا لە ڕووی

بەکارهێنانەوە دروست تر و دەوڵەمەندتر و زیندووتر بێ، لە تێگەیشتنی زۆربەی ڕۆڵەکانی میللەتی خۆیەوە نزیکتر بێ، مەودای بڕکردنی بەرهەمەکانیان پتر دەبێ. بۆیە نووسەر هەرکە دەستی دایە نووسین، بیەوێ و نەیەوێ دەبێ بە ئاراستەی زمانێکی یەکگرتووی یەکخەری نەتەوەیی کاربکات. بێگومان زمانی ستانداردی نەتەوەیی، ئەهلی ئەدەب و قەڵەم جڵەوداری دەکەن. ئەهلی ئەدەب و قەڵەمیش کە بابەتی بەرودوایان مرۆڤ و ئازادی مرۆڤە، وێڕای ئەوەی کە لە سەریانە خۆ لە قەرەی مالیجەی گرفتە جیهانی و کەونی و ئینسانییەکان بدەن، دەبێ ئەوەشیان لەبیر نەچێت، کە جەماوەرێکی تایبەتی و دیاریکراو بە زمانێکی تایبەتی و دیاریکراو دەدوێنن و ئەم دوو تایبەتمەندییە دەلالەتی کارە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانیان دیاری دەکات، بەرلەوەی نێوەڕۆکی جیهانی دیاریی بکات.

زمان لە ناو دەقی ئەدەبیدا، یان دەقی ئەدەبی لە ناو زماندا بەجۆرێ ئاوێتەی یەکدی دەبن و لە بۆتەی یەکدیدا قاڵدەبنەوە و گەشە دەکەن و لە یەکەیەکی یەکپارچەی هونەریدا بەرجەستە دەبن، مەگەر هەر زاراوەی دەق پڕ بە پێستی بێت. جا بۆ گەیشتن بەو ئاستە هونەرییە باڵایە، واتە لە پرۆسەی بە دەق بووندا، دەق نەک هەر خۆی بەڵکو زمانیش لە گەڵ خۆیدا بەرهەمدێنێت.. بۆیە مێژووی ئەدەبی، تەنیا مێژووی کارە هونەرییەکە نییە، بەڵکو مێژووی خوێنەرەکانیشە بە درێژایی زەمان، بۆیە نووسەر پێویستە بەو چاوەوە سەیری ئەدەب و دەق بکات کە چالاکییەکی تواصلیە، لە ڕێگەی کارکردنەوە لەسەر پێوەرە جڤاکییەکان.. زمان زۆر گرینگە، زۆر هەستیارە، لە زاوزێی بەردەوام دایە، وێرای مقاوەمەتی خۆی، لە مەرگ و میر بەدەر نییە، هیچ شتێک لە دەرەوەی زماندا نییە، زمان بەرگری لە خۆی دەکات.. نووسین، ئەوزاری دەربڕین، ئەوزاری کەشفکارییە، نووسین بریتی نییە لە پێشێلکردنی حورمەتی

زمان، یان بە تۆپزی ناچار بە وتنی شتان بکرێ، ئەوەی تەوهینی زمان بکات، بە تۆپزی هەندێ قسەی لێبار بکات، ئەمە دووچاری هەندێ حەماقەتگۆیی کوشندەی دەکات، تاقە خوێنەرێک بە دەوری خۆیەوە نایەڵێت و مەرگی خوێنەر، جێگەی مەرگی نووسەر دەگرێتەوە. لە کاتێکا دەق و کتێب هێندەی بە خوێنەرەوە زندووە، بە نووسەرەوە زندوو نییە..

**پرسیاری بیست و سێ:** هیچ وشەیەک بێ ڕەمز و واتا و فکر و دەربرین و گوزارشت بەکار نایەت، لەم سەردەمەدا زمان خەریکە لەلایەن هەندێک کەسی نەزان و بێدەسەڵات لە بەکارهێنانی زماندا ئەرکەکانی پەراوزێز دەخرێت، لەشاخدا کەمترین خوێنەر بەهۆی کەمی ژمارەی چاپکراوەکان و نەبوونی ئازادیی و ترس و سانسۆری حکوومەتی داگیرکەر، یان بەهۆی سانسۆر و ڕقی لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان دژ بەیەک دەق لە سنوورێکی دیاریکراودا بڵاودەکرایەوە و خوێنەری تایبەت دەیانخوێندەوە، کەچی نووسەر و خاوەن دەق بە بەرپرسیاریەتییەکی ئێجگار بەرز و بەئاگایی و وردییەکی بێ سنوور وشەی بەکاردەهێنا، وشە بەکارهێنان بەشێک بوو لە (ئیمان و بیروباوەڕ و لێکدانەوە)، کەچی ئەمڕۆ، کە سنوورەکانی بڵاوکردنەوە تواونەتەوە، ترس لەخوێندنەوە و سانسۆر نەماون، کەچی هەم نووسەر بەهەمان بەرپرسیاریەتی و ئەم ئاستە نانووسێت، هەمیش خوێنەر کە ژمارەی لەزۆربوونە بەهەمان تێگەیشتن و ئەرک و لێکدانەوە سەیری دەق ناکات. واتە بەرهەمهێنانی دەق (بەچاوێکی ئاسان و بەرپرسیاریەتییەکی لاوازتر لەجاران) دیقەتی لێ دەدرێت. ئایا تۆ لەم سەردەمە ئاڵۆزەدا، کە قەیرانی دەق و خوێنەر و خوێندنەوەیە لەنێو کەلتووری کوردیدا

چۆن (وشە) بەکاردەهێنێت و لەشاخ چۆن دیقەتت لەبەکارهێنانی وشە دەدا و ئەمڕۆ چۆنی دەبینی؟

**وەڵامی پرسیاری بیست و سێ:** جارێ پێش هەموو شتێک هیچ شتێک لە دەرێی زماندا نییە، ئەمە خۆی لە خۆیدا بەڵگەیە کە زمان و چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لە نووسین و دەقدا چ مەسئولیەتێکی گەورەیە. نووسین، سارتەر گوتەنی خۆی لە خۆیدا شێوازێکە لە شێوازەکانی ئازادیخوازی، هەرکە دەستت دایە بتەوێ و نەتەوێ، ملتەزیمی، واتە بەرپرسیت، دەق وەختێ ڕەسەنایەتی وەردەگرێت کە نووسین یەخەت بگرێت، شتێک لە ناختا بپەنگێتەوە و داوای لە دایکبوون بکات، واتە کاری هونەری داهێنانە نەک گوزارشت، ئەمەش تەنیا بە وشە و زمان دێتەدی، بۆیە دەقی هونەری بەرز و پڕ لە داهێنان دەکاتە هونەری وشە؛ بەکارهێنان و بەرهەمێنانێکی ئەفسووناوی وشەیە. واتە زمان ئەوزارێکی ڕەمزییە نەک ئەوزارێکی گوزارشتەوانی.. وشە ڕیزکردن نییە بەڵکو وشە هەڵبژاردنە، دەقی گەورە خۆی زمانی خۆی بەرهەم دێنێ، لە ناوەوە و بەدەم بە دەقبوونەوە، و بە گوێرەی پێویستییە تەکنیکیەکانی دەقەکە دەڕسکێ و زمانێک قەبووڵ ناکات لە دەرێی دەقەکەوە، لە دەق باربکرێت.. دەق، بەتایبەتی دەقی ئەدەبی، هونەری نیشاندانە نەک گوتن، ئەمەش تەنیا بە وشە و زمانی ڕەمزی، بارگاوی بە جۆرەها دەلالەت، دێتە دی. بۆیە دەقی گەورە هەمیشە لە هەنبەر درک و فاما مقاوەمەت دەکات، ڕەگی مقاوەمەتەکەش لە فرە مانایی دایە. ئەمەش خوێنەری نموونەیی دەوێ، کە دەبێ قەناعەتی بەوە بێ کە خوێندنەوە، کەشفی

**واتە کاری هونەری داهێنانە نەک گوزارشت، ئەمەش تەنیا بە وشە و زمان دێتەدی،**

مانایە.. واتە خوێنەران، ئەم هێزە نادیارە، دەتوانن چارەنووسی دەقی هونەری مەزن، بە هەر دوو باری ئەرێنی و نەرێنیدا، دیاری بکەن.

**پرسیار:** تۆ هەمیشە لەقسەکانتدا جەخت لەسەر هونەریانە نووسین و دەقی هونەریانە دەکەیت، ئایا ئەمە پێویستییەکی گرنگە بۆ داهێنان؟

**وەڵام:** باڵاترین ئەرکی نووسەر ئەوەیە هونەرمەندانە ئەزموون بگۆڕێ بۆ هەست. دەق، بە تایبەتی دەقی ئەدەبی، ئەوەیە هونەرمەندانە، هونەریانە، ئەوەمان پێ بڵێ کە بە فیکر نایەتە وتن، دەق چەندیش ئایدۆلۆژیا ئامێز بێ، بەبێ لایەنی ئیستاتیکی ناکاتە هیچ..

نووسەر دەبێ خۆی لە وشە و دەستەواژەی کلێشەیی و ڕستەی دەستکرد ببوێرێ، ئەزموون تاقە زامنی سادەیی و ڕوونی و ڕەوانییە لە نووسیندا. نووسەر دەبێ بە زەڕەبینەوە، لەو دەستەواژە و پەیڤانە بگەڕێ کە دەشێت لە بەرهەمەکەیا لاببرێ بێئەوەی هیچ گۆڕانێک لە مانادا ڕووبدات. هەرکاتێ وشەیەکی کورت مەبەستەکەی گەیاند، پەنا نەباتە بەر وشەیەکی درێژ، یان بە پێچەوانەوە. وشەی گونجاو لە شوێنی گونجاودا بەکار بێنێ.. بەهەرحاڵ زمان لە ناو دەقدا و بەدەم پرۆسەی بەدەقبوونەوە، دروست دەبێ و نەشونما دەکات، واتە هەر دەقە، لە ناوەوە زمانی خۆی بەرهەمدێنێ و هیچ زمانێک قەبووڵ ناکات، لە دەرێڕا بهێنرێ و بە خورتی لێی باربکرێ.

سەبارەت بە خۆم، چ لە شاخ و چ لە شاردا، ئەوسا و ئیستاش پێم وابووە و وایە، وشە و زمان و چۆنیەتی بەکارهێنانی مەسئولیەتە، هیچ شتێک کە دەرێی زماندا نییە، زمان نیشتمانە، نیشتمان؛ هەڵگری مێژوو و جوگرافیایە.

**پرسیاری بیست و چوار:** دەقی بێ خوێنەر و دەقی دابڕاو لەخوێندنەوە ئەنجامێکی سلبی دروست دەکات، بەتایبەی لای ئێمە بەرهەمهێنانی دەق نەبۆتە پیشەسازیی، واتە نووسەر لەسایەی دەق و کتێبەکەی ناژیت، هەروەها دەقی خاوەن خوێنەری مەبدەئیش لەکزبوونێکی ترسناکە، ئای تۆ هەست ناکەیت ئەو کتێبانەی تۆ وەریان دەگێڕیت و بریتین لەدەقی جددی جیهانیی و مرۆڤایەتی پێیانەوە گەشەی کردووە، هیچ سوودێکی ئەوتۆی نابێت، کە خوێنەری جددیان نییە؟ یان خوێنەر لەجیاتی کتێبە کوردییەکان و دەقە کوردییەکان ڕوو دەکاتە ئەنتەرنێت و لەڕێگەی گۆگلەوە بابەتی زمانە جیهانییەکان بەشێوەیەکی پوختکراوە وەردەگێرێت؟

**خـــوێنەری نمـــوونەیی نەک هەر هاوتـــای نووســـەرە، بەڵکـــو پاســـەوانی دەقـــی گەورە و ڕەسەنیشە،**

من هەست دەکەم ئەنتەرنێت هەر تەنیا دەق ناکوژێت، بەڵکو خوێنەریش دەکوژێت، دەقی بێ خوێندەوە گۆشەگیر دەبێت، پەراوێز دەخرێت. تۆ چۆن ئەم شتانە لێک دەدەیتەوە؟.

**وەڵامی پرسیاری بیست و چوار:** هەڵبەتە دەق و خوێنەر، پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی بتەویان لە نێواندایە و لە کارلێکی بەردەوامدان، دەقی هونەری گەورە، پێویستی بە خوێنەری نموونەیی و جدی هەیە، زندوویەتی دەق زیاتر بە خوێنەرەوەیە تا بە نووسەرەوە.. دەق لە گەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا، تازە دەبێتەوە، نەک دووبارە، بۆیە خوێنەری نموونەیی، هاوتای نووسەرە؛ خوێندنەوە لە بنەڕەتدا، پێویستە کردەیەکی فیلیڤانی بێت، لەبەر ئەوە کتێب، بەبێ خوێنەری جدی، دەمرێت، دەبێ بە خوراکی گەرد و تۆزی سەر ڕەفەی کتێبخانان.. ڕاستە ئەهلی قەڵەم لە نک مە، بە بەرهەمە

قەڵەمییەکانی ناژی وخۆیبوونی دارایی، دەکاتە کارێک کە نووسەرو ئەهلی قەڵەم لە هەر دەسەڵات و سانسۆرێکی فەرمی و نافەرمی بێمنەت بێت و ئەرک وخەمی ببێت بەوەی بگاتە هونەرییەت، بگاتە ئەدەبییەت و بەرهەم و دەقی نەمر و زندوو بەرهەم بهێنێت؛ دەقێک کە بەدەم خوێندنەوەوە تازە ببێتەوە و دەقی تری لێبکەوێتەوە..

بۆیە خوێنەری نموونەیی نەک هەر هاوتای نووسەرە، بەڵکو پاسەوانی دەقی گەورە و ڕەسەنیشە، خوێندنەوە لە لای ئەو تەحلیلە نەک تەفسیر ،جگە لە هونەرییەت، هیچ پێوەرێکی ئەخلاقی و سیاسی بۆ دەق قەبووڵ ناکات.. من پێموایە ژمارەی خوێنەران کەم نەبووەتەوە، بەڵکو کاناڵەکانی خوێندنەوە زۆر بوون و خوێنەران دابەش بوون بەسەر کەناڵەکاندا و خوێنەریش زیاتر مایلە بەلای ئەو بابەتانەدا کە گوزارشت لە دنیای ئەو دەکەن، گوزارشت لە خەم و ساتە زندووە مرۆڤانیەکانی ئەو دەکەن.. تۆڕی جڤاکی و ئینتەرنێت زادەی هەل و مەرج و پێداویستیە حەیاتیەکانی سەردەم و قۆناغی مێژوویی خۆیەتی بە هەموو کایە ژیاریی و شارستانی و ئەپستمولۆجییە جیاوازەکانیەوە.. ئیدی عیبرەت لە چۆنیەتی بەکارهێنانەکەیەتی.. هەڵبەتە خوێنەریش لە ڕووی چەندیەتی و چۆنیەتیەوە، جۆراوجۆرن.. هەڵبەتە نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە خوێندنەوە لە نێو ئێمەدا لە کۆنەوە تاکو ئەمڕۆش نە کەلتوور بووە و نە وەکو پێویست بووە بە کەلتوور؛ دەوڵەتمان نەبووە، زۆربەی هەرە زۆری میللەت نەخوێندەوار بووە، ئەگەر خوێنەوار و ڕۆشنبیر و هزرڤان و نووسەریش هەڵکەوتبن بە زمانانی غەیرەز کوردی بووە، بەرهەمەکانیان بە زمانی کوردی نەبووە. خۆ ئەگەر لە سەدەی دەیەمەوە، لێرە و لەوێی کوردستاندا شاعیرانێ هەڵکەوتبن و بە زمانی کوردی شیعرییان گوتبێ، زیاتر پچڕپچڕ بووە و بە سەدانساڵی بێدەنگیان بەدوودا هاتووە.. زمانی ستانداردی خوێندن و نووسینمان نەبووە، زمانەکەمان، میللی و فۆلکلوری بووە و لە بازنەی حیکایەت و

حیکایەتخوانی هێوەتر نەچووە، کە حیکایەتخوانی هی سەردەمی گوێگرتن بووە، واتە زمانەکەمان زمانی بەخششی فەلسەفی، فیکری، زانستی و هونەری و تەنانەت نان پەیدا کردنیش نەبووە؛ واتە زمانی نووسین نەبووە، کە نووسین، هی سەردەمی خوێنەواری و خوێندنەوەیە.

**پرسیار:** ئەی دەقی ئێستات پێ چۆنە؟ دەقی داخراو نابێتە سەرەتایەک گۆشەگیری و مردن؟

**وەڵام:** خۆ لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا، ئەگەر هەندێ بە وردی لە دەقەکانی ئەدەبی کوردی ڕابمێنین، دەبینین بەشێکی زۆری دەقەکانمان دەقی داخراون و لە ڕووی هونەرییەوە وەکو پێویست کونجکاوی خوێنەر ناجوڵێنن، زۆر تەقریری و ڕاستەوخۆیە و زۆرجار هونەرییەت کراوە بە قوربانی مەبەست و گوتاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و جۆشدانی خەڵکی بۆ خەبات و مقاوەمەت، کە ئەمە تینوویەتی هونەریی خوێنەر ناشکێنێ و لەزەتی ئیستاتیکی تێرناکات وزەوقی هونەری و هونەر دۆستی پەروەردە ناکات، خوێنەری نموونەیی ناخوڵقێنێ. تەنانەت لە ڕووی زمانیشتەوە، کە کەرەستەی سەرەکی ئەدەبە و زیاتر ئەوزارێکی ڕەمزییە تا تەعبیری و گوزارشتەوانی بێ، زمان لە دەرەوەی دەقەوە، لە دەق بار دەکرێ، لە ناوەوە و بەدەم بەدەقبوونەوە و بە گوێرەی پێویستییە هونەرییەکانی دەقەکە بەرهەم نەهاتووە. زیاتر بە ئاراستە ئاسۆییەکەدا دەڕوات و کەمترین بایەخ بە ئاراستە ئەستوونییەکە دراوە، لە کاتێکدا پێویستە زمان بە هەر دوو ئاراستەدا وەکو تان و پۆ بەیەکدا بچن.. بۆیە لەگەڵ یەکەم خوێندنەوەدا سیحری بەتاڵ

> **لای ئـێمە وتـن زاڵە، کە ئەمە یەکـێکە لە خـاڵە لاوازەکـانی دەقەکانمان.**

دەبێتەوە و خوێنەر تەوەلا دەبێت و دەتۆرێ، لە کاتێکا دەقی هونەری نیشاندانە نەک وتن، لای ئێمە وتن زاڵە، کە ئەمە یەکێکە لە خاڵە لاوازەکانی دەقەکانمان.

سەبارەت بەو بەرهەمانەی بەندە وەرم گێڕاون، کە زۆر دەقی کراوەی ئەدەبی جیهانیان تێدایە و بۆ زۆر زمانی زندووی جیهان هاتوونەتە وەرگێڕان و لە کتێبخانەی نیشتمانی زۆر میللەتاندا هەن، من هاتووم بە گوێرەی پێداویستی کتێبخانەی کوردی، کۆمەڵێک پەنجەرەی ئەزموونی هونەریی جیهانیم لە زمان و ئەدەبی کوردی کردووەتەوە، تا هەم توانای خۆم لە بواری زانینی زمانی کوردی بجەڕبێنم و هەم متمانەی نووسەر و خوێنەری کورد بە زمانی کوردی دروست بکەم و پێیان بڵێم زمان بە نووسین و خوێندنەوەوە زندووە و گەشە دەکات. بە مەزەندەی خۆم بەم کارانە هەم توانا و بەهرەی نووسەر دەخەملێ و هەم بەهرە و سەلیقەی بەراورد و جیاکردنەوەی بەرهەمی ڕەسەن لە بەرهەمی ناڕەسەن و جەڵەبی دەڕسکێ. ئەمەش لە دوا ئەنجامدا خزمەتێکی گەورە بە نووسینی خۆماڵیش دەکات، چونکە ئەو کاتە نووسەر ناچارە حورمەتی خۆی بگرێ و ناوێرێ بەرهەمی کرچ و کاڵ ڕەنگماڵ بکات و بەنرخی شاکاری هونەری و ڕەسەن بە خوێنەری بفرۆشێت و خوێنەری ڕاهاتووی دەقی داخراو بەرەبەرە ڕموودەی دەقی کراوە دەبێ و خوێنەری نموونەیی پەیدا دەبێت. بەهەرحاڵ خوێنەرمان هەن، بەڵام خوێنەری نموونەییمان زۆر کەمە، بەڵگەش بۆ ئەمە، غیابی ڕەخنەیە، کە لە هەموو بوارەکانی ژیانی ڕۆشنبیرییماندا غیابێکی زۆر کوشندەیە.

دەقی هونەری، بەرلە هەر شتێک هونەرە، سیحری هونەر لە تەکنیکدایە، بە باس کردن یان کورت کردنەوە، سیحر و ئەفسوونە هونەرییەکەی بەتاڵ دەبێتەوە و لەزەتە ئیستاتیکییەکەی لە دەست دەدات، چارە هەر ئەوەیە خودی دەقەکە، وەکو یەکەیەکی

یەکپارچەی هونەری بخوێنرێتەوە، کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، باسبکرێ، ئەمە خۆی لە خۆیدا ڕیکلامە بۆ دەقەکە و کونجکاوی خوێنەر دەهاڕوژێنێ، تا بکەوێتە تاقیبی و ڕاستەوخۆ بیخوێنێتەوە و خولیا خوێندنەوانییەکانی خۆی تێر بکات.

**پرسیاری بیست و پێنج:** (دانتی) دەڵێت لە پرۆسی خوێندنەوە هەر (وشەکان بەتەنیا بەس نین، بیرەوەری بەتەنیا ناتوانێت ئەزموون بۆ قسە بگوازێتەوە، تەنیا بیرەوەریش هەندێک جار ناتوانێت پارێزگاریی لەکارێکی نەگوتراو بکات، مەعریفە ئەزموونێکە ڕەنگە ببەخشرێت تەنیا بەڕەحمەت. دەزانم پرۆسەی خوێندنەوە (لێکدانەوە) پەیوەندی بە (مەعرفیە و بیرەوەریی و تێگەیشتن و ڕەوانبێژیی و پێکچوواندن و شیکردنەوە) هەیە، نووسینی دەقیش پەیوەستە بەکۆمەڵێک پێوەری مەعریفیی و شێواز و بابەت و گێڕانەوە و گوتار و زاراوە و ڕۆنان و پێکهاتە و کەرەستەکانی نێو دەقەکە. تۆ لەنووسینی دەقدا بەر لەنووسینی دەقەکە بیر لەچی دەکەیتەوە؟ پێگەی خوێنەر لای تۆ لەبەرهەمهێنانی دەق لەچ ئاساتێک دایە و پێت وایە خوێنەر دەتوانێت بەشداری لەبەرهەمهێنانەوەی دەق و گوتاری دەقدا بکات و بۆچی؟ ئایا کردەی خوێندنەوەی دەق لەچ بوارێکدا بەکردەیەکی بەرهەمدار دادەنێیت؟

**وەڵامی پرسیاری بیست و پێنج:** دەق کە لە دایک دەبێ، کە من دەقی ئەدەبیم مەبەستە، نووسەر دەمرێ، دەچێتە خانەی نەبووانەوە، دەقەکە دەبێ بە ڕابردوو، ئێستای دەقەکە بریتییە لەو تەئویلەی خوێنەر بۆی دەکات، واتە خوێنەر میراتگری نووسەرە. لەم تەئویلەدا تەکەز لە سەر ئەوەیە کە فاسیلەی نێوان دەق و خوێنەر پڕ ببێتەوە، ئیدی ئەرکی خوێنەری نموونەیی و ڕاڤەوانە ئەم فاسیلە زەمانییە پڕبکاتەوە. واتە دەست بداتە نۆزایاندنی دەق، بۆیە دەگوترێ

ئەدەبیات بەبێ خوێندنەوە و نۆزایاندن دەمرێت. هەر دەقێکی ئەدەبی، لە خوێندنەوەی، خوێنەری نموونەییدا، بوون و ژیانێکی تازە پەیدا دەکات. خوێنەر دەتوانێ لە خوێندنەوە و ئەنجامگیرییەکانی خۆیەوە شتی جیاواز لە مەبەستەکانی نووسەر و دەلالەتە دڵخوازەکانی ئەو، لە خودی دەقەکەوە هەڵێنجێنێ.. دەق بەرەنجام و زادەی یەکانگیری و ئاوێتە بوونی کۆمەڵێک سەرچاوەی ڕۆشنبیریی هەمەجۆرە کە چەمک و مانا و دەلالەتەکانی بەشێوەیەکی جادوویی، وەکو تان و پۆ بەیەکدا چوون، ئەمەش توانای فرە خوێندنەوە بەخوێنەر دەبەخشێت. ئەوەی لە دەقا قسە دەکات زمانە نەک نووسەر، ئەگەر بمانەوێ بە تەواوەتی بگەینە مانا فرەڕەهەندەکانی دەق، دەبێ نووسەر و کاریگەرییەکانی نووسەر فەرامۆش بکەین، واتە زاوزێ مانایيە زۆر و زەبەندەکانی دەق، زادەی هەوڵە زەینیەکانی خوێنەرە، بۆیە لە دایکبوونی خوێنەر دەکاتە سڕینەوەی نووسەر. ئیدی خوێنەری دەقکوژ و خوێنەری دەقساز هەیە، خوێنەری دەقکوژ تەنیا خوێنەرێکی مێملی بەکاربەرە، خوێنەری دەقساز، دەبێتە مایەی زایاندنەوە و تازە بوونەوەی دەق، بەشدار لە دەقاندنەوەی دەق، بەشدار لە لێکەوتە دەقییەکانی دەق و خوێنەری نموونەیی مامانی زایاندنی مانایە.

دەقی ئەدەبی لە بنەڕەتدا خوێندنەوەیەکی هونەری ئیستاتیکیە بۆ ژیان، بۆ دیاردە و ڕووداوەکان، بۆ خەون و خەم وخولیا و بارە دەروونییەکان، لەم حاڵەتەدا خوێندنەوە دەکاتە خوێندنەوەیەکی فرە ڕەهەند بۆ خوێندنەوە. هەڵبەتە بە نۆڕینی هەندێک لە دەقناسانی شارەزا، دەق ڕووداوێکی پەیڤەوانییە، ڕووداویش بە گوێرەی چەمکی ئەرەستۆیی نە دووبارە دەبێتەوە نە بەرهەم دەهێنرێتەوە، بۆیە دەقی کراوە لە گەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا تازە دەبێتەوە، نەک دووبارە. ڕاستە دەق بەرهەمێکی زمانەوانییە، بەڵام زمان وەکو خۆی دووبارە

ناکاتەوە، بەڵکو لە ناوەوە و بەدەم بە دەقبوونەوە، زمانی خۆی بەرهەم دێنێ، سەرلەنوێ دەیخوڵقێنێتەوە و شەحن و چارچی دەکاتەوە و لە مانا و دەلالەتە قامووسییەکەی دووری دەخاتەوە و خۆی بە یەک دەلالەت و مانەوە نابەستێتەوە و بەمەش دەقایەتی خۆی وەردەگرێت و لە نادەق جیادەبێتەوە. دەق داله، بە ئەندازەی ژمارەی خوێنەران مەدلوولی هەیە.

**پرسیار:** واتە تۆ بیر لەنووسینی دەق بیر لە چۆنیەت و جۆرەی دەقەکە دەکەیتەوە؟

**وەڵام:** من بەر لەنووسینی دەق بیر لەوە دەکەمەوە ئاخۆ دەتوانم ئەزموون بگۆڕم بۆ هەست، دەتوانم جیهانبینییەکی تازە بە خوێنەر ببەخشم، بابەتەکە بگۆڕم بۆ تیمە و ناوەڕۆک، بیر لە هونەرییەت، ئەدەبییەت و دەقایەتی دەق دەکەمەوە. دەق بەر لەهەر شتێک دەکاتە مومارەسەیەکی ڕەمزی ئیستاتیکی نووسین، ئایا دەتوانم دەقێک بەرهەم بهێنم، خۆی لە خوێنەری تەمەڵی ئیستهلاکی دەقکوژ بپارێزێ؟ دەقی کراوە پێویستی بە خوێنەری کراوەیە، لێ مخابن زۆربەی خوێنەرانی لای مە، ڕاهاتووی دەقی داخراون، خودانی پاشخانێکی ڕۆشنبیریی و دەقناسی ئەوتۆ نین، بوێرن خۆ لە دەقێن فرە دەلالەتی پڕ ڕەمز و ڕاز بدەن. هەر خوێنەرێک لەو ئاستە ڕۆشنبرییەدا نەبێ، بە نەفەسێکی ڕەخنەوانییەوە دەقێک بخوێنێتەوە و نەتوانێ موناقەشەی جدی ئەو دەقە بکات کە دەیخوێنێتەوە، دەقی ڕەسەن و ناڕەسەن، مەند و خوڕ، جدی و بازاڕی لێکدی هاوێر بکات، دەشێت ناوی خوێنەری دەقکوژی لێبنرێت، کە مخابن ئەم حاڵەتە لای ئێمە زۆر زەق و دیارە.. خوێنەر میراتگری نووسەرە،

**خوێنەر میراتگری نووسەرە،**

لەگەڵ مەرگی نووسەرا ئەو لە دایک دەبێت، خاوەنداریێتی دەق دەکەویێتە ئەستۆی ئەو. خویێندنەوە وەکو نووسین، پرۆسەیەکی کەشفکاری هەستیارە، پرۆسەی کەشفی مانایە، هەر خویێنەریێک بەم نەفەسەوە کاربکات و بەوە قاییل نەبێ خویێنەریێکی بەکاربەری (**استهلاک**) ی بێت، خویێنەریێکی دەقسازە، دەبێ بە شەریک و خاوەنی لیێکەوتە دەقییەکانی دەق. دەق دالە، بە قەد ژمارەی خویێنەرەکانی مەدلوولی هەیە.. هەر خویێندنەوەیەک وا لە خویێنەر بکات کە ژیان لە دوای خویێندنەوەی دەقەکە جیاوازتر لە پێش خویێندنەوەی دەقەکە بدینێ، مانای وایە سەرکەوتووە.

**پرسیاری بیست و شەش:** دەق پەیوەندی بە (سەردەمی نووسینەوەی خودی دەقەکە)وە هەیە، لەهەمان کاتدا لەنێو سەردەمی ئێستای نووسینەوەی خودی دەقەکەدا کار لەسەر (سەردەمی پێش ئێستا/ ڕابردوو) دەکریێت، یان لەسەردەمی ئێستای نووسینەوەی خودی دەقەکەدا (تێڕوانینی نوێ بۆ ئایندە/ داهاتوو) بەرهەم دەهێنریێت، تۆ لەچ سەردەمێکدا دەنووسێت و کار لەنێو چ سەردەمێک دەکەیت؟ بۆچی؟ لە کۆچی سووردا (لەنێو سەردەمی نووسینەوەی دەقەکەدا، کارت لەسەر ڕووداوەکانی ئێستای دەقەکەش کردووە)، ئەمە پەیوەندیی و گوتاریێکی ڕاستەوخۆیە و پەیوەندیی بە خودی کارەکتەرەکانی نێو سەردەمی نووسینەوەی دەقەکە هەیە، بۆچی ئەمەت کردووە، لەکاتێکدا ئەمە لەسایەی شۆڕشێکی ئاگریندا نووسراوە، ڕەنگ بوو لەو کاتدا پێویستیت بە گوتاری ناڕاستەوخۆ هەبێت؟ کەچی لە سەردەمی نووسینەوەی (قەیرانی سێبەردا) لە سەردەمی ئێستای نووسینەوەی دەقەکەدا کارت لەسەر ئەفسانە و ڕەمز و کەسایەتی هێمادار و گوتاری ناڕاستەوخۆ کردوو، لەکاتێکدا ئێستا (قەیرانی سێبەر شارە)، شار

واتا کرانەوە و ئازادی تاکە کەسی پتر دەبێت، پێچەوانەی شاخ تاکە کەس دەبەسترێتەوە بە بەرژەوەندی گشتی شۆڕش، بۆچی ئەم شێواز و ستایلەت بەکارهێناوە؟.

**وەڵامی پرسیاری بیست و شەش:** دەق کە لەدایک دەبێ، هەڵبەتە مەبەست دەقی ئەدەبییە، دەقی کراوەیە، ئیدی نووسەر دەچێتە خانەی مردووانەوە، دەقەکە دەبێ بە ڕابردوو، ئێستای دەق بریتییە لەو تەئویل و ڕاڤەیەی خوێنەر بە ئاراستەی ڕابردوو و ئایندەشدا بۆی دەکات.. دەق بە تایبەتی دەقی هونەری و چیرۆکڤانی، هونەری نهێنی سازی یان نهێنی دۆزییە. قۆناغەکانی تەمەن کە دەوری خۆ تەواو دەکەن، خۆ بە قۆناغی دوای خۆدا دەکەن، لە قۆناغی دواترا، بە تەواوەتی ناسڕدرێتەوە، ماکیان دەمێنێ، ڕەنگە مت ببن، بەڵام ناوبەناو لە هەندێ ساتی هەستیاردا، سەرەتاتکێیەک دەکەن، بۆیە ئاساییە لە قۆناغی گەنجیدا، سەرەتاتکێی قۆناغی منداڵی بەدی بکرێ، یان بە پێچەوانەوە. هەروەها سەبارەت بە پیری، تێکڕای قۆناغەکان دەکاتە کۆی تەمەن.. سەبارەت بە سەردەمەکانیش، لە زەمەندا کۆ دەبنەوە، هەموو کۆتاییەک، سەرەتایەکی تازەیە، ئێستا ڕەگی لە ڕابردوودایە، لق و پۆپی بەرەو ئایندەیە، ئێستا، ، تازەی دوێنێ یە و دەبێ بە کۆنەی سبەینێ.. زەمەن لە دەقی ئەدەبیدا، وەکو قوڕە خۆشەیە، ڕابردوو لە واقیعدا کە بووری هێز نییە زندووی بکاتەوە، کەچی لە دەقی ئەدەبیدا زندوو دەکرێتەوە.. ئایندەی نادیار پێشبینی دەکرێ و بە ئەگەران دەسپێردرێت و ئێستای دەق سەروکاری لە گەڵ خوێندنەوەی جۆراوجۆری خوێنەردایە، خوێندنەوە (ڕەخنە) مامەڵە لە گەڵ دەقدا، وەکو چۆن هەیە دەکات، هەقی بەسەر نیاز و مەبەستی نووسەرەوە نییە.. دەقی کراوە دەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا

تازە دەبێتەوە و بە زەبری هونەرییەتی خۆی سنووری کات و شوێن دەبەزێنێ و دەبێ بە دەقی هەموو سەردەمان..

بەهەرحاڵ لە قالو بەولاوە، لە بەرەبەیانی مێژووەوە، تەنیا یەک عیبادەت هەبووە، ئەویش عیبادەتی هەرمان و خلودە، ئەدەبیات هەوڵێک بووە بۆ گەیشتن بە هەرمان و ئەبەدییەت.. دەقی ئەدەبی کراوە، مەدلوولێکی ڕۆشنبیریی فرە ڕەهەندی لەخۆدا هەڵگرتووە. پێویستی بە ڕاڤەوان و شرۆڤەکار هەیە، کە بۆچوون و ئەنجامگیرییە خوێندنەوانییەکانی ئەوانیش بە دەق دێتە ژماردن، ئیدی بەو جۆرە دەق دەقی لێ دەبێتەوە، سرِی ئەمەش لەوەدایە کە دەقی کراوەی ئەدەبی، نە ئاراستەی خوێنەرێکی دیاریکراو دەکرێ، نە پەیوەستە بە هەل و مەرجێن شارستانی یان ڕۆشنبیریی سنووردارەوە.. ئیدی پاشخانی ڕۆشنبیریی و چاندی وەکو زنجیرە بەهایەکی ئیستاتیکی و گوزارشتەوانی هێما ئامێز، دەق و نادەق لێکدی هاوێر دەکات. نادەق، ئەو چرە ڕۆشنبیرییە هونەرییە جادووییەی تیا نییە بەرگەی ڕۆژگار بگرێ و بمێنێتەوە، بەڵام دەقی هونەریی خوێندنەوەی هەمەجۆر و جیاواز هەڵدەگرێ چ لە سەردەمی خۆیدا و چ لە سەردەمانی دواتردا..

**مــن بــووم بە یەکەم کەس، بەناوی شۆڕشەوە کتێبم بێتە سووتـاندن،**

سەبارەت بە (کۆچی سوور) و زمانی کۆچی سوور: کۆچی سوور دەقێکی ئەدەبییە. دەقی ئەدەبی دەکاتە بویەرێکی ئاوارتە، نە دووبارە دەبێتەوە و نە بەرهەم دەهێنرێتەوە، بەڵکو لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا تازە دەبێتەوە، دەق وەکو ئاوێنەیە، ئاوێنە خۆی لە خۆیدا هیچ نییە، وێنە نییە، بەڵام هەرکەس سەیری دەکات وێنەی خۆی تیا دەبینێ.. کۆچی سوور نزیکەی چل ساڵێک

**ئەو بـزوتنەوە چەکـدارییەی لە ئـارادا بـوو، زیـاتر مقـاوەمە و بەرخۆدان بوو تـا شۆڕش بێ،**

لەمەوبەر، لە مانگی یازدەی ساڵی ١٩٨٦دا، لە گوندی یاخسەمەری دۆڵی جافەتی نووسراوە.. لە ڕووی تەکنیکەوە، کە بەندە سیحری دەق لە تەکنیکدا دەبینم، بە تایبەتی بۆ ئەو کاتە، بە دڵمە.. من دەمویست لە ڕێگەی ئەو کارە ئەدەبییەوە، خوێنەر، لە کاربەری دەقەوە بگۆڕم بۆ بەرهەمهێنەری دەق.. ئیدی نەک خوێندنەوەی ئەدەبی بۆ نەکرا، بەڵکو هەندێ لە هەڵۆکانی سەرکردایەتی (ی. ن. ک) لەسەرووی هەموویانەوە (نەوشیروان مستەفا) بەڕادەیەک هاڕوژان، هەرچەند بە تیراژی پەنجا نوسخەیەک چاپکرابوو، ئەمریان کرد کۆبکرێتەوە و لە خاڵی قاسمەڕەشی سنووری سەردەشت سووتێنراو هەر بەوەش سوکناییان نەهات، ئەمری کوشتنی بەندەش دەرچوو، چەکداری بەناو پێشمەرگەش هەبوون، ئامادەبوون بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەمرە!! ئیدی من بووم بە یەکەم کەس، بەناوی شۆڕشەوە کتێبم بێتە سووتاندن، غافڵ بوون لەوەی وشە تەبیعەتی قەقنەسی هەیە (قەقنەس- سیمورغ: باڵندەیەکی ئەفسانەییە)، دەنووکی دنیایەک کونی تیایە و ئاوازی سەیر دەخوێنێ، هەزار ساڵ دەژی، هەرکە وەختی مردنی هات، چیلکە و ئێزینگان کۆ دەکاتەوە و لەسەری هەڵدەنیشێ و هێندە باڵ بەیەکدا دەدات تا چیلکەکە ئاگر بگرێ و بسووتێ و لە خۆڵەمێشەکەیەوە، قەقنەسێکی تازە لە دایک دەبێ.

ئەو بزوتنەوە چەکدارییەی لە ئارادا بوو، زیاتر مقاوەمە و بەرخۆدان بوو تا شۆڕش بێ، بزوتنەوە و تەڤگەرێکی تەقلیدی و سوننەتی بوو، بەرەو بنبەست دەچوو،

**دەق بەشداری لە گۆڕینی ڕەئی و هەڵوێستە فکرییەکان دەکات**

ئەگەر بتەوێ واقیعێکی تازە دروست بکەی دەبێ واقیعێکی کۆن بڕوخێنی، ئەگەر بتەوێ گۆمێکی مەند و ڕاوەستاو بشڵەقێنی، دەبێ بەردی گەورەی تێفڕێ بدەیت، ئەمەش زمانێکی ڕاچنبوی استفزازی

دەوێ، هەر دەقە و زمانی خۆی بەرهەم دێنێ.. کۆچی سوور هەوڵێکی خاکیانە بوو، بەو مەبەستانەی کە ئاماژەم پێکردن، بانگەوازێکی هونەری بوو بۆ گۆڕینی مقاوەمەت بۆ شۆڕش.. لەو باوەڕەدام ئەگەر خوێندنەوەیەکی هونەریانە بۆ کۆچی سوور کرابا، وەکو دەقێکی ئەدەبی مامەڵەی لەتەک کرابا، شکستە کارەساتبارەکەی ساڵی ١٩٨٨، لەگین بوو، بەو شێوەیە ڕووی نەدابا، بەهەرحاڵ.

دەق بەشداری لە گۆڕینی ڕەئی و هەڵوێستە فکرییەکان دەکات لە ڕێگەی ڕانان و گەنگەشەی هونەریانەی هزرانەوە بە شێوازێکی جیاواز لە فۆرمولە زانستی و لۆژیکیەکان.. دەق بۆ خۆی سیستەمێکە لە ڕێگەی ڕەمز و نیشانانەوە، لە هاماجێکی ڕۆشنبیرییدا، هونەریانە کار بۆ بەرهەمهێنانی مانا دەکات.. هەر ئەمەش بووە مایەی سووتاندنی کۆچی سوور... یەکێک لە ئەرکەکانی دەق گەیاندنە، ئیدی گەیاندنی بیرۆکەیەک بێ یان زانیارییەک بێ یان وەسفی حاڵەتێک بێ یان هەر ڕاز و نیازێک بێ، ئیدی دەق دەبێ بە پردێکی ئەمین لە نێوان نووسەر و خوێنەردا، هەر دەقێک ئەم ئەرکە ڕەچاو نەکا، دەبێ بۆ کۆمەڵێک نیشانەی زمانەوانی سارد و سڕ، دەق لەسەر کۆمەڵێک ئاستی زمانەوانی، سیمیائی و کەلتووری و هونەری کار دەکات، بۆیە دەشێت هەر دەقێکی کراوە بە بویەرێکی ڕۆشنبیریی دابنرێت، وەکو چۆن هەر وشەیەک بویەرێکە لە ژیانی زماندا.

سەبارەت بە (قەیرانی سێبەر) فاسیلەیەکی زەمەنی زۆر لە نێوان قەیرانی سێبەر و کۆچی سووردا هەیە، هەڵبەتە لەو ماوەیەدا سووکە گۆڕانێ لە ژیان و ئەقڵیەتی کۆمەڵگەدا چێبووە و، ئەدەبیاتیش لە کاریگەری و باندۆری ژینگە و واقیع بەدەر نابێ، هەر دەقێکیش بگری، لە ناوەوە زمانی خۆی بەرهەم دێنێ، ئەدەبیات هونەری بەکارهێنانی وشەیە، دەشێت لە ڕێگەی زمانەوە، سەردەمی لە

دایکبوونی دەقی هونەری بناسرێتەوە، چونکە تان و پۆی دەقی ئەدەبی، زمان، وەسف، دیالۆگ و گێڕانەوەیە.. بۆیە هیچ سەیر نییە زمانی کۆچی سوور زمانێکی ئیستفزازی بێ، لە نە وتندا زۆر نهێنی ئاشکرا کردبێ و لە وتندا، زۆر شتی پەنهان کردبێ، هەوڵی دابێ جۆرە ڕەفزاندنێکی سەردەمی خۆی بە ئاراستەی ئایندەدا بەرجەستە بکات.. بەڵام قەیرانی سێبەر، بەدەم بە دەقبوونەوە، پەیوەست بەو سووکە گۆڕانەی بەسەر ژیان و ئەقڵیەتی کۆمەڵگەدا هاتووە، زمانێکی تەئەمولی ڕامان ئامێزی فرە ڕەهەند و دەلالەتی پڕ ڕاز و ڕەمزی خەیاڵئەنگێزی بەرهەمهێناوە، دەق خۆی شێواز و ستایلی خۆی بەرهەم دێنێت.

**پرسیار:** واتە تۆ گومان لە شاربوونی شارەکان دەکەیت؟

**وەڵام:** سەبارەت بە شاریش، شارەکانی مە زیاتر ڕێژگەی گوندەکانی دەوروبەرە، بە هەموو عەقڵیەت و کەڵکەڵە و وێنا و تەسەورە گونداتیەکانەوە، شارەکانی مە زیاتر گوندی گەورەن، تا ئێستاش پەیوەندی خوێن و خزمایەتی زاڵە (کوڕی گەڕەکە، کوڕی شارەکەیە!!) تا ئێستا بەکاربەری شارستانیەت و دەسکەوتە شارستانیەکانی بێگانەین چ لە باری عەقڵی و چ لە باری پراکتیکیەوە.. ئێمە لە پەراوێزی شارستانیەتی خەڵکیدا دەژین، بەکاربەری شارستانیەتین بەشدار و بەرهەمهێنەر نین، پەیوەندییەکان نەبووە بە پەیوەندی بەرهەمهێنان.. ئەو تاکە شارییە وێرۆکە دروست نەبووە کە بە وێراییەوەو بە خۆی ڕووبەڕووی چارەنووسی خۆی ببێتەوە و قەرارسازی قەدەری خۆی بێت. هێشتا شار، نیمچە وەستاوە، کەم جوڵەیە، دینامیکیەتی گوندی بەسەرا زاڵە تا هی شار. خۆیبوونی ئابووری و سیاسی بەدی ناکرێ، بونیادی

حیزبەکان خێڵەکیانە و پاشماوەیی (ویراسییە) . تاک کەسێکی دوو فاقە، دوو ژیانە، ژیانێکی خودی کە زیاتر دەروونییە و بە خەیاڵ ئازادی ئازادە، ئازایە، سازش لە سەر تاکایەتی خۆی ناکات.. ژیانێکی جڤاکی، پڕ لە ڕیا، پابەندە بە هەموو داب ونەریت و حەلال و حەرام و سانسۆرە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵەوە.. بێ ئاگا لەوەی ژیان لە ژینگەیەکی سانسۆراویا، تووشی ترسنۆکی عەقلّی و خود سانسۆری دەکات.. بۆیە بیرکردنەوەمان لە شاخ و شاردا زۆر لە یەکدییەوە نزیک بووە و نزیکە.

**پرسیاری بیست و حەوت:** دەگەڕێینەوە سەر دوو مەسەلەی گرنگ لە چیرۆک و ڕۆماندا، کە خۆت ئاماژەی پێ دەکەیت ئەویش (درۆ) و (ڕاستگۆییە) لە دەقدا. چیرۆک و ڕۆمان نزیکترین دەقن لە واقیعی ژیان، نووسەر هونەرکارانە، هونەری خۆی لەپێناو هونەراندنی دەق و بابەتەکە بەکار دەهێنێت. تۆ گووتووتە (ژیان خۆی لەخۆیدا دنیایەکی چیرۆکڤانی سەیر و ئاڵۆز و پڕ ئەفسوونە، پڕە لەشەقڵی چیرۆکڤانی سیحراوی و هەر بەشەرەش بۆ خۆی گرتە و دیمەنێکی چیرۆکڤانییە لەناو ئەو دنیا ئەفسووناوییەدا. کەواتە پێودانگە چیرۆک (درۆ) بۆ بەشەر زەرووریە و ڕەنگە کەس نەبێت بەبێ چیرۆک هەڵبکات. من لێرەدا لەسەر وشە و بنەمای (درۆ) دەوەستم. پەیوەندی نێوان (چیرۆک و مرۆڤ و ژیان و درۆ) چۆن بەیەکەوە دەبەستیتەوە، لەکاتێکدا (چیرۆک بەشێکە لەهونەری گێڕانەوەی واقیعی ژیان). واقیع و درۆ ئەگەر دژبەیەکیش نەبن، ڕەنگە زۆر دانوویان بەیەکەوە نەکوڵێت. تەنیا تۆ پێت وایە (ڕەگی ڕۆمان لەدرۆدایە). لەهەمان کاتدا هەر تۆ خۆت لەبارەی ڕاستگۆیی و چیرۆک و ڕۆمان و گێڕانەوەی بەسەرهاتە واقیعییەکانی خودی نووسەر، کە نووسەر خۆی دەبێتە سەرچاوەی بابەتەکانی چیرۆک و

ڕۆمان، چۆن بەراورد دەکەی بەوەی پێی دەگوترێت (ڕاستگۆیی). هەر خۆت لە کتێبێکی خۆتدا بەناوی (دەروازەیەک بۆ جیهانی چیرۆک و ڕۆمان) بەشێوەیەکی شارەزایانە و وەکو وەستاکارێکی هونەریانەی نووسینی چیرۆک دەبێژیت (چیرۆکنووس تا شارەزاتر و پڕ ئەزموونتر بێت، ڕاستگۆیانەتر وێنەی ژیان و کارەکتەرەکان دەگرێت، واتە ڕاستگۆیی لەچوارچێوەی ئەم چەمک و مانایەدا مەرجی هەرە گرینگە لەهەر کارێکی ئەدەبی گەورەدا).

دەق شاهیدی ڕاستگۆیانەی سەردەمەکەی خۆیەتی، ئێمە لەڕێگەی دەقەوە دەتوانین شێوەی ژیان و کەلتوور و بیرکردنەوە و کەسایەتی و خواردن و جلوبەرگ و گۆڕانکاریی لە ژینگە و گیانەوەر و تەنیا شێوازی قسەکردن و ئاخاوتن و زاراوە و وشە بەکارهێنان و چۆنیەتی ئاخاوتنی منداڵ و گەورە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و چینایەتی و ئەخلاقییەکان بناسینەوە، ئایا (درۆ و ڕاستگۆیی) چۆن دەبنە بنەمایەکی هونەری فۆرمئامێز، یان بابەتێکی بنەڕەتی متمانەپێکراوی سەرچاوەئامێز بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوە و تێگەیشتن لەسەردەمێک، کە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی؟. دەبێت بزانم (درۆ و ڕاستگۆیی) چۆن لەبەرهەمهێنانی دەقێکی زیندووی گەورە جێگەی دەکرێتەوە؟.

دەزانم تۆ وەسفی (درۆ) نزیک دەکەیتەوە لە خەون و خەیاڵ ئەو ڕەگەزە گرنگەی دەقی ئەدەبی لەسەر ڕۆ دەنرێت، بەڵام دیسان (درۆ) وەکو زاراوە هاوتای خەون و خەیاڵ نییە، لەدونیای پێشکەتووی ئێستادا (خەیاڵ) کراوەتە بەشێک لەدەقی (زانستی)، بەواتایەکی دیکە فیلمی زانستی خەیاڵی، بەرەو واقیعێکی هەسپێنەکراو، یان پیشبینکراومان دەگوازنەوە، یان (درۆ) خۆی لەخۆیدا بەشێکە لە (واقیع و ڕاستی). ئێوە چۆن ئەمە بەراورد دەکەن؟.

**وەڵامی پرسیاری بیست و حەوت:** گێڕانەوە و خۆگێڕانەوە، لەگەڵ پەیدا بوونی بەشەردا چ وەک تاک و چ وەکو کۆمەڵگە پەیدا بووە و ڕەگێکی دەچێتەوە سەر کەڵکەڵەی نەمری و بە تۆمار سپاردنی کار وکردەوەو خولیا وکەڵکەڵە و سەرکەوتن و ناکامی و شکستە فیزیولۆژی و سایکۆلۆژییە مرۆڤانییەکان. هەڵبەتە کردەوەی گێڕانەوەش، بەگوێرەی قۆناغی پێشکەوتن و گەشەکردنی هەمە لایەنەی ژیاری و شارستانی مرۆڤ گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە و لە هەر قۆناغێکدا بە گوێرەی پێوەر و پێوانە هونەرییە باوەکانی ئەو قۆناغە، هونەرییەتی وەرگرتووە و بەدەم ڕەوتی ڕۆژگارەوە هاتووە و بووە بە ژانرێکی ئەدەبی دیار و ناوی چیرۆکی بە هەموو جۆرە گێڕانەوەکانییەوە لێنراوە و پانتاییەکی هەرە گەورەی لە نەخشەی ئەدەب و هونەردا پڕ کردووەتەوە.

جا ڕەگەزی سەرەکی هەر دەقێکی هونەریی، زمان و چۆنیەتی بەکارهێنان و بەرهەمهێنانی زمان و دەلالەتە هەمە جۆر و تێکرژاوەکانیەتی... جا بەم پێیە لە میانی ئەوەوە حوکم لە سەر دەقێک نادرێ کە چەند دەگەڵ واقیع و حەقیقەتێکی دەرێی دەقەکەدا تێکدەکاتەوە یان نا، بەڵکو لە میانی بونیادە هوندووریەکەیەوە حوکمی لە سەر دەدرێ، واتە دەبێ لەو ڕوانگەیەوە مامەڵەی لە تەکدا بکرێ کە پەیوەندی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەق، بۆ دەقەکە و لە ناو دەقەکەدا چەند لۆژیکین، لە باری هونەرییەوە قەناعەتبەخشن.. دەقی هونەریی، هونەری نهێنی سازی یان نهێنی دۆزییە.. هەر دەقێکی ئەدەبی دوو جەمسەری هەیە، یەکێکی هونەری و یەکێکی ئیستاتیکی، جەمسەرە هونەرییەکە لەو دەقەدایە کە نووسەر بەرهەمی دێنێ و جەمسەرە ئیستاتیکیەکە لەو خوێندنەوەیەدایە کە خوێنەر ئەنجامی دەدات، کە واتە دوو ڕەهەند لە خوێندنەوەدا هەیە، ڕەهەندێک کە دەقەکە دیاری دەکات و هەر خوێنەرێک بەشداری تێدا دەکات، ڕەهەندی دووەم تا خەیاڵ بڕ

دەکات لە گۆڕاندایە، لە بێ کۆتاییدایە، چونکە پەیوەستە بەو خوێندنەوانەوە هەر کەسێک لە دەقەکەی بار دەکات.

بەهەرحاڵ دەقێن چیرۆکڤانی و ڕۆمانەوانی بمانەوێ و نەمانەوێ پەیوەندی بە ئەزموون و خەون و خەیاڵەوە هەیە؛ ئەزموون لە کارێن فیلیڤانیدا (ابداعی) کەرەستەی خاوە، بۆ نووسین.. ئەو ڕووداوەی بەسەر خۆت و خەڵکیدا دێت، ئەو شتانەی دەیانبینی یان دەیانخوێنیتەوە، هەمووی دەچنە خانەی ئەزموونی شەخسییەوە، واتە ئەزموون تەنیا ئەزموونی خودی نووسەر یان گوتیار نییە، بەڵکو ئەزموونی ژینگە کۆمەڵایەتی و زەینییەکانیش دەگرێتەوە. ئەزموونیش تەنیا لە بۆتەی خوێندنەوەی هونەریانەوە بۆ دیاردە و ڕووداوەکانم قاڵ دەبێتەوەو هونەرییەت و ئەدەبییەت وەردەگرێت.. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە نووسەر بێت ئەزموونی شەخسی وەکو چۆن هەیە، موو بە موو کۆپی بکاتەوە، بەڵکو دەبێ مەسافەیەکی باش لێی دوور بکەوێتەوە تا هەست بە ئازادی بکات و بە گوێرەی پێداویستییە هونەرییەکانی دەق دەسکاری بکات و بیگۆڕێت بۆ چیرۆک.. لەزەتی چیرۆک و ڕۆماننووسی لە کەشفکردنی ئیمکانات و ئەگەرە هەمە جۆرەکانی دەقدایە، لەوەدایە کە دەقەکە دەستت بگرێ و بە ڕێیەکتدا بەرێ وێنات نەکردبێ، چاوەڕوانی نەبوو بی. بەڵام دەبێ هەمیشە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە ئەزموونی شەخسی پێویستە وەکو هەوێن بەکار بهێنرێ، وەکو چۆن هەوێن دەکرێتە شیرەوەو دەبێت بە ماست، هەموو کەس دەزانێ هەوێنی تیایە، بەڵام کەس نازانێ هەوێنەکە لە کوێی ماستەکەدایە، دەبێ هەمان مامەڵە لەگەڵ ئەزموونیشدا بکرێ، نەزانرێ لە کوێی کارە چیرۆکڤانیەکەدایە..

خەیاڵ و فانتازیا، بریتیە لە ئاوێتەکردنی هونەرییانەی واقیعی ناوەوە و دەرەوە بە شێوەیەکی سەیر و چاوەڕوان نەکراو و لە

هەمان کاتدا باوەڕکردنی، بۆیە ئەگەر خەیاڵ و فانتازیا بە مەبەستی خولّقاندنی دەقێکی ئەفسووناوی ئەوتۆ نەبێ کە شتە ئاشنا و ناباوەکانمان لە لا ئاشنا و باو بکات، ئەوا دەچێتە خانەی فەنبازییەوە! مەبەستی خەیاڵ و فانتازی دەبێ بریتی بێ لە پشکنینی واقیعی ئینسانی، بۆیە خەون و خەیاڵ و فانتازیا و ئەو زاراوە هاوشێوانەی دی کە ئاماژەن بۆ دوور کەوتنەوە لە واقیع، لە هەمان کاتدا ئەو هۆیانەن کە لە ڕێگەیانەوە ئەو واقیعەی پێ کەشف دەکرێ، کەواتە خەیاڵ بە گشتی و فانتازیا بەتایبەتی – کە خەیاڵێکی لە واقیع بالاٌتری فرە دەولّەمەندە – یارمەتی خوێنەر دەدات تا بە شێوەیەکی هونەریانە لە واقیع بگات و بۆ ڕوونکردنەوەی واقیعی دەقە بە شێوەیەکی باوەڕکردەنی پڕ لەزەت و ڕۆحپەروەر.. خەونیش ئەو حەز و خولیا و ئارەزووانەیە کە نەهاتووەتە دی و تێر نەبوون و لە نائاگایی بەشەردا کەڵەکە بوون و لە هەندێ دەرفەتی هونەریدا، هونەریانە و لە قالّبی ڕەمزیدا، دەکەونە سەرەتاتکێ و ئۆخژنێک بە دڵ و دەروونی خوێنەر دەبەخشن.. ژیان بە هەموو بوونەوەرانییەوە، بە هەموو بێ سنوورییەکی خۆیەوە، بە هەموو هەوراز و نشێوەکانییەوە، بە هەموو خۆشی و ناخۆشیەکییەوە، ئارامی و گۆڕانکارییەکی بەردەوامییەوە، سەرچاوەیەکی سیحراوی لەبن نەهاتووە بۆ دەق و دەقاندن.. کەواتە ژیان و ئەزموون و خەون و خەیاڵی دەوڵەمەند سێکوچکەی ڕاستەقینەی ئەدەبی مرۆڤانی پێکدەهێنن.. نووسەر ئەو سەرچاوانە دەگۆڕێ بۆ قەوارەیەکی هەستەوانی (حسی) پڕ هونەر و لە هەست و نەستی خوێنەردا، واقیعیەتێکی هونەریان پێدەبەخشێ. هەڵبەتە واقیعی ترین دەق ناکاتە کۆپی کردنەوەی موو بە مووی واقیع. دەق خولّقێنراوی هزر و بیر و خولیا و کەڵکەڵە بەشەرییەکانە، بۆیە پێویستە خەون و خەیاڵ لە مەودایەکی ڕەمزیدا و بە مەبەستی گۆڕینی ئەزموونان بۆ تیمە و

ناوەڕۆک، بۆ هەست، ڕەعەمەل بهێنرێ. ئەگەر هاوسەنگییەکی هونەری لە نێوان ژیان و ئەزموون و خەون و خەیاڵدا بەرپا نەکرێ، ئەوا دەقی ئەدەبی نامەێیت و هەڵدەبزرکێ. خەیاڵ گەر ڕەگی لە واقیعدا نەبێ، واقیع وخەیاڵ بە شێوەیەکی ئەوتۆ ئاوێتەی یەکدی نەبن کە خوێنەر ئەمیانی لێ ببێت بە ئەو، ئەویانی لێ ببێت بە ئەم، ئەوا سیحری دەقەکە بەتاڵ دەبێتەوە. کەواتە ئەگەر دەقی ئەدەبی خەون و خەیاڵی قووڵی تیا نەبێ، و نەبن بە دوو شادەمارەکەی دەق، ئەوا دەق تووشی کەم خوێنی داهێنان دەبێ و وەکو تەیری باڵ شکاو بێهودە بە تەمای بەرزەفڕی دەبێت.. بۆیە نووسەر لە سەرێتی لە ڕێگەی بەرهەمی فیلیڤانی فرە مانا و چڕە دەلالەتی قووڵەوە خۆی لە خوێنەری تەمەڵی استهلاکی بپارێزێ و پرۆسەی خوێندنەوە لە مەسحی خارجی ڕەگەزە هونەرییەکانەوە بگوازێتەوە بۆ قووڵایی دەلالەتەکان و لەوێندەرەوە شتە شاراوە وپەنهانەکان بێنە کەشف کردن وچیتر ئەرکی دەق بە وەعزدادان، ئامۆژگاری کۆمەڵایەتی و سیاسی نەزانێ.

هەر وشەیەک بگری بویەرێکە لە ژیانی زماندا، وشە لە بەکارهێنان وچۆنیەتی وکات وشوێنی بەکارهێناندا، مانا گۆڕکێی بەسەردا دێت و لە مانا قاموسی و فەرهەنگییەکەی دوور دەکەوێتەوە، دەبێ بە دال و مەدلوولێکی تازە پەیدا دەکات، وشەی درۆش لەوێدا بە مانا قاموسی – کۆمەڵایەتیەکە بەکار نەهاتووە، بەڵکو بە مانایەکی هونەری، وەک هاوتای خەیاڵ و بەرزە خەیاڵ و موبالەغە بەکار هاتووە، کە عەرەب لە کۆنەوە گوتوویانە" **اعذب الشعر اکذبه"** مەبەستیان لە درۆ بەمانا کۆمەڵایەتیە قێزەونەکە نەبووە، بەڵکو مەبەستیان لە تەڕخەیاڵی و موبالەغە کاری هونەریی بووە، بۆیە درۆی هونەری، وەکو میتافۆڕ، لە دەقی ئەدەبیدا نەک هەر شەرم و شوورەیی نییە، بەڵکو زۆریش پێویستە.. تەنانەت لە

ڕووه كۆمەڵایەتیەكەشەوە، درۆ بە مانا و چەمكی میتافۆرییەوە دەكاتە خوێی ژیان، هەموو شتێك بە خوێی وخوێش بە مانا، درۆ لەم ڕووەوە، ڕەگی دەچێتەوە سەر پراگماتیكیەت و بەشەر بە سروشت، بە تەبیعەت بوونەوەرێكی پراگماتیكیە..

**دەقی هونەری بەرلە هەر شتێك قەوارەیەكی هونەرییە نەك وەعز و ئایدۆلۆجیا..**

مەبەست لە ڕاستگۆیی دەقی هونەری؛ ڕاستگۆیی هونەرییە، ڕاستگۆیی هونەریی دەكاتە ڕاستگۆیی ئەگەران، ڕاستگۆیی لەوەدا نییە كە چەند لە گەڵ واقیع یان واقیعی دەرێی دەقەكەدا تێكدەكاتەوە، بەڵكو دەبێت لە میانی واقیع و لۆژیكی هونەریی ناوەوەی ئەو پەیوەندییانەوە تەمەشا بكریێ كە ڕەگەزو بەشەكانی دەق پێكەوە گریێ دەدات.. دەق لە كۆمەڵێك ڕەگەز پێك هاتووە، نابیێ هیچ ڕەگەزێك لە سەر حیسابی ڕەگەزێكی دی بەرجەستە و زەق بكرێتەوە، بەو ڕادەیەی هاوئاهەنگی هونەریی دەقەكە سەنگەلا ببێت. گێڕانەوە ڕەگەزێكە لە ڕەگەزەكانی دەق، بۆیە ئەگەر گێڕانەوەی واقیعی ژیانیش بیێ، گێڕانەوەیەكی هونەرییە، خوێندنەوەیەكی هونەرییە بۆ واقیع و ژیان، نەك كۆپی كردنی موو بە مووی واقیع و ژیان. دەقی ئەدەبی، بە حوكمی كارلێكی هونەریانەی هەموو ڕەگەزەكانیەوە دەقایەتی پەیدا دەكات.. واتە دەقی ئەدەبی بە زەبری خەیاڵ و بە فەزڵی پەیڤ وزمان، ئەزموونی واقیعی دەگۆڕێت بۆ هەستێكی هونەریی قەناعەتبەخشی باوەڕكردەنی و ڕۆحنەواز ودڵگیر.. بۆیە دەق چەند بە وردیش واقیع و ئەزموونی واقیعی، كۆپی بكاتەوە نابیێ بە دەق و زندوویەتی پەیدا ناكات، پێویستە حوزووری هونەریی لە دەقدا لە حوزووری واقیع باڵاتر بیێ. واتە پێویستە لە واقیعی واقیعیەوە، لە ئەزموونی واقیعیەوە، واقیعێكی هونەری ئەوتۆ بئافەرێنیێ، باوەڕكردەنی و قەناعەتبەخش و لەزەتبەخش بیێ؛ كەشفێكی هونەریی ئەنجام دابێت، واقیعیەتی دەق لە خودی

خۆیدایە، لە خەیاڵ وپەیڤ وزمان پێکهاتووە، هەر ئەمەش ئەدەبیات لە واقیع جیادەکاتەوە، چونکە ژیان و واقیع لە خەیاڵ و وشە دروست نەبووە.. بۆ نموونە لە دەقدا قارەمانێ دەبینی دەفڕێ، هێندە هونەریانە مامەڵەی لە تەکدا کراوەو فڕێنراوە، لە باری هونەرییەوە هێندە قەناعەتبەخش و باوەڕکردەنییە، لە باری ئیستاتیکیەوە، هێندە لەزەتبەخشە.. هیچ خوێنەرێک پێی نالێ ئای لەو درۆیە! چونکە هەستێک لای خوێنەر دروست دەکات کە بەشداریکی چالاک و کارایە لە ڕووداوەکانی دەقەکەدا.. دەقی هونەری بەرلە هەر شتێک قەوارەیەکی هونەرییە نەک وەعز و ئایدۆلۆجیا.. ڕاستگۆیی دەق لەوەدایە جیهانبینی و نۆڕینێکی تازە بە خوێنەر ببەخشێت و بتوانێ وا لە خوێنەر بکات کە ژیان لە دوای خوێندنەوەی دەقەکە جیاوازتر لە پێش خوێندنەوەی دەقەکە بدینێ، ئەمە نیشانەی ڕاستگۆیی وسەرکەوتنی هونەرییە.. دەقی ڕاستگۆ؛ سەرکەوتوو بە هێزی خەیاڵ ئاسمانی فڕین تەی دەکات، بە زمانی هونەر هەموو تیرەی بەشەر دەدوێنێ.. بە کەشفێن هونەری سنووری کات وشوێن وسەردەمان دەبەزێنێ..

سەبارەت بەوەی دەق شاهیدی ڕاستەقینەی سەردەمەکەی خۆیەتی.. دەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێت کە دەقی ئەدەبی هەرگیز کۆپی کردنەوەی موو بە مووی واقیعە جۆراوجۆرەکانی ژیان نییە، بەڵکو خوێندنەوەو هونەراندنیەتی.. بۆیە دەشێت لێکۆڵینەوەی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر ئەدەبیاتی هەر کۆمەڵگەیەکدا دێت، یارمەتیدەر بێت بۆ ناسین و پەیبردن بەو گەشە و نەشە وگۆڕانانەی بەسەر ژێرخانی فەرهەنگی وشارستانی ئەو کۆمەڵگایەدا هاتووە.. ڕاستە ئەدەبیات (دەقی ئەدەبی) لە پێناسە گشتیەکەدا دەکاتە بەرهەمهێنانی هونەریانە و ئیستاتیکی زمان و لەزەتێکی ئیستاتیکی بە وەرگر دەبەخشێت.. بەڵام هەندێ بەرهەمی هونەری هەن، هێندە بە قووڵی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و جڤاکی سەردەمی خۆیان هونەراندووە کە

هەندێجار لە سەرچاوە گرینگەکانی کۆمەڵناسی زیاتر پشتیان پێدەبەسترێ و متمانەیان پێدەکرێ. ئەوەتا ئەنگلز دەڵێت: "ئەوەی لە بەلزاکەوە فێری بووم زیاترە لەوەی لە تێکڕای ئابووریناسان و دیرۆکنووسان و ئامارگەرانی هاوزەمانی ئەوەوە فێری بووم." جا بەم پێودانگە دەقی ئەدەبی، چەندیش خەیاڵی بێ، ڕەگی دەچێتەوە سەر واقیع، هونەریانە بویەرو واریقاتی سەردەمی خۆی دەنوێنێت، مانای وایە دەکرێ لە ڕێگەی موتاڵا وخوێندنەوەی دەقی ئەدەبی ڕەسەنەوە، کەم دابێژێک پەی بە مێژوو و شێوەی ژیانی خەڵکی سەردەم و قۆناغێکی دیاریکراو ببرێت.. بەهەرحاڵ دەق ئەگەر ئاوێنەش بێ، ئاوێنەیەکی ئەفسووناوییە.

**پرسیاری بیست و هەشت:** جارێکی دیکە دەگەڕێمەوە سەر باسی خوێنەر، خوێنەری جددی، کە دەبێتە ئاشکراکەری نێوەڕۆک و لایەنە شاراوەکانی پێکهاتەی دەق. ئایا پێتان وایە لەنێو کوردا خوێنەری جددی دروستبووە، سەربارەت بەخودی دەقەکانی خۆت، هیچ خوێنەرێک توانیویەتی وەکو خوێنەری جددی دیقەت لەخوێندنەوە دەقەکانی تۆ بدات؟ ئایا بەڕاستی هیچ خوێنەرێکی جدی لەشاخ هەبوو، لەدەقەکانی تۆ بگات؟

**وەڵامی پرسیاری بیست و هەشت:** دەق و خوێنەر پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیان لە نێواندا هەیە و لە باندۆر و کاریگەری یەکدی بەدەرنابن. دەق بەر لە هەر شتێک دەکاتە ممارەسەی نووسین، هەڵبەتە ممارەسەیەکی ڕەمزی ئیستاتیکی. واتە پرۆسەیەکی هونەری کەشفکارییە، نەک پرۆسەیەکی گوزارشتەوانی لام سەرلایی.. کە دەق لە دایک دەبێ، نووسەر دەچێتە خانەی مردووانەوە، هەنگێ خوێنەر لە دایک دەبێ و دەبێت بە میراتگری نووسەر و سەروکار لە گەڵ دەقدا پەیدا دەکات. کەواتە دەق بە

خوێنەرەوە زندووە، لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا تازە دەبێتەوە؛ بەمانا دەق، دەقی لێدەبێتەوە. بۆیە دەقی کراوە، لە هەنبەر دەرک و فامیندا مقاوەمەت دەکات، بۆیە خوێندنەوەش دەبێ پرۆسەیەکی کەشفکاری بێ، واتە خوێندنەوەی جدی دەکاتە کەشفی مەعنا. خوێنەری نموونەیی و جدی هەر بە خوێندنەوەی ڕەوتەنی دەقێک سووکنایی نایەت وڕۆحی کونجکاوی پاراو نابێت. تەنیا لە دووی لەزەتێکی هونەریی نییە، بەڵکو عەوداڵی چی گوتن و چۆن گوتنی بابەتی دەقەکەشە، چ ڕاڤەیەکی هونەری بۆ واقیع و ژیان کردووە، چ فەلسەفەیەکی لە پشتەوەیە، چ مالیجەیەکی هونەری بۆ بابەتی دەقەکە وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری کردووە و چ کەشفێکی هونەری تازەی کردووە.. نهێنی سازیەکانی دەق لە کوێدایە؟ وەکو پێشتریش ئاماژەم بۆ کردووە، هەرچەندە خاوەنی کەلتوورێکی دوور و درێژی خوێندنەوە نەبووین و تا ئێستاش نین، زۆربەی دەق و بەناو دەقەکانمان، دەقی داخراوی، نەرمە قووتی، ئاسان فام و شیعاراتی و فێرکارییە، ئەرکی دەق ئەوە نییە ڕێگە بە خەڵکی نیشان بدات، بەرنامەی کاریان بۆ دابنێت بەڵکو ئەوەیە زەوقی هونەرییان پەروەردە بکات و ئاستی بیرکردنەوەیان بۆ ئاستێکی هونەری بەرزبکاتەوە، بە زەبری هونەرییەت خۆی لە خوێنەری تەمەڵ و دەقکوژ بپارێزێ و پێشوازی لە خوێنەری نموونەیی دەقساز بکات.

**پرسیار:** واتە خوێنەر ناتوانێت بەئاسانی خۆی لەدەق بدات؟

**وەڵام:** هەڵبەتە خوێنەری تەمەڵ ناوێرێ خۆی لە خوێندنەوەی دەقی کراوە بدات، ئەگەر خۆیشی لێبدات، لە قەراخی دەقەکەدا هەنگە شەلێ دەکات و ناوێرێ خۆی بە قووڵایی دەقەکەدا بکات، لەم حاڵەتەدا دەقەکە دەبێ بە قوربانی، نەک دەقی لێناکەوێتەوە، بەڵکو

مردار دەبێتەوە.. چونکە دەقی گەورە پێویستی بە خوێنەری گەورە هەیە.. جا لەم کەش و هەوایەداو چونکە پەروەردەیەکی دیموکراتیانەی ئەوتۆمان نییە کە بە ئاسانی یەکدی قەبووڵ بکەین، خوێنەری نموونەیی ئەگەر تاک و تەراش هەبن، دووچاری خود سانسۆر بوون و باجەکەی ئەو دەقە کراوانە داویانە، کە لێرەو لەوێ هەن؛ بەبێ خاوەن ماونەتەوە؛ بە بێ خوێندنەوە ماونەتەوە.. دەقی ئەدەبی بۆ خوێندنەوەیەکی هونەریانەی واقیعێک یان زنجیرە واقیعێکە، کە خوێنەر دەبێ کەشفی بکات. بەهەرحاڵ خوێنەری جدیمان زۆر کەمە و ئەو قورِە هەر ئەو تۆزەی لێهەڵدەستێت!

**پرسیار:** واتە بڕوای بەمەرگی نووسەر نییە؟

**وەڵام:** خوێنەری مە تا نها باوەڕی بە مەرگی نووسەر نییە، باوەڕی بە خۆی نییە، کە میراتگری نووسەرە، زندوویەتی و زاوزێی دەق بەوەوەیەو، ئەوەندەی بە سەر و گوێلاکی نووسەردا دادەگژێ، بەلای دەقەکەدا ناچێت.. کە باجی ئەم دیاردە نەرێنییە، دەق دەیدات، ئیدی نەک هەر دەقی من، دەقی زۆر کەسی دیکەش، قوربانی ئەم دیاردە نەرێنییەن.. سەبارەت بە شاخ کە نزیکەی نیو سەدەی بەسەردا بوریوە، تەنیا خوێنەری بەکاربەر، ئەویش بە کەمی هەبوو.. خوێنەر عەودالّی ئەوە بوو ئەم دەقە خۆشە یان ناخۆشە! هەرگیز لە خەمی ئەوەدا نەبوو ئەم دەقە چ نۆڕینێکی تازەی دەداتێ، یان چ کەشفێکی تازەی پێیە.

**پرسیاری بیست و نۆ:** کات یەکێکە لەو بنەما گرنگانەی دەقی لەسەر ڕۆ دەنرێت، یان پێکهاتەیەکی سەرەکی بەرهەمهێنانی دەقە، تۆ پێت وایە کاتی نێو دەق جیاوازە لە کاتی واقیعی و هەقیقی، کاتی نێو دەق سەرەتا و کۆتایی هەیە. (پێتان وایە دەقی زیندوو) کاتێکی

دیاریکراوی هەیە، یان دەقی زیندوو هەمیشە کاتێکی کراوەی بێ کۆتایی هەیە؟. تۆ کە پشت بەڕەمز و نیشانەکان دەبەستیت، هەست دەکرێت کاتەکانیشیان بێ سەرەتا و کۆتاین، چونکە ڕەمز، یان هەندێک کەرەستە و پێکهاتەی نێو دەق، بێ سنوور و لەدەرەوەی کاتێکی سنوردار دەژین، ئەمەش وا دەکات دەسەلات و هێز و وزەی کردەی پەیوەندیکردن لەنێو دەقدا کاریگەر بێت، ئێوە چۆن لەم بوارەدا مامەڵە لەگەڵ کات دەکەن؟.

بەوەستانی کات کەسایەتی و ڕووداوەکانی نێو دەقیش دەوەستن، پێتان وانییە، دیارکردنی سنووری کات لەنێو دەقدا، دەبێتە سەرچاوە بۆ مردن و کۆتایی هاتنی ڕووداوەکان و کەسایەتی و شتەکانیش؟.

**وەڵامی پرسیاری بیست و نۆ:** زەمەن لە دەقی ئەدەبیدا، زۆر ئاڵۆز و تێکڕژاوە، تێکەڵەیەکە لە زەمەنی واقیعی و ئەو شتەی کە دێتە گێڕانەوە، لە گەڵ زەمەنی هونەری دەوقەکە و زەمەنی خوێندنەوەی دەقەکە.... واتە هەندێجار ئێستا تازە دەبێتەوە و بە سەر ئایندەدا دەکرێتەوە، هەندێجار بە سەر ڕابردوویەکی دوور یان نزیکدا دەکرێتەوە، لە ڕێگەی وشە و نووسینەوە ڕاوی دەکات و زۆرجار گوتیار (نووسەری پەنهان) لە ڕێگەی تەکنیک و گەمەی هونەرییەوە زیاد لە جارێ زەمەنی گێڕانەوەکەی تێکدەشکێنێ؛ زەمەن بەسەر هەموو قۆناغ و ئەگەرە زەمەنییەکاندا دەکرێتەوە.. بۆ نموونە گوتیار (ڕاوی) کاراکتەرێک دێنێت لە ئێستادا دەژی، بەڵام بویەرێک یان ڕووداوێکی بیر دەکەوێتەوە لە ڕابردوودا ڕووی داوە، دێ ئەو بویەرە دەگێڕێتەوە، یان دێت حیکایەتێکی ڕابردوو، یان چەند حیکایەتێک، تێهەڵکێشی گێڕانەوەکەی دەکات، یان لە سەر سیاق و ڕەوتی ئێستای چیرۆک و گێڕانەوەکەیدا، هەندێ ڕووداوی مێژوویی

کۆن بە نموونە دێنێتەوە.. واتە گوتیار (نووسەری پەنهانی) بە گوێرەی زەروورەتی هونەریی کارەکەی، مامەڵە لە تەک زەمەندا دەکات، جاری وایە گوتیار بە دێڕێک، یان پەرەگرافێک، مودەتی چەندین ساڵ قەدبڕ دەکات، کورت دەکاتەوە. بۆ نموونە: (غازی، دوای دە ساڵ گەڕایەوە...) واتە گوتیار خۆی لە گێڕانەوەی تول و تەفسیل و بویەرەکانی دە ساڵی ناڤبری دەبوێرێ. لێرەدا زەمەنی گێڕانەوە زۆر کورتترە لە زەمەنی واقیعی بویەرەکان، واتە لە هونەردا زەمەن بە گوێرەی ئەرکە هونەرییەکەی کۆلاج دەکرێ و زەمەنی هونەری دێتە ئاراوە، زەمەنی هونەری دەتوانێ ڕابردوو زندوو بکاتەوە، کە ئەمە لە زەمەنی واقیعیدا مەحاڵە.. زەمەنی هونەری لە زماندا و بە زمان بەرجەستە دەبێت.. خۆ زمانیش لە زەمەن و شەقڵی زەمەنداری بەدەر نییە، بۆ نموونە ئەگەر دیقەتی پێناسەی فرمان لە زماندا بدەی، فرمان: وشەیەکە دەلالەت لە ڕوودانی کارێک دەکات لە زەمەنێکی تایبەتیدا..

هەڵبەتە کرونولوجیای ڕۆژگار و ڕەوتی زەمەن لە دەقی چیرۆکڤانیدا جیاوازە لە زەمەنی واقیعی.. دەق بویەرێکی پەیڤەوانییە و، هیچ بویەرێکیش لە دەرێی شوێن و کاتدا نابێت.. هەڵبەتە زەمەن لە کاری فیلیڤانیدا وەکو زەمەنی واقیعی نییە. زەمەن لە دەقدا سەرەتا و کۆتایی هەیە، بەو شێوەیە ناڕوات کە لە واقیعدا هەیە. لە دەقی ئەدەبیدا، چونکە ناچاری ئەوە نیشان بدەیت کە کاراکتەرە جۆراوجۆرەکان چ دەکەن، چۆن هەڵسوکەوت دەکەن و چۆن بیر دەکەنەوە، هەموو ئەمەش لە ناو زەمەندا نیشاندەدرێ، بۆیە دەبێ کرۆنۆلۆجیا و دینامیکیەتی واقیعیانەی کات بشکێنی و پەنا بەریتە بەر زەمەنی هونەریی، کە لێرەدا زەمەن بوونی هەیە، سەرەتا و کۆتایی هەیە، چلۆنایەتیەکی مەلمووسی هەیە، واتە گوتیار دەتوانێ

چیرۆکەکەی لە ناو زەمەندا بجولێنێت، وەکو چۆن لە ناو شوێندا دەیجولێنێت.. چیرۆک دەشێت ئازادانە و بە گوێرەی زەروورەتی هونەریی خۆی لە ڕابردووەوە بۆ ئایندە و لە ئایندەوە بۆ ئێستا و ڕابردوو بڕوات. بەم پێیە دەتوانرێت زەمەن پارچە پارچە بکرێ و بونیادێکی ئەنتولوجی تازەی پێبدرێت.. بەڵام زەمەنی واقیعی قووتت دەدات، نازانی چۆن دەڕوات، بە ڕادەیەک تیایدا نقوم بوویت، ناتوانی لە دوورەوە تەمەشای بکەیت، تا بزانی چ بویەر و واریقاتێک لە حاڵی ڕووداندایە. بۆیە پێویستمان بە سیستەمێکی دەسکرد و هونەرییە تا لە زەمەن بگەین. جا یەکێک لە دەسکەوتە گرینگەکانی ئەدەبیات ئەوەیە کە سیستەمێکی دەسکرد و هونەری لە مەڕ جیهان، زەمەن، شوێن و ئەزموونێن زندووی بەشەران داهێناوە.. دەق وەکو بویەرێکی پەیڤەوانی، لە زەمەن بەدەر نییە و نابێ..

**پرسیاری سێ:** تۆ پێت وایە (ڕۆمان سەرچاوەی ئەزموونی یەکەمی خودی نووسەرەکەیە)، ئەگەر ئەمە بکەینە بنەما بۆ شیکردنەوەی هەر دەقێکی ڕۆمان، واتە ئێمە دەبێت کەسایەتی نووسەرەکە شی بکەینەوە، لەکاتێکدا نووسەرێکی سەرمایەدار و خۆشگوزەران بابەتی هەژاریی و نەداریی و بێ نەوایی کەسانێک دەکاتە چیرۆکە گێڕدراوەکانی نێو دەقەکەی خۆی، یان بەپێچەوانە نووسەرێکی برسی و هەژار باسی خۆشگوزەرانی خانەوادە و کارەکتەرێکی تێر و دەوڵەمەند و پۆشتە دەکات. ڕۆمانێک کە ئێستا نوسراوە باسی سەدان ساڵ بەر لەئێستا دەکات، کە خودی نووسەرەکە هیچ پەیوەندییەکی بەژیانی واقیعی ئەو سەردەمانەوە نییە، کە بۆتە بابەتی ڕۆمانەکە، یان باسی ئایندە و پێشهاتی دەیان ساڵی داهاتوو دەکات؟ ئەمە لەبەرهەمهێنانی دەقدا چۆن بەیەکەوە دەبەسترێنەوە؟.

**وەڵامی پرسیاری سێ:** ڕۆمان، دەقێکی یەکدەست و یەک نەوا نییە کە لە هەوەڵەوە تا کۆتایی لە یەک ڕەگەز و سەرچاوە پێکهاتبێت. چونکە دەیان ڕەگەزی وەکو گێڕانەوە، دیالۆگ، مەنەلۆگ، شەپۆلی هۆش، کاراکتەر، ڕووداو، کات، شوێن، ئەزموون، زمان.. هتد، دێن و بەشداری لە بونیاد و خولْقاندنی دەقێکی باڵادا دەکەن کە پێی دەگوترێ ڕۆمان، جا ئەم ڕەگەز و سەرچاوانە، کە دێنە دنیای دەقی ڕۆمانەوە، بە پرۆسەیەکی کارلێکی هەستیاری هونەریدا تێ دەپەڕن و ناسنامە واقیعییەکەی خۆیان لە دەست دەدەن و ناسنامەی هونەریی وەردەگرن. واتە نووسەر تەنیا ڕەگەز و کەرەستە خاوەکان لە ژیان و واقیعەوە وەردەگرێت، لە فیلتەری هونەری دەدات و پاشان ئافەرێدە و گووراوێکی تازە و ناسکی لێدروست دەکات، لە یەکەیەکی یەکپارچەی هونەریی ئەوتۆدا بەرجەستەی دەکات کە هەرگیز لە ڕەگەز و سەرچاوەکانی جارانی ناچێت.

**ئەزموون ناکاتە ژینامە، ئەزموون دەکاتە کارامەیی و لێزانی و دنیا دیدەیی و ڕۆشنبینی،**

هەڵبەتە ئەزموون ناکاتە ژینامە، ئەزموون دەکاتە کارامەیی و لێزانی و دنیا دیدەیی و ڕۆشنبینی، جیهانبینی تایبەتی، سەبارەت بەو بابەتەی مامەڵەی لە تەکدا دەکرێ، لەم پێودانگەوە ئەزموونی شەخسی لە نووسینی کاری فیلیڤانیدا دەوری هونەریی گرینگی هەیە، ئیدی مەرج نییە، تەنیا ئەم بویەرە یان حاڵەتە بێ کە خۆت پێیدا ڕەت بووبی، یان بە خۆت جەڕەباندبێتت، بەڵکو هەموو ئەو ڕووداوانەی بەسەر کەسانی تریشدا هاتوون و دێن، تەماسی کۆمەڵایەتی، بە کورتی مومارەسەی ژیان و ئەو شتانەی دەخوێنرێنەوە هەر هەمووی دەچنە خانەی ئەزموونی شەخسییەوە و دەوڵەمەندی

دەکەن، ئیدی ئەم ئەزموونە شەخسیانە چ واقیعی و چ زەینی بن لە کاری ئەفراندنەوانی ژانری ڕۆماندا، بە شێوەیەکی هونەریی و لە پرۆسەیەکی کارلێکی هونەریدا، دەگۆڕدرێن بۆ هەست، بۆ تیمە و نێوەڕۆک.. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، ئەزموونی شەخسی وەکو خۆی موو بە موو کۆپی بکرێتەوە، بەڵکو دەبێ نووسەر مەسافەیەکی باش لێی دوور بکەوێتەوە تا هەست بە ئازادی بکات ودەسکاری تەواوی بکات و بیگۆڕێت بۆ هونەر؛ کارێکی فیلیڤانی لێچێبکات.

یانی ئەو ئەزموونە شەخسیەی کە لە سەرەتاوە ئەنگیزەی نووسینی ڕۆمانەکە بووە، بەدەم ڕەوتی ئافراندنەوە، هێندە بە شێنەیی دەگۆڕێت، کاتێ کە ڕۆمانەکە تەواو دەبێت، هیچ کەسێک تەنانەت ڕۆماننووسەکەش ناتوانێت بە ئاسانی گوێی لە دەنگی لێدانی دڵی ئەو ئۆتۆبیۆگرافیە ببێت کە لە هەر دەقێکی هونەریدا پەنهانە.

ئەزموونی شەخسی یەکێکە لە سەرچاوەکانی ڕۆمان، بەڵام پێویستە وەکو هەوێن، لە کارە فیلیڤانیەکەدا بەکار بهێنرێ و مامەڵەی لە تەکدا بکرێت، وەکو چۆن خویایە هەوێن لە ماست دا هەیە، بەڵام کەس نازانێ هەوێنەکە لە کوێی ماستەکەدایە، ئەزموونی شەخسیش، پێویستە بە سەرانسەری ڕۆمانەکەدا تۆو بدرێ و کەس نەزانێ لە کوێی ڕۆمانەکەدایە.. دیارە مەبەست لە ئەزموونی شەخسی، تەنیا ئەزموونی خودی نووسەر یان گوتیار (نووسەری پەنهان) نییە، بەڵکو ئەزموونی ژینگە کۆمەڵایەتیەکە و ئەزموونە زەینیەکانیش دەگرێتەوە.. ئەزموونیش تەنیا لە بۆتەی خوێندنەوەی هونەریانە بۆ بابەت و دیاردە و ڕووداواندا قاڵدەبێتەوە و هونەرییەت و ئەدەبییەت پەیدا دەکات.

**پرسیار:** واتە ڕۆمان ئەزموونی ژیانە؟

**وەڵام:** ڕۆمان خوێندنەوەیەکی هونەریانەی واقیع و دیاردە هەمەجۆرەکانی واقیعە، واتە پرۆسەیەکی ئەفراندنەوانی کەشفکارییە.. بۆ نموونە کاراکتەر کە ڕەگەزێکی گرینگی ڕۆمانە، دەشێت بگوترێ سەدەمی بەرجەستە بوونی ڕووداوە لە چوارچێوەی زەمەنی هونەریی ڕۆماندا.. ڕاستەوخۆ وەکو چۆن لە واقیعدا هەیە، بۆ نێو دنیای ڕۆمان ناگوازرێتەوە، بەڵکو دەسکارییەکی هونەرییانەی ئەوتۆ دەکرێ کە تەنیا لە نێو واقیعی ڕۆماندا، پاساو بۆ بوونی هەیە، هەرکە لەو واقیعە هەڵاوێردرا، ئەو بوونە زندوو و کاریگەرەی نامێنێ.. کاراکتەر کە دێتە ناو ڕۆمانەوە دەگۆڕێت، دەبێت بە خەڵکی ژینگە تازەکە و خوو خدەی ئەم ژینگەیە وەردەگرێت و کار بۆ سەربەخۆیی خۆی دەکات و بە گوێرەی ئەو پەیوەندییە هونەری و ئیستاتیکیەی کارە ڕۆمانەوانییەکە دەیخوازێت، ژیانی تایبەتی پەیدا دەکات، پەیوەندی و هەڵوێستی خۆی دەبێت، بە پێی یاسا و ڕێسای ژینگە تازەکە دەژی نەک بە پێی حەز و ئارەزووی نووسەر، لە چوارچێوەی پرۆسە ڕۆمانەوانییەکەدا تەنیا نوێنەرایەتی خۆی پێدەکرێ و دەکات.. ڕۆماننووسی کارامە دەبێ دیموکراتیانە مامەڵە لە تەک کاراکتەراندا بکات، بە گوێرەی خەون و خولیا و کەڵکەڵە دەروونییەکانی کاراکتەر، مامەڵەی لەگەڵدا بکات، ئەو ئەنگێزە دەروونیانە بدۆزێتەوە کە لە پشت هەڵسوکەوت و هەڵوێست و ئەتواری ئەوەوەن، کە لە بنەڕەتدا زادەی پەیوەندییە هندوورییەکانی خودی ڕۆمانەکەن.. هەرکاتێ ڕۆماننووس بیر لەوە بکاتەوە کە بە گوێرەی ویست و حەزی خۆی بیجوڵێنێت، نەک بە گوێرەی لۆژیکی ناوەوە و بە پێی ژیانی تایبەتی و پەیوەندییە ڕۆمانەوانییەکانی کاراکتەرەکە مامەڵەی لە تەکدا بکات، هەنگێ کاراکتەرەکە، لە

کاراکتەری دەکەوێت و دەبێتە بووکەڵەیەکی بێگیان و لە سەر دەستی ڕۆماننووس مردار دەبێتەوە.. هەندێ کاراکتەر هەن، لە نووسەرەکانیان بەنێوبانگتر و لە ڕووی هونەرییەوە زندووترن. لەوانە بۆ نموونە: زۆربای یۆنانی، مەدام بوڤاری.. کەواتە ڕۆمان خوێندنەوەیەکی هونەریانەی، کەشفکاری واقیعە، هەوڵدانە بۆ ڕزگارکردنی واقیع، لە واقیعیەتە ڕۆتینیەکەی..

سەروکاری ئێمەش لەگەڵ کەسایەتی دەقە هونەرییەکەدایە نەک لە گەڵ ژیان و شیکردنەوەی کەسایەتی نووسەرەکە، فلوبیر لەبارەی ژیاننامەی ڕۆماننووسەوە دەڵێت: "ڕۆماننووس،ماڵی ژیانی خۆی وێران دەکات، تا بە بەردەکانی ماڵی ڕۆمانەکەی بنیات بنێ و ئاوا بکات." ئەمە بەو مانایەیە کە ژینامەی نووسەر، هیچ دەورێک لە حاڵی بوونی ڕۆمانەکەدا نابینێ، دەق کە دەقایەتی پەیدا کرد، پەیوەندی بە نووسەرەوە نامێنێ، پەیوەندی لەگەڵ خوێنەردا پەیدا دەکات..

سەبارەت بەوەی نووسەرێکی سەرمایەدار بابەتی هەژاری و نەداری دەکات بە تەوەری کارەکەی، یان نووسەرێکی برسی باسی خۆشگوزەرانی دەکات.. نووسەر، لە هەر دوو ئاستی دیار و پەنهاندا، هونەریانە مامەڵە لە تەک واقیع و ژیانی کۆمەڵدا دەکات، وەکو چۆن خۆی دەیبینێ، بەرجەستەی دەکات، نەک وەکو چۆن کۆمەڵ دەیەوێ بیدینێ، گرینگ ئەوەیە هونەرمەند، دڵسۆزی چاو و هەستەکانی خۆی بێت، بابەتەکان بخاتە سەر سکەی هونەراندن.. نووسەر کە خوێندنەوەی هونەری بۆ هەر بابەتێک دەکات، لە خەمی هونەرییەتدایە، لە ڕووی هونەرییەوە کارەکەی قەناعەتبەخش بێ، نەک لە نێو ژیانی واقیعیدا نموونە و وێنەی زۆر بێ.. بە زمانی هونەر واقیعێکت نیشان دەدات وسەرپشکی لەوەی چ هەڵوێستێکت لە هەنبەر ئەو واقیعەدا دەبێ یان نابێ.

سەبارەت بە باسی سەدان ساڵ بەر لە ئێستا یان باسی ئاییندە و دەیان ساڵی داهاتوو، ئەمە پەیوەندی بە زەمەنی هونەرییەوە هەیە، کە پێشتر ئاماژەم بۆ کردووە. هەر دەقێکی هونەری، هەر ڕۆمانێک بەدەم بە دەقبوونەوە و لە ناو پرۆسە هونەرییە کەشفکارییەکەوە، زەمەنی هونەریی خۆی بەرهەمدێنێت.

**پرسیاری سی و یەک:** ئێمە دەزانین هەتا ئێستاش کورد قەرزای شیعرە، چونکە تاکە وەسیلەی خێرا و ئاسان و زارەکی بووە، بۆ دروستکردنی پەیوەندیی و گەیاندنی مەبەست و دروستکردنی گوتاری بەرەنگاریی دژی داگیرکەران. شیعر زادەی قۆناغ و سەردەم و پێویستییەکی مێژوویی نێو کۆمەڵگا بووە. تا کار گەیشتۆتە ئەوەی کورد شاعیری لەهەموو شتێک زیاتر بێت. لەم سەردەمەدا خەریکە (ڕۆماننووسی) وەکو دیاردەیەکی لێ دێت و کەسانێکی زۆر ڕوویان لەم بوارە کردووە، ئەمە چۆن هەڵدەسنگێنن، پێتان وایە دیاردەیەکی سروشتی خۆڕسکە، یان بەزۆر بانگەشەی ڕۆمان و ڕۆماننووسی دەکرێت؟. دەزانم سەردەمەکە زۆر گۆڕاوە، ڕۆژنامە و ڕاگەیاندن بۆتە سەرچاوەیەکی کارا بۆ زۆرنووسین و درێژ گێڕانەوەی ڕووداوەکان و ڕیپۆرتاژ، پێتان وانییە ئەم دیاردەی ڕۆماننووسینەش سەرچاوەکەی ئەم درێژنووسینەوەی نێو ڕۆژنامە و گۆڤارەکان نەبێت؟.

> **شاعیرمان زۆرن بەڵام شیعرمان کەمە.. بەتایبەتی شیعری سەدەی بیستەم، کە زۆر سیاسەتاویە،**

**وەڵامی پرسیاری سی و یەک:** ڕاستە شاعیرمان زۆرن بەڵام شیعرمان کەمە.. بەتایبەتی شیعری سەدەی بیستەم، کە زۆر سیاسەتاویە، کە ئەمە لە بنەڕەتدا ئەرکی شیعر نییە، شیعر

بیرکردنەوەیە بە وێنە. شیعر، ئەوەیە بگاتە شیعرییەت، لە کەوشەنی تێکستەکەی خۆی هێوەتر بڕوات. خوێندنەوەی شیعرێک، بە هەمان ئەندازەی نووسینەکەی پێویستی بە خەیاڵپەروەری هەیە.. شیعرییەت گەوهەر و ماکی شیعرە. شیعر وەکو ئاوێنەیە! ئاوێنە خۆی لە خۆیدا وێنە نییە، بەڵام هەر کەسێ تەمەشای بکات دەتوانێ وێنەی خۆی تیا بدینێت. ئەرکی شیعر دروشمبازی نییە، ئەوە نییە لە ڕێگەی دروشمی بریقەدارەوە، وەرگر بۆ خەبتین و تێکۆشان هانبدات، بەڵکو ئەوەیە، بە شێوەیەکی دەروونی وا لە وەرگر بکات بەو ئاکامە بگات، واتە شۆڕش لە دەروون و ناخی خوێنەردا بەرپا بکات.

**پرسیار سی و دوو:** ئەمەی دەیڵێن سەبارەت بە شیعر کە مەیلی زۆری بەرەو دروشمبازی سیاسیی هەبووە، ئەی ڕۆمان لەم قۆناغە چۆنە؟

**وەڵامی پرسیاری سی و دوو:** سەبارەت بە ڕۆمان، لە بنەڕەتدا، هونەرێکی ڕۆژئاواییە.. لەوێندەر و لە سەردەمی پەیدابوون و سەرهەڵدانی بورژوازییەتدا، سەری هەڵداوە، کە لەو سەردەمەدا تاک شەخسیەتی خۆی پەیدا کردووە و دیموکراتیەت سەری هەڵداوە و بووە بە ئەوزارێکی حوکمڕانی و بۆ ناو هەموو کایە حەیاتیە مادی و مەعنەوییەکان شۆڕ بووەتەوە، یەکێک لەو مەیدانانە ئەدەبیات بووە بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی، کە لەگەڵ گەشە و نەشەی کۆمەڵگە و گۆڕانی پەیوەندییە هەمە جۆرەکانی کۆمەڵگەدا نەشونمای کردووە. کە ژیان و پەیوەندییە حەیاتییە جۆراوجۆرەکان ئاڵۆز بووە، ئیدی پێویستی بە ژانرێکی ئەدەبی پڕ بە پێستی قۆناغەکە بووە، تا بە وردی گوزارشتی لێبکات، ئیدی ڕۆمان سەری هەڵداوە و بە جۆرێ دڕی بە ژانرە ئەدەبییەکانی دی داوە و بەرە بەرە خۆی ڕەپێش خستووە، کە پێی گوتراوە باڵاترین دەربڕینی سەردەم.

ئیدی بەدەم بڵاوبوونەوە و لق و پۆ هاویشتنی شارستانیەتی ڕۆژاواوە پەڕیوەتەوە بۆ سەرانسەری دنیا و لە جیهاندا چاوی لێکراوەو لاسایی کراوەتەوە و ڕەواجی پەیدا کردووە، کە ئەم دیاردەیە زۆر بە درەنگەوە گەییوەتە کوردەواری. ئەم دیاردەیەی جەنابتان باسی دەکەن، واتە دیاردەی هەوڵی ڕۆماننووسی، زادەی کۆمەڵێک واقیع و بویەری تێکڕژاوە لەوانە، لاسایی کردنەوە، جۆرە هەڵپەیەکی دەستپێشخەری، ئازادییەکی زۆری بڵاوکردنەوە، هەبوونی وەشانخانانی جۆراوجۆر، کە زۆربەیان ئەوەندەی بایەخ بە چەندییەتی بڵاوکراوەکان دەدەن، بایەخ بە چۆنیەتی بەرهەمەکە نادەن! کە دەبوا بە پێچەوانەوە بوایە.. لە لایەکی دیکەوە، نیشانەی گۆڕانکارییەکی شارستانیە، نیشانەی پەیدابوون و سەرهەڵدانی تاک و تاکگەرایی و کرانەوەیە بەسەر دیموکراتیەتدا، سیستەمی خێڵەکیانەی کوردەواری، بە ئاشکرا کەوتووەتە هەنگەشەلێ، هەناسە بڕکێی پێکەوتووە، بەحیزبەکانی ئەمڕۆشەوە پیری پیر بووە، وەڵامی پێداویستییە مەعنەوی و مادییەکانی جەماوەری خەڵکی کوردستانی پێنادرێتەوە و هەموو گۆڕانێکی گەورە جۆرە پاشاگەردانییەکی بەگەڵ دەکەوێ، کە ئەمە بە زەقی بە هەموو کایە مادی و مەعنەوییەکانی هەرێمی کوردستانەوە دیارە.

**هەموو گۆڕانێکی گەورە جۆرە پاشاگەردانییەکی بەگەڵ دەکەوێ، کە ئەمە بە زەقی بە هەموو کایە مادی و مەعنەوییەکانی هەرێمی کوردستانەوە دیارە.**

جا ڕۆماننووسی کورد پێویستە لە خەمی ئەوەدا بێ بە زووترین کات خۆی لە لاسایی کردنەوە ڕزگار بکات، چونکە بە لاسایی کردنەوە، نابێ بە خاوەنی دەنگی خۆی، ئەمە جگە لەوەی هونەری گەورە و زندوو، لاسایی ناکرێتەوە؛ چونکە هونەرییەتە قورسەکەی بۆی دەبێ بە پەرژین و پاسی دەکات.. ئیدی ڕۆماننووسی کورد لە

سەرێتی، نەفەسی خۆی بەو بابەت و تیمانە ببەخشێت کە بە شێوەیەکی چیرۆکڤانی و ڕۆمانەوانی کاریان لەسەر دەکات. واتە خوێندنەوەی هونەریی تایبەتی خۆی بۆ بابەتەکە هەبێت، چونکە ژیان و واقیع لە سەرانسەری دنیادا پڕە لە بابەتی حازر و ئامادە، ڕەنگە بابەتەکان لە زۆر شوێنی دنیادا لە یەکدی بچن، بۆیە گرینگ ئەوەیە بە شێوازی تایبەتی خۆت بابەتەکە بگۆڕی بۆ تیمە و مۆرکی خۆتی پێوە بنەیت و لە ئەنجامدا بە ناسنامەی کوردی بەشداری لە بەرهەمهێنانی ڕۆمانی جیهانیدا بکەیت، خەمی ئەوەت هەبێ کە ئیزافەت بۆ ڕۆمانی جیهانی هەبێت.... جا لێرەدا نابێ ڕۆڵی خوێنەریش لە بیربکرێت. خوێنەری نموونەیی دەتوانێ ڕۆڵی کارا لە گەشەکردن و نەشونمای ئەدەبیاتدا ببینێت. خوێنەری نموونەیی هاوتای نووسەرە، هەرگیز ئەوە لە نووسەر قەبووڵ ناکات بێت بەرهەمێکی بێ پێزی دوور لە دید و بۆچوونی مێژوویی نوێخواز، دوور لە جیهانبینییەکی هونەرییانەی قووڵ دەرهەق ئەو بابەتەی مامەڵە هونەرییەکەی دەگەڵدا دەکات، پێشکەش بکات وکاتی بەفیرۆ بدات.. خوێنەری نموونەیی پاسەوانی ئیعتراف پێنەکراوی دەقی زندووە.. دەقی گەورە پێویستی بە خوێنەری گەورەیە و لە باندۆر و کاریگەریی یەکدی بەدەر نابن. لێ مخابن تا ئێستا.

**زۆربەی دەقەکانی مە دەقی داخراون و زۆربەی خوێنەرێن مە، خوێنەری بەکاربەرن..**

**پرسیاری سی و سێ:** دەقی نوێ و ڕۆمانی نوێ یەکێکە لەو بابەتانەی گفتوگۆی زۆری لەبارەوە دەکرێت، ئێوە چ وەکو وەرگێر و چ وەکو ڕۆماننووس و چیرۆکنووس چۆن لە دەقی کراوە دەڕوانن،

ئەم دەقەی کۆتایی بەکراوەیی، واتە بەپرسیار گەلێکی جددی و وروژێنەر و ڕەوا جێ دەهێڵێت؟.

ئێمە دەزانین دەقی کلاسیکی، یان پێش مۆدیرنە لەشوێنێک دەوەستێت و کات و شوێن و ڕووداوی تێدا کلیل دەدرێت و خوێنەر لەوێدا دەوەستێت و پێچەوانەی بەردەوامی ژیان دەقەکە کۆتایی پێ دەهێنرێت، ئایا پێتان وایە دەقی مۆدێرینی ڕۆمان چۆن ئەم کۆتاییەی چارەسەر کردووە؟.

ئایا پێتان وایە ڕۆماننووسی کورد، توانیویەتی بەشێوەیەکی سەرکەوتوو ئەم فۆرمە نوێیە بەکاربهێنێت؟

**وەڵامی پرسیاری سی و سێ:** دەق بەر لەهەموو شتێک دەکاتە مومارەسەی نووسین، واتە مومارەسەیەکی ڕەمزی ئیستاتیکی، فرە ڕەهەند و فرە دەلالەت. نووسین بەو مانایەی ئاماژە و میکانیزمە بۆ بەرهەمهێنانی خوێندنەوەێن جۆراوجۆر.. دەق یان ڕۆمانی نوێ هەمیشە بە سەر ئەگەرانی هەمەجۆر، نوێ، چاوەڕوان نەکراودا دەکرێتەوە، چارەسەر بۆ هیچ ئاریشەیەک دانانێت، بەڵکو دەروازە دەکاتەوە تا خۆت بە دنیا چڕ و چوغوورد و تێکڕژاو و جەنجاڵەکانی دەقدا بکەی و بە نەفەسێکی کەشفکاری، ئێستاتیکاخوازی، بکەویتە هەوڵی دۆزینەوەی جەوهەر و کرۆکی دەقەکە.. دەقی هونەری، دەقی کراوە، زۆر زەحمەتە بە ئاسانی فەتح بکرێت، لە یەکەم خوێندنەوەدا ڕاوبکرێ و جەوهەری خۆی بۆ یەکەم خوێنەر کەشف بکات، ئەمە جۆرە کونجکاوییەک لە لای خوێنەر دروست دەکات، کە پەیگیری بکات و هەوڵبدات بگاتە جەوهەری دەقەکە، پرسیار لای خوێنەر دەهاڕوژێنێ، کونجکاوی دەجوڵێنێت، چونکە دنیایەک گۆنگی و مەندی ئێستاتیکی و نهێنی هونەریی لەخۆگرتووە. بە یەک دنیا دەلالەت و ڕەهەندێن لەبن نەهاتوو بارگاوییە.. دەق، هەم وەسیلەیە، هەم ئامانجە.

دەق کۆمەڵێک نیشانەی زمانەوانی و ئیستاتیکی و هێما و ڕەمزێن ڕۆشنبیرییە، بۆیە دەقی دیکەی لێدەکەوێتەوە. (دەقی نوێ و ڕۆمانی نوێ.. (بابەتی تازە، ئەزموونی تازەی ژیان، بە ئەوزاری تازە، بە زمانی تازە دێتە نیشاندان و دەربڕین، زمانی دەقی ئەدەبی بە خۆی ڕاڤە و تەئویلی، بابەتێک، واقیعێکە، کە پێویستە و دەبێ خوێنەر کەشفی بکات.. زمانی تازەش بەو مانایە نییە کە ببێت بە مەتەڵ و لەگەز و گرێکوێرەیەکی ئەوتۆ کە بە ئامان و زامان هەڵنەیەت و نەکرێتەوە، لە جیاتی ئەوەی بەشداری لە گۆڕین و پەروەردەی زەوقی وەرگردا بکات، بێ توانایی و دەسکورتی و دەستەپاچەیی هونەریی خۆی پێ بشارێتەوە. زمان، وشە و پەیڤ کە وزە هێماییەکەی لە دەست دا، ئیدی ئەفسوونە ئەدەبی و جادووە هونەرییەکەی بەتاڵ دەبێتەوە.. دەق دالە، لە هاوکێشەی دال و مەدلوول دا، مەبەست دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان دال و مەدلوولە، واتە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ئەو شتەی کە نووسەر نیشانی داوە، لە گەڵ ئەو شتەدا کە خوێنەر لە خودی دەقەکەوە هەڵی هێنجاوە و خوێندنەوەیەکی ڕاڤەوانی (تەئویلی) بۆ کردووە و دەکات. هەر دەقێک دنیای دەلالەتی تایبەتی خۆی دەخوڵقێنێ و ئەمەش سەر بۆ فرە ڕەهەندی و فرە مانایی دەکێشێت، بۆیە هەمیشە لە دەقی هونەریی کراوەدا، ڕووبەڕووی ڕاڤەی جۆراوجۆر دەبینەوە.. پرسیار وەڵامی لێدەکەوێتەوە، وەڵام هەڵوێستی لێدەکەوێتەوە و هەڵوێست، کرداری بە دوودا دێت.

**پرسیار:** ئەی دۆخی ڕۆمانی کوردیی چۆنە؟

**وەڵام:** من پێموایە ڕۆماننووسی کورد، لە گەشتێکی دژواردایە، زۆربەی دەقەکانمان، چەندیش خاتریان بگری، لە ئاقاری ڕاپۆرتە ڕۆمان هێوەتر نەچوون.. دەقی داخراون، هیچ مقاوەمەتێک لە هەنبەر خوێندنەوەدا ناکەن.. بەسەر ئەگەرێن، تەئویلی و ڕاڤەوانیدا ناکرێنەوە

و لەگەڵ یەکەم خوێندنەوەدا سیحریان بەتاڵ دەبێتەوە.. بەهەرحاڵ نە دەق بەبێ خوێنەر دەبێ، نە خوێنەر (خوێنەری نموونەیی) بەبێ دەق.

**پرسیاری سی و چوار:** لەنێو ڕۆمانی کوردی شێوازێکی نوێ پەیڕەو دەکرێت، خودی نووسەر بەناو و کەسایەتی خۆی دەبێتە پاڵەوان و قسەکەری سەرەکی نێو ڕۆمانەکە، یان هەندێک لەکارەکتەرەکان بەناوی هەقیقی خۆیان ناویان دەهێنرێت، ئایا پێتان وایە ئەم شێوازە لەڕووی فۆرمە، یان لەڕووی تەکنیکی گێڕانەوە و گرێچنی و پلۆتەوە کای پێ دەکرێت، ئەمانە چەندە دەچنە خانەی دەقێکی مۆدێرنە؟

**وەڵامی پرسیاری سی و چوار:** زاراوەی قارەمان یان پاڵەوان، لە ڕۆمانی تازەدا بەکار نابرێ، بەڵکو زیاتر وشەی کاراکتەر جێگای گرتووەتەوە، چونکە مەرج نییە، (کارەکتەر یان کاراکتەری سەرەکی) هیچ خەسڵەتێکی پاڵەوان یان قارەمانی تێدا بێ، لەگینە کەسێکی لاواز، نائومێد، ڕەشبین، ترسنۆک، خوێڕی و خاین بێت، ئەم وشەو حاڵەتانە هیچ هەڤدژییەکیان لەگەڵ چەمک و مانای زاراوەی (کاراکتەری سەرەکی) دا نییە، بەڵام کەم و زۆر لە گەڵ مانای (قارەمان و پاڵەوان) دا تێک ناکەنەوە.

ئیدی کاراکتەر یەکێکە لە ڕەگەز و کۆڵەکە گرینگەکانی ڕۆمان، هۆکاری بەرجەستەبوونی ڕووداوە، لە چوارچێوەی زەمەنی هونەریی ڕۆماندا.. دیارە بۆچوونی جیاواز لەمەڕ کاراکتەر و ڕۆڵی کاراکتەر لە ڕۆماندا هەیە. هەندێک دەڵێن ڕۆمان بەبێ کاراکتەر نابێت و لە ڕووی هونەرییەوە ئاوەدان نابێتەوە. هەندێک دەڵێن سەردەمی کەم نموودی کاراکتەر و کزبوونی دەوری لە ڕۆمانی تازەدا، دەگەڕێتەوە بۆ کزبوون و کەم بوونەوەی ڕۆڵی تاک لە

ڕێکخستنی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، چونکە تەکنۆلۆژیا و ئامێر، بە تەواوەتی تەنگی بە ڕۆڵ و ئەرکەکانی تاک هەڵچنیوە.. بەڵام کاراکتەر هەرگیز بە تەواوەتی نایەتە سڕینەوە، بە گوێرەی گۆڕانکارییە هونەرییەکان دەگۆڕێت.. کاراکتەر کە دێتە ناو ڕۆمانەوە دەگۆڕێت، دەبێت بە کوڕی ژینگە تازەکە، خوو و خدەی ئەم ژینگە تازەیە وەردەگرێت، بە گوێرەی ئەو پەیوەندی و کارلێکە هونەرییەی کارە ڕۆمانەوانییەکە دەیخوازێت، ژیانی تایبەتی، ژیانی هونەری پەیدا دەکات، بە پێی یاسا و ڕێسای ژینگە تازەکە دەژی نەک بە پێی حەز و ئارەزووی نووسەر، لە چوارچێوەی پرۆسە ڕۆمانەوانییەکەدا، تەنیا نوێنەرایەتی خۆی پێ دەکرێت، هەر شتێکی لە دەرێی کارە هونەرییەکەدا بە سەردا بسەپێنرێ، ئاستی هونەری کارە فیلیڤانییەکە دێنێتە خوارەوە.. بۆیە هەر کاراکتەر و کەسێکی واقیعی و بەناوی ڕاستەقینەی خۆیەوە دەهێنرێتە ناو ڕۆمانەوە، ئەگەر بەو پرۆسە هونەری و هونەراندنەی لە سەرێرا ئاماژەمان کردێ نەڕوات و ناسنامەیەکی هونەریی ئەوتۆی پەیدا نەکرد کە پێی بناسرێتەوە و جگە لە خۆی، خۆی هونەریی، لە کەسی دی نەچێت و لە یادگەدا نەمێنێتەوە، بە هیچ پاساوێک قەبووڵکراو نییە و خزمەت بە هونەرییەتی دەقەکە ناکات؛ ئەدەب کۆپی کردنەوەی واقیع نییە، لە واقیع باڵاترە.. خۆ ئەو هەموو شۆرەت و نێوبانگەی کاراکتەرێن وەکو: ڕۆبنسن کرۆز، دونکیشوت، زۆربای یۆنانی، تاراس بولْبا، مەدام بوڤاری و.. هتد هەیانە، زادەی بوونی واقیعیان نییە، خۆ ئەگەر ڕیشەیەکی واقیعیشیان هەبووبێ، هەرگیز بەم ڕادەیە نەبووە، بەڵکو لە ناو پرۆسە هونەرییەکەدا و بەدەم بەدەقبوونی بابەتەکەوە، کەسایەتی و ناسنامەیەکی هونەریی ئەوتۆیان پەیدا کردووە، کە جگە لە خۆیان، لە خۆی هونەرییان لە کەسی دی نەچن و شۆرەتی ئیقلیلگیر پەیدابکەن و لە یادگەی هەزاران کەسدا بمێننەوە و شۆرەت

و نێوبانگیان ئەگەر لە نووسەرەکانیان زیاتر نەبێ، کەمتر نییە، ئەمەش بەوە هاتووەتە دی، کە بوونێکی هونەریی زۆر بالاتر لە بوونی واقیعیان پەیداکردووە.. سەبارەت بە "خودی نووسەر، بە ناو و کەسایەتی خۆی دەبێ بە پاڵەوان..."

**پرسیار:** ئەریکی هەقیقی ڕۆماننووس وەکو کارەکتەر لەنێو ڕۆمانەکەیدا چۆنە؟

**وەڵام:** ڕۆماننووس، پێویستە لە هەموو شوێنێکی کارە ڕۆمانەوانیەکەیدا، هەبێ و لە هیچ شوێنێکا دیار نەبێت.. ڕاستە ڕۆماننووس بەشێک لە خودی خۆی لە پانتایی کارە ڕۆمانەوانیەکانیا تۆو دەدات و دادەچێنێ، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە بێت ئوتوبیوگرافی خۆی دەقاودەق لە کارە هونەرییەکە باربکات، چونکە ژیانی شەخسی ئەو، پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە، هەر ڕۆماننووسێک ژیانی شەخسی لە کارە ڕۆمانەوانییەکەی باربکات ئەو سەرکەوتنە هونەرییە بەدەست ناهێنێ کە ڕۆمانی باش دەیخوازێت.. واتە بوونی خودی نووسەر لە ڕۆمانا تا ڕێژەیی بێ و ڕێژەکە کەمتر بێ باشترە، ئەویش دەبێ بە سەرانسەری ڕۆمانەکەدا هونەریانە دابەش بووبێ و تۆو درابێت و بە تەواوەتی ئاوێتەی بونیادی ڕۆمانەکە، وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری بووبێت.. ئەوەشمان لەبیر نەچێت گوتیار (ڕاوی)، لە زۆر هەڵوێستی هونەریدا پەیڤداری نووسەرە و لە ڕووی هونەرییەوە نوێنەرایەتی ئەو دەکات.

> **خودی نووسەر لە ڕۆمانا تا ڕێژەیی بێ و ڕێژەکە کەمتر بێ باشترە،**

هەڵبەتە هەر نووسەرێک، جگە لە خەمە جۆراوجۆرە جڤاکییەکان، کۆمەڵێک خەمی ئینسانی خودیشی هەیە، دەیەوێ هونەریانە

بیگەیەنێ، لەم حاڵەدا دەبێ مەسافەیەکی ئەوتۆ لە خودی خۆی دوور بکەوێتەوە کە باری واقیعی دەروونی خۆی بە جۆرێ بدینێ، کە بتوانێ خوێندنەوەیەکی هونەری بۆ بکات. لەم حاڵەدا بۆ ئەوەی هونەریانە گوزارشت لە خەمە خودییەکانی بکات و سەربهوردی خۆی بەرجەستە بکات، دێت کاراکتەرێکی هاوتا و هاوشێوەی کەسایەتی و ئایدۆلۆژیای خۆی دروست دەکات، هەڵبەتە بیانووی بۆ ئەمە هەیە، ڕەنگە خەمەکەی لەوە گەورەتر بێ، بەرگەی بگرێ، بۆیە دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە گرێی دڵی خۆی بکاتەوەو باری دەروونی خۆی سووک بکات و خوێنەر بکات بە شەریکی کول و کۆڤان و خەمە مرۆڤانییەکانی خۆی، یان وا وێنا بکات خەمەکانی شایستەی ئەوەن کە خوێنەر لێیان بە ئاگا بن و ئەزموونیان لەلا بگۆڕێت بۆ هەست کە ئەمە جەوهەر و کرۆکی پرۆسەی هونەراندنە.

**پرسیار:** ئەی پەیوەندی نێوان ڕۆمان و مۆدێرنە چەوا بەرهەم دێت؟

**وەڵام:** ڕۆمان بۆ ئەوەی بگاتە قۆناغی مودێرنە، دەبێ خۆی بە ئاسۆیێن تازەدا بکات، شێوازی تایبەتی خۆی بەرهەم بێنێت، ئیلهام و سەر و لە هاماج و ژینگەی خۆیەوە وەربگرێت، لە نزیکەوە ئاگاداری دەسکەوتە ڕۆمانەوانیە جیهانییەکان بێت و بە هۆشمەندییەوە خۆی لە هەڵدێرانی لاسایی کردنەوەی مودێرنەی ڕۆژئاوایی بپارێزێت.. دەبێ تەماحی ئەوەی هەبێ، ئیزافەی بۆ ڕۆمانی جیهانی هەبێت و هەر خوێنەرێک، بە هەر زمانێک بیخوێنێتەوە، یەکسەر بیناسێتەوە، وەکو ناسنامە، وەکو تایبەتمەندی، وەکو شێوازی گێڕانەوە.. هتد بیناسێتەوە.. ڕۆمان تەنیا بەمە دەکەوێتە سەر ڕاستە ڕێگەی مودێرنە.

**پرسیاری سی و پێنج:** ڕۆمانی کوردی چەندە دەخوێنیتەوە؟ ئەو ڕۆمانەی دەتوانرێت پێی بگوترێت ڕۆمان لای تۆ کامەیە؟.

**وەڵامی پرسیاری سی و پێنج:** بە گوێرەی دەرفەت و هێندەی فریا بکەوم.. ڕۆمان کە هونەریانە ئەزموون بگۆڕێ بۆ هەست و کەشفێکی هونەریی ئەنجام بدات و ئۆخژنی ئیستاتیکی لە دڵ و دەروونان بگێڕێت و خۆی لە لاسایی کردنەوە ببوێرێ، بە زەبری هونەرییەت بچێتە خانەی ئەفراندنەوە، بە باڵی هونەرییەت بە هەموو ئاسمانەکاندا بفڕێت و بە زمانی هونەر هەموو تیرەی بەشەر بدوێنێت، ڕۆمانێک بێت بە ناسنامەی محەلیەتەوە، لە دنیای هونەردا بە گەرمی پێشوازی لێبکرێت.. زۆر گرینگە خەمی سەرەکی ڕۆمان داهێنان بێ، گەیشتن بەوپەڕی ئەدەبییەت بێ. گرینگە هەموو ڕەگەزەکانی ڕۆمان: بابەت، شوێن، کات، دیالۆگ، مەنەلۆگ، گێڕانەوە، زمان.. ململانێ و تێکڕژان و کارلێکە ڕۆمانەوانییەکە، زادە و هەڵقوڵاوی زەرورەتی پرۆسە ڕۆمانەوانیەکە بن و لە ناوەوە تیشک بخەنە سەر کۆی پرۆسە ڕۆمانەوانیەکە و لە بونیاد و یەکەیەکی یەکپارچەی هونەریدا یەک بگرنەوە، کە ئەویش ڕۆمانەکەیە.. هەوڵە ڕۆمانەوانییە کوردییەکان، لە نێوان خراپ و باشدا بەردەوامە.. ئەم هەوڵە ڕۆمانەوانییەش پەیوەندی بە واقیعی کوردەوارییەوە هەیە، کە لە هەموو ڕوویەکەوە بە گۆڕان ئاوسە.

**پرسیاری سی و شەش:** ئایا ئەو کەشەی لەسایەی سیاسەتی ڕاگەیاندن و ناوچەگەریی و گروپچێتی نووسەر دەکاتە نووسەر، یان هەر تەنیا بانگەشەیە و لەشوێنێک ئەو کەسە دەکوژێتەوە و دەبێتە بەردی بن گۆمێ؟.

**وەڵامی پرسیاری سی و شەش:** نووسین، شێوازێکە لە شێوازەکانی ئازادیخوازی، هەرکە دەستت دایێ، بتەوێ و نەتەوێ، دەکەویتە ژێرباری ئیلتیزام و مەسئولیەتەوە، بۆیە نووسەر هەرکە دەستی دایە قەڵەم، هاوکێشەی نووسەر، پەیام، وەرگر و خوێنەر دێتە

> **خـــوێنەر کەســـێکی گۆشـــەگیر نییە، دابـڕاو نییە لە ژیـنگەی کۆمەڵایەتی،**

ئاراوە، واتە نووسەر (ئەدیب) خاوەنی گوتارە، ڕووی دەمی لە جەماوەرە، واتە ئەدەب دەکاتە چالاکییەکی هونەریی گەیاندنەوانی و کار لە بنەما کۆمەڵایەتییەکان دەکات. لە کاری نووسراودا، مانا و چەمک کەوشەنی بویەر دەبەزێنێ.. هەر دەقێک پەیامی خۆی هەیە، هەر پەیامێک ڕوو لە وەرگرە. واتە خوێندنەوە، عەقڵیەت و هزرین بە ئاراستە ئازادیخوازییەکەدا دەگۆڕێ، کە ئەمە هەرگیز لە قازانجی دەسەڵاتدا (دەسەڵاتی سیاسی) نییە، کە بە کردەوە کار بۆ قاڵبسازی و سەپاندنی گوتاری خۆی دەکات و دانووی لە گەڵ هیچ وتارێکی دیدا، نەمازا گوتاری ئەدەبی ناکوڵێت.. چونکە خوێنەر کەسێکی گۆشەگیر نییە، دابڕاو نییە لە ژینگەی کۆمەڵایەتی، ئەو ئەزموونەی لە ڕێگەی خوێندنەوەوە وەری دەگرێت، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ باندۆری بە سەر پەرەسەندنی کۆمەڵگەوە دەبێ.. بەم پێیە نووسەر (ئەدیب و ڕۆشنبیر) دەکاتە کەسێکی هەمیشە شۆڕشگێڕ و دژی هەر دەستەمۆبوون ومالّی بوونێک دەوەستێتەوە. قاڵب شکێنە و هەمیشە لە خەمی مرۆڤ و ئازادی مرۆڤ دایە، ئازادی بەلاوە دەکاتە هەوێنی بوون و تەنانەت پێش ڕزگاریشە.. نووسەر ئاڵا هەڵگر و نوێنەری ڕاستەقینەی میللەتی خۆیەتی، ئەمەش بۆ خۆی جۆرە ڕێبەری کردنێکە، ئیدی لێرەوە جۆرە هەڤدژییەک دەکەوێتە نێوان نووسەر و سیاسەتوانەوە وەکو نوێنەری دەسەڵات. هەرکە ئەم هەڤدژی و نەبانییە، دەستی پێکرد، ئیدی سیاسەتوان هەموو هەوڵێکی خۆی

دەخاتە کار بۆ ڕاوکردنی نووسەر و ئەهلی قەڵەم و ناچارکردنی کە واز لە ڕێبەری کردنی کۆمەڵگە بێنێ بۆ سیاسەتوان، کە هەرکاتێ نووسەر ورۆشنبیر ملی بۆ ئەمە دا، یانی دەستبەرداری پەیام و گوتاری خۆی دەبێت و جاڕی مەرگی خۆی دەدات و دەستبەرداری ئەرکی خۆی دەبێت، کە نەک لە ئەرکی سیاسەتوان کەمتر نییە، بەڵکو زۆر زیاتر و مرۆڤانی ترە.. نووسەر و ڕۆشنبیر سەرمایەی ڕەمزی نەتەوەیە، بۆیە پێویستە دژی هەرماڵی بوون و دەستەمۆ بوونێک بوەستێتەوە، سەری مێش بێ نەک کلکی شێر.

**پرسیاری سی و حەوت:** حەمەکەریم عارف ناوێکی دیارە، بەڵام وەکو جەلال زەنگەبادی ئاماژەی پێ دەکات (غەدرلێکراوە)؟ بۆچی بەڕاستی پێت وایە تۆ غەدرلێکراوی، ئەگەر ئەم بۆچوونە ڕاستە، لەچ بوارێکدا غەدرلێکراوی؟.

من دەزانم لەشاخیش گەلێک کەس غەدرتان لێکراوە، تۆش یەکێک بووی لەوانە، (نەوشیروان مستەفا) بەهۆی بڕیارە توندەکانی وەکو قوربانییەکی جەلاد مامەڵەی لەگەڵ دەقی تۆ و خودی خۆشت کردووە، کۆچی سوور لەشاخ کۆکراوەتەوە، تۆ لەژێر فشار بووی، ئەمە بەچ جۆرە غەدرێک ناو دەبەیت؟.

لەشاخدا ژمارەیەکی بەرچاو لە نووسەران و ڕۆشنبیران لە سایەی شۆڕشدا دەژیان، هەرچەندە ژمارەیان بەراورد بە نووسەرانی نێو شارەکان زۆر کەمە، بەڵام دەتوانرێت بڵێین ژمارەیەک نووسەر بەکردەوە لە بەرهەمهێنانی دەقی شۆڕشگێرانە بەشدار بوون، ئایا ئێوە لەم ساڵانەی لەنێو شۆڕشدا کاری ئەدەبیی و نووسین و وەرگێڕانتان کرد، لەچ بوارێکدا (سانسۆر دەکران)، لە چ (بوارێکدا ئازاد بوون) لەچ بوارێکدا (ڕێزلێگراوبوون) و لە چ بوارێکدا

(غەدرلێکراو) غەدر بە مانای پێشێلکردنی ماف، غەدر بەمانای پەراوێزخستن لەبایەخدان بە (دەق و بەرهەم و توانا و لێهاتوویتان).

**وەڵامی پرسیاری سی و حەوت:** مێژوو، فولتیر گوتەنی، حیکایەت و تۆماری تاوانەکانی جیهانە. ئیدی مێژوو پڕە لە ململانێ و کێشماکێشی هەمەجۆر و دەکاتە تۆماری ململانێی نێوان کۆن و تازە، ئیدی ململانێ بە هەموو جۆرەکانییەوە، دەکاتە ئامیان و هەوێنی هەر تازە بوونەوەیەک، نوێ و نوێخوازی زادەی پێداویستییە مادی و مەعنەوییەکانی سەردەم و قۆناغی خۆیەتی و شەرعییەتی خۆی لە واقیعەوە وەردەگرێت.

**نەتەوەی بێ ڕەخنە نەتەوەیەکی کوێرە و بە ئاسانی لە ژیانا ڕێ دەرناکات**

سەبارەت بە حەمە کەریم عارف، کە مامۆستا جەلال زەنگابادی بە غەدر لێکراوی دەزانێ، لێرەدا " غەدر لێکراو " ی وەکو دال بەکار بردووە، کە مەدلوولەکەی دەکاتە غیابی ڕەخنە، کە خوێندنەوەی هونەری و ئەدەبی بۆ بەرهەمەکانی نەکراوە. نەتەوەی بێ ڕەخنە نەتەوەیەکی کوێرە و بە ئاسانی لە ژیانا ڕێ دەرناکات و لە هەزار و یەک بن بەست و کوێرە کۆڵاندا گرفتار و گیرۆدە دەبێت. جا کێ لەم بارەیەوە غەدر لێکراو نییە!..

سەبارەت بە شاخ و بوونی ئێمەمانان لە شاخدا، زەمانە ئێمەمانانی، بەتایبەتی بەندە کە هیچ وابەستەگییەکی حیزبیم نەبوو، کردبوو بە هاوسەنگەری (ی.ن.ک)، دەنا کەم و زۆر هاوفیکری وان نەبووم. کە من هاوسەنگەریم لە هاوفیکری پێ گەورەترە. بەوەی باش بوو، ژمارەمان کەم بوو، دەنا ئەو برادەرە نووسەرانەی، بە حیزبێن دیکەوە وابەستە بوون، لە بارەگاکانی حیزبی خۆدا بوون، مەگەر ناوبەناو، بۆسەردان، یان کار و کۆبوونەوەیەکی نووسەران،

سەردانی بارەگای نووسەرانیان کردبا، کە بارەگایەکەی بە زۆری لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک) بوو.

هەڵبەتە لە ناو یەکێتی نووسەرانی کوردستاندا، خەڵکانی وابەستە بە (ی.ن.ک) و بەناو (کۆمەڵە) ش هەبوو.. ئەمە جگە لەوەی کە نووسەران وەکو دیکۆر، دیکۆرێکی شارستانی جوان بوو، (ی.ن.ک) لە هەندێ بۆنەدا، خۆیان پێوە بادەدا، کە نووسەرانمان لە گەڵە.. کە دەشیا بکرێت بە کەناڵێک بۆ ڕاوی زۆرترین ژمارەی نووسەران، با تەنیا بە ناویش بێ. پیاو هەق بڵێ (مام جەلال) کە پیاوێکی سیاسی بوو، بە کردەوە و بە قسە مدارای نووسەرانی دەکرد، کە ئەمە جۆرە حصانە و پارێزبەندییەکی ڕۆشنبیریی مەعنەوی بۆ دابین کردبووین.. دەنا هەڵۆکانی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) کەولّیان دەکردین.

(نەوشیروان مستەفا) کە کەسی دووەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، سکرتێری کۆمەڵە بوو! قەناعەتی وابوو شۆڕش! بەبێ هونەریش دەکرێ، بێئاگا لەوەی لە وڵاتێکا لە هونەر نەگەن ئەو وڵاتە وڵاتی کۆیلانە وڵاتی خەڵکانی قورمیش کراوە، وڵاتی خەڵکانی بەدبەختە، وڵاتێکی بێڕوحە، لەهەر شوێنێ تەنز نەبێ، شۆخی و پێکەنین نەبێ ڕق و کینە زاڵ دەبێت، بۆیە ئێمەمانانی بە هاوسەنگەر قەبووڵ نەبوو، بە تایبەتی کە لە وابەستەگی سیاسیمان دڵنیا نەبوو. کۆچی سوور بە فەرمانی نەوشیروان کۆکرایەوە و بە ڕۆژی ڕوناک لە قاسمە ڕەشی مەرزی سەردەشت سووتێنرا، ئەم سووتاندنە دال بوو، مەدلوولەکەی ئامادەگی بوو، بۆ کوشتنی نووسەرەکەی، ئەوە بوو بە ئەمری نەوشیروان مستەفا و بە ڕەزامەندی دوو کەسی دی لە هەڵۆکانی (ی. ن. ک) فەرمانی کوشتنیش بۆ بەندە دەرچوو، کادرێکی پاسۆک و کادرێکی پارتی لە ڕووی دۆستایەتی شەخسییەوە نەک حیزبییەوە، دەربازیان کردم.. نەوشیروان لەوە غافڵ بوو، وشە تەبیعەتی (قەقنەس) ی هەیە، لە خۆڵەمێشی خۆیا لە دایک دەبێتەوە!..

باوەڕی بەوە نەبوو جوابی وشە، وشەیە نەک گوللە. خەیاڵ، لە سەرووی هەموو دادگاییەکەوەیە. کۆچی سوور، کرا بە فارسی، کرا بە عەرەبی، چاپە کوردییەکەی چل پەنجا نوسخەیەک بوو، بەڵام دەیان نوسخەی لێ کۆپی کرایەوە و بڵاو بووەوە.

بەندە پێموایە، هەر سیاسەتوانێک، بە شێوەیەکی ڕێژەیی هەندێک خەیاڵاتی دۆنکیشۆتانەی هەیە و بە خەیاڵ لە جازیبەی کۆمەڵایەتی دەردەچێ و خۆی بە دنیای ئەفسانەدا دەکات! کە ئەمە ڕەگێکی دەچێتەوە سەر نەرگزییەت و نەرگزییەت بە ڕێژەی جیاواز، بە کاڵی یان تۆخی لە هەر کەسێکدا هەیە، جا (نەوشیروان مستەفا) ش جۆرە نەرگزیەتێکی سیاسی لەگەڵدا بوو.. بەخۆت دەزانی نەرگزییەتی سیاسی سەر بۆ کوێ دەکێشێت.

**پرسیار:** گوتاری ئەدەبی و پەیوەندیی بە سیاسەتەوە چ هەڵدەسەنگێنن؟

**وەڵام:** ئەدەب گوتارە، گوتاریش دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوە و باندۆری خۆی هەیە، بۆیە سیاسەتوانێک کە خۆی بە خاوەنی گوتار دەزانێ و جگە لە گوتاری خۆی و حیزبەکەی، کە لە ناوەڕۆکدا درێژەی گوتاری جەلالییەتی شەستەکانی سەدەی بیستەم بوو، هیچ گوتارێکی دیکەی قەبووڵ نەبێ، ئەم وتارە ئەدەبییە بە جۆرە هەڤڕکییەک دەزانی و بە ئاسانی بۆی قووت ناچێت.

سیاسەتوان، ئەدەب بە سەندووقە ترسناکەکەی پاندورا دەزانێ، حەزدەکات هەر بە داخراوی بمێنێتەوە.. هەمیشە لە گوتار و نۆرین و جیهانبینییە ڕەخنەوانییەکەی نووسەر و ئەدیب ترساوە، دەنا زۆر چاک دەزانێ سەروساختی ئەدیب لە گەڵ توندوتیژی و تیرۆر و

تیرۆرکاری و تەکفیر و تەکفیرکاریدا نییە، ئەوەی هەیەتی و نییەتی قەڵەمەکەیەتی.

دەسەڵاتی سیاسی نەک هەر ئازادی دەربڕین کۆنترۆڵ دەکات، بەڵکو مەرج و چوارچێوەش بۆ خەون و خەیاڵ و هزرینی جەماوەریش دادەنێ،

عەقڵیەتی ڕۆشنبیریی و فیلیڤانی، لە بنەڕەتدا عەقڵییەتێکی کراوەی ڕۆشنگەری فیلیڤانی دیموکراتییە، هیچ دەستەمۆبوونێک قەبووڵ ناکات، چاوپۆشی لە هیچ هەڵە و کێماسی و کەچرەوییەک ناکات و بە عەقڵییەتێکی ڕەخنەوانییەوە مامەڵە لەگەڵ دیاردە و ڕووداوەکاندا دەکات و نە پاشکۆیەتی قەبووڵ دەکات و نە دەبێ بە ئالەتی دەستیان؛ چونکە خۆی بە سەرمایەی ڕەمزی نەتەوە دەزانێ و پەیام و گوتاری، ئازادی و یەکسانییە.. لە کاتێکا عەقڵییەتی سیاسی، عەقڵیەتێکی لە بنەڕەتدا پراگماتییە و لە دووی بەرژەوەندی و بادانەوەی خۆیەتی. وەک دەڵێن داک و بابی نییە، لە هەوڵی ئەوەدایە هەموو کایەکانی ژیان بە قازانجی خۆی کۆنترۆڵ بکات، کە چالاکی ڕۆشنبیریی و ئەدەبیات یەکێک بووە لەو کایانە. سیاسەت، بە پێچەوانەی ئەدەبەوە، کار بۆ لە قاڵبدان و قاڵبپەزێری دەکات؛ لە نێوان ڕەش و سپیدا هیچ ڕەنگێکی دی نییە! دەسەڵاتی سیاسی نەک هەر ئازادی دەربڕین کۆنترۆڵ دەکات، بەڵکو مەرج و چوارچێوەش بۆ خەون و خەیاڵ و هزرینی جەماوەریش دادەنێ، دەست دەخاتە ژیانی سۆزداری و ڕەفتاری خەڵکیشەوە.

**پرسیار:** ئەدەب کردەیەکی هەستەکیی هوشیارانەیە، کاتێک کۆنترۆڵ بکرێت، دەبێت چاوەڕوانی چ دۆخێک بین؟

**وەڵام:** دیارە ئەدەبیات ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە هەستەوە، بۆیە ناکرێ لە دەرێڕا کۆنترۆڵ بکرێ، چونکە نووسین وەختێ بەرۆکت دەگرێ، هەست بە دروستی هەستەکانت بکەی. بۆیە ئەو بادانەوە خێراو لەزگینەی دەسەڵات و حیزب لە پەیڕەوان و لایەنگرانی خۆی دەخوازێ بۆ ئەدەب دەست نادات و لە باری دەبات؛ ئەدیبی ڕاستگۆ قازی دادپەروەر و شایەدی باوەڕپێکراوی سەردەمی خۆیەتی، بۆیە بە ئاسانی بە خەڵکانی سیاسی پراگماتی قووت ناچن.

دۆزی سەرەکی ئەدەب، ئینسان و ئازادی ئینسانە، بۆیە هەر دەقێکی ئەدەبی، کە ئەدەبیەتی پەیدا کردبێ، شۆڕشگێڕانەیە.

**پرسیار:** یەکێتی نووسەرانی کوردستان واقیعێک بوو، دەبێت ئەو واقیعیە ببینین، وانییە؟

**وەڵام:** بەهەرحاڵ، بوونی یەکێتی نووسەرانی کوردستان لە شاخ دا، بوو بە ئەمری واقیع و وەکو دیفاکتۆ، لە پەراوێزی سیاسەت و حیزب و پێشمەرگایەتیدا مامەڵەی لە تەکدا دەکرا، سیاسەت، لە کۆنی کۆنەوە، هەوڵی داوە ئەدیب و ڕۆشنبیر ڕاو بکات و بیخاتە خزمەتی ئامانجەکانی خۆیەوە، گوتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیریی بە قازانجی خۆی کۆنترۆڵ بکات، ئەگەر هەر بۆی نەکرابێ، بەبێدەنگ کردن و بێ لایەنکردنی ڕازی بووە!.. بەندەش بەش بە حاڵی خۆم، واقیعە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییە باوەکەی شاخم بەلاوە نامۆ بوو، کە ئەم واقیعی نامۆبوونە هەندێجار گۆشەگیری، یان بێدەنگی یان بێ موبالاتی و تەنانەت خۆدزینەوە و هەڵاتن لەو واقیعەی لێدەکەوێتەوە... من بە خوێندنەوە و نووسین و وەرگێڕان، خۆم لە نامۆبوون و لێکەوتەکانی پاس دەکرد.. بە کورتیەکەی دیالۆگێکی

هاوتا و دیموکراتیانه له نێوان سیاسی و ڕۆشنبیردا نەبوو، کە تایبەتمەندییەکانی یەکدی ڕەچاوبکەن و ڕێزی بگرن.

**پرسیار:** پێت وایە سیاسییەکانی کورد بەرهەمی ئەدەبی بخوێننەوە، یان بەوە ڕابگەن بایەخ بە دەقی ئەدەبی بدەن؟

وەڵام: سیاسەتوانی کورد کە زیاتر حیزبین تا سیاسەتوان بن! بە دەگمەن ئەدەب دەخوێننەوە، تا خوێندنەوە بۆ دەقی ئەدەبی بکەن، بەمەش خۆ لە لەزەتی ئیستاتیکی مەحرووم دەکەن، کە پێموایە یەکێکە لە بنەماکانی دیموکراتیەت و هەر سیاسییەک ئەدەب نەخوێنێتەوە، هەرگیز نابێ بە کەسێکی دیموکرات؛ شەو ورۆژ لافی دیموکراتیەت لێبدات، لە ناخی خۆیدا هەر دکتاتۆرە.

پێتان وایە غیابی گوتاری ڕۆشنبیریی چانسی زۆرتری بە خۆفەرزکردنی گوتاری سیاسی دابێت؟

**وەڵام:** گوتاری ڕۆشنبیریی و فیلیڤانی، هەمیشە چاودێرە بە سەر گوتاری سیاسییەوە، بۆیە ئاساییە ئەم دوو گوتارە پێکەوە نەیانکرێ و لە یەکدی دڕدۆنگ بن. غیابی گوتاری ڕۆشنبیریی لە قازانجی دەسەڵاتدایە و زەمینە بۆ دکتاتۆریەت خۆش دەکات، بەشێک لە سەدەمی ئەم پاشاگەردانییە سیاسییەی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان، کە لە هەندێ ڕووەوە، درێژەی هەمان ڕەوشەکەی شاخە، دەگەڕێتەوە بۆ غیابی گوتاری ڕۆشنبیریی جدی. ئەهلی قەڵەم پێویستە ئەوەی لەبیربێ، کە وڵات زیاتر بە گەورە داهێنەران و ڕۆشنبیران و نووسەران و هونەرمەندانییەوە دەناسرێت و دەناسرێتەوە، نەک بە سیاسەتوان و وەزیران و گزیرانیەوە.. بۆیە ئەهلی قەڵەم نابێ لە ژێر هیچ گوشارێکدا، دەستبەرداری گوتاری خۆی بێ.

**پرسیاری سی و هەشت:** ئێوە بەکردەوە وەرگێڕانی ڕۆمانتان بردە نێو بڵاوکراوە و بایەخی دەقیٚ نێو شۆڕش، هەروەها ڕۆمانتان کردە یەکێک لەدیاردەکانی بایەخدان بە دەق لەنێو شاخ، چۆن لەم کاتە سەختەدا بیرتان لەم کارە قورسە کردەوە؟ لەکاتێکدا لەشاخ کات بۆ وەرگێڕان و توانای چاپ و بڵاوکردنەوە کتێب و دەق زۆر زۆر کەمترە لە بەراورد بە (شار)، لەهەمان کاتیشدا مرۆڤەکانی شاخ کاتیان بۆ خوێندنەوەی ڕۆمان لەچاو (شار) زۆر کەمترە؟ بۆچی توانا و کاتی خۆتان بۆ جۆرێکی دیکەی دەقی ئەدەبی و سیاسی تەرخان نەکرد؟

**وەڵامی پرسیاری سی و هەشت:** ئەو واقیعە چەکدارییەی لە کوردستاندا هەبوو، زیاتر مقاوەمە و بەرخۆدان بوو تا شۆڕش، زیاتر کاردانەوە بوو تا کار، یان زادەی تەخەمووریکی فیکری فەلسەفی ستراتیژی بیٚ، هەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نییە، کە بمانەویٚ لە ناوەڕۆک و جەوهەرە شۆڕشگێڕییەکەی کەم بکەینەوە. بۆیە هەوڵی ئێمەی نووسەر، جگە لەوەی زادەی پێداویستییە ڕۆشنبیریی و مەعنەوییەکانی سەردەم بوو، هەوڵێکی خاکیانەش بوو، بۆ گۆڕینی مقاوەمەت بە شۆڕش، چونکە مقاوەمەت لە وەختی خۆی پتر درێژە بکێشێت دەبێتە مایەی زندە بەچاڵکردنی شۆڕش و بە گوتاری تەبشیری (بانگەشە) حیزبی زندوو نابێتەوە، چونکە هەموو گوتارێکی تەبشیری، دەچێتەوە بۆ دکتاتۆریەت و دەسەڵاتڕانی بەمانا کۆنەپەرستیەکەی. نووسەر گوتاری هەیە، گوتار کە قافی هات دەبیٚ بێتە دەربڕین و ئیزن لە کەس نەخوازیٚ. ڕۆشنبیر دەبیٚ هەرچۆنیٚ بووە، ئەگەر لە کولەکەشا بووە، بانگی خۆی بدات، دەنگ و پەیامی خۆی بگەیەنیٚ. گوتار کە قافی هات و نەگەیەنرا، پووچەڵ دەبێتەوە..

پەیامی ئەدەب و ڕۆشنبیریی پەیامی ئازادییە، ئازادی غەریزەیە، بێدەنگی قەبووڵ ناکات..... نووسین بە تایبەتی نووسینی ئەفراندنەوانی، لە بنەڕەتدا کارێکی ئازادانە و ئازادیخوازییە و بە سەر هەموو ئازادییەکاندا دەکرێتەوە. داهێنان تەڤگەرێکە لە نێوان وەعی و خەوندا، خەون بەو ئیحتوبارەی خولیایەکە بۆ کەشفکاری و ئایندەڕوانی، واتە نووسەر بیەوێ و نەیەوێ، ڕووی گوتاری لە خوێنەری حازر و غاییە. بۆیە دەنووسێت تا لە خۆی هێوەتر بڕوات، کەوشەنی خودی خۆی ببەزێنێ، جیهانبینی خۆی هونەرییانە کەشف بکات، دەنگ و بانگی خۆی، لە کردەیەکی ئازادی گەیاندنەوانی (تواصل) دا بگەیەنێ و شایەدی خۆی لە سەر سەردەمەکەی خۆی بدات. دەق، بە حوکمی فرە دەلالەتی خۆی، فرە خوێندنەوەی لێ دەکەوێتەوە، ئەمەش بۆخۆی پێشوازی و پشتیوانییە لە دیموکراتیەت..... ئازادی غەریزەیە، هیچ سەرکوتکارییەک قەبووڵ ناکات؛ پەیوەندییە، بۆیە ئازادی دەبێ بۆ هەمووان بێ.

ڕاستە لە شاخ کات و ئیمکاناتی چاپ و بڵاوکردنەوە، کەم و سنووردار بوو، ژمارەی خوێنەر کەم بوو، بەڵام هێزی پێشمەرگە، زۆربەی هەرە زۆریان خەڵکی شارەکان بوون، فیرارێکی زۆری سەربازیش ڕوویان کردبووە دێهاتەکان، یانی پەیوەندی نێوان شار و شاخ نەبڕابوو، گوتاری ئەدەبیش سنوور نەناسە.

سەبارەت بە ڕۆمانی کوردی، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە، هەندێک هەوڵ هەبوون، کە پچڕپچڕ بوون و درێژەیان نەبووە، لەوانە (لە خەوما)ی جەمیل سائیب، (مەسەلەی ویژدان) ی ئەحمەد موختار جاف، (شڤانی کورد) ی عەرەبی شەمۆ، (پێشمەرگە)ی ڕەحیمی قازی.. (قەڵای دمدم) عەرەبی شەمۆ، (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەد.. هەموو ئەمانە ڕۆمان و هەوڵی

> **له هەر کۆمەڵگەیەکـــدا ئـــازادی سیاســی نەبێــت، هەمــوو شــتێک مــۆرکی سیاســی دەگــرێتە خــۆ و نووسەر ناچار دەبێ ئەو بۆشاییە جفــاکی و سیاســی و مێژووییــانە پڕبکــاتەوە کە دەکەوێــتە ژیــانی مــیللەتەوە. کە ئەم دیــاردەیە لە وڵاتانی سێیەمدا بە زەقی دیارە. لەم حاڵەدا زمانی هونەری دێتە خوارەوە بۆ ئاستی زمانی خەبەری ڕاپۆرتەوانی،**

ڕۆمانەوانین.. لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١وەش، هەوڵە ڕۆمانەوانییەکان زۆر بوون و بەهەرحاڵ، هەوڵ حەلاڵە و هەموو هەوڵێک سەرکەوتن و ناکامی خۆی هەیە، بۆیە پێویستە بە بۆچوونێکی زۆر کراوەوە مامەڵەیان لە تەکدا بکرێ و پێگەی هونەرییان دیاری بکرێت.

**پرسیاری سی و نۆ:** پێتان وایە کە نووسین پرۆسەیەکی تاکە کەسییە، کەی دەبێتە موڵکی گشتی؟ بەو واتایەی دەق چ کاتێک (دەبێتە هێز و دەسەڵات) و خوێنەر و نەتەوە و نیشتیمان بەموڵکی خۆیانی دەزانن؟ تەنیا هەندێک دەق هەیە، مرۆڤایەتی خۆی بەخاوەنی دەزانێت، ئەمە لای تۆ چۆن لێکدانەوەی بۆ دەکرێت؟

**وەڵامی پرسیاری سی و نۆ:** دۆزی سەرەکی ئەدەب ئینسان و ئازادی ئینسانە، بۆیە لە کەش و هەوای ئازادا، گەشە و نەشە دەکات و دەڕسکێ. نەبوونی ئازادی سیاسی، بۆ خۆی کۆسپە لە ڕێگەی ئەدەبدا. دیارە دەسەڵاتی سیاسی و پۆلیسی، ئەدەبی مرۆڤانی بەرهەم ناهێنێت. ئەو دەسەڵاتەی کە جگە لە چەند پرەنسیپێکی دیماگۆکی عەوام خەڵەتێن، باوەڕی بە هیچی دیکە نییە، هاماجێکی ترسناک و پڕ نیگەرانی ئەوتۆ دەخوڵقێنێ کە خەڵکی وردە وردە ڕابێن، بەبێ ئەوەی بەخۆ بزانن، دووچاری ترسنۆکی عەقڵی دەبن و بارە گوێزیان لێبنەی خرەی نایەت.

بەهەرحاڵ لە هەر کۆمەڵگەیەکدا ئازادی سیاسی نەبێت، هەموو شتێک مۆرکی سیاسی دەگرێتە خۆ و نووسەر ناچار دەبێ ئەو بۆشاییە جفاکی و سیاسی و مێژووییانە پڕبکاتەوە کە دەکەوێتە ژیانی میللەتەوە. کە ئەم دیاردەیە لە وڵاتانی سێیەمدا بە زەقی دیارە. لەم حاڵەدا زمانی هونەریی دێتە خوارەوە بۆ ئاستی زمانی خەبەری ڕاپۆرتەوانی، دەقی زەق و داخراوی لێدێتە بەرهەم، کە ئەو جۆرە دەقە، ئەگەر دەنگدانەوەیەکی سنووردار و کاتیشیان هەبێ، هەرگیز ڕەنگدانەوە و باندۆری هونەریی نابێت، لە خەیاڵ و یادگەدا نامێنێتەوە، لە پێش مردنی نووسەرەکانیاندا دەمرن. ئەدەبیات جیهان ناگۆڕێ، بەڵکو دەیخاتە ژێر پرسیارەوە و لەم ڕێگەیەوە زەمینە بۆ گۆڕینی خۆش دەکات.

نووسەر، تەنیا بۆ ئەوە نانووسێت کە شتێک بگێڕێتەوە، یان شەرح بکات، یان دەرببڕێت و نیشانبدات، بەڵکو دەیەوێ شتێک دابهێنێ کە ئیزافە بێت بۆ دنیا. ئەرکی ئەدەب، فێرکاری و سەرگەرمی نییە. بەڵکو بۆ ئەوەیە، نیروی بیرکردنەوە بخاتەگەڕ. هونەریانە هەست و سۆز و خەیاڵ بێدار بکاتەوە. حایر و حەیرانت بکات، ئێستاتیکا و جوانی ڕاستەقینە، هەمیشە مایەی سەرسامی و دڵبەندییە. دەقێک - هەڵبەتە دەقی هونەریی وکراوەمان مەبەستە- دەقە کە دەرگای تازە بۆ خەیاڵ و خەیاڵکردنەوەی خوێنەر بکاتەوە.. لە ڕێگەی واقیعی واقیعیەوە، واقیعی مومکین نیشانبدات.. مەبەست لە واقیعی مومکین، هەمان ئەو جیهانی واقیعیەیە کە تیایدا دەژین، بەڵام جیهانێک کە بە شێوەیەکی جیاوازتر بێتە دیتن، بێتە هەستکردن، بێتە جەڕباندن. کە ئەمە بۆ خۆی دەکاتە دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی خەڵکی سەبارەت بە ژیان. ئیدی پرسیاری خوێنەر سەبارەت بە دەقی کراوە ئەوەیە کە چ جیهانێکی مومکینی بۆ کەشف کردوون. چونکە نووسین لە بنەڕەتدا پرۆسەیەکی کەشفکارییە، نەک

گوزارشتەوانی و دروشمبازی.. هەڵبەتە پرسیار، کۆدی کردنەوەی دەرگای هەر گۆڕانێکە، میللەتی بێ پرسیار کوێرە... ئەرکی نووسەر هونەراندنی واقیعە نەک کۆپی کردنەوەی موو بە موو. لە جیهانی واقیعییەوە جیهانی مومکین بخوڵقێنێ و پێویستە مەسافەیەکی زۆر بۆ شرۆڤە و خوێندنەوەی ئازادانەی خوێنەر بێڵێتەوە، لە دەقی تازەدا، ئەنجام بەدەستەوە نادرێ، یان بە ڕوونی بەدەستەوە نادرێ، ئەمە بۆ زیرەکی و هەڵێنجانی خوێنەر دەهێڵرێتەوە. بۆ ئەوەیە خوێنەر چالاکانە لە دروستکردنی دنیای نووسەردا بەشداری بکات.

ئیدی ئازادی هەرە گرینگ چ بۆ نووسەر و چ بۆ خوێنەر، ئازادی خەیاڵە، هەر دەقێک خەون و خەیاڵ نەبێ بە تان و پۆی، وەکو مەلێکی باڵکراوە کە بێهودە بە تەمای بەرزەفڕی بێ. نووسەری ڕاستگۆ، بە هەڵوێست، کە ئەمە لە ناو دەقدا دەهونەرێنرێ، پەیڤداری نافەرمی میللەت و شایەدی باوەڕپێکراوی سەردەمی خۆیەتی.

**پرسیاری چل:** کەلتووری نووسین و نووسینی کەلتووراوی، لەنێو دەقی کوردیدا چۆن هەڵدەسەنگێنن، مرۆڤ کە دەقێکی مەزنی بیانی دەخوێنێتەوە، هەست دەکات لەنێو کەلتووری نەتەوەیەک، کیشوەرێک و گروپێک مەلە دەکات، شتی نوێ فێر دەبێت و ئاشنای کەلتوور و نەریت و هێما و ئەفسانە و شێوەی ژیان و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئاستی ئابووری و تەنیا شێوەی ژیان و بوونی گیانەوەر و کەشوهەوا و جوگرافیا و پێکهاتەی شاخ و دەشت و دار و درەختیشیان دەبێت، هەست ناکەم لەنێو دەقی کوردیدا ئەم شتانە سوودی لێوەربگیرێت. ڕای تۆ لەم بارەوە چییە؟

هۆکاری چیە، نووسەری کورد خۆی لەنووسین و بەرهەمهێنانی دەق ماندوو ناکات، بەدواچوون و لێکدانەوە بۆ شتە بەکارهێنراوەکانی نێو دەقەکەی خۆی ناکات، یان ڕەچاوی وەسفی

گوڵێک ناکات، که ڕەنگە ئەم گوڵە تەنیا لە کوردستاندا هەبێت، نووسەری کورد هێندەی پەلە لەخۆ بەخاوەنکردنی کتێب دەکات، نیو هێندە کار ناکات خاوەنی دەقێکی تایبەتمەندی بەهێزی کاریگەریی تایبەت بەخۆی بێت، بۆچی ئەم دیاردە لەنێو کوردستاندا باڵادەستە؟.

**وەڵامی پرسیاری چل:** ئەدەبی ڕەسەن، چەند خەیاڵی یان تەجریدی بێ، ڕەگێکی لە واقیعدایە و جیهانی واقیعی دەهونەرێنێ؛ دەیگۆڕێت بۆ واقیعی مومکین، ناسنامەیەکی هونەری ئەوتۆ پەیدا دەکات کە پێی بناسرێتەوە.. کە من پێموایە ئەو ڕۆمان و هەوڵە ڕۆمانەوانیانەی دیتوومن.. ئەگەر بۆ زمانێکی بیانی پاچڤە بکرێن، باوەڕ ناکەم کەس بیانناسێتەوە.. پێموایە ناسینەوەی شەقڵ و شەخسیەت و ناسنامەی لۆکاڵی و خۆماڵی لە کاری هونەریدا نیشانەی سەرکەوتنە، کە ئەم دیاردەیە لای ئێمە، لە ڕۆمانی مەدا یان نییە یان زۆر کەمە.. ڕێژەوی ئەو ڕووداوانەی لە ڕۆمانی ئێمەدا ڕوودەدەن زیاتر ئاسۆییە تا ئەستوونی.. ئەم حاڵەتی ئاسۆییە زیاتر ڕووداو و دیاردە سەرڤە سەرڤە و سەتحیەکان لە خۆ دەگرێت، دەرەقەتی دیاردە و ڕووداوە ئاڵۆز و دەروونییەکان، دەرەقەتی ساتە زندووە مرۆڤانییە تیژتێپەڕ و لەزگینەکان، گۆڕانە کوت و پڕە جیوەییەکان نایەت و ئیدی دەقی ڕۆمان ئەو ژیانە هونەرییە پەیدا ناکات کە جاویدانی پێ ببەخشێت.. لە حاڵێکدا وڵاتەکەمان گەنجینەیەکی یەکجار دەوڵەمەندە، پڕە لە کەرەستەی خاوی ڕۆمانەوانی، مۆرک و شەقڵی تایبەتی خۆی هەیە، کە ئەگەر بتوانرێ خوێندنەوەی هونەریی باشی بۆ بکرێت، ڕەنگە بۆی ببێت بە ناسنامە و پێی بناسرێتەوە، وەکو چۆن ڕۆماننووسانی ئەمریکای لاتین، بە هۆی خوێندنەوەی هونەریانەی واقیعی واقیعیی خۆیانەوە، واقیعێکی مومکینی هونەرییان دروستکردووە، کە پێی دەگوترێ ڕیالیزمی جادوویی و بووە بە ناسنامەیان.. لەوە دەچێ نووسەرەکانمان وەکو پێویست بە

ڕوح و سایکۆلۆژییەتی کوردەواری ئاشنا نەبن و لەبەر کەم ئەزموونی لە واری ڕۆماننووسیدا، خوێندنەوەی هونەرییان بۆ بابەتە ڕۆمانەوانییەکان لاواز و کرچ و کاڵ بێ. بۆیە زۆربەی ڕۆمان و هەوڵە ڕۆمانەوانیە کوردییەکان، سادە و تاک ڕەهەند و ئاسۆیی وکەم هەوراز و نشێون.. ڕێڕەوی ڕووداوەکان پێشوەختە نەخشەی بۆ دانراوە، بەرەو ئەو کۆتاییە دەڕۆن کە خوێنەر چاوەڕوان و پێشبینی دەکات، خاڵییە لە هەر ڕێکەوت و سپرایزێکی هونەری.....

> **زۆر گــــرینگە ڕۆماننووســــی کــورد، شــێوەی نــۆڕینی کــوردی بـــۆ بـــابەتی ڕۆمـــانەکەی هەبێت.**

هەڵبەتە زۆر گرینگە ڕۆماننووسی کورد، شێوەی نۆڕینی کوردی بۆ بابەتی ڕۆمانەکەی هەبێت. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە ڕۆماننووس بێت ڕاپۆرتێکی حیکایەتئامێز، یان حیکایەتێکی وتار ئاسا، بێ ڕۆح و گیان بە نێوی ڕۆمانەوە پێشکەش بە خوێنەر بکات، چونکە ڕۆمان هەوڵێکی فیلیڤانی کەشفکارییە بە مەبەستی هونەراندنی دیمەنێک، لایەنێک، گرتەیەک، ساتێک لە ژیان بە هەموو هەڤدژی و لێکدژییەکانیەوە. بۆیە دەبێ زندوویەتی و ژیانی لێ هەڵبقوڵێت و جیهانبینییەکی نوی بۆ ژیان و مەسەلەکانی نێو ڕۆمانەکە دروست بکات..

هەڵبەتە تەماحی ڕۆماننووسی کورد، دەبێ هەمیشە گەورەتر بێ لەو کارەی کردوویەتی، تا لە کاری تازەترا تەجاوزی خۆی بکات. هەمیشە لە خەمی ئەوەدا بێ، بە ناسنامەی کوردییەوە بەشداری لە بەرهەمهێنانی ڕۆمانی جیهانیدا بکات. ڕۆمان وەختێ ڕۆمانە، ئەوەی بەو دەگوترێ و نیشاندەدرێ، بە کایە ئەپستمولوجییەکانی دی نەگوترێ و.....

ئەنگلز دەڵێت: ئەوەی لە بالزاکەوە فێری بووم، زیاترە لەوەی لە هەموو ئابووریناسان و دیرۆکنووسان و ئامارگەرانی هاوعەسری ئەوەوە فێری بووم..

**پرسیاری چل و یەک:** ئێمە دەزانین لەشاخ و لەسەردەمانێکدا بەهۆی پابەستبوونی دەق و بەرهەمهێنانی بە دۆزێکی گشتی ڕزگاریخوازی هەمیشە (من)ی (نووسەر) دەبووایە خواست و شێواز و تایبەتمەندییە فکری و ئایدیۆلۆژیی و کەسایەتی و تێڕوانینە تایبەتییەکانی خۆی بکاتە پاشکۆ و پەراوێز، یان خۆی سانسۆر بکات، لەپێناو خۆبەستنەوەی بە دۆزێکی گشتگیرتر لەخواست و مەبەستی خۆی، لای تۆ ئەم دیاردەیە لەشاخ، ئێستا لەشار چۆن لێکدەدرێتەوە؟

لەچوارچێوەی ئەم پرسیار و بۆچوونەدا شتێکی دیکەم بیر هاتەوە، فکری چەپ و چەپخوازیی کە سەرچاوەی خوێندەواریی و خۆڕۆشنبیرکردنی کوردستان بوو، لەسەر بنەمای بەقوربانی کردنی (من) بەڕێوەچووە، (من) دەخرایە بازنەی (وردە بۆرژاو)، وردەبۆرژواش دەخرایە خانەی (هەڵپەرستی و خۆویستیی و تاکڕەوییەوە) ئەمانە چەمکێک بوون ناشیرن بوون، ڕەزا قورس بوون و بەسترابوونە بەفکری چینایەتی شۆڕشگێڕانە، لەشاخدا ئەم بۆچوونە چەندە کاریگەریی لەسەر تۆ هەبوو، بەتایبەتی ئەوەی من ئاگادارم تۆ لەناوچەکانی ژێر هەژموونی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتی کارتان دەکرد، پەیوەندیتان لەگەڵ گروپە چەپخوازەکانی ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش بەهێز بووە، ئەمانە چەند کاریگەرییان لەسەر کەسایەتی نووسەر و بیرکردنەوەی تاک و دەسەڵاتی داهێنان دروستکردبوو؟

هەنووکە لەشار دەژین، هەرچەندە شار بەمانای شارێکی گەشەکردووی پیشەسازی پێشکەوتوو لە کوردستاندا دروست نەبووە، بەڵام لەبەراوردی نێوان شاخ و لادێ و شار، دیسان

هەندێک چەمکی شاربوون هەیە، ئەم دیاردەیە لەدوای ڕاپەڕین و لەشار چۆن لێک دەدەنەوە؟

**وەڵامی پرسیاری چل و یەک:** سیاسەت لە بنەڕەتدا کارێکی دەستەجەمییە و هەمیشە بە پشتیوانی گروپێک، خێڵێک، بنەماڵەیەک، حیزبێک، کاری کردووە و مومارەسە کراوە، واتە سیاسەت لە دەرێی گروپدا مومارەسە ناکرێ و لەم حاڵە بترازێ دەبێتە کارێکی ڕۆمانسیانە و زۆر خەون و خەیاڵی دۆنکیشۆتانەی بەگەڵ دەکەوێ.. بۆیە ئاساییە سیاسەت هەولْبدات هەر توێژ و چینێک بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و لاف و گەزافی جەماوەرییەت لێبدات و ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی، یەکێک بووە لەو مەیدانە زۆر گرینگ و هەستیارانەی، کە سیاسەت بیری لە ڕاوکردنی کردووەتەوە. خۆ سیاسەت و حیزبێنی کوردیش لەم حاڵە بەدەر نەبووە و نییە.. ئەمە حەقیقەتێکە ئاو لێڵ ناکات، بۆیە هەقە و پێویستە داهێنەر، بەر لە هەر کەسێک پەی پێ بەرێ و نەکەوێتە داوی سیاسیانی ڕاوچییەوە.. دەبێ ئەوە بزانێ کە هەر سیاسییەک، هەر حیزبییەک "پروکرۆست" ێکی لە ناخدایە.

**پێویستە داهێنەر، بەر لە هەر کەسێک پەی پێ بەرێ و نەکەوێتە داوی سیاسیانی ڕاوچییەوە..**

پروکرۆست، لە ئەفسانەی یۆنانیدا کوڕی پوسیدونی یۆنانییە. مەکۆ و بارەگاکەی لە چیای کوریدالوسی سەر ڕێگای نێوان ئەسینا وئیلفسینایە. ئاسنگەرێکی ڕێگر بووە، قەرەوێڵەیەکی ئاسنی هەبوو، هەر ڕێبوارێکی تووشبایە دەیبردە ماڵەوە، داوای لێدەکرد، لە سەر قەرەوێڵەکە بنوێ.. پروکرۆست، مەراقی ئەوە بوو، درێژی ئەو ڕێبوارانەی دەیبردنە ماڵەوە، فیت بە ئەندازەی قەرەوێڵەکەی ئەو بێت، جا ئەگەر کابرای ڕێبوار لە قەرەوێڵەکە درێژتربا، لاقەکانی دەبڕییەوە.

ئەگەر کورتتر با، ڕایدەکێشا و بە دەم ڕاکێشانەوە، ئازای بەدەنی لەبەر یەک دەترازا و جومگەکانی هەموو دەشکا و کۆڵەوار دەبوو.

پروکرۆست، لە سەر تاوانەکانی خۆی بەردەوام دەبێت، تا تیسیوس تووڕە دەبێ، دەستبەسەری دەکات و هەمان ڕەفتاری لە گەڵ دەکات کە ئەو دەگەڵ قوربانییەکانی خۆیدا دەیکرد. تیسیوس، لە سەر قەرەوێڵە تایبەتیەکەی خۆی خەواندی و سەری بڕی، تا پڕ بە قەرەوێڵەکە بێ.

ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەو قاڵبسازییە سادییەت ئامێزەی کە لە نائاگایی هەر سیاستەوانێکدا هەیە.. کە ڕێک بە پێچەوانەی ئەو قاڵبشکێنیەیە کە لە ویژدانی هەر داهێنەرێکدا هەیە.. هەمیشە وابەستەگی فیلیڤانی و هونەری گەورەترە لە وابەستەگی سیاسی و حیزبی، بۆیە هیچ ماقوول نییە، بێی دەستبەرداری وابەستەگی گەورە بی و خۆت بە وابەستەگی بچووکەوە هەڵواسی.

دۆزی ڕەوا، نیازپاکی بە تەنیا دەقی زندوو دروست ناکەن، ئەگەر هونەرو پرۆسەی هونەراندن لە ئاستی گوت و بێژی ڕۆژانە و لە بەیاناتی ڕاپۆرتەوانی دەربازی نەکات. داهێنان بەرلە هەر شتێک، قەوارەیەکی هونەرییە، نەک ئایدۆلۆژیا بازی و وەعزخوانی و ئامۆچیاری.. ئایدۆلۆژیا و وەعز ئیشی وتاری ئاساییە. هونەر، بڵاوکراوەیەکی بانگەشەیی یان زوڕنای هیچ دۆزێک نییە، چەندیش گەورە بێ، هونەر پرۆسەیەکی فیلیڤانی نهێنی سازی یان نهێنی دۆزییە، پرسیار دەهاڕوژێنێ، وەڵامی کلێشەیی و ئامادەی پێ نییە. بۆیە دەبێ بەر لە هەر شتێک هونەر بێ، لە خەمی هونەرییەتدا بێ.... دەقی ئەدەبی، بەر لە هەر شتێک هونەرە، بۆیە دەبێ هاندەرێکی دەروونی لە پشتەوە بێ، لە ناخا پەنگابێتەوەو داوای دەربڕین بکات، لە خەمی هونەرییەتدا بێ، دەنا لە گوتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی هێوەتر ناڕوات. نووسەر ئەگەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە قاڵبی

هونەردا نیشانبدات و هاندەرە دەروونییەکە جڵەوکێشی بێ، ئیدی پێویستی بەوە نامێنێ بکەوێتە دروشمبازی و لە ڕێگەی دروشمێن بریقەدارەوە خوێنەر بۆ خەبتین هانبدات. هەر دروشمێک بگری، هەوێنی مەرگی خۆی لە ناو خۆیدا هەڵگرتووە، هونەرییەت و هەستیاری هونەریی ناسنامەی ڕاستەقینەی هەر دەقێکی زندوو و نەمرە، هەردەقێکی ڕەسەنیش بگری، خۆبەخۆ پەیامی مرۆڤایەتی و مرۆڤپەروەری لە خۆ دەگرێت و لەوە دوور دەکەوێتەوە کە ببێ بە دەهۆڵ و زوڕنای هیچ دەسەڵات و دۆزێک و ناچێتە سایەی هیچ پۆلێنکارییەکی سیاسیانەی دەسکردەوە. ئەدیب سایەنشینی کەس قەبووڵ ناکات؛ کورسی ئەدەبی پێ لە هەر کورسییەکی دی گەورەترە. نووسەری بەتوانا ئەوەیە کارێکی وەها بکات خوێنەر بە شێوەیەکی دەروونی بگاتە ئەو ئاکامە، قەناعەتی هونەریی لەلا دروست بکات کە ئازادی غەریزەیە، هەرکە دەستبەرداری بووی، لە ئینسانیەت دەکەوی.. جوانی داهێنان لەوەدایە کە پرۆسەیەکی تا سەر مۆخ ئینسانییە. ئیدی ئەو قەناعەتەی کە عەدالەتی دۆز و نیازپاکی، ئەدەبییەت و هونەرییەت بە دەق دەبەخشێ، جگە لە خۆ هەڵخەڵەتاندن ناکاتە هیچی دی، وهەرگیز نابێ بە ئەلتەرناتیڤی ئەو تروسکە هونەرییە ئەفراندنەوانیەی کە زندوویەتی بە دەق دەبەخشێ و بە زمانی هونەر هەموو تیرەی بەشەر دەدوێنێ.. دەقی ئەدەبی بەبێ خەون و خەیاڵی گەورە و بەرز، بەدەر لە بەهاێن ئیستاتیکی، هونەرییەت وەرناگرێت.

**فکری چەپ و چەپخوازی لە کوردەواریدا، زیاتر مۆد و مۆدپەروەری، چاولێکەری و لاسایی کردنەوە بووە.**

سەبارەت بە فکری چەپ و چەپخوازی لە کوردەواریدا، زیاتر مۆد و مۆدپەروەری، چاولێکەری و لاسایی کردنەوە بووە. هەر ئایدولۆژیایەکی ڕەسەن بگری دەبێتە هەوێن و فاکتەری کاریگەری

گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. بۆیە پێویستە هەڵقوڵاوی پێداویستییە واقیعی و مێژووییەکان بێ و ڕەگ و ڕیشەی لە زەمینەیەکی خۆماڵی ڕەسەندا داکوتابێ و نەشونمایەکی خودی و خۆماڵیانە بکات، دەنا هەرگیز نابێ بە هێزێکی ماددی جەماوەری. هاوردەکردنی هەر شتێک وەربگری، ئاسابیە و هیچ میللەتێک لێی بەدەر نییە، بەڵام هاوردەکردنی دەسکەوتە مەعنەوییەکانی شارستانیەت کە ئایدۆلۆژیا یەکێکیانە، کارێکی هەندێ قورسە و بە ئاسانی هەرس ناکرێ، بۆیە پێویستە هاوردەکردنی ئایدۆلۆژیا لە چوارچێوەی مەرجی تایبەتیدا، دەبێ بەر لە هەر شتێک بە شێوەیەکی هەڵبژاردەو دوور لە مۆدپەروەری هاوردە بکرێ، ڕەچاوی ئەوە بکرێ کە چەند لە گەڵ پێداویستییەکانی کۆمەڵدا دەگونجێ، چەند خێرایی بە گەشەکردنی ڕەسەنانەی ئەو قۆناغە مێژووییە دەدات کە ئەو کۆمەڵگایەی پێدا دەڕوات. کەواتە ئایدۆلۆژیا نابێ دەقا و دەق وەربگیرێت، چونکە ئایدۆلۆژیا ئاوێنەی ڕۆحی کۆمەڵگایەتی تایبەتییە و ناشێت وەکو خۆی و بێ دەسکاری بگوازرێتەوە بۆ نەتەوەیەکی دی و هەمان باندۆری هەبێ کە لە لای یەکەم نەتەوە هەیبووە. بۆیە دەبێ دەسکاری تەواو بکرێ و لە گەڵ قۆناغ و باری کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئەو کۆمەڵگەیەدا بگونجێ کە وەریدەگرێ و بەرەبەرە شەقڵی خۆماڵیانە وەربگرێ.. چەپ و چەپخوازی لە ڕوانگەیەکی چینایەتیەوە دەڕوانێتە سیاسەت و کاری سیاسی، لە کاتێکا تۆ لە قۆناغی ڕزگاری نەتەوەییدا بوویت و پێویستت بە هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکان بوو، چینە کۆمەڵایەتییەکان وەکو پێویست دروست نەبووبوون و زەق نەبووبوونەوە، هەموو چین وتوێژەکانی تۆ لەلایەن داگیرکەرانەوە، دەچەوسێنرانەوە.. چەپگەرایانی کورد لاف و گەزافی مارکسیزمیان لێدەدا، کە (الطبقە عند مارکس اکثر حقیقة من الانسان" بوو.. چەپگەرایی لە نک مە، دەنگدانەوە بوو، دەنگ

نەبوو، چەپەکانی مە، دەوری ئەشکەوتیان دەبینی، بۆیە چەپگەرایی هێلکەیەکی پیس بوو لە نک مە هیچی هەڵنەهێنا.. سەبارەت بە من، مامەڵەی من لە گەڵ واقیع و ژینگە باوەکەی شاخ دا، مامەڵەیەکی کۆمەڵایەتی بوو، نەک فکری و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانیشم، بە مارکسی نەدەزانی و زیاتر پەردەیەک بوو بۆ شاردنەوەی ناوەڕۆکی جەلالیانەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.. من کەسێکی سەربەخۆ بووم و لیبراڵ بیر، هیچ وابەستەگییەکی حیزبیم نەبوو.. نۆ ساڵی هەرەتی لاویم لە پێشمەرگایەتیدا بەسەر برد، وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و، ویژدانی لە خەباتی نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکەم و منەت بەسەر کەسدا ناکەم، چونکە باوەڕم وایە کە ڕۆڵەی میللەتی مەزلووم مەحکوومە بە پێشمەرگایەتی.

**پرسیاری چل و دوو:** لە گفتوگۆیە بەردەوامەکانماندا تۆ هەمیشە ڕەخنەگرێکی ڕاشکاوانە بووی لە بارەی دۆخی سیاسی و ئابووری و دژی گەندەڵی بووی، کەچی ڕەخنەکانت بە شێوەیەکە کە (نەتەوەو قەوارەیەکی خراپی کورد) بە باشتر دەزانی لە داگیرکەرێکی پێشکەوتوو، ئەمە چۆن دەتوانرێت لەم گێژاوە گەورەیەی ئەمڕۆ لە ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندندا هەیە، بەراورد بکرێت، پێتان وانییە گێژاوی سیاسی کاریگەرییەکی زۆری لە سەر ڕەوشی نووسین و ئەدەب و ڕاگەیاندنیش دروستکردووە؟ کە ئەمە کاریگەریی لە سەر کەسایەتی تاکی کوردستانیش دروستکردووە؟

**وەڵامی پرسیاری چل و دوو:** بە قەناعەتی من ڕۆشنبیر و هونەرمەند و ئەدیبی کورد، لە قەیرانێکی گەورەدا دەژی، هەرچی دەکا و دەکۆشێت، ناتوانێ وەکو پێویست دەگەڵ ئەو واقیعە جڤاکی و سیاسی و ڕۆشنبیرییە تازەیەدا هەڵبکات، کە هاتووەتە ئاراوە و

ئەمەش زۆرجار دووچاری گۆشەگیری، بێدەنگی و بێ موبالاتی و بێهودەیی و هەندێجار هەڵاتن و خۆدزینەوە لە واقیعە تازەکەی دەکات... یان بە ڕادەیەک حیزباوی دەبێت هەزار خۆزگە بە حیزبییە ڕادیکاڵەکان، کە ئەم هاماج و کەش و هەوایە زەمینە بۆ بڵاوبوونەوەی کۆمەڵێک نەریتی کۆنەپەرستانەی وەک قەڵەمفرۆشی و کاسبی ڕۆشنبیریی و ڕیای سیاسی و پێداهەڵدانی ڕەمزە دکتاتۆریەکان دەکات و ئیدی (نۆسەران!!) جێ بە (نووسەران؟؟) تەنگ دەکەن... خۆ سەرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتیش، بە ناشکوری نەبێ، ئەوەی بیری لێنەکەنەوە خەمی گەڵاڵە کردنی سیاسەتێکی ڕوونی ستراتیژی ڕۆشنبیرییە!

ڕۆشنبیر هەست دەکات لە سێبەر و سایەی مومارەسە تەقلیدی و ڕادیکاڵیە حیزبایەتیە باوەکەی کوردستاندا هەموو خەونە ڕۆشنبیریی و نەتەوەییەکانی هەرەسی هێناوە... خۆیبوونی سیاسی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر کاڵ دەبێتەوە و دەستوەردانی هێزە هەرێمیەکان زەق و زەقتر دەبێتەوە و کە هەنگاوێ بۆ پێشەوە دەنرێ، دەیان هەنگاو بۆ دواوە دەگێڕدرێنەوە.. یاری مار و پەیژەکەیە، لە کاتێکا ڕۆشنبیریی، بە هەموو لق و پۆپەکانیەوە، وەکو بەهایەکی ڕەمزی و ئەپستمولۆژی پێگەیەکی یەجگار گەورەی لە بونیادی جڤاکی و سیاسی و مێژوویی هەر میللەتێکدا هەیە و بە تیرمۆمەتری پێشکەوتنی هەر میللەتێک دادەنرێ..

**لە کەش و هەوای حیزباوی و سیاسەتاویدا، دیاردەی ڕاوە ڕۆشنبیر زەق و زەقتر دەبێتەوە.**

ئێمە لە سەردەمی سیاسەتدا دەژین، هەموو دەزانین سیاسەت ڕەگی لە دەسەڵاتدایە، هەر دەسەڵاتێکیش بگری، چەندیش لاف و گەزافی دیموکراتیەت و لیبراڵیەت لێبدات، هەر ڕەگێکی دەچێتەوە سەر دکتاتۆریەت. واتە سیاسەت خۆی لە ژێر هەر پەردەیەکدا وەشێرێت، نە دەیەوێ و نە دەتوانێت ئازادی تەواو بە تاک بدات، بە تایبەتی ڕۆشنبیر،

کە خودانی پەیامە. سیاسەت نەک تەنیا ئازادی دەربڕین سنووردار دەکات، بەڵکو کۆمەڵێک مەرجی پێشوەختە بۆ خەون و ئاوات و بیرکردنەوەی جەماوەری خەڵکیش دادەنێ... هەر ئەوەندەی خۆشە تا لە بەرژەوەندییەکانی دەدرێ، ئیدی دەست دەخاتە هەموو ورد و درشتێکەوە و تەنانەت ژیانیش لە قاڵبی خۆی دەدات. سیاسەت لە قالوبەلاوە بە شێواز و ستایلی جۆراوجۆر هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دنیای ڕۆشنبیریی داوە و هەوڵیداوە ڕۆشنبیران ڕاو و دەستەمۆ وماڵی بکات و بیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.. بۆیە لە کەش و هەوای حیزباوی و سیاسەتاویدا، دیاردەی ڕاوە ڕۆشنبیر زەق و زەقتر دەبێتەوە. جا لەو پێودانگەوە کە ڕۆشنبیریی بە هەموو دەرهاوێشتە و بەها ڕەمزی و ئەپستمولۆژییەکانیەوە، پێگەیەکی یەجگار گەورەی لە مێژووی مادی و مەعنەوی تیرەی بەشەردا هەیە، وادەخوازێ کە سیاسەت بە شێوازێکی ڕۆشنبیریی – شارستانیانە پیادە بکرێ. کە ئەمە بە خەڵکی سیاسی پراگماتی بە هاسانی قەبووڵناکرێ؛ ئەگەر ئازادی سیاسی لە کۆمەڵگادا نەبێ، هەر هەموو چالاکییە مادی و مەعنەوییەکان، شەقڵی سیاسی وەردەگرێ، لایەنی واقیعی ڕاپۆرتەوانی بە سەر ئەدەبیاتدا زاڵ دەبێت و لە ئەنجامدا گیرۆدەی مەسەلە سیاسییەکان دەبێت، لە کاتێکا چالاکی فیلیڤانی بە هەموو ژانرەکانییەوە زیاتر نیشاندانە تا وتن و خەبەری ڕاپۆرتەوانی.. کە کاری فیلیڤانی پێویستی بە ئەوزاری دەربڕین و فۆرمی تازە هەیە تا بگاتە واقعیەتی پەنهان و نەناسراو؛ هونەر بینراوان ناگێڕێتەوە، بەڵکو نەبینراو بە بینراو دەکات، هونەری نوێ واقیعێک کەشف دەکات کە پێشتر پەنهان بووبێ، واتە هونەری ئەدەبیات بزوتنەوەیەکی بەردەوامە لە نەبینراوەوە بۆ بینراوە لە عەیانەوە بۆ پەنهان، لە دیارەوە بۆ نادیار. واتە پرۆسەیەکی نهێنی سازی و نهێنی دۆزییە، قاڵب شکێنی یاسای سەرەکی هونەرە، کە ڕێک پێچەوانەی

سیاسەتە.. بۆیە هەست دەکرێ کە بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی لە قەیراندایە..

**پرسیار:** لێرەدا ڕات دەگرم و دەگەڕێمەوە سەر باسی قەوارەیەکی کوردیی لاوازمان کرد، ئایا ئەم کەش و هەوایە کوردییەی هەیە، چۆن دەبینین، لەکاتێکدا ئێوە ڕەخنەیەکی زۆرتان لەبارەی دەسەڵاتی و کوردیی و پەیوەندییەکانی بە رەوشی ڕۆشنبیریی هەیە؟

**وەڵام:** سەبارەت بە " قەوارەیەکی خراپی کوردی " من ئەو قەوارە خراپەم لە داگیرکەرێکی پێشکەوتوو پێ باشترە، چونکە ناچێتە عەقڵەوە هەم داگیرکەر بی و هەم پێشکەوتوو! داگیرکاری بۆ خۆی ڕێک بە پێچەوانەی پێشکەوتنە، بەتایبەتی بۆ لایەنە داگیرکراوەکە.. قەوارە و دەسەڵاتێکی خراپی کوردی بۆ خۆی ئەزموونە؛ ئەزموونێکی ناکام زۆر باشترە لە بێ ئەزموونی، هەرچی دەسکەوتە ژیاری و شارستانیەکانی تیرەی بەشەر هەیە، زادەی کەڵەکەبوونی ئەزموونانە بە سەرکەوتوو و ناسەرکەوتوویانەوە..

**پرسیاری چل و سێ:** من هەستدەکەم دەقی کوردی هێشتا باسی مرۆڤبوونی تاکی کوردستانی، تاکی کورد، تاکی ئێزدی و کاکەیی و مەسیحی و جوو ناکات، بەڵکو باسی دۆزێکی سیاسی دەکات، کە هەموو کاتێک دەکرێت سازشی لەسەر بکرێت، کاتی ئەوە نەهاتووە دەقی کوردی چەمکی مرۆڤبوون بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە (دەروونی، کۆمەڵایەتی، کەلتووری، نەریت، ئەفسانە، ئایین...) ببوژێنێتەوە؟

> **خەڵکی بندەست و داگیرکراو ئەگەر سیاسیش نەبێ، سیاسەتاوی دەبێ..**

**وەڵامی پرسیاری چل و سێ:** دەقی کوردی لە سەرەتاوە بایەخێکی گەورەی بە بابەتی سیاسی داوە، یەکێک لە فاکتەرەکانی ئەم دیاردەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو داگیرکارییە کوشندەیەی بە سەر کوردستاندا داسەپێنراوە و نەیهێشتووە کوردەواری لە هیچ ڕوویەکی جڤاکی و چینایەتی و سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەوە بە شێوەیەکی ئاسایی گەشە بکات و قۆناغە کۆمەڵایەتیەکان ببڕێ، دیارە هەر پرۆسەیەکی داگیرکاری، پەرچە کردار و کاردانەوەی لێدەکەوێتەوە.. واتە مقاوەمەت بە هەر جۆرێکی مومکین پەیدا دەبێ و کورد هەقی خۆی بووە و هەقی خۆیەتی بە هەر ڕێگەیەکی مومکین و واقیعی، بەرەڤانی لە بوونی بەشەری و سیاسی و ڕۆشنبیریی و مێژوویی و جوگرافیایی خۆی بگرێتەبەر. شارستانیانە و واقیعبینانە مامەڵەی لە تەکدا بکات و لە ناو جەرگەی مێژوودا دەوری خۆی بدینێ و هەرگیز بەوە قاییل نەبێ بخرێتە دەرێی مێژووەوە.. هونەر کەناڵێکی مقاوەمەت بووە، هەم کەناڵێکی مەعریفی و هەم چەکێکی بەرەڤانی و بەرگری بووە؛ واتە نێوەڕۆکی سیاسی زاڵ بووە؛ خەڵکی بندەست و داگیرکراو ئەگەر سیاسیش نەبێ، سیاسەتاوی دەبێ..

**پرسیار:** ئەی چی لەو گوتارە بکرێت؟

**وەڵام:** دیارە گوتاری دەقی بەرەڤانی، تا ڕادەیەکی زۆر ڕاستەوخۆ و ڕاپۆرت ئامێزە، بەتایبەتی بۆ میللەتی بندەست و نیمچە خوێنەوار و نیمچە هۆشیار.. ئیدی دەق کراوە بە چەکی مقاوەمەت و ئەمە زیانی لە لایەنە هونەرییەکەی دەقی کوردی داوە، لە کاتێکا

جەوهەی دەقی ئەدەبی لە هونەریەتەکەیدایە؛ ئەدەبی ڕەسەن ئەوەیە هونەریانە ئەوەمان پێ بڵێ کە فیکر ناتوانێ پێمانی بڵێت، زانیاری بەبێ هۆشمەندی ڕۆشنبیریی دەکاتە مەحفوزات!.. شەهادەت، بەخشش، قوربانی سێکوچکەی خەمی تاکی عەودالّی کۆمەڵ بووە. هەر ئەمەش وایکردووە، دەقێکی هونەریی سەربەخۆی ئەوتۆ نەڕسکێ کە خودێکی هونەریی ئەوتۆی پەیدا کردبێ بە زەبری هونەرییەت خۆی بە خوێنەر بناسێنێ.. بەرهەمی ئەدەبی، بەر لە هەر شتێک پرۆسەیەکی فیلیڤانیە و دەبێ هەموو مەرجە هونەری و ئیستاتیکیەکەی تیابێ، دەنا هیچ دۆزێکی ڕەوا شەرعیەتی هونەریی پێنابەخشێت، بۆ نووسەر ئەگەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە قاڵبی هونەردا نیشان بدات و مەرجە فیلیڤانیەکان ڕەچاو بکات ئیدی پێویستی بەوە نامێنێ بکەوێتە دروشمبازی و لە ڕێگەی دروشمێن هەست بزوێنەوە خوێنەر بۆ خەبتین و تێکۆشان هانبدات. نووسەری داهێنەر، ئەوەیە کە کارێک بکات خوێنەر بە شێوەیەکی هونەریانەی دەروونی بەو ئاکامە بگات، واتە شۆڕش لە دەروون و سایکۆلۆژیەتی خوێنەردا بەرپا بکات..

**پرسیار:** ئەی لەباریە تاک چی دەڵێن:

**وەڵام:** سەبارەت بە تاکی کورد، وەکو باسم کرد، کورد وەکو خەڵک و خاک، هەڕەشەی گەورەی لە سەرە، کورد بە ئەزموونی خۆی ژیان ناجەڕبێنێ، بەڵکو لە هەر چوار بەشەکەی کوردستاندا کار لە سەر تەتریک و تەفریس و تەعریبی دەکرێت. بە تۆپزی گۆڕینی دیموگرافی بەسەردا دادەسەپێنرێ، ژیانی لە بەرچاو دەخرێ، لێی قەدەغە دەکرێ.. هەوڵی سڕینەوەی بوونی بەشەری و جڤاکی دەدرێ؛ قڕ دەکرێت. ئەو زوڵمەی بە ئاشکرا و نهێنی لە کورد

دەکرێ، پەڵەی شەرمەزارییە بە ناوچەوانی مێژووی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە.. جا لەم جۆرە هاماج و کەش و هەوایەدا، کۆمەڵگە وەکو پێویست و بە شێوەیەکی ئاسایی گەشە ناکات. تاک و تاککەرایی بە هەمان چەمک و مانای سەردەمی پەیدا بوون و سەرهەڵدانی بورژوازیەتی ئەوروپا، دروست نابێت.. هەمیشە ترسی ئەوەی لە هزر و بیردایە کە مەڕ لە ڕان دابڕێت گورگ دەیخوات. لە گەڵ عامێ دەچمە شامێ!... بۆیە دەقی کوردی لە سەرەتای سەرهەڵدانی بیری ناسیۆنالیستیەوە، زیاتر مۆرکی مقاوەمەتی گرتووەتە خۆ و زۆرجار هونەرییەت فەرامۆش کراوە.. جا سەبارەت بە مەسەلەی تاک و تاککەرایی، لە ڕووی مالیجەی هونەرییەوە، زیاتر بابەتی ڕۆمانە. ڕۆمانیش هیگل گوتەنی داستانی بورژوازییەتە.. دەقی ڕۆمانی کوردی لە سەرەتادایە، زیاتر بایەخ بە عمومیاتی ژیان و چارەنووسی گشتی مرۆڤ دەدات، زۆر بەکەمی ئاوڕ لە ژیانی تایبەتی و ڕۆژانە و کاروباری ئاسایی و دەرد و ئازار و لەزەتە هەنووکەیی و خەم و شادییە تیژ تێپەڕە زندووە مرۆڤانیەکان دەداتەوە.. ساتە زندووە مرۆڤانییەکانی بۆ نایەتە هونەراندن، ئەمە زیاتر شەقڵی ڕاپۆرکاری بە سەردا زاڵ کردووە؛ ئیدی ڕاپۆرکاری بە هەموو لایەنە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانییەوە. لە کاتێکا جەوهەری دەق هونەرییەتە، دەقی ڕەسەنی هونەریانە ئەوەمان پێدەڵێ و نیشاندەدات کە بە فیکر نایەتە وتن و نیشاندان.. بەهەرحاڵ هەر بابەتێک خوێندنەوەیەکی هونەریی جدی لە پشتەوە نەبێ، زەحمەتە دەقایەتیەکی زندوو پەیدا بکات و ناسنامە و تایبەتمەندییەکی ئەوتۆ پەیدا بکات کە لە ناو دەقاندا پێی بناسرێتەوە.. ڕۆمانی کوردی بەڕێوەیە..

**پرسیاری چل و چوار:** جارێکی دی دەگەڕێمەوە سەر مەسەلەی نووسین و بەرهەمهێنانی ڕۆمان و بەستنەوەی بە ئەزموونی خودی نووسەرەکەی، ئێوە لە هەندێک شوێن ڕاشکاوانە گوتووتانە ئەزموونی نووسەر سەرچاوەی ڕۆمانە، باشە ئەگەر ئەمە بسەلمێنن چۆن ساغی دەکەنەوە کە ئەزموونی نووسەر دەبێتە دروستکردنی کارەکتەر و ڕووداو و ستایلی نووسین و گەڕانەوە بۆ مێژوو و پێشبینیکردنی داهاتوو؟ ئێمە دەزانین ڕۆمان واتە ژیان و کۆمەڵگا و بەسەرهاتەکانی خەڵک بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، ئایا ئەمانە هەموو دەبەسترێنەوە بە ئەزموونی نووسەر یان (ئەزموونی خەڵک و ئەوانی دیکە و بەسەرهاتە مێژوویی و ئەفسانەیی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری گەلان.. تاد) دەبنە سەرچاوەی ڕۆمان؟ با نموونەیەک بێنمەوە نووسەری کورد باسی دەریا دەکات، بەڵام بۆ تەنیا یەک ساتیش پێی نەخستووەتە نێو ئاوی هیچ دەریایەک. باسی خۆشەویستی و ئەشق دەکات، هەمیشە لە نێو ڕق و کەلتووری باوکسالاری ژیاوە. باسی خوێنەواری و پێشکەوتن دەکات، لە دواکەوتووترین ناوچە و دۆخدا ژیاوە؟ نموونە زۆرە، ئەمە چۆن لە نێو دەقدا چارەسەر دەکرێت؟

با هەندێک بگەڕێمەوە بۆ ئەزموونی خۆت لە شاخ، تۆ چۆن ئەزموونی کەسی خۆت لە ڕۆمانی (کۆچی سوور) دا ئەزمووناندووە؟ ئایا بە ڕاستی لە ئەدەبیاتی شاخدا کە (ئەزموون و فیکر و ئایدۆلۆژیا و بیرکردنەوە و شتەکانیش هی گشتن) چۆن ئەم ئەزموونە خودییەی خۆت لەپێناو بەرهەمهێنانی دەقێکی خاوەن خوێنەر بەکارهێناوە؟

**وەڵامی چل و چوار:** پێموایە لە دوو توێی وەڵامی پرسیارەکانی پێشووترا، کەم دابێژێک لە سەر ئەزموونی نووسەر و ئەدیب هەڵوەستەم کردووە و ئەوەم ڕوونکردووەتەوە کە ئەزموون هەموو ئەو ڕووداوانە دەگرێتەوە کە بەسەر خودی نووسەر و خەڵکی دیدا

دێت، ئەو شتانەی دەیانبینێ، دەیانبیستێ، ئاوێتەی هەستەکانی تری دەبێت یان دەیانخوێنێتەوە، هەمووی دەچێتە خانەی ئەزموونی شەخسییەوە، واتە ئەزموون تەنیا ئەزموونی خودی نووسەر نییە، بەڵکو ئەزموونی ژینگە جڤاکی و زەینیەکانیش دەگرێتەوە، ئەزموونیش تەنیا لە بۆتەی خوێندنەوەی هونەریانەوە، بۆ بابەت قاڵدەبێتەوە و دەق هونەرییەت و ئەدەبییەت وەردەگرێ.. واتە ئەزموونی شەخسی تەوزیف دەکرێ، وەکو چۆن هەیە، موو بە موو کۆپی ناکرێتەوە.. نووسەر دەبێ مەسافەیەکی باش لێی دوور بکەوێتەوە، تا بەوپەڕی ئازادی و بە گوێرەی پێداویستییە هونەرییەکانی دەق دەسکاری بکات و دەقایەتی پێ ببەخشێت.. واتە ئەزموون زیاتر لەو خوێندنەوە هونەرییەدا بەرجەستە دەبێت، کە نووسەر بۆ بابەت و واقیعەکەی دەکات.

**ستایل نە گەمەیەکی هونەرییە و نە جوانکارییەکی فانتازیە، بەڵکو ئەوزارێکی هونەرییە، دەورێکی یەجگار گرینگی لە گەیاندنی مانادا هەیە،**

نووسەر ئەگەر ژیانی کۆمەڵگەش، لە هەر دوو ئاستی دیار و پەنهاندا تۆمار بکات، وەکو چۆن خۆی دەیبینێ تۆماری دەکات نەک وەکو چۆن کۆمەڵ دەیەوێ بیدینێ. سەبارەت بە (کاراکتەر، ڕووداو، ستایلی نووسین، گەڕانەوە بۆ مێژوو، پێشبینیکردنی داهاتوو) ئەمانە دەکەنە ڕەگەزی ڕۆمان و بەدەم پرۆسەی بە دەق بوونەوە پەیدا دەبن، گەشە دەکەن و شەخسیەتی هونەریی و ڕەهەندی دەلالی و ڕەمزی پەیدا دەکەن، کە زیاتر لە ستایلی نووسیندا بەدیار دەکەون. کەواتە ستایل نە گەمەیەکی هونەرییە و نە جوانکارییەکی فانتازیە، بەڵکو ئەوزارێکی هونەرییە، دەورێکی یەجگار گرینگی لە گەیاندنی مانادا هەیە، هەڵبەتە ئەو مانایەی ئەدیبەکە دەیەوێ. بەم پێیە ئەو مانایەی کە یارۆی ئەدیب گوزارشتی لێدەکات، ئەو واقیعە بابەتییە نییە کە هەیە، بەڵکو زیاتر ئەو واقیعە هونەرییەیە کە ئەدیبەکە بە

گوێرەی جیهانبینی خۆی، بە پێی نۆڕینی تایبەتی بۆ شتەکان، بەگوێرەی هەستە هونەرییە تایبەتیەکەی خۆی، خوێندنەوەی هونەریی بۆ کردووە.. بۆ نموونە کاراکتەر. ڕۆماننووس فەرماندەیەکی سوپایی نییە، تا بە ئارەزووی خۆی و بە گوێرەی نەخشەیەکی سوپایی هەڵیانسوڕێنێ و ئاراستەیان بکات. هەر ئەوەندەی لە سەرە هەر کە دروستبوون، بیانخاتە گەڕ، لە دوورەوە تەمەشای ڕەفتار و هەڵوێستیان بکات، ڕەنگە کارێکی وەها بکەن بە هیچ جۆرێ بە دڵی نووسەرەکە نەبێت. نووسەر لەمە بەرپرسیار نییە، کاراکتەرەکە خۆی لە چارەنووسی خۆی بەرپرسیارە..

**پرسیار:** هەندێک ڕات دەگرم، دەزانم زانیارییەکانت کۆتاییان نایەت، بەڵام من لام گرنگە بزانم تۆ لە شاخدا کە شتەکان گشتین، چۆن لەگەڵ ئەزمانی (کۆچی سوور)دا ژیاوی و چۆن کارت کردووە؟

**وەڵام:** سەبارەت بە (کۆچی سوور) زیاتر خوێندنەوەیەکی هونەرییە بۆ واقیعێکی بابەتی بە ئاراستەی واقیعێکی مومکین.. نووسەر جیهان دەخاتە ژێر پرسیار، نووسەر تەمەشای ئەو شتانە دەکات کە لە دنیادا هەن، وەکو چۆن خۆی دەیبینێ، ئاوای دەنووسێت.. ئیدی کەرەستەی سەرەکی ئەدەبیات وشە و زمانە، وشە نیشانەیە، دەلالەت لە شتێکی دەرێی خۆی دەکات، واتە دالە، دەبێ وەرگر بەخۆی مەدلوولەکەی بدۆزێتەوە و هەڵیبێنێ.

ئەدەبیات، جۆرە گازی و بانگەوازێکی هونەرییە، واتە ئەو جیهانەی مامەڵەی لە تەکدا دەکات، لە ئەمری واقیعەوە بۆ ئەمری مومکین دەبات. جیهان کە بە وشە و لە وشەدا و لە ڕێگەی وشەوە کە خۆی لە خۆیدا نیشانە و دەلالەتە، دەقایەتی وەرگرت، ئیدی هەمان ئەو جیهانە نییە کە دەیبینین، بەڵکو جیهانێکی دیکەیە، یان

هەمان جیهانە و لە مەداری خۆی دەرهێنراوە و خراوەتە بەر پرسیار. ئەدەبیات خۆبەخۆ و ڕاستەوخۆ دنیا ناگۆڕێت، بەڵکو دەیخاتە ژێر پرسیارەوە، گلەیی لێدەکات، پێی قاییل نابێت و لەم ڕێگەیەوە زەمینە بۆ گۆڕینی خۆشدەکات. هەڵبەتە لەو دیوی جیهانی خەیاڵی ئەدەبیاتەوە، هەمیشە جیهانێکی واقیعی، یان تاپۆی جیهانێکی واقیعی هەیە. هەر دەقێکیش بە خەون و خەیاڵی هونەریی بارگاوی نەبێ، لە تەیرێکی باڵکراو دەچێت کە بێهودە بەتەمای بەرزەفڕی بێت.

**پرسیار:** واتا دەیەوێت و دەکۆشێت شتێک ئیزافە بکاتە سەر واقیع و بیرکردنەوە و لێکدانەوە باوەکان؟

**وەڵام:** نووسەر تەنیا بۆ گێڕانەوەی چیرۆک، بۆ شەرح کردن یان دەربڕینی هەستێک نانووسێت، بەڵکو دەشیەوێ لە ڕێگەی بەرهەمەکەیەوە شتێک بۆ جیهان ئیزافە بکات؛ کە ئەمە ڕەگێکی دەچێتەوە سەر خولیای نەمری و هەرمان. بۆیە دەنووسێت چونکە پێویستی بە نووسینە، شتێک لە ناخیا پەنگاوەتەوە و داوای دەربڕین دەکات. ئەرکی ئەو نە فێرکردنە و نە سەرگەرمی، بەڵکو زیاتر ئەوەیە هێزی بیرکردنەوە بجوڵێنێ، هەست و ئەندێشە و خەیاڵ بێدار بکاتەوە، ئەمری مومکین لە میانی ئەمری واقیعەوە نیشان بدات.. مەبەست لە واقیعی مومکین ئەو جیهانەیە کە تیایدا دەژین، بەڵام جیهانێ کە بە شێوەیەکی جیاواز بێتە دیتن، بێتە هەستکردن، بێتە جەڕباندن و مومارەسەکردن. ڕۆمان لەم ڕێگەیەوە ئەزموون و نۆڕینی خەڵکی بۆ ژیان دەوڵەمەند دەکات... کلیلی تێگەیشتن لە ڕۆمان، ئەوەیە کە بزانرێت چ جیهانێکی مومکینی کەشف کردووە. ڕۆمانی سەرکەوتوو ئەوەیە هونەریانە هزرین بجوڵێنێ، هەست و ئەندێشە و خەیاڵ بێدار بکاتەوە و

کاریٚ بکات، کە خەڵکی تەنیا بەکاربەری ژیان نەبن، بەڵکو بەرهەمهێنەر و بەشدار و داهێنەری ژیان بن.

جا (کۆچی سوور) وەکو ئاماژەم کردیٚ خوێندنەوەیەکی هونەرییە بۆ واقیعێکی بابەتی بە ئاراستەی واقیعێکی مومکین بەو چەمک و مانایانەی لە سەریٚ ڕا ئاماژەم کردنیٚ.. جۆرەها ڕاناوی تیا بەکار هێنراوە، بۆ ئەوەی لە چەند گۆشەیەکی هونەری جیاوازەوە، تیشک بخاتە سەر ڕووداوەکە. تەنانەت ناوی کاراکتەرەکانیش، دەلالەت لە خۆیان و دەرێی خۆیانیش دەکەن.. بەدەم بەدەق بوونەوە شێواز و ستایلی تایبەتی خۆی بەرهەمهێناوە. هەڵبەتە گۆڕان لە شێوازی گوزارشتی هونەریدا تەنیا گۆڕانێکی فورمالی نییە، بەڵکو گوزارشتە لە هەڵوێستی هونەرمەندەکەی لە مەڕ ژیان و بوون لە سەردەمێکا، کە مرۆڤ لە گەڵ ئەو واقیعەدا هەڵناکات کە تیایدایە، ئیدی دەیەویٚ بە کارێکی هونەری کەوشەنی ئەو واقیعە ببەزێنیٚ.. ئیدی لەم هاماجەدا مرۆڤ لە تێپەڕبوونی زەمەن دەترسێت و پەنا دەباتەبەر هونەر بۆ ئەوەی دنیایەکی بیٚ زەمەنی بخوڵقێنیٚ، فشە سەرکەوتنێک بۆ خۆی، لە سەردەم و قۆناغێکدا بەدەست بێنیٚ کە چیتر باوەڕی ئایدۆلۆژی، ئەو ئامێزە نییە کە ئاسوودەیی و ئەرخایەنی بە مرۆڤ ببەخشێت.. ئیدی ئەوە تان و پۆی (کۆچی سوور) ە..

**ناوی کاراکتەرەکانیش، دەلالەت لە خۆیـان و دەرێـی خۆیـانیش دەکەن..**

**پرسیاری چل و پێنج:** گەلێک بنەما و هۆکار و شێواز و پێکهاتە هەن بۆ ڕۆمانی سەرکەوتوو، ئایا پێتان وایە ئەوانەی وەسفی ئەم بنەمایانە دەکەن، دەتوانن هەمان شت لە ئەزموونی تایبەتی نووسینی ڕۆمان، یان چیرۆکەکانی خۆیاندا بەکار بهێنن و دەقەکانی خۆیان وەکو نموونەیەکی ئەو باس و بابەتانە شیکار بکەنەوە، کە بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمهێنانی ڕۆمان و دەقی سەرکەوتوو ئاماژەی

پێدەکەن؟ بە واتایەکی دیکە پێتان وایە مەرجە مامۆستایەک کە باسی وانەیەک بۆ قوتابییەکانی دەکات، خۆشی هەمان سیفەت و توانا و ئەنجام و شێوازی هەبێت؟

**وەڵامی پرسیاری چل و پێنج:** پێموایە هیچ دەقێکی هونەری و ڕۆمانەوانی، بە پێی پێوەر و پێوانە و یاسا و ڕێسایەکی پێشوەختە و ئامادە نایەتە نووسین، بەڵکو هەر دەقێک بەدەم نووسین و چێبوونەوە، پێوەر و پێوانە و یاسا و ڕێسای خۆی بەرهەم دێنێ. نووسەر بۆیە دەنووسێت چونکە پێویستی بە نووسینە، وەختێ دەنووسێت، کە نووسین یەخەی ئەو بگرێ نەک بە پێچەوانەوە، پێویستە کاتێ پەنا وەبەر نووسین بەرێ کە کۆمەڵێک شتی گرینگ، یان زۆر جوان لە هزر و بیریا، لە ناخیا پەنگابێتەوە و داوای دەربڕین بکات.

ڕۆمانی باش بە سۆز و هەست دەست پێدەکات و بەوەش کۆتایی دێت، ئەوەی دەکەوێتە ئەو بەینەوە تەکنیک و چۆنیەتی مامەڵەی هونەرییە لە گەڵ ڕەگەزەکانی ڕۆماندا، لەگەڵ بابەتدا... ڕۆمان بەرلە هەر شتێک هونەرە، نەک ئایدۆلۆژیا و ئامۆژگاری و ڕێنمایی. هونەر نە پرۆپاگەندەیە نە زوڕنای هیچ دۆزێکە چەندیش ڕەوا و باڵا بێ، ئینسان و ئازادی ئینسان دۆزی سەرەکی ئەدەبیاتە... بۆیە ڕۆمان دەبێ بەر لە هەر شتێک لە خەمی هونەرییەتدا بێ، دەنا نەکاریگەری و باندۆری هونەری دەبێ نە بایەخی مێژوویی. ئیدی هونەری چیرۆکڤانی لە بناخەوە، هونەری نهێنی سازی و نهێنی دۆزییە. ڕۆماننووس نایەوێ شتێکی ڕاستەوخۆ و دیار بڵێ، دەیەوێت لە نەوتنی شتە دیارەکەوە هەموو شتێک نیشان بدات و خوێنەر بکات بە شەریک لە بەرهەمهێنانی دەقەکەیدا؛ عەودالّی دۆزینەوەی کلیل و کۆدی کردنەوەی هێما و ئاماژە و ڕەمزە کورت و لەزگینەکانی

بکات.. بەم پێیە نووسەر لە سەرێتی هاوتایەکی بابەتی، ئەو هەستە بخولْقێنێ کە دەیەوێ هونەریانە گوزارشتی لێبکات، واتە دەبێ شتێک بخولْقێنێ کە ئەزموون بگۆڕێ بۆ هەست و هەستێک بەرجەستە بکات، ڕێک هاوتای ئەو هەستە بێ کە گەرەکیەتی بەرجەستەی بکات. وەختایەک لەم پرۆسەی خولْقاندنە بووەوە، هەنگێ دەتوانێ هەمان ئەو هەستەی مەبەستی بووە بەرجەستەی بکات، لە لای خوێنەر بهاڕوژێنێ، خۆ ئەگەر ئەمەی نەکرد، مانای وایە کێماسییەک لەو بەرهەمەدا هەیە..

**پرسیار:** واتا پەیوەندییەکی چارەنووسساز لەنێوان توانا و خەیالْدا هەیە؟

**وەلام:** ڕاوبۆچوونی نووسەر چەند ڕەسەن بێ، بیرەکانی چەند قووڵ بێ، هەستەکانی چەند جدی بێ، بە بێ توانا و بەهرەی هونەری، بە بێ خەون و و خەیالْی قووڵ و بەرز، بە بێ سەرنجی ورد و جیهانبینی و نۆڕینی تایبەتی بۆ شتەکان، بەبێ ئەو هەستە هونەرییە هەستیارەی کە لایەنە حەیاتی و ئینسانیەکانی ئەو بابەتەی بۆ کەشف دەکات کە بۆ هونەراندن دەست بدات، نایەتە هونەراندن و لە بازنەی خودخازی و خود نوێنی دەرباز نابێ و داهێنانی لێناکەوێتەوە، ئەوپەڕەکەی دەتوانێ گوزارشت لە خودی خۆی بکات. هەر نووسەرێک توانا و بەهرەیەکی هونەریی تەواوی نەبێ کە بتوانێ خۆی لە خود دۆستی خۆی بپارێزێت؛ بیەوێ و نەیەوێ بەو ئاراستەیەدا دەڕوات کە گوزارشت لە خودی خۆی بکات، ئەمەش کارە هونەرییەکە لە هونەرییەت دەخات.. دەقی ئەدەبی خولْقاندنی هەستە، ئەو هەستەی کاری هونەریی دەیخولْقێنێ، پەیوەندی بەو هەستەوە نییە کە ژیان دەماندات...

ڕۆمان و کاری هونەری تەنیا بیرۆکەیەک یان مانایەک یان وێنەیەک یان ئینشایەک یان ئەزموونێک نییە کە ڕیز بکرێ و تەواو، بەڵکو زیاتر هاڕوژاندنی هەستێکی دیاریکراوە لە فۆرمێکی هونەریی ئەوتۆدا کە هەموو ئەو ڕەگەزانە لە چوارچێوەی یەکەیەکی یەکپارچەی هونەریدا کۆ دەکاتەوە، لە غیابی ئەو فۆرمەدا کارە هونەرییەکە هەڵدەوەشێتەوە و هەموو ڕەگەزەکانی دەگەڕێنەوە ناو ژینگە حەیاتیەکە و لە هونەرییەت دەکەون.

کاری هونەری خوڵقاندنە، نیشاندانە نەک گوزارشت. ڕۆمانی سەرکەوتوو، ڕۆچوونە بە ناخی جیهاندا، ئەوەی خوێنەر لە ڕۆمانی چاوەڕوان دەکات ئەوەیە کە هونەریانە شتێکی تازەی بۆ کەشف بکات.

**ڕۆمان، نە زنجیرەیەک ڕووداوە، نە ئۆتوبیوگرافیە، نە کۆپییەکی مووبەمووی واقیعە.**

ڕۆمان، نە زنجیرەیەک ڕووداوە، نە ئۆتوبیوگرافیە، نە کۆپییەکی مووبەمووی واقیعە. هەرچەندە ڕەگی لە واقیعدایە و هەر واقیعێکی خەیاڵی، واقیعێکی واقیعی لە پشتە.. بەڵکو مامەڵەیەکی هونەرییە دەگەڵ کۆمەڵێک ڕەگەز و تیمە و بابەتی جیاواز بە ئاراستەی ئافراندنی دەقێکی هونەریی، گۆڕینی تیمەیە بۆ ناوەڕۆک، تیمەی بەهێز سەر بە هیچ سەردەم و چینێک نییە، بەڵکو شتێکی جیهانی و گەردوونییە. گۆڕینی ئەزموونە بۆ هەست. بۆیە هەر هەوڵێک بۆ ئەوەی ڕای خۆت لە دەقەکە باربکەی، لایەنە هونەرییەکەی کاڵ دەبێتەوە، ڕۆحی دەقەکە دەپوکێتەوە. کە نووسەر خۆی لە دەقەکە هەڵقورتاند، ئەفسوونەکەی بەتاڵ دەبێتەوە؛ چونکە ڕۆمان لە بنەڕەتدا نە بەڵگەنامە و دروشمی سیاسییە نە کۆمەڵایەتی و نە ئایینییە، بەڵکو پرۆسەیەکی وردی عەوداڵی هونەرییەتە، هیچ هونەرێکیش لە لەزەتی ئیستاتیکی بەدەر نییە. مەرج نییە ئەوانەی ڕۆشنبیرییەکی ڕۆمانەوانی گەورەیان هەیە ڕۆمانی سەرکەوتوو بنووسن، یان ئەو کەسەی

ڕۆشنبیرییەکی ڕۆمانەوانی زۆری نەبێ، نەتوانێ ڕۆمانی سەرکەوتوو بنووسێت. بەڵام هونەر، بە ڕۆمانیشەوە، قاڵب شکێنە، قاڵب و فۆرم و ئایدۆلۆژیای پێشوەختە و ئامادە، نە لە دیالۆگ و مەنەلۆگ، نە لە بونیادی کاراکتەران و نە لە نەشونمای ڕووداوەکاندا قەبووڵ ناکات، و هەموو ئەم ڕەگەزانە، لە کێڵگەی نووسیندا تۆو دەدرێن و خۆڕسک چەکەرە دەکەن و بە گوێرەی پێداویستییە هونەرییەکانی نووسین و بە ئاراستەی دەقایەتیدا گەشە دەکەن؛ جەوهەری دەق هونەرییەت و بەرهەمهێنانی دەلالەتی هونەرییە.

ئەرکی مامۆستا دۆزینەوەی بەهرەی قوتابییە، ئەوە نییە ڕێگەی پێ نیشان بدات، یان بەرنامەی کاری بۆ دابنات، بەڵکو ئەوەیە فێری چۆنیەتی تێگەیشتنی بکات، کە کەوتە سەر ڕاستە ڕێگای تێگەیشتنی، ئیدی خۆی ڕێگای خۆی دەدۆزێتەوە، بەرنامەی کار بۆ خۆی دادەنێت.

**پرسیاری چل و شەش:** کاراکتەرەکانی تۆ لە نێوان ڕەمز و ئەفسانە و واقیع و هەقیقەتدان، لە کاتێکا تۆ خۆت کەسێکی واقیعی، هیچ کاتێک نەمبینیوە تۆ خۆت وەکو کەسێکی تاقانەی ئەفسانەیی لە وەرگێڕان و نووسیندا نیشانبدەیت، خۆت لە سەرووی واقیع پێناسە ناکەیت و خۆت لە دەرەوەی هەقیقەت نمایش ناکەیت؟ مەبەستم ئەوەیە جارێکی دی بگەڕێمەوە سەر (ئەزموونی نووسەر) لە نێو ڕۆماندا، کەچی کاراکتەرەکانی تۆ هەمەجۆرن، فرە ڕەنگ و دەنگن، بە کۆمەڵن بۆ؟

**وەڵامی پرسیاری چل و شەش:** ڕۆمان، زادەی سەردەمی بورژوازییەتە، وەک دەڵێن داستانی بورژوازییەتە، هی سەردەمی سەرهەڵدان و پەیدابوونی تاک و تاکگەرایی و بڵاوبوونەوەی دیموکراتیەتە. بۆیە ئەو ڕۆمان و هەوڵە ڕۆمانەوانیانەی لە واری ئەدەبیاتی کوردیدا هەن، خۆی لە خۆیدا نیشانەی سەرەتاتکێ و لە

دایکبوونی بورژوازییەتی کوردییە. ڕۆماننووس، پێویستە بەو نەفەسەوە مامەڵە دەگەڵ کاراکتەردا بکات کە خەڵکی زندوون. بەشداری خۆشی و ناخۆشیان بکات، بە سەرکەوتنیان شاد و بە ناکامیان دڵتەنگ بێ. ڕۆمان بە خۆی ڕەگی لە دیموکراتیەتدایە، بۆیە دەبێ ڕۆماننووس دەگەڵ کاراکتەردا، دیموکرات بێ و دیموکراتیانە مامەڵەیان لە تەکدا بکات.. من بەش بە حاڵی خۆم هەرگیز لە دووی فرمۆڵەیەکی فیکری نەبووم کە فرمۆلەیەکی ئەدەبی بۆ بدۆزمەوە.. هیچ ئەدەبێک لە جۆرە ئایدۆلۆجیایەک بەدەر نییە، ئەوەی لە ڕووە ئەدەبییەکەوە گرینگە، هونەراندنی ئەو ئایدۆلۆژیایەیە. سیاسەت ڕەگی لە ئایدۆلۆژیادایە، زادەی نۆڕینێکی ئایدۆلۆژییە، نووسەر نابێ ئایدۆلۆژیای خۆی بە سەر کاراکتەرەکاندا بسەپێنێ، نابێ فیکرێکی سیاسی بێنێ و بە تۆپزی لە قاڵبێکی ئەدەبی بدات، ئاوێتەکردنی ئەفسانە و ڕەمز و هەقیقەت و دەلالەت هەوێنی ئیستاتیکایە، بەڵام ئەم کردە هونەرییە دەبێ بە ئاراستەی مەدلوولی هونەری بێ، کە خوێنەری بەکاربەر بگۆڕێ بۆ خوێنەری بەرهەمهێنەر؛ چونکە ڕۆمان بەبێ خوێندنەوەی ڕەمزی نایەتە تێگەیشتن. کاراکتەر، بە گوێرەی پێداویستیە هونەرییەکانی ڕۆمان دەڕسکێ و گەشە دەکات، بۆیە پێویستە نووسەر ئازادی تەواوی بداتێ تا لە دنیای ڕۆمانەکەدا، مومارەسەی ژیانی هونەریی خۆی بکات.. هەرچەندە لە ئەدەبدا ئایدۆلۆژیایەکی سافی و خالیسە نییە، لێ وێڕای ئەوەش ئەدیب بۆی نییە ئایدۆلۆژیای شەخسی خۆی بە سەر کاراکتەرەکانیا بسەپێنێ و بیانکات بە پەیڤدار و وتەبێژی خۆی... ڕۆمان لە هەموو هونەرەکانی دی پتر دەشوبهێتە سەر ژیان، وەکو چۆن ژیان بە بەشەرەوە ئاوا و ئاوەدانە، ڕۆمانیش بە کاراکتەرانەوە ئاوا و ئاوەدانە، داینەمۆی هەموو ڕەگەزەکانی دیکەی ڕۆمانە. هەڵبەتە کاراکتەر کە دێتە ناو

ڕۆمانەوە، ناسنامەی تایبەتی و هونەریی خۆی وەردەگرێت، جگە لە خۆی هونەریی، لە کەسی دی ناچێت، با لە واقیعیشەوە وەرگیرابێ.

**ڕۆماننووسی ڕاستەقینە تا کاراکتەر دەخاتە ڕێ لێی بەرپرسە، دوای ئەوە گوێی لێدەگرێ کە چ دەڵێ، تەمەشای دەکات تا بزانێ چ دەکات،**

ڕۆمان بریتی نییە لە گێڕانەوەی حیکایەتان، بەڵکو تا ڕادەیەکی زۆر، خوێندنەوەیەکی هونەریانەی جدییە بۆ تەبع و تەبیعەتە مرۆڤانییەکان و ڕۆچوونە بە قوڵایی ئەو تەبیعەتانەدا، پرۆسەیەکی هونەریی هەستیاری مرۆڤاندن و شتاندنە. واتە کاراکتەر تێکەڵە و ئاوێتەیەکە لە خەیاڵ و لە حەقیقەت، مەبەست لە حەقیقەت ئەوە نییە ببێ بە کەسێکی ڕاستەقینە، دەقاودەق کۆپی بکەیتەوە، بەڵکو کاراکتەرسازی بریتییە لە مۆنتاجێکی هونەریانەی کۆمەڵێک سیمای بەشەری جیاواز.. ئیدی لەمەوە ناسنامەی هونەری پەیدا دەکات و بە گوێرەی پێدوایستییە هونەرییەکانی ڕۆمان گۆڕانی بەسەردا دێت و هەڵوێستی تازە لە مەڕ ئەو ژیانە هونەرییە وەردەگرێ کە تیایدا دەژی. هەر کاراکتەرێک قووڵایی هونەریی نەبێ، مانای وایە ڕۆماننووس وەکو پێویست ئەو کاراکتەرەی نەناسیوە و لە ڕووی مالیجەی هونەرییەوە دەرەقەتی نەهاتووە... چیرۆکی کاراکتەر ژیان نیشاندەدات، بەڵام چیرۆکی فیکری و ئایدۆلۆژی، فیکری نووسەر لەمەڕ ژیان دەخاتە سەر زاری کاراکتەرەکان.. ڕۆماننووس هەرگیز، یەکێک لە کاراکتەرەکانی نییە، ئەگەری ئەوە هەیە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، هەموو کاراکتەرەکانی بێت... دیارە کاراکتەر و ڕووداو لە کاری ڕۆمانەوانیا، لە کارلێکی هونەریی تەواودان و لە یەکدا بەرجەستە دەبن و یەکدی تەواو دەکەن.

ڕۆماننووسی ڕاستەقینە تا کاراکتەر دەخاتە ڕێ لێی بەرپرسە، دوای ئەوە گوێی لێدەگرێ کە چ دەڵێ، تەمەشای دەکات تا بزانێ چ

دەکات، کاراکتەر خۆی لە ڕەفتار و گوفتار و چارەنووسی خۆی بەرپرسیارە.. هەڵبەتە کاراکتەری فرە ڕەهەندو تاک ڕەهەند هەیە. کاراکتەری فرە ڕەهەندی لە ڕێگەی کارێن هەڤدژ و هەڵوێست و هەستێن جۆراوجۆرەوە، دەگۆڕێ و لە هەنبەر هەڵوێستێن جیاوازدا، ڕەفتاری جیاواز دەنوێنێ. کاراکتەری تاک ڕەهەند، کەسێکی نەگۆڕە، هەڵوێستی یەکسانی لە هەنبەر ڕووداوەکاندا هەیە. ڕووداو کارێکی ئەوتۆی لێناکات. بۆیە هەمیشە کاراکتەری فرە ڕەهەند، لە دنیای ڕۆماندا، پەسندتر و لە ڕووی هونەرییەوە قەناعەت بەخشترە..

سەبارەت بە ئەزموون، سەرچاوەی ئەزموون ژیانە، ئەوەیە بە قووڵی بژیت، بتوانی وزە پەنهانەکانی ژیان کەشف بکەی، وزە مەتریالی و مەعنەوییەکانی ژیان بخوێنیتەوە. لەگەڵ خۆتا، لە گەڵ خەڵکیا، لەگەڵ کتێب و لە گەڵ ژیاندا ئاوێتە بی، بە هەموو بوونی خۆتەوە مومارەسەی ژیان بکەی، بە سەرنجەوە دیقەتی خەڵکی بدەی، گوێیان لێبگری، کە ئەمە هونەرە، ئەگەر فەلسەفە نەبێ، نزیکە لە فەلسەفەوە. هێندە بە قووڵی و بە سەرنجەوە بژی، کە ژیان لە ناختا بپەنگێتەوە، شتە جوانەکان هەراسانت بکەن و داوای دەربڕین بکەن. نووسین یەخەت بگرێ نەک بە پێچەوانەوە. لە هەر تەمەنێکا بی گەنجانە بڕوانیتە ژیان؛ نووسینی ڕەسەن، سووربووونە لە سەر تازەبوونەوە.

هەڵبەتە ئەزموون بە تەنیا بەس نییە، بەڵکو سوود وەرگرتن لە ئەزموونی سادەی ژیان و پاچڤەی بۆ ئەزموونێکی هونەریی گرینگە..

**پرسیاری چل و حەوت:** وابزانم جەلال زەنگابادییە دەڵێت (حەمە کەریم عارف) لە هەڵبژاردنی ناوی قارەمان و کاراکتەر و کەسەکانیا بە ئانقەستی، ئانقەستیەکی دوو لایەنە، مەبەستی جووت هاتنەوە (جووت بوون لە نێوان دال و مەدلوول دا، واتا ناوەکە خۆبەخۆ مەبەستەکە بگەیەنێت، بە واتا گزنگ = بەرەبەیان، مینا = شووشەی

ساف و بێگەرد، پاکیزە = پاک و بێگەرد... تاد) من هەندێک دوورتریش ئاماژەی پێدەکەم، تەنانەت لە هەڵبژاردنی ناونیشانی بابەتەکانیشت ئەم بەیەک بەستنەوەیە لە ڕوودی دروستکردنی (واتا و مەبەست) هەیە، ئەمە لە پێناوی چی دەکەیت؟ پێت وانییە ئەمە خوێنەر ماندوو دەکات، خوێنەر پێویستی بە کاتێکی زۆرتر دەبێت بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتنی مەبەست و واتا و پەیامەکانی نێو دەقەکەی تۆ. لە کاتێکدا خۆت کە گفتوگۆ لە گەڵ من دەکەیت بە هەمان زمان قسەم لەگەڵ دەکەیت، کە لە نێو دەقەکانتدا هەیە، بەڵام ڕوونتر و بێ خۆبەستنەوە بە دال و مەدلوول لە گەیاندنی پەیامەکان؟ پێتان وایە ئەم جۆرە نووسینانە دەرگایەکی فراوان، دەستێکی پڕاوپڕ لە (واتا و لێکدانەوە و مەبەست) لەبەردەم خوێنەر دەکاتەوە و توانای زیاتر بە خوێنەر دەبەخشێت بۆ ئەوەی ئەویش بەشدارییەکی ناڕاستەوخۆ لە تێگەیشتن و بەرهەمهێنانەوەی دەقەکەی تۆدا بکات؟ یان دەتەوێ خوێنەر هیلاک بکەن و بیگوشن و تاقی بکەنەوە، تەنانەت وا لە خوێنەر بکەن کە تەمەڵ و بێزار ببن، لە نیوەی ڕێگادا واز لە خوێندنەوەی دەقەکەت بهێنێت و بێزار بێت؟

**وەڵامی پرسیاری چل و حەوت:** ناو، دەشێت ڕەمز یان ڕەمز ئامێز بێ، عادەتەن ناو چ شتێک دەربارەی کاراکتەرەکە ناڵێت.. دەشێت لە ڕێگای ناوەکەوە پەی بە میللیەت و تا ڕادەیەک مەزەبی ببرێ، بەڵام لە دنیای چیرۆکدا ڕەنگە نووسەر ناوێک بۆ کاراکتەرەکەی هەڵبژێرێ کە نەک هەر وەکو ناوی ئاسایی بەکار ببرێ، بەڵکو مانایەکی دیکەش دەربارەی ئەو کاراکتەرە نیشانبدات.

وشە جگە لە مانا حەقیقی و قاموسیەکەی مانای مەجازی و خوازەیشی هەیە. بۆیە کە دێتە ناو ڕستەوە و دەبێ بە کەرەستەی سەرەکی دەق، وەکو دال، بە ئاراستەی بەرهەمهێنانی مەدلوولی

هونەریدا دەڕوات، ئەمەش بۆ خۆی هەوڵە بۆ پاسکردنی دەق لە خوێنەری تەمەڵ، خوێنەری بەکاربەر، خوێنەری دەقکوژ. هەوڵدانە بۆ ڕزگار کردنی خوێنەر، لە دەردی عەقڵیەتی تاک ڕەهەندی، چونکە خوێندنەوە کەشفی مەعنایە و دەقی چاک و هونەریی بۆ خۆی فرە ڕەهەندەو، بە عەقڵیەتی تاک ڕەهەندی نایەتە کەشف کردن.. هەوڵە بۆ ئەوەی خوێنەر ببێ بە شەریکی بەرهەمهێنانی دەقەکە..

**پرسیار:** واتە نووسەر پێویستی بەنووسینە، بەر لەوەی بیر لە بوارەکانی دیکە بکاتەوە؟

**وەڵام:** هەڵبەتە نووسەر تەنیا لە پێناوی گێڕانەوە یان شرۆڤە و دەربڕین و گوزارشت دا نانووسێت، بۆیە دەنووسێت، چونکە پێویستی بە نووسینە، دەیەوێ لە باری هونەرییەوە شتێک بۆ جیهانی هونەر ئیزافە بکات. ئەرکی ئەو، نە فێرکارییە، نە سەرگەرمی. بەڵکو ئەوەیە کە هێزی هزرین بخاتە جووڵە، هەست و خەیاڵان بێدار بکاتەوە و جۆرە گەشکەیەکی هونەری بە روح و دەروون ببەخشێت. هەڵبەتە هەموو هونەر و ئیستاتیکایەکی ڕاستەقینە، ئەو حاڵەتی حیرەت و سەرسامیە چێدەکات، ئیدی دەقی ڕەسەن ڕێگەیەکی تازە بە ڕووی خەیاڵی نووسەردا دەکاتەوە و لە میانی واقیعی واقیعیەوە، واقیعی مومکین نیشاندەدات، جیهانێ کە بە شێوەیەکی دی بێتە دیتن، بێتە هەستکردن، بێتە تاقیکردنەوە.. ئیدی ئەمە ئەزموونی ژیان لە لای خوێنەر قووڵتر و دەوڵەمەندتر دەکات.. ئیدی خوێنەر لە خۆی دەپرسێت کە ئەم دەقە چ دنیایەکی مومکینی بۆ کەشفکردووە.. سەبارەت بە گفت و گۆی نێوان من و تۆ، ئەو زمانە، زمانی گەیاندنی مەبەستە، پردێکە لە نێوان دوو لایەن یان زیاتر.. زمانی گوزارشتەوانیە، بێ هیچ ڕتوشێکی هونەری، بۆ نموونە ڕۆژنامەوانێ

یان پەیامنێرێک کە زمان بەکار دێنێ، زمان لای ئەو کەناڵێکە بۆ گواستنەوەی مەبەست و پەیامێک، ئیدی پەنا ناباتەبەر دنیای دەنگ و وێنە و نموونەی تایبەتی دەنگ یان خوازە و هونەرە ڕوانبێژییەکانی دی، واتە مامەڵە دەگەڵ دیوی دەرەوەی زمان دەکات نەک لەگەڵ دیوی ناوەوەی زمان.. بەڵام ئەدەب و دەقی ئەدەبی، بەهەموو ڕەگەزەکانییەوە، زیاتر پرۆسەیەکی هونەریی گۆنگی کەشفکارییە نەک گوزارشتەوانی.

**پرسیاری چل و هەشت:** لە بەرانبەر ئەو دۆخەی تۆ لە دروستکردنی فرە واتایی و فرە کاراکتەری و فرە مەبەست و فرە پەیامدا، کە خوێنەر ماندوو دەکات، بیرتان لە هیچ ستایلێکی تایبەت بەخۆتان کردۆتەوە، تا خوێنەر لە جیاتی بێزار بوون، بە تین و تاوی دیکەوە، پێداگری لە سەر تەواو کردنی خوێندنەوەی دەقی تۆ بکات، واتا ستایلێک هەرچەندە دەقەکەت خوێنەر ماندوو دەکات، بەڵام لە ڕێگەی ستایلی نووسینەوە، خوێنەر بە تام و شەوقەوە بخوێنێتەوە و بێزار نەبێت؟

من دەزانم تۆ هەمیشە بیر لە خوێنەری جدی دەکەیتەوە، خوێنەری یەکەم کە دەقی تۆ شی دەکاتەوە، خوێنەری دووەم کە دەقە شیکراوەکە شی دەکاتەوە، خوێنەری سێیەم تا دوایی، لە گەڵ خوێنەری ئاسایی کە تەنیا مەبەستی خوێندنەوە و لەزەتێکی شیعریانەیە لە دەق، چۆن دابەش دەکەن و چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە خوێنەرە بە پێی ئەزموونی خۆتان دەکەن؟

**وەڵامی پرسیاری چل و هەشت:** هەرچەندە من زۆر لە گەڵ پێناسەدا نیم، بەڵام ئەگەر پێناسەیەکی گشتی بۆ ستایل بکەین دەتوانم بڵێم: دەکاتە مامەڵەیەکی هونەریانەی ئەدیب لە گەڵ زماندا. ئەگەر زمان بشوبهێنین بە تەل و

**زمان هەمیشە ڕەگەزێکی گەورە و سەرەکی کارە هونەرییەکانی دنیای نووسینە،**

وایەری کارەبا و ستایل بە وزەی کارەبا، ئەوا ئەم تەل و وایەرە تا کارەبای پێدا نەڕوات ڕۆشنایی ناگەیەنێتە ئاوایی دەقەکە و خوێنەران دەبێ بە تاریکی بەدیار دەقەکەوە دانیشن و دۆش دابمێنن.

زمان هەمیشە ڕەگەزێکی گەورە و سەرەکی کارە هونەرییەکانی دنیای نووسینە، بەتایبەتی کارێن فیلیڤانی، چیرۆکنووس چەند بەهرەمەند و لە زەبر بێ، خەیاڵی دەوڵەمەند، سەرنجی تیژ، دیقەتی ورد، زانیاری و فیکر، بەهرەی ئەفراندنەوانی لە سەر بێ، ئەمانە ئەگەر بە زمانێکی شیرین و باڵکێش نەخرێتەڕوو، ناکەنە هیچ، ڕەنگە خوێندنەوەی کتێبێکی مێژوویی یان زانستی بچێتە خانەی ئەرک و واجبەوە، بۆیە ئەگەر بە زمانێکی وشک، ناڕەوانیش نووسرابێ، خوێنەر، هەر سوور دەبێ لە سەر خوێندنەوەی. بەڵام سەبارەت بە دەقی ئەدەبی، بەتایبەتی ڕۆمان و چیرۆک، وانییە. خوێنەر بۆی هەیە ئەو دەقە توور بدات و هەست بە هیچ پەشیمانیەکیش نەکات. بۆیە ئەرکی ڕۆماننووس و چیرۆکنووس ئەوەیە تا دەتوانێ بە زمانێکی شیرین و ڕوون و ڕەوان دەقەکەی بنووسێت. هەڵبەتە ئەمەش تەنیا بەوە نایەتە دی کە بە زمانێکی بێ غەڵەت بنووسێت. داوای ئەوەی لێناکرێ زمانەوان بێ، بەڵکو چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانەکەی لێ داوا دەکرێ، کە دەبێ ڕوون و ڕەوان بێ کە خۆبەخۆ مانا و دەلالەتانی لێ هەڵبقوڵێ و ئۆخژنی هونەری و ئیستاتیکی لە دڵ و دەروونی بگەڕێ. زمان وەکو ئەو تەلی کارەبایەیە، کە تەزووی کارەبا لە پاترییەکەوە بۆ پاترییەکی دی ڕادەگوێزێ. زمانی نووسەریش، دەبێ بەو ئاوایە زەینی نووسەر و زەینی خوێنەر بگەیەنێتە یەکدی..

(موپاسان) گوتەنی، بۆ ئەو شتەی کە دەتەوێ بیڵێیت، تەنیا یەک وشە هەیە بتوانێ دەری ببڕێ، تەنیا یەک فرمان هەیە بتوانێ بیخاتە جووڵە، تەنیا یەک سیفەت هەیە کە بتوانێ وەسفی بکات، کەواتە دەبێ بچێتە ڕاوی ئەو وشەیە، ئەو فەرمانە، ئەو سیفەتە؛ هێندە لێیان

بگەڕێی تا دەیاندۆزیتەوە؛ نابێ دڵ بەو وشانە خۆش بکەی کە لێیانەوە نزیکن، بەڵام خودی ئەو وشانە نین.... بۆیە نووسەر نابێ دانیشێت و مێشکی خۆی بگوشێت و هەوڵ بدات دەستەواژەی نابەجێ بخولقێنێ، یان لە کۆنە کتێباندا بگەڕێ و ئەو وشە و دەستەواژانە زندوو بکاتەوە کە باویان نەماوە و ماناکانیان فەرامۆش کراوە و لە ڕاستیا کۆمەڵێک وشەی مردوو، سوا و پواو بە نرخی تازە بفرۆشێتەوە.

**پرسیار:** واتە نووسەر دەبێت خاوەنی ستایلی خۆی بێت؟

**وەڵام:** ستایل، وەکو پەنجەمۆر وایە، وەکو چۆن پەنجەمۆر لێکدی ناچن، شێواز و ستایلیش نابێ لێکدی بچن، ستایل بە شێوەیەکی سروشتی و بەدەم مومارەسەی هونەری نووسینەوە، چەکەرە و نەشونما دەکات، بۆیە نووسەر دەبێ خۆی لە دەستەواژەی ئامادە و کلێشەیی ببوێرێت، ئەزموون ڕوونی و ڕەوانی لە نووسیندا زامن دەکات، نووسەر دەبێ گونجاوترین وشە و دەستەواژە بۆ گونجاوترین شوێن هەڵبژێرێ، یانی وشەیەک هەڵبژێرێ پڕ بە پێستی مەبەستە هونەرییەکەی بێ، ئەگەر وشەیەکی کورت مەبەستی پێکا، پەنا نەباتەبەر وشەی درێژ و بە پێچەوانەوە، ستایلی چاک دەکاتە بەکارهێنانی وشەی گونجاو لە شوێنی گونجاودا.. سەبارەت بە خوێنەر، خوێنەری جدی هەیە و خوێنەری بەکاربەر هەیە، گرەوی نووسەر دەبێ لە سەر خوێنەری جدی بێ نەک بە پێچەوانەوە.

> **خوێندنەوە کەشفی مانایە.. ستایل لە میانی ئەزموونەوە دەڕسکێ و دەخەملێ.**

دەق هونەرە، هونەر داهێنان و ئەفراندنە، دیارە تێگەیشتن لە داهێنان و ئەفراندن کارێکی زۆر ئاسان نییە، بۆیە هەر کەسێک

بیەویٚ لیٚی تیٚبگات دەبیٚ لە ئاستیٚکی ڕۆشنبیریی هونەری ئەوتۆدا بیٚ کە لە کارە هونەرییەکە تیٚبگات و لەزەتی لیٚ بدینیٚت، کەواتە دەبیٚ کار بکریٚ بۆ ئەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی خویٚنەر بەرز بکریٚتەوە بۆ ئاستی دەقە هونەرییەکە، نەک ئاستی هونەر بهیٚنریٚتە خواریٚ بۆ ئاستی خویٚنەرە بەکاربەر و تەمەڵ و دەقکوژەکە... یانی ئەگەر دەتەویٚ لەزەت لە هونەر وەربگری، پیٚویستە ڕۆشنبیرییەکی هونەری باشت هەبیٚ.. واتە وەکو چۆن کاریٚن هونەری پیٚویستی بە توانا و بەهرەیە، بەو ئاوایە پیٚویستی بە خویٚنەرانی بەهرەدارە؛ خویٚندنەوە کەشفی مانایە.. ستایل لە میانی ئەزموونەوە دەڕسکیٚ و دەخەملیٚ.

**پرسیاری پل و نۆ:** هەر لە چوارچیٚوەی ئەزموون دەمەویٚت دەربارەی شار پرسیاریٚک بووروژیٚنم، زۆر لە ڕۆمانە کوردییەکان ئەگەر بچنە خانەی ڕۆمان لە بواری تەکنیک و نیٚوەڕۆک و شیٚوازەوە، هەست دەکریٚت نەک لە شار بەهەرمهیٚنراون نەخیٚر کەرەستە و فکرۆکە و ویٚنە و بابەت و باکگراوند و میٚژووی بەسەرهاتەکان و شیٚواز و زمانی گیٚڕانەوەشی هەر گوندییە (دیٚهاتییانەیە)، ئایا بەڕای تۆ ڕۆمانی کوردی توانیویەتی پیٚ بنیٚتە نیٚو شار، یا خود هیٚشتا پاشکۆ و دەستەمۆی گوندە..

باسی شار بە عەقڵیەتی گوند، جل و بەرگی گوند لە نیٚو شار، داب و نەریتی گوند لە نیٚو شار، باکگراوندی گوند لە نیٚو شار، پەیوەندی باوی کۆمەڵایەتی گوند لە نیٚو شار، تەنانەت ناو و کاراکتەرەکان دەربڕی کەسایەتی کشتوکاڵی و گوندیە و بەستراوە بە بەرهەم هیٚنانی قۆناغی دەرەبەگی و جووتیاری، ئەمە چۆن لیٚکدەدەیتەوە؟

**وەڵامی پرسیاری چل و نۆ:** ڕۆمان، وەکو دەزانین زادەی سەردەم و سەرهەڵدانی بورژوازیەتە، وەکو دەڵیٚن داستانی بورژوازیەتە. کۆمەڵگەی کوردەواری لە هیچ بەشیٚکی کوردستانی

داگیرکراودا، بە شێوەیەکی ئاسایی گەشە و نەشەی نەکردووە، هیچ یەکێک لە چینە جڤاکییەکانی کوردەواری، بەشێوەی ئاسایی قۆناغی گەشەکردنی چینایەتی خۆی نەبڕیوە و ناسنامەی خۆی لە واری پراکتیکیدا، پەیدا نەکردووە و کوردەواری بە خاک و خەڵکەوە وەکو کۆلۆنیەک مامەڵەی لە تەکدا کراوە و دەکرێ، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ئاوێتەیەکی شێواوە لە هەموو چینەکان. لە ڕووی عەقڵیەتەوە تێکەڵەیەکە لە عەقڵیەتی گوندی و نیمچە شاری، مێژووی ئێمە، لەم سەردەمە لەزگینەدا، هێشتا لە غورابی خودایە، بێدار نەبووەتەوە، نیمچە وەستاوە! کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، وەکو کرێچییەکی ناحەز مامەڵەی لە تەکدا دەکرێت.. واتا وێڕای ئەم پاشاگەردانییەی کە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، لە هەموو ڕوویەکی جڤاکی و ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە، بەسەر کوردا سەپێنراوە، بمانەوێ و نەمانەوێ لە ئەدەبیاتدا ڕەنگیداوەتەوە؛ چونکە لەو دیوی جیهانی خەیاڵی ئەدەبیاتەوە، هەمیشە جیهانێکی واقیعی هەیە، بۆیە ئەو هەوڵە ڕۆمانەوانیانەی لە ئارادان، خۆی لە خۆیدا نیشانەی سەرەتاتکێی لە دایکبوونی بورژوازیەتە، بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا. ڕۆمان و هەوڵە ڕۆمانەوانییەکانی ئێمە حاڵی حازر لە نێوان حیکایەت و وتارێن ڕۆمانئامێز و مودێرندا لە مولەقدایە. ئەمە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەهاماج و هەلومەرجی جڤاکی کوردەوارییەوە هەیە کە دەشێت مۆرکێکی تایبەتی بە ڕۆمانی کوردی ببەخشێت؛ ئەگەر بتوانرێت خوێندنەوەیەکی هونەری بۆ ئەو هاماج و هەلومەرجە بکرێت، لە واقیعی کۆمەڵایەتییەوە بگوازرێتەوە بۆ واقیعی ڕۆمانەوانی، بەڵام ڕۆمانی کوردی تا نها لە گەشتێکی

دژواردایە، لە نێوان هەوڵی جۆراوجۆر، سەرکەوتوو و نا سەرکەوتوودا، باش و خراپدا، ئەم پێ و ئەو پێ دەکات، نەیتوانیوە ناسنامەی خۆی پەیدا بکات و پێی بناسرێتەوە.. لە لاسایی کردنەوە دەرباز نەبووە و دیدی و جیهانبینیەکی خۆماڵی ئەوتۆ بۆ بابەت و تیمەکان بەدی ناکرێت و لە بابەتێن گەورە خاڵییە، لە کاتێکا هەقە ڕۆمان خۆی بۆ ئەوە تەرخان بکات کە ئەزموونی تاک لە کۆمەڵگادا و ئەزموونی کۆمەڵ لە چوارچێوەی زەمەن و سەردەمێکی دیاریکراودا وێنە بگرێ و بهونەرێنێ، بۆیە هەست دەکرێ ڕۆمانی کوردی، تا نها نەیتوانیوە، لێکەوتە هەمەجۆرەکانی ئەو قۆناغە مێژووییەی کە ئەم میللەتەی تیادا دەژی، بەرجەستە بکات. واتە نەیتوانیوە واقیعێکی هونەری ئەوتۆ بخوڵقێنێ کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بێتە فامین، کە ئەمە لە هەر دوو لایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە شەقڵی ڕاپۆرکاری بەسەردا زاڵکردووە. بۆیە زۆربەی ڕۆمان و هەوڵە ڕۆمانەوانییەکانی کوردی سادە و تاک ڕەهەند و کەم عومق و ئاسۆیی و کەم هەوراز و نشێوە، ئاراستەی ڕووداوەکان، پێشوەختە نەخشەی بۆ کێشراوە، بەرەو ئەو کۆتاییە دەڕۆن کە خوێنەر چاوەڕوانی دەکات؛ خاڵییە لە هەر بویەر و شتێکی چاوەڕوان نەکراو و غافڵگیری و سپرایزێک.

**ڕۆمواننووس بە تایبەتی و چیرۆکنووس بە گشتی لە ژیانی ئاسایی جودا نییە، کوڕی ژیانە، دەنگ و ڕەنگی سەردەمی خۆیەتی بە ئاراستەی ئایندەدا،**

ڕۆماننووس بە تایبەتی و چیرۆکنووس بە گشتی لە ژیانی ئاسایی جودا نییە، کوڕی ژیانە، دەنگ و ڕەنگی سەردەمی خۆیەتی بە ئاراستەی ئایندەدا، بەڵام نایەت لاسایی مووبەمووی ژیان بکاتەوە، چونکە دنیای ئەو هەم دنیای زەین و خەیاڵ و هزری ئەوە و هەم دنیای ئەو سەردەم و شوێنەیە کە ئەو تیایدا دەژی؛ هەڵبەتە

به ئاراستەی ئایندەدا؛ ڕابردوو و ئێستا، پردێکە بۆ ئایندە.. بۆ نموونە دنیای کەڵە ڕۆماننووسێکی وەکو (دوستویفسکی) هەم دنیای زەین و هزری ئەوە و هەم دنیای موسکۆی سەدەی نۆزدەیە.

ڕۆمان وتارێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی نییە ئەمڕۆ بە جدی بیخوێنینەوە و سبەی لە بیرمان بچێتەوە، ڕۆمان دنیایەکی تایبەتیە، ئەم دنیایە لە هونەری ڕەسەن و ڕاستگۆدا بەردەوامی پەیدا دەکات.. یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی ئەدەب، ئەوەیە ئەزموون بگۆڕێ بۆ هەست.. کەڵەکە بوونی هەست، وەعی لێدەکەوێتەوە، وەعی بە هەڵوێستی مرۆڤانی گوزارشت لە خۆی دەکات..

بە هەرحاڵ، زۆربەی ڕۆمان و هەوڵە ڕۆمانەوانیەکانی لای ئێمە زیاتر مامەڵە لە تەک ڕووداو و دیاردە سەرڤە سەرڤە و لامسەرلاییەکان دەکات، دەرەقەتی دیاردە و ڕووداوە ئاڵۆز و دەروونییەکان، دەرەقەتی ڕاوکردنی ساتە زندووە مرۆڤانیە لەزگین و گۆڕانە کوت و پڕە سپرایز ئامێز و جیوەییەکان نەهاتووە و هێشتا دەقی ڕۆمان ئەو ژیانە هونەری و ناسنامە تایبەتیەی پەیدا نەکردووە کە جاویدانی پێ ببەخشێت و پێی بناسرێتەوە.

ئەگەر سەدەمی ئەمە لە لایەکەوە بگەڕێتەوە بۆ لاوازی خوێندنەوەی هونەری ڕۆماننووسەکان بۆ بابەتەکانیان، تا ئاشناییان بە کایە سایکۆلۆژی و سوسیولۆژی و ڕۆحیەکانی کوردەواری و کایە حەیاتیەکانی دیکەی هەژارییان لە زمانی کوردیدا و کەم ئەزموونیان لە واری ڕۆماننووسیدا، ئەوا لە ئالییەکی دیکەوە دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی بوونی مەیدانە ئەدەبییەکە لە ڕۆمانی گەورە و پێشەنگ و، بۆ ئاست و جۆری خوێنەرانمان کە بە زۆری خوێنەری بەکاربەری دەقن نەک شەریک و بەرهەمهێنەری دەق.. دەقی گەورە، خوێنەری گەرە و جدی دەخوازێت، خوێنەر ئەو هێزە پەنهانەیە کە دەتوانێ هونەری گەورە بخولقێنێ یان زندە بەچاڵ بکات..

**پرسیاری پەنجا:** شار وەکو فکر و پێکهاتە و کەرەستە بەستراوەتەوە بە قۆناغێکی مێژووی گەشەکردووی کۆمەڵگا، پێتان وایە لە کوردستاندا هێشتا بووینەتە خاوەنی شار، شارێک کە فرە دەنگی و فرە پێکهاتە و فرە زمان و فرە کەلتوور و فرە کەرەستەی بەرهەمهێنان و پێشکەوتوو لە ڕووی گواستنەوە و گەیاندن و بەرهەمهێنانی پیشەسازی و جیاوازی و ململانێی چینایەتی و زانکۆ و کەلتوورێکی باڵاتر لە هی گوند و گەشتیار و فیکرێکی هاوچەرخی سەردەمیانە و بە پیشەسازی بوونی کتێب و ئامێر و کەرەستەکان و زۆر شتی دیکە؟ ئێوە لە بارەی شار چی دەڵێن و چۆن شار بە ڕۆمان و ئەزموونی ڕۆماننووسی کوردی بە شار دەبەستنەوە؟

ئەزموونی ڕۆماننووسی کوردی ئەگەر ئەزموونێکی هەرەوەرزیانەی کشتوکاڵی پشت ئەستوورە بە گێڕانەوەی جووتیارانەی دێهاتیانە، چۆن لە شاردا ڕۆمان بەرهەم دەهێنرێت؟ من دەزانم دێهات بەشێکە لە کۆمەڵگای مرۆڤانەی کوردەواری، بەڵام دیسان کە باسی ڕۆمان دەکەین، واتە باسی بەرهەمێکی فیکری و شێواز و تەکنیک و بابەتێک دەکەین کە بەرهەمی خودی پرۆسەی شارە، ئەمە چۆن هەڵدەسەنگێنرێت؟

**وەڵامی پرسیاری پەنجا:** شار دەکاتە مەڵبەند و شوێنی یەکانگیری هێز و چینی جیاواز و جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و پڕە لە شێوازێن ژیان و کار و پیشەی جیاواز و هەڤدژ و ناکۆک. لە ڕووی ژمارەی ڕۆنیشڤانان و پانتایی جوگرافی کار و پیشەوە، زۆر لە گوند گەورەترە. لە ڕووی تایبەتمەندی و ئەرکێن سیاسی و جڤاکی و شارستانیەوە زۆر لە گوند پێشکەوتووترە. دیارە شاریش بە گوێرەی ئەو سەدەم و فاکتەرانەی بوون بە هەوێن و ئامیانی

پەیدابوون و دروستبوون و پەرەسەندنی، فەرقیان هەیە، بۆ نموونە شاری بازرگانی، شاری ئۆلی، شاری پیشەسازی، شاری مێژوویی و شاری سیاسی و مەڵبەندی بڕیاری سیاسی هەن.. هەڵبەتە ئەم جۆرە شارانە لە یەک پێستا نامێنن، بەڵکو بە گوێرەی گۆڕان و پەرەسەندنی کایە ئابووری و سیاسی و جڤاکییەکان دەگۆڕێن.. شاری ئێمە وەکو پێویست، سیما و تایبەتمەندی شاری پەیدا نەکردووە.. دەبینی لە شاردا زیاتر چیرۆک باو بووە و زووتر لە ڕۆمان سەری هەڵداوە؛ چونکە چیرۆک لە حیکایەتەوە نزیکە، حیکایەت زیاتر هی دێهات و کۆڕ و مەجلیسی گوێ ئاگردانە و زیاتر پشت بە گوێگرتن دەبەستێ.. چونکە چیرۆک لایەنێکی بچووک یان گرتەیەک یان دیمەنێکی لامسەرلایی یان ڕووداوی دیاریکراو لە زەمەنێکی دیاریکراودا لە خۆ دەگرێت، کە ئەمە نیشانەی ئەوەیە شارەکانی ئێمە- زیاتر هەرێمی کوردستانم مەبەستە – وەکو پێویست سیمای شاری وەرنەگرتووە. واتا شار تەنیا ناو بووە، خەسڵەت و تایبەتمەندییە شارستانی و ئابووری و سیاسیەکان و عومقی شاری ڕاستەقینەی نەبووە. لە کاتێکا شار واقیعێکی شارستانییە.

**شاری ئـێمە، تـاکو ئێسـتاش لە سـایەی پەیوەنـدی بەرهەمهێنـانی مەیـلە و فەلاحیدایە،**

شاری ئێمە، تاکو ئێستاش لە سایەی پەیوەندی بەرهەمهێنانی مەیلە و فەلاحیدایە، تا لە ژێر باندۆری پەرەسەندنە شارستانییە مودێرنەکاندا بێ.. کەمتر جیاوازی و ململانێیە چینایەتییەکان بەدی دەکرێت. چینی بورژوای گەورەی نیشتمانیی متمانە بە خۆ، فرە ئامانج و ئاوات و شۆڕشگێڕی سەردەمی خۆی، پەیدا نەبووە، کە هەموو کایە ناکۆک و هەڤدژەکان کۆنترۆڵ بکات. دەوڵەمەندانی کورد، لەبەر زۆر هۆی سیاسی و ئەولەکاری ئابووری، لە شارەکانی

کوردستاندا هەڵیان نەکردووە و بە خۆ و سەرمایەکانیانەوە ڕوویان کردووەتە شارە گەورەکانی ژێر دەسەڵاتی داگیرکەرانی کوردستان، خۆ ئێستاش دەوڵەمەندە گەورەکانی کورد، کە زۆربەی هەرە زۆریان حوکمڕان و دەوڵەمەندی حیزبی نە نیشتمانپەروەرن، سەرمایەکانیان دەنێرنە هەندەران!!... بۆیە شار لای ئێمە زیاتر دیکۆر و ڕواڵەتە؛ بە ناسنامەی گوندیاتیەوە، لاف و گەزافی شارستانیەت لێدەدریێ؛ بۆیە کاریگەری و باندۆری گوندیاتی و داب و نەریتی خێڵەکیانە و گوندەوار بەسەر شارەکاندا زاڵە و شار لە داب و نەریتی گوندەواری پاک نەبووەتەوە، بۆیە گوندییەک کە دێتە شارەوە دووچاری حیرەت و غوربەت نابێت؛ دێتە ناو ژینگەیەکی نزیک لە ژینگەکەی خۆی و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەمان پەیوەندی خوێن و خزمایەتی، هەمان داب و نەریتی گوندیاتی بە جیاوازییەکی زۆر کەمەوە بەرقەرارە؛ شار ئەو ونگە هەزار توێیە نییە، کە تیایدا ون بێت و نەزانێ لە کوێوە سەر دەربێنێ، واتە کورد بە جەستە لە شاردا بووە؛ شار وەکو گوندێکی گەورە، بەڵام بە هزرین و ڕەفتار لە داب و نەریتە خێڵەکییەکان ڕزگار نەبووە و دەرهاوێشتەی داب و نەریتە خێڵەکییەکان، لە شاریشدا هەر زاڵ بووە، واتە پەیوەندییە بورژواییەکان، کاڵ و کەمڕەنگ بووە. دیارە ئەدەبیاتێک ئەوە کەش و هەوایە بێ، لە ڕووی بونیادی هونەرییەوە لاواز و لە ڕووی شێواز و ستایلەوە ڕاپۆر ئامێز دەبێ و عومقێکی هونەریی شارستانیانە، بە مانا شارستانییە تەواوەکە، پەیدا ناکات؛ هەرگیز ئەو زمانە شیعرییە ئیحاییە ڕەمزییە، بەرهەم ناهێنێ کە هونەری گەورە دەیخوازێ. شاری کوردی – زیاتر هەرێمی کوردستانم مەبەستە – لەو ئاستە پیشەسازی و ململانێ و کێشماکێشە چینایەتییە نەبووە، دەرهاوێشتەی هونەریی گەورەی

ئەوتۆی هەبووبێ، کە عومقی فیکری بورژوازییەت و بونیادێکی هونەری ڕاستەقینە و زیندووی هەبێت.

**پرسیار:** واتە مەبەستت ئەوەیە بێژیت، کو شار لای نووسەری کورد هیشتا بوونی نییە؟

**وەڵام:** نووسەری کورد وێنایەکی ڕوونی لە مەڕ شار نییە، نە شارەکە بوونێکی شاریانەی تەواوی هەیە، نە نووسەرەکە خوێندنەوەیەکی شاریانەی بۆ شار هەیە.. ئیدی باندۆر و کاریگەریی ئەو شارە سەرمایەدارییەی لە دەقی نووسەرانی ئەوروپاییدا بەدی دەکرێت لەلای ئێمە نییە. تاک وەکو پێویست؛ دروست نەبووە، ئەگەر تاک و تەرایەکیش هەبێ، وەکو نموونەی خوردە بورژوا هەیە و لاسایی کردنەوەیەکی کاڵ و کرچ و سەرڤە سەرڤەی چیرۆک و ڕۆمانی نووسەرانی ڕۆژئاوایی پێوە دیارە و کەمتر ناسنامەی خۆماڵی و کوردی وەرگرتووە. کاراکتەر لاوازە، هێندەی هەڵوێستی سیاسی و ئایدۆلۆژی نووسەری لێبارکراوە، نوێنەری خودی خۆی نییە.. شار وەکو مەڵبەند و سەنتەری چالاکی و حیزب و ڕێکخراوی سیاسی، وەکو مەڵبەندی پیشەسازی و بازرگانی، پڕە لە هەڤڕکی و ململانێی سیاسی و چینایەتی, لە دەقی کوردیدا یان نییە یان ئەگەر لێرە و لەوێ، بە ئاستەم بەدی بکرێ، زۆر سەرڤە سەرڤەیە و خوێندنەوەیەکی هونەری و ئیستاتیکی ئەوتۆی بۆ نەکراوە، کە تامەزرۆیی هونەریی خوێنەر بشکێنێ، چونکە بازنەی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ و ڕاپۆرئامێزی نەبەزاندووە و نەگەییوەتە ئەو ئاستە هونەرییەی کە هەر دوو ئاستی ڕەمزی و واقیعی پێکەوە گرێ بدات و فرە ڕەهەندی و دەلالی پەیدا بکات و زیاتر بابەتی سیاسەی بەسەردا زاڵە. هەست دەکرێ نووسەری کورد زیاتر مامەڵە دەگەڵ

ڕواڵەتی شاردا دەکات تا لەگەڵ جەوهەر و ململانێی و بزوێنەرە بنەڕەتیەکانی شاردا.

هەرچەندە ڕۆمان و هەوڵە ڕۆمانەوانییە کوردییەکان کەڵکەڵەی دەستپێشخەری و لاسایی کردنەوە و چاولێکەری ڕۆمانی ڕۆژئاوایی لە پشتە، زیاتر بایەخ بە عومومیاتی ژیان و چارەنووسی گشتی مرۆڤ دەدات، کەمتر بایەخ بە ژیانی ڕۆژانە و کاروبارە ئاسایی و دەرد و ئازار و لەزەتە هەنووکەیی و خەم و شادیە لەزگین و زندووە مرۆڤانییەکان دەدات. ساتە زندووە مرۆڤانییەکانی پێ نەخراوەتە تۆڕی هونەرەوە، ئەمەش زیاتر شەقڵی ڕاپۆرکاری بەسەردا زاڵ کردووە و ڕۆمانی کوردی بە زۆری کەم لق و پۆپە، قەوغا و قەرەباڵغ نییە، لە شارێکی جەنجاڵی فرە چالاکی و فرە ڕووداوێن هەڤدژ و دیاردەێن لێکدژ ناچێت، کە ناکۆکی و وردە ناکۆکی و ململانێکانی ژیانی ڕۆژانە بنوێنێ، زیاتر لە گوندێکی چکۆلەی ئارام و تەبا و کەم ڕونیشڤان و بێ ڕووداوی وەرچەرخانساز دەچێت.. بەڵام وێڕای هەمووو ئەمەش ئەو ڕۆمان و هەوڵە ڕۆمانەوانیانەی هەن، خۆی لە خۆیدا نیشانەی سەرەتاتکێی لە دایکبوونی بورژوازیەتی کوردییە.

> **ڕۆمانی کوردی بە زۆری کەم لق و پۆپە، قەوغا و قەرەباڵغ نییە،**

**پرسیاری پەنجا و یەک:** مەبەستت لە ڕۆمانی بازاڕی چییە؟ هەروەها (بەرهەمی ڕەسەن و نەمر) کامانەن؟ ئایا بەلای تۆوە بەرهەمی ڕەسەن زادە و لە دایکبووی (ڕاستگۆیین) لە کاتێکا ڕۆمان لە نێوان خەیاڵ و واقیعدا گەشە دەکات و بواری بیرکردنەوە فراوان و وێنەکان بەهێزتر و دەنگەکان هەمەجۆر و جیاوازییەکان زەقتر دەکاتەوە.

ئایا بەڕاستی دەتەوێت پێمان بڵێی ڕۆمانی بازاڕی یەکسانە بە هەرزانفرۆشی دەق لە بازاڕ بۆ پەیداکردنی داهاتێکی کەم؟ یان

مەبەستت نێوەڕۆک و تەکنیک و هونەری بەرهەمهێنانی خودی ڕۆمانە؟ دەق پێویستی بە بازاڕ هەیە، بەڵام لەبیری نەکەین بازاڕی دەقیش هەمەجۆر و ئاست و شێوەن، ئێوە کامەیان ڕەتدەکەنەوە و کامەیان دەڕاستێنن؟ هەرزانفرۆشی دەق کارێکی گونجاو نییە، بەڵام بازاڕ پەیداکردن بۆ ناساندن و بڵاوکردنەوە و پەیداکردنی خوێنەر کارێکی گونجاوە؟

**وەڵامی پرسیاری پەنجا و یەک:** ژمارەی وشەی هەر زمانێک بگری لەوە کەمترە، بە مجەڕەدی و تاک مانایی دەرەقەتی دەربڕینی پێداویستییە دەروونی و هونەرییەکان بێت، بۆیە وشە ، زۆرجار بە پتر لە مانایەک ئاوسە، مانای نزیک و مانای دوور هەڵدەگرێ، بەتایبەتی لە دەربڕیندا... جا لێرەدا وشەی بازاڕیی، کە بە مانا نزیکەکەی دەکاتە: دووکاندار، مامەڵەچی ناو بازاڕ مەبەست نییە، بەڵکو مانا دوورەکەی مەبەستە کە دەکاتە: کەم نرخ و بێ بایەخ و نا کاریگەر و نا جدی.. وشە؛ کە دێتە ناو دەقی هونەرییەوە، دەبێت بە خەڵکی ئەوێندەر و ناسنامە و مانایەکی دی وەردەگرێ، دنیا مجەڕەدە ئاساییەکە بە جێدێڵێت، بەسەر بەیان و ئیعجازدا دەکرێتەوە، ئیعجازی بەیانی بۆ خۆی ئۆتموسفیرێکی ڕاڤەوانییە و (تأويلى) و بەسەر پتر لە شرۆڤەیەکەدا دەکرێتەوە و پتر لە ڕاڤە و تەئویلێک هەڵدەگرێ. بۆیە ڕەمز و ڕەهەندی ڕەمزی، لە دەربڕیندا، تەنیا ڕازاندنەوەی هونەری نییە، بەڵکو ئەوزارێکی هونەرییە و دەورێکی یەجگار گرینگ لە گەیاندنی مانا بۆ خوێنەر دەگێڕێت؛ ئەو مانایەی کە ئەدیب گەرەکیەتی. سێکوچکەی دەق بریتییە لە ئەدیب، بەرهەمی ئەدەبی و، خوێنەر.. بۆیە ئەو واقیعەی کە ئەدیب گوزارشتی لێدەکات، هەمان واقیعی بابەتی نییە، بەڵکو ئەو واقیعە مومکینەشە کە ئەدیب مەبەستیەتی و بە شێوەیەکی هونەری لە

ستایلی ئەودا بەرجەستە دەبێت، ئەوەی لە خەڵکانی دی جیای دەکاتەوە، جیهانبینی ورد و نۆڕینی تایبەتیەتی بۆ شتەکان و ئەو هەستە هونەرییەیە لە ڕێگەی ئەو لایەنە حەیاتی و مرۆڤانیانەی نیشان داوە، کە بۆ بابەتی هونەریی دەست دەدەن. هەڵبەتە لەو دیوی جیهانی خەیاڵی ئەدەبیاتەوە، هەمیشە جیهانێکی واقیعی هەیە.

**پرسیار:** واتە فرۆشتن پێوەری سەرەکی نییە لە دەرخستنی جۆری ڕۆمانەکە؟

**وەڵام:** ڕەنگە هەندێجار ژمارەی خوێنەر یان ڕادەی فرۆشی کتێب بە پێوەری سەرکەوتنی بەرهەمێک بێتە ژماردن، بەڵام خوێنەری جدی هەیە و خوێنەری بەکاربەر هەیە. ئەدەب بە حوکمی ئەوەی چالاکی و چەلەنگییەکی مرۆڤانییە، سیفەتێکی کۆمەڵایەتی؛ شەقڵێکی جڤاکی وەردەگرێت.

کۆدی تێگەیشتن لە دەقی ڕۆمانەوانی ئەوەیە کە بزانرێ چ جیهانێکی مومکینی کەشفکردووە. بۆیە بە بۆچوونی خاکیانەی بەندە ڕۆمانی سەرکەوتوو (هونەری) ئەوەیە هونەریانە هزرین بجوڵێنێ، هەست و ئەندێشە و خەیاڵ بێدار بکاتەوە، کارێ بکات کە خەڵکی تەنیا بەکاربەری ژیان نەبن، بەڵکو بەرهەمهێنەر و بەشدار و داهێنەری ژیان بن، هەڵبەتە بە ئاراستە مرۆڤانیەکەدا.

**پرسیاری پەنجا و دوو:** بە پێی ئەزموونی تۆ، هەست ناکرێت، لەم سەردەمی خێرایی و گەشەکردنی پرۆسەی چاپ و زۆربوونی چاپخانە و دەرکەوتنی دەیان دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی حکوومی و ئەهلی لە هەرێمی کوردستاندا (دەق هەرزان و کەمبایەخ و پووچ) کراوە؟ من ترسێکی گەورەم لە زمانی دەقەکان و زمانی چاپکراوەکان و زمانی

گفتوگۆی دەقەکان لە گەڵ خوێنەرە، ترسم لە وەرگێڕان و وێرانکردنی زمان لە کتێب و زمانی ڕاگەیاندن و بڵاوکراوە بازرگانی و هەتا ئەدەبیەکانیشە، ئەی ئەمە هەرزانکردنی دەق لە پێناو بازاڕ نییە؟ کوشتنی زمان و پووچکردنەوەی نێوەڕۆک و سیسبوونی تەکنیک و ستایلی نووسین و هەرزانکردن و سووککردنی بەهای نووسین و دەق و کتێب و ڕۆمان و چیرۆک و شیعر نییە؟

**وەڵامی پرسیاری پەنجا و دوو:** دروستە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، دام و دەزگا و کەناڵی گەیاندنی وەکو چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەری و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت و تۆڕێن کۆمەڵایەتی هەمەجۆر، لە بەردەستن، ئەگەر بە ئاراستەیەکی نەتەوەییانەی زانستیدا ڕەعەمەل بهێنرێن، ئەوا دەوری گەلەک گرینگ و کاریگەر و بەباندۆر لە یەکخستنی نەتەوەدا دەبینن و زەمینە بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیرییەکی یەکگرتووی نەتەوەیی خۆشدەکەن، کە خۆی لە خۆیدا فاکتەرێکی هەرە گرینگە بۆ یەکخستنی نەتەوە.

هەڵبەتە کورد بە درێژایی مێژووی خۆی بە ئەندازەی ئەم ساڵانەی دوای ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی ساڵی ١٩٩١ ئیمکاناتی میدیایی و ڕاگەیاندنەوانی لە بەردەستدا نەبووە، لێ مخابن واقیعی حاڵی ئەم دامودەزگایانە ئەوەمان پێدەڵێن کە وەکو پێویست و بە مەسئولیەتەوە بەکار نەهێنراون وبە ئاراستەیەکی نەتەوەیی یەکبوونخوازی دا وەگەڕ نەخراون..

ڕاستە جۆرە پاشاگەردانییەک لە واری قەڵەمڕانیدا، بە هەموو کایە جیاوازەکانییەوە هەیە، بەڵام ئەمە لە لایەکەوە دەرهاوێشتەی ئەو گۆڕانکاریانەیە کە لە کوردەواریدا ڕەنگدانەوەیان هەیە؛ هەموو گۆڕانێک جۆرە پاشاگەردانییەکی بەگەڵ دەکەوێ، بەڵام مەرجە زوو کۆنترۆڵ بکرێ و نەهێڵرێ لە ڕێڕەوی خۆی دەربچێت و بخرێتە

سەر سکەی خۆی. لە لایەکی دیکەوە دەرهاویشتەی ئەو بێ بەرنامەییەیە، کە وەکو تیراوێ و ڕەشە برین هەموو کایە حەیاتییە مەتریالی و مەعنەوییەکانی کوردەواری گرتووەتەوە. هەڵبەتە غیابی ڕەخنە و خوێندنەوەی جدیش سەدەم و هۆکارن بۆ بەردەوامی ئەم پاشاگەردانییە.

مەیدانی یەکانگیری قەڵەم و وشە زمانە.. سەردەمی پەیدابوونی چاپەمەنی و ڕۆژنامەڤانی و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و تۆڕێن کۆمەڵایەتی و میدیایی، لە بنەڕەتدا، ئەگەر بە دروستی بێتە بەکارهێنان، بەتایبەتی بۆ میللەتی بندەست و بێ دەوڵەتی هەموو دەرگا و پەنجەرەیەک لێداخراو، خێر و بەرەکەتە؛ سنوورە دەستکردەکان دەبڕێ.. یەکێک لە کەرەستە سەرەکییەکانی ئەو کەناڵانە زمانە.. میللەت کە زمانی لە دەست دا، ناسنامەی خۆی لە دەست دەدات، ون دەبێت، دەمرێ، چونکە یادگەی درێژخایەن و دۆمدار لە زمانا و بە زمان چێ دەبێت، بەتایبەتی زمانی دایک، کە فاکتەری سەرەکی ناسنامەی هەر تاکێکی سەر بەو زمانەیە؛ ئەم زمانە بە نووسین و خوێندن گەشە دەکات و دێتە پاراستن و لەو ڕێگەیەوە، ناسنامەی نەتەوەیی پەیدا دەکات.

**وشە، گەورەترین وەرچەرخانی لە ژیانی مرۆڤدا دروستکردووە**

ڕۆحی هەر شارستانیەتێک زمانە. واتە پەیوەندییەکی گرینگ و پتەو لە نێوان زمان و ناسنامەدا هەیە، پاراستن و خزمەتکردنی هەر یەکێکیان دەکاتە پاراستن و خزمەتی ئەویتریان، ڕزگارکردنی ئەمیان ڕزگارکردنی ئەویتریانە.

**پرسیار:** وشە گرنگە جونکە ئەدەب و وشە پەیوەستن بەیەکەوە، لەلایەکی دیکەشەوە خوێنەر کاریگەریی هەیە؟

**وەڵام:** وشە، گەورەترین وەرچەرخانی لە ژیانی مرۆڤدا دروستکردووە و بووە بە هەوێنی بوون و بناغەی شاکارە فیکری و هونەرییەکانی بنیادەم . هەڵبەتە وشە و بایەخ و چەمکی وشە و پەیڤ لە بوارێکی ژیانەوە بۆ بوارێکی دی دەگۆڕێ، لە تاقم و دەستە و چینێکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕێ.. بۆ نموونە وشە لە دنیای ئەدەبیاتدا هێندە سەرەکییە کە دەکرێ بێ دوو دڵی بڵێین: ئەدەب بریتییە لە بەرهەمهێنانێکی ئەفسووناوی وشە. واتە بنەماکانی ئەدەبی ڕەسەن بریتییە لە بەکارهێنانی جادوویی وشە، پاکی و بێ ڕیایی، هاندەری ڕۆحی. بەداخەوە دەقی ڕەسەن لە ئەدەبیاتی ئەمڕۆماندا، لە چاو خۆیدا کەمە، خوێنەری جدی زۆر کەمە، دەقی گەورە پێویستی بە خوێنەری گەورە وجدییە.

کورد، لە ئاستی نەتەوەییدا تاکو نهۆ خودانی سەرکردایەتیەکی یەکگرتووی سیاسی و ئابووری ئیعتراف پێکراو نین، نەک هەر لە ئاستی جیهاندا، بگرە لە ئاستی ناوخۆیی و نەتەوەییشدا، هەر نەبوونی ئەو بابەتە سەرکردایەتیە، ئەرکی ڕۆشنبیران و نووسەران و هونەرمەندان و ئەهلی قەڵەم، کە لە سەریانە بیر لە پێکهێنانی سەرکردایەتیەکی یەکگرتووی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی بکەنەوە، قورس و قورستر دەکات. کاتی ئەوە هاتووە بیر لەوە بکرێتەوە سەرکردایەتیەکی ڕۆشنبیری نەتەوەیی یەکگرتووی ئەوتۆ پێکبهێنرێ، کە بە لای کەمەوە ئیعترافی ڕۆڵەکانی میللەتی کورد بەدەست بێنێ و دان بە هیچ سنوورێکی دەستکردی ئیمپریالیزم و داگیرکەرانی کورد نەنێت و هیچ جۆرە ناوچەگەرێتیەکی سیاسی و حیزبی لە لایەنە سیاسیەکانی کورد قەبووڵ نەکات و هەر هەنگاوێک کە ببێتە مایەی

دابڕانی پەیوەندییە جڤاکی و ڕۆشنبیریی و نەتەوەییەکان، کە لە پەیوەندییە حیزبییەکان مەزنتر و زندووترن، بە جورئەتەوە ڕەتبکاتەوە.

ئەهلی قەڵەم دەبێ ئەو حەقیقەتە لە بەرچاو بگرێ کە نووسین وەسیلەی دەربڕین نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی هونەریی کەشفکاریە، نووسین بریتی نییە لەوەی بێ ڕێزی بە وشە، بە زمان بکەی، یان بە تۆپزی وتنی لێ بار بکەی؛ ناچار بە وتنی بکەی، هەر کەسێ بێ ڕێزی بە زمان بکات، بە خۆرتی بیهێنێتە قسان، لەم حاڵەدا زمان لێی هەڵدەگەڕێتەوە، تووشی کەرە کەر و حەماقەتگۆییەکی زۆری دەکات و.. نووسین شێوازێکە لە شێوازەکانی ئازادیخوازی، هەرکە دەست دایێ، بتەوێ و نەتەوێ مولتەزیمی.

لە غیابی سیاسەتێکی ستراتیژی زمانەوانی نەتەوەییدا، ئەو پاشاگەردانییە بەردەوام دەبێت. مەرگی زمان دەکاتە مەرگی نەتەوە. مەسئولیەتی زمان لە پلەی یەکەم لە ئەستۆی ئەهلی قەڵەمدایە.

**پرسیاری پەنجا و سێ:** پێم ناڵێیت، بە ڕاشکاوی پێم ناڵێیت کە تۆ ئەم دەقە بەستەزمانە زمانە شێواو و ستایلە تێکدەرانەی دەربڕین و گوزارشتی لە زمانی کوردی دەبینی، تووشی فشاری خوێن و تووڕەیی و شڵەژانی دەروونی نایێن؟

ئەوەی داگیرکەرانی کوردستان نەیانتوانی بە زمانی کوردی بکەن و بیشێوێنن، خەریکە خۆمان بە سەرمایەی خۆمان و بە ئارەزووی خۆمان بە خودی زمانی کوردی دەکەین؟

تۆ وەکو ئەزموون کە لە شاخ بوون، چیتان دەکرد بۆ پاراستن و پەرەپێدانی وشە و زاراوەی کوردی و زمانی کوردی کە تاکە هۆکار و ئامێری پەیوەندیکردن بوو بە خەڵک لە شار و دێهاتەکان، تاکە

ئامرازی پەیوەندیکردن بوو بە شۆڕشگێڕەکان و خەڵکی ئاسایی، پێم ناڵێیت لە شاری ئازادی ژێر دەسەڵاتی کوردی لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ وە چۆن خەریکە زمانی کوردی وێران دەکەن و وەکو ئەزموونیش لە شاخ و لە ژێر ئاگر و تۆپباران و هێرشی فڕۆکەی داگیرکەری بەعس و بە دەسەڵات و پارە و تەنیا کەرەستەی زۆر کەمی چاپ و چاپخانەی بچووکی دەستی و ڕۆنێو و ستێنسڵ چۆن کارتان بۆ پاراستن و پەرەپێدانی زمانی کوردی دەکرد؟

**وەڵامی پرسیاری پەنجاو سێ:** ڕاستە جۆرە پاشاگەردانیەکی زمانەوانی هەیە، لێ پێدەڤیە دان بەو حەقیقەتەشدا بنەین کە مێژووی ئێمە، مێژوویەکی نیمچە وەستاو و پچڕپچڕ بووە، بیرکردنەوەشمان زادەی ئەو واقیعەیە، بۆیە لە زۆربەی کایە حەیاتیەکاندا تا ئەمڕۆش هەر بێ بەرنامەین و بە نەفەسی کورتەوە مامەڵە لە تەک واقیعی خۆماندا دەکەین. هەڵبەتە مەیدانی وەرگێڕان یەکێکە لەو مەیدانە زمانەوانییە کەلتووریانەی کە پاشاگەردانی پێوە دیارە، دوور لە هەر نەخشە و بەرنامە و پلانێک بە ناو کەوتووین و تەنانەت وەرگێڕەکەش لە گەڵ خۆیدا بێ بەرنامەیە و هەر جارەی ڕوو لە دنیای بابەتێک دەکات! یان دیاردەیەکی سەقەتی دیکە ئەوەیە کە پێمان وایە دنیا تەنیا شیعر و چیرۆکە. هەڵبەتە لە ئەنجامی ئەم پاشاگەردانییە و لە ئاکامی بێتوانایی زۆرێک لە وەرگێڕەکانمان و لە ئەنجامی نەزانینی تەواوی هەر دوو زمانی لێ وەرگێڕدراو و بۆ وەرگێڕدراوەوە دووچاری دەردە بەد وەرگێڕان بووین و ئەم دیاردەیەش ڕوو لە زیادیە و خەریکە هەڕەشە لە شێواندن و سەقەتکردنی زمانەکەمان دەکات.

ئەوەتا لێشاوی ڕستە و دەستەواژە و ڕستەسازی هەڵە و بێ بنج و بناوانی زانستی و دوور لە تەبیعەت و تایبەتمەندی زمانی کوردی و سەرباری ئەمەش گۆنگ و نامەفهووم خەریکە زمانی کوردی بەرەو هەڵدێری وێران کردن دەبات. ئەم دیاردەی بەد وەرگێڕان و زمان شێوانە زۆر بە زەقی لە کتێبە دەرسیەکانی قوتابخانەکاندا، بە تایبەتی لە زانستە مرۆڤانیەکاندا بەدی دەکرێ، پێدەچێ هەر کاریگەری ئەمەش بێ کە کەم و زۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاڤۆک و کەناڵە میدیاییە کوردییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە!!

**پرسیار:** واتە لەداهاتوودا ترسەکانمان لەبارەی زمان خراپتر دەبن؟

**وەلام:** دیارە ئەگەر کار وابڕوات ئەوا چەند ساڵێکی دی، کوردینووس و کوردیزان دەچنە قاتی و مەگەر بە چراوە بۆیان بگەڕێی. هەڵبەتە مەترسی گەورەی شێوانی زمان لە وەرگرتنی وشەی بێگانەدا نییە، بەڵکو لە وەرگرتنی ئەو فورمۆڵە و داڕشتن و ڕستەبەندییە ناکوردییانەدایە کە هەندێ وەرگێڕ، لەبەر نەشارەزایی و تەمەڵی خۆ، خێرا وەری دەگرن. دیارە ئەم زمانە سەقەتە، بەرە بەرە دەبێ بە باو و پاچڤەی پچڕپچڕ و بێ سەروبەر کار دەکاتە سەر زمانی نەوە تازەکان و پاشان کار دەکاتە سەر زمانی نووسین و ئەدەبیاتی تازە و ئیدی نەوەکانی دی کە چاویان بە بەرهەمی تەرجەمەکراوی پڕ غەڵەت و بێ سەروبەر دەکەوێ، وا هەست دەکەن کە ئاڵۆزی و پچڕپچڕی بابەتەکە بۆ خۆی جۆرە شێوازێکی نوێیە.. نازانێ وەرگێڕەکە بە پەندی کردووە، بۆیە بلەز وەکو ئەوەی هەنگوین لە

> **ئەگەر کار وابڕوات ئەوا چەند ساڵێکی دی، کوردینووس و کوردیزان دەچنە قاتی**

داردا بدۆزنەوە، دەکەونە لاسایی کردنەوەی. گەر هەندێ ورد سەرنجی دنیای ئەدەبیاتی ئەمڕۆمان بدەین، گەلێک نموونە و دەقی ئەدەبی زادە و لە دایک بووی ئەم دیاردەیە دەبینین، دەقی ئەدەبی کە ئەوزارە زمانی و بەها ئیستاتیکەکەی لێ دەربێنی هیچی نامێنێتەوە، زمانیش بەوە زندوویەتی پەیدا دەکات کە وەڵامدەرەوەی پێداویستیە هزری و زانستی و هونەرییەکانی سەردەم بێ.. ڕاستە زمان و ئەدەبییەت، بە گوێرەی پەرەسەندنی قۆناغە مێژوویی و کۆمەڵایەتیەکان، گۆڕانی بەسەردا دێ و قاڵبە کۆنەکان دەشکێنێ و قۆناغ بە قۆناغ کاژە کۆنەکان فڕێ دەدا و کاژی تازە دێنێتەوە، بەڵام بەو مانایە نییە کە بنەما سەرەکییەکان نەمێنێ و هەڵوەشێتەوە. هەڵبەتە دەبێ ئەوە بگوترێ کە ئێمە کەوتوینەتە سەردەمێکی یەجگار خێرا و لەزگینەوە.. گەر هەر بەم بێ بەرنامەیی و خەمساردییە بمێنینەوە بە تەما بین ببین بە خاوەنی کتێبخانەی نەتەوەیی دەوڵەمەند، ئەوە خەیاڵی خاوە.

**پرسیار:** پێتان وایە زمانی ستاندارد یەکێکە لە کێشەکان؟

**وەڵام:** هەر میللەتێک زمانی ستانداردی (زمانی خوێندن و نووسینی یەکگرتووی نەبێ، بەتایبەتی ئەگەر بندەست بێ، دەوڵەتی سیاسی نەبێ، یەکێک لە فاکتەرە هەرە گرینگەکانی مقاوەمەت و بەرخۆدان لە دەست دەدات و ئەگەری پارچە پارچە کردن و بە چەند نەتەوە کردنی زۆر زیاد دەبێ.. بۆیە قەوارەی زمانەوانی بۆ کورد ئەگەر لە قەوارەی سیاسی گرینگتر نەبێ ئەوا هاوتای قەوارەی سیاسییە، چونکە ئەگەری دروست بوون و دروستکردنی چەند وردە قەوارەیەکی سیاسی بۆ کورد زۆر دوور نییە، جا ئەم وردە قەوارە سیاسیانە گەر قەوارەی زمانی نەتەوەیی یەکگرتوو بە یەکەوەیان

گرێ نەدات، ئەوا ئەگەری ئەوە پەیدا دەبێ کە کورد بکرێ بە چەند وردە نەتەوەیەکی وەک: بابانی، سۆرانی، بۆتانی و بادینی و.. هتد.

زمان ڕۆڵێکی مەزن لە یەکخستنی نەتەوەییدا دەبینێ و فەرامۆشکردنی ئەم فاکتەرە دژمنانی کورد ڕژدتر دەکات لە سەر بە گژا چوونمان و نابێ ئەم سەنگەرە بە چۆڵی بمێنێتەوە. هەر نەتەوەیەک زمانی ستانداردی نەبێ کەلتووری یەکگرتووی نابێ و ئاسانتر داگیر دەکرێ و بەرە بەرە زمانەکەی دێتە کوشتن و جۆگەلەی هزر و بیر و بەهرەی زانا و دانا و نووسەر و هونەرمەندانی دەخرێتە سەر باخی ڕۆشنبیریی داگیرکەر و بە زمانی داگیرکەر، مەرگی زمانی زکماکی خۆی ڕادەگەیەنێ و مەرگی زمانیش دەکاتە مەرگی نەتەوە..

**پێشنیاز دەکەم وەشانخانە کوردیەکان زیاتر بایەخ بە چۆنیەتی چاپەمەنیەکانیان بدەن و لە فیلتەری زمانی بدەن ئەوسا چاپ و بڵاوی بکەنەوە..**

بەندە پێشنیاز دەکەم وەشانخانە کوردیەکان زیاتر بایەخ بە چۆنیەتی چاپەمەنیەکانیان بدەن و لە فیلتەری زمانی بدەن ئەوسا چاپ و بڵاوی بکەنەوە.. وەزارەتی ڕۆشنبیریی ڕێگە بە چاپکردنی هیچ بەرهەمێک، بە تایبەتی بەرهەمی وەرگێڕدراو نەدات تا لە فیلتەری زمان و فیلتەری ئەمانەتداری پاچڤەی نەدات..

سەبارەت بە بەندە چ لە شاخ و چ لە شار، هەمیشە نووسینم بە گوتار زانیوە، گوتار ئاراستەی وەرگر دەکرێ، بۆیە دەبێ بە زمانی خۆی بێتە دواندن، بۆیە هەمیشە چ لە کاری نووسین و چ لە کاری پاچڤەدا، تا ڕادەی ترسان، حیسابم بۆ خوێنەری کوردی زمان کردووە.. ئەگەر لە دەستەواژەیەک، ڕستەیەک، پەرەگرافێک بە ئاستەم دوودڵ بووبم، لە

**زۆرجار ئەم بابەتە ڕستە و پەرەگرافانەم بۆ دایکم خوێندووەتەوە، کە ئەو بەگەنی کردبێ، ئەوسا داماناوە.**

خۆم پرسیوە ئەگەر کوردێک، بە تایبەتی کە تەماسی تەنیا لە گەڵ زمانی کوردیدا هەبێ، ئەو ڕستەیە چۆن دەڵێت؟ بە دوویدا گەڕاوم، پرسیارم لێکردووە.. زۆرجار ئەم بابەتە ڕستە و پەرەگرافانەم بۆ دایکم خوێندووەتەوە، کە ئەو بەگەنی کردبێ، ئەوسا دامناوە. زۆرجار بەرلەوەی دەست بە کاری نووسین یان وەرگێڕانێک بکەم، هەر بۆ دەمزەردکردنەوەی زمانەکەم، بەرهەمی یەکێک لەم مامۆستایانە دەخوێنمەوە، لەوانە مامۆستا عەلادین سەجادی، شێخ محەمەدی خاڵ، مام هەژار، هێمن، مەلا شکور دەخوێنمەوە... زمان ڕۆحی نەتەوەیە، پاراستنی زمان، پاراستنی ناسنامەیە.

**پرسیاری پەنجا و چوار:** ئەزموونی دروستکردنی قارەمان و کاراکتەر لە ڕۆماندا یەکێکە لە کێشە و پێویستییەکانی نێو ڕۆمان، تۆ پێت وایە لە جیاتی خەیاڵ کردنە واقیع، دەبێت کەسایەتی واقیعی بکرێتە خەیاڵی، ئەمە چۆن دەبێت؟ تۆ خۆت (گوتیار و قسەکەری و هەقایەتخوانی نێو دەقەکەی، ئەم هەقیقەتەی خۆت ناتوانی بکەیتە خەیاڵ، منی خوێنەر دەزانم ڕاناوی لکاوی میمی کەسی یەکەمی تاک) ئەوا خودی (تۆی) نووسەرە، چۆن ئەمە دەبێتە خەیاڵ؟ یان کاراکتەری هەقیقی و واقیعی (کە پڕاوپڕن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و دەروونی) کوت و مت ئەو کەسانەن کە هەستیان پێ دەکەین و دەیانبینین و لە گەڵیان دەئاخڤین، چۆن دەکرێنە کەسانی خەیاڵی؟ ئایا پێتان وانییە لە نێوان (خەیاڵ) و (وێناکردن)ەوە کارەکتەرەکان مەودایەکی باشی جیاوازی هەیە؟ (خەیاڵ) مەیلی بەلای خەیاڵاندنی واقیع و هەقیقەت دایە، بەڵام (وێناکردنەوە) هەمان شتە، واقیعەکەیە تۆ بە شێوەیەکی دیکە، یان ڕەنگ و جۆرێکی دیکە (وێنا) ی دەکەیتەوە؟

مەبەستم ئەوەیە ئایا ئێوە هەست بە هیچ جیاوازییەک لە نێوان بەکارهێنانی ئەم دوو زاراوەیە دەکەن، یان لە زمانی کوردیدا دەکرێت هەردووکیان یەک مەبەست بگەیەنن؟

ئەزموونی تۆ لە شار و شاخدا لە دروستکردنی کاراکتەرەکان کە هەمیشە (فرە کاراکتەرییە) بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا پێتان وایە ئەم (خەیاڵاندنەی) ئەکتەرەکان وادەکات خوێنەر (خاوەنە هەقیقییە واقیعیەکانیان) نەناسیتەوە، کەسە خەیاڵێندراوەکان نەگێڕێتەوە شوێنی کەسایەتییە هەقیقیەکان؟.

بۆ نموونە تۆ هەوڵت داوە لە شاخ، دوور لە کارەبا و ڕووناکی و لەنێو ئەشکەوتەکاندا کاراکتەرەکانی نێو ڕۆمانی (کۆچی سوور) بگۆڕیت، بۆ خەیاڵ، بەڵام کەسە هەقیقییەکان کە لە واقیعدا هەن و هەر کە خۆیان لە نێو دەقە ڕۆمانەکەی تۆدا دەدۆزنەوە و خۆیان دەناسنەوە یەکسەر هەست بە شەرمەزاری و ئیهانە دەکەن، حووکمی کوشتنی دەقەکەی تۆ و گوتیاری دەقەکەت دەدەن... یان بۆ ئەوەی هێندە بە ئاسانی خۆیان نەناسنەوە لە شار لەژێر تیشکی کارەبا و ڕووناکیدا (لە قەیرانی سێبەردا) هەم کارەکتەر و هەم (شوێن) و هەم (کات) لە واقیعەوە بۆ خەیاڵ دەگۆڕێت، بە جۆرێک، کە کەسە هەقیقییەکان بە ئاسانی خۆیان لە نێو دەقەکەی تۆ نەدۆزنەوە و نەتوانن سانسۆری فیکر و قەڵەم و لێکدانەوەی تۆ بکەن؟

پێم ناڵێیت سانسۆر چەندە دەبێتە هۆکار بۆ گۆڕینی کارەکتەرە هەقیقییەکان بۆ کارەکتەری خەیاڵی؟ یان ئەوەی ڕوودەدات تەنیا هونەری ڕۆمان و چیرۆکڤانییە ئەم دۆخە دروست دەکات؟

**وەڵامی پرسیاری پەنجا و چوار:** نووسەر دەبێ جڵەو بۆ دەلالەتی گێڕانەوەیی شل بکات تا لە میانی دەقەکەوە، لە میانی ڕۆمانەکەوە گوزارشت لە خۆی بکات، نەک لە ڕێگەی ئەو بیرانەوە کە دەخرێتە

سەر زمانی کاراکتەرەکان و تا دەتوانێ خۆی لە خیتابیەت و ئینشابازی و ڕاپۆرتکاری دوور بگرێت؛ هەرگیز لە دووی فرمۆلەیەکی فیکری نەبێ کە فرمۆلەیەکی ئەدەبی بۆ بدۆزێتەوە.. ئیدی چ لە دیالۆگدا و چ لە بونیادی کاراکتەر و ڕەوتی ڕووداوەکاندا، خۆی لە سەپاندنی بیر و بیرۆکەی حازر و ئامادە دوور بگرێ. ڕێگەی کاراکتەرەکان بدات مومارەسەی ژیانی خۆیان بکەن و بەگوێرەی ژیانی هونەریی خۆیان بژین. بەڵام نووسەر خودا ئاسا لە هەموو شوێنێکی داهێنانەکەی خۆیدا هەیە و لە هیچ شوێنێکدا نابینرێ و زیاتر بوونی مەعنەوی هەیە تا بوونی مادی.

ڕۆمانی سەرکەوتوو، زیاتر ڕۆمانێن فرە ئاستن، دەزانێ چۆن و کەی بۆ نموونە ڕەمز و ئوستورە ئاوێتە دەکات و واقیعیەتی خۆی – زیاتر واقیعیەتی هونەریم مەبەستە – دەپارێزێ، ڕۆمان زیاتر بەرهەمهێنانی دەلالەتێن هونەرییە. هەڵبەتە لەو دیوی جیهانی خەیاڵی ئەدەبیاتەوە، هەمیشە جیهانێکی واقیعی هەیە. ئەدەب دەبێ شایەدی ڕاستگۆیی سەردەمی خۆی بێ، هەوێنی گۆڕانی تیابێ و لە گەڵ گۆڕاندا بێ.

کاراکتەر، وەکو خۆی چۆن هەیە، بەو ئاوایە لە ژیانەوە

**ڕۆمان وتارێکی سیاسی نییە ئەمڕۆ بە جۆش و خرۆشەوە بیخوێنینەوە**

وەرناگیرێ، بەڵکو بە گوێرەی ژینگە تازە و پێدەقییە هونەرییەکانی ژینگە تازەکە گۆڕانی بەسەردا دێت و ناسنامەی هونەری پەیدا دەکات، ئیدی ماهیەتی کاراکتەر لە ناو کارەکەدا و بەدەم کارەکەوە چێدەبێت. هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە مەحاڵە ئایدولوجیا وەکو خۆی بە سافی و زوڵاڵی ڕەنگبداتەوە و ئەدیبێک خۆی بە ڕاستگۆ و هەڵگری پەیامی ئەدەبی بزانێ، هەرگیز ڕێگە بەخۆی نادات ئایدولوجیای شەخسی خۆی لە کاراکتەر و قارەمانەکانی باربکات و کارێ بکات بە زمانی ئەوەوە قسە بکەن و ببن بە پەیڤداری ئەو... ڕاستە هیچ

کارێک لە جۆرە ئایدۆلۆجیایەک بەدەر نییە، بەڵام ئایدۆلۆجیایەکی هونەری، نەک ئایدۆلۆجیایەکی خالیسە؛ ئەوەی لەباری ئەدەبییەوە گرینگە، هونەراندنی ئەو ئایدولۆجیایەیە. هەر سەپاندنێکی کاڵ و کرچی سیاسی بە سەر ئەدەبدا و بێ ڕەچاوکردنی مەرجە هونەرییەکان، کارە ئەدەبییەکە دەشێوێنێ و لە ئەدەبیەتی دەخات.

ڕۆمان وتارێکی سیاسی نییە ئەمڕۆ بە جۆش و خرۆشەوە بیخوێنینەوە و سبەی لە بیری بکەین، بەڵکو دنیایەکە، دنیایەکی هونەری گەورەیە، لە ڕۆژگاری خۆی و دوای خۆشیا، بە زەبری هونەرییەت ڕیشاژۆ دەبێت و بەردەوام دەبێت.. بۆیە هەر پرۆسەیەکی ئافراندنەوانی پێویستی بە زانیاری و ئەزموون و ڕۆشنبیریی و کرانەوەی زەینی و ویژدانی هەیە . پێویستی بە خوێندنەوەی گەنجانە بۆ ژیان، بە هەموو لق و پۆپەکانیەوە هەیە، هەڵبەتە بە ئاراستەی ئایندەدا.

خەیاڵ و وێنا بە مانا قامووسیە ئەپستراکتەکەی ئەگەر هاومانا نەبن، زۆر لە یەکدییەوە نزیکن، بەڵام لە بەکارهێنانی هونەریدا و لە ڕووی ئەرکی هونەرییەوە برێک لێکدی دوور دەکەونەوە، خەیاڵ زیاتر بەسەر فانتازیادا دەکرێتەوە و وێنا پتر بە سەر بۆچوون و خوێندنەوە و جۆرە پێشبینیەکی هونەریدا دەکرێتەوە... گوتیار کە زۆرجار نووسەری پەنهانیشی پێدەگوترێ، ڕەگەز و کاراکتەرێکی گرینگی ڕۆمانە و، زۆریش گرینگە، بەڵام خودا سیفەتە لە هەموو شوێنێکی ئافەریدەکەیدا هەستی پێدەکرێت، بەڵام نابینرێ، بۆیە ئەو گوتیارەی تۆ باسی دەکەی، خەڵکی ناو دەقەکەیە، هەمان نووسەرەکەی دەرێی دەقەکە نییە، زۆر شاخ و بەرگی تازەی لێنراوە، ئالێرەوە کاراکتەر لە نووسەر جیادەبێتەوە، یان لە کەسە واقیعیەکە جیادەبێتەوە و دەبێتە بەشێک لە بونیادێکی گشتی کە ئەویش خودی دەقەکەیە و ئیدی خوێنەر ئازادە لە ڕاڤە و لێکدانەوەی ئەو کار و

کردەوانەی کە کاراکتەرەکان ئەنجامی دەدەن، کاراکتەر لە ڕۆمانی تازەدا لە نووسەر جیا دەبێتەوە و سەربەخۆیی خۆی وەردەگرێ و بە گوێرەی لۆژیکی تایبەتی خۆی، بەو ئیحتوبارەی ڕەگەزێکی هونەرییە و ناسنامە و تایبەتمەندی بونیادی و دەلالی خۆی هەیە، ڕەفتار و هەڵسوکەوت دەکات، بۆیە هەر ڕاڤە و تەئویلێک دەبێ زادە و هەڵقوڵاوی دەقەکە بێ و لە خودی دەقەکەوە وەکو بونیادێکی هونەری و دەلالی، هەڵێنجرابێ.. خۆ ئەگەر تۆی ئەم نەوەیە، کە هاو عەسری کاراکتەرە حەقیقیەکە بی و کەم و زۆر، دوور و نزیک ناویت بیستبێ و بیناسیت و بە مەزەندە و مەزەندەکاری کاراکتەرە هونەرییەکە بەریتەوە سەر کاراکتەرە واقیعیەکەش، ئەوا ئەمە هەرگیز بۆ خەڵک و نەوەکانی دی، بۆ ئەوانەی لە واقیعدا نایناسن، مەیسەر نابێ و ناچار دەبن وەکو ڕەگەزێکی هونەریی دەلالی، لە میانی دەقەکەوە مامەڵەی لە تەکدا بکەن.

بۆیە ڕۆمان نە زنجیرە ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە نە ژیاننامە، هەرچەندە ڕەگی لە حەقیقەتدایە، بەڵام چیرۆک و حیکایەتێکی هەقیقی نییە و هەر دەقێکی ئەدەبی خەون و خەیاڵی قووڵ نەبێ، بە تان و پۆی وەکو مەلیکە هەر دوو باڵی کرابێ و بێهودە بەتەمای فڕین و بەرزەفڕین بێ. ڕۆمان بریتی نییە لە کۆپی کردنەوەی واقیع، ناکاتە ڕانان و نمایشی بەهایەکی ئایدیالی. بەڵکو مامەڵە کردنێکی هونەرییە دەگەڵ قەدەری کارەساتباری مرۆڤدا، تا ڕەهەندێکی ڕەمزی پێ ببەخشێت، بۆیە سەروکاری ڕۆمان زیاتر لە گەڵ واقیعی مومکین دایە تا لە گەڵ واقیعی واقیع دا، واقیعی مومکین ئەوەیە دەگەڵ ڕەوت و ڕەوشی دەقەکەدا تێک بکاتەوە و لە چوارچێوەی دەقەکەدا واقیعی قەناعەت بەخش بێت.. بۆیە هەر هەوڵێک بۆ ئەوەی دەقێکی هونەری یان ڕەگەزێکی ئەو دەقە ببرێتەوە سەر واقیع کارێکی بێهودەیە.

هەر ڕۆمانێک بگری تیمە و بابەتی خۆی هەیە، تیمە و بابەتی ڕەسەن و بەهێز هی یەک سەردەم یان چینێکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو گەردوونی و جیهانییە.. ئیدی ئەم پرسیارە زۆرجار لەلای خوێنەر دروست دەبێ ئایا کاراکتەر زادەی خەیاڵ و وێنای نووسەرە یان کۆپی کردنەوەی خەڵکانی ڕاستەقینەیە؟!

ئەوەی ڕاستی بێ تێکەڵەیەکە لە هەردووکیان، خوڵقاندنی کاراکتەر زادەی خوێندنەوە و ڕامانە لە تەبع و تەبیعەتی مرۆڤانی و ئەو گۆڕانانەی بەسەریدا دێت، خوێندنەوەی ئەو سەدەم و ئەنگێزانەیە، کە ئەو پەرەسەندن و گۆڕانانەی لێکەوتووەتەوە. هەندێ کاراکتەری کارتۆنی و نەگۆڕ هەن، عەیبی کاراکتەری کارتۆنی لەوەدایە، بە درێژایی ڕۆمانەکە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نایەت و هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە. ئەمە لە کاتێکایە، ئەگەر کاراکتەرێن ڕاستەقینە و بەهێزی ناو ژیانی ئاسایی، بمانەوێ و نەمانەوێ لە یاسا و ڕێسای گۆڕانە حەیاتیەکان و ئەو گۆڕانانەی کە بەرەنجامی ڕووداوەکانی ژیانە بەدەر نییە و نابێ، بۆیە کاراکتەر، بەتایبەتی کاراکتەری سەرەکی دەبێ لە گەڵ ڕەوتی ڕۆمانەکەدا گەشە بکات و هەڵوێستی تازە وەربگرێت. کاراکتەری خوڕ و بێ شەخسیەت نیشانەی ئەوەیە ڕۆماننووس نەیتوانیوە خوێندنەوەی هونەری دروست بۆ تەبع و تەبیعەتی بکات و وەکو پێویست کاراکتەرەکانی خۆی نەناسیوە.

کاراکتەر، یەکێکە لە ڕەگەز و کۆڵەکە هەرە گرینگەکانی هونەری چیرۆکڤانی، خەڵکانێکی پسپۆڕ پێیان وایە چیرۆک بە گشتی و ڕمان بە تایبەتی، بەبێ کاراکتەر نابێ، واتە ڕۆمان لە ڕووی هونەرییەوە بەبێ کاراکتەر ئاوەدان نابێتەوە. تەنانەت هەندێک لەو پسپۆڕ و خودان نەزەرانە پێیان وایە ڕۆمانی تازە دوای ئەوەی دەستبەرداری کۆڵەکە سەرەکییەکەی، واتا قارەمان بوو، بەرەو هەرەس و داڕوخان

دەڕوات. هەندێکی دی پێیان وایە هۆکار و سەردەمی ئاوابوونی کاراکتەر دەگەڕێتەوە بۆ کزبوون و نەمانی ڕۆڵی تاک لە ڕێکخستنی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، چونکە تەکنولوجیا و ئامێر لەو وارەدا تەواو تەنگی بە ئەرکەکانی تاک هەڵچنیوە.

بەڵام وێڕای ئەمەش کاراکتەر هەر دەمێنێ و ناشێت نکۆڵی لێبکرێت و دەستبەرداری ببیت، چونکە (فیرجینیا وولف) گوتەنی: "بەردی بناغەی ڕۆمانی چاک تەنیا خولقاندنی کاراکتەرە نەک شتی دی". دیارە کاراکتەریش یان سادەیە یان ئاڵۆز.

هەڵبەتە ڕۆمانی تەقلیدی بایەخێکی زۆر بە ڕەهەندە دەرەکییەکانی کاراکتەر دەدات، کە زیاتر تەمەن، پیشە، پەیوەندێن کۆمەلایەتی و سیما و ڕوخساری کاراکتەر دەگرێتەوە؛ واتا دیوە فیزیولوجییەکەی کاراکتەر دەگرێتەوە کە بە زۆر گوتیار وەسفی دەکات و هەوڵدەدات وێنەیەکی ڕوونی نیشانبدات و سەرنجی خوێنەر بۆ ڕەفتار و کرداری ڕابکێشێت.

**مرۆڤ لە سەردەمی تەکنۆلۆژیادا، لە هەنبەر ئامێردا بوو بە ژمارەیەکی کۆیلەکراو،**

کەواتە وێنەگرتن و نیشاندانی دیمەن و ڕواڵەت و سیمای دەرەکی کاراکتەر لە ڕۆمانی تەقلیدی سونەتیدا نەک هەر گرینگە بۆ نیشاندانی کاراکتەر، بەڵکو یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ڕۆمانیش. هەڵبەتە وەسف دەبێ ئەرکی هونەری ببینێ، نەک وەسف لە پێناوی وەسفدا بێ، تەنیا بۆ ڕازاندنەوەی ئینشایی بێت، بەڵکو دەبێ هەڵگری دەلالەتی سایکۆلۆژی و سوسیولوجی بێت و کار لە ڕەوتی ڕەفتاری کاراکتەرەکان بکات. بەڵام لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە، ئیدی زیاتر بایەخ درا بە وێنەگرتن و نیشاندانی دنیای ناخ و دەروون، بەتایبەتی دوای ئەوەی زانستی دەروونناسی هاتە ئاراوە و وەکو ئەوزارێک بۆ لێکدانەوەی باری دەروونی کاراکتەرانی ئەدەبی پەنای

برایێ. ئەوە بوو ڕۆمانی تازە یەکەم کاری بریتی بوو لە پشتگوێ خستنی سیمای دەرەکی قارەمان و فەرامۆشکردنی، ناوی ئاشکرای کاراکتەری لابرد و گۆڕی بە ڕاناو.. ئیدی بەمجۆرە کاراکتەر لە ڕۆمانی تازەدا بوو بە کەسێکی (ناسنامە نادیار) ئەمەش ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی ئەم ڕاستییە بە کە مرۆڤ لە سەردەمی تەکنۆلۆژیادا، لە هەنبەر ئامێردا بوو بە ژمارەیەکی کۆیلەکراو، ئەمەش وای لە تاک کرد تەواو گۆشەگیر بێت و پتر هەست بە پەراوێز بوونی خۆی بکات. ئەمەش پتر لایەنی دەروونی دەگرێتەوە، بۆیە ڕۆمانی تازە پتر تەکەز لە سەر هەر دوو ڕەهەندی دەروونی و ئایدۆلۆژی کاراکتەر دەکات.

ڕۆمان بە حوکمی هونەریەتی خۆی و بە شێوەیەکی قەناعەتبەخش (قەناعەتی هونەری) حەقیقەتت لێ دەکات بە خەیاڵ و خەیاڵت لە لا دەکات بە حەقیقەت، واتە حەقیقەت لە قاڵبی خەیاڵدا و خەیاڵ لە قاڵبی حەقیقەتدا دەخاتەڕوو و ئەمەش نیشانەی دەوری هەستیار و گرینگی ڕۆمانە لە ژیانی خوێنەری خۆیدا. ڕۆماننووس زیاتر بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و لە میانی دەنگی کەسانی دیکەوە (کاراکتەر) دەئاخڤێ، کە دەشێت دەنگدانەوەی دەنگی خۆی بێ، لێ پێویستە نەگاتە نێرگزییەت، بەڵکو دەبێ ئەو دەنگانە جیاواز و سەربەخۆ بن و بەو ئاراستەیەدا بڕۆن و بگەنە ئەو ئامانجە هونەرییەی کە ڕۆمانەکە مەبەستیەتی. بۆیە وەختایەک ڕۆماننووس کاراکتەرانی نا ئاسایی، غەریب یان شاز دەخوڵقێنێ، هەقی خۆیەتی و جێگەی گلەیی نییە، بەڵام مەرجە ئەو کاراکتەرە لە هەڵسوکەوت و هەڵوێستەکانیا، لە بوونیا، لە تواناکانیا و لە نواندنی بارە دەروونیە بەشەرییەکاندا و بەگوێرەی واقیعی هونەری دەقەکە قەناعەتبەخش بێت. هەڵبەتە کاراکتەر وەختایەک بە جوانی دەردەکەوێ و تایبەتمەندی خۆی پەیدا دەکات، کە جۆرە جیاوازییەکی لە خەڵکانی

دی هەبێت، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا وا دەخوازێ کە پێویستە ڕۆماننووس، کاراکتەرەکانی بەباشی بناسێت، لە دنیای ناوەوەیان قووڵ ببێتەوە، هزر و هەستەکانیان، خەون و خولیاکانیان، کول و کۆڤانەکانیان بخوێنێتەوەو لە دوا ئەنجامدا کاراکتەرێکی زندووی، نزیک و پڕ بەپێستی خەمە بەشەرییەکان بخوڵقێنێت، کە بتوانێ لە ڕێگەیەوە خوێنەر بدوێنێ و بەشداری لە

**خەیاڵاندنی واقیع و واقیعیەتاندنی خەیاڵ، لە مەرجە هەرە پێویستەکانی هەر کارێکی هونەرییە،**

پەرەسەندن و گەشە و نەشەی دەروونی بکات و لە دوا ئەنجامدا لە پرۆسەی پەرەسەندنی کۆمەڵگەدا ڕەنگ بداتەوە. بۆیە خەیاڵاندنی واقیع و واقیعیەتاندنی خەیاڵ، لە مەرجە هەرە پێویستەکانی هەر کارێکی هونەرییە، نەخاسما ڕۆمان.. ئیدی خەمی خوێنەر ئەوە نییە، کاراکتەرە هونەرییەکە بێنێ، بەباڵای ئەم کەسایەتی یان ئەو کەسایەتی واقیع – ی بگرێ و بیناسێتەوە، خوێندنەوە پرۆسەیەکی کەشفکاری زۆر هەستیارە؛ پرۆسەی کەشفی مەعنایە، خوێندنەوەی دەلالەتە هونەرییەکانە، چونکە ئەرکی ڕۆماننووس ئەوە نییە بێت بویەرەکان تەفسیر بکات، بەڵکو ئەوەیە بە دروستی و هونەریانە تەرحی بکات . ئیدی سەروکاری ڕۆمان پتر لە گەڵ واقیعی مومکیندایە تا لە گەڵ واقیعی واقیع دا.... دەق یەکسانە بە بەرهەمهێنانی دەلالەتی هونەری.

سەبارەت بە بەندە و (فرە کاراکتەری) لە چیرۆکەکانمدا، بێگومان ئاشکرایە هونەری چیرۆکڤانی بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی، ڕەگی لە دیموکراتیەتدایە و ڕۆمان هیگل گوتەنی داستانی بورژوازییەتە و، دیموکراتیەت یەکێکە لە دەرهاوێشتەکانی سەردەمی بورژوازییەت و پەیدابوون و سەرهەڵدانی تاک و تاکگەرایی، بۆیە قەناعەتم وایە ژانری ڕۆمان، لە هەموو ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکانی دی، لەبارترە

بۆ بەرجەستاندنی هونەریانەی دیموکراتیەت و (فرە کاراکتەری) لە لای بەندە، پەیوەستە بەو دیاردە و حەقیقەتەوە. لێرەوە پێشنیاز دەکەم (سیاسەت نەدارانی کورد!) بۆ ئەوەی لە ئافەتی دکتاتۆریەتی شعوری و لاشعوری خۆیان کەمێک دوور بکەونەوە، فێری ئەلف و بای دیموکراتیەت ببن، ساڵی یەک دوو ڕۆمانی باش بخوێننەوە.

**مستۆ کە یەکێکە لە کاراکتەرەکانی کۆچی سوور، زۆر زندووترە لەوانەی سووتاندیان.**

سەبارەت بە کۆچی سوور، دەقێکی فرە ئاستە، سەروساختی لە گەڵ واقیعی مومکیندایە و هونەریانە واقیعێکی ئەنارشیستی چەکدارانەی بێهودە ڕەتدەکاتەوە و نەهاتووە بویەرەکان تەفسیر بکات، بەڵکو هونەریانە تەرحی کردووە، کە خەڵکانێک خۆیانی تیا دەبیننەوە دەیسووتێنن و فرمانی کوشتنی نووسەرەکەی دەردەکەن، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە، کە دەقەکە شایەدێکی ڕاستگۆی سەردەمی خۆیەتی، وشەش کەوتە سەر زاران دەیڵێنەوە هەزاران، وەکو قەقنەس لە خۆڵەمێشی خۆیا دەژێتەوە و بە سووتان نافەوتیّ... کۆچی سوور لە خانەی ئەم دەقانەیە کە شۆڕش لە زەمانی خۆدا، لە ویژدان و ئیدراکی کۆمەڵگەی خۆدا، لە بینایی و دنیابینی خەڵکی خۆدا بەرپا دەکەن، بۆیە ئاساییە بە ئەقڵیەتی عەسکەرتاری هەرس نەکریّ و بێتە سووتاندن.... مستۆ کە یەکێکە لە کاراکتەرەکانی کۆچی سوور، زۆر زندووترە لەوانەی سووتاندیان.

مستۆ، کاراکتەرێکی چەند ڕەهەندییە، تەنیا یەک مستۆمان نییە، چەندین مستۆمان هەیە، مستۆیەک کە میرزا دەبینیّ، یەکێکی دی کە خولە قووچ دەبینیّ، مستۆیەک کە ئەوانی دی دەبینی، لە کۆی ئەمانەوە، لە خەیاڵی خوێنەردا مستۆیەکی چەند ڕەهەندی پەیدا دەبیّ. کاراکتەرەکانی دیکەی کۆچی سوور، لە ڕێگەی قسەی خەڵکانی

دییەوە دەربارەیان دێنە ناسین و لە خەیاڵ و هزری خوێنەردا بەرجەستە دەبن.

یان خان فەخری خان، لە قەیرانی سێبەردا، فرە ڕەهەندە، هەرچی دەکا و دەکۆشێ لە بوغز و کینەی خۆی ناخەلەسێت، لە هیچ شوێنێکی مەعنەوی یان مادی ناحەوێتەوە، بە کوشتن و برین ناهێورێ.. بەهەرحاڵ لە هەر دوو دەقەکەدا خەیاڵاندنی واقیع و واقیعیەتاندنی خەیاڵ بەکار هاتووە.. جا ناویش دەشێت ڕەمز یان ڕەمزئاسا بێ، عادەتەن ناو چ شتێک دەربارەی کەسەکە (خاوەن ناوەکە) ناڵێ... دەشێت لە ڕێگای ناوەکەوە پەی بە میللیەت و تا ڕادەیەک باوەڕی ببرێ.

بەڵام لە چیرۆکدا، ڕەنگە نووسەر ناوێ بۆ قارەمانی چیرۆکەکەی هەڵبژێرێ کە نەک هەر وەکو ناوی ئاسایی بەکار ببرێ، بەڵکو مانایەکی دیکەش دەربارەی ئەو قارەمانە بخاتەڕوو...

بەکارهێنانی ڕەمز هەندێجار بە ناچاریە و هەندێجار خواستی نووسەر خۆیەتی. کاتێ خوایشتی نووسەرە، کە نووسەر لە بیری دەوڵەمەندکردنی بەرهەمەکەی خۆیدایە، چونکە ڕەمز زۆرجار دەوڵەمەندی و قووڵی بە بەرهەمی هونەریی دەبەخشێ. چونکە هونەری تازەی ئەمڕۆیی زیاتر ڕووی لە سخی و چڕی و وردەکاری هونەری و کورت بڕی و پاشەکەوتە لە وشە و ڕستە و، خۆپارێزییە لە درێژدادڕی بێهودە... هەڵبەتە تەنیا ڕەمز و ڕەمزکاری وەکو پێویست یارمەتی هاتنەدی ئەم حاڵەتە دەدات.. ڕەمز وەختێ ناچارییە کە نووسەر لە بەر سانسۆر و زاڵ بوونی دکتاتۆریەت نەتوانێ گوزارشت لە بیر و باوەڕ و بۆچوونی خۆی بکات، هەنگینێ دێ لە ڕێگای ڕەمزەوە خەباتی خۆی دژ بە سانسۆر و دکتاتۆریەت دەست پێدەکات، خوێنەریش لە ڕێگەی ئەم ڕەمز و ڕەمزکارییەوە پەی بە مەبەستی نووسەر دەبات.

سانسۆر، خەڵکی لە زەلکاوی غەفڵەت و بێ ئاگاییدا نقوم دەکات، ئاستی هۆشیاری خەڵک دێنێتە خوارەوە، ڕەواج بە شتی بازاڕی و سواو بێهودە دەدات و هەموو بەهرەیەکی داهێنەرانە سەرکوت دەکات.. سانسۆر، کەسانی بودەڵە و بێ توانا و بەهرە، کەسانی ئاسایی لە خەڵکی دەکات بە فریشتە و قارەمان و ڕابەر و زانا و دانای ئاگادار لە خشەی مار و مێروو.. لە سەردەمی سانسۆردا، پەیوەندییە مرۆڤانییەکان لە گرێژەنە دەردەچن و پەیوەندی شێخ و مورید جێی هەموو شتێک دەگرێتەوە. سانسۆر بت و بتپەرست دروست دەکات، هەڵبەتە نە بتپەرست دەتوانێ ببێ بە خاوەنی ئاوەزی تەحلیلی دروستی خۆی و نە بت ڕازی دەبێ لە مەقامی خۆی بێتە خوارەوە و هەرچی کارەساتە لێرەوە سەرهەڵدەدات و سانسۆر چەند کەمیش بێ، بە هەر بیانوویەکەوە بێ، قەبووڵ کراو نییە، چونکە پردێکە بۆ پەڕینەوە بەرەو دکتاتۆریەت.. سانسۆر نیشانەی لاوازی و ترسنۆکی دامو دەزگاکانی دەسەڵات و خودی دەسەڵاتە، ئیعترافێکی ناڕاستەوخۆی دەسەڵاتە بە ناهەقیانەتی خۆی، دەنا ماقوول نییە لە وشە بترسێت.

بۆیە دەقی ئەدەبی لە کەش و هەوای سانسۆر زەدەدا، لە ڕێگەی ڕەمز و بەرهەمهێنانی دەلالەتی هونەرییەوە خۆی لە داوی سانسۆر دەرباز دەکات و هەرچەندە بەندە پێم وایە دەقی ئەدەبی نابێ لە هیچ سەردەمێکا لە گۆنگی و مەندی فیلیڤانی بەدەربێت.. بە خەیاڵاندنی واقیع و لە واقیعیەتاندنی خەیاڵ غافڵ بێ؛ هەمیشە لەو دیوی جیهانی خەیاڵی ئەدەبیاتەوە، جیهانێکی واقیعی هەیە.

**پرسیاری پەنجا و پێنج:** تۆ هەمیشە بەگژ دەقە مەزنەکانی ئەدەبی جیهانیدا دەچێت، چ لە خوێندنەوە و چ لە وەرگێڕاندا، کاتێک دەقێکی بەرز و باڵا، دەقێکی زیندوو و کاریگەر دەخوێنیتەوە هەست بە چ

دەکەیت؟ ئایا لە دوای خوێندنەوەی ئەم جۆرە دەقانە هەست ناکەیت نەک هەر نووسەرانی دیکە، خۆشت چەند پێویستت بەوەیە (دەقێکی ئەوها پڕ تام و چێژ) بنووسیت؟ هەست ناکەی زمانی کوردی چەندە هەژار و بەدبەختە لە هەنبەر ئەمجۆرە دەقە جوان و کاریگەرانە؟

من زۆر دەق دەخوێنمەوە، زۆر کەمیان و بە دەگمەن نەبێت زۆربەیان هیچ شتێک لە نێو بیرەوەریی و مێشکی مندا دروست ناکەن و نابنە بیرەوەریی و یادەوەرییەکی کاریگەر لە نێو زمان و مێشکی مندا؟ ئایا تۆش هەمان هەست و لێکدانەوەت هەیە، ئەگەر وایت ئەمە بۆچی دەگێڕیتەوە؟ کەچی کە بابەتێک و دەقێک لە زمانێکی دیکە دەخوێنمەوە، نەک هەر خۆم، دەوروبەرەکەشم تەڕ تەڕ لە بیرۆکە و ڕووداو و جوولە دەخەن، بالّم لێ دەڕسکێنن، هەستەکانم دەجوولێنن و دەمبەنە دنیایەکی هێندە پڕ لە (واتا و فیکر و لێکدانەوە) کۆتایی نەبێت؟ لە لای تۆ چۆنە؟

کە چیرۆک خۆی قسە بکات، واتە بەشێک لە ئەرکی گەیاندنی پەیام و تەکنیکی نووسینەکە خودی چیرۆک ڕای دەپەڕێنێت. ئێوە بە چ جۆرێک چیرۆکی (ئەزموونی نووسەر) دەکەنەوە چیرۆکێکی دیکە کە خوێنەر هەست بە بوون و کەسایەتی خۆی لە نێو کەسایەتی چیرۆکەکانت بکات؟

**وەڵامی پەنجا و پێنج:** دەقی زارەکی لە گەڵ گێڕانەوەدا دەمرێ، بەڵام دەقی نووسراو خۆی لە بەردەم ڕۆژگارا دەگرێت، بۆ نموونە تاکو ئەمڕۆش گوێ لە هۆمیرۆس دەگێڕێت و دەقە نووسراوەکان دەخوێنرێتەوە.. دەقی نووسراو زەمینە بۆ خوێنەر خۆش دەکات، شتانێک لە دەقدا کەشف بکات، ڕەنگە خودی نووسەرەکە نە مەبەستی بووبێ و نە لە پرۆژە نووسینەوانیەکەیدا بووبێ... دەق، دەقی هونەری ئاسۆی بیرکردنەوەی خوێنەر فراوان دەکات و دنیایەکی تازەی لە

بەردەمدا دەکاتەوە. دەق بەسەر فرە ڕاڤەییدا دەکرێتەوە و لە کاری نووسراودا، مانا سنووری بویەری دەقەکە دەبەزێنێ.. هەڵبەتە خوێندنەوەش بەشێکە لە ڕۆشنبیری و لێی جیا نابێتەوە. خوێندنەوەش چالاکییەکی فرە ئاست و فرە ڕووە. هەڵبەتە خوێندنەوە لە گەڵ زەماندا دەگۆڕێت و بەهای دەق لە خوێندنەوەدا چێدەبێت و زندوویەتی دەق بە خوێنەرەوەیە، بۆیە خوێنەر دەبێ فێری ئەوە بێ چۆن قسە دەگەڵ کتێبدا دەکات، نەک هەر باسی بکات. خوێندنەوە دیالۆگێکی جدیە لە نێوان دەق و خوێنەردا، بۆیە ڕەگی خوێندنەوە لە پرسیاردایە و دەق پرسیار لای خوێنەر دروست دەکات، واتە خوێنەر تەنیا گوێگرێکی گوێڕایەڵ نییە، بەڵکو دەبێ موناقەشەکارێکی زیرەک و جدی دەقەکەش بێ، دەق بە شێوەیەکی گشتی وەکو دەگوترێ ئامێرێکی سست و تەمەڵە، خوێنەر دەیخاتە ئیش.

خوێندنەوە دەکاتە گەڕان بە دووی مانا پەنهانەکانی دەقدا، خوێندنەوە دەبێ تیشک بخاتە سەر ڕەهەندە هەمە جۆرەکانی کاری ئەدەبی. خوێندنەوە جگە لەوەی لەزەتێکی ئیستاتیکیە، خوێنەر لە ماوەی خوێندنەوەکەیدا، لە خەم و نیگەرانییە وجودیەکانی خۆی ڕزگار دەکات، لە دوا ئەنجاما نۆڕینی بۆ شتەکان دەگۆڕێت و ئیدی خوێندنەوە دەبێ بە بەشێک لە ئەزموون و ئەزموونی نووسینیش دەوڵەمەند دەکات، وەکو چۆن نووسینی فیلیڤانی هونەرە، بەو ئاوایە باش خوێندنەوە و قووڵ خوێندنەوە و دروست خوێندنەوەشی جۆرە هونەرێکە بۆ خۆی. وەکو چۆن نووسەری کارامە و پڕ ئەزموون، لەزەت لە نووسین دەبینێ، دیاردە و بویەر و ئەزموونەکانی ژیان، چ هی خۆی و چ هی خەڵکی تر... هونەرمەندانە دەخوێنێتەوە و لە قاڵبی دەقی فیلیڤانیدا دەیهونەرێنێ و ساتە زندووەکانی ژیان بە زەبری هونەر ڕاو دەکات و نەمریان پێدەبەخشێت و بە جۆرێ ئالکاوی لەزەتی نووسین دەبێت کە کاتێ بەخۆی دەزانێ ئالوودەی نووسین

بووە و هەرچی دەکات و دەکۆشێت بۆی تەرک ناکرێت.. خوێنەریش دەبێ بەو ئاوایە ڕمووردە و متووی خوێندنەوە بێت و خۆی فێر بکات چۆن لەزەتی ئیستاتیکی لە خوێندنەوە بدینێت، موناقەشەی جددی و هونەریانەی دەق بکات.. کە دەقێکی باڵا دەخوێنمەوە، هەست بە جۆرە حەپەسان و گەشکەیەکی گۆنگ دەکەم، دووچاری جۆرە بەغیلیەکی هونەری دەبم، سام دەمگرێ، خوزیا دەخوازم ئەو دەقە هی من بوایە، لە کاری وەرگێڕاندا، بەشێکی زۆری ئەو کارانەی کردوومن، زادەی ئەو خۆزگەیەن... سەبارەت بە (هەژاری و بەدبەختی) زمانی کوردی، ئەم پرسیارەم لە لا دروست دەبێ. من لە زمانی کوردیدا کۆڵەوار و هەژارم یان زمانەکە لە ڕەسەندا هەژارە؟!

کەلەپووری ڕۆشنبیریی کوردی زیاتر زارەکی بووە و نەنووسراوەتەوە و پشتا و پشت و لە ڕێگەی گێڕانەوەوە هاتووە ئەوەی مابێتەوە، ماوەتەوە و ئەوەی تری بیرچووەتەوە یان داگیرکەرانی کورد، ئەویشیان داگیر کردووە و خۆیان لێ بە خاوەن کردووە.. هەر میللەتێک زمانی نەتەوەیی (زمانی خوێندن و نووسینی یەکگرتووی) نەبێ، بەتایبەتی کە بندەست بێ و دەوڵەتی سیاسی نەبێ ئەوا یەکێک لە فاکتەرە هەرە گرینگەکانی مقاوەمەت و بەرەڤانی لە خۆی، لە دەست دەدات و ئەگەری پارچەپارچە کردن و بە چەند نەتەوە کردنی زۆر زیاد دەبێ... زمانی کوردی لە هەموو ئەو وڵاتانەدا کە بە ناهەق کوردیان پێوە لکێنراوە، سەرکوت کراوە و دەکرێ و بە دەیان پرۆسەی تواندنەوە و شێواندن و گەشە نەکردنی خەتەری بۆ وەگەڕ خراوە و نەک هەر ناهێڵرێ ڕەواج پەیدا بکات، بەڵکو زۆر بە وردی هەوڵدەدرێت لە بەرچاوی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بخرێ و وابێتە بەرچاو کە زمانی کوردی زمانێک نییە بتوانێ بابەتێن فیکری و فەلسەفی و هونەری و زانستی بەرهەم بهێنێت.

له هەرێمی کوردستاندا، بە دوو شێواز دەخوێنرێت!! غافڵین لەوەی، هەر شێوەزارێک پێی نووسرا و خوێندرا، بوون بە خودانی پاشخان و کەلەپووری ڕۆشنبیریی کار بۆ خۆیبوونی خۆی دەکات، کار بۆ یەکێتی و یەکبوون ناکات. لە کاتێکا ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا، کە لە ڕووی شێوەزار و لە ڕووی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی ئاینی و مەزەبییەوە، نموونەیەکی بچووک کراوەی کوردستانی گەورەین، دەمانتوانی زمانێکی ستانداردی ئەوتۆ دروست بکەین، کە لە حاڵی وەدەستهێنانی هەندێ مافی نەتەوەیی لە بەشەکانی تری کوردستاندا، بێنە سەر زمانی ستانداردی حازری! چونکە زمانی ستانداردی خوێندن و نووسینی یەکگرتوو، بۆ ئێمە بە ئەندازەی قەوارەی سیاسی گرینگە و هەندێجار گرینگتریشە، دەنا داگیرکەرانی کورد بەو ئەندازەیە پێی قەڵس و تەنگەتیلکە نەدەبوون. هەڵبەتە هیچ زمانێک لە خودی خۆیدا و بە تەبیعەت و لە ڕەسەندا لاواز یان دەوڵەمەند نییە. هیچ زمانێک لە زمانە زیندووەکانی ئەمڕۆی جیهان، لە سەرەتادا بەم شێوەی ئێستا نەبووە. زمان کە زادە و بەرەنجامی پێداویستییە مادی و مەعنەوییەکانی مرۆڤە، بە گوێرەی ئەو پێداویستیانە، دەگۆڕێ و لە گۆڕانی بەردەوامدایە و ڕەنگدانەوەی ژینگەی سروشتی و سایکۆلۆژی و جڤاکی و فیکری و فەلسەفی و هونەری و زانستی کۆمەڵگەیە. زمان بە نووسین و لە ناو پرۆسەی نووسیندا گەشە دەکات و دەوڵەمەند دەبێت، بە وشە و نووسین دەسکەوتە فیکری و فەلسەفی و هونەرییەکانی خۆی لە تۆمارگەی بەرهەمهێنانی مێژووی بەشەردا تۆمار دەکات و بەرە بەرە دەبێت بە خودانی بەخششی فیکری و فەلسەفی و هونەری و زانستی و سەنگ و ئیحتوبار پەیدا دەکات. بۆیە تا زمان پوختە و خزمەتکراوتر و

**زمـــان بە نووســـین و لە نـــاو پرۆسەی نووسیندا گەشە دەکات و دەوڵەمەند دەبێت،**

دەوڵەمەندتر بێت، پرۆسەی نووسین و وەرگێڕان خۆشتر و ئاسانتر دێتە دەست، دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە. هەڵبەتە هەر زمانێکیش بگری توانا و ئیمکانیات و وزەی خۆی هەیە، لە سەر ئەهلی قەڵەمە کەشفی بکات و بیتەقێنێتەوە و بەکاری بێنێ، نەک بێتوانایی زمانەوانی خۆی بدات بە ملی زمانەکەدا.. ئاساییە، بەو حاڵ و ڕەوشەوە کە زمانی کوردی تیایە، دەقی کوردی ئەو قووڵی و ئەفسوونەی تیا نەبێ، کە لە زمانانی دیکەی پوختە و خزمەتکراودا هەیە و ئەمەش مایەی نائومێدی نییە... ڕەنگە بوێرم بڵێم دەق دەکاتە بەرهەمهێنانێکی ئەفسووناوی زمانێکی دەلالەت ئامێزی پڕ لە گۆنگی فیلیڤانی... بۆیە هیچ دەقێکی فیلیڤانی ئەدەبی، بەبێ تەفسیری ڕەمزی، ئەدەبی بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات و نایەتە تێگەیشتن، تێگەیشتنێ کە ڕەگی بچێتەوە سەر لەزەتی ئیستاتیکی.

**پرسیار:** ئەی لەبارەی چیرۆکەوە چی دەڵێن؟

**وەڵام:** سەبارەت بە دنیای چیرۆکڤانی بە هەموو جۆرەکانییەوە، لە بنەڕەتدا بریتیە لە گۆڕینی ئەزموون بۆ هەست، کەڵەکەبوونی هەست، وەعی و هۆشمەندی لێدەکەوێتەوە، وەعی لە هەڵوێستی مرۆڤانی و بە هەڵوێستی مرۆڤانی گوزارشت لە خۆی دەکات.. هەقە پرسیاری خوێنەر ئەمە بێ: ئەم دەقە فیلیڤانیە، چ شتێکی تازەی، هونەریانەی بۆ کەشفکردووە؟ چ جیهانبینیەکی تازەی پێ بەخشیوە.

بۆیە هیچ دەقێکی فیلیڤانی ئەدەبی، لە پرۆسەی خەیاڵاندنی واقیع و واقیعیەتاندنی خەیاڵ بەدەر نییە، بەڵام ناسنامە و تایبەتمەندی مەرجێکی زۆر گرینگە بۆ دەقی ئەدەبی، بۆ نموونە ڕۆمانی ئەمریکای لاتینی و ژاپۆنی ناسنامە و تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بۆیە ئیزافەیە بۆ ڕۆمانی ئەورووپی، نەک درێژەی ڕۆمانی ئەورووپی.

**پرسیاری پەنجاو شەش:** تۆ بە چ جۆرە تەکنیکێک چیرۆکەکانت دەنووسیت؟ فرە پاڵەوانی، فلاش باک، ڕەمز و هێما و ئەفسانە، بەشێکی گرینگی کەرەستەکانی نێو دەقەکانی تۆن، ئایا وەکو وەرگێڕێک چەندە توانیوتە سوود لە ئەزموونی چیرۆکڤانی نووسەرە جیهانییەکان وەربگریت؟

**وەڵامی پەنجاو شەش:** کاری فیلیڤانی ئەوە نییە، لە دووی فرمۆلەیەکی فیکری بی و بێی لە قاڵبی فرمۆلەیەکی ئەدەبی حازرو ئامادەی بدەیت. هاوارێکی گۆنگ، فرە ئاست و فرە ڕەهەند لە ناخا دەپەنگێتەوە، داوای دەربڕین دەکات، ئیدی بەدەم کارلێکی هونەرییەوە، بەرە بەرە گەڵاڵە دەبێت و دەخەملێ و تەکنیکی خۆی بەرهەمدێنێ، نووسینی فیلیڤانی دەکاتە گۆڕینی ئەزموون بۆ هەست و بەدەم ئەم کردە هونەرییەوە، خەون و واقیع دەکەونە شوێنە گۆڕکێ و لە باری هونەرییەوە یەکدی تەواو دەکەن.. ئیدی دەق پەیدا دەبێ، نووسەر خوائاسا لە هەموو شوێنێکی دەقەکەدا هەیە و لە هیچ شوێنێکدا نابینرێ.. واتە بوونی نووسەر، لە ناو دەقدا بوونێکی پەنهانە و لە سەرانسەری دەقەکەدا تواوەتەوە، بەبێ ئەوەی خۆی کەشف بکات و بەبێ ئەوەی بیەڵێ، ببێ بە بارێکی گران بە سەر خوێنەرەوە.. هەر نووسەرێکی کارامە و شارەزا سوود لە ئەزموونەکانی ژیان، چ ئەزموونی خۆی و چ هی خەڵکی و چ هی خوێندنەوە، وەردەگرێ و بە گوێرەی زەروورەتی هونەریی دەقەکە، تەوزیفی دەکات.

هەڵبەتە، تا سیما و حوزووری نووسەر لە دەقەکەدا نادیار و پەنهانتر بێ، باشترە و کاریگەریی هونەریی دەقەکە زیاتر دەبێ.

کاری چیرۆکڤانی بە هەموو جۆرەکانییەوە دنیایەکی یەجگار ئالۆز، دەوڵەمەند و فرە ئاست و فرە ڕەهەندە، ئەمەش شارەزایی و ڕۆشنبیریی و ڕاستگۆیی و سەبر و حەوسەڵە و ئەزموونی دەوڵەمەندی دەوێ.. خوێندنەوە جگە لەوەی بەشێکە لە ڕۆشنبیریی و سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی ئەزموونیشە، لە پرۆسەی گۆڕینیا بۆ هەست، مەرجە نەفەسی خۆتی پێ ببەخشێت.

**پرسیاری پەنجاو حەوت:** تۆ مرۆڤ وەکو پەیام و گوتار و مەبەستی سەرەکی نێو دەقەکانت بەکار دەهێنی، ئایا بەڕاستی مەبەستت خودی مرۆڤە یان مێژووی مرۆڤ؟ یان دەتەوێ مرۆڤێک نیشان بدەیت، کە کەسێکی بالاتر لە واقیع و بەهێزتر لە ڕووداوەکان و کاراتر لە وزەی ئاسایی، یان بە پێچەوانەوە تۆ هەمیشە کەسانێکی واقیعی لە نێو دەقەکانی خۆتدا وێنا دەکەیتەوە، کە کووت و مت کەسانی ئاسایی و هەقیقی نێو کۆمەڵگان؟ لە هەر دوو دۆخدا بۆچی ئەمە دەکەیت؟

**وەلامی پەنجا و حەوت:** زۆربەی ئەدیب و نووسەر و زانا و دانا و خودان نەزەران، لەوەدا یەکدەگرنەوە کە بابەتی هەوەڵ و ئاخیری ئەدیب بریتییە لە مرۆڤ و ئازادی مرۆڤ. ئیدی جۆری چارەسەر کردن و مامەڵە کردن لە گەڵ ئەم بابەتانەدا لە ئەدیبێکەوە بۆ ئەدیبێکی دی دەگۆڕێت. سارتەر گوتەنی "نووسین ڕێگەیەکە لە ڕێگەکانی ئازادی خوازی، هەر کە گرتتەبەر – بتەوێ و نەتەوێ – مولتەزیمی و دەبێ مولتەزیم بی". ئیلتیزامیش دڵسۆزی و وەفادارییە دەرهەق بە ئامانجێک. ئامانجی ئەدەبیش وەکو گوتمان مرۆڤ و ئازادی مرۆڤە. جوانترین ئیلتیزام ئەوەیە لە ناخی خاوەنەکەیەوە و بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە و مرۆڤانی خۆڕسک هەڵقولابێ و دزێوترینیش ئەوەیە لە دەرێ ڕا سەپێنرابێ و بە خوت و خۆڕایی

تەلبەندی هەمەجۆری عەنتیکەی لە دەوری ئەدیب کێشابێ و بەم لا و بەولادا ئاراستەی بکات، قەڵەمی ئاراستەکراو هەمیشە لە قەڵەمی بەکرێگیراو خەتەرترە، چونکە ئەگەر تا سەریش نەتوانێ، ئەوا بۆ ماوەیەک دەبێت بە دێوجامەی ڕاوە جەماوەر و تەفرەدانی خەڵکانی سادە. ئەدەبیات لە کەش و هەوای ئازادا دەڕسکێ و ئازادی لە ڕۆحی مرۆڤدا بێدار دەکاتەوە. دەقی فیلیڤانی لە بنەڕەتدا، قاڵب شکێنییە، قاڵب شکێنی ڕەگی لە شۆڕشگێڕییدایە؛ بژی یاخی لە ژیان، بمرە یاخی لە مردن. مرۆڤ بە ژیانییەوە شتە، لە دەرێی ژیاندا ناکاتە هیچ... مرۆڤ لە میانی کردارەکانیەوە دێتە ناسین، چارەنووسی مرۆڤ لە دەستی خۆیدایە، کردار زەمینە بۆ مرۆڤ خۆشدەکات کە بژی، مومارەسەی ژیان بکات، ئیدی ئیدراک و ناسینی خود، لە هەمان کاتدا دەکاتە ئیدراک و ناسینی بوونی غەیری خۆت، ئەوەی کە بوونی خۆی کەشف دەکات، لە هەمان کاتدا بوونی غەیری خۆی کەشف دەکات، واتە بوونی غەیری خۆی مەرجە بۆ بوونی خودی خۆی، بەبێ ئیعترافی خەڵکانی دی، ناکاتە هیچ.

مرۆڤ بەدەم ژیانەوە و لە ناو ژیان و خۆ گێڕانەوەدا، تاریخیەتی پەیدا کردووە و پەیدا دەکات، ماهیەتی ئینسان، بەرەنجامی تێکڕای کردارەکانیەتی. چیرۆکنووس، زیاتر بایەخ بە خوێندنەوە و ڕاڤەی هونەریانەی لایەنە پەنهانەکانی ئەزموونە مرۆڤانیەکان دەدات.

دۆزی ئەدەب، دۆزی مرۆڤ و ئازادی مرۆڤە بە هەموو گۆنگیە بێرونی و هندوریەکانیەوە لە ڕەفتار و هزرین و هەست و ئەنگێزە و خەون و خەیاڵ و خەم و خولیا و ئاوات و پەیوەندییەکانییەوە؛ ژیان بە مرۆڤەوە ئاوا و ئاوەدانە.. ژیان سەرچاوەی هەموو داهێنانێکە، بۆیە دەبێ بە جدی، بە قووڵی، بە عەشقەوە مومارەسە بکرێ.. ئێمە وەکو کرێچی مامەڵە لە تەک ژیاندا دەکەین!! ژیانمان لێبار کراوە، مەحکوومین بە ژیان، دەنا بەو قووڵیەی پێویستە مومارەسەی ناکەین. بۆیە

خوێندنەوەی هونەریی قووڵمان بۆ بابەتی چیرۆکەکانمان، لە هەر دوو ئاستی وەرگرتنی ئەزموون و دانەوەی ئەزموون نییە.. سەبر و حەوسەڵەمان نییە، ئێمە ژیان بەڕێ دەکەین، ئەمەش بۆ خۆی مردنە..

بۆیە دیاردەی دەقی سەرڤە سەرڤە، فۆتۆگرافیانە، ڕاپۆرتەوانی، لاواز و نەزۆک زاڵە، ئەدەبی کوردی بە زۆری بەدەنگی بەرز و بە زمانی خوڕ قسە دەکات، لە کاتێکا تایبەتمەندی سەرەکی ئەدەبی ڕەسەن، زمانی مەند و چپەدووە.. نووسەر نابێ بە تەمای ئەوە بێ، نووسەری دڵخوازی هەموو نەوەکان بێ، چونکە ژیان لە گۆڕانی بەردەوامدایە و هەر نەوەیەک نووسەر و دەنگ و ڕەنگی خۆی بەرهەمدێنێ.. نووسەر دەبێ مەمنوون بێ ئەگەر بتوانێ نووسەری سەردەمی خۆی بێ، شایەدی ڕاستگۆ و متمانەپێکراوی سەردەمی خۆی بێ، بەڵام پێویستە هەمیشە ئەوەی لە بیر بێ کە ڕاستگۆیی هونەریی، فاکتەرێکی هەرە گرینگە بۆ ئەوەی دەق سنووری سەردەمی خۆی ببەزێنێ و بۆ سەردەمانی دی درێژ ببێتەوە.. ئەرکی چیرۆکنووس ڕاڤەی بویەرەکان نییە، بەڵکو ئەوەیە کە هونەریانە تەرحی بکات..

**ئەدەبی کوردی بە زۆری بەدەنگی بەرز و بە زمانی خوڕ قسە دەکات،**

خەیاڵاندنی واقیع و واقیعیەتاندنی خەیاڵ تان و پۆ و مەرجی هەرە گرینگی دەقی چیرۆکڤانیە، هەر دەقێکی ئەدەبی لە خەون و خەیاڵی قووڵی مرۆڤانی بەدەر بێت، ئەدەبیەت وەرناگرێ و لە مەلێکی باڵکراو دەچێ کە بێهودە بە تەمای بەرزەفڕی بێ و هەر پشتیوانیەکی نا ئەدەبی لە پشت وهەر تیشکێکی نا ئەدەبی بخرێتەسەر، بێهودەیە و هەرگیز ناگاتە ترۆپکی داهێنان و ئەفراندن و هیچ ڕۆحێکی پێ ئاوەدان ناکرێتەوە..

**پرسیاری پەنجا و هەشت:** تۆ ئەو شێوازی گێڕانەوەیەی لە دەقەکانی خۆتا پەیڕەوی دەکەی چییە؟ لە کاتێکا ئێمە دەزانین زمان و شێوازی گێڕانەوە دوو بنەمای گرنگی چیرۆکن. (گێڕانەوە لە نێو گێڕانەوە) (وشە وەسفی وشە) دەکات، (کاراکتەرێک کارەکتەرێکی دی دروست دەکات) ئەمە واقیعی خەیاڵی مرۆڤە؟ چۆن ئەم واقیعە خەیاڵی و خەیاڵاندنە دەروونییەی مرۆڤ لە نێو دەقەکانی خۆتدا جێگە دەکەیتەوە؟

**وەڵامی پەنجا و هەشت:** هونەری چیرۆکڤانی، لە هەموو هونەرەکانی دی پتر لە ژیان دەچێت. چیرۆک و ڕۆمان لە پێناسە گشتیەکەیدا دەکاتە خوێندنەوە و بۆچوونی شەخسی بۆ ژیان و دەربارەی ژیان، بۆیە بەها هونەرییەکەی زیاتر لەم خوێندنەوە و بۆچوونەدایە. ئیدی ئەم بەها هونەرییە، بەگوێرەی چڕی و دەوڵەمەندی و دروستی خوێندنەوە و پێشبینی هونەری داهێنەرەکە دەگۆڕێ. بەم پێیە ڕۆمان دەکاتە داستانێکی خودی، نووسەر ئازادانە و بە شێوازی خۆی خوێندنەوەی هونەری بۆ ژیان دەکات و ئیدی دەمێنێتەوە سەر ئەوەی، کە بزانین ئاخۆ شێواز و ستایلی تایبەتی خۆی هەیە یان نا، ئیدی ئەوەی دەمێنێتەوە، خۆبەخۆ دەڕسکێ. شێواز وەکو پەنجەمۆرە، چۆن پەنجەمۆری کەس لە هی کەس ناچێت، شێوازیش دەبێ بەو ئاوایە بێ، تایبەت بە خۆت بێ. شێواز بەدەم پرۆسەی نووسینەوە نەش و نما دەکات و چێدەبێت.... ئەو فۆرم و وێنە و بەها هونەریانەی هونەرمەند دەیخوڵقێنێ، دەبن بە نموونە و خەڵکی چاوی لێدەکەن و دەگۆڕێن؛ پەیامی هونەرمەند ئەوەیە جیهانبینییەکی هونەری لەلای خوێنەر چێ بکات، وشە و زمان ڕۆحی ئەدەبە، تان و پۆی دەقە، بۆیە ئەدیب لە سەرێتی لە شێوازا بەرجەستەی بکات و نەفەسی خۆی پێ ببەخشێت و شێوازی

تایبەتی خۆی لە وتن و نیشاندانی شتەکاندا بدۆزێتەوە.. وا لە خوێنەر بکات بە بەردەوامی هەست بکات لە بویەرەکانی دەقەکەدا بەشدارە... لە خەیاڵاندنی واقیع و واقیعیەتاندنی خەیاڵدا، دەق دەلالەتی هونەری و لەزەتی ئیستاتیکی پەیدا دەکات.

**پرسیاری پەنجا و نۆ:** ئایا بڕوات بەوە هەیە، کە تۆ دەبێت لە هەندێک دۆخدا لە ڕێسا گشتیەکانی چیرۆک و ڕۆماننووسی لابدەیت و پەنا وەبەر تەکنیک و زمان و شێوازی تایبەتی خۆت ببەیت؟ بۆ نموونە کە تۆ دەقێکی ڕەخنەگرانە دەنووسیت، پێتان وایە تەکنیکی هونەری نووسینی دەقەکەت دەبێت لەوانی دیکە جیاواز بێت؟ ئایا بە کردەوە تۆ هەوڵتداوە دەقێکی جیاواز، لەوانەی پێشەخۆت، یان سەردەمی خۆت بنووسیت؟ ئەگەر ئەمەت کردووە کامە دەقە؟ چۆن ئەمەت بەرهەمهێناوە؟

**وەڵامی پەنجا و نۆ:** نووسەر، ئەدیب پێویستە لە خەمی ئەفراندنی دەقێکدا بێ، کە خەڵکی وادار بە بیرکردنەوە؛ بە کردار بکات، کارێکی وەها بکات تەنیا بەکاربەری ژیان نەبن، بەڵکو بەرهەمهێنەری ژیان بن... دەقی هونەری نهێنی سازی و نهێنی دۆزییە. هونەرمەند تەمەشای دنیا دەکات، وەکو چۆن خۆی دەیبینێ ئاوای دەنووسێت، ئەمەش لە زمان و شێواز و تەکنیکی تایبەتیدا بەرجەستە دەبێت، سیحری دەق لە تەکنیکدایە. وشە، لە دەقی هونەریدا، نیشانەیە، دەلالەت لە شتێکی دەرێی خۆی دەکات، واتە داله، دەبێ بەخۆت وەکو خوێنەری جدی مەدلولەکەی کەشف بکەی.. بابەتی ئەدەبی کە لە ناخا پەنگایەوە، تەواو خەمڵی و ڕسکا، داوای دەربڕین و لە دایکبوون دەکات، وەکو چۆن منداڵ، لە منداڵداندا کە مانگ و ڕۆژی خۆی تەواو کرد داوای لە دایکبوون دەکات و دەبێ زەمینەی لە دایکبوونی بۆ خۆشبکرێ و مامان یارمەتی لە دایکبوونەکەی دەدات،

بەرهەمی هونەریش کە تەواو خەملّی و پێگەیی لە قووڵایی ڕۆحەوە هاوار دەکات، خۆی بە سەر نووسەردا دادەسەپێنێ، دەیەوێ بوون پەیدا بکات، نووسەر دەوری مامان دەبینێ، بۆیە بەرهەمی هونەریی، لە پێش هەموو شتێکدا جۆرە سەرکێشی و ڕیسک بازیەکی زەینە.. لە نووسیندا جۆرە تەئکیدێکی خود هەیە، ئەمەش سەر بۆ جیاوازی لە نووسەرانی پێش خۆت یان سەردەمی خۆت دەکێشێت و ئەرکی خوێنەرە ئەمە کەشف بکات.. بەندە ڕەنگە لە کۆچیرۆکی (تیرۆژ) دا هەوڵێکی وەهام هەبێ؛ ئەم کۆمەڵە چیرۆکە، هەرچەندە لە ساڵی ١٩٧٩ دا چاپ و بڵاو بووەتەوە، بەڵام زووتر نووسراون. ئەم چیرۆکانە پڕن لە بۆشایی هونەری، کە پێویستە خوێنەر پڕی بکاتەوە، لە دەقی هونەریدا، دەبێ شتێک بۆ زیرەکی خوێنەر بهێڵرێتەوە. ئەم کۆ چیرۆکە، درێژەی چیرۆکی پێش خۆی نییە، بە شێوازێکی تازەوە هاتۆتە مەیدان، جۆرە دابڕانێکی هونەریی دروستکردووە، خوێنەری تەمەڵ غەدری لێکردووە، پێویستە لە ڕوانگەی بونیادگەرییەوە مامەڵەی لە تەکدا بکرێ و بەبێ تەفسیری ڕەمزی بە ئاسانی نایەتە تێگەیشتن.. خوێنەری ئێمە بە دەقی ئاسانفام ڕاهاتووە. بەهەرحاڵ (تیرۆژ) کۆمەڵێ دەقی کراوەن، لە هەوڵی ئەوەدان هیچ نەڵێن و خوێنەر ناچار بکەن، ئەو دیوی نەوتەنیەکان کەشف بکات، کۆمەڵە دەقێکی قاڵب شکێنە، زیاتر لە هەوڵی پەنهان کردنی مانادایە. زمانی ئەم دەقانە، زیاتر زمانێکی زهنیە تا زمانی ئاسایی، بۆیە پێویستە لە زمانی ئەو دەورانەدا بۆ ناسینی ئەو دەقانە بگەڕێی کە دەقەکەی تیا نووسراوە.

خوێندنەوەی ئەم دەقانە، جۆرە هەستێکت لەلا دروست دەکات کە هیچ شتێک بۆ گوتن نەماوە و دەبێ نیشاندان جێگەی وتن بگرێتەوە. تیرۆژ کۆمەڵێک دەقی قاڵب شکێنە، ئامانجی گەیشتنە بە دەقایەتی خۆی. شتێکە هێوەتر لە دەقایەتی ئاسایی دەڕوات. بزاڤی

ئەم دەقانە بەرەو هەدەفێکی دیاریکراو نییە، هەدەفەکە لە ئەوزارەکەدا تواوەتەوە، بۆیە خوێنەر بە ئاسانی پێی ناوێرێ.

وەکو چۆن منداڵ، لە منداڵداندا، مانگ و ڕۆژی خۆی تەواو کرد داوای لە دایک بوون دەکات، بابەتیش کە لە ناخا تەواو خەملی و پێگەیی، بەخۆی بەرۆکی نووسەر دەگرێ و داوای دەربڕین دەکات، ئامانجی گەیشتنە بە دەقایەتی، کە لە زمان و شێواز و تەکنیکدا خۆی دەنوێنێ و ناسنامەی خۆی پەیدا دەکات و خۆی بە خوێنەر و خوێندنەوەی جیاواز دەسپێرێت.

**پرسیاری شەست:** زۆرجار دەقنووس دەبێتە قوربانی خوێنەر و ڕەخنەگرەکان (یان باشترە بڵێم ڕەخنە نووسەکان)، (حەمە کەریم عارف) یەکێکە لەوانەی کەم ئاوڕی لێدراوەتەوە، یان ڕاگەیاندن لەو ئاستە نەبووە بە کردەوە توانا و پێگە و هێزی نووسینەکانی تۆ شیکار بکات، یان بەڕاستی ئەمە پەیوەندی بە گروپچێتییەوە هەیە؟ ڕەنگە ئاسایی بێت لە هەندێک دۆخی تایبەتیدا کەسانێک لە سایەی پەیوەندییە تایبەتیەکانیان بگەیەنرێنە ئاستێکی هێندە بەرز ترسیان لە کەوتن و بەربوونەوە لەم شوێنە بەرزە هەبێت. ئایا تۆ قەت (جورئەتی ئەوەت کردووە) داوا لە کەسانێک بکەیت لە سەر چیرۆکێک، یان دەقێکی تۆ بنووسن؟ ئەگەر ئەم جورئەتەت نەکردووە بۆچی؟ ئایا پێت ڕەوا نییە کەسانێک بناسیت و داوایان لێبکەیت بە تەکلیف لە سەر دەقێکی تۆ لێکۆڵینەوەیەک، یان نووسینێک بنووسن؟

کەسانێک لە نێو واقیعی ڕۆشنبیریی و ئەدەبیدا بەوە ناسراون زۆریان لە سەر دەنووسرێت، ئایا زۆر لە سەر نووسین مانای گەورەیی و لێهاتوویی دەق دەگەیەنێت، یان هەندێکیان لە کردەوەدا هێزێکی نادیاریان لە پشتە بۆ ئەوەی (گەورە!!) بکرێن؟

**وەڵامی شەست:** پێموایە ڕەخنە زیاتر لێکەوتە و دەرهاوێشتەی شارستانیەت و سەرهەڵدان و پەیدابوونی کۆمەڵگەی بورژوازیەتە بە هەموو لێکەوتەکانییەوە. بۆیە ڕەخنە لە ژینگە و کۆمەڵگەی پاشکەوتوودا وەکو دیاردەیەکی شارستانی دیموکراتیەت ئامێز وەرناگیرێ و بەچاوێکی پەسند سەیر ناکرێت، زیاتر بە ئەوزاری دەرخستنی کەم و کوڕییان و ناوزڕاندن و تەنانەت جنێویش دادەنرێت. خەڵکی پاشکەوتوو بە حوکمی تەربێت و پەروەردە ناشارستانیەکەیان، یەکدییان قەبووڵ نییە، دیارە ئەم دیاردە خراپە، بۆ ناو هەموو کایە جۆراوجۆرەکانی ژیان، بە ئەدەبیشەوە شۆڕ دەبێتەوە، کە جیاوازی لە نێوان ئەو ڕەخنەیەی ئاراستەی دەق دەکرێ و ئەوەی ئاراستەی خاوەن دەق دەکرێ، ناکەن و غافڵن لەوەی کە دەق بڵاوبووەوە، ئیدی زیاتر پەیوەندی بە خوێنەرەوە پەیدا دەکات و پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە نووسەری دەقەکەوە نامێنێ؛ مەگەر وەکو خوێنەرێک!.. زندوویەتی دەق بە خوێنەرەوەیە، خوێنەری جدی (ڕەخنەگری پەنهان)، بەبێ خوێنەر دەکاتە کۆمەڵێک لاپەڕەی تۆز گرتوو لە ناو ڕەفەی کتێبخانانەدا.. دیارە ئەم جیاکردنەوەیەی لە سەرێڕا ئاماژەمان کردێ، دەکاتە کارێک خاوەن دەق هەر ڕەخنەیەک لە دەقەکەی بەرێتە سەر خۆی و غافڵە لەوەی بەم کارە دژایەتی دەقەکە دەکات.. لە کۆمەڵگەی پاشکەوتوودا، زۆرجار ڕەخنەگر (ڕەخنەنووس) زیاتر سەروکاری دەگەڵ خاوەن دەقدایە، تا لە گەڵ خودی دەقەکەدا، بۆیە ڕەخنە دەکەوێتە هەڵدێری جەڵەبیەت و مۆرکێکی بازاڕی وەردەگرێت و دەچێتە خانەی جنێو و ڕیابازی و خاترانە و دەستەوایی و کۆمەڵێک پەیوەندی شەخسییەوە و دەقەکە دەکرێت بە قوربانی کۆمەڵێک

> **ڕەخنە لەلای کۆمەڵگەیێن پاشکەوتوو، کە مخابن کوردەواری یەکێکە لەو کۆمەڵگایانە، زۆری ماوە ببێت بە چالاکییەکی فیکری و ئیستاتیکی**

هەرزەگۆیی بێهودە و چالاکییە ڕەخنەوانیەکەش لە گرێژەنە دەردەچێت و بە فرسەخان لە هەموو هزر و بیر و لەزەت و زەوقێکی ئیستاتیکی دوور دەکەوێتەوە. ڕەخنە لەلای کۆمەڵگەییێن پاشکەوتوو، کە مخابن کوردەواری یەکێکە لەو کۆمەڵگایانە، زۆری ماوە ببێت بە چالاکییەکی فیکری و ئیستاتیکی ئەوتۆ کە لە ڕێگەی شیکردنەوە و ڕاڤە و هیرمونتیکا و هەڵسەنگاندنەوە زەمینە بۆ داهێنان و تازەبوونەوە خۆشبکات؛ میللەتی بێ ڕەخنە کوێرە و کوێرانە مامەڵە لە تەک ژیاندا دەکات.

هونەر بە گشتی و دەقی ئەدەبی بە تایبەتی، بە هەر دوو لایەنی نووسین و خوێندنەوەوە، یەکێکە لە چالاکییە ڕۆشنبیریی و فیلیڤانیە ناوازەکانی بەشەر. خوێندنەوەی ئەدەبیات، هەوڵێکە بۆ کەشفکردن و دۆزینەوەی ئەو نهێنی و کۆد و هیمایانەی کە لە دەقەکەدا هونەریانە و بەچڕی بەکار هاتوون، دەقی هونەری قەوارەیەکی فرە توێ و ئەفسووناویە، خۆبەخۆ خوێنەر ڕادەکێشێت و لە گەڵ خۆیدا دەیبات، بۆیە جۆرەها خوێندنەوە هەڵدەگرێ. ئیدی خوێندنەوە لە ڕێگەی تێگەیشتنەوە مەیسەر دەبێت. دەقی هونەریی فرە توێ لە هەنبەر خوێندنەوەدا جۆرە مقاوەمەتێک دەنوێنێ و بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات، بۆیە خوێنەری ڕاهاتووی دەقی سەرڤە سەرڤە و ئاسان فام، زۆر پێی ناوێرێت و خۆی لێنادات.. ڕەخنە (خوێندنەوەی جدی) ئەرک و مەسئولیەتێکی فیکریە، بەڵام لە غیابی دەقی باشدا، دەقێک کە زەینی خوێنەر بشڵەقێنێ، دەقێک وەکو بەردێکی گەورە بخرێتە گۆلاوێکی مەندەوە و بیشڵەقێنێ، یان لە نۆڕین و شێواز و ستایلدا کەشفێکی تازەی کردبێ و دژە باو بێ، نە ئەو ئەرک و مەسئولیەتە ممارەسە دەکرێ و نە گلەییەکە دەخرێتە ئەستۆی خوێنەری جدی (ڕەخنەگری پەنهان)، بەڵکو دەکەوێتە گەردنی نووسەر. بەڵام هەندێجار دەقی گەورە و چاکیش، دەبێت بە قوربانی بێدەنگی و

فەرامۆشکردنی بە ئانقەست. ئیدی هۆیەکەی سیاسی بێ یان شەخسی، یان قەیران و نەزۆکی بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی قۆناغەکە بێ.

**پرسیار:** واتا ڕەخنە کارێکی قورس و ئالۆزە؟

**وەڵام:** هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە کاری ڕەخنەوانی بۆ خۆی کارێکی قورسە، پاشخانێکی ڕۆشنبیریی و چاندی فرە ڕەهەندی لە بوارێن دەروونناسی، کۆمەڵناسی، زمانەوانی و فەلسەفی و جوانیناسی دەوێ، بەهرەیەکی نووسەرایەتی گەورەی دەوێ، گەورە تر لە بەهرەی داهێنەری دەقەکە، کە ڕەنگە بەهرەیەکی خۆڕسکی بەس بێ، ئەگەر بابەتی دەق هەموو دنیا بێ، ئەوا بابەتی ڕەخنە خودی دەقە، دەق خوێندنەوەیەکی هونەری ئیستاتیکی بابەتە، لەم حاڵەدا ڕەخنە دەکاتە خوێندنەوەی خوێندنەوە، کە ئەمە بە تەنیا بە پشتیوانی بەهرە نایەتە دی، بەڵکو شارەزایی و ڕۆشنبیریەکی گەورەشی دەوێ، بەڵام وێڕای ئەوەش خەڵکانێک هەن، بەناوی ڕەخنەوە، دەقی باش لە سێدارەی وتاری ڕۆژنامەوانی سەرڤە سەرڤە و کلێشەیی ئامادە، دەدەن و لەو حاڵەدا وەکو دەڵێن: "العملة الرديئة تطرد العملة الجيدة"... کە ئەم جۆرە ڕەخنەیە، مخابن لەلای ئێمە زاڵە و ڕەخنەگر لە ڕق و حەزی شەخسی بەدەر نییە.

> **ڕەخنە و داهێنان وەکو بەشێک لە بزاڤی ئەدەبی، تەواوکەری یەکترن،**

**پرسیار:** مەسەلە بەجۆرێک لە خۆرەکان پەیوەندی بە ڕەخنەگری جدییەوە هەیە؟

**وەڵام:** ڕەخنەگری جدی، بە حوکمی بەهرە و زەوق و ڕۆشنبیریی ڕەخنەوانی خۆیەوە، بە هەموو دەقێک ڕازی نابێت، لە دەقێ دەگەڕێ، بیهاڕوژێنێ، هۆشیاریی ڕەخنەوانی بێدار بکاتەوە، تا بە گیانی داهێنەرانە مامەڵەی لە تەکدا بکات. چونکە ڕەخنە، خوێندنەوەی خوێندنەوەیە، واتە ڕەخنە پرۆسەیەکی داهێنەرانەیە کە بابەتەکەی کارێکی فیلیڤانی دیکەیە.. ڕەخنە و داهێنان وەکو بەشێک لە بزاڤی ئەدەبی، تەواوکەری یەکترن، گلەیی لە یەکێکیان دەکاتە تۆمەتبار کردنێکی پەنهان و ناڕاستەوخۆی دووەمیان.

سەبارەت بە بەندە هەرگیز ڕووم لە کەسێک نەناوە، کە لە سەر چیرۆک یان دەقێکی من بنووسێت، چونکە دەق بەخۆی جیهانێکی ئەفسووناویە و دەبێ بە خۆی خوێنەر ڕابکێشێت.. دەق کە بڵاوبووەوە، نووسەر دەچێتە خانەی مردووەوە و پاش ئەوەی نووسەر دەمرێت، ئەوەی دەمێنێتەوە، خوێنەر و دەقە.

دەق خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت. خوێنەر و موخاتەبی دەقی نووسراو، زۆر زیاترە لە موخاتەبی دەقی زارەکی. موخاتەبانی دەقی نووسراو، چ لە یەک سەردەمدا و چ لە درێژایی مێژوودا هەم جیاوازن و هەم زۆرن. دەق هەمیشە خوێندنەوەی دووبارەی بۆ دەکرێت، واتا خوێندنەوەی دەق کۆتایی نایەت، بەڵام گوتاری شەفەوی و زارەکی پەیوەندی بە گوێگرەوە هەیە.

**زۆر لە سـەر نووسـین، ئەگەر زادەی ئەفسوون و هونەرییەتی دەق بێ شتێکی باشە، بەڵام ئەگەر تەنیا بۆ گەورە کردنی دەقێک یان نووسەرێک بێت، ئەمە دەکاتە تیرۆری ڕۆشنبیریی..**

زۆر لە سەر نووسین، ئەگەر زادەی ئەفسوون و هونەرییەتی دەق بێ شتێکی باشە، بەڵام ئەگەر تەنیا بۆ گەورە کردنی دەقێک یان نووسەرێک بێت، ئەمە دەکاتە تیرۆری ڕۆشنبیریی.. چونکە یەکەم

ڕەخنەگری هەر دەقێک، نووسەری دەقەکە خۆیەتی، واتە هەر نووسەرێک ڕەخنەگرێکی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتووە، با ئەو ڕەخنەگرە مومارەسەی ڕەخنە لە سەر دەقی غەیری خۆیشی نەکات... بەڵام بیەوێ و نەیەوێ ئەو پاکنووس، پێداچوونەوە و مشت وماڵدانەی کە لە دەقەکەی خۆیدا دەیکات، خۆی لە خۆیدا، چالاکی و مومارەسەیەکی ڕەخنەوانییە.. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە هەر دوو چالاکییە ئەدەبی و ڕەخنەییەکە لە کارلێکی تەواودان، ڕەخنەی ئەدەبی بۆ خۆی ئەوزارێکە زەمینە خۆشدەکات، بۆ نوێئاوەری و تازەبوونەوە.

**پرسیاری شەست و یەک:** گوێم لێبووە دەڵێن (حەمە کەریم عارف) لە هەندێک ڕادەربڕیندا توندە، یان قسە لە ڕووە لە هەڵسەنگاندنی بابەتدا، کەسێکە گۆشەگیر، بە هیچ شتێک ڕازی نییە، تەنانەت هەندێک دەگاتە ئەوەی پێت بڵێن (حەمە کەریم زمان نازانێت!!!)؟ ئەمە چۆن لێک دەدەیتەوە، ئایا گۆشەگیری نووسەر هۆکارێک نییە بۆ داهێنان و گەڕان بەدوای بەرهەمدا؟ یان وەک باوە نووسەری گەورە دەبێت لە سەر مێزی گەورەی شەوانەی نێوان نووسەران بژیت؟.

**وەڵامی شەست و یەک:** بەندە پێموایە ئازادی غەریزەیە، بابەتی هەوڵ و ئاخیری هەر فەلسەفەیەکە، هەر کاتێ مرۆڤ دەستبەرداری ئەو غەریزەیە ببێت ڕەنگە لە ڕووی یاساییەوە، بە ئینسانی تەواو نەیەتە ژماردن. ئازادی و هەستکردن و ئاگایی بە ئازادی، ئینسان لە بوونەوەرانی دی جیا دەکاتەوە، ئینسان جگە لە ژیانی هیچی دی نییە، لە دەرێی ژیاندا ناکاتە هیچ، ئینسان تەنیا یەکجار دەژی، ژیانی موڵکی خۆیەتی، ئازادە لەوەی چ ژیانێک هەڵدەبژێرێ، چۆنی مومارەسە دەکات، خەڵکانێک کە دێن، بە تۆبزی دەتخەنە سەنگەرێن وەک: توندە، نەرمە، قسە لە ڕووە، گۆشەگیرە، کوردی نازانێ ئەمە

له لایەکەوە کێشەی خۆیانە و دەرهاوێشتەی پاشکەوتنی کۆمەڵایەتییە و لە کۆمەڵگەی پاشکەوتوودا، دەبێ وەکو خەڵکی بی، خۆت لە قاڵبی وان بدەیت دەنا لێدەدرێی. لە لایەکی دیەوە باوەڕیان بە ئازادی تاک و مافی مومارەسەی تاکگەرایی نییە، بە خۆ بزانن، یان نا تەنیا مێشووله ئاسا گیزەگیزێکی بێهودە دەدوورنەوە.

بەندە پێموایە، خەڵکانی کۆمەڵایەتی، زۆربەی کات لە دەرەوەی خودی خۆدا دەژین، وەختیان لێ زیادە، بۆیە بەگوێرەی ڕاستە پڕگاڵی خەڵکانی دی دەژین، زیاتر بەکاربەری ژیانن، تا بەرهەمهێنەری ژیان بن.. من بەوە قابیل نیم کەسێک بە دڵی هەموو کەسێک بێ، هەموو کەسێک ڕازی بکات و لە هەموو شتێک ڕازی بێ، چونکە ئەوە دیاردەیەکی نەرێنیە و مرۆڤ لە سیفەت و خەسڵەتە مرۆڤانیەکانی خۆی دادەماڵێت و دووچاری خیانەت لە ئنسانیەتی خۆی دەبێت. من یەک لەباری خۆم ڕووبینی و مجامەلە بە ڕیا و نیفاق دەزانم، چونکە ئەمە دەکاتە زندە بەچاڵکردنی پرسیار و ڕەخنە، هەر کۆمەڵگەیەک پرسیار و ڕەخنەی نەبێ کۆمەڵگەیەکی کوێرە و لە ناو جەرگەی مێگەلایەتیا بێهودە خۆی کاوێژ دەکاتەوە، دەبێت بە بتساز و زەمینە بۆ بتپەرستی و پیرۆزاندن خۆشدەکات و غافڵە لەوەی کە نە بتپەرست دەبێ بە خودان عەقڵ و ئاوەزی شیکاری و نە بت دەستبەرداری پایە و پێگەی بتایەتی خۆی دەبێت. سەبارەت بە کوردی نەزانی من، ئەوە کێشەی ئەو خەڵکانەیە کە وا دەڵێن، ئەگەر یەک حەرفی کوردیش نەزانم، خۆم بە کورد دەزانم و کوردێکی بێ غەل و غەشم.

**پرسیار:** ئەی لەبارەی گۆشەگیریی شتەکان چۆن لێک دەدەیتەوە؟

**وەڵام:** سەبارەت بە گۆشەگیری، قەناعەتم وایە ئەوانەی سەروسەختێکیان لە گەڵ نووسین دا هەبێ، گۆشەگیر نین، چونکە

نووسین بۆ خۆی گوتارە، پەیامی هەیە، گوتار ئاراستەی بۆشایی ناکرێ، موخاتەبی واقیعی و مومکینی هەیە، بۆیە بەرهەمی هونەری، دەقی ئەدەبی، ئەگەر سەرکەوتوو بێ، هەڤبەستەگی بەشەری بەرقەرار دەکات...

پرسیاری شەست و دوو: تۆ لە شاخ بوویت، پەیوەندییەکانت لە گەڵ سیاسییەکانی شاخ چۆن بوو، پەیوەندیت لە گەڵ نووسەرانی شاخ لە سەر چ بنەمایەک بەڕێوە دەبرد؟ ئایا بەڕاستی لە شاخدا گروپ و گروپچیەتیەکی بچووک لە نێو گروپێکی بچووکتردا هەبوو؟ ئەگەر هەبوو دەتوانیت بۆمان باس بکەیت؟

**ڕۆشـــنبیر و ئەهلــــی قەڵەم ســـەرمایەی ڕەمـــزی نەتەوەیە، ئەدیـــب قـــازی و دادپەروەر و شایەدی ڕاستگۆ و متمانەپێکراوی سەردەمی خۆیەتی،**

وەڵامی پرسیاری شەست و دوو: لە هەر شوێنێ ئازادی سیاسی نەبێ، هەموو شتەکان سیاسەتاوی دەبن، لەلای ئێمە شتەکان نەک سیاسەتاوی، بەڵکو حیزباوی بووبوون.

سیاسی لە هەموو دنیادا هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە ئەدەب و ئەدیب ڕاو بکات، داهێنەر بکات بە زۆڕناژەنی خۆی.. بەڵام داهێنەر ئەگەر لە هەندێ خاڵدا، لە وێستگەیەکدا، دەگەڵ سیاسیشدا یەک بگرێتەوە، دەبێ ئەوەی لەلا عەیان بێ، دەوری لەوە گەورەترە کە لە سیاسەتی هەڵپەرستانەی ڕۆژانەدا نقوم بێ و نابێ کەم و زۆر دەستەمۆی سیاسەت بێ.. سیاسی لەلای ئێمە ئەگەر لە سەرەتاوە و لە ڕووی ناچارییەوە پرسیار و ڕەخنەش قەبووڵ بکات، ئەوا زۆری پێناچێت با دەداتەوە، بەتایبەتی وەختایەک فشە سەنگێک پەیدا دەکات و بۆی بە دیار دەکەوێ کە داهێنان بە تەبیعەت، دژی گوێڕایەڵی و ملکەچی و قاڵبپەزێرییە،

**سـەبارەت بە داکـۆکی لە حکـومەتی هەرێم و داکۆکی لە دەق... هەست بە غیـــابێکی ترســـناکی گوتـــاری ڕۆشنبیری دەکرێت.**

داهێنان پرۆسەیەکی هونەریی – ئیستاتیکی، قاڵبشکێنە، دەگەڵ گۆڕانی بەردەوام دایە، لە گەڵ تازەبوونەوەی بێ سنووردایە، دژی هەرجۆرە چەقبەستن و وەستانێکە، کە ئەمە بە سیاسی، بە تایبەتی کە دەسەڵات پەیدا دەکات، بە ئاسانی قووت ناچێت.. سیاسی خیانەت لە ڕابردووی شۆڕشگێڕانەی خۆی – ئەگەر لە بنەڕەتدا هەیبووبێ!– دەکات تا ئیمتیازات و دەسکەوت و بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێت، هەرکە جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست ئیدی هەرگیز بە خۆشی و خوایشتی خۆی دەستبەرداری نابێت، وردە وردە کار بۆ چەسپاندنی کۆڵەکەکانی دەسەڵاتەکەی دەکات و دەبێت بە دۆست و هاوپەیمانی کۆنە پەرستیەت و عەسکەرتارییەت، بەڵام ئەدیب و ڕۆشنبیر عەقڵێکی ڕەخنەییە، چاوپۆشی لە هیچ گەندەڵی و دزێوی و حاڵ و دیاردەیەکی نەرێنی ناکات، دژی هەر مالی بوون و دەستەمۆ بوونێک دەوەستێتەوە.

ڕۆشنبیر و ئەهلی قەڵەم سەرمایەی ڕەمزی نەتەوەیە، ئەدیب قازی و دادپەروەر و شایەدی ڕاستگۆ و متمانەپێکراوی سەردەمی خۆیەتی، ئیدی لێرەوە ناکۆکی و دڕدۆنگی نێوان سیاسی و ئەدیب قووڵ دەبێتەوە. سیاسی، ئەدەب بە سەندوقە ترسناکەکەی پاندورا دەزانێ و حەز دەکات هەر بە داخراوی بمێنێتەوە.... پەیوەندی ئەدیب و سیاسی لە باشترین حاڵەتیدا، لە پەیوەندییە تەمتوماناویەکەی نێوان گۆرگی و لینین باشتر نابێت.. پەیوەندی بەندە و سیاسیەکان لەو حاڵەت و دیاردەیە بەدەر نەبوو، بەتایبەتی سیاسییەکانی لای ئێمە کە ڕەنگ کوێر بوون و جگە لە ڕەش و سپی هیچ ڕەنگێکی دیکەیان قەبووڵ نەبوو.. لە گەڵ نووسەراندا، بەش بە حاڵی خۆم هیچ بەد حاڵی بوون و دڕدونگیەکم لە گەڵ کەسیاندا نەبوو، جیاوازی بیروبۆچوونیشم بە دیاردەیەکی ئەرێنی و هەوێنی دیموکراتیەت زانیوە.. سەبارەت بە گرووپ گرووپێنە و باڵ باڵێنە، بە حوکمی

ئەوەی بارەگای نووسەران، زیاتر لە ناوچە ڕزگارکراو و قۆرخکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک) بوو.. ئەم دیاردەیە نەک هەر هەبوو، بەڵکو پێکهاتەکەی (ی.ن.ک) بۆخۆی وابوو، بەڵام کەس زاتی نەدەکرد، ئەزموونی خەڵکانی پێشووتر دووبارە بکاتەوە.

**پرسیاری شەست و سێ:** نووسەرانی شاخ لە نێوان ئەرکی داکۆکی لە شۆڕش و داکۆکی لە ئەدەب و داهێنانی دەقدا، لە چ حاڵەتێکی ناکۆک و لە هەمان کاتدا هاوسەنگ بوو؟ ئەدی نووسەرانی شار، مەبەستم ئێستایە لە نێوان داکۆکی لە حکوومەتی هەرێم و داکۆکی لە دەق دەبێت چۆن هەڵسوکەوت بکەن؟

**وەڵامی شەست و سێ:** هەڵبەتە پەیوەندییەکی هەمیشەیی و جێگیر و نەگۆڕ لە نێوان داهێنان و سیاسەتدا نییە، ڕەنگە لە هەندێ وێستگەدا یەک بگرنەوە، یەکتر تەواو بکەن، زەمینە بۆ یەکتر خۆشبکەن، بەتایبەتی بۆ میللەتێکی وەکو ئێمە کە سیاسەت داڕژاوەتە ناو هەموو جومگەکانی ژیانمانەوە، بەڵام هەرگیز پەیوەندییەکی میکانیکیان لە نێواندا نییە، ئەمە پەیوەندی بە قۆناغە مێژووییەکەوە هەیە.

ئەدەب بە هەمان ئەوزاری سیاسەت، مامەڵە دەگەڵ بابەتدا ناکات، بەدەم خوێندنەوەی هونەرییەوە و بەدەم ئەدەبیەت بوونەوە، ئەوزاری تایبەتی خۆی بەرهەم دێنێ.... ئەدیب نابێ هەوڵی ئەوە بدات دەق ببێ بە بڵاوکراوەیەکی سیاسی پروپاگەندەیی، لەو حاڵەدا دەق زیاتر دەبێ بە پەیامێکی گوزارشتەوانی تا کارێکی هونەریی کەشفکاری؛ دەق چەندیش ئایدۆلۆژی یان ئایدۆلۆژیا ئامێز بێ، بەبێ لایەنی ئیستاتیکی و تەکنیکی ناکاتە هیچ.. گۆنگی داهێنەرانە، فرە مانایی و فرە ڕاڤەیی، لە تایبەتمەندییەکانی دەقی هونەرییە و دەق بە مانایەک دەکاتە بەرهەمهێنانی دەلالەتێن هونەری، بۆیە دەق هەمیشە

له هەنبەر دەرک و مانادا مقاوەمەت دەکات، بۆیە وەکو چۆن نووسینی دەق هونەرە، خوێندنەوەشی دەکاتە هونەر؛ خوێندەوە دەکاتە هونەری کەشفی مانا.. دەقی هونەری و ئەدەبی هەرگیز درێژە و پاشکۆی سیاسەت نییە، چەندیش دۆز و جەوهەری سیاسەتەکە ڕەوا بێ، دۆزی ئەدەب ئینسان و ئازادی ئینسانە. ئەرکی ئەدەب و هونەر گۆڕین و شۆڕشگێڕاندنی ئینسانە – هەڵبەتە گۆڕین و شۆڕشگێڕاندنێکی هونەریانە – وای لێبکات بە قووڵی بە دیاردە و ڕووداوەکاندا ڕۆبچێ، بتوانێ خوێندنەوەی واقیعی و دروست بۆ ئەو واقیعە بکات کە تیایدا دەژی، کار بۆ زەمینە خۆشکردنی گۆڕینی، بە ئاراستەیەکی مرۆڤانیدا بکات.

دیارە سەبارەت بە ئێمەی کورد، سیاسەت تێکەڵ بە هەموو جومگەکانی ژیانمان بووە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە دەق بکرێ بە بڵاوکراوەیەکی سیاسی، چونکە دەق بەرلەوەی هەر شتێک بێ هونەرە، مەرجی خۆی هەیە و پێویستە لە بەر ڕۆشنایی مەرجە هونەرییەکانیدا بێتە هەڵسەنگاندن.. هیچ هەڵسەنگاندنێکی فەرمی و کلێشەیی قەبووڵ ناکات، کە لە دەرێی دەقەکەوە لێی بار بکرێت... نووسەرانی کورد چ لە شاخ و چ لە شار، چ وەکو داکۆکی لە شۆڕش و داکۆکی لە ئەدەب، چ وەکو داکۆکی لە حکوومەتی هەرێم و داکۆکی لە دەق.. بە بۆچوونی خاکیانەی بەندە، نەمان توانیوە هونەرمەندانە ژیان بجەڕبێنین و واقیعبینانە تەجرەبە بهونەرێنین.. ئەدەبمان پڕە لە ئەوزاری سیاسی و سیاسەتمان پڕە لە ئەوزاری ئەدەبی!! تا ئێستا گوتارێکی ڕۆشنبیریی یەکگرتووی یەکخەرمان نییە، لە کاتێکدا سوور دەزانین ڕۆشنبیریش وەکو سیاسەت و زیاتریش پێویستی بە هەست و نەخشە و پلانی ستراتیژی هەیە و هەر بەخششێکی ڕۆشنبیریی چ لە بواری پراکتیکی و چ لە بواری ئەو پرسیارانەی دەیخاتە ڕوو و، چ لە واری ئەو وەڵامانەی دەیداتەوە، لەو ستراتیژەی نزیک نەکاتەوە، بە زیانی پرۆسە

ڕۆشنبیرییەکە دەکەوێتەوە و بەرەو بێهودەیی و نەهێلیزم و پووکانەوەی دەورە واقیعی و نەتەوەییەکەی دەیبات و لە ئەنجامدا دەکەوێتە پەراوێزەوە و ڕۆڵی واقیعی و نەتەوەیی و مێژوویی خۆی دەدۆڕێنێ و بۆ خۆی دەکەوێتە پەراوێزی پرۆسەی کاری سیاسیەوە.

ئاشکرایە ئەدەبیات و هونەر ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە هەست و سۆزی ناخ و هندوری مرۆڤەوە، بۆیە ناکرێ لە دەرێ ڕا جڵەو بکرێن، چونکە کار و بەرهەمی هونەری و ئەدەبی، هەر کاتێ هەستت بە حەقانیەت و دروستی هەستەکانت کرد، خۆبەخۆ دەپەنگێتەوە و داوای دەربڕین و لە دایکبوون دەکات.. دیارە ئەم حاڵەتە خۆڕسکەش ڕێک پێچەوانەی ویستی هەموو دەسەڵاتێکە بە گشتی و هەموو دکتاتۆریەتێکە بە تایبەتی، چونکە سوخەتی دەسەڵات و دکتاتۆریەت ئەوەیە کە هەموو کایەکانی ژیان بە قازانجی خۆی کۆنترۆڵ بکات.. هەرکاتێ ئەمەی بۆ چووە سەر و چەشە بوو، هەنگێ ئەدەبیات و هونەر بەرە بەرە دەکەونە پاشەکشە و ئەدیب و هونەرمەند پایەی ڕێبەری و شۆڕشگێڕیی خۆی دەدۆڕێنێ و ملکەچی یاساکانی بە پەراوێز بوون دەبێت کە ئەمە لە شان و شەوکەت و پایەی هونەریی ئەدیب و هونەرمەند ناوەشێتەوە.

**پرسیار:** باشە هاوسەنگی نێوان شۆڕش و ئەدیب چۆن بوو؟

**وەڵام:** جا لەو پێودانگەوە کە ئەدەبیات و هونەر بە تەبیعەتی خۆیان مێژووی ڕاستەقینەی هەستەکانی بەشەر پێکدەهێنن، وادەخوازن کە سیاسەت بە شێوازێکی ڕۆشنبیریی – شارستانیانە مومارەسە بکرێت. بۆیە بەندە پێموایە نووسەرانی شاخ کەمتر توانیویانە هاوسەنگی نێوان داکۆکی لە شۆڕش و داکۆکی لە ئەدەب ڕابگرن، زۆرێک لە دەقە ئەدەبییەکان بەڕادەیەک سیاسەتاوی و

حیزباوی بووە و هونەرییەت و ئەدەبییەتی فەرامۆش کردووە و بۆ ئاستێکی ڕاپۆرتەوانی و ڕۆژنامەوانی ئەوتۆ دابەزیوە و هیچ شەفاعەتێکی ئەدەبی بۆ ناکرێت و چەند خاتری بگری دەتوانی بە نەبەدڵی بڵێی دەقێکی داخراوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەتحیەتی خوێندنەوەی هونەریی ئەدیبەکە.

ئەدیب و ڕۆشنبیریی ڕاستگۆ، سەرمایەی ڕەمزی نەتەوەیە، نوێنەری مەعنەوی میللەتە، کاری فیلیڤانی ئەو، ئەگەر زور لە کاری سیاسی گەورەتر نەبێ – کە گەورەترە – هیچی کەمتر نییە، ئەمە جگە لەوەی کە بێگومان لە کاری سیاسی زندووترە.

سەبارەت بە داکۆکی لە حکومەتی هەرێم و داکۆکی لە دەق... هەست بە غیابێکی ترسناکی گوتاری ڕۆشنبیریی دەکرێت. جیاوازی لە نێوان حکوومەتی هەرێم و خودی ئەزموونەکەی هەرێم ناکرێ!.. ئەزموونەکە ئەسڵی مەسەلەکەیە، زادە و بەرەنجامی خەباتی سەدساڵی کوردی هەموو بەشەکانی کوردستانە، ئەمانەتێکە و لە ئەستۆی کوردی بەشی باشوور بە گشتی و ئەدیب و ڕۆشنبیرە بە تایبەتی، پێویستە لە ئاستی پاراستنی ئەو ئەمانەتەدا بن.

**عەیب لە چۆنیەتی بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی ئەزموونەکەدایە..**

عەیب لە خودی ئەزموونەکەدا نییە، ئەزموونەکە موڵکی هەموو بەشەکانی کوردستانە، عەیب لە چۆنیەتی بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی ئەزموونەکەدایە.. کە نابێ بهێڵرێ بەلاڕێدا ببرێ، ئەمەش لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی گوتارێکی ڕۆشنبیریی یەکگرتووی ستراتیژییەوە زامن دەکرێ. بۆیە غیابی ئەو گوتارە ئەدەبییە ڕۆشنبیرییە بووەتە مایەی زاڵبوونی ئەو گوتارە سیاسیە کارەساتبارەی ئەمڕۆ لە هەرێم دا باوە و سیاسەت بە شێوازێکی ڕۆشنبیریی – شارستانیانە مومارەسە ناکرێ و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە دیموکراتیەتی سیاسی و دادوەری کۆمەڵایەتی کە کۆڵەکەی شارستانیەتی ئەم ڕۆژگارەیە دوور دەکەوێتەوە.

**پرسیاری شەست و چوار/ ١:** دزینی دەق، دزینی بیرۆکە و وێنە هزرییەکانی کەسانی دیکە و بەکارهێنانەوەی لە نێو دەقدا لە قۆناغی شاخدا، بەر لە ڕاپەڕین چۆن بوو؟ ئایا پێتان وایە بەر لە ڕاپەڕین بەر لەوەی هەموو شتێک لە کۆنترۆڵ و سانسۆر و چاودێری دەرچێت ئەم دیاردەیە دەگمەنتر بووە لە ئێستا، یاخود نەخێر ئێستا بە ئینتەرنێت و پەیوەندی خێرا ئەم دیاردەیە کەمترە؟

من دەزانم لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کۆپی وهەوڵی بێ ئاماژەکردن بە سەرچاوەکان وەکو دیاردەیەکی دزی بەربڵاوە، دەق کۆپیکردن هەیە، تەنانەت لەبەر ئەوەی هیچ دەزگایەکی چاودێری و هەروەها (ڕەخنە بە واتای ڕەخنەگرتن و ئاشکراکردن و لێکدانەوە و بەراوردی دەق) لە ئارادا نییە، جۆرێک لە ئاژاوە و نەبوونی بەرپرسیاریەتی و تەنانەت (گەندەڵکاریش) لە نووسینی دەق هەبێت، ئایا ئەم دۆخە چۆن لێک دەدەنەوە؟

**وەڵامی شەست و چوار/ ١:** هەڵبەتە لە تێکڕای چالاکییە ئەپستمولوژی و هونەرییەکانی تیرەی بەشەردا، لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ دیاردەی باندۆرە گۆڕکێ (تأثیر و تأثر)، کەم و زۆر، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، لە پانتایی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی میللەتاندا بەدی دەکرێت، هەبووە و هەیە و دەبێت. کە ئەمە بۆ خۆی نیشانەی جۆرێک لە تواصل و کارلێکی ڕۆشنبیرییە لە نێوان گەلان و شارستانیەتەکاندا، چونکە هەر دەقێک بگری بۆ خۆی گوزارشتە لە بەخششێکی ڕۆشنبیریی دیاریکراو.. ئەمەش دەکاتە کرانەوە بەسەر ڕۆشنبرییە هەمەجۆر و جیاوازەکاندا. لە کۆنی کۆنەوە جۆرە تەواصل و کارلێکێک لە نێوان خەڵکیدا هەبووە، ئیدی لە ڕێگەی سەفەرەوە بووبێ یان جیهانگەڕی و گەشت و گوزار و بازرگانی و

تەنانەت شەڕیشەوە بووبێ، لەم ڕێگەیەوە کەلتوور و کەلەپووری خۆیان بۆ یەکدی گواستووەتەوە، ڕەنگە گێڕانەوەی چیرۆک و حیکایەت و ئەفسانە و سەربهورد و نووچە و هەواڵی زارەکی کۆنترین ئەوزاری ئەم کەلەپوور گۆڕکێیە بووبێ، پاشان دوای دۆزینەوەی نووسین و داهێنانی چاپ و چاپەمەنی و فێربوونی زمانانی یەکدی، ئەوزاری کەلەپوور گۆڕکێیەکە، زیاتر پەرەی سەندووە و دیاردەی باندۆر گۆڕکێیەکە زەقتر بووەتەوە.

دیارە ئەمەش کەم و زۆر لەمپەر و کۆسپە جوگرافی و نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی لاواز کردووە و جۆرە کەلکەڵەیەکی جیهانیەتی لێکەوتووەتەوە و میللەتان بە سەر یەکدا کراونەتەوەو دیاردە و باندۆرە گۆڕکێ، دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی خۆی لەلای نووسەران و وەرگرانی میللەتە جیاوازەکاندا هەبووە و مێژووی هیچ نەتەوەیەک لە کاریگەری ئەم دیاردەیە بەردەر نییە، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە دنیا وەکو دەڵێن بووە بە گوندێکی بچووک و پەیوەندییە هەمەجۆرەکان تەواو ئاسان بووە، بۆ نموونە کاریگەری ئەوروپی و یۆنانی و فارسی بە ئاشکرا بە بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی عەرەبەوە دیارە.. ئەمە جگە لە کاریگەریی پاچڤە... بۆ نموونە کاریگەریی هەزار و یەک شەوەی کەلەپووری ڕۆژهەڵاتی، بە سەر هونەر و ئەدەبیاتی ڕۆژئاواوە، پاش ئەوەی لەلایەن ئەنتوان گالانەوە کراوە بە فەرەنسی زۆر بەزەقی بەسەر هونەر و ئەدەبیاتی ڕۆژئاواوە دیارە. بۆیە باندۆر و کاریگەریی ڕۆشنبیریی شتێکی زۆر ئاساییە و ئەگەر قازانجی بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕۆشنبیریی نیشتمانی نەبێ بە هیچ جۆرێ زەرەری نییە.

**دژی دەق، کە من پێمـوایە، زیاتر لە سەردەمی قەیران و نەزۆکی بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی نیشتمانی و خۆماڵیدا پەنای دەبرێتەبەر**

بەڵام سەبارەت بە دزی دەق، کە من پێموایە، زیاتر لە سەردەمی قەیران و نەزۆکی بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی نیشتمانی و خۆماڵیدا پەنای دەبرێتەبەر و ڕەنگە مەسئولیەتی لە قاودانی ئەم حاڵەتانە بە پلەی یەکەم بکەوێتە ئەستۆی خوێنەری جدی و پەیگیر و ڕەخنەگری لە زەبر، چونکە ڕەخنە ئەرک و مەسئولیەتێکی فیکری زۆر هەستیارە.. بەهەرحاڵ لێکچوونی بابەت لەلای دوو کەس یان زیاتر ئاساییە، چونکە ژیان بۆ خۆی پڕە لە بابەت و بابەت موڵکی هەمووانە، ئەوەی تایبەتمەندی بە بابەت دەبەخشێت چۆنیەتی مامەڵە و مالیجەی هونەریی بابەتەکەیە، چۆن نەفەسی خۆتی پێدەبەخشیت؛ ملوانکەی دزیاری مەگەر بە شەو لە مل بکرێ.. بۆ نموونە ئولیسەکەی جیمس جۆیس، ئودیسەکەی هومیرۆس نییە..

**پرسیاری شەست و چوار/ ٢:** ئەزموونی تۆ ئەزموونێکی لە دەرەوەی ئایدۆلۆژیا بە واتای بیروباوەڕێکی دیاریکراوی سنووردار، ئەمە ناسینی منە بۆ تۆ.. دەقەکانیشت ڕەنگدانەوەی هیچ ئایدۆلۆجیایەکی تایبەت نییە، بەڵکو مرۆڤبوون و کێشە گشتییەکانی کۆمەڵگە وەکو پەیام و مەبەست لە پێناو پەیوەندیکردن بە خوێنەر بەکار دەهێنێت. بەڵام خۆت لە کتێبێکتدا دەربارەی هونەرەکانی ڕۆمان دەڵێیت (ڕۆماننووس ئایدۆلۆژیا و بۆچوونی خۆی لە مەڕ دیاردە و ڕووداوان، لە مەڕ جیهان لە قاڵبی چیرۆکێکدا دەگێڕێتەوە). مەبەست لە (ئایدۆلۆژیا) چییە؟ ئایا بە ڕاستی کەسە ئایدۆلۆژییەکان کە ئەزموونی خۆیان لە نێو ڕۆماندا بەرجەستە دەکەن، دەتوانن چی بڵێن؟ لە کاتێکدا ئێمە دەزانین ڕۆمان بریتیە لە گێڕانەوەی مێژوو و بەسەرهات و ڕووداوەکانی نێو کۆمەڵگا بە زمانێکی فەلسەفیی و فکری پڕ لە واتا و مەبەست..

**وەڵامی شەست و چوار/ ٢:** بەهای ئیستاتیکی دەق، لە مەرجە سەرەکییەکانی دەقە. دەق چەند ئایدۆلۆژی بێ یان بە ئایدۆلۆژیا بارگاوی بێ، بەبێ ڕەچاوکردنی لایەنی ئیستاتیکی ناکاتە هیچ، چونکە ئەفسوونی دەق لە تەکنیکدایە، گرینگ چۆنیەتی مامەڵە و مالیجەی هونەری بابەتەکەیە، دەنا ئەو دەقە زیاتر دەکاتە پەیامێکی گوزارشتەوانی تا کارێکی هونەریی بێت. واتە خوێندنەوەی هونەریی بۆ هەموو ڕەگەزەکانی بابەتەکە شەرتە.. کە بەلای کەمەوە زەوقی هونەری پەروەردە دەکات و دەگۆڕێت.. دەق زیاتر پرسیار دەهاڕوژێنێ، پرسیار دەبێتە بایسی ڕامان و تێفکرین و هزرین و خولیای کەشفکردنی نهێنیان دەم زەرد دەکاتەوە، دیارە پرسیار هەرچییەک بێ دەبێتە بایسی گەلاڵە بوونی فیکری وەرگر.

واتە ڕۆماننووس کەلکەڵە مرۆڤانییەکان لە ڕێگەی هونەراندنەوە کەشف دەکات... ڕۆمان و هیچ ئەدەبێک لە ئایدۆلۆژیا (بە مانای فیکر)، یان جۆرە ئایدۆلۆژیایەک بەدەر نییە، ئەوەی لە باری ئەدەبیەتەوە گرینگە، هونەراندنی ئەو ئایدۆلۆژیایەیە، واتە دەقنووس نابێ لە خەمی ئەوەدا بێ کە فرمۆلەیەکی فیکری – سیاسی ئامادە، بێنێ، تا لە قاڵب و فرمۆلەیەکی ئەدەبی بدات، چونکە ئایدۆلۆژیای ڕووت، بەبێ خوێندنەوەی هونەری و هونەراندن، دەبێ بە بار بە سەر دەقی فیلیڤانیەوە و لە دەقایەتی دەخات. ئەگەر سەرنج بدەی بەندە لە کۆتایی ڕستەکەدا گوتوومە: "لە قاڵبی چیرۆکێکدا دەگێڕێتەوە"، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا تەکەز کردنە لە سەر خوێندنەوەی هونەری و پرۆسە و زەروورەتی هونەراندن..

دەق، سەروکاری دەگەڵ نەگوتەنیەکاندایە، دەگەڵ ئەو شتانەدایە کە ناگوترێن، یان بە ئاسانی ناگوترێن، بۆیە زیاتر پەنا دەباتە بەر زمانی نیشاندان. ئایدۆلۆژیا زیاتر سەروکاری دەگەڵ گوتەنی و حاڵەت و دیاردە تەڵقینکاریەکاندایە.

هەر دەقێکی فیلیڤانی چ ڕۆمان بێ و چ ژانرە هونەرییەکانی دیکە بێ، بەدەم بەدەقبوونەوە، زمانی خۆیشی بەرهەم دێنێ، وشە و زمان لە مەداری خۆی دەردێنێ و مانای تازە و مەودا و ڕەهەندیی نوێی پێدەبەخشێت، کەوشەنی زمانی واقیعی دەبەزێنێ و خۆی بە زمانی میتافۆر دەسپێرێت و قەدەغە روحانی و کۆمەڵایەتیەکان دەبەزێنێ و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرەتایانەی کە ئینسان شەرم و شەرمەزاری نەزانیوە، ئەمەش لادانە لە داب و نەریتە باوەکانی کۆمەڵگە، کە خۆی لە خۆیدا هەڵگری بەهایەکە بۆ خۆی.. دیارە هەر پیرۆز و حەرامێک ڕێگرە لە بەردەم کرانەوەی مرۆڤدا، بۆیە لادان لەم پیرۆز و حەرامانە مایەی سەرنجە و پشتیوانییە لە شۆڕشگێڕییەتی خۆڕسکی مرۆڤ، چونکە مرۆڤ بە تەبیعەت بوونەوەرێکی ئەزموونگەرای شۆڕشگێڕە.. بەهەرحاڵ وەکو چۆن دەق پرۆسەیەکی کەشفکاری هونەرییە، خوێندنەوەشی هونەرە، هونەری کەشفی مانایە..

**پرسیاری شەست و پێنج:** من تەنیا کە سەرنجی ناوی چیرۆک و دەقەکانت دەدەم هەستدەکەم (وێرانەیەک وێنا دەکەیتەوە، کارەساتێک وێنا دەکەیت کە مرۆڤ تووشی داتەپین و نامۆبوون و ونبوون و دابڕان و شڵەژانی دەروونی و ماندوو بووبن بە دەست قەدەرەکانی ژیانەوە بووە) بۆ نموونە هەندێک لە ناوونیشانی چیرۆک و ڕۆمانەکانت بەمجۆرەیە: (سێبەری دەنگ، قەیرانی سێبەر، ئاوازێک نامرێت، کۆچی سوور، قەڵەمباز، تاژی، تابووت، گومان، وێڵستان، شێتخانە، هەستێکی وروژاو... هتد).

من هەست بە ڕەشبینی و خۆکوژی لە نێو دەقی تۆدا ناکەم، بەڵام هەمیشە ڕەخنەگرتنێکی زەق لە وێرانەیەکی ترسناکدا بەدی دەکرێت.. ترس و نیگەرانی و تێکشکان هەیە، ئەمە بۆ؟

ئایا بە ڕاستی وەرگێڕانی هەندێک دەقی گەورەی جیهانی کاریگەریان لە سەر ئەم بیرکردنەوەیەی تۆ لە بەرهەمهێنانی دەقدا هەیە؟ ئەگەر ئەمە هەیە، دەتوانیت بڵێیت کامە دەق خزیوەتە نێو بیرۆکەکانی تۆ، بێئەوەی شتەکانت کۆپی کردبێت؟

**وەڵامی شەست و پێنج:** جاریٚ ناو و ناوونیشان، مارکە و ناسنامەیەکە، بۆ ناسینەوە و جیاکردنەوەی شتێک، کەسێک، کاڵایەک یان دەقێک لە هاوشێوەکانی تری خۆی.. سەبارەت بە چیرۆک و دەق بۆ جیاکردنەوەیەتی لە چیرۆک و دەقی دیکە و بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەرە؛ چیرۆک و دەق گوتاری هونەرییە و ئاراستەی وەرگر دەکریٚ، بۆیە بۆ ئەوەی بە گەرمی پێشوازی لێبکریٚ، دەبیٚ ناوێکی فرەتویٚ و باڵکێشی ئەوتۆی هەبێت کە خوێنەر بۆ خوێندنەوەی هانبدات، ناونیشانەکە تازە بیٚ، هزرین و خەیاڵ بێدار بکاتەوە، لە سەر زمان و لە گوێدا خۆشبیٚ، دەگەڵ ڕەوتی گشتی چیرۆک یان دەقەکەدا، بە ڕادەیەک تێکبکاتەوە، کە خوێنەر هەست نەکات خەڵەتێنراوە. هەڵبەتە نابیٚ پلۆتی چیرۆکەکە کەشف بکات و هیچ شتێک بۆ زیرەکی و خولیای کەشفکاری خوێنەر نەیەڵێتەوە.. وەکو چۆن پێویستە چیرۆک تازە بێت، پێدڤیە ناونیشانەکەشی تازە و فرە لۆ بێت و خەیاڵی خوێنەر بە هەند وەربگریٚ و بێدار بکاتەوە.

دەق ئاوێنەیەکی ئەفسووناویە، نووسەر دەیخاتە بەردەم خوێنەر تا خۆیانی تێدا ببیننەوە و بناسنەوە، بۆیە دەشێت دەق بە هەزار شێوە بخوێنرێتەوە. ئەوەی جەنابت دەیڵێی یەکێکە لەو هەزاران خوێندنەوانە.. دەق کە لە نووسەر ترازا، خۆی دەبیٚ بە خاوەنی خۆی و بە زەبری هونەرییەت بەرەڤانی لە خۆی دەکات، پێویستی بەوە نییە نووسەرەکەی بەرگری لێبکات، لەو حاڵەدا پەیوەندی نووسەر بە دەقەوە، هەمان پەیوەندی خوێنەرێکە و هیچی دی.

تۆ لە وڵات و مەڵبەندێکدا دەژی لە ترس و نیگەرانی و دڵەڕاوکێ و نەزۆکی فیکری و بێ ناسنامەیی و هەڕەشەی تواندنەوەدا غەرقی غەرق بووە و دووچاری هەزار و یەک بنبەست و کوێرە کۆڵانی لە کرانەوە نەهاتگ بووە، ئەمە حەقیقەت و واقیعی تۆیە، دەقیش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، دوور و نزیک، کەم و زۆر ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی حەقیقەت لە خۆ دەگرێت و لە پرۆسەی خەیاڵاندنی واقیع و واقیعیەتاندنی خەیاڵ ناخەلەسێ.. جیهانی هونەرمەند جیهانی ئیعتراز و ئیراد گرتنە، جیهانی ڕەتکردنەوەیە. سەنگەری ئەو هونەرە، خەبات هونەرمەند دروست ناکات، بەڵکو هونەر خەباتگێڕ دروست دەکات.. هونەرمەند لایەنگری ژیانە نە لایەنگری مەرگ و مردن..

> **هەستناکەم هیچ دەقێکی وەرگێڕدراو ڕاستەوخۆ کاریگەریی بە سەر دەقەکانمەوە هەبووبێ،**

سەبارەت بە کاریگەریی وەرگێڕان لە سەر من... نووسەر پێش ئەوەی وەرگێڕ بێ، خوێنەرە، خوێندنەوە بۆ خۆی کردە و چالاکییەکی ڕۆشنبیرییە، واتە بیەوێ و نەیەوێ لە دیاردەی باندۆر گۆڕکی (تأثر و تأثیر) ناخەلەسێت، کە ئەمە زۆر ئاساییە، بەڵام دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە هەر دەقێکی فیلیڤانی دنیای تایبەت بە بەخۆی، جیا لە دنیای چیرۆکی دی دەخوڵقێنێ. دەشێت بابەت و تیمەی ژمارەیەک چیرۆک هەمان بابەت بن، بەڵام دەبێ هەر یەکێک لەو چیرۆکانە تایبەتمەندی خۆی پەیدا کردبێ و پێی بناسرێتەوە و یارۆی هونەرمەند نەفەسی خۆی پێبەخشی بێت و هێندە ڕامانئەگیز بێ کە خوێنەر وا هەست بکات یەکەمجارە شتی وا دەبیستێ.. من بەخۆم هەستناکەم هیچ دەقێکی وەرگێڕدراو ڕاستەوخۆ کاریگەریی بە سەر دەقەکانمەوە هەبووبێ، ئیدی دۆزینەوەی ئەم حاڵەتە – ئەگەر هەبێ – لە ئەستۆی خوێنەری جدی و پەیگیردایە نەک

خوێنەری تەمەڵ و دەقکوژ.. لاسایی کردنەوە، دەکاتە کاوێژ کردنەوە و خۆ زندەبەچاڵ کردن.. بۆ نموونە ڕۆمانی ژاپۆنی و ئەمریکای لاتین، چونکە بە ناسنامەی خۆیانەوە هاتوونەتە مەیدان، بە ئیزافەوە بۆ ڕۆمانی ئەوروپی دەژمێردرێن، نەک بە دووبارە کردنەوەی..

**پرسیاری شەست و شەش:** لەچاو بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانتا کە بە دیقەت نازانم ئێستا گەیشتوونەتە چەند، بەڵام بە بەراورد بەو ژمارە زۆرە و ئەو بەرهەمە قەبە و گەورە و بە لاپەڕە زۆرانەی وەرتگێڕاون، تۆ نووسینی دەقی خۆت زۆر کەمترە لە دەقە وەرگێڕدراوەکان. ئایا پێتان وانییە ئەمە جۆرێکە لە غەدر لە خۆ کردن؟ لە کاتێکدا لەم سەردەمەدا هەرکێ قەڵەم بە دەستەوە دەگرێت (ڕۆمانێک) دەنووسێت!!! ئایا پێتان وانییە ئێوەش دەبێت هەندێک پتر بایەخ بە نووسینی دەق بدەن، بەتایبەتی لە بواری چیرۆک و ڕۆماندا؟ ئەگەر نەتوانن بیرەوەرییەکانی خۆشتان بنووسنەوە، خۆ دەتوانن لە ڕێگەی ڕۆمانێکەوە، واقیعی ژیانی کۆمەڵگا و کێشەکانی بنووسنەوە، ڕۆمان دەبێتە سەرچاوەیەکی زیندووی گەشەکردنی کۆمەڵگا.. ئەم کەشەی خۆتان بۆ وەرگێڕانتان دروستکردووە بۆچی لە هەمان کاتیشدا لە نووسینی چیرۆک و ڕۆماندا کەمدوون؟

**وەڵامی شەست و شەش:** وەرگێڕان وەکو دیاردە و زەرورەت و چالاکییەکی ڕۆشنبیریی لە گەڵ بەشەریەتدا هاتووە و تا بە زمانانی جیاواز کایە جۆراوجۆرەکانی ژیار و شارستانیەت و هزر و بیر و داهێنان بەرهەم بێت، هەر دەمێنێ، وەرگێڕان پەیوەستە بە ژیانەوە، بۆیە گەر بگوترێ هیچ شتێک لە دەرێی وەرگێڕان دا نییە، هەرچی داهێنانێک هەیە، بە جۆرێک لە جۆرەکان دەچێتە خانەی وەرگێڕانەوە.

گەر سەرنجی کتێبخانەی هەر میللەتێک بدەین، دەبینین بەرهەمی وەرگێڕدراو ڕێژەیەکی زۆری کتێبی ئەو کتێبخانەیەی پێکهێناوە. ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوەیە کە هیچ میللەتێک بە تەنیا و بە تایبەتی لەم سەردەمە لەزگینەدا ناتوانێ هەموو کایە ئەپستمولوژیەکان بەرهەم بێنێ، بۆیە بۆ ئەوەی دووچاری بۆشایی ئەپستمولوجی نەبێ، دێت لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە ڕێگە ئەپستمولوژیەکان قەدبڕ دەکات، لێرەدا زەروورەتی بەرنامەداری دێتە ئاراوە و پێویستە لەو بەرهەم و کارە ئەدەبی و فیکری و فەلسەفی و زانستیانەوە دەست پێبکرێ، کە خێرایی بە بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی خۆماڵی دەبەخشێت، کرانەوەی ڕۆشنبیریی زامن دەکات و هەناسەی تازەی وەبەردا دەکات. جا وەرگێڕان بە حوکمی ئەوەی هۆیەکە بۆ نزیک بوونی گەلان و ئاشنابوونی گەلان بە باری سەرنج و بۆچوونی یەکدی دەرهەق بە ژیان، ئەمە خۆی لە خۆیدا جۆرە کارلێکێکی ڕۆشنبیریی و شارستانی چێدەکات، بۆیە پێویستە پرۆسەی وەرگێڕان کە دەکاتە گوێزانەوەی شیلەی ئەزموونی گەلان بۆ یەکدی، بە شێوەیەکی بەرنامەدار ئەنجام بدرێ، ڕوو لە پاچڤەی ئەو شاکارانە بکرێ کە بایەخی ڕۆشنبیریی پێشڕەوانەیان هەیە و دەبنە بەشدارییەک لە کاروانی بەرەوپێشڤەبرنی ژیار و شارستانیەتی مرۆڤانی.. چونکە بەم کارە هەم توانای خوێنەر و نووسەر دەخەملێ و هەم بەهرەی جیاکردنەوەی بەرهەمی ڕەسەن لە بەرهەمی جەڵەبی دەڕسکێ. ئەمەش لە دوا ئەنجامدا خزمەتێکی گەورە بە نووسینی خۆماڵیش دەکات، چونکە هەنگێ نووسەر ناچارە حورمەتی خۆی بگرێ و ناوێرێ بەرهەمی کاڵ و کرچ ڕەنگماڵ بکات و بە نرخی شاکاری هونەریی ڕەسەن بە خوێنەری بفرۆشێت.

وەرگێڕان جۆرە ئەفسوونێکی خۆی هەیە، دەبێ بزانرێ چۆن مامەڵەی لە تەکدا بکرێ و نەهێڵرێ بە تەواوەتی ڕات بماڵێت..

هەندێجار دەبێتە مایەی تەقاندنەوە و دەوڵەمەندکردنی بەهرە خودییە ڕەسەنەکان و هەندێجار، بەهرەی خودی و وەخت و کاتی نووسەر بە تەواوەتی هەڵدەمژێت و وەکو شوانخاپێن بکێشی دەکات و گیرۆدەی وەرگێڕانی ئەو بەرهەمانە دەبێت کە لە دڵی خۆیدا خۆزیا دەخوازێ ئەم نووسیبای کە ژمارەیان یەجگار زۆرە.

ژمارەی ئەو ئەدیب و نووسەرانەش زۆرن کە بەرهەمی نووسراویان لە بەرهەمی وەرگێڕانیان زۆر کەمترە لەوانە: جورج تەڕابیشی، جەبرا ئیبراهیم جەبرا، ساڵح عەلمانی، محەمەدی قازی کە لە کۆی نزیکەی هەفتا بەرهەم، یەک بەرهەمی نووسینی خۆی هەیە.....

بەندە تاکو نها، بە نووسین و ئامادەکردن و وەرگێڕان پتر لە سەد و هەفتا کتێبی چاپکراوم هەیە.. بەش بە حاڵی خۆم ئامۆژگاری هیچ کەسێک لەوانە ناکەم کە بەهرە و توانای باشیان هەیە خۆیان لە قەبەڵی کاری وەرگێڕان بکەن.

**پرسیاری شەست و حەوت:** تۆ لات وایە وەکو ڕۆشنبیر بەپێی ئەزموون (لە ئاستی ئەرکە نەتەوەییەکان) نین، بۆ؟ ئەی ئەوە نییە لە جیاتی دەزگایەک دەیانمان بۆ چاپ و لە جیاتی سەتەلایتێک دەیان و لە ڕادیۆش هەروا و تەلەفزیون بۆتە گەمەی منداڵان؟ ئەی ئەم گەشەکردن و زۆر بوون و فرە ئایدولوژییەی لە ڕاگەیاندن و دەزگاکانی چاپدا هەیە، مانای پەرەپێدانی (توانا نەتەوەییەکان) لە زمان و داهێنان و دەقنووسیدا نییە؟

**وەڵامی شەست و حەوت:** ناسنامەی کەلتووری کۆڵەکەیەکی گرینگە و فاکتەری مان و بەردەوام بوونی میللەت و نەتەوەیە. هەڵبەتە ئەم ناسنامە کەلتووریە کە گرینگترین فاکتەری یەکێتی دەروونی و سایکۆلۆژی میللەتە، زۆرجار لە نەستی جەماوەری

خەڵکیدا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە و بووە بە بەشێک لە پێکهاتەی دەروونیان و خۆبەخۆ شانازی پێوە دەکەن و ڕەنگینی و زەنگینی کەلتووری و شارستانیەتی تیرەی بەشەریش لەم هەمەجۆری و فرەییەوە سەرچاوە دەگرێت، زەروورەتی هەبوونی ناسنامەی کەلتووری و شارستانی لەوەدایە کە ناسنامەی نەتەوەیی — هەرچەندە فاکتەری یەکخستنی میللەتە و، تیرە و تایفەکانی میللەت لە سایە و سێبەری خۆیدا کۆدەکاتەوە و یەکدەخات و یەکیەتیی و یەکپارچەیی بە ئەندامانی میللەت و نەتەوە دەبەخشێت؛ فاکتەری یەکبوون و یەکخستنە، بەلام بە تەنیا و بە بێ پشتیوانەیەکی کارا و کاریگەر ناسنامەی کەلتووری و شارستانی، خۆی لە بەر چەپۆک و هەوراز و نشێو و ئالنگاریەکانی ڕۆژگار ناگرێت.

پەیام و ناسنامەی ڕۆشنبیریی لە بنەڕەتدا بە فەلسەفە و مێژوو و ئەدەبیات و داهێنان و زانستان پشت ئەستوورە نەک بە گوتاری سیاسی و لامسەرلایی و ڕەوتەنی کە خۆی لە خۆیدا هاماج و ئوتموسفیرێکی بیرۆکراتیانەی وەها دەسازێنێ کە زەمینە بۆ زیندە بەچاڵ کردنی دیموکراتیەت و ئازادی هزر و دەربڕین خۆشدەکات.

ئیدی بەرەبەرە ناکۆکی دەکەوێتە نێوان هۆشیاریی سیاسی و هۆشیاری مودێرنەوە. ئیدی ڕۆشنبیریی و بزاڤی ڕۆشنبیریی، بەتایبەتی لە قۆناغی خۆیبوون و ئازادیدا، باجی ئەو ناکۆکی و هەڤدژییە دەدات. چونکە هوشیاریی نا هاوچەرخ، هۆشیارییەکی گۆشەگیرە و دوورە لە هەر کارلێک و کرانەوەیەکی ڕۆشنبیریی مودێرن، تەنانەت ناتوانێ لە گەڵ کەلەپووری نەتەوەییشدا هاوچەرخانە مامەڵە بکات، تەنیا بە ئەندازەی پێداویستیە سیاسیە تەنگەکان ئاوڕی لێدەداتەوە، ئەمەش جۆرێک لە ناوچەگەرێتی سیاسی لێدەکەوێتەوە، کە خۆی لە خۆیدا دژی نەتەوە پەروەرییە، لە بازنەیەکی کۆنەپەرستانەی مەحکووم بە داڕوخان، لە سەر حیسابی

کەلەپوور برەو بە ڕۆشنبیرییەکی سەرڤە سەرڤەی پەراوێزی دەدات.. ئیدی جۆرە چەمک و ڕوانگەیەکی کۆنەپەرستانە بۆ خۆیبوونی ڕۆشنبیریی پەیدا دەبێت و دەبێتە مایەی دابڕان و گۆشەگیریی نەتەوەیی.

خویایە کە کورد وەکو نەتەوە خودانی سەرکردایەتیەکی یەککگرتووی سیاسی و ئابووری ئیعتراف پێکراو نییە، بێگومان نەبوونی ئەم جۆرە سەرکردایەتی و گوتارە سیاسیە، ئەرکی ڕۆشنبیران و نووسەران و هونەرمەندان و هەزرڤانان، کە لە سەریانە خەم لە پێکهێنانی سەرکردایەتیەکی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی بکەنەوە، قورس و قورستر دەکات.. دەمێکە کاتی ئەوە هاتووە کورد بیر لەوە بکاتەوە و هەوڵبدات سەرکردایەتیەکی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی یەککگرتووی ئەوتۆ بۆخی پێکبێنێ کە بە کێمانی ئیعترافی ڕۆڵەکانی میللەتی کورد بەدەست بێنێ و دان بە هیچ سنوورێکی دەستکردی ئیمپریالیزم و داگیرکەرانی کوردا نەنێت و هیچ ناوچەگەرێتیەکی سیاسی و حیزبی لە لایەنە سیاسیەکانی کورد قەبووڵ نەکات و هەر هەنگاوێک کە ببێتە مایەی دابڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان، کە هەمیشە لە پەیوەندییە حیزبییەکان مەزنتر و زندووترن، بە جورئەتەوە ڕەتبکاتەوە.

**کــورد وەکــو نەتەوە خــودانی ســەرکردایەتیەکی یەکگرتــووی سیاســی و ئــابووری ئیعتــراف پێکراو نییە،**

هەڵبەتە لەم ڕۆژگارە لەزگینەی ئەمڕۆدا، دام و دەزگا و کەناڵێن میدیایی و ڕۆژنامەڤانی جۆراوجۆر، ئەگەر بە ئاراستەیەکی نەتەوەییانە و زانستی و شارستانیدا ڕەنێو بهێنرێ، ئەوا ڕۆڵێکی فرە گرینگ و کارا و کاریگەر لە یەکخستنی نەتەوەدا دەبینێ.. زەمینە بۆ

بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیرییەکی یەکگرتووی نەتەوەیی فەراهەم دەکەن، کە خۆی لە خۆیدا فاکتەرێکی هەرە گرینگە بۆ یەکخستنی نەتەوە.

کورد، بە درێژایی مێژووی خۆی، بە ئەندازەی ئەم سالانەی پاش سەرهەلدان و ڕاپەڕینی سالی ١٩٩١، ئیمکاناتی میدیایی و ڕاگەیاندنەوانی لە بەردەستدا نەبووە، لێ مخابن واقیعی حالی ئەو ئیمکاناتە ئەوەمان پێدەلێت کە وەکو پێویست و بە مەسئولیەتەوە بە کار نەهێنراوە و بە ئاراستەیەکی نەتەوەیی یەکبوونخوازیدا وەگەڕ نەخراوە. حیزبەکان – هەلبەتە بە ڕێژەی جیاواز – بە جۆرێ دەستیان بە سەردا گرتووە و قۆرخیان کردووە، ئەوەندەی بۆ مەبەستی حیزبایەتی و پارچەپارچە کردن و چەسپاندنی گیانی ناوچەگەرێتی تەرخانیان کردووە، بۆ یەکخستنی ڕیزەکانی گەل و خولقاندنی ویژدانێکی نەتەوەیی هاوبەش و سایکۆلۆژیەتێکی یەکگرتوو تەرخانیان نەکردووە. دیارە ئەمەش مەسئولیەتێکی مێژووییە و ئەو لایەن و حیزبانەی لە مەیدانەکەدان – بە ڕێژەی جیاواز – هەروا بە ئاسانی وەکو بەرزەکی بانان لێی دەرناچن.

جا پەیدابوون و سەرهەلدانی ئەو هەموو کەنالە میدیایی و ڕۆژنامەڤانیە، لە سەرەتادا زادەی تینوویەتی و تامەزرۆیی ڕۆشنبیریی بوو، پاشان بەرەبەرە بوون بە دێوجامەی ڕاوە ڕۆشنبیر و پاشان حیزب بە تەواوەتی کۆنترۆلی کرد و، ئێستاش هەر هەمووی حیزبی یان حیزباوین.. حیزب بووە بە تەوقی نەعلەت و چووەتە ملی هەمووان!..

**پرسیاری شست و هەشت:** زانکۆ و توێژینەوەی ئەکادیمی لە هەموو دونیادا بەبنەمای گەشەکردنی ڕۆشنبیریی و پێشکەوتن دادەنرێت، ئەو ولاتانەی زانکۆیان بەهێزە و توێژینەوەیان زانستیە و قۆپیەی تێدا ناکرێت، ئەدەب و زمان و فکر و فەلسەفە و سیاسەت و

بەڕێوەبردن و هەتا پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیشیان لە ئاستێکی متمانەدارترن، پێتان وایە زۆربوونی زانکۆ لە کوردستان و دابەزینی ئاستی توێژینەوەی زانستی چ کاریگەرییەکی خراپی لە سەر بەرهەمهێنانی دەقی داهێنەرانە و خاوەن فکر و بۆچوون و پرۆژە کردووە؟

ئایا ئێوە لە بواری نووسین و وەرگێڕاندا هەست بە کاریگەریی ئەم دۆخە شڵەژاوە زانستیە دەکەن؟ ئایا پێتان وایە زۆر بوونی بڕوانامە واتای بەهێزبوونی بواری زانستی توێژینەوەیە؟ ئەگەر نا ئەم دۆخە چ کاریگەرییەکی لە سەر ڕەوشی گشتی ئەدەب و زمان و ڕۆشنبیریی و هەتا کۆمەڵگاش دەبێت؟

**وەڵامی شەست و هەشت:** لە هەرێمی کوردستاندا، جگە لە پەیمانگە و ئەنیستوتە جۆراوجۆرەکان پتر لە سی زانکۆ هەیە، ئەگەر بە ژمارەی زانکۆ بوایە، دەبوایە هەنوکە لە زۆر وڵاتی دنیا پێشکەوتووتر باین، بەڵام ئایا زانکۆکانی ئێمە زادەی زەروورەتە زانستی و ڕۆشنبیریی و کایە جۆراوجۆرە ئەپستمولوجیەکانە؟ چی لەو زانکۆیانە دەخوێنرێ، ئەوەی دەخوێنرێ لە چ ئاستێکی ئەکادیمی و ڕۆشنبیریی دایە، چەن پاڵپشتی ژیانی عەمەلییە، لە ئاستی جیهاندا و لە باری زانستیەوە چەند ئیعتراف پێکراون، کێهە هزرڤان و فەیلەسوف و گەورە زانا دەرسی تیا دەڵێنەوە؟ ئەو خوێندکارانەی ساڵانە بە لێشاو دەردەچن لە چ ئاستێکی ڕۆشنبیریدان و چ دەورێک لە کۆمەڵگەدا دەگێڕن و چ کرانەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیریی و زانستی و هونەرییان چێکردووە؟ ئەو سی زانکۆیە ئەگەر یەکێ تەنیا سەد مامۆستاشی هەبێ دەکاتە سێ هەزار مامۆستا، واتە سێ هەزار لێکۆڵینڤان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان،

ئەگەر خەڵک و جوگرافیایەکی بچووکی وەکو هەرێمی کوردستان سێ هەزار لێکۆڵینڤانی هەبێ، ئەمە حاڵی دەبێ!

لە جیاتی کردنەوەی ئەم هەموو بە ناو زانکۆیانە، ئاستی خوێندن لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن بە ڕادەیەک بەرز بکەوە، کە قوتابی چووە زانکۆ لە ڕووی ڕۆشنبیریی و خوێنەوارییەوە، مامۆستا سڵی لێبکاتەوە، دکتۆرا و ماستەری قبووڵ خاس و بە پارە کڕدراو لەبەری هەڵبێ.. کورە ماڵ خراپ شتی وا کو دەبێ؟

بەشێکی تەواوی زانکۆکان دووکانن، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە قازانجی، بەرپرسانی کورد دەگێڕدرێن، کو لەقە لەو خێر و بەرەکەتە دەدرێ! جگە لە قازانجی مادی لاف و گەزافی کەلتوور پەروەریشی پێوە لێدەدرێ و بۆ ماوەی چواردانە ساڵیش ڕۆڵەی خەڵکی بە خوێندنەوە مژوول دەبن و هیچ نەبێ داواکارییەکی ئەوتۆیان نابێ کە دەسەڵات ئیحراج ببێت..

ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیریی خۆراکی ڕۆحن، هزر دەخەملێنن، سۆزی مرۆڤانی جۆش دەدەن، زەوق دەپاڵێون و مشت و ماڵی دەدەن. باندۆری ئەمە کۆمەڵگەش دەگرێتەوە. چونکە ئەدەب و ڕۆشنبیریی ڕەسەن ڕێگە بۆ ئاوێتەبوونی خودی پاڵاوتە لە گەڵ کۆمەڵدا خۆشدەکات.. هەڵبەتە ئەگەر ئازادی سیاسی نەبێت و دەوڵەت یان دەسەڵاتی پۆلیسی و سەرکوتکار لە سەر کار بێ، ئەدەبی ئینسانی زۆر بە زەحمەت سەر هەڵدەدات، چونکە لە سایەی سیستەمی پۆلیسی دا هاماجێکی سامناک دەخوڵقێ و بەرە بەرە خەڵکەکە خووی پێوە دەگرێ و لەگەڵی ڕادێ و هەموو قسەکردن و ڕادەربڕینێک دەبێ بە بڤە و، قسەش قافی هات و نەکرا، زەین کوێر دەبێ. دیارە نووسەریش لە کەش و هەوای پۆلیسیدا زەینی قەڵەمەکەی کوێر دەبێت، چونکە چەند سەرکێش و یاخیش بێ، بڕێک درەنگتر لە گەڵ ڕەوشەکەدا ڕادێ، کە ڕاشهات یان دەبێ بکەوێتە

سازش و ڕادەست بوون، یان دەبێ قڕ و قەپی لێبکات و زمانی خۆی کۆت و زنجیر بکات و، هەر دوو هەڵوێستەکە زۆر خراپن و دوژمنی بابکوشتەی داهێنانی ئەدەبین.. واقیعی هەرێم پێمان دەڵێت کە گوتاری ڕۆشنبیریی ئێمە بەو هەموو زانکۆیەوە، بەو هەموو بەناو کەناڵە ڕۆشنبیریانەوە کە هەن، زۆر لاوازە و ئەمە کردوویەتیە کارێ گوتاری حیزبی تەقسیم خوازی، زاڵ بێ، وێڕای ئەو هەموو تەقیسم کارییە ناڕەوایەی بە سەر کورد و کوردستاندا سەپێنراوە، دەمانەوێ ئەمجارەیان بە دەستی خۆمان هەرێم تەقسیم بکەین!! تەقسیمێکی تازە بخەینە سەر تەقسیمەکانی پێشووتر، وەی بابۆ لەو بێ شەرمی و ڕووداری و چاو قایمیە!! گوتاری ڕۆشنبیریی پارێزەری بەرژەوەندییە مادی و مەعنەوییەکانی نەتەوەیە، هەر کاتێ ڕۆشنبیر لە بەر بارەگای دەسەڵات و دەسەڵاتدار بینرا، ئەوە بزانە ڕەوشی میللەت زۆر خراپە، بەڵام ئەگەر دەسەڵاتدار لە بەر بارەگای ڕۆشنبیردا وەستا، مانای وایە میللەت لە گەشەکردندایە.

**گوتاری ڕۆشنبیریی، پێویستە چاودێر بێ بە سەر وتاری سیاسییەوە، وتاری سیاسی سڵی لێبکاتەوە،**

گوتاری ڕۆشنبیریی، پێویستە چاودێر بێ بە سەر وتاری سیاسییەوە، وتاری سیاسی سڵی لێبکاتەوە، شەرمی لێبکات و هەزار و یەک حیسابی بۆ بکات، کەچی وتاری ڕۆشنبیریی ئێمە هێندە لاوازە، گوتاری حیزبی!! نە شەرمی لێدەکات و نە باکی پێیەتی.. هەڵبەتە قەرارسازی میللەتانی پێشکەوتوو هەست بەمە دەکەن و لە پێناوی بەرژەوەندی میللەت و لە ڕای پاراستنی هاوسەنگی گوتاری ڕۆشنبیریی و گوتاری سیاسیدا، حیسابی گەورە بۆ ئەهلی قەڵەم دەکەن، بۆ نموونە کاتی خۆی سارتەری ئەدیب و فەیلەسووفی گەورەی فەرەنسا، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، لە سەردەمی داگیرکردنی جەزایر لە لایەن فەرەنساوە، دژی وڵاتەکەی

خۆی وەستا و پشتیوانی لە شۆڕشگێڕانی جەزایر کرد، کەوتە هاندانی سەرباز و ئەفسەرانی فەرەنسایی کە یاخی بن و شۆڕشگێڕان و شۆڕشی جەزایر سەرکوت نەکەن. هەڵبەتە ڕادیکاڵانی فەرەنسی بە خیانەت تۆمەتباریان کرد و ڕاپۆرتیان لێدا و داوایان لە سەرۆک دیگۆڵ کرد حەپسی بکات، لێ دیگۆڵ بەرسڤی دانەوە: " هەندێ کەس لە سەرووی دەسەڵاتی دەوڵەتەوەن، جان پۆل سارتەر یەکێکە لەوانە... " دیارە لە سایەی قەرارساز و بەرپرسانی ئاوادا گوتاری ڕۆشنبیریی گەشە دەکات و قەڵەمی بوێریش هەڵدەکەون.

نموونەیەکی دی، دەگێڕنەوە دەڵێن، کە لە دوای جەنگی جیهانی دووەم دیگۆل ڕادەسپێردرێ حکومەت پێک بێنێ، بە متمانەی تەواوەوە هەموو وەزیرەکانی کابینەکەی دەستنیشان دەکات، بەڵام کە دێتە سەر وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەڵوەستە دەکات، هەرچی سەردێنێ و سەر دەبات جورئەت ناکات وەزیرێ هەڵبژێرێ، کە لێی دەپرسن بۆ؟ دەڵێت لە ئاستی گەورەیی ڕۆشنبیریی و لە بەردەم ناوە ڕۆشنبیرییە گەورەکانی واری ڕۆشنبیریی فەرەنسیدا هەست بە ترس دەکات، ناتوانێ لە دەرێی ناوەندە ڕۆشنبیرییەکە، کەسێکیان بە سەردا بسەپێنێ، بۆیە داوا لە ڕۆشنبیران دەکات کە لە ناو خۆیاندا یەکێک بۆ ئەو پۆستە هەڵبژێرن، ئەوە بوو ئەندری مالرۆیان بە شێوازێکی دیموکراتیانە هەڵبژارد.. باریکەڵڵا.. لەلای ئێمە تاقە وەزارەتێک کە هیچ هەڤڕکیەک و گەنگەشە و مشت و مڕی لە سەر ناکرێ، وەزارەتی ڕۆشنبیرییە، وەڵڵا ئافەرین!..

**پرسیاری شەست و نۆ:** بەپێی ئەزموونی خۆتان دیاردەی پەراوێز خستن بە مانا گەشتیەکەی لە نێو کۆمەڵگا و لە نێو کایەی ڕۆشنبیریدا چ کاریگەرییەکی لە سەر گەشەکردن و کوشتنی ململانێ و پاشاگەردانی و بڵاوبوونەوەی ڕەشبینی و گۆشەگیرکردن و

لێدانی توانای خۆڕسکی کاریگەر و بە پێچەوانەشەوە بایەخدان بە وزەی پووچاوە و گەورە کردنی هیچەکان و پێشخستنی ناڕەوای کەسانێک کردووە، کە دەبێت لە کردەوەدا لە شوێنی ئاسایی خۆیان کە بریتیە لە خوارەوە بژین؟

پەراوێز خستن لای تۆ چ کاریگەرییەکی هەبووە، ئایا خۆت هیچ کاتێک لە لایەن هێزێک و گروپێک پەراوێز خراون، بە مەبەستی دوورخستنەوەتان لە نووسین و بیرکردنەوە و بەشداری لە کایە گشتیەکانی کۆمەڵگا؟ بۆچی و چۆن؟

**وەڵامی شەست و نۆ:** سیاسەت لە بنج و بناوانەوە کارێکی دەستەجەمی بووە، بۆیە ئاساییە لە هەوڵی ئەوەدا بێ، بە هەر شێوازێک بووە خەڵکانێکی زۆر لە خۆی کۆبکاتەوەو لەو ڕێگەیەوە کار بۆ گەیشتن بە مەبەست و مەرام و بەرژەوەندییەکانی خۆی بکات، عەقڵیەتی سیاسی، زیاتر عەقڵیەتێکی پراگماتیکیە و زیاتر لە دووی بەرژەوەندی و بادانەوەی خۆیەتی، بۆیە لە کۆنەوە لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی هەموو کایە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا بووە، کە یەکێک لەو مەیدان و کایانە، مەیدانی ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی بووە.. هەڵبەتە هەڵگرانی بیر و باوەڕێن ئاینە زەمینی و ئاسمانیەکانیش، کە لە سیاسەت بەدەرنین، ئەم کسمەیان هەیە، بۆ نموونە بڕوانە سورەتی ئەڵشوعەرا کە دەڵێت: "شاعیرانیش کێ لە دوویان دەچێ، گومڕان. مەڕ نەتدیوە – بە شێواوی – سەر بە هەر شیوێکدا دەکەن؟ ئەوان شتێ دەبێژن کە خۆیان نایکەن. مەگین ئەوانە باوەڕیان بە خوا هەیە و ئاکار چاکن و زۆر یادی خودایان کردووە و پاش ئەوەی چەوسێنرانەوە، هەر تۆڵەی خۆیان کردەوە. نەهەقانیش زۆر پێناچێ دەوە دەگەن کە سەرەنجام کێوە دەچن." ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی زۆرجار ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەر هەڕەشەی سیاسەت

کەوتووە، هەوڵی ڕاوکردنی دراوە! سیاسەت پەی بەوە بردووە کە عەقڵیەتی ڕۆشنبیریی، جگە لەوەی لە ئیجادی عەقڵیەتێکی ڕۆشنگەریی دیموکراتیە، لایەنێکی پروپاگەندەیی و بانگەشەوانیشی تیایە، قاڵب شکێنە، پاشکۆیاتی سیاسەتی قەبووڵ نییە، خۆی بە سەرمایەی ڕەمزی نەتەوە دەزانێ.. بۆیە سیاسەت و سیاسی هەمیشە لە نۆڕین و جیهانبینی یە ڕەخنەوانیەکەی ئەدەب و ئەدیب ترساوە، کە لە شتێک ترسای دەبێ هەوڵ بدەیت بە گونجاوترین شێواز کۆنترۆڵی بکەی، ئیدی چ بە شێوازی هەڕەشە و چاو سووركردنەوە بێ، چ بە کڕین و تەماح خستنەبەر بێ.. بۆ نموونە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی دەگەڵ ڕەوش و ڕەوتی سیاسی تۆدا تێک نەکاتەوە، بەر تانە و توانج و پەلامار و هێرشی لایەنگران و کادیرانی ئەو سیاسەتە بدرێ و لە بەرچاوی خوێنەرانی سادە بخرێ و پراوێز بخرێ، کە ئەمە لە بنەڕەتدا کارێکی ناڕەوا و کۆنەپەرستانەیە، یان هەوڵبدەی ئەو ئەدیبانە بە لای کەمەوە بێ لایەن بکەی، سیاسی، ئەدەب بە سەندووقە ترسناکەکەی پاندۆرا دەزانێ و حەز دەکات هەر بە داخراوی بمێنێتەوە! یان بە پارە و دەم چەور کردن و پلە و پۆست، ئەو ئەدیبانە بکڕێ.. هەڵبەتە ئەو بادانەوە لەزگینەی کە سیاسەت و دەسەڵات لە پەیڕەوان و لایەنگرانی خۆی دەخوازێ، بۆ ئەدەبیات دەست نادات و لە باری دەبات، لەم حاڵەدا نووسەران دەکەونە پەراوێز و دەبێ دەست بە کڵاوی خۆوە بگرن، کە ئەمە هەرگیز خەسڵەتی نووسەر نییە، لەم حاڵەدا دەبێ ئەوانیش با بدەنەوە و واز لە نووسین- کە تا سەر مۆخ ئازادی خوازیە بێنن و بە ئاشکرا ببن بە (نۆسەر) و بە عەتری دەسەڵات بۆگەنی خۆیان، لە ڕەمەکی

**نە لە شاخ و نە لە شار، قەرزاربار و منەتبـــــار و دەســــەندەخۆر و دەســـکەلای هـــیچ کەس و گـــروپ و لایەن و حیزبێک نەبووم**

مەردم وەشێرن.. ئەهلی قەڵەم دەبێ، لە ڕێگەی گوتاری ڕۆشنبیریی ڕەسەنەوە، پارێزبەندی ڕۆشنبیریی خۆ بەدەست بێنن و ببن بە چاودێر بە سەر گوتاری سیاسی و حیزبییەوە.. بیسەلمێنن کە لە نێوان ڕەش و سپیدا، ڕەنگێن دیکەش هەن.. پەراوێز خستن، دەرهاوێشتەی دیاردەی پاشکەوتنی کۆمەڵایەتیە و...

بەندە بەش بە حاڵی خۆم نە لە شاخ و نە لە شار، قەرزاربار و منەتبار و دەسەندەخۆر و دەسکەلای هیچ کەس و گروپ و لایەن و حیزبێک نەبووم و باکم بە پەراوێز خستن نەبووە و بە گوێرەی توانا ڕێزی قەڵەمە خاکیەکەی خۆم گرتووە..

**پرسیاری حەفتا:** (روی هیگمان) لەبارەی زمانەوە دەڵێت، مرۆڤ بێ زمان دوورە لە وێناکردن، بیرکردنەوە. ئامرازی پەیوەندیکردن و هاوکارییە. لە تەک زمانیشدا مرۆڤ پەنا وەبەر کەرەستەی دیکەی وەکو نیشانە و وێنە و ئاماژە دەبات نەک هەر ئەوە دەق بێ زمان بە هیچ نازانرێت، زمان بریتیە لە ژینگەی مرۆڤ، ئێوە چۆن لە زمان و ئەرک و بەکارهێنانی زمان دەڕوانن، کە دەزانم ئێوە بایەخی زۆر بە زمان لە نووسین و بەکارهێنان (واتا ئاماژە و لێکدانەوە و تێگەیشتن) دەدەن، پێتان وایە نووسەری بێ زمان بتوانێت بەرهەمێکی زندوو بەرهەم بهێنێت؟

**وەڵامی حەفتا:** هیچ شتێک لە دەرەوەی زماندا نییە. وشە و بەرد ئەو دوو شتە گرینگەن کە مرۆڤی کۆن لە پاش خۆی بەجێهێشتوون و یارمەتیدەر بوون بۆ ناسین و دۆزینەوەی شارستانیەتی مرۆڤ و دیاریکردنی قۆناغە هەوەڵینەکانی هزر و هزرینی تیرەی بەشەر. جا ئەگەر بەرد زۆرجار لەبەردەم فاکتەر و سەدەمە سروشتی و ناسروشتیەکاندا خۆی نەگرتبێ و زۆری فەوتابێ و ڕێژەیەکی زۆر

کەمی مابێتەوە تا ببێ بە بەڵگە و گەواهی موعجیزەکاری ئاوەزی بەشەری و داهێنانەکانی، ئەوا وشە و پەیڤ لە ویژدانی مێژوودا بە زندوویەتی ماوەتەوە تا ببێ بە کلیل و کۆدی کردنەوەی دەرگای حەقیقەتەکان و گەورەترین ڕەنگدانەوەی هەست و هزر لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا ئەمڕۆ. ئەمەش بەڵگەی گرینگی زمانە، کە یەکێکە لە داهێنان و دەسکەوتە هەرە مەزنەکانی تیرەی بەشەر و لە هەموو بوونەوەرەکانی دی جیا دەکاتەوە.. بەهەرحاڵ مرۆڤایەتی قەرزارباری وشەیە کە لە هەوەڵین قۆناغەکانی شارستانیەتی مرۆڤەوە لە گەڵ مرۆڤدا هاتووە و بە گوێرەی پێداویستیە مادی و مەعنەوییەکانی بەشەر گەشە و نەشەی کردووە و هونەرمەندان لە چاخە جۆراوجۆرەکاندا وەکو سەرچاوەی ئیلهام و داهێنانە هونەریی و ئەدەبییەکانی خۆیان تەمەشایان کردووە و مامەڵەیان لە تەکدا کردووە.. بۆیە کە دەگوترێ هیچ شتێک لە دەرێی زماندا نییە، ناکاتە زێدەگۆیی.. کەواتە زمان وەکو چۆن ناسنامەی مرۆڤە و پێی دەناسرێتەوە، بەو ئاوایەش ناسنامەی دەقە.. گومان لەوەدا نییە کەرەستەی سەرەکی ئەدەبیات زمانە، زمانیش ڕەگەز و بناغەی کەلتوور و ژیار و شارستانیەتی هەر کۆمەڵگەیەکە. تەسەور ناکرێ هیچ شارستانیەتێکی درەخشان و پایەدار لە جیهاندا هەبێ، بەبێ ئەوەی کەلەپوورێکی ئەدەبی دەوڵەمەندی لە پشت بێ، ئەدەبیات مەیدانی دینامیکیەتی کەلتووری هەر کۆمەڵگەیەکە و، کەلتووریش کۆی کەلەپووری تێکڕای کۆمەڵگە بەشەرییەکانی جیهانە.. بەهەرحاڵ زمان و بیر دوو ڕووی یەک دراون؛ نە زمانی بێ فیکر هەیە و نە فیکری بێ زمان هەیە. دیارە خەون و خەیاڵ، خەم و خولیا، کەڵکەڵە و خولیا زۆر و زەبەندە و هەمیشە لە گۆڕانە بێ کۆتاییە بەشەرییەکان، لەوە زۆر زیاترن کە زمانی ڕووت، زمانی ئاسایی دەرەقەتی دەربڕینیان بێت، چونکە وشە لە هەموو زمانێکا لە ڕووی

ژمارەوە سنووردارە، بۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە پەنا براوەتەبەر هونەرە ڕەوانبێژییەکان و میتافۆڕ، کە میتافۆڕ، توانایەکی گەورەی واتاسازی لە خۆیدا هەڵدەگرێ، لە میتافۆڕدا، توانای جیاکردنەوەی مانای حەرفی لە جۆرە ماناکانی دی دەڕسکێ. بەم پێودانگە وشە لە هەر زمانێکا سنووردارە و ئەوەی سنووری نییە و لە گەشە و نەشەی بەردەوامدایە، واتا و مانایە.. ئیدی لێرەوە میتافۆڕ لە زماندا زەروورەت پەیدا دەکات؛ میتافۆڕ بەو مانایەی دەکاتە تێگەیشتنی شتێک لە بەر ڕۆشنایی شتێکی دیکە، ئەو گوزارشتە زمانەوانیانەی ڕاستەوخۆ و بەبێ پەنابردنە بەر کێڵگەیەکی ئەپستمولوژی دیکە ناچنە خانەی میتافۆڕەوە.

**ئامانجی کاری ئەدەبی ئەوەیە خوێنەر بکات بە بەرهەمهێنەری دەق نەک بە کاربەری دەق.**

سەبارەت بە ئەدەبی کوردی، لە کاتێکا کورد بە درێژایی مێژوو هەر بن دەست و چەوساوە بووە، لە ماڵی خۆیا وەکو بێگانە و داگیرکراو مامەڵەی لە تەکدا کراوە، تۆپ و تانک و فڕۆکە و چەکی قەدەغەی زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی دنیای بەسەردا تاقیکراوەتەوە و، هەر فریای مقاوەمەت کەوتووە و وەکو کرێچی مامەڵەی لەگەڵ ژیاندا کردووە، ئیدی خەڵکەکە، نە ئارامی سایکۆلۆژی و سۆسیولۆجی هەبووە و نە وەختی پێویستی هەبووە دەقێن ڕەمزی و سوریالی و گۆنگی فیلیڤانی بخوێنێتەوە و لەزەتی ئیستاتیکی لێبدینێت، بۆیە بەشێکی زۆری ئەدیبەکانمان، بەتایبەتی شاعیرەکان، کە شیعر ژانری باوی ئەدەبیاتی ئێمە بووە، لەگەڵ سەرهەڵدانی بیری ناسیۆنالیستی کوردیدا لە ئاخر و ئۆخری سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، شیعری ڕاستەوخۆیان گوتووە، ئەرکێکیان لە دەقەکانیان بار کردووە، کە لە بنەڕەتدا ئەرکی دەقی ئەدەبی – شیعریی نەبووە، زیاتر مقاوەمەت و بەرخۆدان بووە، لەو پێناوەدا دەستبەرداری زمانی باڵا بووە.. هەڵبەتە

وەکو دەگوترێ زمانی شۆڕشگێڕیی ناتوانێ زمانێکی ئوستوورەیی بێ، کە لە بنەڕەتدا زمانی باڵای دەقێن ئەدەبییە.. ئامانجی کاری ئەدەبی ئەوەیە خوێنەر بکات بە بەرهەمهێنەری دەق نەک بە کاربەری دەق. زمانی ڕاستەوخۆ، ئەوپەڕی دەقێکی داخراوی لێدەکەوێتەوە، کە لە یەک خوێندنەوەدا کۆتایی دێت! لە کاتێکا دەق بە حوکمی ئەوەی بوونێکی هەزار تۆیی هەیە خۆبەخۆ دەبێت بە زەمینەی نەش و نمای فرەمانایی، هەر خوێندنەوەیەک نهێنییەکی تازەی دەق کەشف دەکات، بۆیە خوێندنەوە لە کۆتایی نایەت و دەق لە گەڵ هەر خوێندنەوەیەکی تازەدا، تازە دەبێتەوە.. بۆیە دەقی داخراو، یەک توێ، لە گەڵ یەکەم خوێندنەوەدا، سیحرە ئەدەبی و هونەرییەکەی بەتاڵ دەبێتەوە.. زۆربەی دەقی ئەدەبی کوردی، ئەو بۆشاییە هونەرییەی تیا بەدی ناکرێ کە دەبێ خوێنەر، بەدەم خوێندنەوەی جدییەوە پڕی بکاتەوە!.. لە کاتێکا میتافۆڕ لە ئەدەبدا ئەرکێکی ئیستاتیکی هەیە، کە سەتحیەتی زۆربەی دەقی کوردی، خوێنەری کوردی لەم لەزەتە ئیستاتیکیە بێ بەش کردووە.. میتافۆڕ، چاو و بیری خوێنەر دەکاتەوە، دەکاتە کارێک خوێنەر ئەو دەقە واقیعیانە بدینێ کە پێشتر هەستی پێنەکردووە..

سەبارەت بە دنیای چیرۆکڤانی و ڕۆمان، ئاشکرایە کاراکتەر یەکێکە لە ڕەگەزە هەرە گرینگەکانی، ژمارەیان لە ڕۆماندا، بەتایبەتی لە ڕۆمانێن مەند و فرە دەنگ و پڕ لق و پۆ زۆرە. ئەمانە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و چینایەتی یەوە، لە ئاستی ڕۆشنبیرییەوە، زۆر لێکدی جیاوازن، ئیدی بمانەوێ و نەمانەوێ ئەم جیاوازییە، لە دەم و دوو و زماندا، کەم و زۆر، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەدیار دەکەوێ، چونکە زمان ئەوزاری گواستنەوەی هزر و کەڵکەڵە و ئەڵها و خەون و خەیاڵ و خەم و خولیا جۆراوجۆر و هەمیشە لە گۆڕانەکانی، بەشەرە. کەسایەتی مرۆڤ لە دەم و دوو و کار و کاردانەوەکانیەوە، بەدیار دەکەوێ. هەرکەسە و شێوازی دەم و دوو و ڕەفتاری

تایبەتی خۆی هەیە کە پێی دەناسرێتەوە، کە ئەمە لە گوزارشت و دەربڕینیشدا بەرجەستە دەبێت. ئیدی دیالۆگ لە دنیای ڕۆماندا، لێرەوە بایەخ و گرینگی پەیدا دەکات. ئەوەی کاراکتەر دەیڵێت دەبێ قسەی خۆی و بە زمانی خۆی بێت، بە شێوازی خۆی بیڵێت، کە پێویستە لە زمانی نووسەر جیاواز بێ، چونکە کاراکتەر نە پەیڤداری نووسەرە، نە بڵندگۆی نیاز و مەبەستەکانی نووسەرە..

ئیدی لێرەوە فرەدەنگی زەروورەت پەیدا دەکات.. زمان کە بەردی بناغەی دیالۆگە، ئاست و چۆنیەتی بیرکردنەوە و وابەستەگی جڤاکی و چینایەتی هەر کاراکتەرێک دیاری دەکات.. بۆیە یەکنەوایی زمان لە دەقی چیرۆکڤانیدا، بەتایبەتی لە دەقی ڕۆمانەوانیدا، دیاردەیەکی نەرێنییە و مانای وایە نووسەر، گوتیار (نووسەری پەنهان) سەر لەبەری زمانی ژانرە ئەدەبییەکەی کۆنترۆڵ کردووە، غافڵە لەوەی کە فرە زمانی یەکێکە لە مەرجە هەرە گرینگەکانی ڕۆمانی سەرکەوتوو، لەبەر هیچ نا، لەبەر زەروورەتی ئەو فرە کاراکتەری و نەفەسە دیموکراتیەتەی کە ڕۆمان دەیخوازێ..

زمان ئاوێنەیە، واقیعی میللەت دەنوێنێتەوە، چەند سخ و چڕ بێ، چەند پابەندی بنەما دەستووری و گوزارشتەوانیەکانی خۆی بێ، بارگاوی بە مانایان بێ، تا کراوەتر بێ و پێشوازی لە تازە و تازەبوونەوە بکات و زەمینە بۆ نزیکبوونەوەی هزرین لە یەکدی خۆش بکات، زندووتر دەبێ و توانای گوزارشتەوانی پتر دەبێت، دەتوانێ وزە و ئیمکاناتە پەنهانەکانی زمان لە دەقدا بتەقێنێتەوە و هونەرە ڕەوانبێژییەکان لە کێڵگەی دەقدا ڕەنێو بهێنێت و وەبەرهێنانی لەسەر بکات.. هەندێکەس پێیان وایە لە دەرێی ڕەوانبێژیدا شتێک نییە ناوی ئەدەب بێ (بۆ نموونە چارلز بریلمان) یانی ئەگەر بگوترێ دەق بریتییە لە بەرهەمهێنانێکی هونەریانەی ئەفسووناوی زمان، ڕەنگە نەبێ بە زێدەگۆیی، واتە زمان لە دەقدا و لە ناو جەرگەی پرۆسەی

بەدەقبووندا، خۆبەخۆ دەڕسکێ، کەچی لە نک مە، لە زۆربەی دەقەکانماندا، کە مخابن زۆربەیان دەقی داخراون، زمان لە دەرێی دەقەوە هێنراوە و بە نەهەق و بە شێوەیەکی میکانیکی لە دەقەکە بارکراوە و، زۆربەی دەقەکان لە ڕووی هونەرییەوە مردوو و یەک ڕەهەند و یەک توێن و لە گەڵ یەکەم خوێندنەوەدا سیحری هونەرییان بەتاڵ دەبێتەوە.. لە کاتێکدا وشە لە دەقدا نیشانەیە، دەلالەت لە شتێک یان چەند شتێکی دەرەوەی خۆی دەکات، واتە داله، دەبێ خوێنەری جدی بەخۆی مەدلوولەکەی کەشف بکات.

**پرسیاری حەفتا و یەک:** بەکارهێنانی زمان هەر تەنیا کردەی پەیوەندیکردن و شێوازی پەیوەندیکردن دەستنیشان ناکات، بەڵکو (مەبەست و واتا و خواستەکانیش) دەگۆڕێت، بۆ نموونە کاتێک تۆ ناوونیشانی نۆڤلێتەکەی خۆت دەکەیتە (قەیرانی سێبەر) مەبەستت هەیە، کە جەخت لە سەر (قەیران) بکرێتەوە، ئەمە مەبەست و پەیامی سەرەکی تۆیە، یان کاتێک جەخت لە سەر سێبەر دەکرێتەوە، واتە تۆ بە شێوەیەکی بنەڕەتی مەبەستت (سێبەر/ کەسایەتییە).

که نە (قەیران و نە سێبەر) واتا سروشتییەکەیان ناگەیەنن، بەڵکو ئامانج (کێشەی لاوازبوون و پاشکۆیەتی و شکانی کەسایەتی تاکە) لەنێو کۆمەڵگەدا، هەروەها کاتێک بنووسیت (سێبەری قەیران) واتا مەبەست و خواستی ناوونیشانەکەت سەرتاپا دەگۆڕێت، بۆیە بەکارهێنانی زمان زۆر گرنگە لە دروستکردنی (واتا) و (مەبەست) و چۆنیەتی گەیاندنی (پەیام) و (بەدیهێنانی کردەی پەیوەندیکردن) لە کاتێکدا ئەم دەستکارییە لە ناوونیشانی (کۆچی سوور) دا ئاسان نییە. دەزانم ئەمە توانا و زەوق و بیرۆکەی بەکارهێنانی زمانە لە دوو سەردەمی جیاوازدا، بەڵام دیسان دەتوانین بڵێین خوێنەر

دەتوانێت واتا و مەبەستی جیاواز لەنێو هەر دوو بە کارهێناندا دروست بکات، ئەمە چۆن لێک دەدەنەوە؟

**وەڵامی حەفتا و یەک:** هیچ شتێک لە دەرێی زماندا نییە، زمان و فکر دوو ڕووی یەک دراون، نە زمانی بێ فیکر هەیە، نە فکری بێ زمان، تەنیا بە زمان و لە ناو زمان و لە ڕێگەی زمانەوە فیکر دێتە بەرجەستە کردن و دەربڕین، بۆیە هزرین دەکاتە چالاکییەکی مرۆڤانی لە واری زماندا.

زمان کەرەستەی سەرەکی ئەدەبە، دەتوانین بڵێین دەقی بەرز و باڵا، کراوە، بریتیە لە هونەری وشە. وشە دەلالەت لەو شتە یان ئەو شتانە دەکات، کە لە ناخی نووسەردا پەنگاوەتەوە و بە مکووڕی داوای دەربڕین دەکات و نووسەر وەکو بابەت هونەریانە مامەڵەی لە تەکدا دەکات، بە زەبری وشە و بەکارهێنانی ئەفسووناوی وشە، ئاوێتەی هەستمانی دەکات . کەواتە زمان و بابەت یان دەق جمکانەن و زادەی ئاوێتەبوونی ڕەسەنانەی قەڵەم و وشەیە.

وەکو چۆن هەر وشەیەک و لە هەر شوێنێکدا دەلالەت لە شتێک یان زیاتر دەکات، بەو ئاوایە هەر شتەش وشەی خۆی بەرهەم دێنێت و هەڵدەبژێرێ. هەر شتەش بگری بەرەنجامی وشەیە. بەوجۆرەش بابەت یان دەق بەرەنجامی زمانە، هەر بابەتێک فۆرم و زمانی خۆی بەرهەمدێنێت و بەڕادەیەک ئاوێتەی یەکترن کە پێدەچێت جیاکردنەوەیان مەحاڵ بێ. تا بابەت هەمە ڕەنگ و دەوڵەمەند و لە ڕووی هونەرییەوە چڕ و چوغوورد بێ، زمانیش هەمە ڕەنگ دەبێت. ئەمەش دەکاتە کارێک کە زمان بە گوێرەی بابەتەکە بگۆڕێ.. بەندە بەوە قاییل نیم کە نووسەر بە یەک جۆرە زمانەوە دەق بگرێ، وەکو کاڵای ئامادە بە بەری هەر بابەتێکیا بکات، ئەمە بابەت و دەق لەبار دەبات و مرداری دەکاتەوە. چونکە بابەتێک

بابەت بێ، بەخۆی هاوار دەکات، زمانی خۆی بەرهەمدێنێت و قەڵەم ڕەدووی وشە دەخات، وشە بە دەقی نەمر و زندوو دەسپێرێت. واتە دیل کردنی زمان لە قەفەزی یەک جۆرە شێوازدا، لە باری هونەرییەوە کارێکی پەسند نییە.. ئەوەی لە دەقدا قسە دەکات زمانە، نەک نووسەر، بۆیە ئەو کەسەی لە دووی مانا قووڵ و دەلالیەکانی دەقە، دەبێ نووسەر لە خەیاڵی خۆیدا بسڕێتەوە و بە تەواوەتی دەستبەرداری بێت.

لە دەقدا، ئاسۆی جیاواز هەیە. ئاسۆی ڕابردوو ئەوەیە کە لە لایەن نووسەرەوە هاتووەتە نووسین، ئاسۆی ئەمڕۆیی دەق، یان دووبارە نووسینەوەی، ئەو ڕاڤە و تەئویلەیە کە لە حاڵی ئێستادا و لەلایەن خوێنەرەوە بۆی دەکرێت. لەم جۆرە تەئویلەدا، هەوڵ بۆ ئەوە دەدرێ فاسیلەی نێوان دەق و خوێنەر پڕ بکرێتەوە و ئەرکی خوێنەر و تەئویلکار ئەوەیە کە ئەم مەودا زەمانییە پڕبکاتەوە و دەست بە نوێسازی دەق بکاتەوە، یانی سەرلەنوێ دەقەکە تازە بکاتەوە، بۆیە گەر بگوترێ دەق بەبێ تەئویل و ڕاڤە دەپوکێتەوە و زندەبەچاڵ دەبێت، نابێ بە زێدەگۆیی.. هەڵبەتە هیچ تەئویلێک ناکاتە دوا تەئویل و ڕاڤەی یەکجارەکی؛ بۆیە خوێندنەوەی دەق، بەتایبەتی دەقی فیلیڤانی نووسراو لە کۆتایی نایەت.. هەر دەقێک لە هەر خوێندنەوەیەکدا تازە دەبێتەوە وەکو ئەوەیە دەقێکی تازە لە دایک ببێت. ئینسان لە ناو زماندا دەژی و زمان لە هەر چوار نکاڵەوە دەوری داوە، هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە تەئویل ڕەگێکی لە دیرایەتدایە، بەسەر جۆرەها ئەگەردا دەکرێتەوە و تەفسیر ڕەگی لە ڕیوایەتدایە و پشت بە یەقینیەت دەبەستێ.

بەهەرحاڵ ئەگەر بگوترێ زمان لە دەقدا ئەوزار نییە، بەڵکو بابەتی سەرەکی و ئامانجی سەرەکی دەقە، ڕەنگە نەبێ بە زێدەڕۆیی. نووسەر بۆیە دەنووسێت، چونکە پێویستی بە نووسینە،

تا شتێک دەربب‌ڕێت، تا ئەوەی لە ناخیا پەنگاوەتەوە دەربب‌ڕێت، ئەدەبییەت کە جەوهەری دەقی ئەدەبییە، دەکاتە پاچڤەیەکی هونەریی – ئیستاتیکی هەست و سۆز و گوداز و هەڵچوونە دەروونییەکان.

دەقی باڵا و کراوە و بارگاوی بە فرە دەلالەتان، هەمیشە بۆشاییەکی هونەریی بەجێدەهێڵێت، کە ئەرکی خوێنەر و ڕاڤەکار و تەئویلکارە کەشفی بکات و پڕی بکاتەوە، کە ئەمە لە دەقی کوردیدا کە مخابن بە زۆری دەقی داخراون، بەدەگمەن بەدی دەکرێت. زمان لە دەرێی دەقەوە هێنراوەو لێی بارکراوە، بۆیە دووچاری تەنگە نەفەسی هونەریی بووە، کە ئەمە سەتحیەتی خوێندنەوەی لێدەکەوێتەوە.. لە کاتێکا هەر دەقێک بەدەم پرۆسەی بەدەقبوونەوە و بە گوێرەی پێداویستیە هونەری و دەلالیەکانی، زمانی تایبەتی خۆی بەرهەمدێنێت.. زمان بە نووسین و لە نووسیندا، دەڕسکێ و دەخەملێ و دەتەقێتەوە و دەبێت بە زمانی بەخشش لە کایە ئەپستمولوجیە جۆراوجۆرەکاندا، زمان لە دەرێی نووسیندا، دەبێ بە فولکلۆر.

بەندە یەک لە باری خۆم، لە سەرەتای هەوڵە ئەدەبییەکانمەوە، هەستم بە زەروورەتی ئەو بۆشاییە هونەریی و گۆنگییە فیلیڤانیە کردووە کە دەبێ خوێنەر کەشفی بکات و پڕی بکاتەوە و هەوڵم بۆ داوە، ئیدی چەندم نیشانە پێکاوە یان نا، ئەمە لە لای خوێنەری جدیە، بۆ نموونە کۆمەڵە چیرۆکی تیرۆژ (١٩٧٩) پڕە لەو بۆشاییە هونەرییانەی کە ئەرکی خوێنەرە پڕی بکاتەوە، بۆیە یەکێکە لەو هەوڵە چیرۆکڤانیانەی کە لە لایەن خوێنەری تەمەڵەوە غەدری لێکراوە.. دەقی کراوە، زیاتر گرەوی لە سەر خوێنەری ئیحتیمالییە، کە لە هەموو سەردەمێکا هەیە و هیچ سەردەمێک لە خوێنەری ئیحتیمالی خاڵی نییە و خوێندنەوە لە کۆتایی نایەت.

سەبارەت بە (کۆچی سوور و قەیرانی سێبەر) دوو دەقی جیاوازن، لە دوو سەردەمی جیاوازدا لە دایک بوون، لە ناوەوە و

بەدەم دەقبوونەوە زمانی هونەری خۆیان بەرهەم هێناوە و هیچ ڕستە و دەستەواژەیەکی کلێشەیی و ئامادەیان، لە دەرێڕا لێبار نەکراوە، زمانی هەردوو دەقەکە زیاتر دەلالی و میتافۆڕیە تا گوزارشتەوانی بێ، لە هەر دووکیاندا ئەو بۆشاییە هونەرییە و گۆنگیە فیلیڤانیە، ڕەچاو کراوە کە پێویستە خوێنەر پڕی بکاتەوە.. گرەوی ئەم دەقانە زیاتر لە سەر خوێنەری گریمانەیی و ئیحتیمالییە.. لە هەر دووکیاندا خەیاڵاندنی واقیع و واقیعیەتاندنی خەیاڵ لە چڕە کارلێکێکی هونەریی تەواودان، دیارە خوێنەر لە بۆچوون و ئەنجامگیرییە هونەریەکانی خۆیدا، دەتوانێ شتی جیاواز لە نیاز و مەبەستە دەلالیەکانی نووسەر، لە خودی دەقەکەوە هەڵێنجێ.

**پرسیاری حەفتا و دوو:** بەکارهێنانی زمانی سۆز و عاتیفە یەکێکە لە بوارە ئاڵۆزەکانی نێو دەق، کارێکی قورسە مرۆڤ بتوانێت دۆخی عاتیفی کاراکتەرەکان لە ڕووی دەروونییەوە بەشێوەیەکی ورد وەسف بکات. من لە نێو دەقەکانی تۆدا بە زمانێکی شاعیرانە بۆ پڕکردنەوەی ئەم بوارە گوزارشت لە دۆخە مرۆییە دەروونییەکان دەکەیت، تۆ وەکو نووسەرێکی دوو سەردەمی جیاوازی (تێکۆشان لە نێو خەباتی چەکدارىی) و (ژیانێکی مەدەنی لە شار) چۆن مامەڵەت لە گەڵ ئەم جۆرە زمانە لە نێو دەق کردووە؟ پێتان وایە جیاوازی سەردەم و شوێن و ڕووداوەکان کاریگەرییان لە سەر چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لە نێو دەقەکانی تۆ دروستکردووە؟ تۆ کە وەسفی دۆخی دەروونی و عاتیفی کارەکتەرەکانت لە شاخ دەکەیت، ئایا هەمان وەسفە کە لە شاردا دەیکەیت؟ ئەگەر جیاوازیی، یان لەیەکچوون هەیە بۆچی؟ لە بیر نەکەین ئامانجی سەرەکی نووسەر پەیوەندیکردنە بە خوێنەرەکانی لە ڕێگای زمانەوە، ئایا زمانی عاتیفە و وەسف و گێڕانەوەی پڕ لە عاتیفە چۆن لە گەڵ (ڕەخنە) لە دۆخە

تایبەت و ترسناکەکانی نێو کۆمەڵگا هاوسەنگ دەکرێن؟ تۆ ڕەخنە لە شۆڕش دەگریت، ئایا زمانی عاتیفە دەتوانێت ئەم پەیوەندییە فیکرییە بەهێزە دروست بکات، کە تۆ مەبەستتە؟ یان لە شاردا کە دەتەوێت شیکارێکی ڕەخنەگرانەی پڕ لە ڕەمز بۆ ڕووداوەکان بکەیت، پێتان وایە زمانی عاتیفی، وەسفی عاتیفی بتوانێت پەیامە سەرەکییەکان بگەیەنێت؟

لە شاردا، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندی عاتیفەدارانە زۆر باڵادەست تر و کاریگەرترە لە دۆخی شاخ؟ لەوێدا دەستدرێژی نا شۆڕشگێڕانە دەکرێتە سەر ئافرەت، لە شاردا پەیوەندییەکی نیمچە ئارەزوومەندانەیە، یان پەیوەستە بە دۆخی داراییەوە. ئەمە لای تۆ چۆن بەرجەستە کراوە؟ لە کاتێکدا تۆ ئافرەت وەکو (قوربانی کۆمەڵگا، بیرکردنەوەی پیاو سالاری و قوربانی لە پێناو ئامانجێکی باڵا) وەسف دەکەیت؟ هەموو ئەوانە من بە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانی داهێنەرانەی نێو دەق دەبەستمەوە، ئەگەر تۆ لێکدانەوەیەکی دیکەت هەیە، حەز دەکەم لێرەدا گفتوگۆی لە بارەوە بکەین؟

**وەڵامی حەفتا و دوو:** زمانی دەقی ئەدەبی بۆخۆی ڕاڤە و تەئویلی واقیعێکە، کە دەبێ خوێنەر کەشفی بکات. زمان لە کاری چیرۆکڤانیدا بە گشتی و لە ڕۆماندا بە تایبەتی، ئەوزاری دەربڕین نییە، بەڵکو بابەتی دەربڕینە، خودی بابەتەکەیە، هەر بابەتێک بەدەم بە دەقبوونەوە و بە گوێرەی زەرووڕەتە دەلالی و هونەریی و گوزارشتەوانیەکانەوە، زمانی خۆی بەرهەم دێنێت.. واتە هەر هونەرێ زمانی تایبەتی خۆی بەرهەمدێنێت. بۆ نموونە چیرۆک زمانی تایبەتی خۆی بەرهەمدێنێت، ئەم زمانە بونیادێکی هەیە جیاواز لە زمانی ئاسایی و باو. ئەدەبیات بە زمان و لە ناو زمان و لە ڕێگەی زمانەوە چێدەبێت، بەڵام لەوە هێوەتر دەڕوات و زمانی

تایبەتی خۆی دەدۆزێتەوە و کۆمەڵێک نیشانە و دەلالەتی هونەری دەخولقێنێت تا لەو ڕێگایەوە پەیامی تایبەتی خۆی بگەیەنێت، کە ئەمەش تەنیا و تەنیا بە زمان مەیسەر دەبێت، هیچ شتێک لە دەرێی زماندا نییە.. بەم پێیە دەقی ئەدەبی لە دوا ئەنجامدا دەکاتە سیستەمێکی زمان و کەشفکردنی ئیمکاناتی بێ پایانی ئەو سیستەمە.

زمان لە گۆڕانی بەردەوامدایە و، هەر ناسازییەکی کۆمەڵایەتی یان هەر پەیوەندییەکی تازەی جڤاکی، نوێئاوەری زمانەوانی لێدەکەوێتەوە، نووسەری تازە ناتوانێ زمانی کۆن بەکات بێنێت، بۆ نموونە تەمەشای زمانی کوردی سەردەمی نالی و سەردەمی ئەمڕۆ بکە.. دابڕان و دوور کەوتنەوە لە زمانی باو، لە کاری ئەدەبی فیلیڤانیدا حەتمیە.

**زمانی دەلالی هەمیشە لە زمانی پەیوەندی ئاسایی باڵاترە..**

زمانی دەلالی هەمیشە لە زمانی پەیوەندی ئاسایی باڵاترە.. ژیانی کەس لە ژیانی کەسی دی ناچێت، بۆیە زمانی کەس لە هی کەسی دی ناچێت و چۆنیەتی دەربڕین و گوزارشت و چۆنیەتی بەکارهێنانی تایبەتی زمان، ڕەنگدانەوەی ژیانی دەروونی ئەو کەسەیە..

مرۆڤ بوونەوەرێکی فیکردارە، لە جیهانێکی تەژی سۆز و ترس و ئارمانج و خەم و خولیا و خەون و خەیاڵ و نیگەرانی و واقیع دا دەژی، ئیدی ئەو جیهانە دەیجولێنێ و ناچاری دەکات لە قاڵبی زمانەوانیدا خۆی بگێڕێتەوە، جا ئەم خۆ گێڕانەوەیە لە وێنەی هونەری، لە ڕەمزی ئەفسانەیی و سرووتی ئاینی و ئەدەبیاتدا بەرجەستە بووە و خۆی نواندووە. ئەم دەسکەوتانەش پێکەوە تۆڕی ڕەمزان پێکدێنێت، جا ئەم حەقیقەتە جیهانی مرۆڤ لە جیهانی حەیوان جودا دەکاتەوە. حەیوان زۆر زاتیانە تەعبیر لە خۆی دەکات، بەڵام مرۆڤ لە میانەی بابەتەوە گوزارشت لە خۆی دەکات. واتە لە

میانی وێنە و ڕەمزێن بەرجەستەوە. جا لەم پێودانگەوە دەکرێت بگوترێ مرۆڤ نەک هەر حەیوانێکی ئەقڵدارە، بەڵکو حەیوانێکی ڕەمز سازیشە و ئەقڵی بەشەری بە سروشتی خۆی پێویستی بە ڕەمزانە، چونکە ئەم ڕەمز و ڕەمزسازییە، ژیانی مرۆڤ دەوڵەمەند دەکات و گوڕ و تینی پەرەسەندن و تازەبوونەوەی دەداتێ..

بەهەرحاڵ کردەی ئەدەبی لە جەوهەردا کردەیەکی کەشفکارییە، زمان لە ئەدەبدا کەرەستەی بنەڕەتی و سەرەکی ئەم کردە کەشفکارییەیە، ئەم کەرەستەیەش، کەرەستەیەکی حازر و ئامادە و کلێشەیی نییە، بەڵکو بەدەم بەدەقبوونی بابەتەوە و بە گوێرەی پێداویستیە دەلالی و هونەرییەکانەوە دەڕسکێ و دروست دەبێت.. هەڵبەتە لاوازی جیهانبینی و خوێندنەوەی هونەری لە دەقی ئەدەبی کوردیدا زاڵە؛ زمانی شۆڕشگێڕیی ناتوانێ زمانێکی ئوستوورەیی بێ، کە لە بنەڕەتدا زمانی باڵای دەقێن ئەدەبییە.. ئامانجی کاری ئەدەبی ئەوەیە خوێنەر بکات بە هەرهەمهێنەری دەق نەک بەکاربەری دەق.. بۆ ئەوەی لەزەت لە دەقێکی هونەریی وەربگریت، دەبێ ڕۆشنبیرییەکی هونەریت هەبێت.

ئەدەب شۆڕشە بەسەر واقیعدا، نەک کۆپی کردنەوەی واقیع.. ئافرەت لە چیرۆکەکانی حەمە کەریم عارف دا، زیاتر لە لایەنە ئینسانیەکەوە مامەڵەی لە تەکدا کراوە تا لەلایەنە جیندەرییەکەوە.. هێندەی لە دووی تێرکردنی ئارەزووە دەروونیەکانیەتی، لە دووی کەڵکەڵە بایولوژییەکانی نییە، بوونەوەرێکی حەیوانی نییە، تەنیا غەریزەی سێکسی بەڕێوەیبەرێ، بەڵکو کاراکتەرێکی ناو دەقە، لە دەرێی دەقەوە نەهێنراوە، بۆ مەبەستی ناهونەری لە دەقەکە بار بکرێ، بەدەم دەقبوونی بابەتەکەوە خوڵقاوە، ماهیەتی ئینسان لە ڕەفتار و هەڵوێستەکانیا دەردەکەوێ، بۆیە نووسەر هەوڵیداوە، وەکو کاراکتەرێکی چیرۆکڤانی لە میانی ڕەفتار و هەڵوێستەکانییەوە

نیشانی بدات؛ چونکە چیرۆک زیاتر نیشاندانە تا وتن بێت. واتە بوونی ئافرەت بوونێکی سروشتیە، لە باندۆری ژینگە و کۆمەڵگە جڤاکی و هونەرییەکەی خۆی بەدەر نییە، خۆی بەرپرسە لە ڕەفتار و چارەنووسی خۆی. خەڵکی ناو دەقەکەیە و بە گوێرەی واقیعی دەقەکە واقیعییە و هیچ ڕاڤەیەکی میتا واقیعی هەڵناگرێت. ئافرەت ئەوەندەی ئینسانە، ئەوەندە مێیاتی و ئەوزاری تێرکردنی شەهوەت نییە. ئافرەت ڕەمز و نوێنەری خۆیەتی، قوڕە خۆشەی دەستی نووسەر یان گوتیار (نووسەری پەنهان) نییە تا هەرچیەکی بوێ ئەوەی لێدروست بکات، بیکات بە ڕەمزی نیشتمان، یان نیشتمان بشوبهێنێ بەو. خۆی خۆی دروستدەکات، هەڵبەتە لە باندۆری ئەو واقیعە ژینگەیی و جڤاکی و هونەرییە بەدەر نییە کە تیایدا دەڕسکێ، کە ئەمە کار لە ڕەفتار و هزرینی دەکات، خۆی نوێنەری خۆیەتی، لە ڕەفتار و چارەنووسی خۆی بەرپرسیارە، نە پەیڤداری نووسەرە نە هی گوتیار..

نووسەر، نە پێشبینی چارەنووسی دەکات و نە دەیخاتە سەر ڕێگەیەک بگاتە ئەو ئامانجەی نووسەر دەیەوێ، خۆی مل بە چارەنووسی خۆیەوە دەنێت.

**پرسیاری حەفتا و سێ:** تۆ ڕۆمان بەوپەڕێ ئازادی خەیاڵ دادەنەیت، ئەی زمان لێرەدا ئەرکی چییە، لە کاتێکدا ئێمە دەزانین خەیاڵ نە سنووری هەیە و نە زمان دەرەقەتی گێڕانەوە و وەسف و وێناکردنی بێ سنووری خەیاڵ دێت، لە هەمان کاتدا تۆ پێت وایە زمانی ڕۆمان دەبێت زمانێکی (سخ و چڕ و پوختە و پاراو بێت، نە جێگەی درێژدادڕی تیا دەبێتەوە و نە ڕێگەی ئاخافتنبازی دەدات، یانی زمانی ڕۆمان ئەوزاری گوزارشتە لە خودی خۆی، بە موجەڕەدی ناسنامە و ماهیەت و بونیادی سەربەخۆی نییە، بە

گوێرەی ئەو بابەتەی باسی دەکات دەگۆڕێت). ئایا بیرتان لەوە نەکردووەتەوە لە نێوان (ئازادی خەیاڵ و چڕی زمان و نەبوونی سەربەخۆیی لە دەرەوەی بابەتەکان) زمان ئەرکی زێدە قورس کراوە؟ لە کاتێکدا پێتان وایە (ڕۆمان یەک زمانی نییە) ئەم فرە زمانییە لە کوێوە هاتووە و چ جۆرە کاریگەرییەکی لە سەر بونیادی ڕۆمان هەیە؟

دەکرێت بۆم شیبکەیتەوە بێ سنووری خەیاڵ، چۆن لە لایەن خودی زمانەوە سنووردار دەکرێت؟ لە بێ سنووری وەسفکردنی شتێکدا، چۆن چڕکردنەوەی زمان دەبێتە هۆکارێک بۆ (لە قاڵبدانی شتێک)، یان (قورسکردنی ئەرکی خوێنەر لە کردەی تێگەیشتن و شیکردنەوەی شتەکاندا)؟

**وەڵامی حەفتا و سێ:** هەر دەقێکی هونەریی باڵا خەون و خەیاڵی قووڵ و دەوڵەمەندی تیا نەبوو، وەکو مەلێک وایە هەر دوو باڵی کرابێ و بێهودە بەتەمای فڕین بێت. ڕۆمان پرۆسەیەکی هونەریی یەجگار هەستیارە، واتە نیشاندانە نەک وتن؛ خوڵقاندنە نەک گوزارشتکردن، واتە جۆرە ئافراندنێکی هونەرییە، نە دان بە هیچ یاسا و ڕێسا و بنەمایەکی هونەریی ئامادە و پێشوەختەدا دەنێت و نە پابەندی دەبێت. بەدەم بە دەقبوونەوە هونەریانە دەخوڵقێت و یاسا و ڕێسای هونەریی خۆی بەرهەم دێنێت و هونەرییەتێکی ئەفسووناوی ئەوتۆ پەیدا دەکات، کە خوێنەر لە پاڵ لەزەتی ئیستاتیکیدا هەست بکات شتێکی تازەی بۆ کەشف کراوە. جا لەم پرۆسە فیلیڤانیەدا، خەیاڵ و واقیع لە کارلێکی بەردەوامدان و بەدەم هەر دوو کردەی خەیاڵاندنی واقیع و واقیعیەتاندنی خەیاڵەوە، دەق خۆبەخۆ هونەرییەت پەیدا دەکات کە مەرجی هەرە گرنگی دەقی هونەری باڵایە.. واتە نووسەر لە سەرێتی هاوتایەکی بابەتی ئەو

هەستە بخولقێنێ کە دەیەوێ نیشانی بدات، گوزارشتی لێبکات. واتە هەستێک بەرجەستە بکات، ڕێک بێ کم و زیاد ئەو هەستە بێ کە گەرەکیەتی بەرجەستەی بکات. کە توانی لە میانی دەقەکەوە، هەمان ئەو هەستە لای خوێنەر بهاڕوژێنێ، ئەزموونی گۆڕی بێت بۆ هەست، مانای وایە لە کارەکەیدا سەرکەوتووە.

جا ڕۆڵی زمان لەم پرۆسە فیلیڤانیەدا دەوری ئەو کێبڵە دەبینێ کە وزەی کارەبا لە وێستگەیەکەوە بۆ وێستگەیەک یان چەند وێستگەیەکی دی ڕادەگوێزێ. واتە زمان، زەینی نووسەر و خوێنەر دەگەیەنێتە یەکدی. ڕاستە زمان کەرەستەی سەرەکی ئەدەبیاتە، بەڵام دەبێ ئەوەش ژبیر نەکرێ، کە وشەی هەر زمانێک لە ڕووی ژمارەوە سنووردارە، یەکێک لە هۆ و سەدەمەکانی پەیدا بوون و سەرهەڵدانی هونەرە ڕەوانبێژی و میتافۆڕەکان، دەگەڕێتەوە بۆ سنوورداری ژمارەی وشەێن زمان، کە دەرەقەتی نیشاندانی کەڵکەڵە و خولیا و ئەڵها زۆر و زەبەندەکانی ئینسان نایەت؛ ئەوەی لە زماندا، لە پەرەسەندن و گەشەی بەردەوام و زاوزێی بێ کۆتاییدایە، مانا و دەلالەتە. جاری وا هەیە وشەیەک، بە گوێرەی چۆنیەتی بە کارهێنانەکەی بە چەندین مانا بەکار دێت، بۆیە دەتوانم بڵێم نە خەیاڵی بێ زمان هەیە و نە زمانی بێ خەیاڵ هەیە و بە دەم کارلێکی هونەرییەوە یەکدی دەوڵەمەند دەکەن. میتافۆڕ بەڵگەیەکی ڕوونی ئەو بۆچوونەیە و نموونەیەکی هەرە گەش و زندووی، توانای بەشەرە لە واری دروستکردنی نامادا و ئەدەبی باڵا بەبێ ڕەوانبێژی میتافۆڕ نابێت.

زمان کەرەستەی سەرەکی ئەدەبیاتە، ڕۆمان یەکێکە لەو کایە ئەدەبیانە و هونەرێکی فرە ڕەهەند و فرە تەوەر و فرە دەنگە و، ئەم دیاردانە بە یەک زمان و بە زمانی یەکنەوا و کورت بورد و ڕاستەوخۆ نایەتە مالیجە کردن، بۆ نموونە دیالۆگ، یەکێکە لە ڕەگەزە گرینگ و بنەڕەتیەکانی ڕۆمان و لە ڕێگەی دیالۆگەوە

سیماکانی کاراکتەر بەدیار دەکەوێت و کاراکتەر بە کار و کاردانەوەکانیەوە، دەناسرێتەوە و کەسایەتی پەیدا دەکات. ڕۆمان کاراکتەری زۆر و جیاوازی تێدایە، جیاواز لە ڕووی فیزیولوجی و ڕۆشنبیریی و تەبع و تەبیعەتەوە، کە گومان لەوەدا نییە ئەم جیاوازییە، لە زماندا بە حوکمی ئەوەی کەناڵ و ئەوزاری گواستنەوەی هزر و خولیا و کەڵکەڵە جۆراوجۆرەکانی بەشەرە، ڕەنگدانەوەی دەبێت.. کاراکتەر لە میانی دەم و دوو و گفت و لفت و کار و کاردانەوەکانیەوە دەناسرێت و تایبەتمەندی خۆی پەیدا دەکات، چونکە هەر کەسە شێوازی دەم و دوو و ڕەفتار و هەڵوێستی خۆی هەیە و کەم و زۆر لە خەڵکی دی جیای دەکاتەوە، ئەمە لە دەربڕینیشدا ڕەنگ دەداتەوە و ئیدی لێرەوە زمان و جیاوازی زمان زەروورەتی هونەری پەیدا دەکات.

کاراکتەری ڕۆمان، چ وەکو زمان و چ وەکو شێوازی بەکارهێنانی زمان نوێنەری خۆیەتی، گوزارشت لە خۆی دەکات، نە لە دوور و نە لە نزیک پەیڤداری گوتیار (نووسەری پەنهان) یان نووسەر نییە. بۆیە نووسەر دەبێ خۆی لە زمانی کارە هونەرییەکەی دوور بگرێ، مەودایەک لە نیوان زمانی تایبەتی خۆی و زمانی کاراکتەرەکانی بێڵێتەوە، چونکە کاراکتەر لە جیهانی دەقدا نوێنەری خۆیەتی نەک نوێنەر و بڵندگۆی نووسەر. ڕاستە نووسەر ئافرێنەری کاراکتەرە، بەڵام هەرکە لە دایک دەبێت، لە نووسەر جیا دەبێتەوە و بەگوێرەی زەروورەتە دەلالی و هونەرییەکانی دەقەکە گەشە و نەشە دەکات و هەڵوێستگیری دەکات و دەبێ بە خەڵکی ڕەسەنی دنیای دەقەکە و زمانی خۆی پەیدا دەکات، بۆ نموونە زۆر کاراکتەری ڕۆمانەوانی هەن، لەباری هونەرییەوە هێندە زندوون زۆر لە

> **کاراکتەری ڕۆمان، چ وەکو زمان و چ وەکو شێوازی بەکارهێنانی زمان نوێنەری خۆیەتی،**

خالقەکانیان ناسراوترن، لەوانە: زۆربای یۆنانی، ڕوبنسون کروزو، دونکیشۆت، ڕاسکولینکوف، حەمە دۆک... هتد.

ئیدی هەمەجۆری زمان و زەرووورەتی هەمەجۆری زمان لە ڕۆماندا زیاتر زادەی فرە کاراکتەری و فرە دەنگییە، کە هیچ کاراکتەرێک دەستبەرداری تایبەتمەندی یەکانی خۆی، بە زمانیشەوە نابێت. زمان ئاستی ڕۆشنبیریی و شێوازی هزرین و پێگەی چینایەتی و جڤاکی کاراکتەر بەرجەستە دەکات.. کەواتە تەبع و تەبیعەتی کاراکتەر، پێگە و دەورە هونەرییەکەی زمانەکەی دیاری دەکات..

لە دەقی باڵادا، بەتایبەتی لە ڕۆماندا، بۆشاییەکی هونەریی هەیە، کە ئەمە ئەرکی خوێنەرە پڕی بکاتەوە، هەرچی لەزەتێکی ئیستاتیکی دەق هەیە لەم خوێندنەوەیەدا، لە پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە هونەرییەدا پەنهانە. دەق لە گەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا تازە دەبێتەوە. دەق دەکاتە بەرهەمهێنانی دەلالەتی هونەریی و لێرەوە سەروکار دەگەڵ میتافۆڕ و زمانی میتافۆڕی پەیدا دەکات. دەق لە نەخوێندنەوەدا کەڕوو هەڵدێنێت، هەر کۆمەڵگەیەک لە خەمی خۆ تازە کردنەوەدا بێ، دەبێ نەک هەر خۆی بناسێت بەڵکو دەبێ خۆی دروست بکات، کە ئەمەش بە خوێندنەوە، خوێندنەوە بە مانا ئەپستمولوژی و فەلسەفیەکەی چێدەبێ و دێتە دی، هەر کۆمەڵگەیەک ڕووی لە خوێندنەوە نەبوو، تووشی کەڕی و لاڵی دەبێت..

> **هەر کۆمەڵگەیەک ڕووی لە خوێندنەوە نەبوو، تووشی کەڕی و لاڵی دەبێت..**

**پرسیاری حەفتاو چوار:** هەست دەکەم هەندێک ڕۆمان پڕن لە وشەی (بێ ئەرک، بۆش، پفدراو) ئایا پێتان وانییە، بەکارهێنانی زمان بێئەوەی پەیامێکی گونجاو بگەیەنێت، تەنیا لە پێناو درێژکردنەوەی

بابەت و وەسف و خستنەڕووی شتێک، بێ ئەوەی مەبەستە سەرەکییەکە بگەیەنێت، بەشێکە لە کوشتنی زمانی دەق؟ بریتیە لە بڕینی زمانی دەق؟ بریتیە لە کوشتنی زمانی گێڕانەوە و گوزارشت و ڕەوانبێژی کە دەبێتە بەشێک لە چڕکردنەوە و واتا دەرخستنی فرە مەبەست و پوختە کردنەوە لە دەربڕین و ئاخاوتندا لە یەک کاتدا؟

**وەڵامی حەفتا و چوار:** زمان یەکێکە لە داهێنانە هەرە گەورەکانی ئینسان، ئینسان هەر بوونەوەرێکی گۆیا (ناطق) و جڤاکی نییە، بەڵکو هەستێکی ئیستاتیکی و جوانناسی گەورەشی هەیە، کە لە هونەر و ئەدەبیاتدا ڕەنگیداوەتەوە. ئەگەر بڕێک لە ئینسان ورد ببیتەوە، بۆت دەردەکەوێ کە بە زمان و وشە بیر دەکاتەوە، خۆی دەگێڕێتەوە، هەڵپەی بەدەست هێنانی نەمری دەکات، واتە نە زمانی بێ فکر و خەیاڵ هەیە و نە فکر و خەیاڵی بێ زمان هەیە و دەبێت. بە کورتی و کوردی هیچ شتێک کە دەرێی زماندا نییە.

داهێنانی زمانی فیلیڤانی خەم و ئەرکی ئەهلی ئەدەب و ئەدیبانە نەک کۆڕی زانیاری و زمانەوانان.. زمان دەستەمۆ بوون قەبووڵ ناکات، زمان ئەوەندەی ئەوزاری کەشفکارییە، ئەوزاری گوزارشتەوانی نییە، بۆیە هەر ئەدیبێک هەوڵی دەستەمۆ کردنی بدات و بیەوێ بە تۆپزی بیهێنێتە گۆ، زمان لێی هەڵدەگەڕێتەوە و تووشی حەماقەتگۆییەکی زۆری دەکات. زمان بوونەوەرێکی زندووە، وەکو هەر بوونەوەرێکی زندوو لە ڕووی گەشە کردن و پەرەسەندن و فەرهەنگی و دۆخە گۆڕکێوە، لە گۆڕان و کاژە گۆڕکێی بەردەوامدایە و دەبێ هونەرمەند بەر لە هەر کەسێکی دی پەی بەو واقیعە بەرێت و درکی بکات.. دەبێ زمانێک بدۆزێتەوە، هەڵقوڵاوی زەرووڕەتی هونەریی و ئیستاتیکی دەقەکە بێ، ئەو حەقیقەتە ڕەچاو بکات کە بابەت بەدەم دەقبوونەوە زمانی خۆی بەرهەمدێنێ و لە ناوەوە و بە گوێرەی زەرووڕەتی دەلالی و ئیستاتیکی دەقەکە لە ناوەوە

گەشە و نەشونما دەکات.. بۆیە نابێ لە دەرێی دەقەکەوە بهێنرێ و بە خۆرتی لێی بار بکرێت..

زمان لە دەقدا زیاتر کەرەستەیەکی ڕەمزی دەلالیە تا گوزارشتەوانی.. زمان وەکو جل و بەرگ وایە، دەبێ نە زۆر تەسک بێ کە دەقەکە تیایدا جێی نەبێتەوە، نە ئەوەندەش دەڵب بێ، دەقەکەی تیادا بزر بێ، دەبێ فیت پڕ بە بەری دەقەکە بێت..

ئەدەب لە بنەڕەتدا هونەرێکی زمانەوانیە، درێژدادڕی، بە تایبەتی، لە ڕۆمانی تازەدا، نیشانەی ئەوەیە کە نووسەر نەیتوانیوە بگاتە ئاستی ئەو کردە کەشفکاریەی دەقی فیلیڤانی دەیخوازێت و، لە دەرێی دەقەکەوە زمانێکی هێناوە کە هەم بە دەقەکە نامۆیە و هەم بەبەری دەڵبە و خودی دەقەکەی تیا بزر بووە، هیچ بۆشاییەکی هونەریی بۆ خوێنەر نەهێشتووەتەوە کە بەخۆی پڕی بکاتەوە و لەزەتی ئیستاتیکی خۆی پێ تێر بکات.. ئەو نووسەرانە زیاتر بە زمانی بەرز بیر دەکەنەوە و زمانی بەرز لە دەقەکانیان بار دەکەن، غافڵن لەوەی زمانی دەقی هونەریی باڵا، زیاتر زمانی چپە و ڕەمزی و دەلالیە، ئەو جۆرە ڕۆمانانە چەندیش خاتری بگری دەچنە خانەی دەقی داخراوەوە و لەگەڵ یەکەم خوێندنەوەدا سیحری بەتاڵ دەبێتەوە.. بەبێ ڕەوانبێژی و میتافۆڕ شتێک نییە ناوی ئەدەب بێ.. زمان تەنیا ئەوزاری گەیاندن نییە، بەڵکو بەهایەکی ئیستاتیکی هونەریشە.

**پرسیاری حەفتا و پێنج:** گوتاری ڕۆمان چی دەگەیەنێت؟ کە بەداخەوە لەم سەردەمدا هەست دەکرێت دەیانەوێت دەقی بێ گوتار بەرهەم بهێنرێت، ئایا پێتان وانییە دەقی بێ گوتار، وەکو ئەوە وایە مێش هەنگی بێ هەنگوین بەخێو بکەی؟

**وەڵامی حەفتا و پێنج:** دەقی ئەدەبی کە ڕۆمان باڵاترینیانە هێندەی نیشاندانە گوتن نییە، گۆڕینی ئەزموونە بۆ هەست. کەڵەکە بوونی هەست، وەعی لێدەکەویتەوە، وەعیش هەڵوێستی مرۆڤانی دەخوازێت. واتە ئەدەب بەخۆی و خۆبەخۆ گۆڕان چێناکات، بەڵکو زەمینە بۆ گۆڕان خۆش دەکات.. وەزیفەی ئەدەب نە فێرکردنە، نە ئامۆژگاری و سەرگەرمی، بەڵکو ئەوەیە ئیمکاناتە هزرییەکان بجولێنێ، هەست و ئەندێشە و خەیاڵ بێدار بکاتەوە، دنیای مومکین و ئەگەری مومکین لە میانی دنیای واقیعەوە نیشانبدات، کارێ بکات کە خەڵکی تەنیا بەکاربەری ژیان نەبن، بەڵکو بەرهەمهێنەر و بەشدار و داهێنەری ژیان بن. ئەرکی ڕۆماننووس ئەوەیە هونەریانە، پەیامی خۆی بگەیەنێ و ئەرکی خوێنەر ئەوەیە جفرە و مۆرسەکانی پەیامەکە بکاتەوە و هەڵیبێنێ. لێ مخابن خوێنەری مە کە خۆی بە نهێنگەکانی دەقدا دەکات، بەو ڕۆحیەتەوە خۆی پێدا ناکات کە دەچێتە مەملەکەتێکی غەریب و نەناسراو تا وەک ڕێبوارێکی غەریب، تینوو و تامەزرۆ، بە هەموو هەستەکانی مامەڵە لە تەک ئەو دیاردە و دیمەن و تابلۆ و بویەرانەدا بکات کە بۆ یەکەمجار دێنە پێش و بە کامی دڵ لەزەت لەو سەفەرە هونەرییە ببینێ.. دەق ئاوەدانیەکی ئەفسووناوی غەریبە!

ڕۆمان ئاوێنەی سەردەمی خۆیەتی، ئاوێنەیەکی ئەفسووناوی فرە توێیە، دەکرێ بویەر و ڕووداوە داخراو و هەرە پەنهانەکانی کۆمەڵگە لە میانی ئەم ئاوێنەیەوە بخوێنرێتەوە، ببینرێ و بێتە تێگەیشتن.. هەموو ئەمەش بە زمان و لە ڕێگەی زمانەوە مەیسەر دەبێت. زمان تەنیا ئەوزاری لێکدی حاڵی بوون نییە، چونکە هەر زمانێک بگری، ڕەهەندی کەلتووری خۆی هەیە کە درێژەی ئەو کەلەپوورە فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییەیە کە بەو زمانە بەرهەم هاتووە.. زمانیش ئاوێنەیەکە واقیعی گەلی خۆی دەنوێنێ، بۆیە چەند سخ و چڕ بێ، لە درێژدادڕی و کاوێژ کردنەوە دوور بێ، بە ڕەمز و

دەلالەتان بارگاوی بێ، لە ڕووی دەستووری و ڕێزمانییەوە مکووم بێ، توانای پەرەسەندن و ئیستیعابی چەمک و مانای تازەی هەبێ، توانای گوزارشت و نیشاندانی زیاتری دەبێت..

خۆ سەبارەت بەبێ گوتاری دەق؛ کە گومان لەوەدا نییە، لەو دیوی دنیای خەیاڵی ئەدەبیاتەوە، هەمیشە تاپۆی دنیایەکی واقیعی هەیە، ڕەنگە ئەمە بۆ خۆی بچێتە خانەی جۆرە گوتارداریی‌ەکی تایبەتیەوە..

**پرسیاری حەفتا وشەش:** زمانی ئاماژە یەکێکە لەو تەکنیکانەی هەمیشە دەقنووس لە پێناو خوڵقاندنی مەبەستی دیکە بەکاری دەهێنێت، لە هەمان کاتدا (ئاماژە لە نێو ئاماژە)، تۆ کاراکتەرێکت هەیە هەموو شتێک نازانێت، لە ڕێگەی ئاماژەی نێو ئەخاوتنی کەسانی دیکەوە، قسە ئاماژەییەکانی ئەم کاراکتەرە سەرەکییەت تەواو دەکەیت، واتە ژیان بەیەکەوە بەستراوە، هیچ کەسێک هەموو شتێک نازانێت و هیچ ئاماژەیەکیش هەموو شتێک ناگەیەنێت، بەڵام زمانی (ئاماژە) لە هەمان کاتدا لە نێو دەقدا کاریگەرییەکی یەجگار زۆری هەیە لە سەر (سەرنجڕاکێشانی) گوێگر، یان (کەسی قسەکەر لە نێو دەقدا قسە بۆ یەکێکی دی دەکات) و لەم ڕێگایەوە دەیەوێت بە ئاماژە سەرنجی ڕابکێشێت، یان تێی بگەیەنێت، یان جۆرێک لە ڕەمز بوون بە ئاخاوتن و مەبەستەکانی بدات؟ تۆ لەمبارەیەوە چۆن سوود لەم بوارە زمانەوانیە وەردەگریت؟

زمانی ئاماژە و زمانی جەستە هاوکارییەکی گرینگی ئەم بوارەن، هەرچەندە لە نێو دەقدا ناتوانرێت ئەم بوارە لە دۆخی ئاماژە کردن بە (داهاتوو)، یان (ئەو شتانەی مادی نین و نادیارن) ئاماژەیان پێ بکرێت؟ بەڵام دیسان وەکو بوارێکی گەیاندنی (پەیامێکی دیاریکراو)، (سەرنجڕاکێشان) و (کارتێکردن) و (وروژاندن) و (گەیاندنی مەبەستێکی شاراوە) بەکار بهێنرێت؟ زمانی چیرۆک پڕە لە کردەی

ئاماژە، ئێوە لەم بوارەدا چەند زمانی ئاماژە بەکار دەهێنن و مەبەستتان لەم بەکارهێنانی ئاماژەیە چییە؟

**وەڵامی حەفتا و شەش:** پەیامی نووسەر ئەوەیە جۆرە جیهانبینی وخوێندنەوەیەکی هونەری بە خوێنەر ببەخشێت، زمان دەنگدانەوەی وەعی مرۆڤانیە لە ئەزموونە جۆراوجۆرەکاندا. زمان کە وشە بەردی بناغەیەتی، نیشانەیە دەلالەت لە شتێکی دەرێی خۆی دەکات، دالە دەبێ خوێنەر مەدلوولەکەی بدۆزێتەوە و هەڵیبێنێ و بەمە دەبێ بە خوێنەری بەرهەمهێنەر..

ڕۆمان، نە زنجیرە ڕووداوێکی ئاساییە، نە بیوگرافی و ئۆتوبیوگرافیە، نە چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە، با لەو دیوی جیهانی خەیاڵی ئەدەبەوە جیهانێک یان تارمایی جیهانێکی واقیعیش هەبێت، گرینگ تیمەی بەهێز و هونەراندنی ئەو تیمەیەیە، تیمەی بەهێز و مرۆڤانی هی یەک سەردەم یان یەک چین نییە، بەڵکو شتێکی گەردوونی و جیهانیە..

ئەرکی نووسەر ئەوەیە کاراکتەر بخوڵقێنێ، نەک ڕەخنە لە ڕەوشێکی دیاریکراو بگرێت.. ئەدەب دەکاتە خوڵقاندنی هەست، ئەو هەستەی کاری هونەری پێمانی دەبەخشێت، جیایە لەو هەستەی ژیان پێمانی دەبەخشێت، بۆیە هەر هەوڵێک بۆ کورتکردنەوە یان گێڕانەوەی کاری هونەری، دەکاتە سڕینەوەی باندۆرە هونەرییەکەی.

چونکە تۆ بەو کارەت لە ژینگە هونەرییەکەی دەری دێنی و دەی گەڕێنیتەوە بۆ ژینگەی ژیانی ئاسایی.. ئەدەب دەکاتە خوڵقاندنی هەست، ئەم هەستە بەرەنجامی یەکانگیری هونەریانەی تێکڕای ڕەگەزە ئەدەبییەکانی وەکو کات، شوێن، ڕووداو، کاراکتەر، زمان بە هەموو ئاستەکانیەوە، بیرۆکە، مانا، ئەزموون، وێنە و هەموو ڕەگەز و وردە ڕەگەزەکانی دیکە، کە ئەم یەکانگیرییە هونەرییە بەدەم بەدەقبوونەوە فۆرمی خۆی بەرهەمدێنێت، کە دەقەکە یان کارە

هونەرییەکە کورتکرایەوە، ئیدی ڕیسە هونەرییەکە دەبێتەوە بە خوری. چونکە لەو حاڵەدا هەموو ڕەگەزە هونەرییەکان دەگەڕێنەوە ناو ژینگە حەیاتیە ئاساییەکە و سیحری کارە هونەرییەکە بەتاڵ دەبێتەوە.

ڕەفتاری هونەرمەندانەی چیرۆکنووس لە زماندا بەرجەستە دەبێت و ڕەمز و بەکارهێنانی ڕەمز لە دوو حاڵەت بەدەر نییە؛ یان خوایشتی نووسەرە و دەیەوێ جۆرە دەوڵەمەندییەکی هونەری بەکارەکەی ببەخشێت، کە هونەری تازە ڕووی لە سخی و چڕی و وردەکاری و پاشەکەوتە لە بەکارهێنانی وشە و ڕستە و دوورکەوتنەوە لە عومومیاتگۆیی بێهودە لە تەنیا دەقی داخراوی لێدەکەوێتەوە.. یان لە ناچاریە و زادەی زاڵی سانسۆرە بە هەموو جۆرەکانیەوە؛ نووسەر لە ڕێگەی ڕەمزەوە، دیاردەی سانسۆر زەدەیی دەڕەوێنێتەوە و خوێنەریش لە ڕێگەی هەڵهێنانی ڕەمزەوە زەینی خۆی دەمەزەرد دەکاتەوە.

چیرۆکنووس تەنیا ئەوەندە دەسەڵاتی بەسەر کاراکتەری چیرۆکدا هەیە تا دەیخاتە گەڕ، ئیدی بەگوێرەی تەبع و تەبیعەتی خۆی ڕەفتار دەکات، بە پێی زەرورەتی هونەریی دەقەکە هەڵوێستگیری دەکات نەک بە فرمانی نووسەر. زۆرجار هەڵوێستێک وەردەگرێت، ڕێک بە پێچەوانەی مەبەستی نووسەرەکەیە، کاراکتەر کە دەچێتە خەڵوەتی خودی خۆیەوە، لەم حاڵەدا دیوی ناوەوەی ئەومان بۆ دەردەکەوێ، دیدوبۆچوونی کاراکتەر دەربارەی خۆی، فەردیەتی دەروونی ئەو بەرجەستە دەکات. بەڵام دیدوبۆچوونی کەسانی دی دەربارەی ئەو، شەخسیەتی ڕواڵەتی و تا ڕادەیەک کۆمەڵایەتی ئەو دەردەخات، یەکانگیری ئەم دوو حاڵەتە پێگەی کەسایەتی ئەو کاراکتەرە لە واری پراکتیکدا ڕوون دەکاتەوە. واتە ئەرێنی ئەم حاڵەتە لەوەدایە کە کاراکتەر لە ڕوانگەی جیاوازەوە دێتە ناسین.

به هەرحاڵ ڕەمز یان ڕەهەندی ڕەمزی تەنیا گەمە و سەرگەرمی هونەریی نییە، بەڵکو ئامرازێکی هونەرییە و دەورێکی باڵای هەیە لە گەیاندنی مانا بە خوێنەر، ئەو مانایەی نووسەر مەبەستیەتی..

**پرسیاری حەفتا و حەوت:** زمان واتە ڕاپەڕاندنی کارێک، یان بەکارهێنانە لە پێناو گەیاندنی پەیامێک و مەبەستێک، ئایا ئێوە لە نێو دەقدا زمان تەنیا بۆ وەسف و گێڕانەوە بەکار دەهێنن، یان زمانێکی زیندوو، پڕ لە بزاڤ و جووڵە بەرهەمدەهێنن، ئەو شتانەی ناتوانن وێنەی بکەن (لە نێو خەیاڵ و فیکر و لێکدانەوەکانی خۆتاندا) دەیدەنە دەست زمان. بەپێی لێکۆڵینەوە زمانەوانییە تازەکان (زمان تەنیا ئەرکی گەیاندن نییە، بەڵکو ئەرکی بەدیهێنان و جێبەجێکردنی شتێکیشە)، ئایا ئێوە لە نێو دەقەکانی خۆتاندا (زمان) وەکو پێکهاتەی ڕووت و قووتی بێ کاردانەوە و ئەرک بەکار دەهێنن، یان بە کردەوە دەتانەوێت زمان ئەو جیهانە دروست بکات کە ناتوانن بە شتی دیکە دروستی بکەن، یان لە واقیعی هەقیقی ژیاندا پێتان دروست ناکرێت؟

**وەڵامی حەفتا و حەوت:** زمانی دەقی ئەدەبی بۆ خۆی تەئویلە، تەئویلی کۆمەڵێک حەقیقەتە کە دەبێ خوێنەر کەشفی بکات. وشە بەردی بناغەی زمانە، وشە نیشانەیە و دەلالەت لە شتێکی دەرێی خۆی دەکات، واتە دالە و دەبێ خۆت مەدلوولەکەی کەشف بکەیت. هەرچی لەزەتی ئیستاتیکی هەیە لەم پرۆسە کەشفکارییەدایە و لێرەوە ڕەگەزە پەنهان و نا دیدەنیەکانی دەق ئاشکرا دەبێت. هەر پەیوەندییەکی زمانەوانی دەکاتە پەیامێک کە لە نێرەرەوە بۆ وەرگر دەگوازرێتەوە. ئەدەب بە زمانی هونەر شتێکمان پێدەڵێت کە بە هزر و فیکر ناوترێ، ئیدی لێرەوە مەسەلەی ئەدەبییەت دێتە گۆڕێ..

ڕەنگە ئەگەر بگوترێ زمان قاڵبی هزر و بیر نەبێ بە زێدەڕۆیی، بۆیە گەر بویسترێ شتێکی گرینگ بگوترێ، پێویستە لە قاڵبێکی زمانەوانی زۆر جوان و باڵکێشدا فرموولە بکرێ. واتە هەر کەسێک بیەوێ سەرنجی خەڵکی بۆ ئەو بیر و بابەتە ڕابکێشێت کە بووە بە خەم و خولیای، دەبێ لە فرمولەیەکی ڕوون و جوان و باڵکێشدا بەرجەستەی بکات. بابەتی تازە، ئەزموونی تازەی ژیان، بە ئەوزاری تازە، واتە بە زمانی تازە دێتە دەربڕین و گوزارشتی لێدێتە کردن. زمانی تازەش بەو مانایە نییە کە ببێت بە مەتەڵ و لەگەز و گرێکوێرەیەکی ئەوتۆ کە بە ئامان و زامان هەڵنەیەت و نەکرێتەوە، لە جیاتی ئەوەی بەشداری لە گۆڕین و پەروەردەی زەوقی وەرگردا بکات، بێ توانایی و دەسکورتی و دەستەپاچەیی هونەری خۆی پێ بشارێتەوە. زمان، وشە و پەیڤ کە وزە هێماییەکەی لە دەست دا، ئیدی ئەفسوونە ئەدەبی و هونەرییەکەی بەتاڵ دەبێتەوە..

لێرەدا مەسەلەی ئەدەب و نا ئەدەب دێتە ئاراوە، بۆ نموونە ڕۆژنامەڤانی و مێژوو و کۆمەڵناسی و.. هەموویان کایەی نووسینن، ئەدیب دەتوانێ لە نووسینی خۆیدا سوود لە هەموویان وەربگرێت، بەڵام بە زمانی ئەدەب، بارگاوی بە ڕاز و ڕەمزان، ڕەمز، بە تایبەتی ڕەمزی هونەری لە میانی هێما و ئیحاکانیەوە، گوزارشت لە خەون و خەیاڵ و فیکر و خولیاکانی ناخی ئینسان دەکات و ونگە دەروونییەکانی بەشەر فەتح دەکات و گوزارشت لە دنیای مرۆڤانی دەکات بە ئەرکی خۆی و هەنگێ ڕووداو چێدەبێت و لە ڕووی چەمک و ماناوە دەوڵەمەندتر و زیندووتر دەبێت و کارێکی فیلیڤانی ڕەسەنی دوور لە هەر جەڵەبیەتێکی لێدەکەوێتەوە.

بەهەرحاڵ هێندەی نووسەر و ئەدیبێن گەورە سەروکاریان دەگەڵ زماندا هەیە و خزمەتی زمان دەکەن، ئەکادیمیانی زمان نایکەن، چونکە ئەدیب پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە زمانەوە هەیە،

زمان دەکاتە کەرەستەی سەرەکی دەقەکانیان و ئەگەر بگوترێ دەق دەکاتە بەرهەمهێنانێکی هونەریانەی زمان، ڕەنگە نەکاتە زێدەڕۆیی، ئەدیب زمان، بە زمانی خەڵکی جیاوازەوە بەکار دەبەن و بە ناچاری مامەڵە دەگەڵ ئاستێن زمانەوانی جیاوازەوە دەکەن و، ڕووبەڕووی ئاریشە و ئاڵنگاریانی زمانەوانی دەبنەوە و بەرەبەرە تیایدا قاڵ دەبنەوە و حەزیان دەچێتێ و، وەکو بوونەوەرێکی زندوو و هەستیار مامەڵەی دەگەڵ دەکەن و زمان دەبێ زادەی پێداویستیە بونیادییەکانی دەقەکە بێت و لە ناوەوەی دەقەکە و بە گوێرەی گەشە و نەشەی دەقەکە بڕسکێ، نەک لە دەرێی ڕا بهێنرێ و بە سەریا بسەپێنرێ. بەهەرحاڵ زمان توورەکەیەکی پڕ لە وشە نییە، لە لای خۆتەوە دای بنەیت و بە ئارەزووی خۆت دەستی پێدا بکەیت و وشە دەربێنی و دای بنەیت، زمان بە گوێرەی بابەت دەگۆڕێ و هەر بابەتە بە شێوازێکی جیاواز دێتە دەربڕین و زمانی خۆی بەرهەم دێنێت. جا نووسەر یان ئەدیب بۆ ئەوەی پەیامەکەی و دەقەکەی بگەیەنێتە زۆرترین ژمارەی وەرگر، دەبێ لە خەمی دۆزینەوەی زمانێکدا بێ کە پڕ بە پێستی بابەتەکە و کاراکتەرەکانی بێ و لە ڕووی هونەرییەوە واقیعی قەناعەتبەخش بێ، قەناعەتبەخش بە گوێرەی واقیعی دەقەکە.. وا لە خوێنەر بکات، ئەو هەستەی لەلا دروست ببێت کە بە ڕاستی لە بەرهەمهێنانی دەقەکەدا بەشدارە. دەق بۆ خۆی پرۆژەیەکی هونەرییە، نووسەرەکەی دەیەوێ، خوێنەر بخاتە ناو پرۆژەیەکی دەلالی دینامیکیەوە، کە دەق کارێکی فیلیڤانی بێ، دەبێ خوێندنەوەشی فیلیڤانی بێ، واتە دەق دەکاتە پردێکی ئەفسووناوی لە نێوان دوو داهێنەرا، یەکەمیان ئەدیبەکەیە و دووەمیان خوێنەرەکەیە.

**پرسیاری حەفتا و هەشت:** ناچارم بگەڕێمەوە سەر بۆچوونێکی دیکەی (جەلال زەنگابادی) لەبارەی زمانی نووسینی تۆ، کە دەڵێت: "هیچ زێدەڕۆیی نییە گەر بڵێین زمانێکی شیعری ئەوتۆی هەیە، کە هاوتای شیعریەتی شاعیرانی هاوچەرخمانە! شیعرییەتی زمانەکەی لە کورتبڕیدایە، زمانێکی چڕ و گورج و دوور لە هەر داوەشین و ئینشانووسییەکی دەڵبە. نموونەی قسەیەکی (ئەزرا پاوەنی) یشی هێناوەتەوە کە گوتوویەتی "زمانێکی تا ئەوپەڕی توانا ئاوس بە چەمک و مانا" ئەم هەڵسەنگاندنە چۆن پێشوازی لێدەکەیت، یان ڕەتی دەکەیتەوە؟

هەیە ڕەنگە پێی وابێت ئەم جۆرە زمانە کاریگەریی نەرێنی لە سەر ستایلی نووسینی دەقی ڕۆمان و چیرۆک هەبێت، ئاخر زمانی شیعر زمانی ڕەمز و واتا و ڕەوانبێژییە، ئەمە چۆن بەرهەم دێت؟

**وەڵامی حەفتا و هەشت:** ئەدیب کە سەروساختی دەگەڵ زماندایە پێویستە ئەوە بزانێ چۆن مامەڵە لە گەڵ زماندا بکات و شارەزاییەکی تەواوی لە میکانیزمەکانی چۆنیەتی بەرهەمهێنانی چەمک و مانادا هەبێ بۆ ئەوەی بتوانێ پەیامەکەی بگەیەنێت، چونکە کارکردن لە سەر زمان و بە زمان لە مەرجە هەرە سەرەکییەکانی دەقە، دەق بریتییە لە بەرهەمهێنانێکی هونەریانەی ئەفسووناوی زمان. هەر داهێنانێکی ئەدەبی، بە بویەرێکی زۆر گرینگ لە ژیانی زماندا دێتە ژماردن. چونکە بەدەم بەدەقبوونەوە داڕشتنەوەی تازەی بۆ دەکرێت و نەسەق و ڕەوتی گوزارشتەوانی و دەلالی تازە پەیدا دەکات، ئیدی لە میانی دەق و زمانەوە پەیوەندی نێوان دال و مەدلوول بەرجەستە دەبێت. جا لەم پێودانگەوە دەق یەکێکە لە تەجەلیاتەکانی زمان. واتە دەقی ئەدەبی بە زمان و لە ڕێگەی زمان و لە ناو زماندا بەرهەم

**واتە دەقی ئەدەبی بە زمان و لە ڕێگەی زمان و لە ناو زماندا بەرهەم دێت،**

دێت، کەواتە زمان لە دەقدا هەم ئەوزارە هەم ئامانج. ئەرکی دەق ئەوەیە کە کەرەستە زمانەوانیەکان بەجۆرێ ڕێک بخاتەوە و پەیوەندی تازەیان لە نێواندا دروست بکات کە تایبەتمەندییە گوزارشتەوانیەکانی ئەم زمانە کەشف بکات.. دەق بە زمان کار دەکات و زمان بەرهەم دێنێ. دەق لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە وزە گوزارشتەوانیەکانی زمان دەتەقێنێتەوە و بە دەلالەتێن ڕەمزی بارگاوی دەکات و لە بەکارهێنانی وەزیفیەوە دەیگوازێتەوە بۆ بەکارهێنانی ئیستاتیکی. ئەگەر هەر وشەیەک بویەرێک بێ لە ژیانی زماندا، ئەوا هەر دەقێکیش بویەرێکە لە ژیانی ڕۆشنبیریدا.

**پرسیار:** ئەی مەسەلەی شیعرییەتە چۆن لێکدەدەنەوە؟

**وەڵام:** شیعرییەت لەوەدایە کە زمان لە بەکارهێنانە ڕۆژانەکەی و ئەرکە ئاساییەکەیەوە بگوازێتەوە بۆ بەکارهێنانە میتافۆڕی و ئیستاتیکیەکەی. دیاردە باوەکان بەجۆرێ نیشانبدات وەک ئەوەی یەکەمجار بێ بیدینی.
زمانی دەقی ئەدەبی بۆ خۆی تەئویلی واقیعێکە کە ئەرکی خوێنەرە کەشفی بکات، بەم پێیە لایەنی شاعیرانەی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی لە چۆنیەتی ئاشکرا کردنی ڕەگەزە نادیدەنی و پەنهانەکانی ئەو بەرهەمەدایە. کە ئەمەش بۆخۆی تەکەز کردنە لە سەر زەڕوورەتی میتافۆڕی و ڕەوانبێژی لە زمانی ئەدەبدا، ئەدەبێک نییە لە دەرێی ڕەوانبێژی..

**پرسیاری حەفتا و نۆ:** تۆ لە تەک گەیاندنی پەیام و مەبەست لە زۆرێک لە دەقەکانی خۆتدا وشە و زاراوەی نوێ دروست دەکەیت، هەندێجار بە زمانێکی میللی گوزارشت لە هەندێک شت دەکەیت، بە

واتایەکی دیکە هێندە شۆڕ دەبیتەوە نێو زمانی ئاسایی خەڵک و وشەی عەرەبی وەکو چۆن خەڵکە ئاساییەکە لە گفتوگۆی ئاسایی ڕۆژانەی خۆیان بەکاری دەهێنن، تۆش بەهەمان شێوە لە نێو دەقەکانتدا دووبارەی دەکەیتەوە، ئەمە چۆن هاوسەنگ دەکەیت، چۆن ئەم دوو جۆرە شێوازە بەیەک دەبەستیتەوە و مەبەستت لەم بەکارهێنانە چییە؟

ئێمە دەزانین لە سەردەمی ئەمڕۆدا هەندێک بە شێوازێک دەنووسن و زمانێک بەکار دەهێنن، (خۆکوشتن و فشارێکی زۆر دەخەنە سەر خۆیان بۆ ئەوەی گوایە بە زمانێکی هاوچەرخی مودێرن و نوێ دەنووسن) لە کاتێکدا (زمانەکە بە دەستکرد، نەک سروشتی) دێتە بەرگوێ و چاو، ئەمە چۆن لێکدەدەیتەوە، تۆ خۆت چۆن چارەسەری ئەم دۆخە زمانەوانییە لە نێو دەقەکانی خۆتدا (وەرگێڕان، یان نووسین) دەکەیت؟

**وەڵامی حەفتا و نۆ:** بابەت بەدەم بەدەقبوونەوە، زمانی خۆی بەرهەمدێنێت. واتە زمان بە گوێرەی پێداویستیە دەلالیە هونەری و ئیستاتیکیەکەی دەق نەشونما دەکات، نەک بە گوێرەی حەزی نووسەر یان گوتیار و، لە دەرێی دەقەوە بهێنرێ و بە تۆپزی لە دەقەکە باربکرێ.. هەر وشەیەکی بیانی کە دێتە ناو زمانێکی دیکەوە، بەدەم بەکارهێنانەوە خووی زمانە تازەکە دەگرێ و بونیاد و دەستووری زمانە تازەکەی قەبووڵکرد ئیدی دەبێ بە موڵکی حەڵاڵی ئەو زمانە و زۆرجاریش ملکەچی فۆنەتیکی زمانە تازەکە دەبێت و تەنانەت هەندێجار مانا و چەمکەکەشی دەگۆڕێت. وەکو چۆن نەژاد و خوێنی خالیسە لە دنیادا نییە، زمانی پەتی و خالیسەش لە دنیادا نییە. زمانی پەتی نیشانەی کێویەتی و گۆشەگیری و دابڕانی ڕۆشنبیری و شارستانی ئەو زمانەیە. عیبرەت لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زماندایە. زمان بە وشەی بێگانە ناشێوێت، بەڵکو بە داڕشتن و ڕستەبەندی بێگانە دەشێوێت. ڕاستە وشە بەردی بناغەی زمانە، بەڵام وشە خودی شت نییە، بەڵکو ڕەمزی ئەو شتەیە کە دەویسترێ نیشان بدرێ. وشە خودی هزر و مەبەست نییە، بەڵکو ڕەمزیەتی، ڕەمزیەتی وشە لە ناو دەقدا هەمان ڕەمزییەت نییە کە وشە لە دەرێی دەقدا هەیەتی..

**زمان بە وشەی بێگانە ناشێوێت، بەڵکو بە داڕشتن و ڕستەبەندی بێگانە دەشێوێت.**

زمان لە ئەدەبیاتدا، بەتایبەتی لە ڕۆماندا، لە یەک ئاستی دەلالی و گوزارشتەوانیدا نییە، زمان زۆرجار پێگەی جڤاکی و ئاستی ڕۆشنبیریی کاراکتەر نیشان دەدات، ئەو پێگە و ئاستە جیاوازانە فرە شێوازی لێدەکەوێتەوە.

دەق، بەخۆی گوتارە، هەر گوتارێکیش ڕووی لە موخاتەب و دوێنراوی خۆیەتی، با ئەو موخاتەبە، خودی نووسەرەکە خۆی بێ یان

هەر موخاتەبێکی دیکە بێ، واتە بمانەوێ و نەمانەوێ، پێویستە موخاتەب بە زمانی خۆی بهێنرێتە دواندن.. زمانێک کە زادەی پێداویستیە دەلالی و ئیستاتیکیەکانی دەق بێ ولە قوڵایی دەقەکەوە هەڵقوڵابێ.. نەک بەناوی مودێرنەبازییەوە، لە دەرەوەی دەقەکەوە بهێنرێ و بە خورتی لە دەقەکە باربکرێ، ئەمە هەوڵێکی بێهودەی نووسەرە، تا بێتوانایی هونەریی خۆی لە وەرگر بشارێتەوە. دەنا نوێگەری لەوەدایە کە دەرگا لەبەردەم بەرزە خەیاڵی موخاتەب بکرێتەوە و لە ڕێگەی ئەمری واقیعەوە ئەمری مومکین نیشان بدرێت و وای لێبکرێ بە جۆرە دنیابینییەکی تازەوە، بە هەستێکی تازەوە، بە نەفەسێکی تازەوە ژیان بجەڕبێنێ.. سەبارەت بە بەندە، قەناعەتم وایە هیچ شتێک لە دەرەوەی زماندا نییە و ئەگەر زمان بە باخێک بشوبهێنرێت، ئەوا نووسەر باخەوانە و نابێ لە بژار کردنی غافڵ بێت..

**پرسیاری هەشتا:** هەمیشە هەست دەکەم دەتەوێ بە زمانێکی نیمچە تێکەڵ لە زاراوە جیاوازەکانی دەڤەر و لەهجە و شێوەزارە جیاکان بنووسیت، مەبەستت لەمە چییە؟ هەندێک ڕەنگە ئەمە بە لاوازی بزانن، یان بە خراپ وەسفی بکەن، لە هەمان کاتدا کەسانێک پەیدا بوون ڕێک دەیانەوێت بە زمانی گەڕەک و عەشیرەت و دەڤەرەکانی خۆیان دەنووسن، ئەم ناکۆکی و جیاوازی و ئاراستانە چۆن دەخوێنیتەوە؟

**وەڵامی هەشتا:** یەکگرتنەوەی مێژوویی، جوگرافی، ئابووری، نەتەوەیی، جڤاکی و ڕۆشنبیرییە بە هەموو بوارە جیاواز و جۆراوجۆرەکانیەوە.... زمان لەم پرۆسەیەدا فاکتەرێکی زۆر گرینگە و بوونی قەوارەیەکی زمانەوانی بۆ کورد هاوتای بوونی قەوارەیەکی سیاسییە، ئەگەر زیاتر نەبێت، من

**دۆزی کورد لە بنەڕەتا، دۆزی یەکگرتنەوەیە،**

یەک لە باری خۆم، نامەوێ لە ڕێگەی زمانەوە بزانرێ خەڵکی چ ناوچەیەکی کوردستانم، چونکە خۆم بە خەڵکی هەموو کوردستان دەزانم. هەر وشەیەک، هەر کوردێک لە هەر شوێن و بەشێکی کوردستاندا بەکاری بێنێ، بە موڵکی حەڵاڵی ئەهلی قەڵەم دەزانم، هەقی خۆیەتی بەکاری بێنێ؛ عیبرەت لە چۆنیەتی بەکارهێنانەکەیەتی کە مەرجە بە گوێرەی بونیاد و دەستووری زمانی کوردی بێت و بە ئاراستەی زمانی ستانداردی یەکگرتووی ڕۆشنبیریی کوردی بێت. پێویستە ئەهلی قەڵەم خوو بدەنە بەکارهێنانی ئەو پەیڤ و زاراوە و چەمکانەی کە لە تێگەیشتنی زۆربەی هەرە زۆری ڕۆڵەکانی کوردستانی گەورەوە نزیکن، بەمە بازنەی جەماوەری خوێنەریان زیاد دەکات و نێوبانگ و شۆرەتیان پتر دەڕوات و لە ڕووی زمانەوانیەوە ئەرکێکی نەتەوەیی گرینگ ئەنجام دەدەن.. کتێبە دەرسییەکانی خوێندنی قوتابخانەکان پێویستە لە ڕۆحی کوردەوارییەوە نزیک بن و بە زمانێک دابڕێژرێن کە بۆ خەڵکی سەرتاسەری کوردستانی گەورە دەست بدات و قابیلی ئیستیفادە بێت. دانان و نووسینی فەرهەنگ و قامووسێن جۆراوجۆر هانبدرێ و خوێنەوار و ڕۆشنبیری کورد سوودیان لێوەربگرن. بەمجۆرە زمانی کوردی دەبێ بە زمانی ژیان و ژیار و بەرهەمهێنانی هەموو کایە هزری و هونەری و فەلسەفی و زانستی و ئەپستمولوجیە حەیاتیەکان و بەرەبەرە شێوەزارەکان بە ئاراستەی زمانی ستاندارد کار دەکەن و قەوارەیەکی زمانەوانی یەکگرتوو و یەکخەرمان بۆ دروست دەبێت کە خۆی لە خۆیدا بایەخێکی یەجگار گەورەی هەیە و زەمینە بۆ قەوارەی سیاسیش خۆش دەکات.. بەهەرحاڵ ئەرکی سەرشانی ئەهلی قەڵەم، بە هەموو بوارە ئەپستمولوجیە جیاوازەکانەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ سەروکاریان لە گەڵ زماندا هەیە ئەرکێکی یەجگار قورس و گەورەیە. بیانەوێ و

نەیانەوێ ئەو زمانەی پێی دەنووسن، تا دەوڵەمەندتر و زندووتر، لە ڕووی بەخششی ئەپستمولوجیەوە بە بڕشت تر بێ، تا لە تێگەیشتنی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستانی گەورەوە نزیکتر بێ، مەودای بڕکردن و دەنگدانەوەی بەرهەمەکانیان پتر دەبێت. بە هەر زمانێک بنووسن، ڕاستەوخۆ و بەر لە هەر کەسێک، خەڵکانی سەر بەو زمانە دەدوێنن، بۆیە ئەهلی قەڵەم بەر لە خەڵکی دی هەست بە پێداویستی زمانێکی یەکگرتووی یەکخەری نەتەوەیی دەکەن و پەی بە زەرەر و زیانی ناوچەگەریەتی زمانەوانی دەبەن.

حاڵی حازر، هەوڵەکانی زمانی ستاندارد (زمانی خوێندن و نووسین) ی کوردی بە دوو ئاراستەی هاوتەریبدا دەڕوات، هەوڵی نزیک خستنەوەی ئەو دوو ئاراستەیە لە دوا ئەنجامدا یەکخستنیان، بە پلەی یەکەم ئەرکی ئەهلی قەڵەمە.

**پرسیاری هەشتا و یەک:** تۆ لە بەکارهێنانی زماندا بەدوای دروستکردنی (واتا) لەنێو (ناو و مەبەستە) کۆنەکەدا دەگەڕێیت، ئەمە بۆچی؟ بۆ واتای ئاشکرا و باو و زانراوی سروشتی و ئاسایی بە وشە و دەستەواژە بەکارهێنراوەکانی ناو زمانەکەت نادەیت، کەچی دەچیت واتا ئاساییەکە لە کاتی (بەکارهێنانی زمانەکەت) دادەپچڕی و (واتا و مەبەستێکی) جیاوازی نوێ بە (وشە) دەبەخشیت، کە ئەمە وادەکات خوێنەر بخاتە سەر دوو ڕیان و سێ ڕیان و پتریش لە پێناوی گەیشتنە ئەو واتایەی کە تۆ ناڕاستەوخۆ دروستت کردووە، ئەمە چ مەبەستێکی لە پشتە، حەمە کەریم عارف دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم جۆرە زمانەوە چ دروست بکات؟

**وەڵامی هەشتا و یەک:** ئەدەبیەت گەوهەری دەقە، زمانی ئاسایی و سروشتی بە ئاسانی دەق ناگەیەنێتە ئەدەبیەت.. بۆیە خوازە و

مەجاز ئەوە دەسەلمێنن کە زمانی ئاسایی بەشی گەیاندنی مانا ناکات و جەوهەری زمان لە میتافۆڕدایە و میتافۆڕ ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە جەوهەر و کرۆکی شتەکان.. هەر چیرۆکنووسێک ئەو ڕەگەز و کەرەستانە هەڵدەبژێرێت کە دەقایەتی بە بابەتەکەی دەبەخشن.

زمانی ئاسایی لە خەیاڵ دوورمان دەخاتەوە، زمانی میتافۆڕی و خوازەیی، زندوویەتی بە خەیاڵ دەبەخشێت، دەمەزەردی دەکاتەوە، کە دەکاتە کۆدی هەر دەقێکی کراوە. زمان ئەوزار نییە، بەڵکو بابەتی سەرەکی و ئامانجی دەقی کراوەیە.

**زمـانی دەقــی ئەدەبــی بــۆ خــۆی ڕاڤە و تەئــویلی واقیعــێکە، کە دەبــێ خــوێنەر کەشــفی بکــات، خوێندنەوە کەشفی مەعنایە.**

لە دەقی کراوەدا، پێویستە جۆرە گۆنگیەکی فیلیڤانی هەبێ کە کونجکاوی خوێنەر بهاڕوژێنێ، بۆشاییەکی هونەری بهێڵرێتەوە کە خوێنەری جدی پڕی بکاتەوە و لەو ڕێگەیەوە ببێ بە شەریکی دەقەکە و لەوە دەربچێ کە تەنیا خوێنەرێکی بەکاربەر بێ. من لە لایەنگرانی دەقی کراوەم، لە دەقی کراوەدا زمانی سروشتی و ئاسایی بەشی گەیاندنی مانا ناکات. لێرەدا وشە نیشانەیە، دەلالەت لە شتێکی دەرێی خۆی دەکات، واتە داله، لە سەر خوێنەرە مەدلوولەکەی بدۆزێتەوە و خۆی بە نهێنگە هونەرییەکانی دەقەکەدا بکات و لەزەتی ئیستاتیکی لە دەقەکە ببینێ. زمان لە دەقی کراوەدا هی نووسەر نییە، بەڵکو هەڵقوڵاوی ناو جەرگەی دەقەکەیە، هەر دەقە بە گوێرەی پێدوایستیە دەلالی و هونەری و ئیستاتیکیەکەی خۆی، زمانی خۆی بەرهەم دێنێت.. هەوڵی من زیاتر بۆ پاسکردنی دەقە لە خوێنەری تەمەڵ و بەکاربەری ڕاهاتووی دەقی داخراو.

هەر کۆمەڵگەیەک بیەوێ خۆی تازە بکاتەوە، پێویستە نەک هەر خۆی بناسێت، بەڵکو پێویستە خۆی دروست بکات. بە کردەوە

قەناعەتی بەوە هەبێ کە کۆمەڵگەیەکی ئاسایی و ساغڵەم وەختێ دروست دەبێت، کە عەقڵیەتی ئازاد زاڵ بێ، بخوێنێتەوە – خوێندنەوە بە مانا ئەپستمولوژی و فەلسەفیەکەی – ڕابمێنێ، خوێندنەوەی وردی بۆ خۆی و هەموو دیاردە و ڕووداوەکان هەبێ، خوێندنەوە و زانیاریە تازەکانی بگۆڕێ بۆ تۆڕێکی مومارەسەی ڕۆژانەی ئەوتۆ کە هەموو دیاردە و میکانیزمەکانی بونیادی جڤاکی و فەردی بگریتەوە.. واتە خوێندنەوە یەکێکە لە پێش مەرجەکانی پێشکەوتن و هیچ شتێک لە دەرێی خوێندنەوەدا نییە، غیابی خوێندنەوە دەبێ بە کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم گۆڕانە بەردەوامەکانی کۆمەڵگە... خوێندنەوە ئەگەر داخراو بێ و هەر بە داخراوی بمێنێتەوە، کۆمەڵگە دووچاری کەڕی ولاڵی دەبێت، لە غیابی خوێندنەوەدا دەکەوێتە دەرێی کردە کۆمەڵایەتی و ئەپستمولوجیەکان و ناتوانێ خودی خۆی بەدی بێنێت و دووچاری داخران دەبێت و بە سەر ئایندەدا ناکرێتەوە.. هەڵبەتە نووسەریش، پێش هەر شتێک خوێنەرە، خوێنەرێک کە بە بەردەوامی بیر لە ماهیەتی خوێندنەوە دەکاتەوە و لە ڕێگەی زمانی ناڕاستەوخۆوە، ئاوێتەی پرۆسەی نهێنی سازی و نهێنی دۆزی دەبێت، کە دەکاتە خوێندنەوەی هونەریی بۆ بابەت.

٢٠٢٣/٤/١٥

لێرەدا کۆتایی بەم گفتوگۆ کراوە و جددییە دەهێنین، کە بەهیچ مانایەک کۆتایی قسەکردن لەسەر بابەتی زمان و ئەدەب و ئینسان و سیاسەت و کۆمەڵگە و دەق و واتا نییە، (حەمە کەریم عارف) گەلێک لەوە زێتری پێیە، من هەر هێندە دەرفەتەم بۆ ڕەخسا لەم پرسیارانەدا هەرچی فکر و تێڕوانین و زانینی ئەودا هەیە، بیخەمە سەر بەڕێ، بەلام هەستم کرد لەزۆر شوێن پێویستیمان بە کات و وزەی زیاترە بۆ درێژەدان بەو قسە و نمایشکردنی ئەو زانیاریانەی

لەهەموو ساتێکدا نوێتر و گەشاوەتر لای ئەم داهێنەرە کوردە دەردەکەون.

ئەو هەتا سەر ئێسکان کوردانە دەنووسێت و بیردەکاتەوە و بەقەد قورسایی هەموو ژانە مێژووییەکانیش مرۆیانە لە شتەکان دەڕوانێت و مەملەکەتی ئەو زمانە، دەسەڵات و پێگە و هێزی ئەو زمانە. ئەو پێشمەرگە بوو، زمانی لەشان کردبوو، سەنگەرەکانی ئەو تەنیا وشەیان تێدا دەتەقێنرا. لەشار ئەو سەروەت و داهات و دەسەڵاتی دیسان زمانە. دەنووسێت وەکو مەکینەیەکی تازەی مۆدرێن دەنووسێت، بیر دەکاتەوە وەکو ئەوەی شارستانیەتیەکی کۆنی لە کۆڵ کردبێت هەنگاو دەنێت.

دەزانێت بۆچی بەچ مەبەسەتێک دەئاخڤێت، سازش لەسەر دەق ناکات، هەمیشە توانای خۆی لەنێو دەقە گەورە جیهانییەکاندا تاقی دەکاتەوە، ئەو دەق لەپێناو زیادکردنی ژمارەیەکی ڕزیوی تازە لەنێو کتێبخانەی کوردی هەڵنابژێرێت، ئەو وەکو سەرچاوە و داهێنان و نێوبانگی دەقەکە، کە مرۆڤایەتی بەخۆی مژول کردووە، دەستەبژێری شتەکان دەکات.